# ڕێنماییبیەكانی بڵاوكردنەوە
# لە گۆڤاری ئەكادیمیای كوردی

١– گۆڤاری ئەكادیمیای كوردی، كە گۆڤارێكی زانستیی وەرزییە، باس و توێژینەوەی زانستی لە بارەی كورد و كوردستان، دوای ئەوەی هەڵسەنگاندنی زانستییان بۆ دەكرێت، بڵاو دەكاتەوە، بۆیە دەبێ هەموو مەرجەكانی ڕێبازی لێكۆڵینەوەی زانستییان تێدا ڕەچاو كرابێت. لێكۆڵینەوەكەش، كە مەرجە لە بارەی كێشەیەكی زانستییەوە بێت و بیرۆكە و لێكدانەوەی نوێی تێدا بێ، دەبێ لە هیچ شوێنێكی تر بڵاو نەكرابێتەوە، یا بۆ بڵاوكردنەوە وەرنەگیرابێت.

٢– زمانی كوردی زمانی سەرەكی بڵاوكردنەوەیە لە گۆڤاری ئەكادیمیای كوردی ، بەڵام ڕێگەش دەدرێ لێكۆڵینەوەی بە نرخ بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی بڵاوبكرێنەوە..

٣ـ هەر بابەتێك كە بۆ گۆڤاری ئەكادیمیای كوردی دەنێردرێ ، پێویستە ناوونیشانی باس، ناوی نووسەر، شوێنی كارەكەی، پلە و پایەی زانستی لە سەر لاپەڕەی یەكەمی لێكۆڵینەوەكە نووسرابێت.

٤ـ دەبێ پوختەیەكی باس، بە هەردوو زمانەكەی دی، لە كۆتایی باسەكەدا بنووسرێت. ناشبێ پوختەكە لە ١٥٠ وشە زیاتر بێت و پێویستیشە توێژەر لەو پوختەیەدا گرنگی و ئەنجامەكانی باسەكە بخاتە ڕوو.

٥– هەر كاتێ باس، لە لایەن هەڵسەنگێنەرانی زانستییەوە، بە ئەرێنی گەڕایەوە، ئەوا دەستەی نووسەران ڕەزامەندینامەی بڵاوكردنەوە بە توێژەرەكەی دەدات.

٦– هەموو باسەكان بیر و بۆچوونی نووسەرەكانیانن و مەرج نییە بیر و ڕای دەستەی نووسەران بن.

٧– بۆ ئەوەی بابەت لەگەڵ ڕێنمایی و شێوازی بڵاوكردنەوەی گۆڤارەكەدا كۆكبێ، دەستەی نووسەران مافی سەرلەنوێ داڕشتنەوە و لابردنی هەندێ دەربڕین و

دەستەواژەی هەیە، ئەوەش بە مەرجێ واتا و بیرۆکەی سەرەکیی تویژینەوەکە نەگۆڕێت.

٨- ئەگەر باسەکە لە بارەی پەیدۆزیی (تحقیق)ی هەر دەستنووسێکەوە بێت، ئەوا بنەما و ڕێبازە زانستییەکانی ئەم بوارە پەیڕەو دەکرێن و شەش لاپەڕەی کۆپیکراو لە دەستنووسەکە لەگەڵ باسەکەدا هاوپێچ دەکرێن.

٩- پەیڕەوکردنی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستی لە هەڵبژاردنی ناوونیشانی باس، توێژینەوەی بابەت، شێوازی بەکارهێنانی سەرچاوە و ڕێکخستنی پەراوێزەکان مەرجی بڵاوکردنەوەیە. هەر باسێك ئەم بنەما زانستییانەی تێدا فەرامۆش کرابێت، لە گۆڤاری ئەکادیمیای کوردیدا بڵاو ناکرێتەوە.

١٠- باسەکە، لە پاڵ دانەیەکی سەر CD، بە سێ دانە لە سەر کاغەزی (A4) چاپ دەکرێت بە مەرجێ ژمارەی لاپەڕەکانی، بە وێنە و نەخشە و لیستی سەرچاوەکانییەوە، لە (٢٥ ) لاپەڕە زیاتر نەبن و بە فۆنتی (١٥) بن و بە Ali-K- Sahifa نووسرابن.

١١ـ ئەگەر بابەتەکە وەرگێڕدرا بوو، دەبێ پەیوەندی بە لایەنێکی کولتووری کوردییەوە هەبێت (زمان، ئەدەب، مێژوو، ... هتد). مەرجیشە کە وەرگێڕانەکە لەو زمانەوە بێت کە لە بنەڕەتدا بابەتەکەی پێ نووسراوە. پێویستە دەقە ئەسڵەکەش هاوپێچ بکرێت.

١٢- لەکاتی پێویستدا گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی بەشێکی تەرخان دەکات بۆ خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی ئەو کتێبانەی لەبارەی کورد و کولتووری کوردییەوە نووسراون چ بە کوردی یان بە هەر زمانێکی دیکە، بە مەرجێك نووسەر ڕەچاوی پێوەر و ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستی تیایدا بکات.

# هێز و ئاوازە – تێڕوانینێکی پڕاگماتیکی

د. عومەر مەحموود کەریم
زانکۆی کۆیە / سکوڵی زمان/ بەشی زمانی کوردی

## ١- سەرەتا:

هێز و ئاوازە بریتین لە دوو سیمای ناکەرتی کە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە گەیاندنی واتادا، ئەم لێکۆڵینەوەیە تیشك دەخاتە سەر ئەو لایەنانەی زمان کە فاکتەرە پراگماتیکییەکان کاریگەری دەخەنە سیما فۆنۆلۆجییەکانی وەکو هێز و ئاوازە لە گەیاندنی واتادا.

لێکۆڵینەوەکە لە حەوت بەش پێکدێت: بەشی یەکەم دەروازەیەکە بۆ چوونە ناو باسەکە، لە بەشی دووەمدا پێناسەی پراگماتیك کراوە و بوارەکەی خراوەتە ڕوو، لە بەشی سێیەمدا باسی هێز کراوە و پەیوەندی بە پڕاگماتیك ڕوون کراوەتەوە، لە بەشی چوارەمدا باسی ئاوازە کراوە و پەیوەندی و جیاوازی لەگەڵ هێز خراوەتە ڕوو، بەشی پێنجەم تەرخان کراوە بۆ ڕۆڵی ئاوازە لە لێکدانەوەی دیاردە سینتاکسییەکاندا، بەشی شەشەم تەرخان کراوە بۆ ڕۆڵی ئاوازە لە لێکدانەوەی دیاردە سیمانتییەکاندا، بەشی حەوتەمیش تەرخان کراوە بۆ ڕۆڵی ئاوازە لە گوتاردا.

لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەشدا ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتە ڕوو.

## ٢- پڕاگماتیك :

پڕاگماتیك وەکو زۆربەی بابەت و زانستەکانی تر چەندین پێناسەی جیاوازی بۆ کراوە، ئێمە تەنیا یەکێك لە پێناسەکان دەخەینە ڕوو، چونکە زیاتر مەبەستەکەمان دەپێکێت:

پراگماتیك بریتییە لە لێکۆڵینەوەی زمان لە بەکارهێناندا، واتە مەبەستی قسەکەر لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا ( Yule, 2000: 4 ) . بۆ نموونە:

**(١) نەسرین : بەڕێوەبەر هاتووە؟**

**پەروین : ئۆتۆمبیلەکەی لە شوێنی خۆی نەوەستاوە.**

پەروین بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ وەڵامی نەسرینی داوەتەوە و مەبەستی ئەوەیە کە بەڕێوەبەر نەهاتووە، نەسرین کە گوێی لەم وەڵامە دەبێت، لە مەبەستی پەروین دەگات کە بەڕێوەبەر نەهاتووە، ئەویش پاش ئەوەی کە دەوروبەری گوتنەکە لەبەرچاو دەگرێ، وەك ئەوەی کە لە گەراجی فەرمانگەدا شوێنی تایبەت بۆ بەڕێوەبەر و فەرمانبەران تەرخان کراوە بۆ ئەوەی ئۆتۆمبیلەکانیان لێ ڕابگرن، مادام ئۆتۆمبیلی بەڕێوەبەر لە شوێنی خۆی نەوەستاوە، کەواتە بەڕێوەبەر نەهاتووە.

ئەم واتایەی کە پەروین گەیاندوویەتی بەشێك نییە لە واتای فەرهەنگی وشەکان و واتای ڕێزمانی ڕستەکە، بۆیە ئەم واتایە بە واتای پراگماتیکی دادەنرێت. دیارە کۆمەڵێك هۆکار هەبوون، وایانکرد کە پراگماتیك بێتە ئاراوە، یەکێك لەو هۆکارانە ئەوەبوو، کە هەندێك دیاردەی زمانی وەکو هێز و ئاواز هەبوون، نە بە ڕێزمان و نە بە سیمانتیك لێك نەدەدرانەوە ( محمد ، ٢٠١١ : ١٨٥ ).

**جۆرەکانی واتا**

ئاشکرایە کە واتای وتەیەك تەنیا لە واتای فەرهەنگی وشەکان و واتای ڕێزمانی وتەکە پێك نایەت، بەڵکو وتەیەك لەوانەیە بە پێی دەوربەری گوتنەکە چەندین واتای جیاواز لەخۆ بگرێت.

لەزۆر باردا قسەکەر بەبێ ئەوەی دەستکاری کەرەستە ڕێزمانییەکانی ڕستە بکات، تەنیا بە گۆڕینی ئاوازەی ڕستەو بە سوودوەرگرتن لە زانیارییە پراگماتیکییەکان دەتوانێت مەبەست و زانیاری جیاواز بگەیەنێت. دیارە ئەمەش ئابووریکردنە لە زمان، چونکە ئەگەر قسەکەر سوود لە زانیارییە پراگماتیکیەکان وەرنەگرێت، ئەوا ڕستەو وتەکانی زۆر درێژ دەبن و زمانەکەی بێ پێز دەبێت.

قسەکەر کە بیرۆکەیەك یان مەبەستێکی دەبێت، پێویستە بیکاتە فۆرمێکی زمانی ئینجا بیگەیەنێتە گوێگر.

پرسیارێك هەیە زۆرجار دووبارە دەکرێتەوە، ئەویش ئەوەیە واتای وتەیەك ( فۆرمێکی زمانی) لە کوێدایە؟

دیارە ئەم پرسیارە چەند وەڵامێکی هەیە:

١ـ واتای وتەیەك ئەو واتایەیە، کە قسەکەر مەبەستییەتی .

٢ـ وەڵامێکی تری پرسیارەکە ئەوەیە، کە دەڵێت واتای وتەیەك ئەو واتایەیە کە کوێگر تێی دەگات، یان دەیداتە پاڵ وتەکە.

بەم پێیەش :

أـ هەر وتەیەك جگە لە یەك واتا، واتایەکی تری نییە.

ب ـ دەشێت هەر تێگەیشتنێك، یان خوێندنەوەیەك بۆ وتەیەك ڕاست بێت.

بۆچووونی تر هەیە، دژی ئەم بۆچوونەی سەرەوەیە، کە دەڵێت :

أـ هەر وتەیەك ژمارەیەك خوێندنەوە ( تێگەیشتن ) هەڵدەگرێت.

ب ـ هەندێك لە خوێندنەوەکان لە وانی تر باشترن ( لەبارترن )، ( حافظ ، ٢٠١١ : ١٢٦ — ١٢٨ ) .

کەواتە دەکرێت لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە دەڵێت وەڵامی وتەیەك لەکوێدایە؟ بڵێین واتای وتەیەك ئەو واتایەیە کە قسەکەر مەبەستییەتی و گوێگر پێشبینی دەکات. دیارە ئەم جۆرە واتایەش دەچێتە ناو پڕاگماتیکەوە، چونکە واتای پڕاگماتیکی بریتییە لە واتای قسەکەر و گوێگر، واتە ئەو واتایەی کە دەوروبەر دیاری دەکات.

### ٣— هێز stress :

دوو جۆر هێز هەیە، هێزی وشە و هێزی ڕستە، هێزی وشە ئەو هێزەیە کە دەخرێتە سەر برگەیەك لە برگەکانی وشە و واتا و بەشە ئاخاوتنی وشەکە دەگۆڕێت، ئەم جۆرەیان پەیوەندی بە لێکۆڵینەوەکەی ئێمەوە نییە، بۆیە باسی ناکەین.

هێـزی ڕسـتەش ئـەو هێزەیـە، کـە قـسەکەر بـۆ جـەختکردنی زیـاترو گەیانـدنی مەبەست، دەیخاتە سەر بەشێك لە بەشەکانی وتەکە ( ویدۆوسن، ٢٠٠٨ : ٦٧ ). بۆ نموونە لەم ڕستەی خـوارەوەدا، قـسەکەر کـە هێـزی ڕسـتەکە دەگۆڕێـت، ئـەوا دەیەوێت مەبەستی خۆی بگەیەنێت:

**(٢) *ئازاد* نەسرینی مارە کردووە.**

قسەکەر کە هێزی خستۆتە سەر وشەی ( ئازاد ) ئەوا مەبەستی ئەوەیە کە (ئـازاد) نەسـرینی مـارە کـردووە، نـەك کـوڕێکی تـر. کـە هێـزیش دەخاتـە سـەر وشـەی (نەسـرین) ئـەوا مەبەسـتی ئەوەیـە کـە ئـازاد ( نەسـرین ) ی مـارە کـردووە، نـەك کچێکی تر.

**٤- ئاوازە** Intonation :

زاراوەی ئـــاوازە لـــەبواری کەرەســـتە ناکەرتییـــەکان (سوپەرســـیگمەنتال) بـــەکاردێت، هەنـــدێك توێـــژەریش لێکۆڵینـــەوە لـــە ئـــاوازە بـــە ئینتۆنۆلـــۆجی (Intonology) ناودەبەن، هەنـدێك توێـژەری دیکـەش ئـاوازە لـە پڕاگماتیـك نزیـك دەکەنەوە (Crystal,2003 :241) ئاوازە بریتییە لەو گۆڕانکارییـە هەسـتپێکراوەی کە لـە پلـەی دەنـگ و ئـاوازی بنـچینەیی وتەیەکدا دەبینرێـت ( جلوریـا ، ١٩٩٨: ٣٩٥) قسەکەر لە ڕێگەی ئاوازەوە هەڵوێـست و هەسـت و سـۆز و مەبەسـتی خـۆی دەگەیەنێت، بە جۆرێك کە وشە و ڕیزبوونە ڕێزمانییەکە ناتوانێت بیانگەیەنێت.

لە هەندێك لەو لێکۆڵینەوانەی کە لـەبارەی هێـزو ئـاوازەوە کـراون، دەبیـنین هێـزو ئاوازە تێکەڵ بە یەك کراون، ئەمەش بۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە، کـە هەرچـەندە هێـزو ئاوازە دوو سیمای زمانی جیاوازن، بەڵام پەیوەندیشیان بەیەکترییەوە هەیە.

لە بەشی سێیەمی ئەم لێکۆڵینەوەدا باسی دوو جۆر هێزمان کرد، ئەویش هێزی وشە و هێزی ڕستە بوو.

هێـزی وشـە ئـەو هێزەیـە کـە دەخرێتـە سـەر برگەیـەك لـە برگـەکانی وشـەو پەیوەندی بە ئاستی وشەسازییەوە هەیە، ئەم جۆرە هێزە پەیوەندی بە ئـاوازەوە نییە.

بەڵام هێزی ڕستە پەیوەندی بە ئاوازەوە هەیە، چونکە هەردووکیان، واتە هێزی ڕستەو ئاوازە پەیوەستن بە ڕستە و گوتنەوە· هەروەکو لە بەشی سێیەمدا ئاماژەمان پێدا هێزی ڕستە ئەو هێزەیە کە قسەکەر بۆ جەختکردن و گەیاندنی مەبەست دەیخاتە سەر وشەیەك یان پارچەیەك لە پارچەکانی ڕستەیەك، بەڵام ئاوازە بریتییە لە کۆی ئاوازی هەموو وشەکانی ناو وتەیەك یان ڕستەیەك·
ئاوازە کۆمەڵێك ئەرکی گرنگ لە زماندا جێبەجێ دەکات، ئێمە لە بەشەکانی پێنج و شەش و حەوتدا، ئەم ئەرکانە بە جیا باس دەکەین.

**٥- ئاوازە لە لێکدانەوەی دیاردە سینتاکسییەکاندا :**

ماوەیەك ڕێککەوتنێك لە نێوان تیۆرناسەکاندا هەبوو لە ناساندنی هێڵی نەخشەیی نێوان فۆنیمە ناکەرتییەکان و سینتاکسدا· بێگومان فرێزە ناکەرتییەکان ئەگەر ئاوازداربن یان نا، گوتن دابەشی سەر چەند پارچەیەکی زانیاری بەخش دەکەن ، بەرزبوونەوەکە لە وەستانی فرێزە هەستپێکراوەکان دەبێ، یان بەرزبوونەوەکە لە لێکترازانی نێوان کەرتییە دەنگییەکان، یان پێکهاتەکانی ڕستە دەبێ· بۆ نموونە:

**(٣) بێ زارم**

ئەم وتەیە بە پێی ئاوازەکەی دوو واتای جیاواز دەگەیەنێت، چونکە وتەکە دوو پێکهاتەی ڕێزمانی جیاوازی هەیە.

بێ – زار – م · be + zar + im ( واتە بێ زمانم / بێ دەم و پلم )

بێ زار – م · bezar + im ( واتە پەست و بێزارم )

دواتر هەندێك لە توێژەران هەوڵیان دا هەندێك کۆتبەند لەسەر شوێنی فرێزەکان بخەنە ڕوو، زۆربەی ڕێبازە کارەکییەکان هەوڵی ئەوەیان دا ئەو ژینگانە بدۆزنەوە کەوا لە ژێر باری چ جۆرە فرێزێکدا لە دیاردە سینتاکسییەکاندا لە لای قسەکەران و گوێگرانەوە لێکدانەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت و بە جۆرێکی جیاواز تێی دەگەن· توێژەرەکان گەیشتنە ئەنجامی جیاواز لەوەی کە گوزارەی داپچڕاو لە سنووری فرێزەکاندا یارمەتیمان دەدات بۆ ئەوەی لە سنووری تەمومژی سینتاکسی جیاوازدا سوودی لێ وەربگرین·

لە دیاردەیەکی وەکو فرێزە پێشناوییەکاندا، ڕستەی لێکدراو، دیارخەری

ئـــاوەڵکرداری، ســـنووری دیـــاری فریزەکانـــدا، هـــەروەها دەتـــوانن ســـنووری دیارخـــەرەکان ( مۆدیفایـــەرەکان) لـــە فریـــزە لێکدراوەکانـــدا دەستنیـــشان بکـــەن (Laurence ,2007 : 523 )٠

لەم ڕستەیەی خوارەوەدا بە هۆی هێزی ڕستەکە، سنووری فریزەکان دەستنیشان کراوە:

**(٤) "ئەمانە بکوژن".**

ئەم ڕستەیە واتای جیاوازی دەگەیەنێت، چونکە دوو ڕۆنانی جیاوازی هەیە، ئەگەر قـسەکەر هێـز بخاتـە سـەر بڕگـەی یەکـەم لـە ( بکُوژن)، ئـەوا رسـتەکە دەبێتـە رستەیەکی فەرمان و پێکهاتەی رستەکە بەم شێوەیە دەبێت:




ئەگەر قسەکەر هێز بخاتە سەر کۆتایی (بکوژَن )، ئەوا رستەکە دەبێتە رستەیەکی هەواڵدان و پێکهاتەی رستەکە بەم شێوەیە دەبێت:




(صباح، ٢٠٠٠ : ٣٣ )

ئەم ڕستەیەی سەرەوە و نموونەی لەم جۆرە زیاتر بە هۆی هێز و ئاوازەوە شی دەکرێتەوە و فرێزەکان دەستنیشان دەکرێت، هەروەها بەهۆی هێزو ئاوازەوە دەتوانین فرێزی هەڵوەستە لەسەرکردن (Hedge) لە بەشەکانی تری ڕستەکە (فرێزەکان ) جیا بکەینەوە، چونکە فرێزی هەڵوەستە لەسەرکردن هەمیشە بەهێزێکی زیاتر دەردەبڕدرێت:

**( ٥ ) نەسرین، بە بۆچوونی هەر هەموومان، کچێکی ڕەوشت بەرزە.**

لەم وتەیەی سەرەوەدا قسەکەر بۆ گەیاندنی مەبەستەکەی هەڵوەستە لەسەر فرێزی ( بە بۆچوونی هەر هەموومان ) دەکات و بە هۆی ئەو هێزەی کە دەیخاتە سەری، جیاوازتر دەری دەبڕێت.

ئاوازە جگە لەو ئەرکانەی کە پێشتر باسمان کرد، ئەرکی تریش لە ئاخاوتندا دەبینێت، قسەکەر بەشێوەیەکی ڕۆتینانە ئەمانە پشتگوێ دەخات، لەبەرئەوەی قسەکەر، دان بە تەمومژی لاوەکی قسەکردنی خۆی نانێ، چونکە بەهۆی دەوروبەرەوە تەمومژ دەرەوێتەوە٠

**٦– ئاوازە لە لێکدانەوەی دیاردە سیمانتیکییەکاندا:**

لەو توێژینەوانەی کە لەبارەی هێز و ئاوازەوە کراون، ئەوە بەدی دەکرێت، کە بەشێك لە توێژینەوەکان تەرخان کراون بۆ ڕۆڵی هێز و ئاوازە لە لێکدانەوەی دیاردە واتاییەکاندا کە لە دەوری پێکهێنە چەقەکەدا کۆدەبێتەوە، کە هێزی کرۆکەکە دەگۆڕێت لە ئاخاوتندا و واتاکەی دەگۆڕێت، کاتێك کە چەقبەستەکە ( فۆکسەکە )ی دەگۆڕێت. چەقبەستی گوتنەکە دەکرێت بەوە ڕوون ببێتەوە: " بۆچ پرسیاری گوتنەکە بەو قالبەی هێزەوە وەڵامێکی گونجاو بەدەست دێنێت"، بۆ نموونە:

ئایا وەڵامەکە گونجاوە بۆ پرسیاری :

(٦ ـ ب). ئازاد کێی بە ( نەسرین ) ناساند؟ لە (٦ ـ پ) دا وەڵامێکی گونجاو و تایبەتە بە پرسیاری :

ئازاد ( نەسرین) ی بە کێ ناساند؟

لە هەردوو بارەکەدا پێداگری زانیارییەکە لەسەر ئەو زانیارییە کە داواکراوە و دەرکەوتووترین زانیارییە لە گوتنەکەدا:

**(٦) أ- ئازاد تەنیا نەسرینی بە پەروین ناساندووە.**
**ب - ئازاد تەنیا پەروینی بە نەسرین ناساندووە.**
**پ - ئازاد تەنیا پەروینی بە نەسرین ناساندووە.**

لە ( ٦ - ب ) دا پەروین تەنیا ئەو کەسەیە کە ئازاد بە نەسرینی ناساندووە، بەلام لە (٦ - پ ) دا نەسرین تەنیا ئەو کەسەیە کە ئازاد بە پەروینی ناساندووە.

( ٦- ب ) درۆ دەبێت، ئەگەر ئازاد ( نەوزاد)ی ناساندبێ لە پاڵ ( پەروین)دا بۆ (نەسرین ).

( ٦- پ) درۆ دەبێت، ئەگەر ئازاد (پەروین) ی بە ( نەوزاد) ناساندبێت لە پاڵ ناساندنی بە ( نەسرین )، ئەو جیاوازییە لە چەقبەست مەودایەکی تر زیاد دەکات کاتێك فۆکسی هەستیاری وەك وشەی ( تەنیا ) لە ڕستەکەدا ئامادەیە. واتە بوونی ئەو فۆکسە هەستیارە ( تەنیا ) لە ڕستەکەدا، لەگەڵ هێزە دەرکەوتووەکە تێکەڵ دەبن و لێکدانەوەی جیاواز بە ڕستەکە دەبەخشن. لە هەندێك کردەی تردا ڕادەکانی وەکو ( هەموو، زۆربەی، هەندێك ... )، یان ئاوەڵکرداری ڕادەی وەکو (هەندێ کات، زۆربەی جاران...)، یان کرداری سۆز و هەڵوێست دەربڕ، هەمان ڕۆڵ دەبینن ( Laurence , 2007: 525 ).

کەواتە دەتوانین بڵێین فۆکس (بەناوەندکردن ) ئەو پێکهاتەی گوتنە، کە قسەکەر دەری دەخات، چونکە بەلایەوە هەڵگری گرنگترین زانیارییە.

فۆکس بە هۆی گۆڕینی شوێنی کەرەستەکانی ڕستەش دەردەبڕدرێت، لە ڕستەی کوردیدا کەرەستە سەرەکییەکان بەم شێوەیە ڕیز دەبن : ( بکەر ، بەرکار، کردار)، کاتێك کە قسەکەر ئەم ڕیزبوونە تێکدەدات و جگە لە بکەر کەرەستەیەکی تر دێنێتە پێشەوە و هێزی دەخاتە سەر، ئەوا مەبەستی تایبەتی خۆی هەیە (شێرکۆ، ٢٠٠٩:١٥٢). بۆ نموونە :

**(٧) پارەکە ئازاد دۆزییەوە .**

وەك ئاماژەمان پێدا بە پێی ئەوەی کە کوردی زمانێکی (S O V) یە، دەبوایە کەرەستەکانی ڕستەی (٧) بەم شێوەیە ڕیز بوونایە:
ئازاد پارەکەی دۆزییەوە.

قسەكەر ئەم ڕیزبوونەی تێكداوە و ( پارەكە)ی هێناوەتە پێشەوە، مەبەستی تایبەتی خۆی هەیە.

هێز و ئاوازە لە لێكدانەوەی دیاردە واتاییەكاندا ڕۆڵێكی گرنگی تر دەبینن، ئەویش ڕەواندنەوەی تەمومژی واتاییە ( وریا ، ٢٠٠٩ : ٢٩٦ ):

**( ٨ ) ئازاد سەری گەورەیە .**

ئەم ڕستەیە بە پێی ئەو هێزەی كە دەخرێتە سەر كەرەستەكانی، دوو واتای جیاوازی هەیە: ئەگەر قسەكەر هێز بخاتە سەر كۆتایی ( سەری ):

**ئازاد سەریٚ گەورەیە.**

ئەوا وتەكە واتای ئەوە دەگەیەنێت كە ( سەری ئازاد گەورەیە). ئەگەر قسەكەر هێز بخاتە سەر كۆتایی رستەكە:

**ئازاد سەری گەورەیە.**

ئەوا وتەكە واتای ئەوە دەگەیەنێت كە ( ئازاد سەری گەورەی ماڵە ).

نموونەیەكی تر:

**( ٩ ) دادوەر : لێبوردن پێویست ناكات لەسێدارە بدرێت.**

بە گۆڕینی هێزی سەر ئەم وتەیەی سەرەوە، دوو واتای تەواو پێچەوانەی یەكتری دەبێت، لە نووسیندا دەبێت لەجیاتی هێز، ( وێرگوڵ) دابنرێت، كاتێك كە دادوەر هێزی رستە دەخاتە سەر ( لێبوردن )، ئەوا ئەو كەسەی كە تۆمەتبارە بیٚ تاوان دەردەچێت و ئازاد دەكرێت:

**لێبوردن**، پێویست ناكات لە سێدارە بدرێت.

بەڵام دادوەر كە هێز دەخاتە سەر كۆتایی ( پێویست ناكات )، ئەوا تۆمەتبارەكە لە سێدارە دەدرێت:

**لێبوردن پێویست ناكات**، لەسێدارە بدرێت.

دیارە ئەم مەبەست و واتایانەی كە دادوەر لەم وتەیەی سەرەوەدا بە هۆی هێزی ڕستەوە گەیاندوویەتی، بەشێك نییە لە واتای فەرهەنگی وشەكان و واتای ڕێزمانی وتەكە، بۆیە لە بارێكی ئاوادا، كە مەبەست و واتا لەڕێگەی هێزی رستەوە دەگەیەنرێت، دەبێت لە پڕاگماتیكدا لێكدانەوەی بۆ بكرێت.

**٧- ئاوازە لە لێکدانەوەی گوتاردا** Discourse:

سەبارەت بە ڕۆڵی ئاوازە لە لێکدانەوەی گوتاردا لێکۆڵینەوەی کەم بەرچاو دەکەوێت. وەکو تێبینی دەکرێت جێناوەکان بە پێی ئەو دەوروبەرەی کە گوتنەکەی تێدا ئەنجام دەدرێت، لێکدانەوەی جیاوازییان بۆ دەکرێت، بە پشتبەستن بەوەی ئایا جێناوەکە لە گوتارەکەدا دەرخراوە یان نا، هەروەها جیاوازی پایەی ئەو زانیارییەی کە کەرەستەکان دەیگەیەنن، وەکو باس، زانیاری کۆن و نوێ و جیاوازییان بە هۆی ئاوازەوە دەستنیشان دەکرێن.

جیاوازی لە تەواوی ڕۆنانی دەقەکە بە پێی جیاوازی ئاوازەکانەوە دەگوازرێتەوە، هەروەها ماوەی لەرینەوەکە، ماوەی وەستانەکە، خێرایی قسەکە، جیاوازی لە هارمۆنییەت و سیستەمی هێز و ئاوازەکان لەگەڵ کردە قسەییەکاندا یەك دەگرنەوە. هاوپەیوەندییەکی تری نێوان سیماکانی وەکو سیستەمی هێز و ئاوازە، کاتی خایاندنی وەستانەکە، دوا نزمبوونەوە لەگەڵ دیاردەی گەڕانەوە بۆ وەرگرتنەوەی ئاوازە، ڕۆڵیان هەیە لە لێکدانەوەی واتای گوتاردا.

هەروەها ڕۆڵی ئاوازە لە گواستنەوەی کاریگەرییەکە، یان باری سۆز و ئەندێشە گرنگە و دەرگای پرسیار دەکاتەوە. گەیشتن بە پەیوەندی نێوان زانیارییەکان لەناو دەقەکەدا و ژمارەیەك لە تایبەتمەندیی تێبینی کراو لە گوتندا، لە تیۆرەکاندا دۆزراوەتەوە، تیۆرەکان میکانیزمی پەیوەندیکردن، سەرنجڕاکێشان بەرەو چەقەکە، چەقبەستی لە دەقەکەدا، هەروەها لە مۆدەلی بەرهەمهێنانی ڕستەدا، نیشانەیەکی یاسایی هاوکاری ئەو تێبینییانە دەکات لەوەی ئەو پەیوەندییەی مەبەستە لە دەروازەی مۆدەلی دەقەکاندا هۆکارێکی سەرەکییە بۆ نیشانکردنی ڕۆڵی گراماتیکی و شوێنی ڕووکەشی دەقەکە لە هەڵبژاردنی فۆرمی ئاماژەکردن لە دەربڕینەکەدا بۆ ئەوەی بە بەرزی دەربکەوێت، دەرکەوتنی دەروازەکان هەوڵ دەدات لە بابەتە ڕێزمانییەکاندا جێبەجێ بکرێت، بۆ ئەوەی لە سەرەتادا لە گوتندا دەربکەوێت و بەجێناو بکرێت، لەوەش زیاتر، نیشانەیەکی یاسایی کە لە تێگەشتندا لێکۆڵینەوەی لە بارەوە کراوە، ئەوەی نیشانداوە کەوا ( توانای گەیشتن بە ).. دیسانەوە هۆیەکی گرنگە لە پرۆسەی ئەو پەیامەی کە بە گوێگر دەگات ( Laurence, 2007: 527).

**٧- ١- لێکدانەوەی جێناوەکان:**

ئەو دەقانەی کە لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە، ئەوەیان دەرخستووە، کە جێناوەکان بە گشتی هەوڵ دەدەن بەو ئاڕاستەیە کاربکەن کە هێزدار بکرێن و بکەونە ژێر کاریگەری جیاوازەوە، لەوەی لێکدانەوەکان لە هەندێك باردا کەمتر ئارەزوومەندی دەبن، واتە سەرپشکی تێدا نابێت. بۆ نموونە :

**(١٠) أ- ئازاد ( نەوزاد )ی بە لایەنگیری دەسەڵات ناوبردو دواتر سووکایەتی پێکرد.**

**ب - ئازاد ( نەوزاد )ی بە لایەنگیری دەسەڵات ناوبرو دواتر سووکایەتی بەو کرد.**

لە ( ١٠ - أ ) جێناوی ( ی ، ئەو ) هێز جیاوازن و سەرپشکانە وەکو یەك لێکدەدرێنەوە لەوەی کە ئازاد هەم نەوزاد وەکو لایەنگیری دەسەڵات و هەم سووك سەیری دەکات. لە ( ١٠ - ب )دا هەردوو جێناوەکە کە هێز وەردەگرن، زۆربەی بیسەرەکان وای تێ دەگەن کەوا ئازاد نەوزاد بە لایەنگیری دەسەڵات ناودەبات ( کە وەکو پیاوێکی سووك یەکسانە ).

لە هەندێك باردا بەهۆی مۆرفیمی ئەنافۆر و ئاوازەوە لێکدانەوە بۆ وتە دەکرێت:

**( ١١) أ- ئازاد شارەکەی خۆشدەوێ، هەروەها ( نەسرین )یش شارەکەی خۆشدەوێ.**

**ب - ئازاد شارەکەی خۆی خۆشدەوێ، هەروەها ( نەسرین )یش شارەکەی خۆی خۆشدەوێ.**

ڕستەی ( ١١ - أ ) ڕستەیەکی تەمومژاوییە، چونکە لە ڕووی واتاوە لێکدانەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت.

بەڵام لە ڕستەی ( ١١ - ب ) ڕستەیەکی ڕوونە و تەمومژاوی نییە، چونکە جێناوەکانی ناو ڕستەکە، کە وەکو ئەنافۆر بەکار هاتوون، ئەم تەمومژییەیان ڕەواندۆتەوە.

بۆ ئەوەی بزانین جێناوی لکاوی ( ی ) بۆ کێ بەکار هاتووە، دەبێت سەیری پێشەوەی ڕستەکە بکەین، ئینجا دەزانین جێناوی لکاوی بەشی یەکەمی ڕستەکە

بۆ ( ئازاد ) دەگەڕێتەوە، جێناوەکەی بەشی دووەمی ڕستەکەش بۆ ( نەسرین ) دەگەڕێتەوە (هۆگر، ٢٠٠٠، ٦٨ ).
ئەوەی زیاتر تەمومژی ڕستەکەی ڕەواندۆتەوە، جێناوی ( خۆی )یە، دوو جار لە ڕستەکەدا وەکو ئەنافۆر بەکارهاتووە و هێزدار کراوە، واتە جێناوی ( خۆی) کە هەم وەکو ئەنافۆر بەکار هاتووە و هەم هێزدار کراوە، تەمومژی ڕستەکەی ڕەواندۆتەوە، بە لەبەرچاوگرتنی دەوروبەری گوتنەکە، واتای وتەکە زیاتر ڕوون دەبێتەوە و دەزانرێت کە ( ئازاد) و ( نەسرین ) خەڵکی کام شارن.

**٧- ٢- جیاوازی زانیاری کۆن و نوێ:**

ئاشکرایە قسەکەر کاتێك کە قسە دەکات زانیاری کۆن و نوێ دەگەیەنێتە گوێگر. بە بۆچوونی هالیدای قسەکەر ئەو پەیام و مەبەستەی کە هەیەتی بە دوو ڕێگا دەیگەیەنێت:
١- بە هۆی ڕیزبوونی یەکە زانیاری بەخشەکان ( باس و خواس ).
٢- بە هۆی هێزو ئاوازەوە، واتە ئەرکی هێزو ئاوازە لە دیاریکردنی یەکە زانیارییە بەخشەکان و گەیاندنی مەبەستی قسەکەر ( شێرکۆ، ٢٠٠٩ : ١٤٧ ).
بە پێی ڕێبازی ئەرکی ڕستە دابەش دەبێت بۆ دوو یەکەی زانیاری بەخش، کە بریتین لە: باس و خواس،
باس : ئەو بەشەی ڕستەیە کە باسی لە بارەیەوە دەکرێت و زانیاری کۆن دەدات بە دەستەوە.
خواس: ئەو بەشەی ڕستەیە کە تێیدا زانیاری لە بارەی باسەوە دەگوترێ و زانیارییەکانیش زانیاری نوێن.
( محەمەد ، ٢٠١٠ : ٣٢٩ ). بۆ نموونە :

**(١٢) <u>کۆمپانیایەکی نەرویجی</u> <u>لە ئاگرێ نەوتی دۆزیوەتەوە</u> .**

↓ ↓

**باس ( زانیاری کۆن ) خواس ( زانیاری نوێ)**

دیاره جگه له ڕیزبوونی یەکه زانیاری بەخشەکان، قسەکەر لەم وتەیەی سەرەوەدا بۆ جیاکردنەوەی یەکه زانیاری بەخشەکان و گەیاندنی پەیامەکەی هێزی زیاتر دەخاتە سەر یەکەی زانیاری بەخشی ( له ئاکریٚ نەوتی دۆزیوەتەوە ).

توێژەران ئەوەیان دەرخستووە، هەموو ئەو دەربڕاوانەی کە زانیاری کۆن و دووپاتکراوە دەگەیەنن، هێزدار ناکرێن، بەڵام ئەو دەربڕاوانەی کە زانیاری نویٚ دەگەیەنن و توانای مەزەندەکردنیان هەیە، دەبێت هێزدار بکرێن :

**( ١٣ ) أ- دوێنیٚ له پەرلەمانی عێراق لەسەر بودجەی هەرێمی کوردستان بوو به دەمەقاڵیٚ.**

**ب - له وێدا پەرلەمانتار هەیە، پەرلەمانتاری شۆڤێنیش هەیە.**

**پ - بۆ پەرلەمانتاران خواردن لە کافتریا بیٚ پارەیە، بەڵام بۆ ڕۆژنامەنووسان به پارەیە.**

**ت - بەڵام خواردنی کافتریا، خواردنی کافتریایە.**

( ١٣- أ) قالبی سادەی ئەرکی وشەی نا هێزدارە و هێز دەداتە وشە کرۆکییەکان، هەروەها لە ( ١٣- ب ) دا، لەو کاتەی گوێگر لە کرۆکی وشە هێزدارەکان تیٚ دەگات له یەکەم باسکردنی وشەی پەرلەمانتار، زۆر گونجاو نییە بۆ هێزدارکردنی لە باسەکانی دواتردا، کاتیٚ کە زانیارییە دراوەکە دەخاتە ڕوو، بەڵام لە ( ١٣ - پ)دا، لەو کاتەی پەرلەمانتار تا ئێستا زانیاری دراو دەدات بەدەستەوە، قسەکەر دەتوانێت هێزداری بکات، له بەراوردکردنی پەرلەمانتار لەگەڵ ڕۆژنامەنووساندا، کافتریا لەو دەربڕینەدا لەوانەیە ( بیٚ هێز ) بیٚ، هەتاکو زانیاری زانراو بخاتە ڕوو و بەراورد ناکریٚ لەگەڵ شوێنی تردا، بەڵام لە ( ١٣- ت ) دا، هەمان کەرەستەی زانراون، لەوانەیە کافتریا هێزدار بکرێت (Laurence, 2007 : 528 ) .

**٧- ٣. ڕۆنانی لووتکە / باسمەند** (Topic) :

خێرایی، وەستانی ناوەوەی فرێز، ماوەی خایاندنی لەرینەوە، دەتوانیٚ ڕۆنانی لووتکەی ( سەرتۆپ ) وتەیەك بگوازێتەوە، بە گشتی ئەوە بەرچاو دەکەویٚ کەوا فرێزەکان بە لووتکە دەست پێدەکەن، لە کاتێکی خایاندنی فراوانی لەرینەوەکانەوە دەستی پێکردووە و وەستانێکی درێژ پێشی کەوتووە، قورس و

لەسەرخۆترە لەو فرێزانەی کە ماوەی خایاندنیان کەمترە، وەستانی پێشتریان درێژترە، هەروەها خێراییان زیاترە. سیفەتی لووتکەی فرێزی کۆتایی لە ڕووی ئەو سیمایانەی باسمان کردن جیاوازن، دواتر بەو ئاڕاستەیە کاردەکەن کە لەگەڵ گۆڕانی لووتکەکان یەك بگرنەوە ۰

بە بۆچوونی هەندێك زانا خستنە ڕووی ( وەستان ) چاکترین دیارخەرە بۆ دیاریکردنی سنووری کەرتە دەنگییەکان. دوا دابەزین، گوشاری سەر ماوەی لەرینەوە لە هەر گوتنێکدا دەتوانێ ڕۆنانی زانیارییەکان بۆ گوێگر بگوازێتەوە، بە نیشانکردنی ئاخۆ قسەکەر ڕۆڵی خۆی تەواو کردووە یان نا. هێز دیسانەوە دەتوانێ تەمومژی لاببات لە کەرەستە تەمومژەکاندا بە هۆی نیشانەکانی دەق، یان بە هۆی ڕۆڵی قسەکەر لە وشە و فرێزەکاندا، بۆ نموونە ئاوەڵکرداری ( ئێستا ) لەم ڕستەیەی خوارەوە :

**(١٤ ) أ ـ ئێستا، ئازاد هاندەری بەرشەلۆنەیە.**

**ب ـ ئێستا ئازاد هاندەری بەرشەلۆنەیە.**

**پ ـ ئێستا ئازاد هاندەری بەرشەلۆنەیە.**

( ١٤ ـ أ ) و ( ١٤ ـ ب ) هەمان لێکدانەوەیان بۆ دەکرێت، ئەویش ئەوەیە کە ئازاد پێشتر هاندەری بەرشەلۆنە نەبووە، کەچی ئێستا گۆڕاوە و بووەتە هاندەری بەرشەلۆنە. کەچی لە ( ١٤ ـ پ ) دا بۆ ئەوە دەچێ کە وەکو دەستەواژەیەکی کاتی لێك بدرێتەوە (Laurence, 2007 : 531).

**٧– ٤ – کردە قسەییەکان:**

هەموو وتەیەکی کاریگەر جگە لە واتا پیتییەکەی (حرفي) هێزێکی ڕەوانبێژیشی لەگەڵدایە، دیارە لە زۆر باردا ئەم هێزە ڕەوانبێژییە بە هۆی هێز و ئاوازەوە پێکدێت. قسەکەر دەتوانێ بە هۆی ئەو هێزە ڕەوانبێژییەی کە لە وتەکانیدا هەیە، کردەی قسەیی جیاواز و باوەڕ و هەڵوێست و سۆزی خۆی بگەیەنێت.

تیۆری کردە قسەییەکان لەسەر چەند بنەمایەك بەندە، یەکێك لەو بنەمایانە ئەوەیە هەموو گوتنێك بۆ ئەنجامدانی نیاز و مەبەستی قسەکەرە، هەموو گوتنێك

وەسفی بارودۆخێکی تایبەت دەکات، بەڵام لەزۆر باردا مەبەستێکی قووڵتر لە دوای ئەو وەسفەوەیە، ئەویش مەبەستی قسەکەرە، قسەکەر کە وتەیەك دەردەبڕێت لەوانەیە مەبەستی ( ئاگادارکردنەوە، هەڕەشەکردن، پۆزشهێنانەوە، گلەییکردن... هتد ) بێت، ئەم مەبەستانە بریتین لە کردەی قسەیی ( محمد ، ٢٠١١ : ٢٠٧ ) .

دوو جۆر کردەی قسەیی هەیە، کردەی قسەیی ڕاستەوخۆ و کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ. لە کردەی قسەیی ڕاستەوخۆدا مەبەستی قسەکەر ئاشکرایەو زیاتر پەیوەندی بە واتای پیتی ڕستەوە هەیە و پەیوەندی بەم باسەی ئێمەوە نییە. بەڵام لەبەرئەوەی کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ پەیوەندی بە هێزی ڕەوانبێژی وتەوە هەیە، بۆیە قسەکەر مەبەستی خۆی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و شاراوە دەگەیەنێتە گوێگر.

سیستەمی کەرەستە ناکەرتییەکان ( هێز، ئاوازە، وەستان) جیاوازی لە نێوان کردەی قسەیی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆدا دەکات، واتە لە نێوان ئەوەی دەکرێ واتای وتەیەك وەکو واتای پیتی، دەقاودەق وەربگیرێ، یان وەکو واتای پراگماتیکی.

بەپێی هەندێك توێژینەوە هەر گوتنێك بە تۆنی نزم دەربڕێت بەڕێژەی ( ٧٣٪) خوێندنەوەی ناڕاستەوخۆی بۆ دەکرێت، هەروەها هەر گوتنێك بە تۆنی بەرز دەربڕێت ئەوا بە ڕێژەی (٥٤٪) خوێندنەوەی ڕاستەوخۆی بۆ دەکرێت (Laurence,2007: 536).

گوێگر بۆ بەدەستهێنانی زانیاری توانای ئەوەی هەیە کۆمەڵێك ئەگەر بۆ لێکدانەوەی وتەیەك دابنێ، جیاوازی ئاوازە ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێت، بۆنموونە دەتوانێت ڕستەی هەواڵدان بگۆڕێت بۆ ڕستەی پرسیاری بە بەڵێ - نەخێر، بۆنموونە خوێندکارێك درەنگ دێتە هۆڵی خوێندن و مامۆستا پێی دەڵێت:

**(١٥) زوو نییە؟**

ئەم ڕستەیە لە بنچینەدا ڕستەیەکی هەواڵدانە، بەڵام مامۆستا بە گۆڕینی ئاوازەکەی کردوویەتییە ڕستەیەکی پرسیار و توانج لە خوێندکارەکە دەدات کە دواکەوتووە، واتە کردەکە توانج لێدانە.

هەروەها رستەی هەواڵدان بەهۆی گۆڕینی ئاوازەکەی دەکرێت بە رستەی رامان، بۆ نموونە:

( ١٦ ) أ ـ **ئەمە کچە جوانەکەیە.** ( رستەکە هەواڵدانە و هەواڵ و زانیاری گەیاندووە)

ب ـ **ئەمە کچە جوانەکەیە !** (رستەکە رامانە، بەڵام کردەو مەبەست توانجە)

ئەگەر رستەی پرسیار بۆ پرسیارکردن بەکار نەیەت، ئەوا مەبەستێك یان کردەیەکی تر دەگەیەنێت.

ئەو رستانەی کە بەهۆی وشەی پرسیارەوە پێکدەهێنرێن تەنیا بۆ مەبەستی پرسیار و وەرگرتنی زانیاری بەکار نایەن، بەڵکو قسەکەر دەتوانێت لە رێگەیەوە کۆمەڵێك کردەی وەك: رەخنە، گلەییکردن، رەتکردنەوە، داواکاری ... بگەیەنێت، بۆ نموونە پیاوێك کە دێتەوە ماڵەوە و دەبینێت ژنەکەی تاقمێك مەنجەڵی کڕیوەو دەڵێت :

**( ١٧) ئەمانە چین؟**

مەبەستی پیاوەکە لەم وتەیەدا ئەوە نییە کە ژنەکەی چی کڕیوە، چونکە پیاوەکە مەنجەڵەکانی بینیوە، بەڵکو مەبەستێکی تری هەیە ئەویش ناڕەزایی دەربڕینە.

**( ١٨ ) چۆن وا دەبێت؟**

ئەم رستەیە بۆ وەرگرتنی زانیاری بەکار نەهاتووە، بەڵکو قسەکەر مەبەستێکی تری هەیە ئەویش دەربڕینی تووڕەییە.

زۆر حاڵەتی تر هەیە قسەکەر بەهۆی تۆن و ئاوازەی بەرزەوە، دەتوانێت مەبەستی خۆی بگەیەنێت، بۆ نموونە یەکێك نوێژ دەکات و لەکاتی نوێژکردنەکەی یەکێك لە دەرگا دەدات، یان منداڵێکیان نزیك ئاگر دەبێتەوە، کە بە تۆنێکی بەرز (فاتیحە) یان (تەحیات) دەخوێنی ئەوا ئەوانەی لە ماڵەوەن، تێدەگەن کە یەکێك لە دەرگا دەدات، یان منداڵێکیان نزیك ئاگر بووەتەوە.

## ئەنجامەکان

١ ـ هێز و ئاوازە دەبێت لە پڕاگماتیکدا لێکدانەوەی بۆ بکرێت، چونکە مەبەستی قسەکەر دەگەیەنن و ئەم مەبەستەی قسەکەریش بەشێك نییە لە واتای پیتی وتە.

٢ ـ هێز و ئاوازە تەمومژی سینتاکسی دەرەوێنێتەوە و یارمەتیدەر دەبێت بۆ جیاکردنەوەی سنووری فرێزەکان.

٣ ـ هێز و ئاوازە تەمومژی واتایی دەرەوێنێتەوە.

٤ ـ قسەکەر هەمیشە هێزی زیاتر دەخاتە سەر ئەو یەکە زانیاری بەخشەی کە بە لایەوە گرنگە و نوێترین زانیاری دەگەیەنێت.

٥ ـ قسەکەر لە ڕێگەی ئاوازەوە کۆمەڵێك مەبەست و کردەی جیاوازی وەك: ڕەخنە، داواکاری، ناڕەزایی، گلەیی و توانج دەگەیەنێت.

## سەرچاوەکان

**أ- بە زمانی کوردی:**

١– شێرکۆ حەمە ئەمین قادر ( ٢٠٠٩ ) شیکارێکی گوتاری چیرۆکە هەواڵ، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی.
٢- صباح رشید قادر (٢٠٠٠) هاوبێژی و فرەواتایی لە (گیرەك)دا ( نامەی ماجستێر) کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
٣ - محەمەد مەعرووف فەتاح ( ٢٠١٠ ) لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، کۆکردنەوە و ئامادەکردنەوەی شێروان حسێن خۆشناو و شێروان میرزا قادر، دەزگای توێژینەوە و بلاّوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.
٤ - محەمەد مەعرووف فەتاح (٢٠١١) زمانەوانی، چاپی دووەم، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
٥– هۆگر مەحموود فەرەج (٢٠٠٠) پراگماتیك و واتای نیشانەکان( نامەی دکتۆرا)، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
٦- ه. د. ویدۆوسن (٢٠٠٨) سەرەتایەك بۆ زمانەوانی، وەرگێڕانی هۆشەنگ فارووق، دەزگای توێژینەوە و بلاّوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.
٧- وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٩) ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بلاّوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

**ب - بە زمانی عەرەبی:**

٨- جلوريا ج. بوردن و كاثرين س. هارس و لورانس ج رافائيل ( ١٩٩٨ ) اساسيات علم الكلام، ترجمة محيي الدين حميدي، دار المدى للثقافة والنشر، دمشق.
٩- حافظ اسماعيلي علوي ( ٢٠١١ ) التداوليات – علم استعمال اللغة، عالم الكتب الحديث، اربد.

**پ - بە زمانی ئینگلیزی:**

10- Crystal.D (2003) A Dictionary of Linguistics & Phonetics, Blackwell, Oxford.
11 - Laurence, R.H & Ward, G. (2007) the Handbook of Pragmatics, Blackwell, Oxford.
12 - Yule.J (2000) Pragmatics, Oxford: Oxford University Press.

## الخلاصة

**النبرة والتنغيم – رؤية تداولية**

النبرة والتنغيم عبارة عن سمتان من السمات الفوقطعية، واللذان يلعبان دوراً بارزاً في توصيل المعنى، هذا البحث يُسلط الضوء على الجوانب اللغوية كالعوامل التداولية اللواتي يؤثرن على السمات الصوتية كالنبرة في ايصال المعنى، ويقع البحث في سبعة فصول. الفصل الاول عبارة عن مدخل للولوج في البحث، والفصل الثاني يُعَرّف التداولية مع تحديد مجالاتها، في الفصل الثالث ارتأى الباحث، التركيز على النبرة وعلاقتها بالتداولية. اما الفصل الرابع فقد بُحثَ فيه التنغيم ومدى علاقته بالنبرة ومدى الاختلاف معها. الفصل الخامس، خُصصَ لدور التنغيم في الظواهر النحوية، اما الفصل السادس، يعرض الادوار التنغيمية في تفسير الظواهر المعنوية، والفصل الاخير من البحث خُصص لتفسير دور التنغيم في الخطاب اللغوي.

ابرز النتائج لهذا البحث عبارة عن:

١- يستلزم تحليل النبرة والتنغيم في مجال التداولية، كونهما يظهران غرض المتكلم، لان غرض المتكلم ليس جزأ من المعنى الحرفي من المنطوق.

٢- يتمكن المتكلم، عن طريق النبرة والتنغيم، التعبير عن اغراض مختلفة وافعال كـ( الانتقاد، عدم الرضى، التشكي، وألذم) وما الى ذلك.

وفي ختام البحث بعد عرض النتائج وتوثيق المصادر يتم عرض الخلاصة باللغتين العربية والانكليزية.

# Abstract

## Stress and Intonation
## A pragmatic approach

Stress and intonation form two suprasegmental features found in Kurdish to play a significant role in conveying meaning. This study highlights an area where pragmatic factors influence the phonological features of stress and intonation to convey meaning.

The study consists of seven sections. The first is a preliminary to the subject- matter. The second section gives the definition of pragmatics and its scope while the third deals with stress and its relation with pragmatics. The fourth section, however, sets intonation apart from stress whereas the fifth and the sixth are devoted to an explanation of the role of intonation in accounting for the syntactic and semantic phenomena respectively. The last section explicated the role of intonation in discourse analysis. Finally we love listed the most important conclusions from the study as well as the bibliographic reference list and two abstracts in Arabic and English.

Among the important conclusions drawn from the present study are the following:

1-Stress and intonation must be approached pragmatically since they convey a speaker's intended meaning which is not part of the literal meaning of the word.

2- The speaker can convey, through intonation, a number of intentions and speech acts as criticism, protest, complaints, etc.

# واقیعی زمانی کوردی
# لە نێوان پێوەرەکانی زمانی زیندوو و
# ئەو هۆکارانەی زمان دەمرێنن

## لێکۆڵینەوەییەکی ڕەخنەیی شیکارییە

**د. ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا**
**مامۆستا لە بەشی کوردی کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەدین**

### پێشەکی

زمان یەك لەو بەخششە گرنگانەی خوای گەورەیە، کە لەوەتەی ئادەمیزاد هەیە، بە هۆیەوەی پێویستییەکانی خۆی لە دەربڕیندا (ئاراستە کردن و وەرگرتن) وەدی دێنێت، بە تێپەڕینی ڕۆژگاریش گرنگی زمان زۆرتر بووە، تا گەشتۆتە ڕۆژی ئەمڕۆ، زمان بایەخی دیکەی بۆ دۆزراوەتەوە، جۆرێك لە گرنگی زیاتری پێ دراوە، لە سۆنگەی ئەوەوە نەتەوە لە یەکتر جیا دەکرێنەوەو لە سەر بنەمای زمانەوە بنیاتی شارستانیەت و ژیاری سەربەخۆی خۆیان دادەنێن.

بەڵام (زمان)یش، وەکو هەر گیاندارێکی دیکە، سەرەتاو کۆتایی هەیە، لە ماوەی نێوان ئەو دوو جەمسەرەش بەردەوام لە گۆڕاندایە، بۆیە هەوڵەکان لای هەموو نەتەوەیەك: پارێزگاریکردنە لە مانەوەی زمانی نەتەوەیی و گرنگیدانی تایبەتە پێی، تا بۆ قۆناغێکی درێژتر بمێنێتەوە.

لە قۆناغی ئەمڕۆماندا زمانی  کوردی چ واقیعێکی هەیە؟ لە کوێی پێوەرە گرنگەکانی زمانی زیندووە؟ تا چ ڕادەیەك بەر لە هۆکارەکانی مردنی زمان دەگرێت و پارێزگاری لە کەسایەتیی سەربەخۆی خۆی دەکات؟ ئایندەی زمانی کوردی بەرەو کوێیە؟ ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵێکە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە.

## تەوەرەی یەکەم: لە بارەی زمان بە گشتی و زمانی کوردی بە تایبەتی

زمان یەکێکە لەو بابەتانەی لە زووەوەو تا ئەمڕۆ، لە لای زانایانی کۆن و نوێ، لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە گرنگی پێدراوە، ناسنامەی وشەیی کەس و شتەکانە، ((گرنگترین ڕواڵەتەکانی سلووکی ئادەمیزادە))[1]، لە ژێر کۆنترۆڵی ئادەمیزاددایە و ((لە چەند هێمایەك پێك دێت، ئەو هێمایانە دەکەونە ژێر کۆنترۆڵی یاسای دیاریکراوی دەنگی و سینتاکسی و سیمانتیکسی))[2]، بۆیە ((وەکو سۆسێر دەڵێ: زمان سیستمێکە لە هێما، کە لە شتی بیستراو پێکدێ و لە بۆچوونێکەوە، کە وابەستەیەتی و لێی جیانابێتەوە))[3]، بەو شێوەیەی قسەکەر مەبەستیەتی خۆی پێشکەش دەکات.

زمانی کوردیش زاراوەییێکی لێکدراوە، (زمان)ەکە ئەوەیە کە گوتمان و کوردیش ناوی زیادکراوە.. بەسەریەکەوە، زمانی کوردی واتە: ئەو سیستمە دەنگی و وشەییە تایبەتەی کورد، کە وەکو نەتەوەیێکی سەربەخۆی سەر پشتی زەوی، ڕستەی واتاداری پێ دروست دەکات و بە هۆیەوەی گوزارشت لە ناخی خۆی دەکات و بەها ژیارییە باڵاکانی پێ دەچەسپێنێت.

## تەوەرەی دووەم: پێوەرەکانی زمانی زیندوو

سەبارەت بە زمانی زیندوو، سەرچاوەکان هەندێ تایبەتمەندییان دەستنیشان کردووە، دەشێ گرنگترین ئەو تایبەتمەندییانەی زمانی زیندوو لەمانەی خوارەوە کورت بکەینەوە:

**یەك:** هەندێ لە زانایان گوتوویانە: ((بۆ ئەوەی زمانێك بە زمانی زیندوو بژمێردرێ، دەبێ بە لانی کەم چەند کەسێك وەکو زمانی دایك و زمانی یەکەمی وڵاتەکە قسەی پێ بکات))[4]!!

بە پێی ئەم گوتەیە، مەرجە گرنگەکانی زمانی زیندوو دووانن، یەکەمیان: چەند کەسێك قسەی پێ بکەن و بە زمانی دایکی بزانن.. دووەمیش: پارچە زەوییەکی دانپیانراو هەبێ، تیایدا زمانەکە کرابێتە زمانێکی فەرمی.

کە دێین لە زمانی کوردی ورد دەبینەوە، دەبینین ئەو مەرجانەی تیایە، لە لایێك: چەندین ملیۆن کەس بە زمانی کوردی قسە دەکەن و بە زمانی دایکی

دەزانن، ـ کە ئەمە چ گومانێکی لەسەر نییە ـ ، چونکە هەموو ئەو ملیۆنانە خۆیان کوردن!

لەولاوەش: لە کوردستانی عیراقدا زمانی کوردی زمانی فەرمی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم و دەزگای دادوەری و تۆڕی بەربڵاوی ڕاگەیاندن و خوێندن و زانکۆ و تەواوی ئۆرگان و ناوەندە زانستی و ڕۆشنبیرییە فەرمی و نیمچە فەرمییەکانە.

لە عیراقیشدا زمانی کوردی بە فەرمی دانی پیانراوەو بە دووەم زمانی فەرمی ئەو وڵاتە دەستنیشان کراوە، ئەوەتا لە دامەزراوەکانی حکومەتی ناوەندی بەغدا لە پاڵ زمانی عەرەبی، زمانی کوردیش بەکاردەهێنرێت.

**دوو:** مەرجێکی تر ئەوەیە: ((زمانی زیندوو خۆی لەبەر شەپۆلەکانی سیاسەتی داپلۆسێنەر دەگرێت و دەمێنێتەوە)).(٥)

کە لەم ڕووەوە تەماشای زمانی کوردی دەکەین، دەبینین نەك هەر خۆی لەبەردەم سیاسەتەکانی بە عەرەبکردن و بە تورککردن و بە فارسکردن ڕاگرتووە، بەڵکو لە ژێر فشاری ئەو سیاسەتە چەوتانە، بەرەو کوردییەکی پەتی دەوڵەمەندو جوان هاتووە و زمانی ئەدەبی و بە تایبەت زمانێکی شیعری زۆر زۆر ناسك و دەوڵەمەندی بۆ دروست بووە، بە شێوەیێك کە هیچ مەترسییەکی توانەوەی لەژێر ئەو فشارانە لەسەر نەماوە.

**سێ:** زمانی زیندوو خۆی لەبەر باڵکێشانی ڕۆشنبیری لە دوورەوە هاتوو دەگرێت و بە زیندوویی دەمێنێتەوە، ئەوەتا لە لێکۆڵینەوەی زانایانی زمان سەبارەت بەو زمانانەی لە وڵاتانی حەوزی ئەمازۆندا هەبوونە، ((بۆیان دەرکەوتووە، گەلێ زمانی کۆنی هیندییەکانی ئەوێ، لەبەر هەیمەنەی ڕۆشنبیری ڕۆژئاواو زمانی ئینگلیزی وەستاوەو بە تەواوەتی لە بەکارهێنان کەوتووەو چووەتە خانەی زمانی مردوو)).(٦)

دیارە زمانی کوردیش وەکو زۆرێکی زمانانی دونیا، نەوەك تەنها هەر هەژموونی ڕاگەیاندنی ڕۆژئاوایی بە زمانە زیندووەکانی ئەوروپاو بە تایبەت زمانی

ئینگلیزی بەسەر هات، بەڵكو وەكو لـه سـەروو ئاماژەمـان بـۆ كـرد، ڕاگەیانـدنێكی بەربڵاوی عەرەبی و فارسـی و تـوركیش هەیمەنـەی بەسـەر هەرێمـە كوردییـەكانی هەموو پارچەكانی كوردستان كرد، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا نـەك هـەر وەكـو خـۆی مایـەوە، بـەڵكو بـەرەوپێش هـات و دەوڵەمەنـد بـوو و ڕۆژنامەگـەری بـەربڵاوی كوردستانی باشوور شایەدی زیندووی ئەو ڕاستییەیە.

**چوار:** زمـانی زینـدوو ڕواڵـەتی دەرەوەی ئـەو بیرەیـە، كـە لـە دڵ و مێـشكی قسەكەراندا دەخولێتەوە، (جاحظ) گوتوویـەتی: ((زمـان تـەرجومانی دڵـە، دڵـیش گەنجینەی پارێزەری بیر و نهێنییەكانـە))[٧]، هەنـدێكی دیكـەش گوتوویانـە: ((لـە لایەنی كاتەوە، بیر بە پێش زمانەوە دەكەوێت))[٨]، چونكە ئەو بـیرە هـەر چـۆنێك بـێ، لـە وێنـە دەنگییـەكانی زمانـدا (مەبەسـت وشـە و دەربـڕین و ڕسـتەكانە)، ڕەنگدەداتەوە و دەكەوێتە بەر گوێی بیسەران.

ئەو زمانەی ئەوەی بۆ دەكرێت، بە باشـی گوزارشـت لـەوەی نێـو دڵ و بـیردا بكـات، زمانێكـە دەوڵەمەنـدەو خـاوەنی تایبەتمەندییـەكانی زمانـە گـرنگ و زیندووەكانـە، بـە پێـچەوانەوە زمانێـك لـەو ئاسـتەدا نـەبێ، نـاتوانێ ببێتـە گوزارشتكەری سیفاتە شاراوەكانی شتەكان، وەكـو ئـەوەی لـە بـیری خاوەنەكـەی دەگوزەرێـت، بـەوەش خاوەنەكـەی ناچـار دەبـێ، زمانەكـەی جێبێڵـێ و بێـت بـە زمانێكی دیكەی بێگانە بە زمانی دایكی خۆی گوزارشت لە بیرو بۆچوون و خـەیاڵی بكات.

زمـانی كـوردی ئیمرۆكـە لـەو زمانانەیـە، كـە فەرهـەنگی وشـە و دەربـڕین و شـێوازەكانی ئاخـاوتن و نووسـینی دەوڵەمەنـد بـووە، ئیـدی لـەوە دەرچـووە، دەستەوسان بێ، لە بەرامبەر ئەوەی بتوانێ گوزارشت لـە بـیر و خـەون و خـەیاڵی قسەكەران، یان نووسەرانی بكات، خۆ ئەگەر قسەكەر، یان نووسەرەكەش داهێنەر بـێ، ئـەوا نـەك هـەر وشـە و دەربـڕین و شـێوازی گونجـاو بـۆ بـیر و خەیاڵـەكانی دەدۆزێتەوە، بەڵكو هەمیشە وشـە و دەربـڕین و شـێوازی جۆراوجـۆریش بـۆ بـیر و خەیاڵـەكانی دەدۆزێتـەوە، ئەوسا ئـەوەی پێـشكەشی دەكـات دەبێتـە كـارێكی داهێنانی بەهێز و كاریگەر و سەرنجڕاكێش.

**پێنج:** زمانی زیندوو توانای لابردنی لە دەربڕین و دەستەواژەکانی تیایەو هەمیشە بە کورتبڕی دەتوانێ شتی زۆر پێشکەش بکات، کە ئەم لابردن و کورتبڕییە ((بە یەك لەو دیاردە زمانییانە دادەنرێت، کە تەواوی زمانە مرۆییەکان تیایدا بەشدارن))[9] ، دیارە بە تێپەڕینی کات و گەورەبوونی ئەزموونی قسەکەران، ئینجا ((بە سەرچاوە گرتن لە تیۆری بەکاربردنی وزەی کەمتر و پرەنسیپی ئیقتیسادکردن، زمانەکان بەرەو ئەو دیاردەیە هاتوون)).[10]

ئەم دیاردەیە زۆر لە مێژە لە ئاخاوتنی کوردیشدا پەیرەوی لێ کراوە، زۆر لە مێژە قسەکەری کورد لە جیاتی ئەوەی بڵێ: ئەو کوڕەی لە ئازایەتیدا وەکو شێرە ڕاپەڕی.. ئەمەی کورت کردۆتەوە و یەکسەر گوتوویەتی: شێرەکە ڕاپەڕی.

چونکە ئەو گوتەیە، گوتەیەکی سروشت باشتر و جوانترە، گوتەی سروشت باشیش ((پەسندی گوێیەکانە، ناسکە، نزیکی تێگەیشتنە)).[11]

ئەمڕۆکە زمانی کوردی لەو ڕووەوە زۆر پێشکەوتووە، لێکۆڵینەوەکانی شێواز و ڕەوانبێژی دەریانخستووە، کە لە سنوورێکی زۆر تەسکدا، دەنا ئاخاوتن و نووسینی کوردی، ئێستاکە بەشێکی هەرە زۆری بە کورتبڕی پێشکەش کراوە.

**شەش:** زمانی زیندوو دەبێ توانای درێژکردنەوەی تێدا بێ، ڕێگەی ئەوە ئاسان بکات، نێرەر (جا قسەکەربێ، یان نووسەر) بتوانێ مانای کەم بە وشەو دەربڕین و ڕستەی زۆر، ئەوەندەی خەیاڵ پەی پێ دەبات فراوان بکات.. زمانی کوردی ئەو توانایەشی تێدایەو ئەگەر قسەکەر، یان نووسەر توانای خەیاڵی فراوان بێ و فەرهەنگی وشە و ڕۆشنبیریی دەوڵەمەند بێ، ئەوە زمانەکە دەرگای بۆ دەخاتە سەر پشت و دەتوانێ، ئەوەی دەیەوێ زۆر بە درێژی بینووسێ، ئەوەتا ئەگەر تەماشای کتێبخانەی کوردی بکەین، چ لە بواری شیعر و چ لە بواری ڕۆمان و چ لە بواری لێکۆڵینەوە و چ لە گەلێ بواری دیکەدا، کتێب هەیە بە چەند بەرگێکی گەورەو قەبە نووسراوە، ئەمە چۆن کرا؟ دیارە بەوە کراوە، کە خاوەنی ئەو بەرهەمانە خاوەنی خەیاڵی فراوان بوونە، ئەگینا ئەگەر وا نەبوونایە و ڕۆشنبیریيان فراوان نەبووایە، بێگومان نەیاندەتوانی ئەو کارانە بەو درێژییە بنووسن، بەڵام کە ئەو توانایەیان هەبووە، زمانی کوردیش هەلی بۆ ڕەخساندوون،

تاوەکو بێن بە وشە و دەربڕینەکانی گوزارشت لە فکر و خەیاڵ و ڕۆشنبیرییەکەیان بکات.

**حەفت:** لە زمانی زیندوودا نە پیتەکان و نە وشەکانیش هەموویان وەکو یەك نین، هەر وشەیەك واتاییێکی هەیە و هەر پیتێك دەلالەتێکی هەیە، هەردووکیشیان گوزارشتکەرن لەو واتایەی دەینوێنن.

زمانی کوردیش لەم ڕووەوە زۆر ورد و کاریگەرە، بۆ نموونە: ئەو وشانەی بۆ وەسفی گوڵ بە کار دەهێنرێن، هەموویان ناسك و هێمنن، دەگوترێ: گوڵ پاکە، جوانە، هێمنە، ئارامی بەخشە، خۆشی نوێنە...هتد، هەموو ئەو وەسفانەش بە ئاسانی گۆ دەکرێن، چ دەنگ و چ وشەکانیشیان بەسەریەکەوە، ناسك و خۆش و ساکار و دڵخۆشکەرن، وەکو گوڵەکە خۆیان پێشکەش دەکەن.

بەڵام ئەو دەنگ و وشانەی بۆ ناشیرینکردنی (گورگ)ێك بەکار دەهێنرێن، هەموویان زبر و ڕەق و ناخۆش و جەرگبڕن، دەگوترێت: گورگ پیسە، ناشرینە، دڕندەیە، شەڕانگێزە، بێ ویژدانە... هتد، دەبینین مۆسیقای ئەم دەنگ و وشانەی ئێرە، کە وەسفی گورگ دەکەن، ئەوجارە بە پێچەوانەوە، زبر و ڕەق و ترسناك و زەوقکوژن، وەکو گورگەکە خۆیان پێشکەش دەکەن، ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە ((دەنگەکان لە ڕووی هێز و لاوازییەوە دەگۆڕێن، لە مۆسیقاو لەرینەوەکانیان لێك جیادەبنەوە، بە دوای ئەمە وشەی جیاواز دروست دەبێ، کە لەو دەنگانە پێك دێن و کاریگەری لەیەکجیایان لەسەر بیستن دەبێ، هەروەها لە گەیاندنی واتاشدا وەکو یەك نابن ... دەنگە مۆسیقا نەرم و هێمنەکان ئارامی دروست دەکەن و ئاسوودەیی بۆ بیسەر دابین دەکەن، دەنگە بەهێز و (گڕەکانیش) بۆ هەڵوێستە توند و ناشیرینکەرەکان گونجاون...)).[١٢]

لە ئاستی شێوازیشدا ـ کە مەبەست لێرەدا ئاخاوتن، یان نووسین لە ئاستی ڕستەیە ـ ، بە هەمان شێوە شێوازەکانی زمانی کوردی ڕێکن لەگەڵ ئەو بارەی گوزارشتی لێ دەکەن، بۆ نموونە: ئەگەر ویستت هەواڵێکی خۆش بگەیەنی، بە ئاسانی دەڵێی: ماشەڵڵا! ! ڕۆژێکی خۆشە ! !

بەڵام ئەگەر تووڕە بووی، ئەوا بە شێوازێکی تووڕە و زبر و خوازەیی دەڵێی: جا کوا شتی باش ماوە؟! (واتە: نەخێر شتی باش نەماوە).

**هەشت:** تایبەتمەندییەکی دیکەی زمانی زیندوو ئەوەیە، کە ئەو زمانە ((بە بێ سوودوەرگرتن لە هیچ هێماو ئاماژەیێکی ـ نازمانی ـ، دەتوانێ: بە تەنیا و بە پشتبەستن بە ئاواز و گۆکراوەکانی خۆی زانیاری گرنگ بۆ پەیامەکەی دروست بکات)).[١٣]

زمانی کوردیش ئەوەندە وشە و دەربڕینەی هەیە، کە بە تەنیا بەو هێما زمانییانەی گوزارشت لە تەواوی واتاکان بکات، شتێك نابینین زمان بە وشەکانی نەتوانێ دەری ببڕێ و پێویستی بە هێمایێکی دەست، یان چاو، یان... هتد بێ.

**نۆ:** زمانی ئادەمیزاد بە پێی ئەو پەیامەی پێشکەشی دەکات، یان (هەواڵ)ەو یان (داڕشتن)، هەموو کتێبەکانی ڕەوانبێژی لەسەر ئەوە ڕێکن[١٤]، جا ئەم شێوە دەربڕینانە بۆ پڕکردنەوەی ئەرکە بچووکەکان بێ، وەکو (بوارەکانی کۆمەڵایەتی و بازرگانی)، کە وەکو پرۆفیسۆر (روی. سی. هیجمان) دەڵێ: ((ناکرێ وێنای ژیانی کۆمەڵایەتی بکەین، بە بێ زمان))[١٥]، یانیش بۆ بەجێهێنانی ئەرکە گەورەکانی زمان بێ، وەکو: تۆمارکردنی بیر و داهێنانی شیعرییەت و تێکستی ئەدەبی گەورە و بوون بە زمانی خوێندن.

ئەگەر لە زمانی کوردی وردبینەوە، دەبینین لە هەموو ئەو ڕووانە زۆر پێشکەوتووە، ئەوەتا لە توانایدایە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان بە باشترین شێوە بەجێ بێنێ، خەڵك بە هەواڵ، یان فرمان، یان نەهێشتن، یان پرسیار، یان سەرسامی، یان بانگکردن، یان خۆزگە، ئەوەی دەیەوێ بیڵێ، پێشکەشی بکات، لە بواری بازاڕ و مامەڵەی بازرگانیشدا دەتوانێ شتی وەها بە هەموو ئەو شێوازانەی گوتمان پێشکەش بکات، لە هەردوو باریشدا زۆرترین سەرکەوتن و قازانج بۆ خاوەنەکەی بە دەست بێنێ.

لەو لاشەوە زمانی کوردی بووەتە زمانی تەواوی ناوەندەکانی خوێندن، هەر لە باخچەی ساوایانەوە، هەتا پەیمانگا و زانکۆکانی خوێندنی باڵا، بووەتە زمانی

بیر و سیاسەت، بووەتـە زمـانی ئـەدەبیاتێکی گـەورە و دەوڵەمەنـد، ئیـدی ئەگـەر زانایانمان نەیانتوانیبێ، شتی نوێ دابێنن، ئەوا شـاعیر و ئەدیبـەکانمان توانیویانـە شاکاری وا بە زمانی کوردی بەرهەم بێنن، بە هۆیەوەی ئەگـەر ئـەدەبی کوردییـان نەبردبێتە پێش ئەدەبی گەلێ نەتەوەی پێشکەوتووی دونیـا، بێگومـان لـە ئاسـتی ئەدەبیاتی ئەوانن و لەوان کەمتریان دانەهێناوە ! !

**دە:** زمانی زیندوو هەڵە قەبوڵ ناکات، بۆیە قسەکەرانی زمانی دایك لە هـەموو کەس باشتر بە زمانەکەی خۆیـان دەزانـن، زمـانی کـوردیش وەهایـەو هـەر یـەکێك شتێك بڵێ، زمان ڕێگەی پێ نەدابێ، یەکسەر هەستی پێ دەکرێ و بیسەرەکە هەر کەسێکی خوێندەوار، یان نەخوێندەوار بێ، دەڵێ: ئـەو قـسەی تـۆ دەیکـەی، هـی کوردان نییە ! ! یانیش دەڵێ: تۆ کوردی نازانی، چونکە کورد وەها قسان ناکەن.

ئـەوە لەبـەر چـی وەهایـە، چـونکە زمـانی زینـدوو خـاوەنی بنـەما و یاسـای تایبـەتی خۆیـەتی، قـسەکەر ئـازادی ئـەوەی هەیـە لـەو چوارچـێوەیەدا لادانـی جۆراوجـۆر ئـەنجام بـدات و شـێوازی جـوان و جـوانتر بەرهـەم بـێنێ، بـەڵام بـەو مەرجەی لە سیستمە باوەکە لانەدات و بنەما سـەرەکییەکان تێـك نـەدات، چـونکە ئەوسا پرۆسەی واتا دەشێوێ و ناگاتە خوێنەر، یان بیسەر.

**یانزە:** زمانی زیندوو لە شێوازەکانی دەربڕینـدا دەوڵەمەنـدە، دەتـوانێ تاکـە واتاییـێك بـە شـێوازی جـۆراو جـۆر پێـشکەش بکـات، زمـانی کـوردیش لـەوەدا زۆر دەوڵەمەندە، ئەوەتا بۆ ئەوەی بڵـێین: منداڵەکـە جوانـە ! ! دەتـوانین بـە شـێوازی جۆراوجۆر ئەو ڕستەیە پێشکەش بکەین، لەوانە:

١ـ منداڵەکە جوانە... (شێوازی هەواڵی دروست و یاساییە)

٢ـ منداڵەکە گوڵە... (شێوازی لادراو و خواستراوە)

٣ـ ئەو منداڵە لە جوانیدا دەڵێی گوڵە. (شێوازی لێکچوواندنی ئاساییە)

٤ــ تەماشـای ئـەم گوڵـە بکـە و تەماشـای منداڵەکـە بکـە... (شـێوازی لێکچوواندنی شاراوە، یان ناڕاستەوخۆیە)

٥ـ لە جوانیدا ئەو منداڵە یەکەمە ! ! (شێوازی موبالەغەیە)

٦ـ ماشەڵڵا ئەو منداڵە جوانە ! ! ! (شێوازی سەرسوڕمانە)

٧ـ کەس نییە وەکو ئەو منداڵە جوان بێ ! ! (شێوازی جەختکردنەوەیە)

٨ـ ئایا ئەو منداڵە جوان نییە ؟ ! (شێوازی پرسیاری خوازراوە، واتە: بەڵێ ئەو منداڵە جوانە)

٩ـ ئایا ئەو منداڵە گوڵ نییە ؟ ! (شێوازی پرسیاری سوودوەرگرتوو لە خواستنە و داهێنانە)

١٠ـ گوڵی وا جوانتان دیتووە ؟ ! (شێوازی لادراوی تەواوە، ئیدیۆمە)

١١ـ بڕواناکەم منداڵێکی وەها جوانم دیبێ ؟ ! (شێوازی پرسیاری تێکەڵ بە سەرسوڕمانە)

١٢ـ خۆزگە منداڵێکی وەها جوانم هەبووایە ! ! (شێوازی خۆزییە)

تەماشا دەکەین، هەموو ئەو دوانزە شێوازانە هەریەك بیرۆکەیان گەیاندووە، ئەویش ئەوەیە: (منداڵەکە جوانە)، وەکو لە سەرەتاوە قسەکەری یەکەم وەهای گوت، بەڵام هەر شێوازەش لەوەی تر کاریگەرترە و هەر شێوازەی بۆ شوێنێك گونجاوترە.

زمانی کوردی جگە لەوەی لە توانایدایە: تاکە واتا بە شێوازی جۆراوجۆر پێشکەش بکات، ئەوا لە هەمان کاتدا لە توانایدایە، شێوازەکانیش جگە لە مەبەستی دروستی خۆیان، بۆ زیاتر لە بیست شێوازی (لادراو ـ خواستراو) بەکار بێنێت، بۆ نموونە: (پرسیار) یەکێکە لە شێوازەکانی ئاخاوتنی مرۆیی ((داواکردنی زانیارییە لە بارەی شتێکەوە، کە ئەو زانیارییە پێشتر نەزانراو بووە))[١٦]، یانیش ڕوونتر بڵێین: ((داوای تێگەیشتنە، ئەوەش داوای گەیاندنی هەواڵە بە تۆ لە بارەی ئەو شتەی پێشتر زانیاریت لە بارەیەوەی نەبووە))[١٧] ، چونکە ئادەمیزاد لە هەر بارێکدا بێت، هەندێ شتی هەر لێ ون دەبێت و بە هەقیقەتیان نازانێت، بێگومان ئەو شتانەش هەمیشە زۆرترن، لەو شتانەی زانراون، بۆیە بۆ ئەو نەزانراوانە خەڵك ناچاری داواکردنی زانیاری دەبێت، لەو کەسەی لە بارەی ئەو شتەوە زانایەو ئاگاداری هەیە، ئەوەش شێوازێکی ئاخاوتنی زمانە، بە شێوازی پرسیار ناونراوە.

کەواتە پرسیار شێوازێکە بۆ وەرگرتنی زانیارییەکی پێشتر نەزانراو، دەبێت، دوو مەرجی سەرەکی تایبەتی تیا بێتە دی، ئەوکاتە پێی دەگوترێت پرسیار،

ئـەگینا بـا شـێوازەکەش پرسـیار بـێ، بـەڵام بـۆ واتـای پرسـیار نـەهاتووە، دوو مەرجەکانیش ئەمانەن:

١ـ پرسـیارکەر مەبەسـتی فێربـوون و دڵنیـابوونی خـۆی بـێ لـەو پرسـیارەی دەیکات.

٢ـ پرسیارەکە وەڵامی بووێت..(١٨)

زمانی کوردی شێوازی پرسیاری بەو شێوە یاسایی و دروستەی هەیە، بـەڵام جگە لە بەکارهێنانی شێوازی پرسیار بە واتا دروستەکەی، لە توانایدایە، بـۆ زیـاتر لە بیست شێوازی (لادراو ـ خواستراو)یش سوود لە شێوازی پرسیار وەربگرێت، کە هـیچ یەکـە لـەو پرسـیارانە وەڵامیـان نـاوێ و یەکـە یەکـەیان بـۆ مەبەسـتانی دی پێشکەش کراون، بۆ نموونە:

**١. پرسیار بۆ گەیاندنی هەواڵ**

ئەدی وڵات گەورە نییە؟!

کە یەکێك ئـەم پرسـیارە ئاراسـتەی یـەکێکی دیکـە دەکـات، بـە خـۆی ئـەوە دەزانێـت، کـە: وڵات گەورەیـە!! بۆیـە وەڵامـی پرسـیارەکەی ناوێتـەوە، بـەڵکو دەیەوێت هەواڵی ئەوەی پێ بدات و تێی بگەیەنێ، کە: وڵات گەورەیە.

**٢. پرسیار بۆ فەرمانکردن**

ئـیتر واز نـاهێنن؟! کـە گەورەیـەك ئـەم پرسـیارە ئاراسـتەی بـچووکەکانی دەکات، دیارە مەبەستی وەرگرتنەوەی وەڵام نییە، بەڵکو مەبەستی فەرمانکردنـە، دەیەوێ فرمانیان پێ بکات: واز بێنن.

**٣. پرسیار بۆ شانازی**

فیرعەون دەڵێ: ئەدی موڵکی میسرێ هی من نییە؟!

فیرعەون خۆی دەزانـێ: مـوڵکی میـسرێ لـەو ژیانـەی دونیـا بۆتـە هـی ئـەو، خەڵکیش ئەوە دەزانن، بۆیە وەڵامی ئەو پرسـیارەی نـاوێ، بـەڵام بـۆ شـانازی بـە شێوازی پرس قسە دەکات و تازەی دەکاتەوە، کە: موڵکی میسرێ هی منە.

### ٤. پرسیار بۆ نەهێشتن

پرسیارێکە لە بەرزەوە ئاراستەی نزم دەکرێت، بۆ نەهیکردنە لە کارێك، کە پرسیارلێکراو لەوانەیە بیکات، بۆ نموونە: خوای گەورە لە ئایەتی ژمارە (٣)ی سوورەتی (التوبة)دا دەفەرموویت: ﴿أتخشونهم؟ والله أحق أن تخشوه﴾.. ئەوە لە وان دەترسن؟! ئەڵڵاھ شیاوترە بۆ ئەوەی لێی بترسن!!.. پرسیارەکە خوای گەورە ئاراستەی بەندەکانی کردووە، کەوابێ مەرجی ئەوەی لە دەست داوە چاوەڕوانی وەڵامێك بێت، چونکە خوای گەورە هیچ وەڵامێکی لێ شاراوە نییە، بۆیە واتاکەی نەهێشتنی ترسانی بەندەکانیەتی لە ستەمکاران و بۆ ئەوەیە پێیان بڵێ: لە وان مەترسن!! چونکە ئەڵڵا شیاوترە بۆ ئەوەی لێی بترسن.

### ٥. پرسیار بۆ دڵخۆشکردن

لە واتای ئایەتی ژمارە (٦٠)ی سوورەتی (الزمر)دا هاتووە، خوای گەورە پرسیار دەکات: ﴿أليس في جهنم مثوى للمتكبرين﴾.. واتە: ئەدی باشە جەهەننەم شوێنی لووتبەرزەکان نییە؟! ئەو لووتبەرزانەی خودا ناناسن و هاوبەشی بۆ پەیدا دەکەن؟! دیارە خوای گەورە وەڵامی هەموو پرسیارەکانی لایە، بەڵام بۆچی ئەم پرسیارە دەکات؟ ئەم پرسیارە بۆ ئەوە دەکات: دڵی ئیمانداران خۆش بکات و موژدەی ئەوەیان پێ بدات، کە ئەوانەی خوانەناسن و ئازاری ئێوە دەدەن، ئەوە دڵنیا بن، سەرەنجامیان دۆزەخی ماڵوێرانی هەتا هەتاییەو تیایدا سزای خراپییەکانی خۆیان وەردەگرنەوە.

### ٦. پرسیار بۆ دوورخستنەوەی هەواڵ

جا باشە چۆن بڕوا بکەم، کە ئەم کوڕە ئەو کارەی پێ دەکرێت؟!

پرسیارێکە وەڵامی ناوێ، بۆ ئەوەیە هەواڵی تایبەت بە باسکراو دوور بخاتەوە و بڵێ: بە خوا بڕوا ناکەم ئەم کوڕە ئەو کارەی پێ بکرێت!!

### ٧. پرسیار بۆ جەختکردنەوە

تخودا تۆ لەو بڕوایەی فلان ئاقڵ بێت؟! پرسیارێکە وەڵامی ناوێ، واتە: نەوەڵڵا قەت لەو بڕوایەدا مەبە، فلان ئاقڵ بێت.. بوونی وشەی پیرۆزی (خودا) لە

نێو پرسیارەکە، واتای ئەوە دەگەیەنێت، ئەو هەواڵەی دەیگەیەنێت، بە (خودا) تۆخ بکرێتەوە، ئەوەش بۆ جەختکردنەوەی هەواڵەکەیە، کە لە ناخی خۆیدا هەڵی گرتووە.

**٨. پرسیار بۆ مەبەستی دوعا**

پرسیارێکە ئاراستەی خوای گەورە دەکرێت.. بۆ نموونە، دەڵێیت: خوایە گیان بە خراپەی ئەو خراپانەمان لەگەڵ دەکەی؟! پرسیارێکە وەڵامی ناوێ، چونکە ئاراستەی خوای گەورە کراوە، خودای گەورەش لە توانای کەسدا نییە، بتوانێ پرسیاری ئاراستە بکات، بۆیە بە واتای دوعا دێت، واتە: ئەی خوایە گیان بە خراپی ئەو خراپەکارانەمان لەگەڵ مەکە.

**٩. پرسیار بۆ هەڕەشەکردن**

ئەو جۆرە پرسیارە لە بەرزەوە ئاراستەی نزم دەکرێت، واتە لە خودای گەورەوە ئاراستەی بەندەکانی دەکرێت، یان لە دەسەڵاتدارێکەوە ئاراستەی میللەتەکەی دەکرێت، پرسیارێکە وەڵامی ناوێت و بۆ ترساندنی پرسیارلێکراوانە، ئەوەتا خوای گەورە لە ئایەتی ژمارە (١٦)ی سووڕەتی (المرسلات)دا دەفەرموێت: ﴿ألم نهلك ألأولين﴾.. واتە: ئەدی ئێمە ئەوانەی پێشوومان لە نێو نەبرد؟! دیارە لەبەر گوناهەکانیانە بێگومان، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێ، کە: بترسن و بیربکەنەوە، خۆتان چاك بکەن، با وەکو ئەوانەی پێشە خۆتان لێ نەکرێت؟!

**١٠. پرسیار بۆ ترساندن**

ترساندن قۆناغێك ناسکترە لە هەڕەشەکردن، بۆ نموونە بە یەکێك دەڵێیت: تۆ لە بیرت کرد، ئەوانەی پێشە تۆ چییان لێهات؟! پرسیارێکە وەڵامی ناوێت، واتە: لەوانەیە ئەگەر وەها بکەی، تۆش وەکو ئەوانەی پێشە خۆت لێبێت، بۆیە بترسە و وەها مەکە.

**١١. پرسیار بۆ گلەییکردن**

کاتی ئەوە نەهاتووە پیاو بی؟ پرسیارێکە وەڵامی ناوێ، یەکێکی ئاقڵ بەو

شێوازە جوانەی ئاراستەی یەکێکی دیکەی، خواری خۆی، یان هاوئاستی خۆی دەکات، مەبەست لێی ئەوەیە: بەسیە عەیبەیە، ئیدی کاتی ئەوەیە ئاقڵ بی.

**١٢. پرسیار بۆ گەورەکردن**

ئای چ بەڵایەکیان بەسەر هات؟! پرسیارێکە وەڵامی ناوێ، مەبەست ئەوەیە: بە ڕاستی بەڵایەکی گەورەیان بەسەر هات!!

**١٣. پرسیار بۆ بچووککردنەوە**

جا کوا چییان بەسەر هات؟! پرسیارێکە وەڵامی ناوێ، مەبەست ئەوەیە: ئەوەی بەسەریان هات، بچووك بوو و شتێکی وەها نەبوو!

**١٤. پرسیار بۆ جوانکردن**

جا تخوا کەسێکی زیرەك و باش نییە؟! پرسیارێکە وەڵامی ناوێ، مەبەست ئەوەیە: بەڵێ: کەسێکی زۆر زیرەك و باشە!!

**١٥. پرسیار بۆ ناشیرنکردن**

کەستان لەو بێویژدانتر نەدۆزییەوە؟! پرسیارێکە وەڵامی ناوێ، ئاراستەی کەسێك دەکرێت، مەبەست ئەوەیە: ئەو زۆر بێویژدانە!

**١٦. پرسیار بۆ داواکردن**

زەحمەت نەبێ قەڵەمێکتان پێیە؟ پرسیارێکە وەڵامی ناوێ، مەبەست ئەوەیە: زەحمەت نەبێ قەڵەمێکم بدێ.

**١٧. پرسیار بۆ دەربڕینی گومان**

پرسیارێکە بۆ خستنەڕووی بیروڕا لە بارەی کەسێك، یان شتێکەوە پێشکەش دەکرێت، کە دیار نییە، لە نێوان ئەو دوو هەڵبژاردنانەی لە پرسیارەکەدا هاتوونە،

كامەیان دەكات.. دەگوترێت: یان دەخوێنێ؟ یان كار دەكا؟.. ئەوەش وەڵامی ناوێ و گومانی پرسیاركەر لەسەر هەڵوێستی پرسیار لە بارەكراو دەخاتە ڕوو.

**١٨. پرسیار بۆ سەرپشككردن**

پرسیارێكە مەبەست لێی وەڵامی بە قسە نییە، بەڵكو وەڵامی كارەكیی دەوێ، واتە: بۆ ئەوە نییە، پرسیارلێكراو دەستبەجێ وەڵامی پرسیاركەرەكەی بداتەوە، بەڵكو بۆ ئەوەیە بەخۆیدا بچێتەوەو سەرپشك بێ، لەوەی پابەند دەبێ، بەو شتەی پێشتر دەیكرد و وازی لێ هێناوە، یان هەر نەیكردووەو ئێستا دەیكات، یانە نا؟! هەموو ئەوە بۆ سەرپشككردنە، بۆ نموونە: یەكێك بە یەكێك دەڵێت: لەگەڵ براكەت ئاشت ببەوە؟! ئەو دەڵێ: من لە گەڵی ئاشت نابمەوە.. ئەمجارە پرسیارێكی ئاراستە دەكات و دەڵێ: باشە حەز ناكەیت خودا خانووێكت لە بەهەشتدا پێ ببەخشێت؟! لێرەدا پرسیارلێكراو، نابێ بە قسە وەڵامی پرسیارەكە بداتەوە و بڵێ: با حەز دەكەم، كەس هەیە حەز بەوە نەكات؟! منیش حەز بەوە دەكەم خودا لە بەهەشتدا خانووێكم پێ بدات؟! چونكە پێدانی خانووەكە وەكو لە فەرموودەشدا هاتووە، بەستراوەتەوە بەو كەسەی بۆ یەكەم جار لەگەڵ براكەی ئاشت دەبێتەوە و دەچێتەوە لای، نەك قسە.

**١٩. پرسیار بۆ ڕەتكردنەوە**

جا یەكێك خراپ نەبێ؟ خراپەی بەسەر دێ؟! ئەم ڕستە بۆ مەبەستی ڕەتكردنەوەی پرسیار لەبارە كراوەكەی هاتووە، نەك بۆ ئەوەی پرسیاركەر وەڵامەكەی بوێ، مەبەست ئەوەیە بڵێ: یەكێك خراپ نەبێ، مەحاڵە خراپەی بەسەر نایێ!

**٢٠. پرسیار بۆ دەربڕینی خۆزگە**

تۆ بڵێی ئەوەم بۆ بكات؟! پرسیارێكە وەڵامی ناوێ، مەبەست ئەوەیە: بڵێ: خۆزگە ئەوەم بۆ بكات.

**٢١. پرسیار بۆ نزیککردنەوە**

بۆ تۆ وا نازانی ئەو کارە ڕوودەدا؟! پرسیارێکە وەڵامی ناوێ، مەبەست ئەوەیە: بڵێ: من لەو بڕوایەم ئەو کارە ڕوودەدات، ئەوەش واتا لە ئایندەدا ڕوودەدات، وەکو گوتراوە: هەموو هاتوویێکیش نزیکە.

**دوانزە:** تایبەتمەندییەکی دیکەی زمانی زیندوو ئەوەیە، بتوانێ بەشی ئەو بابەت و کتێبانە بکات، کە پێویستە لە زمانانی دیکەوە بۆی وەربگێڕدرێن، زمانی کوردی لەم ڕووەشەوە توانای گەورەی هەیە و تەماشای کتێبخانەکان بکەین، دەبینین لە زۆربەی پسپۆڕییەکانی وەکو ئاین و مێژوو و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و دەروونناسی و کۆمەڵناسی و فەلسەفە و گەلێ بواری ترەوە شتی بۆ وەربگێڕدرێت، ئەگەر لە هەندێ بواری زانستیش ئەوە کەمتر کرابێ، ئەوە لەبەرئەوەیە: لە لایێك ئاسان نییە هەموو وشە و زاراوەیەك وەربگێڕدرێن، لەولاشەوە لەو بوارە زانستییانەدا وەرگێڕیشمان وەکو پێویست نییە، بەو هۆیە وەرگێڕانی شتی زانستی کەمترە، لە وەرگێڕانی بابەتەکانی تر.

## تەوەرەی سێیەم: ئەو کێشانەی بۆ زمانی کوردی دروست دەکرێن

هەندێ کێشە بۆ زمانی کوردی دروست دەکرێن و بە هۆیەوەی، ئەوانەی ئەو پڕوپاگەندانە دەکەن، وشیارییان هەبێ، یان نا، دەیانەوێ لە پایەی ئەو زمانە کەم بکەنەوە، بەڵام ئەوەشیان بە ئاسانی بۆ ناکرێت، چونکە پڕوپاگەندەکانیان لاوازن و لەسەر هیچ بنەمایێکی زانستی دانەمەزراون، لەوانە:

١ـ هەندێك دەڵێن: کوا لەسەر ئاستی جیهان کێ بە زمانی کوردی قسە دەکات، ئاخر نە زمانی ئاینە! نە زمانی سیاسەتێکی باڵادەستە! نە زمانی بازرگانی نێودەوڵەتییە! نە زمانی زانستێکی دیاریکراوە! نە زمانی هێزێکی عەسکەری گەورەیە!

سەبارەت بەو جۆرە کەسانەی شتی وەها دەڵێن، لە ڕاستیدا قسەکانیان بێ بنەمایە، چونکە ئەو نەتەوانەی بە هێزی سیاسی، یان عەسکەری، یان پیشەسازی گەورە لە جیهان دەرکەوتوون، هەموویان لە (١٠) وڵات تێناپەڕن و تەنانەت

ئەوانیش هەندێکیان بە زمانی نەتەوەیی خۆیان زانست و سیاسەتی نێودەوڵەتی و بازرگانی جیهانی ناکەن و بە زمانی ئینگلیزی دەیکەن، هیچ گرفتێکیش لەوە نابینن.

لە لایێکی تر: ئەو پێنج شەش هەزار زمانەی تر کە هەنە، ئەوان هەموویان وەکو یەکن، دەبینین هەموو کەس ڕێز لە زمانی خۆی دەگرێ، کەوابێ ئێمەش بە هەمان شێوە دەبێ ڕێزی زمانەکەمان بگرین و نابێ بە سووکی بۆ زمانی خۆمان بڕوانین؟!

٢- هەندێکی تر دەڵێن: زمانی کوردی هەژارترە لەوەی بتوانێ ببێتە زمانی زانستەکانی پزیشکی و ئەندازە و بایۆلۆجی و جیۆلۆجی و زانستەکانی دی!

بۆ ئەوانەش دەڵێین: ئەمە لەبەر ئەوە نییە زمانەکە لە باری نەبێ ببێتە زمانی زانست، جا ئەو زانستانەی گوترا، یان هەر زانستێکی تر، بەڵام لەبەر چەند هۆیەك زمانی کوردی نەبۆتە زمانی ئەو زانستانە، یان هەر زانستێکی دیکە، کە ئەو هۆیانە هیچیان پەیوەندییان بە خودی زمانی کوردییەوە نییە و لە نرخی زمانی کوردی کەم ناکەنەوە، ئەو هۆیانە هەندێکیان بریتینە لەمانەی خوارەوە:

أ - زانستەکانی پزیشکی و بایۆلۆجی و ئەندازە و ئەوانی تر، هەر یەکەیان لە لایەن ئەقڵی خەڵکانێك دۆزراونەتەوە و بەرەوپێش براون، بە درێژایی چەندین سەدە هەر بەو زمانانە چەندەی ئەو زانستانە بەرەو پێش براون، وشە و زاراوەی نوێیان بۆ دروست کراوە، بەم شێوەیە ئێستا هەر یەکە لەو زانستانە بە زمانی ئەوانەی لە زووەوە کاریان لەسەر کردووە، فەرهەنگێکی گەورەی وشە و زاراوەیان بۆ دروست بووە، ئەوە هەموو بیرکردنەوە و تاقیکردنەوە و ئەزموون و ئەقڵی زانایانی ئەو نەتەوانە بەرهەمیان هێناوە، ئەگەر ئەوەش وەها بێ، ئیتر کەمی بۆ زمانی کوردی نییە، کە نەبووەتە زمانی ئەو زانستانە، بەڵکو کەمی بۆ خەڵکی کوردە، کە خۆیان بە داهێنان خەریك نەکردووە و بە دوای زانستدا نەچوونە و شتی نوێی زانستییان بە تایبەت لەم دوو سەدەیەی دوایی - کە جیهان و زانستەکان تیایاندا زۆر پێشکەوتن - دانەهێناوە، بەوە زمانێکی تر، کە زمانی ئینگلیزییە لەگەڵ ئەو زانستانە بە ئامادەیی هاتۆتە وڵاتەکەمان و خۆی بەسەردا

سەپاندووین، ئەوەش شتێکی ئاساییە، تیایدا هەر نەتەوەی کورد دەستەوسان نییە، بەڵکو زۆربەی میللەتە زیندوو و وڵاتە خاوەن پیشەسازییە گەورەکانیش وەکو کورد وەهان، خۆ ئەوەتا لە مالیزیا و هیندستان و پاکستان و ئێران و جیهانی عەرەبیش، کە زۆربەیان وڵاتانی زۆر پێشکەوتووشن، لە مێژیشەوەیە دەوڵەتن و لە ڕووی زانستیشەوە، بە تایبەت چوار وڵاتەکەی یەکەم زۆر لە پێشن، ئینجاش بۆ نموونە زانستی پزیشکی بە ئینگلیزی دەخوێنن و تەنانەت لە هیندستان و مالیزیا و پاکستان زمانی خوێندن بە گشتی ئینگلیزییەو هیچ بە لاشیانەوە عەیبە نییە و ناڵێن: زمانەکەمان هیچ نییە و عەیبە و کەموکوڕی لێ نابیننەوە، ئەدی بۆچی دەبێ ئێمەی کورد، لەو هەقیقەتە تێنەگەین و ئەو هەستەمان نەبێ لە بەرامبەر زمانەکەمان، ئەو زمانەی کە خوای گەورە بە هۆیەوەی، ئێمەی کردۆتە نەتەوەیێکی سەربەخۆ و هەمیشە دڵخۆشین بەوەی کوردین و نەتەوەیێکی دیکە نین؟! ئێ ئەگەر زمانەکەمان نەبووایە، بە چی دەبووینە نەتەوەیێکی سەربەخۆ؟!

ب ـ لە بیر و گوتەکانی زانایانی زمان وەها تێدەگەین، کە: زمانی کوردی لە هیچ زمانێکی دیکە کەمتر نییە، ئەوەتا (مێشێل ماکاڕسی) کە زانایێکی دیاری زمانە، لە کتێبەکەی خۆیدا دەڵێت: ((هەموو زمانێك شت لە غەیری خۆی وەردەگرێ و هیچ زمانێك لەوانی تر باشتر نینە))[١٩] ، (ماڕسێل لۆکان)یش دەڵێ: ((هەموو زمانێك لە ناوخۆیدا توانای گەورەی هەیە)).[٢٠]

ج ـ زانایان گوتوویانە: ((هەموو کۆمەڵگاییێکی مرۆیی، ئەوەندە زیرەکی و توانایەی هەیە، داهێنان بکات، بە شێوەییێك کە دەبێتە هۆی زامنکەری چەندین دەستکەوتی ژیاری)).[٢١]

بەڵام بۆچی زمانێك لە زمانێك دەوڵەمەندترە، ئەوە لەبەر ئەوەی ئەو زمانە خزمەتی زۆری کراوەو نووسەری زۆر لە بارەی و بە هۆیەوەی نووسیویانە، بێگومان ئەو زمانە ئیدی دەوڵەمەند دەبێت، لەولاوەش زمانی تر هەیە، کەمتر هەلی خزمەت پێگەیاندنی بۆ دروست بووە، بۆیە هەژارترە لە زمانە دەوڵەمەندەکانی تر.

واقیعی ئەدەبی کوردیش هەر ئەوەمان بۆ دەردەخات، ئەگەر زمان خزمەت کرا و خەڵکی خاوەن بیر و خەیاڵ و مەعریفە و ڕۆشنبیری هەبوو، ئەوا زمانەکە دەتوانێ بەشی پێویستییەکانیان بکات و ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش بە هۆی بەکارهێنانی نووسەران بەرەوپێش دەچێ، ئەوەتا شاعیر و ئەدیبانی کورد، چییان بەو زمانە دانەهێناوە، ئایا کەلتووری شیعری کلاسیکمان، شاهێدێکی زیندوو و هەمیشەیی نییە، کە زمانەکەمان دەوڵەمەندە و بەشی داهێنانە گەورەکان دەکات؟ بێگومان، بەڵێ.. بەلام کە زانامان نەبێ، لە کوردستاندا زانست و تەکنەلۆژیایێکی نوێ بەرهەم بێنن، ئەوە وەکو ئاماژەمان پێدا: هیچ کەمی و عەیبەیەك ناکەوێتە سەر زمانەکەمان، بەڵکو بۆ کەمی بیر و ئەقڵیەتی زانستیمان دەگەڕێتەوە، بە پلە یەك، کە بە هەر هۆکارێك بێ، لەو دوو سەدەیەی دوایی وامان لێ هاتووە لە نەتەوەکانی تر دوا بکەوین.

٣ـ خەڵکێکی دیکە دەڵێن: زۆرێکی ئەو وشانەی دروستیش کراون، هەڵەن و نابێ بەکاربهێنرێن، کوا: دژیەك و ڕەگەزدۆزی و خواستن و خوازە و درکە و بەروار و کار و ئاوەڵکار و... هتد ئەو وشانە چینە؟! کێ تێیان دەگات؟!

ئەو بەڕێزانەش بەداخەوە لە هەقیقەتی چۆنیەتی بەرهەمهێنان و دروستکردنی وشەی نوێ تێ نەگەیشتوون، دەنا زانایان گوتوویانە: وشە و زاراوە هێمای زمانین، گوزارشت لە واتای دیاریکراو دەکەن، ((هێماکانیش ئەرکی فەرهەنگی، یان ئەرکی ئەودیوی زمان دەبینن، ئەوەش بەوە دەبێ، هەردوو لای پرۆسەی پەیوەندی ـ قسەکەر و قسەبۆکراو ـ ، لەسەر ئەوە ڕێککەوتبن، کە هەمان هێما و جۆری زمانی بەکار دێنن)).[٢٢]

کەوابێ گرنگ ئەوە نییە ئەو زاراوەی دروست کراوە بۆ واتای گوزارشتکەری دروستە، یان هەڵەیەکی تیایە، بەڵکو گرنگ ئەوەیە، هەموو قسەکەر و قسەبۆکراوان لەسەری ڕێککەوتبن، کە ئەو وشە، یان زاراوەیە بەو واتایە بەکاردێنین، دکتۆر (مارف خەزنەدار) دەگێڕێتەوە دەڵێت: لە (تۆفیق وەهبی)م پرسی: تۆ وشەی (ئاسۆ)ت لە کوێ هێنا؟ کە لە بەرامبەر وشەی (أفق)ی عەرەبی بەکاری دەینی!! وەڵامی دامەوە: من لەوەدا فێڵم کردووە!! گوتم: چۆن!!

گوتی: (ئاسۆ) لە ئاوێستای کۆن، بە واتای (شروق) دێ، نەك (أفق)، بەڵام ئێمە بۆ (شروق)ەکە وشەی (ڕۆژهەڵات)مان هەیەو وشەیێکی جوانە، بۆیە هاتم (ئاسۆ)کەم بۆ (شروق) بەکارنەهێناو بۆ (أفق)ەکەم بەکارهێنا!! دەی ئەوە کارێکی باش نییە!! گوتم: با، زۆر باشە، وشەیەکی جوانە و جوان جێگەی خۆی کردۆتەوە!![٢٣]

ئەی کەوابێ: (بەروار) بۆ وشەیەکی جوان نەبوو لە بەرامبەر وشەی (تأریخ)ی عەرەبی؟! ئەدی باشە ئەوانەی ئەو قسەیە دەکەن، بۆچی زاراوەی (مامۆستا) بۆ (ژن)انیش بەکاردێنن، خۆ دەبوو بۆ ئەوان وەکو تۆفیق وەهبی داینابوو (پووروەستا) بەکاربهێنرێت!! بەڵام (پووروەستا)یەکە بۆ مامۆستای (ژن) نەڕۆیشت، هەرچەندە دروست بوو، چونکە لەسەر زار قورس بوو، کەچی (مامۆستا)یەکە بۆ (ژن)انیش ڕۆشت، هەرچەندە هەڵەشە، بەڵام چونکە ئاسانە لەسەر زمان خۆشە و واتای لێوەرگیراویش واتا زاراوەییەکەیەتی، پەسند دەکرێ و هەموو کەس تێی دەگات، نەك واتا وشەییەکەی، چونکە هەر وشەیەك بووە زاراوە، لە واتا وشەییەکەی دەترازێ، بەڵام چی بکەین، ئەگەر خەڵکێکی زۆر جار بەداخەوە ڕۆشنبیریش لەو ڕاستییە تێنەگات؟!

٤ـ کەسانێکی تر دەڵێن: باشە ئەوە دانمان نا بەوەی: زانستەکان بە زمانی کوردی نەخوێنرێن، بەڵام بۆ زمانی کوردی وشەی بێگانەی زۆر تێدایەو لەو وشە بێگانانە ڕزگاری نابێ؟

دیارە ئەو گومانەش کە دەخرێتە سەر زمانی کوردی و دەیەوێ تواناکانی ئەو زمانە بچووك بکاتەوە، لەسەر هیچ بنەمایێکی زانستی دانەمەزراوە، دەنا هیچ زمانێکی دونیا نییە شتی لە زمانانی تر وەرنەگرتبێ، ئاخەر چۆن نەتەوەکان بەبێ بوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و سیاسی و بازرگانی و زانستی و...هتد، لەگەڵ یەك ناتوانن درێژە بە ژیانی پێشکەوتووی خۆیان بدەن و بە گۆشەگیری شارستانیەتێك دروست بکەن، بە هەمان شێوە زمانە نەتەوەییەکانیش شت لێکتری وەردەگرن و ڕەسیدی فەرهەنگی خۆیانیان بە هۆی وشە و دەربڕینەکانی یەکترییەوە دەوڵەمەند دەکەن، ئەوەتا زمانی فارسی ئەوەندە وشەی عەرەبی و

کوردی تیایە، ئەوەندە وشەی فارسی تیا نییە، فارسەکانیش زۆر شانازی بە فارسییەکەیان دەکەن!! ((زمانی تورکیش لە بەشێکی زۆری وشەکانیدا لەگەڵ عەرەبی و فارسی ڕێکە)).[٢٤] واتە: کەمتر لە زمانی فارسی وشەی بێگانەی تێدا نییە!! زمانی ڕووسیش وەکو دەڵێن، لە هەردوو ئەو زمانانە وشەی بێگانەی زیاتر تێدایە، بە پێی یەکێ لەو فەرهەنگانەی بۆ وشەی بێگانە لە زمانی ڕووسی ئامادە کراوە، ئەو زمانەی ڕووسی: دوانزە هەزار وشەی بێگانەی تێدایە و ڕووسەکانیش زۆر بە ئاسایی دەزانن.[*]

زمانی فڕەنسیش بە پێی لێکۆڵینەوە نوێیەکان، ژمارەی وشەی بێگانە تیایدا دەگاتە: (٥٥٪)ی کۆی وشەکانی زمانەکەی.[٢٥]

ئەمە چونکە ناسنامەی زمانی نەتەوەیی بەوە پێکدێ، ڕێزمان و بنیاتە پێکهێنەرەکانی زمانەکەی لە ئاستەکانی دەنگ و وشە و ڕستە و واتادا نەتەوەیی بن، ئیدی وشەی بێگانە چەندەی وەربگرێ، عەیبە نییە و بە پێچەوانەوە دەوڵەمەندی دەکەن، زانایان دەڵێن: ((ڕێزمان گرنگترین ئەو تایبەتمەندییانەیە، کە دوو گروپی زمانی لە یەکتری جیادەکاتەوە، کەسایەتی زمانەکان لەمەوە دروست دەبێت و بنەمای هەر زمانێك بۆ ئەو ڕێزمانەی دەگەڕێتەوە))[٢٦] .. ئەوەتا نالی دەڵێت:

**تەبعی شەکەرباری من کوردی ئەگەر ئینشا دەکا**
**ئیمتحانی خۆیە مەقسودی، لە عەمدا وا دەکا...**[٢٧]

دەی باشە هەر لەم دێڕەدا (نالی) وشەکانی (تەبع و ئینشاو ئیمتحان و مەقسود و عەمد)ی لە زمانی عەرەبی وەرگرتووە، ئەدی بۆچی شەرم لەوە ناکات، بڵێ: خۆ ئەو زمانە هەر عەرەبییە شانازی بە چییەوەی بکەم؟! نەخێر بەکارهێنانی وشەی زمانانی تر زمانی نەتەوەیی دەوڵەمەند دەکات و بەو ئەقڵییەتە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، (د. مەولای عەلی بوخاتەمی جەزائری) دەڵێت: ((لە سەرەتای سەدەی یەکەمی ئیسلامی، تا کۆتایی سەدەی سێی هیجری، زمانی عەرەبی سوودی زۆری لە وشە و مانا نوێیەکان وەرگرت... ئەوەش بە هۆی تێکەڵاوبوونی موسڵمانە عەرەبەکان بە نەتەوە ژیارییەکانی تر، کە ئەمە وای کرد ئەقڵی عەرەبی بەرەو پێش بچێ و گەلێ شتی نوێی بێنێتە نێو ژیانی عەرەب، وای

کرد بازنــەی ڕۆشـنبیری عــەرەب لــە بازنــەی تــەواوی ڕۆشـنبیرییە بیانییــەکانی تــر دەوڵەمەندتر بێ)).[28]

کــەوابێ: ئــەو دیاردەیــەی هــاتنی نــاو و زاراوەی بێگانــە بــۆ نێــو زمانــە نەتەوەییەکان، مەسـەلەیێکی کۆنـە و مەسـەلەیێکی جیهانییـە، هـەموو زمانـەکان دەگرێتەوە، ئەوەتا دوای ئەوەی بـیری ئیـسلامی کـز بـوو و شـۆڤێنیەتی عـەرەبی هـات، عەرەبـە ناسیونالیـستەکان ویـستیان خۆیـان لـە هـەموو ئـەو وشـە و زاراوە بیانییانە ڕزگار بکـەن، کـە دێتـە نێـو زمانەکـەیان، سەرچاوەکان دەگێڕنـەوە: لـە ساڵی (١٩٠٨ز.) دەزگـای (دار العلـوم) لـە میـسر، سـیمینارێکی بەسـت، لەسـەر چـۆنیەتی هەڵوێـست وەرگـرتن لەسـەر ئـەو نـاو و وشـە و زاراوانـەی لـە زمانـانی بێگانەوە دێنە نێو زمـانی عـەرەبی، ئایـا چـۆن مامەڵـەیان لەگـەڵ بکـەن؟! وەکـو خۆیان وەریانبگرن و بە فۆنەتیك و ڕێنووسی عـەرەبی بـەکاریان بێننـەوە، یـانیش وەریانبگێڕن و وشەیەکی عەرەبی لە بەرامبەر واتاکانیان بەکار بێنن؟! چونکە دوو ڕا لە نێوان زمانەوان و ڕۆشنبیرەکانیان پەیدا بووبـوو، ڕای دەسـتەی یەکـەم، کـە (شێخ محەمەد ئەلخەزراوی) نوێنەرایەتی دەکرد، لەگەڵ ئەوە بـوو، ئەمانـە لەگـەڵ ئـەوە بـوون: نـاو و زاراوە بیانییـەکان وەکـو خۆیـان بـەکاربهێنرێن، بـەڵام بـەو شێوەیەی فۆنـەتیك و ڕێنووسـی زمـانی عـەرەبی دەیخـوازن، چـونکە نـاو و زاراوە نـابێ وەربگێڕدرێنــە سـەر هـیچ زمـانێکی دووەم، دەسـتەی دووەمـیش (حفـنی ناصیف) نوێنەرایەتی دەکرد، ئەوانە لەگەڵ ئەوە بوون: هەموو ئەو ناو و زاراوانەی لە دەرەوە و لە زمانانی تر دێنە نێـو زمـانی عـەرەبی، وەربگێڕدرێنـە سـەر زمـانی عەرەبی و وشە عەرەبییەکەیان لە بەرامبەر بەکار بێ.[29]

سەرەنجام هاتنە سەر ئەو ڕایەی دەستەی دووەم و بڕیاری وەرگێڕانـی نـاو و زاراوە بیانییەکانیان بۆ زمانی عەرەبی بە باشتر بینی، بـەڵام ئایا ئـەو بڕیارەیـان هیچ سـوودێکی گەیانـد؟! لـە ڕاسـتیدا زۆری سـوود نەگەیانـد، ئـەوەتا ئێـستاشی لەگەڵدا بێ، زمانی عەرەبی ئەوەی میـسرییەکان بـەکاری دێـنن، وەکـو دەبیـنین و دەخوێنینـەوە پـڕە لـە وشـە و زاراوەکـانی: ئۆتـۆبیس، میـترۆ، جیهـان، سـوزان، شیرین... هتد.

٥- له پاش هەموو ئەو قسانە، گومانێکی ترسناکتر دەهێنرێتە پێش، ئەویش ئەوەیە: ئەدی بۆچی بۆ کورد زمانێکی یەکگرتوو دروست نابێ و کامە زار بکەینە زمانی فەرمی؟

زمانی یەکگرتوو زاراوەییێکه له سنوورێکدا ڕاستە، چونکه ئەگەر مەبەست لە زمانی یەکگرتوو زمانێکی کوردی وەها بێ، وشەکانی هەموو زارە کوردییەکانی بە شێوەییێکی یەکسان تیا بێ، وەکو: لە مێژەوەیە بۆچوونێکی تەقلیدی وەهامان بیستووە، ئەمە شتێکی کارەکی نییە و ڕۆژێ لە ڕۆژان بۆمان دروست ناکرێ! چونکه لە ڕاستیدا ئەوە بڕیارێکی سیاسییە، نەك بڕیاری زانستی، زمانیش بە بڕیاری سیاسی دروست نابێ، بەو واتایەی کەس ناتوانێ، وشە و دەستەواژە و ڕێگەکانی دەربڕین بۆ کەس دەستنیشان بکات و پێیەوەی ببەستتەوە، ئەمە لەبەر ئەوەی زمانی ئاخاوتن و نووسین ڕووی دەرەوەی ئەو بیرەیە، کە لە مێشکی خاوەنەکەیدایە، ئەو بیرە چۆن بێ و چ شێوازێکی بۆ خستنەڕووی خۆی بڕیار دابێ، وەها دەکەوێتە نێو وشە و دەربڕین و ڕستەکان و وەها خۆی پێشکەش دەکات، چونکه زمان بۆ گوزارشتکردن له ناخ و دروستکردنی پرۆسەی پەیوەندی بەکار دەهێنرێت، بە شێوەیێکی گشتی، جا ئەو شێوازەی دەیگرێتە بەر و ئەو هەلومەرجەی خۆی تیا پێشکەش دەکات، هەر چییەك بن، واتە: ((تاك زمان بۆ ڕێکخستنی هەڵسوکەوتە تایبەتییەکانی خۆی و هەروەها بۆ وەصفی جیهانی ناوەوەی خۆی بەکار دێنێ، ئەو جیهانەی لە هەندێ دیاردەی وەها پێك دێ، کە هێشتا بە باشی ڕێکنەخراوەو بە وردی دەستنیشان نەکراوە)).[٣٠]

لێرەوەیە (لڤیدگ ڤیدگ نشتاین)ی فەیلەسووف دەڵێت: ((زمان ئاوێنەی تایبەتمەندییە مەنتیقییەکانی ناوەوەی شتەکانە))[٣١]، دیارە ئاوێنەش بە وردی شتەکان دەخاتە ڕوو، بۆیە زمانیش بە وردی لە مێشکی قسەکەرەوە بیر و خەیاڵ و بۆچوون بۆ مێشکی قسەبۆکراو دەگوازێتەوە، بەو ئاسانە ڕێگایەی قسەکەر، یان نووسەر خۆی دەیزانێ، نەك بەوەی لەسەری دەسەپێنرێ و ئەو ناتوانێ پێیەوەی پابەند بێ.

بە واتایێکی تر پرۆسەی دەوڵەمەندکردنی زمانی نووسین، بە تێپەڕینی کات دەبێت و لەسەر زەوق و سەلیقەی شاعیر و ئەدیب و نووسەران دەوەستێ، کەس ناتوانێ لە پڕێك و بە تەنیا بڕیارێك دروستی بکات.

بەڵام ئەگەر مەبەست لە زمانی یەکگرتوو، زمانی نووسینی تاکە زارێك بێ، ئەوە ئاسانە، لەو بارەشدا کورد لە مێژەوەیە زمانی یەکگرتووی هەیە و لە ڕۆژی ئەمڕۆشدا بە لانی کەم دوو زمانی یەکگرتووی هەیە، زمانی کوردی کرمانجی خواروو و زمانی کوردی کرمانجی ژووروو، هەردووکیشیان بوونەتە زمانی نووسین و هەریەکەشیان جەماوەرێکی زۆر سوودیان لێ وەردەگرێ و هەوڵی بەرەوپێشبردنیان دەدات، ئەگەر ئەوەش واقیع بێ، ئیدی چ کێشەیەك لەوەدایە، کە کورد دوو زمانی یەکگرتووی نووسین و ئەدەبیاتی هەبێ؟! بەلای هەندێ لە ڕۆشنبیرانەوە ئەوە واقیعی نەتەوەکەمانە و هەردەبێ وەها بێ و کێشەیێکی ئەوتۆی تیا نابینرێت؟! بە لای هەندێکی دیکەشەوە کێشە گەورەکە لێرەوە خۆی حەشار دەدات، پێویست دەکات بە زوویی چارەسەرییەکی بۆ بدۆزرێتەوە، بۆیە پێویستی وەها دەخوازێ ئەم بوارە لێکۆڵینەوەی زیاتری بۆ بکرێ و هەنگاوی زانستییاتەی وردتری بۆ بهاوێژرێ.

### تەوەرەی چوارەم: ئەو هۆکارانەی کێشە بۆ زمانی کوردی دروست دەکەن

ئەوەی ئەو کێشە و گومانانە بۆ زمانی کوردی دروست دەکات، زیاتر لە کەناڵ و کەسانێکن، لەوانە:

**١. پڕوپاگەندەی ئەو حکومەتانەی کوردیان بەسەردا دابەش بووە**

دیارە حکومەتی ئەو وڵاتانەی لە سەدەی بیستەمدا کوردیان بەسەردا دابەش بووە، قەت دانیان بە قەوارەی تەواوی نەتەوەی کورد دانەناوە و تا ئێستا سەرژمێرییەکی دروستیان پیشان نەداوە، بزانین لەو پارچەی کورد لەگەڵیاندا دەژی، ژمارەی کوردان چەندە، بە پێچەوانەوە هەر ژمارەی کەمیان گوتووە و هەر لە هەموو ڕووێکەوە، وایان بڵاو کردۆتەوە، کە: کورد بچووکە و کەمە و شتەکانی ناوچەیی بچووکن و بۆ ئەوە ناشێن گشتگیر بکرێن و ... هتد، بۆیە ناکرێ بە فەرمی بناسرێن!! هەرچەندە بە فەرمی لە عیراقدا، دان بە زمانی کوردی وەکو

دووەم زمانی فەرمی ئەو وڵاتە نراوە، بەڵام پاشی چی؟! دواتر ئەوە ڕێگری ناکا، لە ژێرەوە پڕوپاگەندەی خراپ لەسەر زمانی کوردی ڕەواج پێ بدەن، سایتەکانی ئەنتەرنێت، ئەوەی بچێتە سەریان دەزانێ چەند نوکتەی سووك و بێ مانایان لەسەر کورد دروست کردووە.

لێرەدا پێم باشە تیشك بخەمە سەر یەك لەو ڕاپۆرتانەی دەوڵەتی سوری، بە ناونیشانی (نەخشەی زمانی لە سوریادا)، کە لەسەر لاپەڕەیەکی (مونتەدای لاوانی مەسیحی) ئەو وڵاتە لە ئەنتەرنێت بڵاو کراوەتەوە، با بزانین لەو ڕاپۆرتەدا چی نووسراوە؟

لەو ڕاپۆرتەدا هاتووە: ژمارەی دانیشتوانی گەلی عەرەبی سوری نزیکەی بیست ملیۆن کەسە، زمانی فەرمی نیشتمانی: زمانی عەرەبییە، لە پاڵ زمانی عەرەبیش هەندێ زمانی تر هەیە، کە هەندێ کۆمەڵەی خەڵك و کەمینەی هەندێ ناوچەی سوریا قسەی پێدەکەن. لەم ڕووەوە لێکۆڵینەوەی زۆر کراوە، ئەنجام وەها بووە: شانزە زمان ئێستاکە لە سوریا هەیە، (١٥)یان زیندوونە و بەکاردەهێنرێن، تەنها یەکیان نەبێ، کە خەریکە لەناو دەچێت.

زمانە زیندووەکان ئەوانەن: یەکەم: زمانی عەرەبییە، لە هەمووان بڵاوترە، هەموو خەڵکی وڵاتی سوریا قسەی پێ دەکەن، لە غەیری زمانی عەرەبیش چەند زمانێك هەن، لەو کۆمەڵەی دووەمە: **یەکەم:** زمانی (ئەدیجی)یە، نزیکەی بیست و پێنج هەزار کەس قسەی پێدەکەن.. **دووەم:** زمانی ئەرمەنی: بە پێی خەملاندنەکانی ساڵی ١٩٩٣ نزیکەی سێسەد و بیست هەزار کەس قسەی پێ دەکەن.. **سێیەم:** زمانی ئازەربێجانی باشووری: لە ساڵی ١٩٦١ تەنیا سی هەزار کەس قسەی پێ دەکرد، دەشێ ئێستا ژمارەی قسەپێکەرانی لە نێوان ١٢٠٠٠٠ و ١٣٠٠٠٠ سەد و بیست هەزار و سەد و سی هەزار کەس بن.. **چوارەم:** زمانی (دومری)یە، ئێستاکە لەوانەیە پەنجا هەزار کەس قسەی پێ بکەن.. **پێنجەم:** زمانی کوردی باکوری، بە پێی سەرژمێرییەکانی ١٩٩٣ نزیکەی ٩٨٠٠٠٠ نۆسەد و هەشتا هەزار کەس قسەیان پێدەکرد، ئێستاکە لەوانەیە ژمارەی قسەکەرانی ئەو زمانە بگەنە: ملیۆنێك و پێنجسەد هەزار قسەکەر.. **شەشەم:** زمانی تورۆیۆ، ساڵی

١٩٩٤ تەنیا حەوت هەزار کەس قسەی پێ دەکرد، ئێستاکە نزیکەی سی هەزار کەس قسەی پێ دەکەن.[٣٢]

پێم وابێ ئەو ڕاپۆرتە زۆر بە ڕوونی بۆنی بۆگەنی شۆڤێنیەت بڵاو دەکاتەوە و تێی دەگەین، بۆچی وەها ڕاستییەکان دەخاتە ڕوو؟! ئاخەر ئەو ڕاپۆرتە کەم و کوری سەیری تیایە، لەوانە:

أ ـ بۆ نەتەوەی عەرەب ژمارەکەی نەنووسیوە و بەوە وازی هێناوە، کە ئەوانە زۆرینەن و زمانەکەیان زمانی فەرمی هەموو گەلانی سوریایە!!

ب ـ زمانی کوردی وەکو ئەو زمانانەی (تورۆیۆ) و (ئەدیجی) و ئەوانی تر وەسف دەکات و بە زمانی کەمینە ناوی دێنێ، هەرچەندە هەر بە پێی ئەو ڕاپۆرتەی خۆیانیش، لە دوای عەرەب هیچ نەتەوەیێکی دیکە لە سوریادا وەکو کورد زۆر نینە و ڕاپۆرتەکە خۆی بە خەملاندن و بە بێزارییەوە ناچارە دان بەوەدا بنێ، بڵێ: ئێستاکە لەوانەیە ژمارەی قسەپێکەرانی ئەو زمانی کوردییە بگەنە: ملیۆنێك و پێنجسەد هەزار قسەکەر! بەڵام لەگەڵ هەندێش بە زمانی شەشەمی وڵات و زمانی پێنجەمی خانەی زمانە غەیرە عەرەبییەکان وەسفی دەکات و بە زمانی کەمینەی بێ بەهای دادەنێ؟!

**٢. کەمی وشیاریی نەتەوەیی لە لای تاکەکانی نەتەوەی کوردەوە**

بەداخەوە خەڵکی کورد گەلێکیان لە هەقیقەتی ناسنامەی نەتەوەیی و زمانی نەتەوەیی خۆیانەوە باش حاڵی نەبوونە، یانیش هێشتا بە چاوی خەڵکانی ترەوە بۆ ئەو شتانە دەڕوانن، ئەگینا ئەگەر هاووڵاتیانی کورد خۆیان وشیار بن، بۆچی ڕەواج بە پڕوپاگەندەی ناحەزان دەدەن و بە بچووکییەوە بۆ خۆیان و زمانەکەیان دەڕوانن؟! ئایا نەتەوەکانی دیش وەها بە بچووکی بۆ زمانی خۆیان دەڕوانن؟!

سەرچاوەکان دەگێڕنەوە: دوای ئەوەی ئەمریکا لە شەڕی دووەمی جیهانیدا بە هۆی بۆمبی ناوکی بەسەر یاباندا سەرکەوت و یابان خۆی بەدەستەوەی دا، ئەمریکا کۆمەڵێ شتی ترسناکی بەسەردا سەپاند، لەوانە: دەستووری بگۆڕێ و دەستوورێکی ناسکتری گونجاو لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دابڕێژێتەوە.. سوپاکەی هەڵبوەشێنێتەوە.. کۆتایی بە چەکە گەورەکانی بێنێ و چیدیکە بیر لە

دروستکردنی چەکی گەورە نەکاتەوە،... لەگەڵ هەندێ بڕیاری دیکەش، یابان ناچار بوو هەموو ئەوانەی بۆ جێبەجێ کرد، بەڵام کە قسە هاتە سەر ئەوەی زمانی یابانی لە دامەزراوەکانی خوێندن و ڕۆشنبیری دوور بخاتەوەو لە جێگەی زمانی یابانی، زمانی ئینگلیزی بەکاربێنێ، یابانییەکان ئەوەیان بە توندی ڕەت کردەوە و قەت ئەوەیان قەبوڵ نەکرد، چونکە پێیان وابوو، بەوە ناسنامەی نەتەوەییان دەکەوێتە مەترسی تێچوون و مەترسی ڕاستەقینە لێرەوە ڕوویان تێ دەکات؟! بۆیە ئەمریکاش نەیتوانی لەم بارەیەوە پێداگری زۆرتر بکات.(٣٣)

### ٣. نەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد

دیارە بوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆ و دادپەروەری بەهێز، زۆر شت دەگۆڕێ، هیوا و ئاواتەکان زیندوو دەکاتەوە و بڕوابوون بە خۆ زۆر دەکات، لەو بارەشدا زمانیش لە لایێ خزمەتی زۆرتری دەکرێت و لەلایێکی تریشەوە خەڵکیش متمانە و خۆشەویستییەکی دیکەی بۆ دەبێت.

## تەوەرەی پێنجەم: ئەو هۆکارانەی زمان دەمرێنن

زمانی مردوو زاراوەیەکە، بە زیاتر لە واتایێك دێت، لەوانە:

١ـ ئەو زمانە لەناوچووەیە، کە تەنیا مرۆڤێك لە جیهاندا قسەی پێ ناکات، بە تەنیا لێکۆڵەر و پسپۆڕان بۆ خوێندنەوەی تێکستە کۆنەکانی بەو زمانانە ئیشیان لەسەر دەکەن، وەکو: زمانەکانی بابلی کۆن و میسری کۆن و سۆمەری و ...هتد.

٢ـ ئەو زمانەیە، کە خەڵك لەبیریان چۆتەوە و بەکاری ناهێنن، بەڵام کاهین و پیاوە دینییەکانی، بۆ پاراستنی تێکستە کۆنەکانیان سوودی لێ وەردەگرن، وەکو زمانەکانی: ئیغریقی کۆن و زمانی قیبتی کۆن و ...هتد.

ئەگەر دوێنێ، لەبەر هەندێ هۆ، چەند زمانێك لەنێو چووبن، ئەوا لە ڕۆژگاری ئەمڕۆ مردنی زمانەکان خێراتر دێنە پێش، ئەوەتا: ئاژانسی هەواڵی فرەنسی لەسەر زمانی بەڕێوەبەری بەرنامەی زاکیرەی جیهان لە ڕێکخراوی یۆنسکۆ، (جوی سبرنجەر) بڵاوی کردۆتەوە، کە: ((لەو چەند ساڵەی ڕابردوو لێکۆڵینەوەی زۆر لە

سەر زمانەکان کراوە، هەموو ئەو لێکۆڵینەوانە ئەوە دەردەخەن، کە: تا ساڵی ٢٠٥٠ نیوەی زمانەکانی ئێستای جیهان تیا دەچن)).(٣٤)

### زمانانی ئێستای جیهان دەبێ چەند بن؟

زانایانی زمان دەڵێن: ((ئێستاکە پێنج تا شەش هەزار زمان لە جیهاندا هەیە ـ ئەمە لەبەر جۆری پۆلێنکردن و بە یەك چاو پۆلێن نەکردنی زارەکان و جیانەکردنەوەی باشی زمان لەگەڵ زارەکانی ئەو جیاوازییە لە ژمارەی زمانەکان دروست دەبێ ـ ، بەڵام ئامارە زانستییەکان دەڵێن: ساڵانە ٢٥٠ تا ٣٠٠ زمان تیا دەچن، ئەوەش لەبەر خێرایی تێکەڵاوبوون و پێکگەیشتنی نەتەوەکان و بەکارهێنانی زمانە جیهانییەکان، کە ئەمە بە غەزووی ڕۆشنبیری دەناسرێ)).(٣٥)

بۆیە یونسکۆ ئێستاکە بانگەشەی پارێزگاریکردن لە فرەیی زمانەکان دەکات، ئەوەش بۆ پاراستنی کەلتووری زمانی مرۆیی، چونکە وەکو ئامارەی پێدەکات، یونسکۆ لە ڕاپۆرتێکیدا دەڵێت: ((نەمانی هەندێ زمان بە کارەساتێکی ژیاری و ڕۆشنبیری دەژمێردرێت)).(٣٦)

### هۆکارەکانی مردنی زمانەکان

دیارە بۆ مردن و تیاچوونی زمان چەند هۆکارێك هەنە، ئەو هۆکارانە زۆرن، گرنگترینیان بریتینە لەمانەی خوارەوە:

١ـ کەمبوونەوەی بەکاربەرانی زمانەکە، چونکە نەوەی نوێ فێر ناکرێن، بە زمانی دایك قسە بکەن و فێری زمانانی دیکەیان دەکەن، کە ـ ئەو زمانە نوێیە ـ هەیمەنەیێکی سیاسی، یان زانستی، یان کۆمەڵایەتی هەیە، بە پێی ڕاپۆرتێکی یونسکۆ: ((هەر زمانێك ڕێژەی ٣٠٪ی منداڵانی سەر بەو زمانە کەمتر قسەی پێ بکەن، ئەوا ئەو زمانە لەسەر سکەی مردن دەوەستێ و وردە وردە بەرەو مردنی هەقیقی خۆی دەچێ)).(٣٧)

٢ـ داگیرکاری وڵاتێك بۆ وڵاتێکی تر، وا دەکات هەندێ زمان بمرن.. ئەوەتا زانایان، وەکو لە زمانەکانی دونیایان کۆڵیوەتەوە، بۆیان دەرکەوتووە، کە

هەمیشە هەندێ زمان بە هۆی داگیرکارییەوە لەنێو دەچن و هی دیکە شوێنیان دەگرنەوە، بۆ نموونە: ((ژمارەی زمانەکانی (بەڕازیل) لە ساڵی ١٥٣٠ز.، کە پورتوگالییەکان ئەو ولاتەیان داگیر کرد، (٥٤٠) زمانی ناوخۆیی بوو، کەچی دوای مانەوەی درێژی داگیرکەر لەم ولاتە، ڕێژەی قسەکەران بەو زمانانە گۆڕانی بەسەردا هات، تا وای لێ هات، دوا ئامارەکانی ئەو ساڵانەی دوایی دەریانخست، کە: لەو ڕێژەیەی باسی کرا، ژمارەی ئەو زمانانەی تیاچوونە، سێ لەسەر چواری ئەو زمانانەی ئەوسایە، واتە: ئەو زمانانەی ئێستا لەو ولاتە ماوە لە (١٣٥) زمان زۆرتر نییە.

(ئوستڕالیا)ش کە لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەم کەوتە ژێر پۆستاڵی داگیرکەری ئەوروپی، (٢٥٠) زمانی ناوخۆیی هەبوو، بە هۆی داگیرکەرانەوە ئەو ڕێژەیە کەمی کرد و بە پێی ئامارەکانی ئەو ساڵانەی دوایی، تەنیا (٢٠) زمانی بۆ ماوەتەوە.[٣٨]

٣- باری سیاسی وا دەکات نەتەوەیەك، یان هۆزێك لە نێو نەتەوەیەکی دیکە بتوێتەوە، چونکە هەر گرنگی بە زمانی نەتەوەی بالا لە سیاسەت دەدرێ و زمانی نەتەوەی ژێردەست وەلا دەنرێ.

٤- باری ئابووری خەڵك ناچار دەکات ولاتی خۆی بەجێ بهێڵێ و بچێتە نێو ولات و نەتەوەیێکی دیکە، بەوەش زۆر جار زمانی نەتەوەی میوان دەفەوتێ.

٥- بلاوبوونەوەی نەخۆشییەکی ترسناك لە شوێنێك، دەبێتە هۆی دەرچوونی خەڵکی ئەو شوێنە لە ناوچەکەی خۆیان و بلاوبوونەوەیان بە شوێنانی دی، سەرچاوەکان دەڵێن: بلاوبوونەوەی ئەنفلەوەنزا لە یەکێك لە گوندەکانی سەر رووباری (کلیۆن) لە ولاتی (فەنزەویللا) وای کرد، ئەوانەی بە زمانی (تڕومای) قسە دەکەن، کەم ببنەوە و ژمارەیان لە دە کەس زیاتر نەمێنێ![٣٩]

٦- ڕق و تووڕەیی و غەزەبی خوایی، کاتێك بەسەر گەلەك لە گەلەکاندا دێت و بە تەواوەتی دەیانسڕێتەوە، وەکو لە قورئانی پیرۆزدا باسی گەلێ نەتەوەی وەکو (عاد) و (ثمود) دەکات، کە لەبەر کوفر و سەرپێچییان لە فرمانی خوا، خوا غەزەبی لێ گرتن و بە تەواوەتی لە ناوی بردن.[٤٠]

## تەوەرەی شەشەم: ئایندەی زمانی کوردی

چەند هۆکارێك هەنە، دڵخۆشمان دەکەن بە ئایندەی زمانی کوردی، کە زمانێکە دەشێ تا ماوەیێکی دوور بمێنێتەوە و گەشە بکات و بەرەوپێش بچێ و لە تیاچوون ڕزگاری ببێ، لەوانە:

١- زۆری نەتەوەی کورد، کە بە زمانی کوردی قسە دەکەن.. (هاڕالد هاڕمان) دەڵێت: ((گەشەکردنی زمانی ئەو نەتەوانەی بە ملیۆنەها کەس قسەی پێ دەکەن، تا ماوەیێکی دوور مسۆگەرە، چونکە ئەو زمانانە لە لایێك هێزێکی پارێزەری گەورەیان هەیە، بۆ پارێزگاریکردن لە زیندووەتی خۆیان، لە لاییێکی دیکەشەوە تیشکی ڕاکێشانی بەهێز بەرهەم دێنێ، کە لە توانایەتی زمانە بچووکەکان بۆ خۆی کێش بکات و لە نێو خۆیدا بیانتوێنێتەوە)).[٤١]

٢- بە فەرمیبوونی زمانی کوردی لە دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەکو زمانی یەکەم و لە دامەزراوەکانی حکومەتی فیدڕاڵی عیراقی وەکو زمانی دووەم.

٣- بەرەوپێشچوونی کێشەی سیاسی کورد، کە چاوەڕوان دەکرێ ئەو کێشەیە لەمەولا بگاتە ئاستێکی پێشکەوتووتر، چارەسەری واقیعیانەی بۆ بدۆزرێتەوە و لە پارچەکانی تریش، وەکو هەرێمی کوردستانی عیراق، دامەزراوەی فەرمی و شارستانی جۆراوجۆر دروست ببێ، ئەوەش وا دەکات بەکارهێنانی زمانی کوردی فراوانتر ببێ.

٤- دروستبوونی کتێبخانەیێکی گەورە بە زمانی کوردی و ڕۆژ بە ڕۆژ دەوڵەمەندبوونی ئەو کتێبخانەیە و زۆربوونی کتێبە کوردییەکان لە زۆربەی بوارەکانەوە.

٥- بوونی ڕاگەیاندنێکی بەربڵاو بە زمانی کوردی، کە سەدەها گۆڤار و ڕۆژنامە و کەناڵی ناوخۆیی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و کەناڵی ئاسمانی تیڤییە زۆرەکان و ...هتد، کە هەموویان بە زمانی کوردی بابەتەکانیان پەخش دەکەن.

لەبەر هەموو ئەوانە هەست دەکەین زمانی کوردی لە بەرەوپێشچوونێکی باشدا دەبێ و تا تەمەنێکی درێژ، ئەگەر خوای گەورە حەز بکات، دەمێنێتەوە.

## ئه نجام

ئەم لێکۆڵینەوەیە سەرەنجام خۆی لە چەند خاڵێك کورت دەکاتەوە و وەکو ئەنجام دەیانداتە دەست، لەوانە:

١ـ زمانی کوردی یەکێکە لە زمانە زیندووەکانی دونیا و هەموو تایبەتمەندییەکانی زمانی زیندووی تێدایە.

٢ـ بەداخەوە لەبەر هۆکاری لەیەکجیا، لێرەو لەوێ هەندێ گومان و کێشەی نابەجێ بۆ زمانی کوردی دروست دەکرێت، بەڵام هەموو ئەوانە پڕوپاگەندەنە و هیچ کاریگەرییەکی خراپیان بۆ سەر زمانی کوردی نابێ.

٣ـ زمانی کوردی چاوەڕوانی ئەوەی لێ دەکرێت، هەتا تەمەنێکی درێژ بمێنێتەوە و هۆکارەکانی مردنی زمان نەتوانن لێی نزیك ببنەوە.

### هەندێ ڕێنمایی بۆ پارێزگاریکردن له زمانی کوردی

١ـ پێویستە ئاستی هۆشیاری نەتەوەیی بەرز ببێتەوە و بە چاوی گەورەتر بڕوانرێتە زمانی کوردی، چونکە ئەوە زمانی دایکە و هیچ زمانێکی تر شوێنی ناگرێتەوە.

٢ـ ناوەندەکانی چاپ و وەشاندن و دەزگا ڕۆژنامەگەرییەکان گرنگیی بە لایەنی ڕێنووس بدەن و بابەتەکان بە بێ هەڵە بڵاو بکەنەوە، چونکە لایەنی جوانی زمان لەوەدا بەرجەستە دەبێت و بەبێ ئەوە جوانی زمان دەشێوێ و خوێنەری زمانەکە کەم دەبنەوە، ئەوەش بێئومێدی لە بەرامبەر زمانەکە دروست دەکات.

## پەراوێزەکان


١ـ د. حاتم صالح الضامن، علم اللغة، مطبعة التعليم العالي، الموصل، ص ٣٥.

٢ـ د. يوسف أبوالعدوس، الأسلوبية (الرؤية والتطبيق)، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان ـ الأردن، الطبعة الثانية، ١٤٣٠هـ، ٢٠١٠م. ئەو پێناسەیە هی (یاکبسن)یە.

٣ـ د. محود السعران، علم اللغة، دار النهضة العربية، بيروت ـ لبنان، دون سنة الطبع، ص ٣٤٢.

٤ـ ـ emmhg، 27/08/2011م، كم عدد لغات العالم؟ شبكة: GOOGLE.

٥ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٦ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٧ـ الجاحظ، رسائل الجاحظ، الرسائل ألأدبية، دار ومكتبة الهلال، الطبعة ألأخيرة، دون سنة الطبع، بيروت ـ لبنان، ص ٨٩.

٨ـ د. حاتم صالح الضامن، علم اللغة، مطابع التعليم العالي، الموصل، ١٩٨٩، ص ١٤٤.

٩ـ اسماعيل حميد حمدأمين، التراكيب التوليدية في شعر الراعي النميري، ١٤٣١هـ، ٢٠١٠م، دار الحرية للنشر والتوزيع، ألأردن ـ عمان، ص ٩٩.

١٠ـ اسماعيل حميد حمدأمين، التراكيب التوليدية في شعر الراعي النميري، ١٤٣١هـ، ٢٠١٠م، دار الحرية للنشر والتوزيع، ألأردن ـ عمان، ص ١٢٠.

١١ـ أبي أسحاق أبراهيم بن علي المصري القيرواني، زهر الآداب وثمر الألباب، شرح: علي محمد البجاوي، الجزء الثاني، مطبعة عيسى البابي الحلبي وشركاوه، ١٨٣٩هـ، ١٩٦٩م، ص ٨٣.

١٢ـ عبدالحميد حسين، ألألفاظ اللغوية خصائصها وأنواعها، معهد البحوث والدراسات العربية، مطبعة الجبلاوي، ص ١٦.

١٣ـ د. التهامي الراجي الهاشمي، توطئة لدراسة علم اللغة (التعاريف)، دار الشؤن الثقافية العامة (أفاق عربية)، بغداد ـ عراق، ١٩٨٦.

١٤ـ بڕوانە: عبدالرحمن حسن حبنكة الميداني، البلاغة العربية (أسسها وعلومها وفنونها)، الجزء الأول، الطبعة الثانية، دار القلم، دمشق، ١٤٢٨هـ، ٢٠٠٧م، ص ١٦٦.

١٥ـ روى. سى. هجمان، اللغة والحياة والطبيعة البشرية، ترجمة: د. داود حلمي أحمد السيد، جامعة الكويت، ١٤٠٩ هـ، ١٩٨٩م، ص ١٧٧.

١٦ـ د. بسيوني عبدالفتاح، فيود، علم المعاني، الطبعة الثانية، مؤسسة المختار للنشر والتوزيع، قاهرة ـ مصر، ١٤٢٥هـ، ٢٠٠٤م، ص ٣٠٥... د. عبدالقادر حسين، فن البلاغة، دار غريب للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة – مصر، ٢٠٠٦م، ص ١١٤.

١٧ـ د. فضل حسن عباس، البلاغة فنونها وأفنانها (علم المعاني)، الطبعة السابعة، دار الفرقان، عمان ـ أردن، ١٤٢١هـ، ٢٠٠٠م، ص ١٧٣.

١٨ـ بڕوانە: ئیدریس عەبدوڵڵا، لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠١١، ماددەی: پرسیار.

١٩ـ ميشيل ماكارثي، قضايا في علم اللغة التطبيقي، ترجمة: عبدالجواد توفيق محمود، القاهرة ـ مصر، مطبعة الهيئة العامة لشؤن المطابع ألأميرية، ٢٠٠٥، ص ٥٢.

٢٠ـ مارسيل لوكان، ألأنسان ولغته، صفحات للدراسات والنشر، سوريا ـ دمشق، ٢٠٠٧م، ص ١٠١.

٢١ـ أندرو روبنسون، اللغات المفقودة، تحرير: خالد عزب (من مركز الخطوط لمكتبة الأسكندرية)، أسكندرية ـ مصر، ٢٠٠٦، ص ٢٧.

٢٢ـ د. عدنان علي رضا النحوي، ألأسلوب والأسلوبية بين العلمانية وألأدب الملتزم بالأسلام، دار النحوي للنشر والتوزيع، الرياض ـ المملكة العربية السعودية، ١٤١٩هـ، ١٩٩٩م، ص ١٦٨.

٢٣ـ چاوپێکەوتن لەگەڵ مارف خەزنەدار و نووسەرانی تر، کەناڵی کوردسات، بەرنامەیێکی تایبەت لەسەر ژیانی تۆفیق وەهبی، بەشی دووەم، شەوی چوارشەم لەسەر پێنجشەممە (١/٢ی ٢٠١٢/١).

٢٤ـ د. علي عبدالواحد الوافي، علم اللغة، الطبعة الرابعة، ١٣٧٧هـ، ١٩٥٧م، مكتبة نهضة مصر بالفجالة، مصر، ص ٢٠٤.

(*) جارێکیان چووینە لای دکتۆر مارف خەزنەدار، فەرهەنگێکی پیشان داین، (١٢٠٠٠) وشەی تیا بوو، گوتی: ئەمە فەرهەنگی ئەو وشە بێگانانەیە، کە لە زمانی ڕووسیدا کاریان پێ دەکرێت و زمانی ڕووسی دەوڵەمەند دەکەن! !

٢٥ـ مجموعة مؤلفين، الموسوعة العربية، العالمية، مادة: اللغة العربية ـ جغرافية.

٢٦ـ د. علي عبدالواحد الوافي، علم اللغة، الطبعة الرابعة، ١٣٧٧هـ، ١٩٥٧م، مكتبة نهضة مصر بالفجالة، مصر، ص ٢٠٤.

٢٧ـ مەلا خدری کوڕی ئەحمەدی شاوەیسی مکایەڵی، دیوانی نالی، لێکدانـەوە و لێکۆڵینـەوەی: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتح عەبدولکەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٦.

٢٨ـ د. مولاي علي بوخاتم، مصطلحات النقد العربـي الـسيمياءي، مطبعـة أتحـاد كتـاب العـرب، دمشق، ٢٠٠٥م، ص ١٨.

٢٩ـ د. یوئێـل یوسـف عزیـز، د. سـلمان داود ئەلواسـتی، عەبـدولوەهاب ئەلنـەجم، وەرگێڕانـی ئەدەبی، و: غازی فاتح وەیس، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٨٤، ل ٧٠و٧١.

٣٠ـ د. محمد فرج أبوطقة، في التنمية اللغوية والتطـور النفسي للفـرد، دار الوفـاء لـدنيا الطباعـة والنشر، أسكندرية ـ مصر، ص ٢١.

٣١ـ جمال حمود، فلسفة اللغة عند لودفيغ فتغنشتاين، منشورات الأختلاف، الجزائـر، ١٤٣٠هــ، ٢٠٠٩م، ص ٢١٨.

٣٢ـ الخارطة اللغوية في سوريا، منتدى الشباب المسيحي، أنترنيت، ٢٠١٢/١/٣٠.

٣٣ـ أحمد عثمان، أهمية النهوض باللغة العربيـة، منـشورات نـشرة معلومـات ألأذاعـة المـصرية، ٣/يناير/٢٠١٢.

٣٤ـ خالد البلتشي، موقع: البديل، ٢٠١٢/٢/٧.

٣٥ـ د. محمد محمد داود، اللغة والهوية في معركة الحضارة، موقع: PLS48.NET.. ٢٠١١/١/٢٤.

٣٦ـ أمينة حماد، اللغات الميتة واللغات الحية، ٢٠١٠/٩/١٨، الموقع: منتديات سحر الكلمة .

٣٧ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٣٨ـ عبدالمجيد ميلاد، الفجوة اللغوية في عصر المعلومات، موقع: عبدالمجيـد مـيلاد في تكنلوجيـا المعلومات والأتصال، GOOGGE، ٢٠١٢/٢/٧.

٣٩ـ أمينة حماد، اللغات الميتة واللغات الحية، ٢٠١٠/٩/١٨، الموقع: منتديات سحر الكلمة .

٤٠ـ مجموعة مؤلفين، الموسوعة العربية، العالمية، مادة: العرب قبل الأسلام.

٤١ـ هارالد هارمان، تأريخ اللغات ومستقبلها، ترجمة: سـامي شمعـون، المجلـس الـوطني للثقافـة والفنون والتراث، الدوحة، ٢٠٠٦، ص ١٤٢.

## سەرچاوەکان

### کتێب بە زمانی کوردی

١ـ ئیدریس عەبدوڵڵا، لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردی بە نموونەی حەمدی و حاجی قادری کۆیی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠١١.

٢ـ مەلا خدری کوڕی ئەحمەدی شاوەیسی مکایەڵی، دیوانی نالی، لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتح عەبدولکەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٦.

٣ـ د. یوئێل یوسف عزیز، د. سلمان داود ئەلواستی، عەبدولوەهاب ئەلنەجم، وەرگێڕانی ئەدەبی، و: غازی فاتح وەیس، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٨٤.

### کتێب بە زمانی عەرەبی

٤ـ أبي أسحاق أبراهيم بن علي المصري القيرواني، زهر الآداب وثمر الألباب، شرح: علي محمد البجاوي، الجزء الثاني، مطبعة عيسى البابي الحلبي وشركاؤه، ١٨٣٩هـ، ١٩٦٩م.

٥ـ اسماعيل حميد حمدأمين، التراكيب التوليدية في شعر الراعي النميري، ١٤٣١هـ، ٢٠١٠م، دار الحرية للنشر والتوزيع، ألأردن ـ عمان.

٦ـ أندرو روبنسون، اللغات المفقودة، تحرير: خالد عزب (من مركز الخطوط لمكتبة الأسكندرية)، أسكندرية ـ مصر، ٢٠٠٦.

٧ـ د. بسيوني عبدالفتاح، فيود، علم المعاني، الطبعة الثانية، مؤسسة المختار للنشر والتوزيع، قاهرة ـ مصر، ١٤٢٥هـ، ٢٠٠٤م.

٨ـ د. التهامي الراجي الهاشمي، توطئة لدراسة علم اللغة (التعاريف)، دار الشؤن الثقافية العامة (آفاق عربية)، بغداد ـ عراق، ١٩٨٦.

٩ـ الجاحظ، رسائل الجاحظ، الرسائل ألأدبية، دار ومكتبة الهلال، الطبعة ألأخيرة، دون سنة الطبع، بيروت ـ لبنان.

١٠ـ جمال حمود، فلسفة اللغة عند لودفيغ فتغنشتاين، منشورات الأختلاف، الجزائر، ١٤٣٠هـ، ٢٠٠٩م.

١١ـ د. حاتم صالح الضامن، علم اللغة، مطابع التعليم العالي، الموصل، ١٩٨٩.

١٢ـ روى. سى. هجمان، اللغة والحياة والطبيعة البشرية، ترجمة: د. داود حلمي أحمد السيد، جامعة الكويت، ١٤٠٩ هـ، ١٩٨٩م.

١٣ـ عبدالحميد حسين، ألألفاظ اللغوية خصائصها وأنواعها، معهد البحوث والدراسات العربية، مطبعة الجبلاوي.

١٤ـ عبدالرحمن حسن حبنكة الميداني، البلاغة العربية (أسسها وعلومها وفنونها)، الجزء الأول، الطبعة الثانية، دار القلم، دمشق، ١٤٢٨هـ، ٢٠٠٧م.

١٥ـ د. عبدالقادر حسين، فن البلاغة، دار غريب للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة — مصر، ٢٠٠٦م.

١٦ـ د. عدنان علي رضا النحوي، ألأسلوب والأسلوبية بين العلمانية وألأدب الملتزم بالأسلام، دار النحوي للنشر والتوزيع، الرياض ـ المملكة العربية السعودية، ١٤١٩هـ، ١٩٩٩م.

١٧ـ د. علي عبدالواحد الوافي، علم اللغة، الطبعة الرابعة، ١٣٧٧هـ، ١٩٥٧م، مكتبة نهضة مصر بالفجالة، مصر.

١٨ـ د. فضل حسن عباس، البلاغة فنونها وأفنانها (علم المعاني)، الطبعة السابعة، دار الفرقان، عمان ـ أردن، ١٤٢١هـ، ٢٠٠٠م.

١٩ـ مارسيل لوكان، ألأنسان ولغته، صفحات للدراسات والنشر، سوريا ـ دمشق، ٢٠٠٧م.

٢٠ـ د. محمد فرج أبوطقة، في التنمية اللغوية والتطور النفسي للفرد، دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر، أسكندرية ـ مصر.

٢١ـ د. محود السعران، علم اللغة، دار النهضة العربية، بيروت ـ لبنان، دون سنة الطبع.

٢٢ـ د. مولاي على بوخاتم، مصطلحات النقد العربي السيمياءي، مطبعة أتحاد كتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٥م.

٢٣ـ ميشيل ماكارثي، قضايا في علم اللعة التطبيقي، ترجمة: عبدالجواد توفيق محمود، القاهرة ـ مصر، مطبعة الهيئة العامة لشؤن المطابع ألأميرية، ٢٠٠٥.

٢٤ـ مجموعة مؤلفين، الموسوعة العربية، العالمية، مادة: اللغة العربية ـ جغرافية.

٢٥ـ هارالد هارمان، تأريخ اللغات ومستقبلها، ترجمة: سامي شمعون، المجلس الوطني للثقافة والفنون والتراث، الدوحة، ٢٠٠٦.

٢٦ـ د. يوسف أبوالعدوس، الأسلوبية (الرؤية والتطبيق)، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان ـ الأردن، الطبعة الثانية، ١٤٣٠هـ، ٢٠١٠م.

### سایتەکانی ئینترنێت

٢٧ـ أحمد عثمان، أهمية النهوض باللغة العربيـة، منـشورات نـشرة معلومـات ألأذاعـة المـصرية، ٣/يناير/٢٠١٢، GOOGGE، ٢٠١٢/٢/٧.

٢٨ـ أمينة حماد، اللغات الميتة واللغات الحية، ٢٠١٠/٩/١٨، الموقع: منتديات سحر الكلمة .

٢٩ـ عبدالمجيد ميلاد، الفجوة اللغوية في عصر المعلومات، موقـع: عبدالمجيـد مـيلاد في تكنلوجيـا المعلومات والأتصال، GOOGGE، ٢٠١٢/٢/٧.

٣٠ـ خالد البلتشي، موقع: البديل، ٢٠١٢/٢/٧.

٣١ـ د. محمد محمد داود، اللغة والهوية في معركة الحضارة، موقع: PLS48.NET.. ٢٠١١/١/٢٤.

٣٢ـ كم عدد لغات العالم؟ شبكة: GOOGLE، ٢٠١١/٨/٢٧.

٣٣ـ الخارطة اللغوية في سوريا، منتدى الشباب المسيحي، ٢٠١٢/١/٣٠.

### بەرنامەی تیڤی

٣٤ـ چاوپێکەوتن لەگەڵ مـارف خەزنـەدار و نووسـەرانی تـر، کـەناڵی کوردسـات، بەرنامـەیێکی تایبەت لەسەر ژیانی تۆفیق وەهبی، بەشی دووەم، شـەوی چوارشـەم لەسـەر پێنجشەممە (١/٢ی ٢٠١٢/١).

# ملخص البحث


## اللغة الكوردية بين مقاييس اللغة الحية وأسباب أندثار اللغات دراسة نقدية تحليلية

هذه الدراسة الموسومة بـ((اللغة الكوردية بين مقاييس اللغة الحية وأسباب أندثار اللغات... دراسة نقدية تحليلية)) تعد ذات قيمة علمية، كونها تملأ فراغا مهما في حقل الدراسات الأكاديمية.

اللغة هي أحدى النعم التي أنعمها الله (سبحانه وتعالى) على الانسان، فبها واصل الانسان حياته بصورة طبيعية وسهلة منذ القدم، ومع مرور الزمن أصبح ألأهتمام باللغة أكثر من السابق، كونها هي الأساس الذي عليه تتكون القوميات وتبني كل قومية على أساسها حضارتها ومدنيتها.

ولكن (اللغة) شأنها شأن أي مخلوق من المخلوقات الأخرى، تبدأ من يوم، وتغرب عليها شمس يوم وهي قد اندثرت، وفي المرحلة التي تتوسط اليومين تكون في تغيير كبير، لذا فإن كل الجهود تصب في الحفاظ على اللغة وبقائها إلى مرحلة أطول.

ترى ما هو واقع اللغة الكوردية في يومنا هذا؟ أين تقف هذة اللغة من مقاييس اللغة الحية؟ ومدى محفوظيتها من أسباب أندثار اللغات ومحوها من الوجود؟ ما هو مستقبل اللغة الكوردية؟ هذا البحث محاولة للإجابة عن هذه التساؤلات.

من هنا تبرز قيمة العنوان، أملا أن تؤتي بثمارها، وتملأ فراغا مهما في مجال الدراسات اللغوية الكوردية.

و تمخضت عن البحث نتائج عدة، نوجزها في الآتي:

١- اللغة الكوردية احدى اللغات الحية في العالم، ولها جميع خصائص اللغة الحية.

٢- من المؤسف ان نجد هنا وهناك ولأسباب مختلفة اختلاق بعض المشاكل والشبهات غير العلمية للغة الكوردية، بيد ان كل ذلك إشاعات وليس لها أية التأثيرات السلبية على اللغة الكوردية.

٣- منذ القدم والى الآن تموت بعض اللغات وتندثر نهائيا من الوجود.

٤- ينتظر من اللغة الكوردية ان تبقى الى أمد بعيد دون ان تمسها تستطيع اسباب اندثار اللغات من الاقتراب منها.

# Abstract

## Kurdish Language Between the Standards of a Living Language and the Reasons for the Extinction of Languages: A Critical Analytical Study

This study, which is entitled "Kurdish Language between the Standards of a Living Language and the Reasons for the Extinction of Languages: A Critical Analytical Study", is of scientific value because it fills an important gap in the field of academic studies.

Language is one of the blessings which God has bestowed upon man since ancient times in order that he could continue his life in a natural and easy way. With the passage of time, the interest in studying language has gradually increased, as it is the basis of any nationality, culture and civilization.

But language is like any creature in that it has a starting day and it may cease to exist, and it undergoes big changes in the mediating phase. Consequently, great effort is made towards preserving the language for as long as possible.

So, what is the status of the Kurdish language in the present day? Where does this language stand from the standards of a living language, and the extent to which it is preserved from the causes of extinction of languages? What is the future of the Kurdish language? This research is an attempt to answer these questions; hence the value of this research, which hopes to fill an important gap in the area of the Kurdish linguistic studies.

The research has various findings, which can be summarized as follows:

1- Kurdish is a living language, and it has all the characteristics of a living language.

2- Unfortunately, various unscientific doubts about the status of the Kurdish language have been fabricated. However, these are nothing but rumors which do not have any negative effects on the Kurdish language.

3- From the ancient times until now various languages have died and completely disappeared.

4- The Kurdish language is expected to last long without being affected by the factors that cause the extinction of languages.

# وێنەی شیعری
# لە شیعرەکانی (راجی) دا(*)

پ ی د. نەوزاد وەقاس سەعید م.ی. کانیاو عوسمان مستەفا
زانکۆی سەلاحەدین/ هەولێر
کۆلێژی پەروەردە/بەشە مرۆڤایەتییەکان
بەشی زمانی کوردی

**پێشەکی**

وێنەی شیعری سەرچاوەیەکی گرنگی ئەزموونی شیعرییە و شاعیر بە هۆیەوە ئامانجی خۆی دەپێکێ و یەکێکە لە رەگەزەکانی پێکهێنان و دروستکردنی دەقی شیعر، و رۆڵی لە بزواندنی هەست و بەخشینی چێژێکی خۆش بە خوێنەر هەیە، و یەکێکە لە بنەماکانی داهێنانی شیعر و دەرخستنی پلە و توانای شاعیر.

لەبەر گرنگی ئەم بابەتە و نەبوونی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی دەربارەی وێنەی شیعری لە شیعرەکانی (راجی) دا، کە یەکێکە لەو شاعیرە بەهرەدارانەی کورد کە تاکو ئێستا شیعرەکانی لە دووتوێی دەستنووسێکدا ماوەتەوە و بڵاو نەکراوەتەوە و لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکراوە. بە مەبەستی تیشك خستنەسەر وێنەی شیعری شیعرەکانی شاعیر، و ناساندنی ئەم شاعیرە بەرزە، ئەم لێکۆڵینەوە زانستییەمان ئەنجامدا و رێبازی ( راڤەکاری )مان بەکارهێناوە بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکە،

گرفتی لێکۆڵینەوەکەمان، ئەستەمبوونی چاوپێکەوتنی کەسانی نزیك و شارەزا لە شاعیر و کەمیی لێکۆڵینەوە بوو لە ژیان و بەرهەمی شاعیر.

لێکۆڵینەوەکەمان جگە لە پێشەکی، لە دوو تەوەر پێکهاتووە :

**تەوەری یەکەم** : تایبەتە بە ژیاننامەی شاعیر و پێناسە و گرنگیی وێنەی شیعری.

**تەوەری دووەم** : تایبەتە بە جۆرەکانی وێنەی شیعری لە رووی هەستی و ژیری – وێنەی شیعری بە پێی شێواز – وێنەی شیعری لە رووی وەستان و جووڵاوەوە – وێنەی شیعری لە رووی پێکهاتەوە – وێنەی رەمزی.

لە کۆتاییشدا گرنگترین ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان و کورتەی لێکۆڵینەوەکەمان بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خستۆتە روو.

## تەوەری یەکەم
# ژیاننامەی شاعیر

راجی ناوی تەواوی ( عەبدولرەحمان کوڕی مەلا ئیبراهیمی کوڕی مەلا مەحموودی کوڕی بارامی شارەزوورییە، لە تیرەی میکایلی هۆزی جافە، دایکی ناوی " هەمین " ە کچی حاجی قادرە، کە یەکێك بووە لە دانیشتوانی کۆیە، لە ساڵی ١٩١٢ لە شاری کۆیە لە دایك بووە )[١]. راجی لە بنەماڵەیەکی هەژار پەروەردە بووە ( لە رووی داراییەوە دەوڵەمەند نەبوون، خانەوادەکەیان خەریکی کاری فەلاحەتی بوون)[٢]

هەروەها راجی خۆشی جگە لە کاری مەلایەتی بە پیشەی جووتیارییەوە خەریك بووە ( ئەگەر لیستەك بگرینەوە بۆ دارایی و سامانێکی بە میرات پێ گەیشتن ئەگەری بۆچییە ؟ ئەمە لیستەکەیە :

١- لە پارە و پوول : هیچ.

٢- لە موڵك و خانوو، بەولای هیچەوە.

٣- لە وەزیفە و داهاتی مسۆگەر : توون- چش. واتا ( هیچ ).

نامزەدێکی زەق و رەق و تەقی ئامادە بۆ چاڵی فەرامۆشیدا چوون ) [٣].

بەڵام ئەم هەژارییە نەیتوانی ببێتە رێگر لەبەردەم راجی، بەڵکو بە لێهاتوویی خۆی توانی بەرەوژوور بچێت و لە خزمەتکردنی زمان و مێژوو و کلتووری میللەتەکەی درێغی نەکات.

**نازناوی :**

وەکو نەریتێکی باو شاعیرانی پێشوو نازناوی شیعرییان بۆخۆیان داناوە. مەلا عەبدولرەحمان لەناو خەڵك زیاتر بە " راجی " ناسراوە. وشەی راجی وشەیەکی عەرەبییە بە واتای " ئاواتەخواز "، بە هیوا،" تکاکار "، دێت. بۆ نموونە لە شیعرێکدا دەڵێ :

**قەزا نووسیویە کارم هەتا مردن کە ( راجی ) بم**
**رجاگیری ئیتر خۆم خستە خانەی دۆستان ئەی دۆست**

( دەستنووسی شاعیر )

جگە لەم نازناوە، شاعیر چەند نازناوێکی تریشی هەیە لەوانە " ژیکۆ، گۆیا " سەبارەت بە نازناوی "ژیکۆ " ئەحمەد دلزار دەڵێ : ( شاعیر لە سەرەتادا نازناوی شیعری راجی بوو، واتا تکاکار، بەلام دواتر لەسەر داواکاری گیوی موکریانی کە ئەوکات لە هەولێر گۆڤاری هەتاوی دەردەکرد و راجیش شیعری بۆ دەنارد، داوای لێ کرد کە ئەو نازناوە عەرەبییە بگۆڕێ و بیکات بە ژیکۆ )[٤]. بەلام کەریم شارەزا ئاماژە بەوە دەکات کەوا خۆی ئەم نازناوەی بۆ خۆی زیاد کردووە، لەم بارەیەوە دەڵێ :( سەرەتا نازناوی شیعری راجی بوو بە واتای پاڕانەوە لە خودا، رجاکار، دواتر لەگەڵ پەرەسەندنی زیاتری هەستی نیشتیمانی لە لای، نازناوێکی تریش بۆخۆی دادەنێ ئەویش " ژیکۆ " یە، کە بە واتای " چوست و چالاك و ئازا دێت)[٥]. بۆ نموونە دەڵێت :

**بیر و بازاڕ و موغازەم پڕ لە ڕەنگاوڕەنگی حەق**
**تا قیامەت بیفرۆشم ناکرم ( ژیکۆ ) قوماش**

(دەستنووسی شاعیر )

سەبارەت بە دوو نازناوەکەی تریش ئیسماعیل راجی دەڵێ : ( راجی بە نازناوی " پشکۆ و ژیکۆ " ش شیعری هۆنیوەتەوە، هەروەها نازناوی " گۆیا " ی لە شیعرەکانی تایبەت بە داشۆرین بەکارهێناوە )[٦]. کە بەواتای " قسەکەر، وتەبێژ " دێ یان بەواتای گەیەنەرێکی باشی قسە و پەیامەکان دێت بۆ نموونە دەڵێ :

**بۆچی هێندە بێ حەیای ( گۆیا ) سەری خۆت شۆڕ بکە**
**عالەمی ئیمڕۆ رەهەندی بێکەسی و تاوانییە**

(دەستنووسی شاعیر )

"پشکۆ " ش بەواتای ( گۆپکەی دار کە تازە بپشکوێ – گوڵی دار و درەختانە – پەنگر – تەشق – پشکوێ ) دێت، لەم بارەوە شاعیر دەڵێت :

**ئیتر ( پشکۆ ) هەتاکەی هەر ئەسووتێی**
**لە ئاگردانی هۆزی بێ کەسوکار** (دەستنووسی شاعیر )

**سەرەتای دەستپێکردنی خوێندن :**

راجی لە بنەماڵەیەکی خوێندەوار پەروەردە بووە، هەروەکو زۆربەی شاعیرانی پێشوو سەرەتا بە خوێندنی ئاینی دەستی پێکردووە ( لە ساڵی ١٩٢٠ لە لای باوکی دەستی بە خوێندنی مەلایەتی کردووە لە گوندی (گەلێنرێ) ی سەر بە ناحیەی (چناران) لە قەزای رانیە، کە بە هۆی مەلایەتییەوە لەوێ نیشتەجێ بوون. دوای ئەوەی کە هێزێکی لە خوێندن لەلای باوکی پەیداکرد ئینجا چۆتە شاری کۆیە هەتا خوێندن لەلای مەلا گەورەکانی کۆیە تەواوبکا، لەپاشان ئارەزووی بزووتووە بە شوێن خوێندندا لە ساڵی ١٩٢٦ ز. هەندێ ناوچە گەڕاوە وەك ( مەرگە، سولەیمانی، خۆشناوەتی )، تا لە ساڵی ١٩٢٩ ز. بۆ جاری سێیەم هاتۆتەوە بۆ شاری کۆیە بۆ ئەوەی خوێندنی بەرزی مەلایەتی تەواو بکات )[٧].

راجی تەنیا بە زانیاری ئاینی پەروەردە نەبووە، بەڵکو لەپاڵ خوێندنی مزگەوت ئاوڕی لە قوتابخانەی دەوڵەت داوەتەوە ( موتاڵای کتێبەکانی قوتابخانە رەسمییەکانیشی کردووە وەکو " حیساب و هەندەسە و جەبر و جوگرافیا... "، زۆر تێکۆشاوە بۆ ئەوەی گیروگرفت و ململانێی نێوان قوتابی دینی و رەسمی لابەرێ و برایەتیی زانیاری پەیدابێ )[٨]. کەواتە شاعیر درکی بە جیاوازی نێوان خوێندنی مزگەوت و بنەما و دەستووری کۆن و شێوازی پرۆگرامی فێرکردنی نوێ کردووە. بەڵام ( سەرسام ئەمێنێ چ بکا باشە ؟ کامیان بگرێ ؟ ئەگەر یەکەمیان ئەڵێی ئەوا لە مزگەوتا ژیانی پارێزراوە و خواردنی هەیە و هەستە و باجیشی تیا سووکە، بەڵام لە رووی وریایی و زیرەکی خۆیەوە سەیر ئەکا هیچی لە قوتابییان کەمتر نییە، ئەی بۆچی پرۆگرامەکانی ئەوانیش نەخوێنێتەوە، هەر بۆ ئارەزوو ئەم زانیارییانەش ئەخوێنێ،... بەڵام دەستبەرداری کۆنەکەش نابێت )[٩].

سەبارەت بە وەرگرتنی ئیجازەی مەلایەتی، راجی لە رێکەوتی ١٩٣٧/٤/٢٩ ز.، بڕوانامەی دوایی مەجلیسی عیلمی وەرگرتووە، لەلای خوالێخۆشبوو جەنابی (مەلا بەهائەددین کوڕی شێخ تەیب )، ئیمام و خەتیبی مزگەوتی بایزاغای کۆیە. وەکو دامەزراندنی فەرمی راجی دانەمەزراوە.[١٠] بەڵام مەلایەتی کردووە و چەند شوێنێك گەڕاوە ( لە ساڵی ١٩٤٠ لە کۆیە دەرچووە و بۆتە مەلای ئەهلی لە دێی قولقولە، لە ساڵی ١٩٤١ بووەتە مەلای خەرابە لای عەزیز ئاغای سالح ئاغای

غەفووری، لە ساڵی ١٩٥٤ چوەتە دێی گەلێنرێ، لە ڕێکەوتی ١٩٥٨/١٠/٢٦ بەهۆی ژێرئـاو کـەوتنی گوندەکـە بـە ژێـر ئـاوی دووکانـەوە، لەگـەڵ بەشـێك لـە خـەلقی گوندەکە بە فەرمانی میری گواستراونەتەوە بۆ دێـی سـابوراوای تـازە لـە ناحیـەی سووورداشـی قـەزای دووکـان، هـەروەها لـە گونـدەکانی ( کـرژە و بـەکرەجۆ ) ش مەلایەتی کردووە)[11]

ڕاجی لـە مـاوەی ژیانیـدا دوو ژنـی هێنـاوە، لـەم بارەیـەوە ئیسماعیل ڕاجـی دەڵێت : ( ژنی یەکەمی مامزی کچی حاجی عەبد بووە، لەساڵی ١٩٣٩ هێناویەتی، بەلاَم منداڵی لێ نەبووە، پاشان لە یەکتر جیابوونەتەوە، ژنی دووەمی ناوی "زبێدە مستەفا محەمەد " بووە، خەڵکی گونـدی کـانی ڕەشـی دەشـتی کۆیـە بـووە و لـە ساڵی ١٩٥٢ هێناویـەتی و پێـنج کـوڕ و چـوار کـچی لێ بـووە بـە نـاوی " بـەیان – زوهرە– شۆڕش – شیرین " کوڕەکانیش بە ناوی " ئیسماعیل – ئازاد – کـاوە – سەلاح – سەباح " )[12].

ڕاجی لە ساڵی ١٩٦٩ کۆچی دوایی کردووە، لـەم بارەیـەوە ئیسماعیل ڕاجـی دەڵـێ : ( لـە کاتـژمێر یـازدە و بیـست و پێـنج خولـەکی ڕۆژی شـەممە ڕێکـەوتی ١٩٦٩/١٢/٦ بـەهۆی نەخۆشـییەوە لـە بـەکرەجۆ کۆچـی دوایـی کـردووە، لـە گۆڕستانی بەکرەجۆ بە خاك سپێردراوە )[13]

## پێناسە و گرنگی وێنەی شیعری :

وێنە وەك یەکێك لە ڕەگەزەکانی پێکهێنان و دروستکردنی دەقی شیعر، ڕۆڵی هەیە لە بزواندنی هەست و بەخشینی چێژێکی خۆش بە خوێنەر، چـونکە شـاعیری بە ئەزموون دەتـوانێ واقیعـی زینـدوو بـە وێنـەی هونـەری لـە ڕێگـای هۆنینـەوەی وشەوە بخولقێنێ و پێشکەشی خوێنەری بکات. هەروەها وێنە دەوری جوانکاری و ڕوونکردنەوەش دەبینێ ( ئەو وێنانەی ناو هـۆنراوەی شـاعیری لێهـاتوو وەك ریـزە ئاوێنەیەك وان کە لە گۆشەکانی بنیادی ئـەو هۆنراوەیـە دانـەبڕابن، بـۆ ئـەوەی بـە ڕوون و ڕەوانی ناوەڕۆکی بابەتەکەی بنوێنن. ئەو وێنانەش گەر جوان و سـیحراوی بن، تەنیا بابەتە شیعرییەکە دەرنابڕن، بـەڵکو گیـان و ڕوخـساری ڕازاوەیـشی پـێ

دەدەن و وادەکەن ئەو گیانە بکەوێتە بارێکی بەرجەستە و هەستی پێ بکرێ و ببینرێ )[١٤]

کەواتە وێنە یەکێکە لە بنەماکانی داهێنانی شیعر و دەرخستنی پلە و توانای شاعیرێتی شاعیر، بۆیە شاعیر لەکاتی داڕشتنی ئەو بیرۆکەیەی کە هەیەتی دەبێ ئاگاداری شێواز و ئەو کەرەسانە بێ کە بەکاریان دێنێ، چونکە ( وێنەی شیعری وەك وێنەکێشانی تابلۆی شێوەکاری نییە لە هەموو جۆرە کەرەستەیەك و لە هەموو بوارێکدا بخولقێ، بەڵکو وێنەیەکی روونبێژییە و هەندێ جاریش لە ئەفسانە و رەمزەکان دروست دەبێ و لە لای رەخنەگرانی ئەدەبی هاوچەرخ دەبێتە بنچینەیەك بۆ رەخنەی شیعر و لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەی وێنە هەمەجۆرەکانی هۆنراوەی شاعیردا دەتوانن بگەنە دەسەڵاتی خودی شاعیرەکە لە خولقاندنی هۆنراوەی سەرکەوتوودا )[١٥]. جگە لەمە لە توانای وێنەی شیعریدایە کە (دوو لایەن بخاتە روو، لایەنی دەروونیی شاعیر و لایەنی واتایی )[١٦]. چونکە وێنە رەنگدانەوەی هەڵچوونەکانی شاعیرە کە هەست و یادەوەرییەکانی لە دووتوێیدا دەخاتە روو. کەواتە وێنە ( نەك تەنها ناوکی شیعر بەڵکو شیعرەکە خۆیەتی ).[١٧] لە رووی کەرەسە و پێکهاتەکانی وێنەی شیعرییەوە، پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لە نێوان ئەندێشە و وێنەدا ( هیچ چەمکێکی وێنەی شیعری نایەتە کایەوە تەنیا لەسەر بنچینەیەکی بەهێز لە چەمکێکی تێکڕژاوی خودی ئەندێشەی شیعری نەبێ. بەمەش وێنە ئامراز و رێگەی خەیاڵە، ئەو کەرەسە گرنگەیە کە لە میانەیەوە بەکاردەبرێ و چالاکی و کارایی پێ جێبەجێ دەکرێ )[١٨]. کۆلیردج لە پێناسەکردنی خەیاڵدا دەڵێ ( ئەو هێزە ئەفسووناوییەیە کە گونجانێك لە نێوان سیفەتە نەگونجاوەکان دروست دەکا، هەندێ شتی کۆنی بەسەرچووی باو بە دیمەنی نوێ باو و تەڕ و زیندوو نیشان دەدات )[١٩]. بێجگە لە خەیاڵ لێکۆڵەران گرنگییان بە چەند رەگەزێکی گرنگی تریش داوە لە دروستکردنی وێنەی شیعریدا، لەوانە (سۆز )، لەم بارەیەوە مۆلیك دەڵێ : (وێنەی شیعری وێنەی ئەو وشەیەیە، کە پڕە لە هەڵچوون و سۆزداری )[٢٠]. هەروەها د. دڵشاد عەلی ئاماژە بە پەیوەندی هەریەك لە رەگەزەکانی خەیاڵ و سۆز دەکات و دەڵێت: ( بێگومان ئەندێشەش بۆ خۆی پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە سۆزەوە دەبێت و

تا سۆزەكە بە هێزتـر بێت ئـەوا پێویـستی بـە ئەندێـشەیەكی بـەهێزیش دەبێـت و بێهێزی هەر یەكەشیان كار لەوی تر دەكات ) [٢١]. كەواتە كارلێكی تەواوی نێوانیان هۆكـاری دروسـتبوونی وێنــەی ئیـستاتیكی و كاریگــەرە. هــەروەها ڕەوانبێــژیش كۆڵەكەیەكی پتەوە و بایـەخی لـە ڕەگـەزەكانی تـر كـەمتر نییـە لـە دروسـتكردنی وێنەدا ( بنەمای پێكهێنانی وێنەی شـیعری، هونـەرەكانی ڕەوانبێژییـە) [٢٢]. ئەمـە ئــەم بۆچــوونە ڕەت دەكاتــەوە كــە نــابێ ڕەوانبێــژی تــەنها وەك هونــەرێكی ڕازاندنەوەی شیعر سەیر بكرێت. [٢٣] سـەرەڕای ئـەم ڕەگەزانـەی كـە بـاس كـران، بەهرە و لێهاتوویی شاعیر خۆی و شێوازی داڕشتن و بنیاتنان و بەكارهێنانی وشـە و ڕێكخستنی دەستەواژەكان ڕۆڵێكی سەرەكییان هەیە لـە سـەركەوتنی شـاعیر لـە كێشانی وێنەی ئیستاتیكی.

شاعیران هەر لە كۆنەوە بایەخیان بـەم لایەنـە داوە، دەقـەكانیان بەوێنـەی ڕەوانبێــژی ڕازاندۆتــەوە. ڕاجــیش وەك شــاعیرێكی هەســت ناســك و خــاوەن ئەندێشەیەكی فـراوان و بیرێكـی ورد، گرنگـی بـەم لایەنـە داوە و هۆنراوەكـانی بـە چــەندین وێنــەی جۆراوجــۆر و ڕەنگــین ڕازاندۆتــەوە. كـە لـە خـوارەوە بـە پێـی (جۆرەكانی وێنە ) باسیان دەكەین.

## تەوەری دووەم

# جۆرەکانی وێنەی شیعری لە شیعرەکانی راجی دا

**یەکەم / لە رووی هەستی و ژیرییەوە :**

أ- وێنەی هەستی :

هەموو ئەو وێنانە دەگرێتەوە کە دەکەونە بەر یەکێك لە هەستەکانی مرۆڤ، لە هەستی ( بینین، بۆنکردن، بیستن، چەشتن، دەست لێدان، )، واتە خوێنەر بە یەکێك لەم هەستانە وەردەگرێ، وەك :

**١- هەستی بینین :**

واتە ئەو وێنانەی کە لە رێگای چاوەوە دەبیندرێت و دەکەونە بەر ئەم هەستەوە. هەستی بینین لە سەرووی هەموو هەستەکانەوە دێت، چونکە لە هەموو هەستەکان روونتر و لە راستییەوە نزیکن.

ئەوەی چاو دەیبینێ وەك خۆی دەیدا بە مێشك و لەوێدا دەمێنێتەوە، شاعیر راستەوخۆ پاش ماوەیەك توانای ئەوەی هەیە بیگۆڕێ و شێوەی تازەی لێ دروست بکات کە لەگەڵ ئەندێشەیدا بگونجێت )[٢٤]. راجی دەڵێ :

**تەماشای رێژەنی خوێناوی چـاوم**

**دەڵێی لێشاوەکەی ناعوورە قوربان** ( دەستنووسی شاعیر )

شاعیر، وێنەی باری پەشێوی خۆی کێشاوە، لە رێگەی لێکچواندنەوە ئاماژەی بە رێژەی گریان و فرمێسکەکانی چاوەکانی کردووە کە لە زۆریا چەشنی لێشاوی ناعوور رێژگەیان بەستووە. شاعیر وێنەیەکی هەستی جوانی کێشاوە، کە بەر هەستی بینین دەکەوێ.

**٢- هەستی بیستن :**

خوێنەر وێنە شیعرییەکە بە هەستی بیستن وەردەگرێ، بۆ نموونە شاعیر لە وەسفی بەهاردا دیمەنی ئاژەڵانی لادێمان بۆ دەکێشێ، هەر لە غەبغەبەی

کۆتر و، قاسپەی کەو، و جریوەی باڵندە..... کە لە نێو باخ و بێستانەکاندا دەنگ و سەدایەکی دڵڕفێن دەبەخشن، هەر یەك لەمانەش لە ڕێگەی هەستی بیستنەوە وەردەگیرێن، بۆ نموونە شاعیر دەڵێ :

**گــولاڵە لــە ســــارا ئەڕازێتـــەوە**
**گمەی کۆتر و قەب قەبەی کۆهسار**

................................

**زەڕینـــی کەران و وەڕینی سەگـــان**
**میاوەی پشیلە و کزەی تەیر و توار** ( دەستنووسی شاعیر )

**٣- هەستی بۆنکردن :**

ئەم جۆرە وێنانە، لە ڕێگەی هەستی بۆنکردنەوە وەردەگیرێن، راجی دەڵێ:

**بە بۆی خونچە و گوڵ و ڕەیحان و بەیبوون و بنەوشەکەت**
**مەگـــەر بـــووژامەوە لەو ڕۆخـــی پەرژینـەت بە ڕێبـــواری**

( دەستنووسی شاعیر)

هەر یەك لە ( خونچەو، گوڵ و، ڕەیحان و، بەیبوون و بنەوشە ) بۆندارن و خوێنەر بە هەستی بۆنکردن وەریان دەگرێ.

**٤- هەستی چەشتن :**

لەم جۆرە وێنەیەدا، ئەو دەستەواژانەی کە شاعیر دەیانهێنێتەوە وەك سوێری و ترشی و تاڵی...

بەر هەستی چەشتن دەکەون، بۆ نموونە راجی دەڵێ :

**ڕەحمێ بکە تینوومە لە دووری تۆ نەخنکێـم**
**تێرم کە لە شەکراو و مەی و نوقڵ و گولاوت**

( دەستنووسی شاعیر )

شاعیر تینوو و تامەزرۆی لێوی یارەکەیەتی، بۆیە داوای لێ کردووە کە لە لێوی شیرینی شەکراو و مەی و نوقڵی پێ ببەخشێ، کە هەر یەك لەمانەش دەکەونە بەر هەستی چەشتنەوە.

**٥- هەستی بەرکەوتن :**

ئەمەش ئەو وێنانە دەگرێتەوە کە بە هۆی بەرکەوتن و دەست لێدانەوە هەستیان پێ دەکرێ، وەك : نەرم و رەق و شل و توند و سارد و گەرم..... راجی لە وەسفی گڕوتینی ئاهی هەناسەی دەڵێ :

**سەفحەیی دەتوێتەوە وەختێ کە کوورەم داخرا**

**وا بزانە ئاهــی گـــەرمم چاوی تۆی بیمار کـرد** ( دەستنووسی شاعیر )

شاعیر ئاهی دڵی لە گەرمییا بە کوورەیێکی ئاگری تاوێنەر چواندووە، بە شێوەیەك لەگەڵ نزیکبوونەوەی لە یارەکەی زامداری دەکات. " ئاگر " بە هۆی بەرکەوتنەوە هەستی پێ دەکرێ و شاعیر وێنەیەکی هەستیی کێشاوە.

**ب- وێنەی ژیری :**

بریتییە لەو وێنە شیعرییانەی کە بەر هیچ یەکێك لە هەستەکانی مرۆڤ ناکەون ( ئەگەر وێنەی هەستی بەرجەستەکردنی شتە مادییەکانی دەوروبەری ئادەمیزاد بێت کە هەستی دەورووژێنێ، وێنەی زەینیش بەرجەستەکردنی ئەوەی ناوەوەی ئادەمیزادە لە هەڵچوونی هەست و سۆز و مەیل و بیرۆکانەی کە رەنگدانەوەی کاریگەرییە دەرەکییەکانن ) [٢٥].

راجی چەندین وێنەی لە رێگەی ئەم هەستەوە کێشاوە، بۆ نموونە دەڵێ :

**خێر و شەڕ قازانج و دۆڕاندن چییە بە نیسبەت هەق**

**هەرکەســێ خێـری بوێ خۆی ئۆگری جیلوەی کـــا**

( دەستنووسی شاعیر )

هەریەك لە وشەكانی ( خێر و شەڕ، قازانج و دۆڕاندن، هەق )، شتی زەینین و بەر هیچ یەكێك لە هەستەكانی مرۆڤ ناكەون، و بە هۆی زەینەوە دەتوانین پێیان بگەین. شاعیر بە هێنانەوەی ئەم وشانە وێنەیەكی ژیری كێشاوە.

**دووەم : بە پێی شێواز :**

**١- وێنەی لێكچواندن :**

لێكچواندن بەشێكە لە روونبێژی. هۆكارێكی یارمەتیدەری سەرەكییە بۆ وەسفكردنی خۆشەویستان، چونكە شاعیر پەیوەندییەك دروست دەكات لە نێوان ئەو لێچوو و لەوچووەی كە هەڵی دەبژێرێ و سیفەتێك بە وەسفكراوەكە دەبەخشێ، بۆ نموونە راجی لە رێگەی لێكچواندنەوە وەسفی عەشقی خۆشەویستەكەمان بۆ دەكات و دەڵێت :

**عەشقت ئەڵێی قومارە مەراقی بێ نیهایەت**
**زۆر ترسمە دوایی دەرچم بە چەشنی لە حەلاج** ( دەستنووسی شاعیر )

شاعیر گیرۆدەبوونی بە خۆشەویستییەوە بە قومار چواندووە، كەوا چۆن مرۆڤی ئالوودەبوو بەم كارە توانای هەستان و دەستبەردانی نییە، راجیش بە هەمان شێوە. بۆیە ترسی ئەوەیەتی كەوا ئەم دەست هەڵنەگرتنەی لە یارەكەی لە كۆتاییدا تووشی نەهامەتی بكا و بە پەرپووتی بمێنێتەوە و زەرەرمەند بێت، بێ ئەوەی خۆشەویستیی یارەكەی بەدەست بێنێ.

**لێچوو ـــــــ عەشق          لەوچوو ـــــــــ قومار**
**ئەوزار ـــــــ ئەڵێی          رووی لێكچوون ـــــــ خەم و زەرەرمەندی**

یا لە وەسفی سروشتی نیشتماندا، وێنەیەكی جوانی كێشاوە. راجی باسی دیمەنی دڵڕفێنی دەشتودەر دەكات و لە جوانیدا بە بەهەشتی دەچوێنێ، و دەڵێت:

کـە ڕۆژانـی گـەش لـە مـانگی نیـسان
کـە هاتـە گیرسـان مـێلاق و نیـسان
حاجیلـە و بـەیبوون هەڵاڵـە و سـونبول
هەمووی درەوشا بە دەم خەندەی گوڵ
لـە هـەر لا ئەچـی لەگـەڵ چـاوی یـار
( جنـــة تجـــری تحتهـــا الانهـــار)

( دەستنووسی شاعیر )

| | | |
|---|---|---|
| لێچوو ____ نیشتمان | لەوچوو ______ | بەهەشت |
| ئەوزار ____ | ڕووی لێکچوون ______ | جوانی |

٢- وێنەی خوازەیی :

خوازە یەکێکە لە هونەرەکانی ڕوونبێژی، لە لایـەن نووسـەر و ڕەخنەگرانـەوە بـە گـرنگ سـەیر کـراوە، بۆ نموونـە کـۆلیردج دەڵـێ : ( شـیعری بـە بـێ خـوازە بارسـتەیەکی بـێ گیانـە )[٢٦] هـەروەها هیـوم دەڵـێ (شـیعر، مەسـەلەی وێنـە و خوازەیە. خوازە مانا هەستییەکان دەگۆڕێ بۆ وێنە )[٢٧]. ڕاجی لە وێنەیەکدا کـە لە ڕێگەی خوازەوە کێشراوە دەڵێ :

قوڕ بەسەر قەت ناگەیە ڕۆژی مراز
ئەو سوارەی سەر هەوایە و تۆ پیاو ( دەستنووسی شاعیر )

شاعیر بـەراوردی لـە نێـوان وڵاتـانی دەرەوەی کوردسـتان کـردووە، لـە ڕووی پێشکەوتن و هۆکارەکانی داهێنان، کە چۆن ئەوان بە هۆی زانست و هەوڵـدانی بـێ وچان گەیشتوونەتە لووتکە، بۆ نموونە داهێنانی ئامێری فڕۆکە و بـەکارهێنانی بـۆ گواستنەوە، کەچی کوردی داماو و دواکەوتوو، هەردەبێ لە سەر ئەم حاڵەی خـۆی بەردەوام بێت و بە پیادە بە شوێنان گوزەر بکات.

دەستەواژەی " سەرهەوا " بۆ مانای دروستی خۆی بەکار نەهێنراوە، چونکە مرۆڤ ناتوانێ لە هەوادا بفڕێ، تەنیا لە ڕێگەی فڕۆکەوە نەبێ، کەواتە دەستەواژەکە خوازراوە، مەبەستی شاعیر سواربوونی فڕۆکەیە.

**٣- وێنەی خواستن :**

خواستن هونەرێکی ڕەوانبێژییە و بەشێکە لە خوازە. شاعیر بە سوود وەرگرتن لەم هونەرەش چەندین وێنەی کێشاوە، بۆ نموونە دەڵێ :

**سینەیی سینی ئەڕازێنێتەوە نارنج و سێو**
**تا بە نارنجۆکی مەم بکوژێ سەرو بگرێ وەڵات** ( دەستنووسی شاعیر )

" نارنج و سێو " واتای دروستی وشە ناگەیەنن، شاعیر بۆ مەبەستێکی تر خواستوونی، کە ئەویش "مەمکی یارە "، پەیوەندی لە نێوان نارنج و سێو لەگەڵ مەمك، وێکچوونە لە رووی شێوەوە. وە نیشانەش بۆ ئەوەی کە مەبەستی شاعیر " مەمکە " نەك " نارنج و سێو " بریتییە لە" سینە ".

**سێیەم / لە رووی وەستان و جوولانەوە :**

**١- وێنەی وەستاو :**

بریتییە لەو وێنەیەی کە لە بارێکی وەستاودایە و هەست بە گەشەکردنی ناکرێت ( ئەو وێنەیە راستەوخۆ رەهەند دیاری کراوەیە کە هێڵەکانی ئارامییەکیان وەرگرتووە و گەشەیان وەستاوە ) [٢٨].

لەم جۆرە وێنەیەدا بە ڕێژەیەکی کەم کاری تێدا بەکار دەهێندرێت و ئەو کارانەشی کە بە کار دێن رابردوون و شاعیر زیاتر پشت بە وەسف دەبەستێت، بۆ نموونە راجی دەڵێت :

**خاڵانی وەکو لەشکری زەنگیی بە فریبم**
**وا مەرکەزییان ناوەتە سەر تاقی موصەللا**

( دەستنووسی شاعیر )

شاعیر وەسفی خەت و خاڵی یارەکەی کردووە، لە رەشییا بە لەشکری زنجییەکانی چواندووە، کە بە مەبەستی فریودان و داگیرکردنی دڵی شاعیر هێرشیان کردۆتە سەری و بنکەیان بردۆتە سەر تاقی مزگەوت، شاعیر پشتی بە وەسف بەستووە و ئەو کارەشی کە بەکاری هێناوە رابردووە.

یان دەڵێ :

**دیمەنی کێوانی کوردم کرد مـــەزات**
**تاکو دامـــاڵام و نەمما دەســـتـــەڵات**
**رەنگی گوڵـــزارانی بردی ئـــابڕووم**
**رۆژی ئاواتـــم بە رووزەردی هـــەڵات**
**هێندە گریاوم و لە تاوی مافی کورد**
**تا لە چاوم هەڵقوڵان دیجلە و فورات** ( دەستنووسی شاعیر )

لە دێری یەکەم و دووەمدا شاعیر ئاماژەی بە بەفیڕۆدانی خاکی وڵات کردووە، کە بۆتە هۆی لە دەستدانی دەسەڵاتی کوردی و رووزەرد بوون و نەهاتنە دی ئاواتەکان. لە دێری سێیەمیشدا، دەڵێ : ئەوەندە گریام لە تاو مافی نەتەوەکەم، تا زێی دیجلە و فورات لە چاوانم هەڵقوڵان.

ئەگەر سەیری نموونەکان بکەین دەبینین وێنەکان وەستاون و جۆرە ئارامییەکیان وەرگرتووە و هەست بە گەشەکردنیان ناکرێت.

**٢- وێنەی جوولاو :**

پێچەوانەی وێنەی وەستاوە، چونکە وێنەکان کاریان زۆر تێدایە، هەر وەها زۆربەی کارەکانی رانەبردوون، بۆیە جوولانەوەو دیمەنی گۆڕاوی تێدا بەدی دەکرێ ( وێنەی جوولاو ئەو وێنە دینامیکییەیە کە بەردەوامی و سروشتی تێدایە و تیشکە واتاییەکانی هەرگیز ناوەستێ ) [٢٩] راجی بە مەبەستی بەخشینی گیانێکی زیندوو بە شیعرەکانی چەندین وێنەی جوولاوی کێشاوە، بۆ نموونە بە وێنەیەکی جوولاو باس لەوە دەکات، کە لە پێناو خۆشگوزەرانی نیشتمانەکەی فرمێسکەکانی وەك نزا و پاڕانەوەیەك تێکەڵ بە خاکەکەی دەکات و دەڵێت :

تێکەڵ بە خاکم ئەکەم فرمێسکی هیوا تەلەب
تا سەوز و سوور و شین کا گوڵیش بپشکوون جەلەب
رەحمەت بباریٚ بەسەر باخ و رەز و مێرخوزار
دنیا درەوش بخاتە هەموولا بە رۆژ و شەب
چاو هەڵبڕێ گەل هەموو بە لێوی پڕ پێکەنین
قاپی لە خۆی دابخا خەزێنەداری غەزەب

( دەستنووسی شاعیر )

لێرەدا شاعیر ئەو کارانەی بەکاری هێناون رانەبردوون وەك ( ئەکەم، شین کا، بپشکوون، بباریٚ، بخاتە، هەڵبڕێ، دابخا )، بە هۆیەوە وێنەیەکی جووڵاوی کێشایە.

**چوارەم / لە رووی پێکهاتەوە :**

**١- وێنەی تاك :**

لە یەك تاکە وێنەی سەربەخۆ پێکدێت، کە شاعیر لە تاکە دێرێکدا دەیکێشێ یاخود لە هۆنراوەیەکی چەند دێریدا. ئەم وێنەیە لە وێنەکانی تری ناو هۆنراوەکە دانەبڕاوە، چونکە لەگەڵ وێنەکانی تر هەموو بەیەکەوە هۆنراوەکە دێننە بوون. ئەم جۆرە وێنەیە رۆڵێکی سەرەکی هەیە و چالاکە چونکە ( لە رێگای شیکردنەوەی وێنە تاکەکانەوە مەبەستی وێنە ئاڵۆزەکان روون دەبنەوە )[٣٠].

راجی باری ناتەواو و ناهەمواری ژیانی لە چوارچێوەی وێنەیەکی تاك دەخاتە روو، دەڵێ :

**لەسایەی خواوە خوا نانی بڕیوم**
**لە ئیشوکاری کۆمەڵ تیٚ تریوم**
**بە غەم وا کۆڵەوار و دڵ نەخۆشم**
**بە وێنەی کاڵەکی بڵ داتەپیوم** ( دەستنووسی شاعیر )

شاعیر نەبوونی بژێوی ژیان و هەژاری و دەست نەکەوتنی ئیش و کاری خستۆتە ئەستۆی پەروەردگار، و گلەیی دەکات لەم حاڵەی تیایدا دەژی، کە بێهێزی کردووە، هەروەك کاڵەکی نەرم و تەپیوی لێ هاتووە.

**٢- وێنەی لێکدراو :**

ئەم جۆرە وێنەیە، لە ئەنجامی لێکدانی دوو وێنە یا زیاتر پێکدێت ( بریتییە لە دوو وێنەی تاك یان زیاتر یەکیان گرتووە و ئاوێتەی یەك بوون بیرۆکەیەکیان خستۆتە روو کە ئاڵۆزترە لە بیرۆکەی وێنەی ساکار) [٣١]. راجی بە وێنەیەکی لێکدراو وەسفی جوانیی یارەکەی دەکا و دەڵێ :

**بڕوانە دەفەی سینەی سینی و قەدەحی خەمڵاو**
**جا ئەو قەدە شیرینەی کورت و خڕ و تێکسمراو**
**پووز و بەلەکی زیوین دەست و مەچەکی رەنگین**
**بەستەو لەچەکی نەخشین باغی مەم و دەم پاراو**
**کوڵمەی جگەری رۆژە روونـاك و گەل ئامۆژە**
**بەم خاڵەو و پشکۆژە بەم لێوەو و قەندی خاو**

( دەستنووسی شاعیر)

شاعیر وەسفی سینەی یارەکەی کردووە کە وەك سینییەکی رازاوەی بە جام و پێکی مەیە، و قەد و باڵای خڕ و کورتیلەیە کە شێوەیەکی جوان و شیرینیان پێ بەخشیوە. دواتر وێنەی بەڵەك و مەچەکی یاری کێشاوە، کە لە جوانی و سپیاتی وەك زیو دەدرەوشێنەوە، هەروەها لەچەکی بەستراو و سینگ و مەمکی، لە جوانیدا وەك باغێکی رازاوەن. کوڵمەکانی لە جوانی و رووناکییا وەکو رۆژ درەوش بەخشن و لێوەکانیشی وەك قەندی شیرینن. بەم شێوەیە شاعیر لە رێگەی چەند وێنەیەکەوە دیمەنی یارەکەی بۆ کێشاوین.

**پێنجەم / وێنەی رەمزی :**

رەمزیش هەروەك جۆرەکانی تر رۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە دروستکردنی وێنەی شیعری، رەمز (ئاماژەیە بۆ شتێك لە رێگەی بوونی پەیوەندی لە

نێوانیاندا)[٣٢]. هەروەها پەیوەندی هەیە لە نێوان ڕەمز و هونەرەکانی ڕەوانبێژی وەك ( لێکچواندن، خواستن، خوازە ). ڕەمز چەند جۆرێکی هەیە، لێرەدا ئەو ڕەمزانە دیاری دەکەین کە راجی لە هۆنراوەکانیدا بەکاری هێناون :

**١- ڕەمزی کەسی :**

ئەم جۆرە وێنەیە بەرهەمی خودی شاعیرە، بینینی کەسێتی ئەوە بۆ واقیع. شاعیر بە پێی خەیاڵ و تێڕوانینی خۆی کۆمەڵێك ڕەمز دروست دەکات. بۆ نموونە راجی " مانگ و هالە " ی وەك دوو ڕەمز بەکارهێناوە کە تایبەتە بە خۆی، یاری بە مانگ و خۆشی بە هالە چواندووە و دەڵێت :

**تۆ مەهـ بووی و ئێمە هالە دایم**
**کە چی ئیمڕۆ لە دەورا وێڵی هەردین** ( دەستنووسی شاعیر )

**٢- ڕەمزی گشتی :**

ئەو ڕەمزانە دەگرێتەوە کە لەناو زۆربەی میللەتان بۆ هەمان واتا و مەبەست بەکار دەهێندرێت، بۆ نموونە ( کۆتر نیشانەی ئاشتی، پشیلە نیشانەی سپڵەیی، شێر نیشانەی ئازایەتی...... ). راجی دەڵێ :

**دڵ دۆزە جیهان سۆزە هەناسەم لە غەریبی**
**پەژموردەیە پاماڵە گەلاڕێزە هەوارم** ( دەستنووسی شاعیر )

گەلاڕێزان ڕەمزێکی گشتییە واتای لەناوچوون و مردن دەگەیەنێ، شاعیریش بۆ هەمان مەبەست بەکاری هێناوە، کە بە هۆی دابڕان و دووری لە خۆشەویستەکەیەوە تووشی هەراسان و وێرانبوونی هەوارەکەی هاتووە.

**٤- ڕەمزی ئەفسانەیی :**

ڕەمز و ئەفسانە پەیوەندییەکی بە هێزیان بەیەکەوە هەیە ( ئەم پەیوەندییەش مێژوویەکی کۆنی هەیە و هەر لە سەرەتای پەیدابوونی ئەفسانەوە

دروست بووه، چونکه زۆربەی ئەفسانەکان سروشتێکی رەمزییان هەیە ) [٣٣].
راجی دەڵێ :

**مەفەرموو نامرادێکە هەتیو و بێکەس و زارە**
**لەخەم هەڵگرتنی دووریت بە قورئان رۆستەمی زاڵم** (دەستنووسی شاعیر)

رۆستەمی زاڵ رەمزی پاڵەوانی و ئازایەتییە. راجی خۆی بە ئەم شوبهاندووە، تا یارەکەی ئاگادارکاتەوە کە نەڵێ راجی کەسێکی بێ هێزە و توانای هەڵگرتنی ئەو ئازارەی نییە کە بە هۆی خۆشەویستییەوە دوچاری دەبێ.

**٤- رەمزی ئاینی :**

لەم جۆرەدا شاعیر پەنا دەباتە بەر رەمزی ئاینی لە رێگای سوود وەرگرتن لە دەقی کتێبە پیرۆزەکانی ئاسمان. بۆ نموونە راجی دەڵێ :

**یوسفی میسرە وڵاتم جوان و شیرین و بێ گوناه**
**خەڵکی لێی بۆتە زولەیخا و دەرگەداخەر (هیت لك)** (دەستنووسی شاعیر)

حەزرەتی یوسف رەمزێکی ئاینییە و رەمزی جوانی و پاکییە، زولەیخاش رەمزی خراپەکارییە. شاعیر دەڵێ : وڵاتەکەم وەکو یوسف جوان و بێ گوناهە، بەڵام خەڵك هەر وەك زولەیخا لێی بوونەتە دوژمن و دەستدرێژی دەکەنە سەر بە مەبەستی داگیرکردنی.

**٥- رەمزی کەلەپوور :**

کەلەپوور گەنجینەیەکی پڕ بایەخی میللییە، و هەموو ئەو رەمزە فۆلکلۆرییانە دەگرێتەوە کە شاعیر بەکاریان دەهێنێ بۆ دەوڵەمەندکردنی دەقە شیعرییەکەی. ئەدەبیاتی کوردییش خاوەن گەنجینەیەکی فراوانی کەلەپوورە، کە رۆڵێکی بەرچاوی لە بەرهەمی شیعری شاعیران پێکهێناوە. راجیش لە هۆنراوەکانیدا سوودی لە کەلەپووری نەتەوایەتی وەرگرتووە وەك کەرەسەیەك بۆ دروستکردنی وێنەی شیعری. بۆ نموونە دەڵێ :

**دڵ بە دەرد و داخـــەوە هاواری بێ ڕێ و جـێ دەکـا**
**بـێ دەر و شـــەیدایە ئاخـۆ حەز لە چاوی کێ دەکـا**
**مەست و لاوازە لە بادەی بێ غەش و دەردی بە سۆز**
**هەر وەکـو مەجنـــوونە داوای باوەشی لەیلێ دەکـا** ( دەستنووسی شاعیر)

( مـــەجنوون و لـــەیلا ) ڕەمزێکـــی کەلـــەپوورن، ڕەمـــزی خۆشەویـــستی و وەفادارین. شاعیر خۆی بە مەجنوون چـواندووە و یارەکەشـی بـە لـەیلا، کـەوا لـە دەردی خۆشەویستییا دڵی هەروەکو مەجنوون دەناڵێنی و داوای دیـدار و گەیـشتن بە خۆشەویستەکەی دەکات.

**٦- ڕەمزی مێژوویی :**

کەسـایەتییە مێژووییـــەکان هـــەردەم سەرچـاوەیەکی گرنگـی دروسـتکردنی وێنەی ڕەمزین، بەکارهێنانی ئەو کەسایەتییانەش گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو، و زیندوو ڕاگرتنیـــەتی لـــە لایـــەن شـــاعیرەوە لـــە چوارچـێوەی دەقـــە شـــیعرییەکانیدا (بەرجەستەکردنی ڕەمـزی مێـژوویی لـە نێـو دەقـدا لـە چـەمکی دەق ئـاوێزانبوون نزیکمـــان دەکاتـــەوە، نـــەك بـــە ئـــاوێزانبوونی دەقێـك بـــە دەقێکـــی تـــر، بـــەڵکو ئاوێزانبوونی دەقەکە بە ماهیەتی مێژوو، خواستنی کەرەسـەکانیەتی، ئەمـەش لـە چوارچێوەی کرۆك و مەبەستە تایبەتییەکانی نووسەر خۆی دەنوێنێ) (٣٤).

راجی لە وەسفی هەڵمەتی پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلول، دەڵێ :

**ڕۆستەم و سوڵتان سەلاحەدین و زەردەشتن هەموو**
**پاڵــەوانانی بە ســـامی ئێمە پێشمەرگەکانی کورد** ( دەستنووسی شاعیر )

(ســـەلاحەدین ) ڕەمزێکـــی مێژووییـــە و شـــاعیر مەبەســـتی ( ســـەلاحەدینی ئەیوبی) یە، کـە سـەرکردەیەکی گـەورەی ئیـسلام بـوو و خزمـەتێکی زۆری ئـاینی ئیسلامی کردووە. لێرەدا شاعیر لێکچواندنی لـە نێـوان پێـشمەرگە و سـەلاحەدینی ئەیوبی کردووە، لە ئازایەتی و هێرشبردندا.

## ئەنجامەکان

لە لێکۆڵینەوەکەماندا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە :

١- وێنەی شیعری وەك یەکێك لە رەگەزەکانی پێکهێنان و دروستکردنی دەقی شیعر، رۆڵێکی گرنگی هەیە لە بزواندنی هەست و بەخشینی چێژێکی خۆش بە خوێنەر و دەوری جوانکاری و روونکردنەوەش دەبینێت.

٢- راجی وەك شاعیرێکی هەست ناسك و خاوەن ئەندێشەی فراوان و بیرێکی ورد، گرنگی بە وێنەی شیعری داوە و شیعرەکانی بە چەندین وێنەی جۆراو جۆر و رەنگین رازاندۆتەوە.

٣- راجی بە بەکارهێنانی ژمارەیەکی زۆر لە هونەرەکانی رەوانبێژی، بە تایبەتی هەردوو هونەری لێکچواندن و رەگەزدۆزی، چەندین وێنەی جوانی پێ نەخشاندوون.

٤- راجی بەشی زۆری جۆرەکانی وێنەی شیعری بەکار هێناوە :

لە رووی هەستییەوە، ئەو وێنانەی بەکارهێناوە کە بەر هەستی بینین و بیستن و بۆنکردن و چەشتن و بەرکەوتن، دەکەون.

لە رووی شێوازەوە، لە وێنەی روونبێژی، وێنەی لێکچواندن و خوازەیی و خواستنی بەکار هێناوە.

لە رووی وەستان و جوولانەوەش، وێنەی وەستاو و جوولاوی بەکار هێناوە.

لە رووی پێکهاتەوە، وێنەی تاك و لێکدراوی بەکار هێناوە.

لە رووی رەمزییەوە، وێنەی رەمزی کەسی و گشتی و ئەفسانەیی و ئاینی و کەلەپووری و مێژوویی بەکار هێناوە.

## پەراوێزەکان

(*) لە نامەی ماستەری کانیاو عوسمان مستەفا وەرگیراوە بە ناونیشانی (لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری لە شیعرە کوردییەکانی (ڕاجی)دا)، بەسەرپەرشتی پ ی د. نوزاد وقاص سعید لە کۆلێژی پەروەردە/بەشە مرۆڤایەتییەکان /بەشی زمانی کوردی لە زانکۆی سەلاحەدین ڕێکەوتی ٢٠١٠/١٠/٦.

١ –ئیسماعیل راجی، چاوپێکەوتن، پێنج شەممە، ٢٠٠٩/٩/٢٤، رانیە

٢ – مەلا حەمەدەمین، چاوپێکەوتن، پێنج شەممە، ٢٠٠٩/٩/٢٤، رانیە

٣ – مەسعود محەمەد، راجی لە ژیانی دوای مەرگیدا، بەغدا، ١٩٨٤/١/٣٠، دەستنووس

٤ – ئەحمەد دلزار، چاوپێکەوتن، شەممە، ٢٠٠٩/١٠/١٧، هەولێر

٥ – کەریم شارەزا، چاوپێکەوتن، هەینی، ٢٠٠٩/١٠/١٦ هەولێر

٦ – ئیسماعیل راجی، چاوپێکەوتن، پێنج شەممە، ٢٠٠٩/٩/٢٤، رانیە

٧ – عبدالله دارتاش، مەلا راجی، گ– بەیان، ژ – ١٢٨، ل ٤٠

٨ – ئیسماعیل راجی، چاوپێکەوتن، ٢٠٠٩/٩/٢٤، رانیە

٩ – عبدالرزاق بیمار، گەڕانێك بە دیوانی شاعیری گەورەدا راجی، گ– برایەتی، ساڵی (١)، خولی دووەم، ١٩٧٠، ل١٧

١٠ – مەلا حەمەدەمین، چاوپێکەوتن، هەینی، ٢٠٠٩/١٠/٣٠، کۆیە

١١ – ئیسماعیل راجی، چاوپێکەوتن

١٢ ئیسماعیل راجی، چاوپێکەوتن

١٣ – ئیسماعیل راجی، چاوپێکەوتن

١٤ – سی دی لویس، الصورة الشعرية، ت– د. احمد الجنابي، بغداد، ١٩٨٢، ص ٩٠

١٥ – کەریم شارەزا، وێنەی شیعری لە دیوانی پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوەدا، گ– نووسەری نوێ، ژ ٢٦–٢٧، نیسانی ٢٠٠٥

١٦ د.محەمەد ئەمین محەمەد نووری، کەمالی لە بازنەی ئەدەبی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، ٢٠٠٨، ل ٨٦

١٧ ئەحمەدی مەلا، خەیاڵکردن و وێنەی شیعری و گرفتەکانی جیهانبینی، گ– رامان، ژ–٦٧، کانوونی دووەمی ٢٠٠٢

١٨ د.جابر عصفور، الصورة الفنية في التراث النقدي والبلاغي عند العرب، ط٣، المركز الثقافي العربي، بيروت، ١٩٩٢، ص ١٤

١٩ – د. فائق مصطفى _ د. عبدالرضا علي، في النقد العربي الحديث _ منطلقات وتطبيقات، ط١، مديرية الكتب للطباعة والنشر، موصل، ١٩٨٩، ص ٣٣

٢٠ – مصطفى عبدالشافي الشوري، شعر الرثاء في العصر الجاهلي، دار الجامعية للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٨٣، ص٢٧٩

[٢١] — د. دلشاد عەلی . دیلان و تاقیکردنەوەی شیعری، ل ١٦٩
[٢٢] سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٩
[٢٣] — سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی، بنیاتی وێنـەی هونـەری لـە شـیعری کوردیـدا ١٩٧٠ — ١٩٩١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل:١٦٩.
[٢٤] — د. فازیل مەجید مەحموود، سروشت لە شیعری گۆران دا، چاپی یەکەم — دەزگای چـاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧، لا— ١٤٦
[٢٥] — د. سەردار ئەحمەد حەسەن گـەردی، بنیـاتی وێنـەی هونـەری لـە شـیعری کـوردی دا — ١٩٧٠— ١٩٩١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤،ل:٢١٠.
[٢٦] د. سەردار ئەحمەد گەردی، وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا، ١٩٧٠— ١٩٩١، ل:٣٠.
[٢٧] د. سەردار ئەحمەد گەردی، وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا، ١٩٧٠— ١٩٩١ ،ل:٤٣.
[٢٨] هیتلەر ئەحمەد حەمە، وێنەی شیعری لای نـالی، نامـەی ماسـتەر، کۆلێـژی ئـاداب، زانکـۆی سەلاحەددین، ٢٠٠١، ل١٠٩
[٢٩] — د. سەردار ئەحمەد گەردی، وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا، ١٩٧٠ — ١٩٩١،ل ٢١٩
[٣٠] — شنۆ محەمەد مەحموود، ڕۆڵی سوارەی ئیلخانی زادە لە نوێگەری شیعری کوردی، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، ٢٠٠٦، ل ١١٤
[٣١] — د. سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیـدا، ١٩٧٠— ١٩٩١، ل ١٤٧
[٣٢] — ئاسۆ عومەر، بەها ئیستاتیکییەکانی شیعر لای پیرەمێـرد و شـێخ نـووری شـێخ سـاڵح و گۆران، چ١، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠٠٩، ل ١٦٦
[٣٣] — سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٧
[٣٤] — هێمن عومەر خۆشناو، شیعرییەتی دەقی چـیرۆکی کـوردی، چ١، چـاپخانەی ڕۆشـنبیری، هەولێر، ٢٠١٠، ل٣١٨

## سەرچاوەكان


**١- سەرچاوە كوردییەكان :**

**أ- كتێب :**

١- ئاسۆ عومەر، بەها ئیستاتیكییەكانی شیعر لای پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران، چ١، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠٠٩.

٢- رەفیق حیلمی، شیعر و ئەدەبیاتی كوردی، بەرگی یەكەم، مطبعة التعلیم العالي، اربیل، ١٩٨٨.

٣- سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی ( د. )، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری كوردیدا ١٩٧٠ – ١٩٩١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤.

٤- عەزیز گەردی، سەروا، چ١، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٩

٥- فازیل مەجید مەحموود ( د. )، سروشت لە شیعری گۆراندا، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧.

٦- مارف خەزنەدار ( د. )، مێژووی ئەدەبی كوردی، بەرگی یەكەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە هەولێر، ٢٠٠١ .

٧- مەعرووف خەزنەدار، كێش و قافیە لە شیعری كوردیدا، چاپخانەی الوفاء، بەغداد، ١٩٦٢

٨- هێمن عومەر خۆشناو، شیعرییەتی دەقی چیرۆكی كوردی، چ١، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١٠ .

**ب- گۆڤار و رۆژنامە :**

١- ئیدریس عەبدوڵلا، بەیت و تیۆرییەكانی هۆنینەوەی بەیت لە ئەدەبیاتی میللیی كوردیدا، گ- ئەكادیمی، ژ-٥، ٢٠٠٧.

٢- ئەحمەدی مەلا، خەیاڵكردن و وێنەی شیعری و گرفتەكانی جیهانبینی، گ- رامان، ژ- ٦٧، ٢٠٠٧.

٣- عەبدولرەزاق بیمار، گەڕانێك بە دیوانی شاعیری گەورەدا راجی، گ- برایەتی، ژ-٨، ت٢، ١٩٧٠.

٤- عەبدوڵلا دارتاش، مەلا راجی، گ- بەیان، ژ- ١٢٨.

٥- محەمەد داریاس، دوو پارچە شیعری مەلا راجی، ر- دەنگی میللەت، ژ- ١٥٢، ٢٠٠٤.

**٢- سەرچاوە عەرەبییەكان**

**أ- كتێب:**

١- جابر عصفور (د.)، الصورة الفنية في تراث النقدي والبلاغي عند العرب، ط٣، المركز الثقافي العربي، بیروت، ١٩٩٢.

٢- سمير بدوان قطامي، الياس فرحات شاعر العرب في المهجر ( حياته و شعره )، دار المعرفة بمصر ١٩٧١.
٣- سي دي لويس، الصورة الشعرية، ت- د. احمد الجنابي، بغداد، ١٩٨٢.
٤- فائق مصطفى (د.) - عبدالرضا علي (د.)، في النقد العربي الحديث - منطلقات وتطبيقات، ط١، مديرية الكتب للطباعة والنشر، موصل، ١٩٨٩.
٥- مصطفى عبدالشافي الشوري، شعر الرثاء في العصر الجاهلي، دار الجامعية للطباعة والنشر بيروت، ١٩٨٣.

**ب- گۆڤار :**

١- معروف خزنەدار، أغراض الشعر الكردي ومضامينه، مجلة نووسەری نوێ، ع-١١، ١٩٩٩

**٣- فەرهەنگ:**

١- گیو موکریانی، فەرهەنگی مەهاباد، چاپی یەکەم، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، ١٩٦١.
٢- ..................، فەرهەنگی کوردستان، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، ١٩٩٩

**٣- نامە ئەکادیمییەکان:**

**- کوردی :**

١- محەمەد ئەمین محەمەد نووری ئەمین، کەماڵی لە بازنەی ئەدەبی کوردیدا نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٨.
٢- شنۆ محەمەد مەحموود، ڕۆڵی سوارەی ئیلخانی زادە لە نوێگەری شیعری کوردی، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، ٢٠٠٦.
٣- هیتلەر ئەحمەد حەمە، وێنەی شیعری لای نالی، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠١.

**٤- چاوپێکەوتن :**

١- ئیسماعیل راجی، چاوپێکەوتن، پێنج شەممە، ٢٠٠٩/٩/٢٤، ڕانیە.
٢- ئەحمەد دڵزار، چاوپێکەوتن، شەممە، ٢٠٠٩/١٠/١٧، هەولێر.
٣- کەریم شارەزا، چاوپێکەوتن، هەینی، ٢٠٠٩/١٠/١٦، هەولێر.
٤- مەلا حەمەدەمین، چاوپێکەوتن، هەینی، ٢٠٠٩/١٠/٣٠، کۆیە.

**٥- دەستنووس :**

١- عەبدولرەحمان راجی، پێشەکییەك لەسەر ژیانی راجی.
٢- مەسعود محەمەد، راجی لە ژیانی دوای مەرگیدا، بەغدا، ١٩٨٩٤/١/٣٠.

**ملخص الرسالة**

الصورة الشعرية هي المصدر الذى يعتمده الشاعر في التعبير عن تجربته الشعرية وهي أحد عناصر تكوين النص الشعري، كما ان للصورة دورا كبيرا في تحريك الحواس وامتاع المتلقى. فهي أساس من أسس الابداع الشعري والكشف عن مقدرة الشاعر في ايصال تجربته.

و بما أن الباحث أراد أن يخرج تجربة ( راجي ) الشعرية الى النور حيث أنها بقيت مختئبة في ثنايا مخطوطة ولم تلقي حظها من الشهرة ولم تقم عليها أي دراسات الى الآن. لذا اختار دراسة الصورة الشعرية عند هذا الشاعر الكوردي المبدع، ليلقي بذلك ضوءاً على تجربته الشعرية مستخدماً في ذلك المنهج التحليلي، وقد واجه صعوبات سببتها صعوبة الالتقاء بشخصيات قريبة من الشاعر، فضلاً عن قلة الدراسات التي تناولت حياته ونتاجاته.

وقد فصل البحث في محورين فضلاً عن المقدمة :

تناول المحور الاول نبذة عن حياة الشاعر فضلاً عن تقديم تعريف للصورة الشعرية وبيان أهميتها.

بينما تخصص المحور الثاني في أنواع الصورة الشعرية من حيث تقسيماتها الى صورة حسية، صورة شعرية أسلوبية، صورة شعرية من حيث الحركة والسكون، الصورة الشعرية من حيث البناء، الصورة الرمزية.

و أختتم البحث ببيان أهم النتائج التي توصل اليه مع ثبت بالمصادر وملخص باللغتين العربية والانكليزية.

## Abstract

Poetic imagery is a very important source of poetry by which a poet is going to achieve his goal and build the text of a poem. It possesses its role in attracting reader's attention. Because of the significance of this subject in the poems of Rajy who is one of the best poets whose poems have not yet been published, we have conducted this study.

The study consists of two sections in addition to the introduction. The first one is devoted to the poet's life and the significance of poetic imagery.

The second section deals with the types of poetic imagery as far as feeling and wisdom are concerned. At the end, the results references and the abstract, in both Arabic and English languages are shown.

# دووالیزمی شوێن لە قەسیدەی (قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مروور)ی حەزرەتی نالی

پ.ی.د.سەردار ئەحمەد گەردی
زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر
کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان
بەشی زمانی کوردی

## پێشەکی

لە باسکردنی ئادەمیزاددا شوێن دێتە پێشەوە، چونکە ئادەمیزاد پەیوەستە بە شوێنەوە و بەبێ شوێن نابێت. شوێنیش کۆمەڵە پەیوەندییەکی جۆراوجۆرە لە دەوری مرۆڤ ئالاوە و لێی جیا نابێتەوە ئەگەر شوێنیش بەبێ ئادەمیزاد ببێت مرۆڤ بەبێ شوێن نابێت. بۆیە شوێن لە دەقی ئەدەبیدا تەنیا پانتاییەك نییە ململانێ کەسایەتییەکانی تیا بەرجەستە بکرێ، بەڵکو ڕەگەزێکی جەوهەری دەقە. سیمای زیندووی کەسایەتییەکانی تیا دەردەکەوێت. بیرە ئەبستراکتەکان بە بەرجەستەیی دەخاتە ڕوو. کاریگەری زۆری لەسەر ئادەمیزاد هەیە و هەرچی دیاردە و ڕووداو هەیە لەسەر ئەو شوێنەی کە مرۆڤ تیایا دەژیت لە دڵ و دەروونیدا ڕەنگ دەداتەوە و بە جۆرێك هۆگری دەبێت دەستبەرداربوونی ئاسان نییە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر جار ئەو شوێنانەی کە مرۆڤ هۆگریانە بە بارێکی وا دەگۆڕێن کە ئۆقرەیان تیا نەگریت تەنانەت گەر شوێنی لەدایکبوونیشت بێت. نالیی دوورە وڵاتیش لە غوربەتدا وا سووتاوە و تالاوی غەریبی چەشتووە. ئەوەندە پەیوەستە بە زێدی خۆی و باب و باپیرانیەوە. ئەوەندە هۆگری وڵاتەکەیەتی. هەر ئەو هۆگری و پەیوەستبوونەیە کە وای کردووە ئەم شاکارەدابهێنێت. سۆزی خاك هەڵیدەگرێ و ڕۆحی نالی لەگەڵ بای ڕەوهان بە پەرۆشەوە بەرەو خاکی بابان دەکەوێتەڕێ. لە

بازنەیەکی زۆر گەورە دەست پێ دەکات و بەرەو بازنەیەکی بچووك هەنگاو دەنێت. یان لە شوێنێکی کراوە بەرەو شوێنێکی داخراو. دوو چەمکی دژ. دیارە ئەمەش لەخۆڕا نییە، بەڵکو هێزێکی دەروونییە کە وا لە مرۆڤ دەکات بە پەرۆشەوە بەرەو وڵاتەکەی ئنجا شارەکەی ئنجا گەڕەکەکەی و ماڵەکەی لەوێشدا ژوورەکەی کە شوێنی زۆرترین یادگارەکانیەتی. یادگارێك کە لە قووڵایی دڵ و دەروونیدا نەخشاوە و قەت ناسڕێتەوە.

**هۆکاری هەڵبژاردن :**

دەرخستنی لایەنێکی تر لە شیعرەکانی (نالی)دا کە پەیوەندی شاعیرە بەخاکەوە ڕوون دەکاتەوە، هانی دام ئەم بابەتە هەڵبژێرم.

**سنووری لێکۆڵینەوەکە :**

ئەم لێکۆڵینەوە لە چوارچێوەی قەصیدەیەکی (نالی)دایە کە گەشتێکە بەرەو خاکی نیشتمان. لەو گەشتەدا ڕۆحی نالی لەنێوان دووالیزمەکانی شوێن یاری دەکات. لەنێوان شوێنی کراوە و داخراودا. لەنێوان شوێنی گشتی و تایبەتیدا ئنجا لەنێوان هۆگری و بێ ئۆقرەییدا. لەو کاتەی وەك هەڵۆیەك بە پەرۆشەوە بەرەو هێلانەکەی دێت لەجێی ژواندا تێدەگا ئەو شوێنەی کە خۆشترین شوێن بوو لەلای ئەو ئێستا ناخۆشترین شوێنە، ئۆقرە ناگرێ و چەند بەتاو هات زۆر بەتاوتر لێی دەردەچێت و ڕوودەکاتە شوێنێکی تر.

**ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە :**

ڕێبازی پەیڕەوکراو لە لێکۆڵینەوەکەدا (تیۆری-شیکارییە)

**چەمکی شوێن**

شوێن تەنیا پانتاییەکی بچووك یان گەورە نییە لەناو دەقی ئەدەبیدا، بەڵکو ڕەگەزێکی چالاك و بەرپاکەری کۆمەڵێ پەیوەندی جۆراوجۆرە لەگەڵ ڕەگەزەکانی تردا. بۆیە ئەدەب مامەڵە لەگەڵ شوێن ناکات وەك جێگەی ڕوودانی ڕووداو یان

دیارخـەری ڕووداو ، تەنانـەت بـە سـیفەتە جوگرافییەکەشـی کـە کەسـایەتییەکان دەگرێتـەخۆ. بـەڵکو شـوێن وەك جەوهـەرێك وەردەگرێـت و تـەوەرێکی جـێگیر لـە ڕووبەڕووبوونـەوەی کۆمـەڵێکی جیـاواز لـە تـەوەرە گۆڕاوەکـان و ((ڕەهەنـدێکی هونەری فەلسەفی تازە بەدەست دێنێت، وەشوێن دەگۆڕێت بۆ ڕەگەزێکی ئیجـابی چـــالاك کـــە کۆمـــەڵێك دەلالـــەت و ئیحـــای تـــازە دەخاتـــە ســـەر کەسایەتییەکان))(٢٤:٧٧) ئادەمیزاد ڕاستەوخۆ پەیوەستە بەشـوێنەوە. لەوانەیـە شوێن هەبێت بەبێ مـرۆڤ، بـەلام هـەرگیز مـرۆڤ بـەبێ شـوێن نابێـت. بـۆیێ شـوێن بەشێکە جیانابێتەوە لەو کەسایەتییانەی تیایا دەجوولێت یان تیایا جێگیر دەبن و ((سیمای زیندووی کەسایەتی وەردەگرێت و ڕۆڵی کەسایەتییەکان دیاری دەکرێـت بەقووڵیی ئەو پەیوەندییە بەشوێنەوە. هەروەها کەسایەتییەکان لە بەدەستهێنانی خودی خۆیان سەرکەوتوو نابن لەدەرەوەی شوێندا، لەو بارەشدا نووسەر سـیفاتی خەیاڵی خۆی دەخاتە سەر سـیفاتە واقیعییـەکانی شـوێن))(٢٥:٢٦ ) کـە بـاس لـە شوێن دەکرێت لە هەر دەقێکدا بێت دەبێت لە دووتوێی کاتدا باسـی لێـوە بکرێـت چونکە ((شوێن لە بۆشاییدا یان لە ئەبستراکتێکی ڕووتـدا دروسـت نابێـت، بـەڵکو شـوێنێکە سـنوورەکەی بەجوولـەی کـات دیـاری دەکرێـت، چـونکە شـوێن بـە بەردەوامی لە گۆڕاندایە بەپێی جوولەی مرۆڤ ئەو جوولەیەی کە کات دەیخاتە سەر شـوێن، لــە هــەمان کاتــدا شــوێن دەیخاتــە ســەر کــات.))(١٨ : ٤٠ ) ئــەم گۆڕانکارییانەش ڕێکخستنی یەك لە دوای یەکی لێ دێتە ئاراوە. دیارە کاریگـەری و پەیوەندی کات و شوێن بەیەکـەوە زۆر لـەوە گـەورەترە کـە تـەنیا بـە ڕەگـەزێکی ئاسایی بژمێردرێت بۆیە ناتوانرێت ((کات و شوێنی ڕووداو دابنرێـت بـە شـێوازێکی هونــەری کــە نووســەر بــەکاری دێنێــت بــۆ گەیــشتن بــە لاســاییکردنەوە واتــە نزیکخستنەوەی کاری ئەدەبی لە زەینی خوێنەراندا بەوەی وای لـێ بکـات مـومکن بێت یان ئەگەری ئەوەی هەبێت چونکە هەر کارێکی ئەدەبی بە بـێ کـات و شـوێن بە ماقووڵ دانانرێت وە لەگەڵ شارەزایی ڕۆژانەمان و واقیعـی ژیانـدا ناگونجێـت.)) (٢٢: ٨٣) لەوانەیـە کـاتێ بـاس لـە شـیعری لیریـك دەکرێـت هەنـدێ جـار شـوێن بەخۆیــەوە نــەگرێت چــونکە هــەڵقوڵاوی هەســت و ســۆزی شــاعیرە بەرامبــەر بەخۆشەویــستەکەی، هەســت و ســۆزەکەی تــەنیا لــەدەوری خــودی خــۆی و

دڵبەرەکەیدا دەسووڕێتەوە. بۆیە مەرج نییە باس لەشوێن بکات هەرچەندە ئەگەر خۆشەویستەکەی بگەڕێنینەوە بۆ دەرەوەی دەقەکە ئەوا کات و شوێنی خۆی هەیە چونکە هیچ خۆشەویستییێکیش لەبۆشاییدا ناکرێت تەنیا گەر لەبنچینەدا ڕاست نەبێت. بەڵام کاتێ باس لە شیعری بابەتی دەکرێت ئەوا کات و شوێن زۆر بەزەقی دەردەکەوێت چونکە پەیوەندییەکی بەتینیان بەبابەتەوە هەیە و بوونیان بەبێ یەکتر مەحاڵە و زۆر جار شوێن ناوەرۆکی بابەتەکە ڕوون دەکاتەوە و لەگەڵ کاتدا وابەستەی قەوارەی ڕووداون ((هەموو ڕووداوێك ڕوودەدات بەڵام بەبێ بوونی شوێن روونادات))(١٠ : ١٩٤) شوێن لە ڕوونکردنەوەی بابەتدا ڕۆڵێکی چالاك دەبینێ. تەنانەت ئەگەر بابەتەکە ئەبستراکتیش بێت. (( زیادکردنی سیفەتە شوێنییەکان بۆ سەر بیرە تاقەوەبووەکان یارمەتیدەرە بۆ بەرجەستەکردنیان گوزارشتە شوێنییەکان بەکار دەهێنرێن بەنۆبە لەگەڵ تاقەوەبووەکاندا ئەوەش نزیکی دەکاتەوە لە تێگەیشتن، ئەم بەرجەستەکردنە شوێنییە پراکتیزە دەبێت لەسەر زۆرێك لەرێکخراوە کۆمەڵایەتی و ئاینی و رامیاری و رەوشتییەکاندا)) (١٣:١٤٥) بابەتە واقیعی و تاقەوەبووەکان لە باوەشی شوێندا خۆیان دەنوێنن و گوزارشت لەخۆیان دەکەن کەواتە بەبێ بوونی شوێن بابەت بوونی ئەستەمە نەك هەر بابەت زۆربەی ڕەگەزەکانی تری ئەدەبی پەیوەستن بەشوێنەوە وەك ئاماژەمان پێکرد کات لەگەڵ شوێندا دوولەتی یەك شتن و هەمیشە لەگەڵ یەکدا دێن. (( بەپێی لۆجیك هەر مەسەلەیەکی تاك و تایبەت بە ئاماژەکردن بۆ دوو جیاکەرەوەی هاوبنەما –واتە کات و شوێن پێناسە دەکرێ لە ڕووی سایکۆلۆجییەوە ئەو وێناکردنەی کە سەبارەت بە کات هەمانە (هەمیشە بە وێناکردنی شوێنەوە پەیوەستە ) لەڕاستیدا ئەم دوو ڕەهەندە لەبەر زۆر مەبەستی پراکتیکی قابیلی جیاکردنەوە نین لەیەکتری ئەگەر باش سەرنج بدەین دەبینین کە ناتوانین بەئاسانی ماوەیەکی تایبەتی بوون (وجود) بهێنینە بەرچاوی خۆمان مەگەر ئەوەی کە ئەو ماوەیە لەبواری شوێنەکەشیدا دابنێین ))(٢ : ٣٧) سەرەڕای کات شوێن بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە کەسایەتییەکانەوە هەیە کە لە باوەشی ئەم شوێنەدا خول دەخۆن. ژینگە ڕەنگدانەوەیەکی تەواوی لەسەر میزاجی ئادەمیزاد هەیە و ((لە هەندێ کاری نموونەییدا دەگۆڕێت بۆ فەزایێك کە

هـــەموو ڕەگـــەزەکانی ڕۆمـــان دەگرێتـــەخۆ لەنێوانیـــشیاندا ڕووداو و کـــات و کەسایەتییەکان وەئەو پەیوەندییەی کە لەنێوانیاندا هەیە وەئـەو کەشـوهەوایەیان پێ دەبەخشێت کـە تیایـا ڕوودەدات وەگوزارشـت لـە بۆچـوون و تێڕوانینـی خـۆی دەکات وەخودی خۆی دەبێتە یارمەتیدەرێك لەسەر پەرەپێدانی ڕۆمـان، هـەڵگری ڕوئیـەی پاڵـەوان و بـۆ تێڕوانینـی نووسـەر، بـەم حاڵەتـەش شـوێن نابێتـە پارچـە قوماشێك بەگوێرەی تابلۆکـە، بـەڵکو دەبێتـە ئـەو فەزایـەی کـە تابلۆکـە دروسـتی دەکـات )) (٩ : ١٣٨-١٤٣ ) شـوێن ئەوەنـدە کاریگـەری لەسـەر ئـادەمیزاد هەیـە وەکو ئەوە وایە یادگارەکانی هەموو کونج و قوژبنێکی ئەو شوێنە لەدڵ و دەروونی ئەو کەسە هەڵکەنرابێت و هەرگیز کاڵ نەبێتەوە و لەیاد نەکرێت بۆیە هەرگیز ((لەو یەکەم پلیکانەی کە نەختێك بەرزە ساتمە ناکـەین، چـونکە بـوونی گشتی ماڵەکـە بەئەمانـەوە لەبەرامبـەر بوونمـان دەکرێتـەوە. پـاڵ بـەو دەرگایـەوە دەنـێین کـە سیڕەیەك دروست دەکات سیڕەی هەمان جوولەی پێشوو. دەتـوانین لەتاریکیـشدا ڕێگای خۆمان بەرەو ژوورەکە بدۆزینەوە ئەو ژوورەی کـە لەسـەربانە))( ١٧ : ٥٢) ئـەو یادگـارە تـاڵ و شـیرینانەی وار کـە لـە دڵ و دەروون و بیروهۆشـی شـاعیردا هەڵکەندراوە جارێکی تر لە شیعردا ڕەنگ دەداتەوە و شاعیر دەخاتە سـەر هـەمان کەفوکوڵی ڕابـردوو (( شـیعر سـۆزی گەڕانـەوەمان پـێ نابەخـشێت بـۆ سـەردەمی گەنجێتی ئەو سۆزەی کە پەڕپووتە، بەقەدەر ئەوەی ئەو سۆزەمان پێ دەبەخشێ بۆ گۆڕانی سەردەمی گەنجێتی لـەخودی خۆیدا. شـیعر ئـەو وێنانـەمان پێـشکەش دەکات کە پێویست بوو بێنێتەوە خەیاڵمان لەکاتی گەنجێتیـدا، وێنـەی سـەرەتای هەڵکـەنراوێکی سـادەی سـەرداره داوامـان لـێ دەکـات جـارێکی تـر خـەیاڵی لێ بکەینەوە، هەندێ شوێنن لە بووندا بۆمان دەگەڕێتەوە ئەو ماڵانەی یەقینی بـوونی مرۆڤایەتی تیا چەقبەستووە لەئەنجامی ئەمەدا ئینتیباعێکمان لەلا دروست دەبێت کاتێك لە وێنـەی ئـاوادا دەژیـن، لەوێنەیـەکی وا کـە دڵنیـایی دەبەخـشێت. ئەوسـا لەتوانامانـدا دەبێت ژیانێکی نوێ دەسـت پـێ بکـەین ژیانێـك کـە مـوڵکی خۆمانـە، ژیانی خۆمانە لە قووڵایی قووڵاییمانەوە ))(١٧ : ٦٩ ) کەواتە شوێن ڕەگـەزێکی وا سادە و ساکار نییە و تەنیا مەیدانی جووڵەی کەسایەتییەکانیش نییە بەڵکو شوێن ئەزموونێکی قووڵی دەوڵەمەندە، ئەزموونێکە پڕ لـەتاڵی و سـوێری پـڕ لـە ئـێش و

ئازار پڕ لە بیر و بۆچوون. بیر و بۆچوونێك کە خەیاڵی وەرگر دەورووژێنێت و دەیخاتە سەر باری ئەو کەسەی کە تاڵی و ئێش و نەهامەتێکی تیا چەشتووە. بۆیە شوێن ڕەگەزێکی چالاکی نێو دەقی ئەدەبییە بەگشتی. ڕەگەزێك کە کاریگەری و ڕەنگدانەوەی لەسەر گشت ڕەگەزەکانی تردا هەیە.

## جۆرەکانی شوێن

زانایان بەپێی ئەو شوێنانەی کە لەناو دەقەکاندا هەیە چەند جۆر کاتیان دیاری کردووە. هەندێك لەو شوێنانە جووت جووت لە بەرامبەر یەك دەوەستن. دەتوانین بڵێین پێچەوانە یا دژی یەکترن و دووالیزمی شوێن دروست دەکەن.

هەر لەڕووی واقیعی و خەیاڵییەوە شوێن کراوە بە دوو بەش.

### ١- شوێنی واقیعی

ئەو شوێنەیە کە نووسەر یان شاعیر لەواقیعدا هەڵی دێنجێت دەیخاتە ناو دەقەکەیەوە. واتە بوونێکی واقیعی هەیە و لەم گەردوونەدا بۆشاییێکی داگیر کردووە، دەتوانرێت هەستی پێ بکرێت و ژیانی لەسەر هەبێت.

### ٢- شوێنی خەیاڵی

ئەو شوێنەیە کە بوونی نییە بەڵکو نووسەر یا شاعیر لە خەیاڵی خۆیەوە دروستی دەکات و ناوێکی بۆ دادەنێت ((ئەو شوێنانەیە کە مێشك درکیان پێ دەکات، بەڵام لەنێویدا ژیان بەسەر نابەین، دەزانین لەکات و شوێنێکدا هەبوون بەڵام کات و شوێنی ئێمە نییە.)) ( ٢٠ : ٢١٧ ) لەوانەشە بوونی هەر نەبێت و تەنیا لەخەیاڵی نووسەرەوە هاتبێتە سەر کاغەز ((شوێنێکی زارەکی و خەیاڵ ئامێزە واتە ئەو شوێنەیە کە زمان دروستی کردووە )) (١٤ : ٢٥) و تەنیا بەمەبەستی پێویستی دەقەکە هاتۆتە ناوەوە.

(د. شجاع مسلم العاني ) لە کتێبی (البناء الفني في الروا ية العربية في العراق ) چوار جۆر شوێنی دیاری کردووە. هەر یەکەیان تایبەتمەندیی خۆی هەیە.

**١- شوێنی شانۆیی**

شوێنی خوازەیشی پێ دەڵێن. ئەویش شوێنێکی سنوورداری بچووکە زیاتر شوێنی تایبەتییە و گەلێ سیمای تایبەتی دەگرێتە خۆ ( ئەدوین مۆیر ) دەڵێت ((لە ڕۆمانی درامیدا بەشێوەیەکی گشتی مانایەکی کز و سنوورداری هەیە.)) (١٥ : ٣٣ ) چەند خاسیەتێکی ئەو شوێنە دیاری دەکات کە خۆیان لە بێ ڕەنگی و سنوورداری و دوورەپەرێزی و درێژبوونەوە و بەردەوامی بەخۆوە دەبینن. سەرەڕای ئەوەش شوێنێکی نێگەتیف و ملکەچە بۆ ڕووداو و کەسایەتییەکان. بڕوانە ( ١٥ : ٣٣) ئەم جۆرە شوێنە بەگوێرەی ئەو خەڵکانەی تیایا دەژین خۆی لەدوو واتادا دەبینێتەوە، دوو واتا دژ یەك ئەوانیش بەیەکەوە ژیان و ململانێ. دیارە ئەو سیفاتانەی لە شوێنی شانۆییدا هەیە لەوانەیە لەزۆربەی شوێنەکاندا هەبێت.

**٢- شوێنی مێژوویی**

ئەم جۆرە شوێنە لە سیفاتەکانیدا جیاوازییەکی وای نییە لەگەڵ جۆرەکانی تردا، تەنیا ئەوەندەیە کە ڕەهەندی کات لەم جۆرە شوێنەدا زۆر بەئاشکرایی دیارە. واتە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە کاتەوە هەیە ((ئەو شوێنەیە کە لەکات دانابڕێت ، ئەمە لەوانەیە ئیلهامی ئەوەمان پێ ببەخشێت کە بێینە سەر ئەو باوەڕەی کە جۆرە شوێنێك هەیە پەیوەندی بەکاتەوە نییە لەڕاستیدا مەسەلەکە پێچەوانەیە چونکە بەبۆچوونی ئێمە هیچ شوێنێك نییە بە هیچ شێوەیەك لەشێوەکان لە کات دابڕێت سەرەڕای ئەوە ناتوانین لەجوولەشی دابڕین کە بریتییە لەکۆی کات و شوێن.))(١٥ : ٥٩) کەواتە شوێن لە جوولەدایە جوولەش وابەستەبوونی کات و شوێنە بۆیە ئەو دوو ڕەگەزە بەهیچ شێوەیەك لەیەك دانابڕێن ((کات و شوێن لەیەکەیەکدا پەیوەستن کە لێك جیا ناکرێنەوە. ئەویش بەیەکگەیشتنی کاتی شوێنییە یان بەیەکگەیشتنی شوێنی کاتییە. هەردوو لەحاڵەتی جوولەیەکی بەردەوامدان )) (١٦ : ٢٩٣) کەواتە شوێنی مێژوویی جیاوازی لەگەڵ شوێنەکانی تردا ئەوەیە کە مۆرکێکی مێژوویی پێوەیە و ڕۆژێ

لەڕۆژان خەڵکێك بەرگرییان لێ کردووە و بەخوێن ڕەنگڕێژیان کردووە و بە نـەمری لە ویژدانیان ماوەتەوە و هەر ئەمەش وای کردووە بەنەمری لە مێژوودا بمێنێتەوە.

**٣- شوێنی هۆگر**

ئەو شوێنەیە کە لەدڵ و دەروونی کەسەکاندا هەڵکەنراوە و بـەهیچ شـێوەیەك کاڵ نابێتەوە چونکە تاڵی و شیرینیی ژیانیان تیـا چەشـتووە و ئـەو شـوێنەیە کـە تیایا هەستیان بەئارامی کردووە، باوەشی گەرمی دایکێکی دڵسۆز بـووە. شـوێنی هۆگر تاکە شوێنێك نییە بەڵکو هەموو ئەو شوێنانەیە کە تیایا ژیاوین هەستمان بـە تامی ژیان کردووە. بـەلای زۆر لـە زانایانـەوە خۆشـترین و هـۆگرترین شـوێن ماڵـە بەتایبەتیش ماڵی سەردەمی منداڵییە ئەو ماڵەی یەکەم جـار چـاوت ڕۆشـنایی بـەر کـەوتووە. (باشـلار) دەڵێـت : ((کـاتێ خـەو بەماڵـەوە دەبیـنین کـە تیایـا لـەدایك بووین، لەو کاتـەی لـە قـووڵایی ئەوپـەڕی خاوبوونـەوەداین، تێکـەڵ بـەو هۆگرییـە بنچینەییە دەبین لەناو ئەو مادەیەی فیردەوسیی مادیمان. ئا ئەمـە ئـەو کەشـەیە کـە ئــەو ئـادەمیزادەی لـەناوەوەی خۆیــەوە لێ دەکرێـت تیایـا دەژی، ئەوسـا دەگەڕێنـەوە بـۆ سـیمای دایکایـەتی مـاڵ، لێرەدا دەمـەوێ جـەخت لەسـەر ئـەوە بکەمــەوە کـە زیندەخەونـەکانمان پڕیـەتی لـە بـوونی مـاڵ کـە بـەرەو ئـەومان دەبات.))(١ : ٤٥ ) ڕاستە مرۆڤ لەماڵدا لەباوەشی ئـەو شـوێنەیە کـە تیایـا لـەدایك بووە. هەست بەئارامی و هۆگری دەکات. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ لەشوێنی تردا هەسـت بـەهۆگری نـەکرێت. هـەر شـوێنێك لـەناو دەروونـی مرۆڤـدا شـوێنی خـۆی بکاتەوە مرۆڤ هۆگری ئەو شوێنە دەبێـت جـا ئـەو شـوێنە هـەر کـوێ بێـت. گـرنگ هەستکردنە بەسۆزو گـەرموگوڕی و ئـارامی ئـەو شـوێنە کەواتـە ((مەبەسـتمان لـە شوێنی هۆگر هەموو شوێنێکە کە تیایا ژیـاوین و گـەورە بـووین و لەگـەڵیا کارمـان لەیەك کردووە و تیایا هەستمان بەئاسوودەیی و پاراسـتن کـردووە.)) ( ٢٤ : ٩٩ ) ژیان و پەروەردەبوونی مرۆڤ لەشوێنێکدا لەهەموو گۆشەیەکدا لەسەر هـەموو چـڵە دارێکـدا لەسـەر هـەموو بەردێکدا یادگـارێ جـێ دەهێڵێـت تـا وای لێـدێت ((مـاڵی یادگارەکان دەبێتە سایکۆلۆژیایەکی ئـاڵۆز و پەیوەسـت دەبێـت بەگـشت گۆشـە و کونجەکان، ماڵی تەنیایی، ژووری خەوتن، ژووری ژیان کە کەسایەتی سەرەکی تیـا

پەخش دەكرێت ))( ١٧ : ٥١ ) بەم پێیە هۆگری لەگشت كونجێكی ئـەو ماڵـە بـڵاو دەكاتـەوە و لەهـەموو لایەكـدا هەسـتی پێـدەكات و ئارامییـەكی پێدەبەخـشێت و هەست دەكات كە پارێزراوە بۆیە لەكوێ بێت سۆزی هەر بۆ ئەو شوێنەیە.

**٤- شوێنی بێ ئۆقرەیی :**

ئەو شوێنەیە كە ئادەمیزاد نایەوێ تیایا بژی و ڕقی لێیـەتی. جـا ئـەو شـوێنە بەویستی خۆی تیایا بژی یان ناچار كرابێت. دیارە ویستی خۆشی هەر بارێك هەیە ناچاری كردووە. شوێنی بێ ئۆقرەیی ئەو شوێنەیە كە بنەماكانی ژیـانی لەدەسـت داوە یان هەر تیایا نـەبووە. بۆیـە مـرۆڤ هـەرگیز تیایـا هەسـت بـەهۆگری ناكـات و هـەردەم نـەفرەتی لـێ دەكـات ((هەنـدێ شـوێن هەیـە ئـادەمیزاد تیایـا هەسـت بەهۆگری ناكات، بەڵكو بەپێچەوانەوە هەست بەبێ ئۆقرەیی دەكات. ئەو شـوێنانە یـان ئـادەمیزاد زۆری لـێ دەكرێـت كـە تیایـا بـژیت وەك زینـدان و گرتووخانـە و دوورخستنەوە، یان مەترسی مەرگی تیا حەشار دراوە لەبەر هەر هۆیەك یان زیـاتر وەك بیابان )) (١٥ : ١٢٩) جا ئەوە مەرج نییە ئەو شوێنەی كە بێ ئۆقرەییـە لـە بنچینەدا شوێنی بێ ئۆقرەیی بێـت بـەڵكو لەوانەیـە بـەگوێرەی هەنـدێ كـەس بـێ ئۆقرەیی نەبێت چونكە ((هۆگری لەنێوان ئادەمیزاد و شـوێنی ڕووتـدا نایەتـە دی، بەڵكو ئەو هۆگرییە لەو خەڵكانە دێتە ئاراوە كە لەو شوێنە نیشتەجێ بوون. ئەگەر ئەو شوێنە چۆل بوو لـەو كەسـانە هۆگرییەكـەی لەدەسـت دەدات. بـەڵكو دەبێتـە شـوێنی بـێ ئـۆقرەیی نـەك هـۆگری )) ( ١٥ : ١٠٢ ) ئـەو هۆگرییـە لـە بـوونی كەسەكانەوە بوو هەركە كەسەكان ون بـوون هۆگرییەكـەش تیایـا ماڵئـاوایی كـرد. كەواتـە لەبنـچینەدا شـوێنی هـۆگری بـووە دواجـار هۆگرییەكـەی لەدەسـت داوە و كەس ئۆقرەی تیا ناگرێت. كەواتە شوێنی بێ ئۆقرەیی ئەو شوێنەیە كە سیماكانی هۆگری لەدەست داوە یان هەر لە بنچینەدا نەیبووە. جا هەر شـوێنێك بێـت. جگـە لەو شوێنانەی باسمان كردن دوو جـۆری تـریش هـەن باسـیان دەكرێـت(٩ : ١٥٣) ئەوانیش :

**١- شوێنی داخراو :**

ئەو شوێنە شوێنێكی سنووردارە و زیاتر لەژێر دەسـەڵاتی تاكدایـە و بـەڕووی

خەڵكیدا بەجۆرێك لـەجۆرەكان داخـراوە واتـە شـوێنێكە زیـاتر خودییـە و تایبەتـە بەتاك لەوانە : ماڵ، ژووری خەوتن، كێڵگە....هتد.

**٢- شوێنی كراوە :**

شوێنێكە سنوورێكی داخراوی نییـە و لەبـەردەم كەسایەتییەكاندا كراوەیـە و زیاتر شوێنێكی گشتییە و خاوەنێكی تایبەتی نییە بۆ هـەمووان وەكـو یەكـە واتـە میللـەت خاوەنیـەتی. شـوێنێكی گـشتییە. دەشـت، سـەیرانگا، بـازاڕ، ڕێگـا، شار....هتد

## نالی و شوێن

قەسیدەی ( قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئـەی بـادی خـۆش مـروور ) كـە لـە ( ٤٣ ) بەیت پێكهاتووە. یەكێكە لـە قەسـیدە بەناوبانگـەكانی شـیعری كـوردی و هاوتـای شاكارەكانی دەورووبەر و ((ئـەم دەقـە شـیعرییە بۆخـۆی یەكێكـە لـە شـاكارەكانی تێكـڕای شـیعری سەرانـسەری ڕۆژهـەڵات )) ( ٨ : ٥٤) حـەوت بـەیتی یەكـەم بـۆ ستایشی با تەرخان كراوە. لە بەیتی ( ٨-١٤ ) بۆ وەسفی نیشتمان بەشـێوەیەكی گشتی بەكارهاتووە لە بـەیتی (١٥-٢٨ ) بـۆ وەسـفی شـاری سـولەیمانی تـەرخان كراوە. لە بەیتی ( ٢٩-٣٧) بۆ وەسفی خانـەقا تـەرخان كـراوە. لـە بـەیتی (٣٨-٣٩) بۆ وەسفی حوجرەكـەی تـەرخان كـردووە. بـەیتی (٤١،٤٠) وەسـفی حاڵـەتی دەروونی و جەستەیی خۆیەتی. بەیتی ( ٤٢) ڕاپرسیی هاتنەوەیە. بەیتی ( ٤٣) بۆ تێگەیاندنی یارە. ( نالی ) لەم قەسـیدەیەدا زۆر بـەوردی وەسـفی شـوێن دەكـات و هیچیان فەرامۆش ناكات. تەنانەت سلێمانی ئەوەنـدە لـەلا خۆشەویـستە بـاس لـە لێهاتوویی و دەستڕەنگینی خەڵكەكەشی دەكات و دەڵێت:

**ئەهلێكی وای هەیە كە هەموو ئەهلی دانشن**
**هەم نازیمی عوقودن و هەم نازیری ئوموور** (٥: ١٨٤)

بەم جۆرە گشتیان یەك دەخا و بەشێوەیەكی هونەریی بەرز دەیانخاتە ڕوو و داهێنانێكیان لێ بەرپا دەكات ((كرداری داهێنانی هونەریش لەلای شاعیر كردارێكی لە ناكاو نییە بەڵكو بناغە و دەستنیشانكراوی هەیـە كـە وای لـێ دەكـات لـە ڕووی دەروونی و زەینییەوە ئامادەبێت بۆی بەئاگاییەوە یان لـەبێ ئاگاییـەوە. شـاعیر

یان هونەرمەند بەگشتی هەرچی بینیویەتی یان بیستوویەتی بەدرێژایی ژیانی بەرەو یادگای خۆی کێشی دەکات و دەیپارێزێت. شاعیر هەروەك ( رسکن ) دەڵێت : تەنانەت ئەو ئاوازە سادانەی لەسەرەتای ژیانیش بیستوویەتی لەبیری ناکات و لەو داکراوە مەزنەی زاکیرەی خەیاڵی داهێنەر کۆمەڵێك بۆچوون و وێنەی موتەناسیق دادەهێنێت، ڕێکخستنێکی زۆر ورد. خەیاڵ ئاوێنەیەکی بێ گیان نییە کە بیر و وێنەکان تەنیا کاتی دەرکەوتن تیایا ڕەنگ بداتەوە. بەڵکو ئامرازێکی زیندووە لە سروشتی خۆیدا. شیکردنەوە، گەڕان، داهێنانی وێنەی نوێیە کە نیشتووی هەیە لە دەروونی هونەرمەنددا.))(١٢ : ٨٥ ) یەکێ لە نیشتووەکانیش شوێنە بە گشت پێکهاتەکانیەوە کە وەك گەنجینەیەکە هەرچی مەشاعیر و بیر و بۆچوونی ڕاستەقینە هەیە تیایا هەڵگیراوە. بەجۆرێك کە پەیوەندە گۆڕکێیەك لە نێوان مرۆڤ و شوێن دروست دەبێت و هەریەکەیان کار دەکاتە سەر ئەوی تریان ((شوێن لە پەیوەندی بەکەسایەتییەوە وەك فاکتەرێکی بنچینەیی دەمێنێتەوە لە فاکتەرەکانی جەختکردنەوە لەسەر بوون و بەدەستهێنانی و جێگیرکردنی، بەمەش ڕوخسارێکی پۆزەتیف دەپۆشێت لەو پەیوەندییە و )) ( ١٩ : ٣٠٤ ) کە ئاوێتەبوونێکی تەواو دێنێتە ئاراوە (نالی)ش لەم هۆنراوەیەدا بەجۆرێك لەگەڵ شوێن تێکەڵ بووە کە جیاکردنەوەیان ئاسان نییە (( کاتێك کە باسی شاری سلێمانی دەکات باسی پێشکەوتن و دواکەوتنی ئەوێ ناکات بەڵکو لە پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵێك حاڵەتی دەروونیدا باسی دەکات کە خودی ئەم حاڵەتە دەروونییانە فەزای شیعری نالییان پێکهێناوە. ئەو هارمۆنیایەی ڕۆحی تاك لەگەڵ ڕۆحی کۆمەڵدا تەبا دەکات شوێنی لێخودبوونەوەی نالییە نەك مێژووی سەرهەڵدانی سلێمانی )) (٧ : ٥٩ ) هەر ئەو پەیوەندییە قووڵانەیە کە نالی و هەموو مرۆڤێك بەخاکەوە پەیوەست دەکات و وای لێ دەکات ئەوەندە هۆگری زێدەکەی خۆی بێت و هەتا دواڕۆژی ژیانی هەر بۆ ئەو شوێنە بناڵێ کە تیایا لەدایك بووە و بیرەوەری تاڵ و شیرینی تیا تۆمار کردووە لێرەشدا ((جەستەی نالی لە بیرەوەریدا لەگەڵ جەستەی نیشتمانەکەی تێکەڵ بووە ئەوا هەموو گەڕانەوەیەکی نالی بۆ نیشتمان گەڕانەوەیشە بۆ لای خودێتی خۆی )) (٧ : ٥٣ ) کەواتە کە دەڵێین نالی واتە نیشتمان وە کە دەڵێین نیشتمان واتە نالی.

جیاکردنەوەی ئەم دووانەش کارێکی ئاسان نییە لەبەرئەوەی ((ئەوماڵەی تیایا لەدایك بووین بەشێوەیەکی ماددی لە هەناوماندا هەڵکەندراوە دەبێتە کۆمەڵێك لە دابی ئەندامی، پاش تێپەڕبوونی بیست ساڵ لەگەڵ ئەوەشدا کە بەسەر پەیژەدا تێپەڕ بووین ئەوا سۆزمان دووبارە دەبێتەوە بۆ پەیژەی یەکەم. لەسەر ئەو پەیژە بەرزە قاچمان هەڵنازەنێ. بوونی هەموو ماڵەکە بەئەمانەتەوە بۆ بوونمان دەکرێتەوە. پاڵ بەدەرگاوە دەنێین کە سیرەی هەمان کردنەوە دروست دەکات، لە تاریکیشدا دەتوانین ڕێگەی خۆمان بۆ ژوورە دوورەکەی سەربان ببینینەوە و گرتنی بچووکترین دەسکی دەرگا هەر لە دەستماندا دەمێنێتەوە.)) (١٧ : ٥٢) نالیش بەهەمان شێوە لە غوربەتەوە ورد ورد هەنگاو دەنێ و یەکەیەکە شوێنی یادگارەکان دەژیێنێتەوە لەگەڵ ڕۆحیا دەکەونە ڕێ و بەرەو دیار هەنگاو دەنێن.

## نالی و غوربەت

قەسیدەکەی (نالی) کە لە غوربەتدا داهێنراوە، دیالۆگێکە لەنێوان شاعیر و (با)دا. نالی کەسایەتییەکی بۆ (با) دروست کردووە. کۆمەڵێ ئەرك بەو کەسایەتییە دەسپێرێت. تەنیا لەسەرەتادا دەزانین (با)یە ئەگینا لە بەیتەکانی تردا قاسیدێکە ئەرکەکانی پێی سپێردراوە جێبەجێیان دەکات. ((مەبەستی ئاشکرای نالی گەڕانەوەیەکی خەیاڵییە بۆ وڵاتی سلێمانی و دەوروپشتی. لەئاسمانی خەیاڵەوە بەرەو گۆڕەپانی بیرەوەرییەکانی دەفڕێت. لە مەنزلی هەر یادێکا بەگومانەوە هەڵوێستەیەك و دوو پرسیار دەکات ))(٧ : ٤٩) لەڕاستیدا نالی کۆمەڵە پرسیارێکی ورووژاندووە هەر خۆشی وەڵامیان دەداتەوە. وەڵامەکە لەنێوان بوون و نەبووندایە. دوو دراو چاوەڕوان دەکات بەرامبەرەکەی (سالم) ڕاستەکەیان هەڵبژێرێ و وەڵامی بداتەوە. هەرچەندە خۆی وەڵامەکەش دەزانێت بەڵام لەدڵی نایەت. بۆیە پرسیار دەکات بەڵکو خوا بکا و وا نەبێت و ئەو بەهەڵەدا چووبێت. ئەو هەموو ساڵەی غەریبی ڕوخساری تۆزی غەریبی گرتووە، لە دەروونیا وەك تەنوور دەسووتێ و هەڵدەکڕووزێ چونکە غەریبی دابڕانە لە هەموو شتێ کە خۆشت دەوێت ((نالی دوورەوڵاتان —نالی عەودالی سەردەمی پیرۆز.... ژیانی سەردەمی دووری.... ڕەت دەکاتەوە. ڕۆحی مەزنی نالی لەبەر مێژی ئازادی وڵاتی

غوربەتدا ئارام ناگرێت)) ( ٧ : ٥٣ ) غەریب بوون لەناو ئەو کۆمەڵەی کە تیایا دەژی زۆر جار وا دەکات کە تاك لە خودی خۆشیدا غەریب بێت. بۆیە ئەو دابڕانەی نالی وای لێ کرد ((چیتر خۆی پێ نەگیرا و کەوتە گەڕانەوە. گڕ و سۆزی ناو نامەکەی بۆ (سالم) لەوانە نییە گومانی دەستکردی و ساختەیی و خۆنیشاندانی لێ بکرێ. نالی بەڕاستی ئاگری غەریبی لەهەناویدا گڕی بەستووە ئەوجا نامەکەی ناردووە. کە دەڵێی دەستەچیلەیە بۆکز لە جەرگی هەڵدەستێنێ. دیارە بێ کەس و بێ ماڵ و بێ ئیشی ئەمانە هەموویان یاریدەدەری سەرکردنی سۆز و بێ ئۆقرەیی نالی بوون بەدەست غەریبییەوە.)) (٣ : ٢٤–٢٥ ) دوای ئەوەی کە غەریبی تینی بۆ دێنێ و کار لە ئێسکی دەکات و سەبر و ئارامی لێ دەبڕێت. دەڵێ:

**سووتا ڕەواقی خانی سەبرم، دڵ و دەروون**

**نەیماوە غەیری گۆشەیی زکرێکی یاصەبوور** (٥ : ١٧٧)

نالی نەك تەنیا لە غەریبی دەناڵێنێ بەڵکو سەبر کە شتێکی ژیرییە و هەستی پێ ناکرێت. لەڕێگەی بەتەنکردنەوە خانەیەکی بۆ دروست دەکات و گڕی تێ بەردەدات و دڵ و دەروونیشی لەگەڵیا دەسووتێ. تەنیا گۆشەیەکی بچووك نەبێت کە زیکری خودای مەزنی تیا دەکات و بەناوی ئەو یەزدانە داوای سەبر و ئارامی دەکات نالی لەوپەڕی ناچاریدا ڕوو دەکاتە (با) و دەستەودامانی دەبێت و خۆی قوربانی نەك هەر خۆی بەڵکو قوربانی تۆزی ڕێگەکەشی دەکات.

**قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مروور**

**ئەی پەیکی شارەزا بەهەموو شاری شارەزوور** (٥: ١٧٤)

هونەری بەکەسکردنی بەکار هێناوە و کەسایەتییەکی بۆ (با) دروست کردووە بۆتە قاسیدێکی لێزان و شارەزا نەك هەر لەڕێگا بەڵکو لە هەموو شاری شارەزوور بست بە بست شارەزایە و ڕێگە ون ناکات ((شوێن هەندێ جار ناوەرۆکی بابەتەکە ئاشکرا دەکات چونکە شوێن و ڕووداو بێ بوونی یەکتری مەحاڵە. شوێن دەبێتە مەیدانی زۆرانبازی و کێشەکان تێیدا )) (٦ : ٦٨ ) شارەزووریش شوێنی ئەو کێشەیەیە کە (نالی) پێیەوە دەناڵێ. نالی بای هەڵبژاردووە هەتاکو بچێتە گشت کون و کەلەبەرێکی وڵات. لەگەڵ ( با)دا لە قسەکردن بەردەوام دەبێت و ستایشی

دەکات و بەخاوەن لوتف و کەرەمی دادەنێت دەیکاتـە هـاوڕێ و مـوژدەی خۆشـی بەو کەسانە دەدات کـە لەسـەر بـەرماڵ خـەریکی پاڕانـەوەن. ئەوەنـدەی سـتایش دەکات و لێی دەپاڕێتەوە دەگاتـە ئـەو ئاسـتەی کـە ڕەحـم بەچـاوی بەفرمێـسکی بکات و بکەوێتە ڕێ.

**هەم هەم عەنانی ئاهم و هەم هەم ریکابی ئەشك**

**ڕەحمێ بەم ئاه و ئەشکە بکە، هەستی بێ قصوور** (٥: ١٧٧)

نەك تـەنیا داوای لێ دەکات بچێتە کۆی یار بـەڵکو داوا دەکـات پەلـە بکـات و هەرچی لەتوانایدایە زوو بگات و پەیامەکەی بگەیەنێت. ئـەو داد و پاڕانـەوەی نـالی لەبـەر سـۆزی دەروونیـەتی، سـۆزێك لـە دڵێکـی بێگـەردەوە هەڵـدەقوڵێ و بـەرد دەتوێنێتەوە (( بێگومان ئەو پایەیەی ئەم پارچە شیعرە لەمێژووی کوردا دەسـتی خستووە، نیشانەی ڕاستیی شاعیرە لەگەڵ خۆی و بەڵگەی ئەوەیە شیعرەکەی لـە قووڵایی دەروونەوە سەری کـردووە )) (٥ : ١٧٥ ) نـالی زۆر ڕاسـتە لەگـەڵ خۆیـدا چونکە موعاناتی هەیە ئەگەر نا هەرگیز شیعرەکەی بەم گڕ و تینە نەدەبوو. تاڵیی غوربەت بەجۆرێکە هیچ شتێ ناتوانێت بەری ئەم گڕە بگرێت.

**ئەم شەرحی دەردی غوربەتە لەم سۆزی هیجرەتە**

**دڵ ڕەنگە بێ بە ئاو و بە چاوا بکا عوبوور** (٥ : ١٩٧)

لە دەردی دووری و تاڵیی غوربەت سۆزی هیجران وا گڕی لە نالی بـەرداوە. دڵ وەك تەنوور دەسووتێ و دەبێت بـە ئـاو. ئـەو سـۆزە ئەوەنـدە بەتینـە ئـەو ئـاوە گەرمەی دڵ سـەردەکەوێ بـۆ چـاو و جـارێکی تـر سـۆزی غـەریبی لـە چـاوەکانیدا پیشان دەدات، کاتێ بەگوڕ ئاو بەچاوەکانیدا دێتە خوارەوە. دەبێ چ شتێ هـەبێ لە غوربەت تاڵتر،چ هەبێ لەم سۆزە ڕاستتر؟!.

**زارم وەکو هیلال و نەحیفم وەکو خەیاڵ**

**ئایا دەکەومە زار و بەدڵدا دەکەم خوتوور** (٥ :١٩٦)

ڕاستیی سۆزی نالییە کە وەك داررووچـکەی لـێ کـردووە و ئەوەنـدە لـەڕوڵاواز بووە بەرەو نەبوون دەڕوات و دەبێت بەخەیاڵ. جا کە ئەو بەم جۆرە دەسـووتێ و فرمێسك دەڕێژێ لە دووری یار و دیار. ئایا جارجار دێتەوە یادیان و باسی دەکـەن یان کەس لەیادی نەماوە و وەکو نەبووبێ وایە.

**دووالیزمی شوێن**

دووالیزم یان دووانەیی زانایان پێیان وایە گەردوون لەسەر بنچینەی دژەکان بنیات نراوە. (لیفی شتراوس ) وای بۆ دەچێت کە ((بنیاتی گەردوون خۆی لە کۆمەڵێك دووالیزمدا دەبینێتەوە کە وا پێدەچێت دژ و پێچەوانەبن بەڵام لەهەمان کاتدا تەواوکەری یەکترن. ئەو تەواومەندییی نایەتە دی تەنیا لە رێی ئەو دژایەتییەوە نەبێت. وەژیانیش لەسەر بنچینەی ئەو تەواومەندییە بنیات نراوە.))(٢٣ : ١٢١) لەم قەسیدەیەشدا چەند دووالیزمێکی شوێنمان بەرچاو دەکەوێت. هەر لەسەرەتاوە دوو کات و دوو شوێنی پێچەوانە بەدی دەکەین نالی لە سەردەمی پێشوو، نالی لە سەردەمی ئێستا. (فۆرستەر) بڕیار دەدات کە حەقیقەتێك هەیە ئەویش ئەوەیە دووجۆر ژیان هەیە. ژیان لە زەمەندا، ژیان لە بەهادا. هەوڵدەدات جیاوازی لە نێوانیان بکات ((وا پێدەچێت لەپاڵ زەمەندا شتێك هەیە لە ژیاندا شتێك دەتوانرێت لەم جیهانە ناوببرێت بە (بەها) و ناتوانرێت بە چرکە و سەعات بپێورێت لەبەر پەیوەندییەکەی بەجۆرێك ئەگەر سەیری ڕابردووی خۆمانمان کرد ئەوا وەك ڕووێکی ڕاست لەپێشماندا درێژ نابێتەوە بەڵکو بەشێوەی خڕ خڕ دەردەکەوێت وەك قۆمەتی بچووك کە بەئاسانی دەبینرێت. بەڵام کاتێ سەیری دوارۆژ دەکەین هەندێ جار وەك دیوارێك و هەندێ جار وەك هەور دەردەکەوێت)) (١١ : ٣٧) نالیش لەنێوان دوو ژیانی جیاوازدا دەژی ژیانی پێشووی کە لەزەمەندا دیارە. ژیانی ئێستای کە بەهاکەی بەهیچ کات و ساتێك ناپێورێت. ژیانی غوربەت هەر خودا دەزانێت کە چی بەسەر هێناوە. لەنێوان دوو زەمەنی جیادا. لە دوو تەمەن و دوو باری دەروونی جیا. سەردەمی پێشوو لەنێو کۆڕی یار و دۆستان و دەروونێکی شاد ئێستای گیرۆدەی زەمانە و تاراوگە و دەروونی شێواو. لەڕووی شوێنەوە سلێمانی ڕابردووی شاد و پڕ کەیف و سەفا. (باشلار) وا دەبینێت کە (( زەمەن دەست پێ ناکات، بەڵکو هەر هەوڵدانێکە بۆ گێڕانەوەی زەمەن لەژیانی ئادەمیزاددا. دەرناکەوێت تەنیا لە دووتوێی ئەو جێگیرە لەدوای یەکانەی شوێن نەبێت.))(٢٥ : ٢٤ ) نالیش دەیەوێت لە یادکردنەوەی شوێنەکان هەوڵبدات زەمەن بگێڕێتەوە. لە شامەوە (با) ڕادەسپێرێت لە باکووری خۆرئاوای وڵاتەوە بەرەو شارەزوور دەینێرێت کە ئەوسا

ویلایەتێك بووە لە سەردەمی حوكمی عوسمانییەكان لێرەدا شوێن لە بازنەیەكی گەورەوە دەست پێ دەكات و بەرەو بازنەیەكی بچووك دەڕوات و (( شێوەی بازنەكە بچووك و بچووكتر دەبێتەوە، حوجرەكەی یەكێكە لەو شوێنانەی كە زیاتر سەرنج ڕادەكێشێ و ژوورەكەش شێوەی ئەم جیهانبینییەی نالییە)) (٧ : ٦٦ ) خەیاڵی ( نالی) لە شوێنێكی گشتییەوە بەرەو تایبەتی دەڕوات بەمەش دووالیزمی شوێن لە نێوان گشتی و تایبەتی دروست دەكات. سەرەڕای دووالیزمی نێوان شوێنی كراوە و شوێنی داخراو. نالی كە داوا لە (با) دەكات بەغار بڕوات بەرەو خاكی نیشتمان یەكەم شوێن كە بۆی دیاری كردووە (ئاوی شیوەسوورە )

**وەك ئاهەكەم ڕەوان بە هەتا خاكی كۆیی یار**
**وەك ئەشكەكەم ڕەوان بە هەتا ئاوی (شیوەسوور)**
**بەو ئاوە خۆت بشۆ لە كودووراتی سەرزەمین**
**شادبن بەوەصلی یەكدی : كە تۆی طاهیر، ئەو طەهوور** (٥ : ١٧٨)



**گەشتی (با) لە شامەوە بەرەو خاکی ولات، سەرەتا لە شیوەسوور دەوەستێ و خۆی دەشوا.** شیوەسوور ئاوێکە لەنزیك چەمچەماڵە. لێرەدا با ڕادەگرێت و نایەڵێ بەو هەموو تەپوتۆزی غوربەت و سەحرای شام و تۆزی ڕێگەوە بچێتە ناو شاری سلێمانییەوە و شارەکە پیس بکات بەڵکو داوای لێ دەکات خۆی لەئاوی شیوەسوور هەڵکێشێ و خۆی پاك بشوات و هەرچی تەپوتۆز و دەرد و بەلای سەرزەوی هەیە لەخۆی بکاتەوە. چونکە ئەو ئاوە (طهور)ە پاککەرەوەیە و لە هەموو شتێ پاکی دەکاتەوە و پاك دەبێت. دوای ئەوە داوای لێ دەکات بەرەو سلێمانی بڕوات. بازنەکە بچووکتر دەبێتەوە. دەینێرێ بۆ سەرچنار. کۆمەڵێ وێنەی سەرچنار دەکێشێ :

**ئەمجا مەوەستە تا دەگەیتە عەینی (سەرچنار)**
**ئاوێکە پڕ لە نار و چنا ر و گوڵ و چنوور**
**چەشمێکە میثلی خۆر کە لە صەد جێ بەڕۆشنی**
**ئەستێرەکانی ڕابکشێن وەك شەهابی نوور** (٥ : ١٧٩)

دەبێ چ دیمەنێك جوانتربێت لە دیمەنی ئاو و چنار و دار هەنار و چنوور. بەمەش ناوەستێ لەسەر بنەمای لێکچواندن وێنەی ئەو ئاوەمان بۆ دەکێشێ کە چۆن تیشکەکانی خۆر تیایا بریق دەدەنەوە، ئەو کانیاوەش لە سەد جێگەوە هەڵدەقوڵێ و بەسەر بەردەکانا دەڕوات کە چەشنی بلوورن پرشنگ دەدەنەوە. دەیچوێنێ بەئاسمان کاتێ ئەستێرەکانی دەکشێن. کاتێ تیشکی خۆر لە بەردەکانی ناو ئاوەکە دەدات و شەوق دەدەنەوە وەکو ئەستێرەی ئاسمانن لەکاتی کشانا. لە سەرچنارەوە کە لە ڕۆژئاوای سلێمانییە بەرەو (بەکرەجۆ) ی دەنێرێت کە لەخوارووی خۆرئاوایە. وەدەیچوێنێ بەچاوەکانی خۆی بەلام دوایی لەتیژی و گەرمی و سوێری سووری ئاوی بەکرەجۆ لە فرمێسکەکانی جیا دەکاتەوە.

**دەم وت دووچاوی خۆمە ئەگەر (بەکرەجۆ) ی ئەشك**
**نەبوایە تیژ و بێ ئەمەر و گەرم و سوێر و سوور** (٥ : ١٧٩)

نالی لە غوربەتدایە کە شوێنی بێ ئۆقرەییە. با بەرەو شوێنی هۆگر دەنێرێت. بەرەو سەرچنار و بەکرەجۆ. کە دوو شوێنی خۆشن و نالی

سەردەمانێکی زۆر خۆشی تیا بردوونەتە سەر و هۆگریانە. بەمەش دووالیزمێکی تری شوێن دروست دەکات لەنێوان شوێنی هۆگر و شوێنی بێ ئۆقرەیی. لە بەکرەجۆدا لەپڕ نالی شوێنی لەدایکبوونی خۆی بیر دێتەوە. لەوماڵەدا مرۆڤ هەست بەسۆزی گەرمی دایك دەکات. (( کاتێ خەو بەماڵەوە دەبینین کە تیایا لەدایك بووین، لەو کاتەی کە لەوپەڕی خاوبوونەوەی جەستەییداین دەکەوینە باوەشی ئەو گەرمییە ڕەسەنە، لەو گەڕەکەی لە بەهەشتی ماددیدا ئەوە ئەو کەشەیە مرۆڤ لە دەروونی خۆیدا تیایا دەژی. دەگەڕێینەوە بۆ سیمای دایکایەتی ماڵەکە. دەمەوێ بڵێم پڕبوونی زیندەخەونەکانمان لە بوونی ماڵ بەرەو ئەوێمان ڕادەپێچێت.)) (١٧ : ٤٥) نالیش ئەو سۆزە هەڵی دەگرێت داوا لە با دەکات بەرەو خاك و خۆڵ بکەوێتە ڕێ، کە دەکەوێتە خوارووی ڕۆژهەڵاتی سلێمانی. با دەڕوا بەڵام نالی ئەوەندە ژیانی لەسلێمانی بەسەر بردووە ئەوەندە لەخاك و خۆڵ نەبووە بۆیە سۆزی بۆ سلێمانی بەتینترە لەپڕ بەخۆ دێتەوە لەو زیندەخەوە و فەرمان بە (با) دەکات کە بگەڕێتەوە و تا نەچێتە سلێمانی نەچێتە خاك و خۆڵ. ((هۆگری و هەستپێکردنی تەنیا ناوەستێتە سەر ئەو ماڵەی کە تیایا لەدایك بووین یاخود تیایا ژیاوین بەڵکو لەوانەیە ئەو شوێنەی هەست بە هۆگری دەکەین شارێك یان گەڕەکێك یان شەقامێك یان چایخانەیەك یان ژوورێکە.))(١٥ : ٩٩ ) شوێن بەخەڵکەکەیەوە خۆشە مرۆڤ کە هۆگری شوێنێکە زیاتر هۆگری خەڵکەکەیە. ((هۆگری لەنێوان ئادەمیزاد و شوێنی ڕووتدا نایەتە ئاراوە. بەڵکو ئەو هۆگرییە لەو خەڵکانەوە دێتە ئاراوە کە لەو شوێنەدا نیشتەجێ بوون، تەنانەت ئەگەر ئەو شوێنە چۆل بوو لەو کەسانە ئەوا هۆگرییەکەی خۆی ون دەکات بەڵکو ئەو شوێنە دەبێتە شوێنی بێ ئۆقرەیی نەك هۆگری. )) ( ١٥ : ١٠٢) خاك و خۆڵیش بۆ نالی بەخەڵکەکەیەوە خۆشە. دایکی، باوکی، کەسوکاری کە ئەمانەی لێ نەمابێت ئەو هۆگرییەی نامێنێت. بۆیە داوا لە با دەکات بگەڕێتەوە بەرەو سلێمانی.

**داخل نەبی بەعەنبەری سارای (خاك و خۆڵ)**

**هەتا نەکەی بە خاکی (سولەیمانی)یا عوبوور** (٥ : ١٨١)




**بـا ناچـێتە خـاك و خـۆڵ و بـەرەو سـلێمانی دەگەڕێتـەوە و گەشـتێکی تێدا دەکات.** ڕاستە دەشتی خاك و خۆڵ لـەلای نـالی ئێـستاش بـۆنی عەنبـەری هەیـە و لەلای ئازیزە، بەڵام سلێمانی لەلای ئـەو هـۆگرترە بۆیـە لـەو کاتـەی کـە بـا بـەرەو خـوارووی ڕۆژهـەڵات دەڕۆشـت لەسـەر داوای نـالی ڕوو دەکاتـەوە بـاکوور و بـەرەو سـلێمانی دەگەڕێتـەوە. لـەم بڕیارەشـدا (( (نـالی ) دەیویـست بـەهۆی دووبارەکردنەوەی پەیوەندییەکان، شوێنێك دەستنیشان بکات کە بـەلای خۆیـەوە پیرۆزترین شوێن بوو. شارێك کـە تیایـدا نـالی بـۆ بەشـێکی گرنگـی وجـودی خـۆی دەگەڕێ و بەهۆی هێزی خەیاڵەوە دەیەوێ پرۆسـەی لـەدایکبوونی خـۆی دووبـارە کاتـەوە )) (٧ : ٥٩) ئـەو پیرۆزییـەی ئـەو شـارە کـە لـە دڵـی نالییایـە دەیـەوێت قەناعەت بە با بکات. بەڕاستی ئەو شوێنە پیرۆزە و شـایانی هـەموو شـتێکە بۆیـە وەسـفێکی زۆر جـوانی سـلێمانی دەکـات بەخـەڵك و خـاك و ئـاو و دار و بـەرد و شەووڕۆژ........هتد.

**خاکی میزاجی عەنبەر و داری ڕەواجی عوود**
**بەردی خەراجی گەوهەر و جۆباری عەینی نوور**
**شامی هەموو نەهار و فوصووڵی هەموو بەهار**
**تۆزی هەموو عەبیر و بوخاری هەموو بخوور** (٥ : ١٨٢)

دوای ئەو وەسفە وردەی سلێمانی و بەرز ڕاگرتنی داوا لە با دەکات سەیری ورد و درشتی گەڕەکەکان بکات. ورد ورد بیپشکنێ. سۆزی نالی بەسەر سەرتاپای شارەکەدا پەخش و بڵاو دەبێتەوە و هەموو کونج و کەلەبەرێك دەگرێتەوە. بەرەو خوار ئنجا بەرەو ژووری دەنێرێت بۆ ئەوەی پرسیار لە گشت بەگیان و بێ گیان بکا و ئەحواڵیان بپرسێت. لەوێوە بەرەو خواروی سلێمانی ڕەوانە دەکات. بۆئەوەی سەیرێکی پردی سەرشەقام بکات بزانێ وەکو خۆی ماوە یا دەروونی شەق بووە و بەکەلك نەماوە لێرەدا دوو حاڵەتی پردەکەی پیشان داوە کە خۆی لەخۆیدا دووالیزمێکە.

**داخۆ دەروونی شەق نەبووە ( پردی سەرشەقام ) ؟!**
**پیر و ئوفتادە تەن نەبووە (داری پیرمەسوور ) ؟!**
**ئێستەش بەبەرگ و بارە عەلەم داری (شێخ هەباس)؟!**
**یا بێ نەوا و بەرگە گەڕاوە بەشەخسی عوور؟!** (٥ : ١٨٥)

دوای ئەوەی باری نالەباری پردەکە دەبینێت دڵی ئۆقرە ناگرێ و بەرەو ژوور دەبێتەوە بۆ (مەڵکەندی) تا سەرێ لە (داری پیرمەسوور) بدات تا بزانێ ئەو چۆنە ئەو دارەی کە خەڵك هۆگری بووبوون و لە بەهاراندا کوڕان و کچان لەدەوری کۆدەبوونەوە و خۆشترین کاتیان لەوێ دەبردەسەر و بەبێ ئەو نەیاندەتوانی. ئایا وا ماوە یان پیر و ئوفتادە بووە و وشك هەڵگەڕاوە و خەڵك لەژێریا ئۆقرە ناگرن و کەس ڕووی تێ ناکات. دووالیزمی لەنێوان شوێنی هۆگر و بێئۆقرەیی دروست کردووە. بەرەو خوار دەبێتەوە بۆ سەر گۆڕەکەی (شێخ هەباس) ئەم شەخسە لە ڕابردوودا دارعەلەمەکەی گەڵێ پەڕۆی ئاڵ و واڵای پێوە کرابوو، دیمەنێکی جوانی وەرگرتبوو ئایا وەکو خۆی ماوە یان ڕۆمەکان ئەوێشیان تاڵان کردووە و ڕووتوقووت ماوەتەوە. دووالیزمێك لەنێوان دوو حاڵەتی دارعەلەمەکە دروست دەکات. ئەو شوێنانەی نالی باسیان دەکات هەر هەموویان شوێنی هۆگر بوون

لەکاتی خۆیدا بەلاّم دوای هاتنی ڕۆم لەکاتی ئێستادا بوونەتە شوێنی بیّ ئۆقرەیی و دووالیزمی شوێنیان دروست کردووە. وەلاّمەکەی (سالم) یش ئەو بیّ ئۆقرەییە دەسەلمێنیّ.

**زستانی ئەوەلین بوو دڕا بەرگی (شێخ هەباس )**
**ڕۆمی ئەوەندە شوومە لە شەخصیش دەخەن زەرەر**
**وەك پیری سالّ خوردە، خەمە، داری (پیرمەسوور)**
**مەشغولی لەغزشە هەمەجا پایی تا بەسەر !** سالم (٥ : ١٩٩-٢٠١)

دوای ئەوەی دیمەنی (شیخ هەباس ) دەبینیّ دلّی پڕ دەبیّ و ئۆقرە ناگریّ و ڕوو دەکاتە ڕۆژهەلاّتی سلێمانی بەرەو (کانی با) ئەو کانییەی کە خەلّك لە بەهاران ڕوویان تیّ دەکرد و کاتی خۆشیان بەسەردەبرد و هۆگری بوون. تا بزانیّ بەو شێوە ماوە یان نا؟. کە دەبینیّ خەلّك بلاّوەیان لیّ کردووە و بۆتە ڕۆژی قیامەت هەرچی هەیە هەر مردووە. جێگەی وا چۆلوهۆل خەلّك نەفرەتی لیّ دەکەن و ئۆقرەی تیا ناگرن و بۆتە شوێنی بیّ ئۆقرەیی. بەمەش دووالیزمێکی تر لەو شوێنە دروست دەکات.

**ئایا بە جەمع و دائیرەیە دەوری (کانی با)**
**یاخۆ بووە، بەتەفریقەی شۆڕش و نوشوور؟!** (٥ : ١٨٦)

لە کانی با ئۆقرە ناگریّ و بەرەو گردی سەیوان دەگەڕێتەوە. ئەو گردەی لەکاتی خۆیا تەنیا چەند گۆڕێکی بابانەکانی لیّ بوو . ژمارەیان ئەوەندە کەم بوو چ گۆڕی پێوەدیار نەبوو هەروەکو ئاسمان کاتیّ ئەستێرەی زوحەل دەردەکەوێت ئەستێرەکانی تر دەرناکەون. سەیوانیش سەیرانگایەکی خۆش بوو. خەلّکی سلێمانی هۆگری بوون. دەبیّ وەك خۆی مابێت؟ یان پڕ بووە لەگۆڕ هەروەك ئاسمان کە پڕ بێت لە ئەستێرە. هەر شوێنێکیش بووە گۆڕستان هۆگرییەکەی لەدەست دەدا و دەبێتە شوێنی بیّ ئۆقرەیی. دووالیزمێك لەو شوێنەش دروست دەکات. لە دیمەنی سەیوان بیّ تاقەت دەبێت و ئۆقرە ناگرێت و ڕوو دەکاتە ڕۆژئاوا تا سەرێك لە (کانی ئاسکان) بدات و بارودۆخی ئەوێش بزانێت.

**ئێستەش مەکانی ئاسکەیە (کانی ئاسکان)،**
**یاخۆ بووە بە مەلعەبی گورگ و لوورەلوور؟!** (٥ : ١٨٦)

((جۆرێکی تر لە شوێنی بێ ئۆقرەیی شوێنێکی هۆگر بوو. دواجار ئەو هۆگرییەی ون کردووە و بۆتە ئەو شوێنەی کە ئۆقرەی تیا ناگیرێت)) (١٥ : ١٤٣) کانی ئاسکانیش ئەو کانی و سەرچاوە بوو کە کچانی ئاسك ئاسا لەسەر ئاوەکەی دادەنیشتن و لە بەرامبەریشیان مەیدانی ڕمبازی کوڕانی بابان بوو. جوانیی کچ و قۆزیی کوڕ و دڵگیریی کانییەکە خۆشترین شوێنی هێنابووە ئاراوە و خەڵك هۆگری ببوون ئایا وەکو خۆی ماوە یاخود بووە بەشوێنی ڕۆمەکان گورگ و چەقەڵ یاری تیا دەکەن. دیارە ئەمەش ناخۆشترین شوێن ساز دەکات کە مرۆڤ ئۆقرەی تیا ناگرێت. لێرەش دووالیزمێکی تر دروست دەکات. دوای بێ هیوابوون ئەوجارە لە ڕۆژئاوای سلێمانییەوە بەرەو باکووری ڕۆژئاوا دەڕوات بۆئەوەی سەرێکی (شیوی ئاودار ) بدات بەو هیوایەی کە وەکو خۆی مابێتەوە و دەستی ناحەزانی پێ نەگەیشتبێ و بەدەردی ئەوانی تر نەچووبێت. و نەختێك پەرۆشییەکەی دابمرکێتەوە و تەزوویێکی شادی بخاتە دڵ و دەروونی.

**ئێستەش سروشکی عیشقی هەیە (شیوی ئاودار )**
**یاخود بووە بە صۆفی وشکی لە حەق بەدوور ؟!** (٥ : ١٨٨)

شیوی ئاودار لەسەردەمی خۆیدا ئاوی پیا دەڕۆیی. هەر شوێنێکیش ئاوی لێ بێت ژیانی لێیە و شوێنی هۆگریی ئادەمیزادە. ئایا وەکو جاران ئاوی پیا دەڕوات یاوەکو وشکە صۆفی لە حەق بەدوور وشکی کردووە و فرمێسك لە چاوەکانیا نایەتە خوار. کە وشکیش بوو خەڵك لێی دوور دەکەونەوە و دەبێتە شوێنی بێ ئۆقرەیی دووالیزمێکی ترە.

دوای ئەوەی بێ هیوا دەبێت ڕووەو باشووری خۆرئاوا بۆ (چەمی تانجەڕۆ ) شۆڕ دەبێتەوە بۆ پرسینی حاڵی و دەسکەوتنی هیوایەك.

**داخۆ دەروونی صافە، گوڕەی ماوە (تانجەڕۆ)**
**یاخود ئەسیری خاکە بە لێڵی ئەکا عوبوور ؟!** (٥ : ١٨٨)

تانجەڕۆ کە لەپێشدا هەموو ساڵێ پاك دەکرایەوە و جۆماڵ دەکرا و گوڕەی دەهات، ئایا وا ماوە یا پڕ بۆتەوە قوڕ و لیتە پێشیان گرتووە و بۆتە دیلی خاکەکە و ناتوانێ ڕێ بکات و ئاوەکە لێخن بووە و بەکەڵك نایەت لە خودی تانجەڕۆدا دووالیزمێك دروست دەکات و هەردوو جۆرەکەی دەستنیشان دەکات.

دوای ئەوەی لەدەوروبەری سلێمانی بێ هیوا دەبێت، بەئومێدەوە ڕوو دەکاتە ناو شار و دەچێتە گەڕەکی دەرگەزێن سەرێکی ( خانەقا) دەدات. لێرەدا بازنەکە تەسکتر دەبێتەوە. هەتا ئێستا لە شوێنی گشتی دەسووڕایەوە ئێستا دێتە ناو شوێنی تایبەت. هەر چەندە خانەقا شوێنێکی گشتییە و گشت کەس هاموشۆی دەکەن، بەلاّم بەناوی (مەولانا خالیدی نەقشبەندی )یەوەیە واتە لە ڕووی خاوەندارێتییەوە تایبەتە. لێرەدا دووالیزمێك لەنێوان شوێنی گشتی و شوێنی تایبەتی دروست دەکات. سەرەڕای ئەوەی دووالیزمێکی تر لەنێوان شوێنی کراوە و شوێنی داخراو دروست دەکات. سۆزی نالی زۆر بەتینتر دەبێت، زیاتر بەپەرۆشە بۆ خانەقا وەك لە سلێمانی و شوێنەکانی تر کە تەنیا پرسیاری لەو شوێنانە دەکرد بەلاّم لێرەدا داوا لە با دەکات کە زۆر بەکەیفەوە سەیری چیمەنی خانەقا بکات. وەك ئەوەیە وەکو جاران خۆی وەستابێت و سەیری چیمەنەکە بکات و حەیرانی دیمەنی جوان و تێراوی بێت. لە حالّی چیمەنەکە دەپرسێت ئەمەش زۆر هۆگربوونی نالییە بۆ چیمەنەکە. سەرەڕای ئەوەی وەك شاعیرێکی هەست ناسك کە شەیدای چیمەن و گولّ و گولّزارە و دلّی پێ دەکرێتەوە. ماوەیەکی زۆری ژیانی لە خانەقا بردۆتە سەر و هەموو کون و کەلەبەرێکی خانەقا بە چیمەنەکەشەوە وێنەیان لەناو دلّیا هەلّکەنراوە و زۆر هۆگریان بووە. هەربۆیە بەپەرۆشەوە دەلّێت:

**سەیرێکی خۆش لە چیمەنی ناو ( خانەقا ) بکە**
**ئایا ڕەبیعی ئاهووە، یا چایری ستوور ؟!**
**سەبزە لەدەوری گولّ تەڕە وەك خەططی ڕوویی یار**
**یا پووشی وشك و زوورە وەکو ڕیشی (کاکە سوور) ؟** (٥ : ١٨٨-١٨٩)

سەیرکردنەکە ئاسایی نییە ڕۆحی تینووی ( نالی )یە پڕبە دلّ سەیر دەکات چێژ لە سەیرکردنەکە وەردەگرێت. هەموو مرۆڤێك ولاّت و شار و مالّی خۆی خۆش دەوێت و لەناو دلّیا وێنەی هەلّگیراوە. شوێنیش ((بەش بەحالّی ( نالی) لە جیهاندا کوردستانە و لە کوردستان سولەیمانی بووبێ کەواتە لە سولەیمانیشا خانەقای مەولانای وەك پاشتر دەردەکەوێ لە خانەقایشدا ژوورەکەی خۆیەتی.)) ( ٥ : ١٨٩ ) ئەو چیمەنەی کە لەسەردەمی نالیدا لەو پەڕی سەوزی و جوانیدا بوو و لەوانەیە زۆر ئێوارانیش جێگە ژوانی شاعیران بووبێ و شیعری تیا خوێندرابێتەوە

و کاتی خۆشی تیا بەسەر بردبیٚ، ئەو شوێنە چۆن لە بیر دەکرێت؟ ئایا وەکو خۆی سەوزە و تێراوە و دەشنێتەوە و یاران و خۆشەویستان کۆڕی تیا دەبەستن؟ یان سوور هەڵگەڕاوە و وشك بووە و وێرانە و بۆتە جێگەی نەفام و نەخوێندەوار و ملهوڕان ئەوانەی لەگەڵ چوارپێیا فەرقیان نییە. چیمەنەکە هۆگرترین شوێن بووە بەڵام ئێستا بۆتە شوێنی بێئۆقرەیی. بەمەش دووالیزمیٚ لەو شوێنە دروست دەکات. دوای ئەوە لە بارودۆخی خانەقا دەپرسێت. ئەو خانەقایەی کە جێگای زانست و زانیاری و شیعر و ئەدەبیات بووە. پڕ بووە لە زانا و شاعیر و فەقیٚ و خەڵکانی بە ئەزموون. لەم بارەوە ( سالم ) دەڵێت :

**لە عەرصەی عەشقت بازی دڵ هەڵسا لە دەورانا**
**بە بەرقی پرتەوی حوسنت پەری سووتا لەطەیرانا**
**لەڕۆژی ئیمتیحانا دیم بەرابەر طالب و مەعشووق**
**کەمەر بەستەی هونەر هاتن لە تیپی عیشقبازانا**
**لەیەك لا ((نالی و مشوی)) لەلاییٚ ((سالم و کوردی))**
**لە هەنگامەی هونەر گەرمی تکاجۆ بوون لە (مەولانا)**
**لەمەیدانی بەلاغەتدا بە سواری مەرکەبی مەضمون**
**بەکوردی هەر یەکە تازی سواریٚ بوون لە ((بابانا))**

ئەوە بووە خانەقا بۆیە نالی ئەوەندە هۆگری بووە و بۆی دەسووتیٚ و دەپرسیٚ ئایا وەکو جاران بەزانست و زانیاری ڕۆشنە و بەشیعر و شاعیران جۆشی سەندووە؟ یا پڕ بووە لە نەزان و گوناهکار و خراپەکار و وەکو دۆزەخی لیٚ هاتووە کە پڕە لە تاوانبار و بەدڕەوشت و ڕەزاقورس. کەس ئۆقرەی تیا ناگریٚ و بۆتە جەهەنەم. بەمەش دووالیزمی شوێنی هۆگر و بێئۆقرەیی دروست دەکات.

**قەلبی مونەوەرە لە حەبیبانی نازەنین**
**یا وەك سەقەر پڕە لە ڕەقیبانی لەندەهور** (٥ : ١٩٠)

ڕۆحی ( نالی ) لەو شوێنەی کە هۆگری بوو ئۆقرە ناگریٚ و دەچێتە دەرەوە. دێتە ناو حەوشەی خانەقا. ئەو حەوشەی کە سەرونارەوەن پاڵیان دابووە یەك و لەگەڵ شنەی شەماڵ دەکەوتنە لارولەنجە و نالی هۆگریان ببوو ((لاوانی هەڵپەڕکیٚ کە دەستیان گرتووە دێن و دەچن حاڵەتێکی تریش بۆ ئەو درەختانە ڕادەگەیەنیٚ

کـە (بەنـدی —حـەپس ) بوونـە واتـە بەنـدکراو چـونکە بەزەوییـەوە بەنـدن هاتوچۆکەشیان کە با دەیانهێنێ و دەیانبا. وەسفێکی کە (سـارتەر ) بـۆ پـەرژینی باغـچەیەکی سیحرچـن کـردووە کـە لـە مێـشکدا دەزرنگێتـەوە. وەسـفەکە لـەم تەرجەمەی عـەرەبی بـەم شـێوەیە دیتـووە. (وكـان السياج حركـة خـضراء كـبيرة مسمرة أو موجة بحر تجمدت لحظة أنتثارها) . (نالی ) وەك بلێی سەرێکی لە دوارۆژ خوار کردبێتەوە و ئەم (دەس و بەندیانە) ی بەدیاری بـۆ بلیمـەتێکی وەك سـارتەر بـەجێ هێـشتبێ )) (٤ : ٦١) ئایا ئـەو شـوێنە وەك خـۆی بـەهۆگری مـاوە ؟ یـان لەجێگـەی ئـەوان کۆمـەڵێ صـۆفی بەدبـەختی کلـۆڵ سـەریان کـز کـردووە و پەیوەندییان بەخۆشی و شادی دنیا نەماوە.

**دەس بەندیانە دێن و دەچن سەرو نارەوەن**

**یا حەڵقەیانە صۆفی مل خوار و مەندە بۆر ؟** (٥ : ١٩١)

لەوێـشدا بێـزار دەبێـت و ئـۆقرە نـاگرێ بـەرەو درەختـەکانی لای حـوجرەی فەقێکان دەڕوا ئەو دارانەی هەردەم سەوز و گەشاوە بـوون و مـرۆڤ هۆگریـان بـوو هەر حەزی دەکرد لە سایەیان دابنیشێ. ئایا وەکو خۆیان ماون ؟ یا گەڵایان سوور هەڵگەڕاوە و لە پایزی تەمەندان و بەرەو وشکبوون دەڕۆن و سێبەریان پەرت بووە و کەس ئۆقرەی تیا ناگرێت. لەوێدا ڕوو دەکاتـە سـەر حـەوزی ئـاوی خانـەقا ئـەو حەوزەی ئەوەندە ڕوون و ڕۆشن و پاك بوو دەتوت فرمێسکی چاوی مرۆڤـە. هـەر حەزدەکەی لە قەراغیا بحەسێیتەوە. ئایا وا ماوە؟ یان ئاوەکەی پیس بووە و پاك ناکرێتەوە و بۆتە قوڕاو وەکو شیوەسووری لێ هاتووە کاتێ لە بەهاراندا ئاوەکەی زیاد دەکات و هەرچی قوڕ و لیتە هەیە لەگـەڵ خۆیـدا دەیهێنـێ و ئاوەکـە ڕەنگـی قوڕەکە وەردەگرێ و سوور دەبێت. ئایا ئاوی حەوزەکـەش وای لـێ هـاتووە. ئـەو جۆرە شوێنەش دڵ نەفرەتی لێ دەکات و ئۆقرەی تیا ناگرێت.

**حەوزی پڕی کە نائیبی دیدەی منە لەوێ**

**لێڵاوی دانەهاتووە وەك سەیلی (شیوەسوور)؟** (٥ : ١٩٢)

ئەو بێ ئۆقرەییەی کە دیمەنی حەوزەکە دروستی دەکات (سالم) لەم بەیتەدا دەیسەلمێنێ:

**ئەو حەوزە پڕ دەبوو کە وەکو چاوەکانی تۆ**
**تەغیرە ئاوی وەك دڵی مەردانی پڕ کەدەر** (٥ : ١٩٩–٢٠١)

لەلای سالم ئاوی حەوزەکە نەك بۆتە قوڕاو بەڵکو ڕەش هەڵگەڕاوە وەك دڵی ئەو مرۆڤانەی کە دڵیان پڕ لە ناسۆر و برینە. ڕۆحی نالی لەسەر حەوزەکە ئۆقرە ناگرێت و ڕوو دەکاتە ئەو شوێنەی کە فەقێکان هۆگری بوون و نالیش سەردەمێك یەکێ بوو لەوان و ڕۆژانی سێشەمە و هەینی یاری سێباز و کەوشەکیان تیا دەکرد. ئایا ئەو شوێنە هەر وا ئەو یارییانەی تیا بەردەوامە و فەقێکان بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی ئەو ڕۆژانەن ؟ یان هەندێ خەڵکی وای لێیە بەدفەساڵ و ڕەزا قوڕس خەڵك نەفرەتیان لێ دەکات و کەس ڕوویان تێ ناکا. شوێنی لەم چەشنەش کەس ئۆقرەی تیا ناگرێت.

**ئێستەش کەناری حەوشەکە جێی باز و کەوشەکە**
**یاری تیایە، بووەتە مەعرەضی نوفوور ؟** (٥ : ١٩٢)

شوێنێك ئەو تەرزە کەسانەی تێدابێت جێگای بێ ئۆقرەییە. لێرەشدا دووالیزمێك لەنێوان شوێنی هۆگر و شوێنی بێ ئۆقرەیی دروست دەکات. بەرەو چیمەنەکەی دەوری حوجرەی فەقێیان دەڕوات ئەو چیمەنەی سەوز و ئاودار بوو شادی و خۆشی و ئارامی دەبەخشی و دڵەکانی هۆگر دەکرد. ئایا هەر وا ماوە یان وشك هەڵاتووە و دڵ ئۆقرەی تیا ناگرێت.

**چاوێ بخە لە سەبزە و سێرابی دائیرە**
**جێ جیلوەگاهی چاوە کە نەرمە یانە زوور** (٥ : ١٩٣)

ڕۆحی نالی ئەوەندە بێ ئۆقرە دەبێت. کاتێ ئەو هەموو وێرانکارییەی خانەقا دەبینێ چیتر چاوی بەرایی نادات. خانەقا جێ دێڵێ و ڕوو دەکاتە دەشت و چۆل، بەرەو دەشتی فەقێکان لەخوار گردی سەیوان بەو هیوایەی هەروەکو جاران مابێت. ئەو دەشتەی لە سەردەمی ( نالی) فەقێکان جۆرەها یارییان تیا دەکرد. خەڵك لە دەوریان کۆ دەبووەوە و کاتێکی خۆشیان بەسەر دەبرد. دەبێ وەکو خۆی مابێت ؟ یاخود کەسی تیا نەماوە و چۆل و وێران بووە وەك شەڕگەکەی سەلم و توور.

**توخوا فەضایی دەشتی فەقێکان ئەمێستەکەش**

**مەحشەر میثالە یا بووتە ( چۆڵی سەلم و توور)؟** (٥ : ١٩٣)

وێرانەیەکی وا دڵ ئۆقرەی تیا ناگرێ و نەفرەتی لێ دەکات (سالم) یش ئەو ڕاستییە لەم بەیتەدا دەسەلمێنێ .

**ئەو دەشتەی جای یاری یارانی حوجرە بوو**

**یەکسەر مەقامی ڕۆمییە هەروەك تەهی سەقەر** (٥: ١٩٩–٢٠١)

لێرەشدا دووالیزمێك دروست دەکات. ڕۆحی نالی لەو دەشتەش ئۆقرە ناگرێت و لەوێش بێ هیوا دەبێت. بە دڵشکاوی بەرەو حوجرەکەی دێت. بازنەکە تەسکتر دەبێتەوە، شوێنەکە تایبەتیتر دەبێت. دووالیزمێك لەنێوان شوێنی کراوە و داخراودا دروست دەکات. دیارە هیچ شتێ بەقەد حوجرەکەی لەلای نالی خۆشەویست نییە و لەهەموو شوێنێك زیاتر یادگاری تیا بەجێ ماوە.



**هەڵچوونی سۆزی نالی بەرەو لووتکە**

هۆگری حوجرەکەیەتی. ((لەبەر ئەوەی یادگارەکانمان دەربارەی ئەو ماڵانەن کە تیا ژیاوین، جارێکی تر بە زیندەخەو تیایا دەژینەوە. ئەو جۆرە ماڵانە هەتا ژیانمان ماوە لەگەڵماندا دەبن. ))(١٧ : ٤٢) نالیش ساڵەهای تەمەنی لەو حوجرەدا بردۆتە سەر. دەبێ چ ؟ یادگارێك لەدڵ و دەروونیا هەڵکەندرابێت و چەند هۆگری ئەو ژوورە بووبێت ((هەموو وێنە سادە و مەزنەکان بارێکی دەروونی دەردەخەن، ماڵیش زیاترە لە دیمەنێکی سروشتی. ئەویش حاڵەتێکی دەروونییە، ئەویش هەر وایە تەنانەت ئەگەر وێنەیەکیشی لەدەرەوە ببینین هۆگری دەردەبڕێت ))( ١٧ : ١٠٥). لێرەشدا سۆزی نالی بۆ ژوورەکەی دەگاتە لووتکە هەموو ئەو سۆز و خۆشەویستییەی بۆ کوردستانی هەبوو چڕی کردۆتەوە و لەدەوری حوجرەکەی کۆ کردۆتەوە. ئەگەر سۆز و خۆشەویستی بۆ نیشتمان بەبنکەی سۆزەکەی دابنێین ئەوا سۆزی بۆ ژوورەکەی لووتکەی هەرەمەکەیە . نالی لە ژوورەکەی ناپرسێت بەڵکو سڵاوی بۆنداری بۆ دەنێرێت، سڵاوێکی پڕ لە عەبیر. ئەمەشمان لەهیچ شوێنێ نەدی.

**واصیل بکە عەبیری سەلامم بە حوجرەکەم**

**چی ماوە، چی نەماوە، لە هەیوان و تاق و ژوور**

**ئەو غاری یارە ئێستە پڕ ئەغیارە یانەخۆ**

**هەر غاری یارە، یا بووتە غاری مار و موور ؟** (٥ : ١٩٥)

(سانت بیف) دەڵێت ((بۆت نییە ئەی هاوڕێم ئەی ئەو کەسەی سەردانی ئەو شوێنەت نەکردووە، هەتا گەر سەردانیشت کرد تۆ ناتوانیت وەك من هەستی پێ بکەیت و وەك من ڕەنگەکان ببینی)) ( ١٧ : ٥٠) نالیش بەشێوەیەکی وا حوجرەکەی لەناو دڵیا وێنە کێشراوە، پاش ئەوەندە ساڵەی غوربەتیش بەوردی وەسفی دەکات و دەپرسێ ئایا چی لێ گۆڕاوە هەیوانەکەی یا تاقەکەی؟!، چی ڕماوە؟ ئەو حوجرەی کە هۆگری ببوو وەکو خۆی هەر جێگای ئازیزانە یا پڕ بووە لە ئەغیار و مار و موور تیایا یاری دەکەن ((کاتێ سەر دەکات بەژوورەکەیدا وەکو ئەوە وایە لە جەستەی خۆی بڕوانێ. ڕاستە لێرەدا بەخۆی دەگاتەوە بەڵام بە وێرانەی خۆی و بەهیچ جۆرێکیش بواری هاتنە دەرەوەی نییە. جەستەیەك بۆتە

غاری مار و موور. هەروەکو چۆن حوجرەکەش خاڵییە لە یار و ئەغیار، سەیر نییە (نالی ) حوجرەکەی خاڵی لە یار و ئەغیار دەبینێ لەباسکردنی بیرەوەرییەکانیشی دەوەستێ )) (٧ : ٦٦ ) چونکە ماڵی ئادەمیزاد ((بەردەوامیی خودی خۆیەتی، ئەگەر وەسفی ماڵەکەیت کرد واتە وەسفی خۆیت کرد..... ماڵەکان گوزارشت لە خودی خاوەنەکانیان دەکەن )) ( ٢١ : ٢٨٨). کاتێ دەبینێ بۆتە وێرانە دڵ نەفرەتی لێ دەکا و ئۆقرەی تیا ناگرێت. (نالی) لە گەورەترین بازنەوە دەگاتە بچووکترین بازنە و دووالیزمێك دروست دەکات لە شوێنی بێ ئۆقرەیی کە شامە دەگاتە حوجرەکەی کە شوێنی هۆگر بووە. دووالیزمێك دروست دەکات لەناو خودی حوجرەکەشیدا دووالیزمێك لە نێوان هۆگری پێشوو و بێ ئۆقرەیی ئێستا دروست دەکات. (سالم) لەم دوو بەیتەدا ئەو بێ ئۆقرەییە دەسەلمێنێ :

**دڵم نایەڵێ بڵێم چییە سامانی حوجرەکەت**
**هەر تاری عەنکەبووتە حیجابی بیروون و دەر**
**نایێ صەدا لە پەنجەرەکەی جوز فوغانی جوغد**
**غەیرەز شەقامی موور نییە شوێنی پێ گوزەر** (٥ : ١٩٩–٢٠١)

خۆشەویستی و هۆگربوونی نالی بۆ ژوورەکەی، تەنانەت لە شیعرەکەی سالمیشدا ڕەنگی داوەتەوە. بۆیە لە سەرەتاوە دڵی نایەت بڵێ حوجرەکەی چی بەسەرهاتووە، دواجار بە ناڕاستەوخۆ وێرانییەکە دەخاتە ڕوو. نالی لەگەڵ ئەو هەموو گۆڕانکارییەی کە بەسەر خاك و نیشتمان و شار و خانەقا و حوجرەکەیدا هاتووە و هێشتا سۆزی بۆ نیشتمان بێ هیوا نەبووە و دەپرسێ دەبێ تروسکاییەك نەبێت؟

**ئایا مەقامی ڕوخصەتە لەم بەینە بێمەوە**
**یا مەصلەحەت تەوەققوفە تا یەومی نەفخی صوور؟** (٥ : ١٩٧)

((خۆ دزینەوە لەگەڕانەوەی بۆ سلێمانی بەرەنگاری بوونی وەزعی بێ حورمەت بەدەست حوکمی کەم ئینسافی عوسمانییەکانەوە ئەگەر ئەم ترسە بەرهەڵستی لێ نەکردبا دەیتوانی لە سلێمانی ئەو کەرتە نانە پەیدا کا کە لە شام و ئەستەمبۆل پێی قانع بوو.... هەستی نالی دیمەنی مرۆڤێکی جوانمەرد و ڕێز لەخۆگرتووشم دێتە بەر چاو کە مەرگی غەریبانەی ڕێزلێگیراو تەرجیح دەداتە سەر

ژیانی ناو کەسوکار بەبێ حورمەتی بێ دەسەلاَتی))(٣ : ١٠٩) گۆڕان و دەست نەدانی و بێ ئۆقرەیی کە لەو شوێنە دروست بووە لەلای سالم دەردەکەوێت بەجۆرێك کە نالی بیر لەوە نەکاتەوە بگەڕێتەوە.

**توخودا بڵێ بە حەضرەتی (نالی) دەخیلی بم**

**بەم نەوعە قەط نەکا بە سولەیمانییا گوزەر** (٥ :١٩٩–٢٠١ )

سلێمانی وا وێران بووە ژیانی تیا نەماوە و بەکەڵك نایەت بۆیە نەك بیری هاتنەوە بکەیتەوە. بیرنەکەیتەوە بەوێشدا تێ پەڕی. ئەمەش ئەو پەڕی وێرانکارییە و بێ ئۆقرەترین شوێن پیشان دەدات و دووالیزمەکەی نێوان شوێنی هۆگر و بێ ئۆقرەیی تەواو دەبێت و گەورەترین دووالیزم دروست دەکات لە خودی نالی و خودی سلێمانی بەم شێوەیە :



هەر لە سەرەتاوە ئەم دووالیزمە لەناو قەسیدەکە ڕەنگی داوەتەوە و تا کۆتای بەردەوام بووە. بەمەش دەگاتە لووتکەی دووالیزم و نالیش بێ هیوا ((هەموو شوێنی چرکەکانی تەنیاییمان و ئەو شوێنانەی بەدەست تەنیاییەوە نالاندوومان، ئەوە کە چێژمان لێ وەرگرتووە و ئارەزوومان لێیەتی و لەگەڵ تەنیاییدا ڕاهاتبووین تیایا. لە دەروونمانا دەمێنێتەوە چونکە حەز دەکەین بەم شێوە بمێنێتەوە. ئادەمیزاد بەغەریزە دەزانێت ئەو شوێنەی کە بەتەنیایی ئەوەوە پەیوەستە شوێنێکی داهێنەرانەیە. ئەمە ڕوودەدات کاتێ ئەو شوێنانە ون دەبن لە کاتی ئێستادا. وەکاتێ کە دەزانین داهاتوو بۆمان ناگێڕێتەوە.)) (١٧ : ٤٧ ) نالیش چاك دەزانێت شوێنەکەی ئەو شوێنی داهێنانە. ئەو شوێنەش لەدەست چوو. هەر ئەوەشە وای کردووە داهێنان بکات.

## ئەنجام

لە کۆتـایی لێکۆڵینەوەکـەدا گەیـشتینە ئـەنجامێك دەکرێـت لـە چـەند خاڵێـك بیخەینە ڕوو:

١- لـە ڕووی سـۆزەوە، سـۆزی بـۆ نیـشتمان ئەوەنـدە بەتینـە سـۆز لـە قەسیدەکەدا دەبارێ بەڵام وەکو یەك بەسەر خاکی وڵاتدا دابـەش نـەبووە، ئەگـەر وێنـەی هـەرەمێك لـە چـۆنیەتی دابەشـبوونی سـۆزەکە دروسـت بکـەین، بنکـەی هەرەمەکە سۆزی شاعیرە بۆ وڵات بـەرز دەبێتـەوە و چـڕتر دەبێـت لـە شـارەکەیا ئنجا بەرز دەبێتـەوە بـۆ خانـەقا، لـەوێوە چـڕتر دەبێتـەوە و بەردەبێتـەوە تـا لـە حوجرەکەیدا دەگات بە لووتکە کە ئەوپەڕی چڕیی سۆزەکەیەتی.

٢- دووالیزمێکی شوێن لەنێوان شـوێنی گـشتی و شـوێنی تایبەتیـدا دروسـت دەکات، لە فراوانی خاکی نیـشتمانەوە دەسـت پێـدەکات و بەرەبـەرە دەڕوات کـە خۆی لە خانەقادا دەبینێتەوە کە تایبەتـە بـە مـەولانا، ئنجـا دەگاتـە تایبـەتیترین شوێن کە حوجرەکەیەتی.

٣- دووالیزمێك لەنێوان شوێنی کراوە کە نیـشتمانە لەگـەڵ شـوێنی داخـراودا کە حوجرەکەیەتی دروست دەکات .

٤ - لەڕووی هۆگری و بێ ئۆقرەییەوە سەرەتا دووالیزمێك لەنێوان شـام کـە شوێنی بێ ئۆقرەییە لەگەڵ نیشتمانەکەی کە شوێنێکی هۆگرە دروسـت دەکـات. کە دێتـە نـاو خـاکی وڵات دووالیزمـی شـوێن لـە کۆمـەڵێ شـوێن دروسـت دەکـات، جیـاوازی لەگـەڵ دووالیزمـی یەکـەم ئەوەیـە، هـەر شـوێنێك وەرئـەگرێت سـەرەتا شوێنی هۆگر بـووە ئێـستا شـوێنی بـێ ئۆقرەییـە. واتـە تاکـە شـوێنێك نـەك دوو شوێنی جیا.

## سەرچاوەکان

**کتێبە کوردییەکان**

١- ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عێراق ، عێراق و جیهان، د. هاشم یاسین حمدامین حداد، سەردار محمد عبدالرحمان، هوشیار حمدامین خۆشناو، کۆمپانیای تێنووس بۆ چاپەمەنی و کاری هونەری، هەولێر، ٢٠٠٩

٢- تێوری ڕۆمان، کۆمەڵێك نووسەری بیانی، و. بۆ فارسی. حسێن پاینده، و. بۆ کوردی. محەمەد کەریم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢

٣- چەپکێك لە گوڵزاری نالی، مەسعود محەمەد، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چ٢، هەولێر، ٢٠٠٧.

٤- دەستەو دامانی نالی، مەسعود محەمەد، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چ ٢، هەولێر، ٢٠٠٧.

٥- دیوانی نالی، لێکۆڵینەوەی مەلاعەبدولکەریمی مدەرس و فاتح عەبدولکەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٦(سنندج- پاساژ عزتی - انتشارات کردستان، سال چاپ ١٣٨٣ هەتاوی).

٦- ڕەگەزەکانی دراما لە شیعری لیریکی کوردیدا (کرمانجی خواروو ١٩٨٠ - ڕاپەڕین ) پەروین عبدالله، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٨.

٧- کتێبی نالی، ڕێبوار سیوەیلی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١. ٨- نالی لە کڵاو ڕۆژنەی شیعرەکانیەوە، محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی ئەکادیمیای عێراق، بەغدا، ١٩٧٩.

**گۆڤار**

٩- ئیستاتیکای شوێن لە ڕۆماندا، د. احمد زیاد محبك، و. سەردار ئەحمەد گەردی، گ، پێشکەوتن، ژ١٥٢، ساڵ ٢٠٠٨.

**کتێبە عارەبییەکان**

١٠- الادب والفنون، د. عزالدين اسماعيل، دار الفكر العربي ، ط ٥، ١٩٧٥

١١- اركان الرواية، أ. م. فوستر، ت. كمال عياد، دار الكرنك للنشر والطبع والتوزيع، القاهرة، ١٩٦٠

١٢ - الابداع الفني في الشعر (رؤى النقاد العرب في ضوء علم النفس الادبي والنقد الحديث) أ. د. جهاد شاهر المجالي، دار يافا العلمية للنشر والتوزيع، ط١، عمان ٢٠٠٨.

١٣- بناء الرواية (دراسة مقارنة في ثلاثية نجيب محفوظ ) سيزا قاسم، دار التنوير للطباعة والنشر، ط١، بيروت، ١٩٨٢.
١٤- بناء الرواية العربية السورية، د. سمير روحى الفيصل، اتحاد كتاب العرب، دمشق، ١٩٩٥.
١٥- البناء الفني في الرواية العربية في العراق (٢) د. شجاع مسلم العاني، دارالشؤن الثقافية العامة، بغداد،٢٠٠٠.
١٦- تيارات فلسفية معاصرة، د. علي عبدالمعطي محمد، دار المعرفة الجامعية بالاسكندرية، ١٩٨٤.
١٧- جماليات المكان، جاستون باشلار، ت. غالب هلسا دار الجاحظ، بغداد، ١٩٨٠.
١٨- زمن الرواية، د. جابر عصفور، دار المدى للثقافة والنشر، دمشق، سوريا، ١٩٩٩.
١٩- السد بين الرواية المصرية والامريكية، أ. د. عفاف عبدالمعطي، رؤية للنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠٠٠.
٢٠- المكان في الرواية العربية، غالب هلسا، دار ابن رشد للطباعة والنشر، لبنان، ١٩٨١.
٢١- نظرية الادب، رينيه ويلك و اوستن وارين، ت. محى الدين صبحي، مطبعة خالد الطرابشي، ١٩٧٢.
٢٢-النقد التطبيقي والتحليلي، عدنان خالد، سلسلة آفاق، بغداد، ١٩٨٦.
٢٣-النقد البنيوي والنص الروائي، محمد سويرتي، أفريقيا الشرق، ط٢، ١٩٩٤.

**گۆڤاری عارەبی**

٢٤ - الحاسية الجديدة واستخدامات المكان الادبية، د. صبري حافظ، م. اقلام عدد ١١، ١٢ ، ١٩٨٦،

**نامەی ئەکادیمی**

٢٥- الوصف في الرواية العراقية ( دراسة نقدية في تقنية بناء الوصف )١٩٣٧-١٩٩٠، رسالة ماجستير، عبدالامير مطر فيلى، كلية الاداب، جامعة بغداد،٢٠٠٠.

## خلاصة البحث

## هذا البحث حول ثنائية المكان في احدى قصائد ( نالي )....

كلما نتحدث عن الانسان يأتي المكان من اولويات البحث لأن الأنسان لايمكن تصوره دون المكان، لأن المكان مجموعة روابط ترتبط بالانسان ارتباطا وثيقا، من الممكن تصور المكان دون الانسان لكن من غير الممكن تصور الانسان دون المكان. والمكان في النص الادبي ليس مساحة مضمار لاجراء السباق بين الشخصيات، بل اساس جوهري وحيوي تظهر فيه الشخصيات الرئيسة، والمرء متعلق بموطنه مهما أبتعد عنه يحن اليه اكثر، و نالي في الشام يعيش القلق نفسه، وحبه لمولده يجعله يفدي بروحه للرياح كي تذهب ناحية تربة الوطن لتسأل الاماكن واحدة تلو الآخر، بدءاً بحلقة واسعة وكلما ضاقت الحلقة أزداد شوق نالي حيث الوصول الى الذروة في حجرته. والاماكن التي يتحدث عنها يكررها ثانية من جانب يحس بالالفة والاطمئنان ويقلقه الذكرى مرة ثانية، وعلى هذا النحو يصنع ثنائية حيث يرى احب المكان الى قلبه تغير الى مكان للقلق وعدم الراحة على أيدي المحتل، فيسرع على أثره الى الخروج وعلى هذا النحو يصنع ثنائية بين السليمانية وأحبائه سابقا وسليمانية الآن. نتيجة البحث ذكرت خلال نقاط.

## Abstract

The research sheds light on spatial dualism in one of Nali’s poems. Whenever, human being is referred to, place and man are connected and cannot be set apart. Place is a multi- dimensional relation around the human beings.In literary texts, place or land is not a mere platform on which characters and their clashes are portrayed. The place is an essential element presenting the live features of characters.It is a part of human nature to have passion towards land, the farther he goes, the more this passion will be increased. Hence, Nali in Sham was in exile in which he was impatience. Home sick leads Nali to sacrifice himself for the wind.He requests the wind to fly over the place which his heart beats for. Nali’s home-sickness starts as a large cycle as it goes near the center. His passion reaches its peak. Nali presents place in two phases, either as passion or as impatience – dualism is created in such places.Consequently, Nali’s soul passionately flees to his precious places, but he finds them becoming the land of impatience too. Dualism is found in two different phases of the city of Sulaymany: first the past, which represented the free Sulaymany of the passionate young Nali with his friends and sweetheart; second,the present invaded city of Sulaymany, which embodied the impatient Nali longing for all. The paper ends with a number conclusions outlined at the end.

# ڕۆژنامەوانیی قوتابخانەکان بە زمانی کوردی لە شاری هەولێردا (١٩٥٩- ١٩٧٥)[١]

**پ. ی. د. هیمداد حوسێن بەکر**
**بەشی کوردی- کۆلێژی پەروەردەی مرۆڤایەتی**
**زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر**

**عەبدوڵلا ئەنوەر عەبدوڵلا**
**ب.ڕاگەیاندنی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم**

## پێشەکی

گۆڤار و ڕۆژنامە بە شێوەیەك لە شێوەکان زمانی میللەتانە و لەوێشەوە ڕەنگدانەوەی ئاوێنەی هەست و سۆز و خۆشەویستی ڕۆڵەکانی لێ بەرجەستە دەبێت و ڕێگای دەستنیشانکردن ، پاشان چارەسەرکردنی کێشەکان دەخاتە ڕوو.

ڕۆژنامەوانیی کوردی بە گشتی و ڕۆژنامەوانیی شاری هەولێریش بەتایبەتی، لە ئەنجامی پێشکەوتنی کۆمەڵی کوردەواری لە بواری ڕۆشنبیری و کۆمەلأیەتی، هەمیشە لە هەوڵ و تەقەلأدا بوون بۆ پێشخستنی ژیانی کوردەواری، بە کەم دەرامەتییەوە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بلأوکراونەتەوە. مێژوو گەواهی دەدات ، کە چەند نووسەر و ڕۆژنامەوانێك تەمەنی خۆیان بۆ خزمەتکردنی بزووتنەوەی ڕۆژنامەوانیی ئەم شارە تەرخان کردووە و جێپەنجەیان دیارە .

شاری هەولێر بەپێی تایبەتمەندیی شارەکە کۆمەڵێك ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی تێدا بلأوکراوەتەوە ، کە ڕۆڵی بەرچاویان لە ناساندنی لایەنی ڕۆشنبیری و سیاسی و کۆمەلأیەتی و فەرهەنگی دانیشتوانی ئەم شارەدا بینیوە . ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانە سەرباری دەستکورتی و هەژاری لە پێداویستیی مرۆیی و دارایی و

---

[١]: لە نامەی ماستەری عەبدوڵلا ئەنوەر عەبدوڵلا وەرگیراوە بە ناونیشانی ڕۆژنامەوانیی کوردی لە شاری هەولێردا ( ١٩٣٥– ١٩٧٥)، بەسەرپەرشتی پرۆفیسۆری یاریدەدەر د.هیمداد حوسێن لە بەشی ڕاگەیاندن لە زانکۆی سلێمانی ساڵی ٢٠١١.

پیشەیی، توانیویانە لە پێشخستنی کلتووری و ژیاریی شاری هەولێردا ڕۆڵی خۆیان بگێڕن.

لەم ڕێگایەوە دەخوازین لەسەر ڕۆژنامەوانیی کوردی لە شاری هەولێردا لە نێوان سالآنی ١٩٥٩-١٩٧٥ دا بە مەبەستی ئاشناکردنی خوێندەوارانی کورد بەکۆشش و ماندووبوونی ئەو ڕۆژنامەوانانەی، کە ئەرکی دەرکردن و بەڕێوەبردنی ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی ئەم شارەیەیان لەنێوان ماوەی دیاریکراوی توێژینەوەکەدا لە ئەستۆ گرتووە لێکۆڵینەوە بکەین ، لەوێشەوە پەنجە بخەینە سەر پۆلینکردنیان و پاشانیش تاوتۆکردنی ناوەرۆکی ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانە لە چوارچێوەی هونەرەکانی کاری ڕۆژنامەوانیدا .

دەبێ ئەوەش بڵێین ڕووبەڕووی چەند کێشەیەك بووینەوە ، لەوانە گرفتی نەبوونی سەرچاوە ، بەتایبەتی هەندێك لەو گۆڤارانەی ، کە لە کتێبخانە کەسییەکاندا هەبوون ، لەناویاندا هەندێك سەرچاوەی ڕۆژنامەوانیی کۆن و دڕاو و زەردهەڵگەڕاو بوون و لاپەڕەی هەندێك لە گۆڤارە کوردییەکان کێشەیان هەبوو.

## یەکەم : ڕۆژنامەوانی لە قوتابخانەکاندا

**ڕۆژنامەوانیی قوتابخانەکان:** بریتییە لەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی چەند قوتابخانەیەکی شاری هەولێر لەمیانی سالآنی خوێندن بەبەشداری هەندێك لەمامۆستایان و قوتابیانی ئەم قوتابخانانە بلاو دەکرایەوە.

ئەمە لەناو قوتابخانەکاندا چالاکییەکی ئازاد بوو ، لەلایەن قوتابیانەوە لەسەر بنەمای خواست و ئارەزووەکانیان پیادە دەکرا. قوتابیان دەستەیەکی دەستپێشخەر و پێشکەوتنخواز بوون لە بەرگەگرتنی باری قورسی ئامادەکردن و دەرکردن و چاپکردن و دابەشکردنی ڕۆژنامە و گۆڤاری قوتابیان بەسەرپەرشتی مامۆستای زمان ( زمانی کوردی لە هەندێك دواناوەندی و ئامادەییەکانی شاری هەولێر-توێژەران)، کە دەبووە داینەمۆی بزواندنی قوتابخانەکە بۆ دواندنی قوتابیان و مامۆستایان و کەسوکاریان، ئەویش بەپابەندبوون بە یاسا و ڕێساکانی دامەزراوەیی پەروەردەیی لە بلاوکردنەوەی بابەتەکان و زەمینە خۆشکردن بۆ قوتابیان، کە بە ئازادانە و هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی لە ڕێگای داهێنانی هونەری

ڕۆژنامەوانیی پەروەردەییدا ڕای خۆی دەربڕێت (**علي محمود، الصحافة مهنة، ص١٦١**).

ئینسکلۆپیدیای بەریتانی پێناسەی ڕۆژنامەوانیی قوتابیان وا دەکات کە: ((بریتییە لە نووسین و بلاوکردنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤار و ئەو چالاکی و بابەتانەی، کە پەیوەندییان بەخودی خوێندکارانەوە هەیە ، ئەوانەی ، کە لەبنەڕەتدا بۆ دیاریکردنی کێشەی قوتابیان و چۆنیەتی چارەسەرکردنیان داڕێژراوە ))

**( ئەمجەد محەمەد، تیشکێك..، ل٥٧).**

ڕۆژنامەوانیی قوتابیان هەموو چالاکییەکی ڕۆژنامەوانی (نووسراو، بیستراو، بینراو) لەخۆ دەگرێت ، بێجگە لە هەندێك چالاکی وەکو شانۆیی و ئاهەنگی یەکتری ناسین نەبێت . هەروەکو ڕۆژنامەوانی دیواریش، کە بەشێکی دانەبڕاوی ڕۆژنامەوانیی قوتابخانەکان دەکەوێتە ئەم چوارچێوەیەوە، چونکە چالاکییەکی تایبەتە بە هزر و توانای قوتابیان.

**(نەژاد سورمیٚ ، ڕۆژنامەگەری ..، ل٨٩).**

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ڕۆژنامەوانیی قوتابیان بە دەسکەوتێکی قوتابخانەیی هەژمار نەدەکرا، هەرچەندە ڕۆلێکی گرنگ لە پێگەیاندنی قوتابیاندا دەگێڕێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە وەکو کات بەفیڕۆدان هەژمار دەکرا، بەبیانووی ئەوەی خوێندکار لە ڕێبازی وانەکانی دوور دەخاتەوە، بەڵام لە ئەنجامی کۆمەڵێك ئەزموون ، کە پسپۆڕانی پەروەردە پێی ڕابوون، توانییان پێچەوانەی ئەوە بسەلمێنن، چونکە خۆی ئەمە داهێنانێکی قوتابخانەیە، و قوتابییە بەهرەمەندەکان ئەو کارە دەکەن، ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەبێتە هۆی دروستبوونی پێوەندییەکی بەهێز لە نێوان قوتابی و بابەتەکانی وانەکانی ڕۆژانەی قوتابخانەدا.

**(سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٨).**

ئامانج لە دەرکردنی ڕۆژنامەوانیی قوتابخانە (قوتابیان) پێشکەشکردنی خزمەتێك بووە لە سەرجەم بوارەکاندا، یان ئاراستەکردنی جەماوەر بەشێوەیەکی گشتی و قوتابیان بەشێوەیەکی تایبەتی بۆ خواستەکان و بەرگریکردن و پاڵپشتیکردن لە مافە ڕەواکانی گەل، چونکە ئەو توێژە توێژێکی کاریگەرە بەهۆی

ئەوەی خاوەن وزەیەکی لەبن نەهاتوو و هۆشیارییەکی تەواوە، بۆیە توانیویەتی ببێتە نووکی ڕمی هەموو شۆڕش و ڕاپەڕین و بزووتنەوەیەکی ڕۆشنبیری و نەتەوەیی و نیشتمانی. لەم ڕوانگەیەوە قوتابیان لە مێژوودا خاوەن هەستێکی زیندوو و ڕێکخراون. بۆیە ئەوان داواکاری ڕێکخراوێکی تایبەت بەخۆیان بوون ، هەر بۆیە خاوەن ڕۆژنامەوانیی تایبەت بەخۆشیان بوون ، لەوانەش ڕۆژنامەوانیی قوتابخانەیی.

**(ئەمجەد محەمەد، تیشکێك..، ل٥٨).**

ڕۆژنامەوانیی قوتابخانە بەیەکێك لە چالاکییە پەروەردەییەکان دادەندرێت ، کە دەتوانێت ئامانجەکانی پەروەردە و فێرکردن جێبەجێ بکات و کەشوهەوایەکی خۆش بۆ قوتابیان فەراهەم بکات  و بشبێتە ئەگەری  گرێدانی قوتابی و خوێندکار بەدەوروبەر و کۆمەڵەکەیەوە، ئەویش لەڕێگای پراکتیزەکردنی جۆرێك لە ڕاگەیاندنی نووسراو ، کە خۆی لە داهێنانیدا بەشداری کردووە.

ڕۆژنامەوانیی قوتابخانەکان زمان لای خوێندکاران خۆشەویست دەکات، وەکو هۆکاریك لەدەرکردنی ڕۆژنامە یان گۆڤاری قوتابیاندا، لەوێشەوە گەیاندنی بیرو بۆچوونی خۆێندکار بۆ خوێنەر لە ڕێگای ڕۆژنامە و گۆڤارە تایبەتییەکانی قوتابیان ئاشنایەتی لەگەڵ نیشتمان پەیدا دەکات و شانازی بە باوباپیرانیەوە دەکات و پارێزگاری لە مێژوو و کلتووری دەکات، بەجۆرێك ڕۆژنامەوانی دەبێتە پلاتفۆڕمی تێگەیشتنی نێو توێژی قوتابیان، لەناو قوتابخانە یان لە دەرەوەیدا ، چونکە ئەم کارە ڕۆژنامەوانییە وای لێدەکات بەدواداچوون بۆ کێشەکانی قوتابخانە بکات و بەشێوەیەك بیانخاتە ڕوو، کە لە ئایندەدا گیانی ڕەخنە و هاوکاری بۆ چارەسەر دروست بکات . ڕۆژنامەوانیی  قوتابخانە ململانێی پۆزەتیڤ لە نێوان خوێندکاراندا دروست دەکات ، لەم ڕێگایەوە  قوتابی لەسەر هونەری ڕۆژنامەوانی ڕادێت هەر لە ڕاپۆرتی وەرزییەوە تا دەگاتە ئامێری چاپ و وێنە و وێنەی کاریکاتێری.

**(نەژاد سورمێ، ڕۆژنامەگەری ...، ل٨٩).**

لەبەرئەوەی کاری ڕۆژنامەوانی کارێکی هەرەوەزییە، بۆیە کاتێك لە چوارچێوەی دیواری قوتابخانەدا بڵاو دەکرێتەوە گیانی هاوکاری لە نێوان خوێندکاران بۆ دروستکردنی ڕای گشتی ناو قوتابخانە بۆ کۆنترۆڵکردنی نیزامی

گشتی له هەڵماڵینی کێشەکان و پێشنیاز بۆ چارەسەرکردنیان زێتر دەکات ، کە سەرەنجام دەبێتە فاکتەری بەهێزبوونی کەسایەتیی قوتابی، جا لەشێوەی وێنەکردندا بێت ، یان بەرێگای دەربڕینی نووسین بێت، لەپاڵ ئەمانەشدا دەرخستنی توانای قوتابی له گفتوگۆ و ڕەخنەگرتن و بەشداریکردنی قوتابی لە کاری ڕۆژنامەوانیی قوتابخانەیی فێری دەستەواژە زمانەوانییەکانی دەکات و لە کۆتاییدا قوتابی بەوپەڕی باوەڕ بەخۆبوونەوە کارەکەی ئەنجام بدات، کە لەگەڵ گەشەکردنی تەمەنیدا گونجاو بێت. بە دڵنیاییەوە ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی کەرەستەی زمانی و مەیلی بەرەو خوێندنەوە بە شێوەیەك زیاد دەکات ، کە خواستی لەسەر خوێندنەوەی دەرەکی زۆر دەبێت و زانیاریی فرە لە بابەتێکی دیاریکراو بەدەست بێنی یان لەسەر پەرتووکێك لە ڕۆژنامەیەکدا بنووسێت .

رۆژنامەوانیی قوتابخانە بە چەند خاسیەتێکەوە دەناسرێتەوە ، لەوانە :

١- تایبەتە بە توێژێکی دیاریکراو، ئەویش قوتابیانن، بۆیە سنووری خوێنەرانی لە چوارچێوەی جغزی قوتابیان تێ ناپەڕێت .

٢- شێوەکەی سادەیە، قەبارەکەی بچووکە، بە بەراود لەگەڵ ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی تردا ئاستی نزمتر دەبێت .

٣- ناوەڕۆکی ڕۆژنامەکە تەنیا ئاڕاستەکراوە بۆ قوتابیان و ئاستەکەشی بە بەراورد لەگەڵ ڕۆژنامەی دیکەدا نزمە.

٤- بە زۆری بەشێوەی پچڕ پچڕ دەردەچێت .

٥- تیراژی کەمترە بە بەراورد لەگەڵ ڕۆژنامەکانی دیکەدا.

٦- بە وێستگەیەکی ئەزموونی دانراوە بۆ زانینی ئاستی قوتابیان، بە تایبەتی ئەو قوتابیانەی خاوەن بەهرەی نووسینن.

**(ئەمجەد محەمەد، تیشکێك..، ل٥٩).**

ڕۆژنامەوانیی قوتابخانە چالاکییەکە خوێندکار بە ئارەزووی ئازادانەی خۆی پراکتیزەی دەکات، ئەمەش بە ڕەچاوکردنی مەیل و ئارەزووی خۆیان و خستنەڕووی زانیارییەکان لە ڕێگای نووسین و دەرکردن و دەرهێنانی ڕۆژنامەوانیدا دەکرێت بۆ ئەوەی ئاشنایەتی لەسەر قوتابیە داهێنەرەکان پەیدا بکرێت ، لەوانە :

١- دۆزینەوەی بەهرەو توانای زانستی لای مناڵە بەهرەدارەکان و سەرەنجام بۆ تەقاندنەوەی هێزە زانستییە شاراوەکانی قوتابیان .
٢- پێدانی شارەزایی و تواناسازی بەقوتابی، کە بەشێوەیەکی ئەرێنی کاریگەری لە وێناکردنی زانیاری ئیدراکی لای منالّ و هەنگاونانی تەواو دروست بکات تا دەگاتە ویستگە و فەزای بیرکردنەوە و ئەندێشەی قوتابی.

**(علي حسن مصطفى، نادي الصحافة المدرسية )**

بلاّوکراوە ( چاپکراو و دەستنووس) یەکێکە لە گرنگترین هونەرەکانی ڕۆژنامەوانیی قوتابخانە (قوتابیان)، کە قۆناغێکە زیاتر هۆشیاری پێوە دیارە و پەیوەستە بە ئامرازەکانی گەیاندنەوە، کە دەتوانرێت بڕێکی زۆری لیّ چاپ کرێت و بە ئاسانی بگوازرێتەوە و لەنێو قوتابخانە و دەرەوەی قوتابخانەدا دەستاودەست بکات.

هەروەها دەتوانرێت لە ڕووی جوانکارییەوە گرنگی پیّ بدرێت و گۆڕانکاری لیّ بکرێت و پێش بخرێت لە هەمان ژمارە پێش ئەوەی چاپ بکرێت، ئەمەش لە ڕووی بابەت و پێکهاتنیەوە جۆراوجۆرە بەپێی توانای قوتابی لە هەردوو قۆناغی ناوەندی و دواناوەندییەوە .

**دووەم: ڕۆژنامەوانیی قوتابخانەکانی شاری هەولێر**

سەبارەت بە ڕۆژنامەوانیی قوتابخانە لە شاری هەولێر لەنێوان ساڵانی ١٩٥٩- ١٩٧٥ دا ، ئەوا کۆمەڵێك لە مامۆستایان و پەروەردەکاران لەم شارەدا هەر زوو درکیان بەوە کردبوو، (کە گرنگی قوتابخانە هەر ئەوە نییە، نەوەیەك لە خوێندەواران تەنیا بەخوێندنەوە و نووسین بەرهەم بهێنێت ، بەڵکو ئەرکێکی تریشی لەئەستۆ گرتووە لە دەستنیشانکردنی جیاوازیی تاکی نێوان قوتابیان ، بۆیە کاریان لەسەر مشتومالّکردنی بەهرەکان و هاندانیان بەرەو خەملّین دەکرد، ئەویش بە ئاڕاستەکردنی قوتابیانی بەهرەدار، ئەوانەی سەلیقەیان لە بواری ڕاگەیاندن و بەتایبەتی لە بواری ڕۆژنامەوانیدا هەیە و بەئاڕاستەیەکی ڕاست و ڕەوان بۆ گەیشتن بەئامانجەکانیان. )

**( وائل النحاس، تاريخ الصحافة الموصلية، ص١٣٨).**

لێـرەدا نموونــەی ئــەو گۆڤــارە کوردییانــەی قوتابخانــەکانی ئامــادەیی و دواناوەندی دەخەینە ڕوو ، کە لە شاری هـەولێر لـەنێوانی سـاڵانی ١٩٥٩–١٩٧٥دا بلاْوکراونەتەوە :

**١ – ژیــان ١٩٥٩**

گۆڤارێکی ئەدەبی کۆمەلاْیەتیی قوتابیان بـوو، یـەکێتی قوتابیـان گشتی لقـی هەولێر دەری دەکرد. ئەم گۆڤارە، ((بە تاکە گۆڤاری قوتابیان دادەنرێت ، کـە لـە ســالاْنێکی زوو لــە مێــژووی رۆژنامــەوانیی قوتابیــان لــە شــاری هــەولێردا بلاْوکراوەتەوە))

**(غازی حەسەن، ژیان کەی دەرچووە؟ ل١٥٥).**

ژمارەی یەکەمی ساڵی یەکەمی گۆڤـاری ( **ژیـان** ) ، کـە لـە بـەرگی پێـشەوەی گۆڤارەکەدا خراوەتە ڕوو، بەبێ ئەوەی ئاماژە بە ڕۆژ و مانگ و سـاڵی دەرچـوونی بکرێت. ئەمەش بۆتە هۆی دروستبوونی کەموکورتییەك، بۆ چـۆنیەتی دیـاریکردنی مێـژووی راسـتەقینەی دەرچـوونی ئـەو گۆڤـارە. سـەرەڕای ئـەوەی ڕۆژ و سـاڵی دەرچوونی گۆڤارەکە لە بەرگی پێشەوەی گۆڤارەکەدا نەنووسـراوە، بـەلاْم بـەپێی ئەو زانیارییـەی لـە لاپـەڕە (٢٨)ی گۆڤـاری "دەنگـی قوتابیـان" لـە ژمـارە (٢)ی کانوونی یەکەمی ١٩٥٩دا هاتووە، کە لە لایەن یەکێتی گشتی قوتابیانی عێراقـەوە دەرچـووە و دەڵێـت: پێویـستە ئـەوە لـەبیر نەکـەین ، کـە قوتابیـانی هـەولێر گۆڤارێکیان بە ناوی (ژیان)ـە وە دەرکـردووە، کـە بـە هیـواین بـەردەوام بێـت لـە دەرچووندا.

**(سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٩).**

واتە دەرکردنی گۆڤارێکی قوتابیانی پشتگوێ نەخستووە لە هەولێر، ئەمـەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی ، کە گۆڤاری ( **ژیان** ) پێش ئەو مێژووە دەرچووە، واتە هەر لە ١٩٥٩ دا پێش (دەنگی قوتابیان) دەرچووە.

گۆڤـاری (ژیـان) لـە (٤٠) لاپـەڕە پێکهـاتووە و بـە پێوانـەی (١٧X١٠)سـم. لـە بەشی لای راسـتی بـەرگی پێـشەوە و لـە لای سـەرەوەی گۆڤارەکـەدا ژمـارە (١) نووسراوە، لە بەشی پێشەوەی لای چەپی بـەرگی پێـشەوە و لای سـەرەوە سـاڵی

(١) نووسراوە، لە ناوەڕاستی بەشی سەرەوە ناوی گۆڤارەکە بە خەتی گەورە نووسراوە ( ژیان )، لەخوارەوەی بەشی سەرەوە لە گۆشەیەکدا و لە نێو لاکێشەیەکدا نووسراوە ( گۆڤارێکی ئەدەبی کۆمەڵایەتی قوتابیانە)، لە ناوەڕاستی بەرگەکە وێنەیەك هەیە، کە لە کارەکانی هونەرمەند (بدیع باباجان)ـە، لە خوارەوەی بەرگی پێشەوە گۆشەیەکی لاکێشەیی هەیە و تێیدا نووسراوە یەکیەتی قوتابیان گشتی لە هەولێر دەری دەکات ). ( گ. ژیان ، ژ ١، ل١ ٢).

سەرەڕای ئەوەی ناوی سەرنووسەری گۆڤارەکە نەهاتووە لە بەرگی پێشەوە و دواوەدا، بەڵام هەڵسووڕێنەری بنچینەیی گۆڤارەکە بەپلەی یەك هەوڵی تاکە کەسێك بووە، زۆربەی بابەتە بڵاوکراوەکان بەناوی خوازراوەوە بووە ، کە لە ئامادەکردنی خۆی بووە (١).

بەدەستەی نووسەرانی گۆڤاری (ژیان) بەپێی پێڕستی دوا لاپەڕەی گۆڤارەکە لە (١١) کەس پێکهاتووە، بەڵام لەڕاستیدا گۆڤارەکە لەلایەن تاکە کەسێکەوە ئیدارەی دەرکردنی کراوە سەرباری هەبوونی ناوەکانیان، چونکە ڕۆڵی ئەوان لاوەکی بووە. ( گ.k ٢١، ژ(٧)، ل١٥٨).

"بگرە هەندێکیان ئاگایان لە دەرچوونی گۆڤارەکەش نەبووە ، بەڵکو من ناوەکانم دەنووسی "

**(چاوپێکەوتنی کەمال غەمبار ٢٥/ ٨/٢٠١١).**

ئامانج لە بڵاوکردنەوەی ئەو گۆڤارە وەکو لە پێشەکی ژمارەی یەکەمدا خراوەتەڕوو ، بریتییە لە (( **خزمەت کردنی قوتابیانە هاندانیانە بۆ تیژکردنی پێنووسیان لە پێناوی بەرزکردنەوە و گەشەپێدانی وێژە و زمانی کوردی و خولقاندنی جووڵانەوەیەکی وێژەیی لەنێو جەرگەی قوتابیانا کە بەردەوامبن لە نووسینی بەکەڵك و ڕەنگین بۆ ئەوەی بتوانن لەڕێگەی بەرهەمی پڕسوودیان خزمەتی گەل و نیشتیمان بکەن و مەشخەڵی پرشنگی زانیاری و هۆشمەندی بەرز کەنەوە بۆ دەرهێنانی ڕەگ و ڕیشەی نەزانی و تاریکی ، بۆ هەنگاونان بەرەو زانین و ڕووناکی و ئاسۆیەکی گەش و فراوان ...**

**ئیتر ئەی قوتابی بەڕێز گۆڤاری ( ژیان ) زمانی تۆیە و بۆ تۆیە، پڕ بەدڵ داوات لێ دەکات، کە پشتی بگریت و دەستی یارمەتی بۆ درێژ کەیت وەپاڵ**

**پێوەنەرێکی دڵسۆزبیت بۆ بەرێوەبردن و پێشکەوتنی ئەم گۆڤارە کە یەکەمین جارە قوتابیانی کورد لە هەولێر دەری دەکەن .**

**بەبۆنەی دەرکردنی یەکەم ژمارە لە گۆڤارەکەمانا گەرمترین سڵاوی هەستی بەسۆزمان پێشکەش بە سەرۆکی تەنهامان قارەمانی شۆڕشی چواردەی گەلاوێژ عبدالکریم قاسم ئەکەین ، وە بەڵێن نوێ ئەکەینەوە کە هەرگیز دڵسۆزبین و ئەو رێبازەی گرتوومانە بەری نادەین وە هەردەم لە دەوری کۆمارە دیموکراسیەکەمان قەلآیێکی ئاسنینی پۆلآیین بین.**

**(بەرزی بۆ زانست– بەرزی بۆ رێك و پێکی – بەرزی بۆ کردارە )**

**(دەستەی نووسەران) .... )) (گ ژیان ، ژ ١، ل٤–٥).**

لەبەرئەوەی گۆڤاری ( ژیان ) لەلایەن یەکێتی قوتابیانی گشتی لقی هەولێرەوە دەرچووە ، کە رێکخراوی قوتابیانی حزبی شیوعی عیراق باشووری کوردستان بووە، بۆیە لە کۆتایی وتەی ژمارەی گۆڤارەکەدا مۆرکێکی سیاسی بە ناوەڕۆکی وتارەکە بەخشیوە ، کاتێك ستایشی رۆڵی سەرۆکی کۆماری عیراق دەکات و بەڵێنی دڵسۆزی بۆ دووپات دەکاتەوە، هەروەکو بێجگە لە بەشداریکردنی بەرپرسی ناوەندەکانی یەکێتی قوتابیانی گشتی شاری هەولێر ، کە ناوەڕۆکی بابەتەکانی گۆڤارەکەیان دەوڵەمەند کردووە ، بەرپرس و نووسەرانی ناوەندەکانی دەرەوەی هەولێری سەر بەهەمان رێکخراویش بەشداری نووسینی گۆڤارەکەیان کردووە.

**(عبدالرحمن محمدامین، ئاشتیمان ئەوێت، گ ژیان، ژ١ ،ل ٢٦–٢٨).**

گۆڤارەکە گرنگی بە بلآوکردنەوەی بابەتی تایبەت بە هەوڵ و ئارەزووەکانی قوتابیان داوە لە هۆنراوە و زانیاری گشتی و وەرگێڕان و وتەی بەنرخ.

**(گ ژیان ، ژ ١، ل٦ ،١٣،١٠).**

لەبەرئەوەی ئەو گۆڤارە لە لایەن قوتابیانی شاری هەولێرەوە دەرچووە، بەشێوەیەکی بەرچاو شێوەزاری کرمانجی ناوەڕاستی تێدا بەشێوەیەکی پوخت و پاراو تێدا بەکار هاتووە و ڕەچاوی خاڵبەندی بەوردی کراوە .

سەرەڕای ئەوەی گۆڤاری ( ژیان ) لە شاری هەولێردا دەردەچوو، بەلاّم لە چاپخانەی (ژین) لە شاری سلێمانی چاپ کراوەو لەلایەن (جەلالی میرزا کەریم)ـەوە سەرپەرشتی کراوە.

تیراژی گۆڤاری ( ژیان ) دیار نییە و لە سەر گۆڤارەکەیش ئاماژەی پێ نەکراوە، سەبارەت بە سەرچاوەی دارایی گۆڤارەکە نە لەلایەن حکومەت و نە هیچ لایەکەوە پاڵپشتی نەکراوە، بەڵکو گۆڤارەکە لەلایەن قوتابیان و ئەو کەسانەی هاوبەشییان هەبووە لە کڕینی خۆیانەوە پاڵپشتی کراوە.

**(گ ژیان ، ژ ١، ل٥).**

چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانی ، یەکێکە لە ژانرە گرینگەکانی کاری ڕۆژنامەوانی، ڕۆژنامەوان لەشێوەی پرسیارو وەلاّم لەگەڵ کەسی بەرامبەری بەمەبەستی وەرگرتنی زانیاری لەسەر بابەتێکی دیاریکراو دەیکات

**( د.مەغدید سەپان، ژانرەکانی ڕۆژنامەوانی ل٣٧)**

جێگای سەرنجە ، کە گۆڤاری ( ژیان ) بۆ یەکەم جار لە ڕێگای پەیامنێرێکی خۆی چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانی (Interview) لە مێژووی ڕۆژنامەوانیی کوردی قوتابخانەکانی شاری هەولێر ئەم هونەرەی ئەنجامداوە.

**(گ ژیان ، ژ ١، ل٢١).**

لە ڕووی نەخشەسازی گۆڤارەکەوە، بە شێوەی زەنگۆگراف چاپ کراوە، هەروەها ناونیشانی سەرەکی بە خەتێکی گەورە و ڕوون نووسراوە، ناونیشانە لاوەکییەکانیش بە هەمان شێوە، بۆشایی نێوان دێڕەکان بە شێوەیەکی گونجاوە، کە یارمەتی خوێنەر دەدات لە کاتی خوێندنەوەدا هەست بە ماندوویەتی نەکات.

گۆڤارەکە هەوڵی داوە بۆشایی نێوان بابەتە بلاّوکراوەکان پڕبکاتەوە بە بلاّوکردنەوەی پارچە هۆنراوە و پەخشانی کورت و وتەی بەنرخ، بۆ تەواوکردنی پاشماوەی بابەتەکان.

**(گ ژیان ، ژ ١، ل١٥).**

لەبەر ئەوەی گۆڤاری ( ژیان) ئەدەبی بووە، ڕیزبەندی یەکەمی بەڕێژەی (٧، ٢٦٪) داگیر کردووە، لە کاتێکدا هەر سێ بابەتەکانی (زانیاری گشتی و وەرگێڕان و بابەتی سیاسی و هەواڵ) ڕێژەی (٣ ،١٣٪) یان بەرکەوتووە. لە کۆتاییدا وتەی ژمارە و وتەی بەنرخ ڕێژەی (٧ ،٦٪) پێکهێناوە، وەکو لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت .

**خشتەی ژمارە و ڕێژەی سەدی بابەتەکانی گۆڤاری ( ژیان).**

| بابەت | ژمارەی بابەتەکان | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| ئەدەبی | ٤ | ٢٦,٧ | ١ |
| زانیاریی گشتی | ٢ | ١٣,٣ | ٣ ،٥ |
| وەرگێڕان | ٢ | ١٣,٣ | ٣ ،٥ |
| سیاسی | ٢ | ١٣,٣ | ٣ ،٥ |
| هەواڵ | ٢ | ١٣,٣ | ٣ ،٥ |
| ئینتەرڤیو | ١ | ٦,٧ | ٧ |
| وتەی بەنرخ | ١ | ٦,٧ | ٧ |
| وتەی ژمارە | ١ | ٦,٧ | ٧ |
| کۆی گشتی | ١٥ | ١٠٠,٠ | |

**٢– تیشك ١٩٧٠**

گۆڤارێکی قوتابخانەیی پەروەردەیی ساڵانە بووە، لە لایەن قوتابخانەی مامۆستایانی سەرەتایی کوڕان لە شاری هەولێردا دەرچووە.

ژمارەی دووەمی لەساڵی دووەمی لە ١٩٧٠ دا دەرچووە، ژمارەی سپاردنی بە کتێبخانەی نیشتمانی (١٥٠٠) پێدراوە و لە چاپخانەی ( کوردستان) لە شاری هەولێر لە بەرواری ١٢/٤/١٩٧٠ دەرچووە ، بە (٦٤) لاپەڕەو بەپێوانەی (١٤ x ٢١) سم .

دەستەی نووسەرانی ژمارەی دووەمی پێکهاتووە لە:

١–مەجید ئاسنگەر، بەڕێوەبەری قوتابخانە.

٢–حەمەکەریم ڕەمەزان هەورامی– مامۆستای پەروەردە و زانیاری.

٣– فاتح محەمەد– مامۆستای زمانی کوردی.

٤–لێژنە.

أ– پەروەردە و زانیاری هۆبەکەمان .

ب– زمانی کوردی .

٥–سکرتێری لیژنە: نوری ئیسماعیل نانەکەلی. **(گ تیشك، ژ ٢، ل١)**

بەرگی پێشەوەی گۆڤاری ( **تیشك** ) وێنەی قەڵای هەولێری لەسەرە، لەگەڵ دەرکەوتنی خۆرێك لە لای چەپی بەرگی گۆڤارەکە، لە بەشی سەرەوەی بەرگی پێشەوە وشەی (گۆڤاری) هەیە و لەنێوانیاندا وێنەیەك هەیەو دواتر ناوی گۆڤارەکە (تیشك) دێت، لە خوارەوەی وێنەکە چەند درەخت و ستوونێکی کارەبا هەیە، هەروەها بەرگی پێشەوەی گۆڤارەکە لە کاری هونەرمەند (ئازاد)ە ، لە خوارەوەی بەرگەکە ناوی (چاپخانەی کوردستان– هەولێر) نووسراوە لەگەڵ هەردوو ساڵی زایینی و کوردی (١٩٧٠–٢٥٨٢).

**(گ تیشك، ژ ٢، ل١).**

لە بەرگی پشتەوەی گۆڤارەکەدا دیسان ناوی گۆڤاری (تیشك) بە پیتی لاتینی نووسراوە، لە خوارەوەی وشەی (هەولێر) بە لاتینی نووسراوە، لە ناوەڕاستی بەرگی دواوە نووسراوە: گۆڤاری تیشك ساڵی ١٩٧٠، لە لایەن قوتابخانەی مامۆستایانی سەرەتایی کوڕان لە هەولێر دەردەچێت، لە بەشی خوارەوەی ساڵی کوردی (٢٥٨٢و ساڵی زایینی ١٩٧٠ لە هەردوو گۆشەکە هەیە، لە کۆتاییدا و لە خوارەوەی بەرگەکە نرخی گۆڤارەکە نووسراوە (٧٥ فلس) بە لاتینی نووسراوە. هەروەها گۆڤارەکە ئاماژە بەوە دەکات ، کە گۆڤارێکی پەروەردەیییە، بۆیە گرنگی بە بواری پەروەردە داوە بە بەراورد لەگەڵ بابەتەکانی دیکە، بۆیە زۆربەی پانتایی لاپەڕەکانی بۆ ئەو مەبەستە تەرخان کردووە، بەڵام لە هەمان کاتدا هەندێك لە لاپەڕەکانیشی بۆ بابەتی ئەدەبی تەرخان کردووە بە تایبەتی شیعر.

گۆڤارەکە هەوڵی داوە ئەو بۆشاییيانە پڕبکاتەوە ، کە لە بڵاوکردنەوەی بابەتەکاندا هاتۆتە کایەوە، بۆیە بە پارچە هۆنراوە و وتەی بەنرخ و بڵاوکردنەوەی ریکلامی جۆراوجۆر پڕ کردووەتەوە، یان بە پاشماوەی بابەتەکان پڕی کردووەتەوە.

**(گ تیشك، ژ ٢، ل١٦، ٣٣، ٥٠).**

بەشداری دەستەی نووسەرانی بە شێوەی کاریگەر لە بڵاوکردنەوەی گۆڤارەکە و دەوڵەمەندکردنی ناوەڕۆکەکەیدا دیارە، بۆیە زۆربەی بابەتە

بڵاوکراوەکانی نێو گۆڤارەکە لە ئامادەکردنی مامۆستایانی قوتابخانەی ناوبراوە، بەڵام لە هەمان کاتدا بەشداری بەرچاوی هەندێك لە رۆشنبیران و رووناکبیرانی شاری هەولێریش دەبینین لەو گۆڤارەدا، بە تایبەتی هەندێك لە شاعیرە ناسراوەکانی هەولێر لەم قۆناغە مێژووییەدا.

**(گ تیشك، ژ ٢، ل٤٢، ٦١)**

ریکلام بە ریزبەندی یەکەم دێت بە رێژەی ( ٢ ،٣٦٪)، بابەتە ئەدەبییەکان بە رێژەی (٧، ٢٧٪) ریزبەندی دووەم و مێژووییەکان بە رێژەی (٦ ،١٠٪) و هەواڵیش بە رێژەی (٤ ،٦٪) ، ئەمە لەکاتێکدا هەر سێ بابەتی (پەروەردەیی، وتەی بەنرخ، کات بەسەربردن) بە رێژەی یەکسانی (٣ ،٤٪) ریزبەندی پێش کۆتایی پێکدەهێنن و بابەتەکانی زمانەوانی و کۆمەڵایەتی بەرێژەی (١ ،٢٪) دوا ریزبەندن، وەکو لەم خشتەیەدا خراوەتە روو .ئەم گۆڤارە تەنیا دوو ژمارەی لێ دەرچووە.

**خشتەی ژمارە و رێژەی سەدی بابەتەکانی گۆڤاری ( تیشك).**

| بابەت | ژمارەی بابەتەکان | رێژەی سەدی | ریزبەندی |
|---|---|---|---|
| ریکلام | ١٧ | ٣٦,٢ | ١ |
| ئەدەبی | ١٣ | ٢٧,٧ | ٢ |
| مێژوویی | ٥ | ١٠,٦ | ٣ |
| هەواڵ | ٣ | ٦,٤ | ٤ |
| پەروەردەیی | ٢ | ٤,٣ | ٥ |
| وتەی بەنرخ | ٢ | ٤,٣ | ٦ |
| کات بەسەربردن | ٢ | ٤,٣ | ٧ |
| زمانەوانی | ١ | ٢,١ | ٨ |
| کۆمەڵایەتی | ١ | ٢,١ | ٩ |
| ئینتەرڤیو | ١ | ٢,١ | ١٠ |
| کۆی گشتی | ٤٧ | ١٠٠,٠ | |

**٣- ڕەهێڵە ١٩٧١**

گۆڤـارێکی رۆشـنبیری پەروەردەییـیە ، لـە لایـەن قوتابخانـەی دواناوەنـدی هـەولێری کـوڕان بڵاوکراوەتـەوە. بـە سەرپەرشـتی مامۆسـتای زمـانی کـوردی، ژمارەی یەکەمی لە ساڵی خوێندنی ١٩٧١دا دەرچووە. **(گ ڕەهێڵە، ژ ١، ل١)**

دەستەی نووسەرانی پێکهاتووە لە:

١– عەبدولڕەحمان سەعدی (مامۆستای زمانی کوردی).

٢– لێژنەی زمانی کوردی.

أ– عوسمان حەمەد دەشتی (سکرتێری لیژنە).

ب– ئەندامانی لیژنە:

٣– دڵشاد عەبدولا سنجاوی.

٤– تاریق حوسێن.

٥– رەهبەر جەلال مامش.

**(گ رەهێڵە، ژ ١، ل٢)**

پێوانـەی گۆڤـاری (ڕەهێڵـە) بریتییـە لـە (٢١X١٤)سـم ، لـە (٥٦) لاپـەڕە پێکهاتووە ، بەتیراژی (١٠٠٠) دانـە لـە چاپخانەی کوردسـتان لـە شـاری هـەولێر چاپ کراوە و ژمارەی سپاردنەکەی (٧٤) بووە.

بەرگی پێشەوەی لە کاری هونەری (سدیق) بووە، کە بریتییە لە زنجیرەیەك لـە چـیا و ڕووبـار و گـوڵ و بێـستان، لـە پـشت چـیاکەوە خۆرێـك دەرچـووە، لـە رۆژهەڵاتەوە بارانێکی بـەخوڕ دەبارێـت، ئـەو وێنـە هێڵکارییـە جۆرە دەربڕینێکی ڕۆمانیسییانەی بە سروشـتی کوردسـتان بەخـشیوە، کـە لەگـەڵ گۆڤارەکـەدا رێك هاتووە.

لە سەرەوەی بەرگەکە بە خەتێکی گەورە و لە کاری هونەرمەند و خۆشـنووس (سدیق ) ە ، نووسراوە گۆڤاری (ڕەهێڵە) ، لە ناوەڕاسـتی بەرگەکـە ژمـارە (١) و ساڵی یەکەمی ١٩٧١ نووسراوە، لەگەڵ بوونی ناوی چاپخانەی کوردستان– هەولێر و ساڵی ٢٥٨٢ ی کوردی.

لە بـەرگی دواوەی پێناسـەی گۆڤارەکـە بـە زمـانی کـوردی و بـە پیتـی لاتینـی نووسـراوە : ڕەهێڵـە گۆڤـارێکی رۆشـنبیری پـەروەردەیی سـاڵانەیە لـە لایـەن

قوتابخانەی دواناوەندیی هەولێری کوڕانەوە دەردەچێت.

لە ناوەڕاستی بەرگەکە گوڵێك هەیە، مەبەستیش پڕکردنەوەی بۆشایی بەرگی دواوە بووە، هەر لە ناوەڕاستی بەرگەکە نرخی گۆڤارەکە هەیە بە پیتی لاتینی (نرخی ٧٥ فلسە) دواتر تیراژی گۆڤارەکە کە (١٠٠٠) دانەیە لە مانگی ٣ی ١٩٧١ لە نێوانیاندا زەخرەفەیەك هەیە.

ئامانج لە دەرکردنی گۆڤاری ( ڕەهێڵە ) پێشخستنی ئەدەب و کۆکردنەوە و ڕێکخستنی کلتووری نەتەوەیی کوردییە، ئەمەش هەوڵێکە لە لایەن مامۆستایان و قوتابیانی قوتابخانەکانەوە دەدرێت بۆ ڕوونکردنەوەی سەرەتای ژیانی هونەری لە شاری هەولێر، هەروەها رزگارکردنی ئەو بەرهەمە ئەدەبییانە لە لەناوچوون، بۆیە گۆڤارەکە داوا لە هەموو کەسێك دەکات بەشداری لە گۆڤارەکە بکەن بە ئامانجی دەوڵەمەندکردنی گۆڤارەکە بە بابەتی جۆراوجۆر، هەروەکو دەبینین لە سەروتاری ژمارەی (١)ی ساڵی یەکەمی ساڵی ١٩٧١دا هاتووە:

(( خوێندەوارانی بەڕێز:

**ئەم چەند لاپەڕە پوختەی وا لەبەر دەستتانە بەشێوەیەکی گشتی بیروڕا و چالاکی ئامۆژگار و خوێندکارەکانی خوێندنگاکەیە، بێ گومان خوێندنگاش جیهانێکی فراوانی زانیاری و ڕەوشتی بەرز و ڕازی ئاواتی بەڕێزە. وە دەرمانێکی کاریگەرە بۆ قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواری وە هەریەك لە ئێمە لە خوێندنگا دەبێتە کەسێکی تر. ئەو پەڕاوەش نیمچە دەرمانێکی خوێندنگایە بۆ ئەوەی ببێتە هۆیەکی کاریگەر بۆ پێشخستن و ژیانەوەی زمانی کوردی بە کورتی خوێندکار کارگەیەکی وایە پارچە ڕیسێکی خاوی تێ فرە بدە، پاش ماوەیەك بەشێوەیەکی ڕێکوپێك بەچنینێکی جوان ئەی خاتەوە دەستت، هەر لەبەر ئەوانەشە کە خوێندنگا و ئامۆژگار هەمیشە جێگەی ڕیزگرتنە لە لایەن چاو و دڵی هەموو هەست و بیر خاوێنێکەوە.**

**ئێمەش وا هەر لەسەر ئەم باوەڕەوە بۆ ڕاژەی زانست و زانیاری بۆ بە ڕەچەڵەك داچوونەوەی نەزانین و نەخوێندەواری ئەو هەنگاوەمان نا، چونکە شتێکی ڕوونە کە یەکەم بنچینەی پێشکەوتنی هەموو گەلێك خوێندەوارییە و ئامادەکردنی ڕۆڵەکانی گەلە بۆ دواڕۆژێکی دوور تا پەککەوتوو نەبن لە ئیش و**

**کاری ڕۆژانەیاندا، وەئێمەش کە مامۆستای زمانی کوردی و لیژنەی زمانی کوردین لە خوێندنگای دوواناوەندی هەولێری کوڕان و یارمەتی بزووتنەوەی وێژەیی لە خوێندنگاکەمان ئەو گۆڤارە لەم شێوەیە پێشکەش بەخوێندکاران و خوێندەواری کورد بکەین.**

**وەداواکارین لە یەزدان کە یارمەتیدەرمان بێت بۆ پێشکەش کردنی بەرهەمی باشتر لە سالآنی داهاتوودا ))**

**(گ رەهێڵە، ژ ١، ل٥ – ٦ ).**

نەخشەسازی گۆڤارەکە، لە رووی ناونیشان و ناسنامەی گۆڤارەکە زۆر سەرەتاییە ، سەرباری ئەوەی لەڕووی خاڵبەندییەوە گرنگییەکی ئەوتۆی پێ نەدراوە.

سەرەڕای ئەوەی گۆڤارەکە لەلایەن مامۆستای زمانی کوردییەوە سەرپەرشتی کراوە، بەشێوەیەکی گشتی خزمەتی بزووتنەوەی ئەدەبی کوردی بە بارتەقای خۆی لە چوارچێوەی خوێندنگاکە و دەوروبەریدا کردووە، بەلآم هەندێك لە بابەتە بلآوکراوەکان هەڵەی گەورەیان تێ کەوتووە، هەروەکو لە رووی زمانەوانییەوە زۆر لاوازە، هەروەها هەڵەی گەورە و زۆری رێنووسی تێدایە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی شێوەزارەکەی ناوچەییە، کە (شێوەزاری ناوچەی دەشتی هەولێر) بەسەریدا زاڵە ، کە پێویست بوو مامۆستای زمانی کوردی پێش بلآوبوونەوەی چارەسەری بکردایە، بە رەچاوکردنی زمانی نووسینی رۆژنامەوانی ئەو سەردەم ، کە بەقۆناغی زێڕینی ڕۆژنامەوانی شاری هەولێر دادەندرێت.

گۆڤارەکە زیاتر لە لایەنەکانی دیکە گرنگی بە ئەدەب داوە، بە رێژەی (١ ،٢٦٪) پانتاییەکەی داگیر کردووە، لە کاتێکدا پەندی پێشینان و وتەی بەنرخ لە ریزبەندی دووەمدا دێت بە رێژەی (٩ ،٢٣٪). کات بەسەربردن بەڕێژەی (٩ ،١٠٪) لە ڕیزبەندی سێیەمدا دێت، ئەمە و بابەتەکانی ریکلام، زمانەوانی، ئایا دەزانی، لەبارەی گۆڤارەکە، هەواڵ، وتەی ژمارە، ئینتەرڤیو، کۆمەلآیەتی ڕێژەکانی تری بابەتەکان پێکدەهێنێت، وەکو لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت .

**خشتەی ژمارە و ڕێژەی سەدی بابەتە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری ( ڕەهێڵە).**

| بابەت | ژمارەی بابەتەکان | ڕێژەی سەدی | ریزبەندی |
|---|---|---|---|
| ئەدەبی | ١٢ | ٢٦,١ | ١ |
| وتەی بەنرخ | ١١ | ٢٣,٩ | ٢ |
| کات بەسەربردن | ٥ | ١٠,٩ | ٣ |
| مێژوویی | ٤ | ٨,٧ | ٤ |
| ریکلام | ٣ | ٦,٥ | ٥ |
| زمانەوانی | ٣ | ٦,٥ | ٦ |
| ئایا دەزانی | ٢ | ٤,٣ | ٧ |
| لەبارەی گۆڤارەکە | ٢ | ٤,٣ | ٨ |
| هەواڵ | ١ | ٢,٢ | ٩ |
| وتەی ژمارە | ١ | ٢,٢ | ١٠ |
| ئینتەرڤیو | ١ | ٢,٢ | ١١ |
| کۆمەڵایەتی | ١ | ٢,٢ | ١٢ |
| کۆی گشتی | ٤٦ | ١٠٠,٠ | |

به تێڕوانینێکی خێرا بۆ ڕێژەی بابەتەکان دەردەکەوێت، کە ئەم گۆڤارە قالبێکی ئەدەبی کات بەسەربردنی زیاتری پێوە دیارە، کە ڕەنگدانەوەی حەز و خولیای مامۆستا و قوتابییەکانی پێوە دیارە.

**٤- بیری نــوێ ١٩٧٢**

گۆڤـارێکی ئـەدەبی زانـستی گـشتیی سـالآنە بـوو، لیژنـەی زمـان و ئـەدەبی کوردی خوێندنگای دواناوەندیی هەولێری کوڕان بەسەرپەرشتی مامۆستای زمـان و ئەدەبی کوردی دەری کردووە، یەکەمین ژمارەی، ساڵی یەکەمی لە سـاڵی ١٩٧٢دا بلأو کراوەتەوە.

دەستەی نووسەرانی پێکهاتووە لە :

عەبدولڕەحمان سەعدی/ سەرۆکی لیژنە

کاردۆ گەلاڵی/ سکرتێری لیژنە

عەبدوڵلا محەمەد زەنگەنە

تاهیر حوسێن هەمەوەندی **(گ بیری نوێ، ژ ١، ل١).**

بەرگی پێشەوەی گۆڤارەکە لە نەخشەسازیی هونەرمەند مامۆستای قوتابخانەی دواناوەندی هەولێری کوڕان (مستەفا جان)، کە برێتی بووە لە ( ئاوێنەیـەك )، کـە تێیدا وێنـەی هەنـدێك ئـافرەتی خـاوەن چـینی جیاجیـا و شـەقامی رێکوپێـك، کـە ئۆتۆمبیلی پیادا دەڕوات و لەولاشەوە خەڵك بـە شـێوەیەکی خێـرا رادەبـوورن، لـە دەرەوەی ئاوەکـەش چـەکێك بـە سـەرەوژێری دانـراوە، ( لـە بەشـی سـەرەوەی رۆچـۆتە نێـو زەوی و خوودەیـەکی سـەربازی لەسـەر چـەکێك دانـراوە، هـەروەها پەڕتووکێك لە گۆشەی چەپی لای خـوارەوەی بەرگەکـە دانـراوە ، لەوێدا شـێوەی پیاوێـك بـە شـێوەی (پیـاوی ئاسـنین) دەبینرێـت، کـە یـەکێك لـە قاچـەکانی لـە چـەکەکە نزیکـە، قاچـەکەی دیکـەی لـە رووناکییـەوە نزیکـە، لەگـەڵ دەرچـوونی رۆکێتەکە بەرەو ئاسمان.

**(گ بیری نوێ، ژ ١، ل١).**

ئەمـەش ئاماژەیـە بـۆ کۆتـایی جـەنگ و هـەنگاو هـەڵێنان بـەرەو زانـست و سەردەمێکی نوێ .لە بەشی لای چەپی بەرگی گۆڤارەکە و لە ژمارە (١)دا لـە ژێـر ژمارەکەدا بە خەتێکی ڕوون نووســـراوە ( **بیری نوێ** ) ، لە بەرگی دواوەش نـاوی گۆڤارەکە بە پیتی لاتینی نووسراوە، لەگەڵ ژمارە و ساڵی یەکەم و هەردوو ساڵی

زایینی و كوردی بە لاتینی و ژمارەی سپاردنی بە كتێبخانەی نیشتمانی (٩٦)ی ساڵی ١٩٧٢ پێدراوە.

تیراژی گۆڤارەكە (١٠٠٠) دانەیە، هەروەكو بەرواری ١٩٧٢/٣/٧ی چاپخانەی كوردستان– هەولێری لەسەر نووسراوە . نەخشەسازی گۆڤارەكە بە شێوەی زەنگـۆگراف كـراوە و ژمـارەی سـپاردنی لەلایـەن (عەبـدوڵلا زەنگەنـە)وە بـۆ وەرگیراوە.

**(گ كاروان، ژ ١٢٠، ل٨٧).**

گۆڤارەكە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر ڕێگەپێدراوە.بە ڕوانین بۆ هەردوو گۆڤـــــــاری ( ڕەهێڵـە و بـیری نـوێ ) لـە قوتابخانـەی دواناوەنـدیی هـەولێر و سەرپەرشـتیكردنی هـەردوو گۆڤارەكـە لەلایـەن لێژنەیـەكی تایبـەت و یەكگرتوو، ئەوا هەردوو گۆڤارەكـە وەكـو ڕۆژنامەیـەكی قوتابخانـەیی دەرچـوون ، بەڵام سنووری قوتابخانەیان لەنێو ڕۆژنامەوانیی كوردیدا تێپەڕانـدووە ، وەكـو دوو گۆڤاری سەربەخۆ هەڵسوكەوتیان لەگەڵدا كراوە ، چونكە:

**یەكـەم:** لـە گـەڵ ئـەوەی قوتابیـان و مامۆسـتایانی قوتابخانەكـە بـە بابـەت بەشدارییان كردووە، شان بەشانی ئەمانە هەندێك نووسـەر و ئـەدیب لـە دەرەوەی قوتابخانەكەش بەرهەمیان بڵاو كردۆتەوە.

**دووەم:** گۆڤارەكـە ژمـارەی سـپاردنی لـە كتێبخانـەی نیـشتمانی بەدەسـت هێناوە، ئەمەش واتای ئەوەیە بەڕێوەبەرایەتی سانسۆری، كـە لـە بەغـدا هـەبووە ڕەزامەندی نیشانداوە لەسەر چاپكردنی ئەو گۆڤارە، نـەك بەڕێوەبـەری قوتابخانـە یـان بەڕێوەبـەری پـەروەردەی شـاری هـەولێر، ئەمـەش بەڵگـەی ئەوەیـە هەڵسوكەوتكردن لەگـەڵ ئـەو گۆڤـارە لەسـەر ئاسـتێكی بـەرز بـووە نـەك لەسـەر ئاستێكی ناوچەیی بەرتەسك.

**سـێیەم:** چـاپكردنی هـەردوو گۆڤارەكـە لـە چـاپخانەی (كوردسـتان) بـووە، ئەمەش سیفەتێكی لایەقی بەخـشیوە بـە گۆڤارەكـە، بـە بـەراورد لەگـەڵ گۆڤـاری (چوارچرا) و (كـاروان) كـە بـە شـێوەی مەلزەمـە و لەسـەر كاغـەزی ئاسـایی بـڵاو بوونەتەوە و بە ئامێری چاپی ڕۆنیۆ ڕاكێشراون.

سەبارەت بە ناوەڕۆکی بابەتەکانی ناو گۆڤارەکە شیعر ڕیزبەندی یەکەمی داگیر کردووە و بەڕێژەی (٣ ،٣٣٪) ، ڕیزبەندی دووەم بابەتی ئەدەبییە بەڕێژەی (٨ ،١٧٪ ، لەکاتێکدا هەواڵ ڕێژەی (٦، ١٥٪ ) پێ براوە، زمانەوانی (٩، ٨٪)، مێژوویی و ئینتەرڤیو و پەند و وتەی ناودار (٧، ٦٪) و وتەی ژمارەش (٤، ٤٪) بەرکەوتووە، وەکو لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت .

خشتەی ژمارە و ڕێژەی سەدی بابەتە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری ( بیری نوێ).

| بابەت | ژمارەی بابەتەکان | ڕێژەی سەدی | ریزبەندی |
|---|---|---|---|
| شیعر | ١٥ | ٣٣,٣ | ١ |
| بابەتی ئەدەبی | ٨ | ١٧,٨ | ٢ |
| هەواڵ | ٧ | ١٥,٦ | ٣ |
| زمانەوانی | ٤ | ٨,٩ | ٤ |
| مێژوویی | ٣ | ٦,٧ | ٥ |
| ئینتەرڤیو | ٣ | ٦,٧ | ٦ |
| پەندی ناوداران | ٣ | ٦,٧ | ٧ |
| وتەی ژمارە | ٢ | ٤,٤ | |
| کۆی گشتی | ٤٥ | ١٠٠,٠ | |

جێگای ئاماژەپێکردنە، کە چەمکەکانی هونەری ڕۆژنامەوانی وەکو: هەواڵ و ئینتەرڤیو و سەروتار یان وتاری ژمارە، کە سێ چەمکی گرینگی کاری ڕۆژنامەوانین لە هەردوو ژمارەی گۆڤارەکەدا بەرێژەی بەرچاو بوونیان هەیە و بووەتە ئەگەری بەرزکردنەوەی پێگەی گۆڤارەکە لە تای تەرازووی هونەری ڕۆژنامەوانیدا.

**٥- چـــوارچـــرا ١٩٧٣**

لە ساڵی خوێندنی نوێی ١٩٧٣دا دەستەی نووسەرانی گۆڤاری ( **بیری نـوێ** ) خۆیان ئامادەکرد بۆ دەرکردنی گۆڤارێکی قوتابخانەیی، بـە هـەمان نـاوی ( بـیری نوێ ) ی ساڵی ڕابردوو ، بەڵام لەبەر هۆکاری دەرچوونی بڵاوکراوەیـەکی سیاسـی لەلایەن حزبی شیوعی بـە نـــاوی (بـیری نـوێ)، ناچـــاربوون نـاوی گۆڤارەکـە بگۆڕن بە نـاوی (**چوارچرا** ).

گۆڤاری ( چوارچرا) لـە وتـەی ژمـارە (١)دا ئـەوەی روون کردووەتـەوە، کـە (گـۆڕینی نـاوی گۆڤارەکـە شـتێکی ئاسـاییە، هۆکارەکەیـشی دەگەڕێتـەوە بـۆ حاڵـەتێکی تایبـەت، ئـەوەش ڕوونـە لای قوتابیـان، بۆیـە دەسـتەی نووسـەرانی گۆڤارەکە بڕیاریان دا ناوی گۆڤارەکە لەو ساڵەدا (چوارچرا) بێت، ئەمـەش هێمایـە بـۆ خـوێنی شـەهیدانی میللەتەکـەمان، کـە لـە دووتـۆی یەکـەم سـەرۆکی کۆمـاری دیموکراتی کوردستان تێدا لە سێدارەدرا ، کە (قازی محەمەد) بوو.

**(گ کاروان، ژ ١٢٠، ل٨٧).**

هۆکاری دانانی ژمارە (٣) لەسەر گۆڤـاری (چوارچـرا) لـە جیـاتی ژمـارە (١) دەگەڕێتەوە بۆ بەردەوامی گۆڤارەکە بۆ ژمارەکـانی گۆڤـاری پـێش خـۆی بـەناوی (ڕەهێڵە و بیری نوێ ) بۆیە وەکو تێبینی دەکـەین گۆڤارەکـە ژمـارە (٣)ی سـاڵی سێیەمی ١٩٧٣ی پێدراوە.

**(گ چوارچرا، ژ ١،بەرگی دواوە).**

بە ڕوانین بۆ (خراپی بازاڕی چـاپخانەی کـوردی) بـە ناچـارییەوە چـاپکردنی گۆڤارەکە بە ڕێگەی (ڕۆنیۆ) و لەسەر کاغەزێکی جـوان و بـە ڕەنگـی وەنەوشـەیی چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

چوارچـــرا وا خـــۆی ناســـاندووە ، کـــە گۆڤـــارێکی ڕۆشـــنبیری و ئـــەدەبی و کۆمەڵایەتییە، لـە لایـەن لێژنـەی زمـان و ئـەدەبی کـوردی لـە ئامـادەیی هـەولێری کوڕان لە شاری هەولێر دەرچووە.

دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە، ژمارە (٣)، ساڵی ١٩٧٣ لەمانە پێکهاتووە:

١– عەبدولڕەحمان ئەلسەعدی– سەرۆك

٢–عەبدوڵلا محەمەد زەنگەنە– سکرتێر

٣– جەلال محەمەد بەرزنجی– ئەندام

٤– دڵشاد عەبدوڵلا سنجاوی– ئەندام

گۆڤارەکە لە (٢٢) لاپەڕە پێکهاتووە و بە پێوانەی (٣٢x٢٢)سم، لە سەر بەرگی پێشەوەی چوار دەست هەیە و چوار چرای بەرز کردووەتەوە.

هەروەکو گۆڤارەکە خۆی ناساندووە، گۆڤارێکی ئەدەبی، کۆمەلآیەتییە، دەرکەوتووە کە بابەتە ئەدەبییەکان ڕیزبەندی یەکەمی وەرگرتووە، بەڕێژەی (٣، ٦٤ ٪ ) لە کۆی گشتی بابەتەکانی، کە (١٤) بابەت بوون، ڕیزبەندی دووەم بۆ بابەتی پەروەردەیی دێت بەڕێژەی (٤، ٢١ ٪) لە کۆی گشتیدا، هەروەکو بابەتی وتەی ژمارە و مێژوویی بەڕێژەی (١، ٧٪) ڕیزبەندی سێیەم و کۆتاییان بۆ تەرخان کراوە، وەکو لەو خشتەیەدا خراوەتە ڕوو:

**خشتەی ژمارە و ڕێژەی سەدی بابەتە بلآوکراوەکانی گۆڤاری ( چوارچرا).**

| بابەت | ژمارەی بابەتەکان | ڕێژەی سەدی٪ | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| ئەدەبی | ٩ | ٦٤,٣ | ١ |
| پەروەردەیی | ٣ | ٢١,٤ | ٢ |
| وتەی ژمارە | ١ | ٧,١ | ٣ |
| مێژوویی | ١ | ٧,١ | ٤ |
| کۆی گشتی | ١٤ | ١٠٠ | |

**٦- دەنگی قوتابیانی کوردستان ١٩٧٣**

بلآوکراوەیەکی مانگانە بوو لێژنەی ڕۆشنبیری یەکێتی قوتابیانی کوردستانی عێراق – لقی هەولێر بە زمانی کوردی و عەرەبی دەری دەکرد، ئەو بلآوکراوەیە پێکهاتبوو لە (٢٠) لاپەڕە و بە پێوانەی (١٧ x ٣٠) سم٢، ژمارەی (٢–٣)ی ساڵی یەکەمی لە ساڵی ١٩٧٣دا دەرچووە، کە تەنیا ئەم ژمارەیەی لێ دەرچووە.

لە سەرەوەی بەرگی پێشەوەی ناوی بلاوكراوەی (دەنگی قوتابیانی كوردستان)دا هەیە، لە ناوەڕاستی بەرگەكە وێنەی سەركردەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی كورد ( مستەفا بارزانی) هەیە وێنەكە بە دروشمەكانی دەنگی قوتابیانی كوردستان (زایەڵەی زەنگی قوتابیانی كوردستان) دەورە دراوە.

لە ناوەڕاستی بەرگی پێشەوە لاكێشەیەك هەیە لەناوی نووسراوە ژمارە (٢-٣) ساڵی یەكەمی بە نووسین نووسراوە، بەبێ ئەوەی مێژووی ئەو ژمارانەی كە دەرچووە لەسەر بێت.

لە خوارەوەی بەرگی پێشەوە لە لای راستی وێنەی چیایەك و ڕووبارێك هەیە، لەگەڵ دەركەوتنی خۆرێك لە كەلی چیاكەوە، ئەمەش واتای بەردەوامی ژیان و لەدایكبوونی ڕۆژێكی نوێیە لە كوردستان، لە خوارەوەی وێنەكە پەڕتووكێك بەرز كراوەتەوە بە دوو دەست لەگەڵ كورتكراوەی ناوی یەكێتی قوتابیانی كوردستان بە پیتی ئینگلیزی، ئەوەش گرنگیی پەڕتووك دەردەخات لای قوتابیانی كوردستان. هەروەها لە خوارەوەی بەرگی پێشەوە لە لای چەپی كۆمەڵێك لە قوتابیانی كوڕ و كچ هەیە، پەڕتووكیان بە دەستی چەپ هەڵگرتووە ، ئەمەش بە واتای گرنگیی پەڕتووك دەگەیەنێت لای ئەوان، هەروەها دەستی راستیان بەرز كردووەتەوە ئەمەش دەربڕینە لە هاوڕێكبوون و بەردەوامییانە لەگەڵ كاروانی قوتابیان لەژێر ئاڵای یەكێتی قوتابیانی كوردستاندا.

لە سەرەوەی لاپەڕەی یەكەمدا لەگەڵ دووبارەبوونەوەی ئامادەكردنی بلاوكراوە و ساڵی دەرچوونی، فەهرەستی بابەتە بلاوكراوەكان لە ناوەڕاستی لاپەڕەكەدا هەیە ، لەگەڵ بوونی پارچە هۆنراوەیەك بۆ پڕكردنەوەی بەشی خوارەوەی لاپەڕەكە، لەگەڵ بوونی ریكلامێك ، كە ئاماژە بە دەرچوونی پەڕتووكێك دەكات لە ماوەیەكی نزیكدا.

بواری ئەدەب ریزبەندی یەكەمی داگیركردووە، بە رێژەی (٣، ٣٣٪ ) ، هەروەكو وتاری سیاسی و هەواڵ لە ڕیزبەندی دووەمدا دێت، بە رێژەی (٢١. ٤٣٪)، هەروەكو هەواڵیش بە هەمان رێژە دێت.

ئەوەی جێگەی سەرنجە گۆڤارەكە دوو وتاری بە ناوی (وتەی ژمارە) تێدایە، واتە بە رێژەی (٣، ١٣٪ ) بۆ هەواڵیش هەمان ڕێژەی تێدایە ، وەكو لەو خشتەیەدا پیشاندراوە:

**خشتەی ژمارە و رێژەی سەدی بابەتە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری (دەنگی قوتابیان)**

| بابەت | ژمارەی بابەتەکان | رێژەی سەدی | ریزبەندی |
|---|---|---|---|
| ئەدەبی | ٥ | ٣٣،٣ | ١ |
| سیاسی | ٣ | ٢٠ | ٢ |
| هەواڵ | ٣ | ٢٠ | ٣ |
| وتەی ژمارە | ٢ | ١٣،٣ | ٤ |
| ریکلام | ٢ | ١٣،٣ | ٥ |
| کۆی گشتی | ١٥ | ١٠٠ | |

جێگای سەرنجە لەبەر ئەوەی بڵاوکراوەیەکی مانگانە بوو لێژنەی رۆشنبیری یەکێتی قوتابیانی کوردستانی عێراق – لقی هەولێر دەری دەکرد بۆیە جیاواز لە گۆڤارەکانی تری کە لە قوتابخانەکان دەردەچوون ، زیاتر گرینگی بەکاروباری سیاسی و رێکخراوەیی قوتابیانی کوردستان لە شاری هەولێر داوە لەکاتی خۆیدا.

**٧- کـــاروان ١٩٧٥/٤/٢٩**

گۆڤارێکی ئەدەبیی گشتییە، بە سەرپەرشتی مامۆستای زمانی کوردی لە لایەن قوتابیانی ئامادەیی کوردستانی کوڕان لەشاری هەولێر دەرچووە.

ژمارەی یەکەمی ساڵی یەکەمی لە ١٩٧٥/٤/٢٩ دەرچووە، ئەو گۆڤارە بە شێوەی مەلزەمە دەرچووە، بەخۆڕاییش دابەش کراوە، کە بریتی بوو لە (١١) لاپەڕە و بەپێوانەی (٣٢x٢١)سم .

گۆڤاری (کاروان) لە لاپەڕەی پێشەوەیدا خۆی ناساندووە ، کە : گۆڤارێکی ئەدەبی گشتییە، لە لایەن قوتابیانی ئامادەیی کوردستان بە سەرپەرشتی مامۆستای زمان و ئەدەبی کوردی لە شاری هەولێردا بڵاودەکاتەوە.

**(گ کاروان، ژ ١ ، ١٩٧٥، ل١).**

نووسینی گۆڤارەکە لە لایەن (نەهرۆ)وە ئەنجامدراوە، تەنیا ئەو ژمارەیەی لێدەرچووە ، زۆربەی بابەتە بڵاوکراوەکانی نێو بڵاوکراوەکە لە لایەن خودی مامۆستایانەوە نووسراوە لەگەڵ نووسینی هەندێك لە قوتابییەکان.

ناونیشانی وتار و بابەتە بڵاوکراوەکان لە لایەن هیچ هونەرمەند و خۆشنووسێکەوە نەنووسراوە، بەڵکو بە پیتی چاپ نووسراوە، هیچ هێڵکارییەکی بەیانی یان وێنەیەك لەگەڵ بابەتە بڵاوکراوەکان نییە.

لــە ڕووی هونــەری ڕۆژنامەنووســییەوە بڵاوکراوەکــە زۆر ســادە و ســاکارە، چـونکە هـیچ هـەواڵێك یـان ڕیپۆرتـاژێکی ڕۆژنامـەوانی تێـدا نییـە، ئەوەشـی هەیـە بریتییـە لـە داوای لێبـوردن لـە خوێنـەران لـە ڕووی ئـەو کەموکورتییانـەی هەیـە، هەروەها ئاراستەکردنی سوپاسێك بۆ بەڕێوەبەری ئامادەیی کوردسـتان و یـەکێتی قوتابیانی کوردستان* و دەستەی مامۆستایانی ئامـادەیی و قوتابیـانی بەشـدار لـە دەرچوون و پاڵپشتیکردنی ئەو گۆڤارەدا.

وەکو ئەوەی دەزانرێـت ئـەو گۆڤـارە گۆڤـارێکی ئەدەبییـە، بۆیـە پانتاییەکی بەرفراوانی تەرخان کردووە بۆ ئەو بوارە بە ڕێژەی (٢، ٣٥٪ )، لە کاتێکدا بابـەتی پـەروەردەیی بـە ڕێـژەی (٦، ١٧٪ ) دێـت، لـە کـۆی بابەتـە بڵاوکراوەکـان ، کـە سەرجەمیان بریتییە لە (١٧) بابەت، هەروەها بابەتەکانی تایبـەت بـە (گۆڤارەکـە، مێژوویی، ریکلام) هەر یەکە بەڕێژەی (٨، ١١٪ ) ، لـە کۆتاییـدا بابـەتی کاروبـاری ئافرەتان و وەرگێـڕان ڕێـژەی وەکـو یـەکی (٩، ٥٪ ) یـان پێکهێنـاوە، وەکـو لـەو خشتەیەدا دێتە بەرچاو.

**خشتەی ژمارە و ڕێژەی سەدی بابەتە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری (کاروان).**

| بابەت | ژمارەی بابەتەکان | ڕێژەی سەدی | ریزبەندی |
|---|---|---|---|
| ئەدەبی | ٦ | ٣٥,٢ | ١ |
| پەروەردەیی | ٣ | ١٧,٦ | ٢ |
| لەبارەی گۆڤارەکە | ٢ | ١١,٨ | ٣ |
| مێژوویی | ٢ | ١١,٨ | ٤ |
| ریکلام | ٢ | ١١,٨ | ٥ |
| کاروباری ئافرەتان | ١ | ٥,٩ | ٦ |
| وەرگێڕان | ١ | ٥,٩ | ٧ |
| کۆی گشتی | ١٧ | ١٠٠ | |

* بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خەڵکی و بە تایبەتی دوای ڕێککەوتنی ٦ی ئاداری ١٩٧٥ لەنێوان حکوومـەتی عێراقی و حکوومـەتی ئێرانـی و لـەباربردنی شۆڕشـی کـورد و گەڕانـەوەی شۆڕشـگێڕان بـۆ شـار و گوندەکان، حکومەتی عێراقی هەوڵی داوە سەرنجی خەڵکان بۆ خۆی ڕاکێشێت، وای کـردووە ئـەو گۆڤارە دیارییەك بێت بۆ قوتابیان لە لایەن یەکێتی قوتابیانی کوردستان و بۆ ئـەوەی لـەو کاتـەدا هاوکاری لەگەڵ دەسەڵاتدا بکەن.

## ئەنجـــام

دوای پێناسـە و پۆلینكردنی تێروتەسەلی ڕۆژنامەوانیی قوتابخانەكان گەیشتینە ئەو ئەنجامەی، كـە:

* ڕۆژنامـەوانیی قوتابخانـەكان ، كـە ژمارەیـان (٧) گۆڤـارە لـە سـەرجەم كـۆی گـشتی گۆڤـارە كوردییـەكانی شـاری هـەولێر لـە نێـوان سـاڵانی ١٩٥٩-١٩٧٥ دا ڕێژەیـەكی بەرچاوی داگیر كردووە ، ئەمەش نیشانەیەكی پرشنگدارە لە بزاڤی ڕۆشنبیریی شارەكە، سەرباری كەموكوڕی گۆڤارەكان لـە ڕووی تـەكنیكی هونـەری و كـەمیی تـیراژ و كێـشەی تری وەكو كورتی تەمەنی زۆربەیان .

* ڕۆڵ و دەستپێشخەری تاكە كەسـی یـەكێك بـووە لـە تایبەتمەندییـەكانی ڕۆژنامـەوانی كوردیی شاری هەولێر ، واتە زۆربەیان دەستەی نووسەرانی ڕێكوپێكیان نەبووە .

* ڕۆژنامەوانی كوردی لە شاری هـەولێردا ، بـەبێ گوێدانـە ئـازار و مەینـەتی دوژمنـانی كورد و نەبوونی و بێ دەرامەتی ، بۆ دەركردنی گۆڤـار و ڕۆژنامـە كوردییـەكان و مێـژوو گەواهیان بۆ دەدات ، كە چەند نووسەر و ڕۆژنامەوانێك تەمەنی خۆیان بـۆ خزمـەتكردنی بزووتنەوەی ڕۆژنامەوانیی ئەم شارە تەرخان كردووە و جێپەنجەشیان دیارە .

* ڕۆژنامەوانیی كوردی لە شاری هەولێر لەنێوان سـاڵانی ١٩٥٩-١٩٧٥ دا ڕێـژەی زۆری (گۆڤار) بووە ، لەكۆی گشتی گۆڤار و ڕۆژنامەكاندا، چونكە چاپخانەی لـەبار و زۆربـەی ئەوانـەی لـە ڕۆژنامـە و گۆڤارەكـانی شـاری هـەولێر كاریـان دەكـرد خۆبـەخش بـوون و بەتایبەتی ڕۆژنامـە و گۆڤـارە پیـشەیییەكانی مامۆسـتایان و قوتابیـان لـەكاتی پـشووی هاوین بەبۆنەی هاوین ڕۆژنامەو گۆڤارەكانیان بەجێ دەهێشت.

* زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامەكان ژمارەیەك یان چـەند ژمارەیـەكیان لـێ دەرچـووە، واتـە بەشێوەیەكی گشتی تەمەنیان كورت بووە.

* زاڵبوونی لایەنی ئـەدەبی لـە زۆرینـەی دەسـتەی نووسـەران و نـاوەڕۆكی بابەتـەكانی گۆڤـارە كوردییـەكان لـە شـاری هـەولێردا ١٩٥٩-١٩٧٥ و لاوازی لایـەنی ڕۆژنامـەوانیی پرۆفیشناڵی.

* خـاوەن ئیمتیـاز و سەرنووسـەر و ئەنـدامانی دەسـتەی نووسـەران زۆر جـار وا بـووە بەبابەتێك زیاتر بەشدارییان لە نووسیندا كردووە، ئەمەش بـۆ پڕكردنـەوەی لاپـەڕەكانی گۆڤار و ڕۆژنامەكان بووە، بۆیە پـەنایان بـۆ نـاوی خـوازراو بـردووە، بەتایبـەتی خـاوەن ئیمتیازەكان ئەم حاڵەتەیان دووبارە كردۆتەوە.

## پەراوێزەکان:

١– تێبینی ئەوەمان کردووە، کە دیاردەی هەوڵی تاکە کەسی لە دەرکردنی هەندێك لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی شاری هەولێر لەنێوان ساڵانی ١٩٥٩–١٩٧٥ وەکو دیاردەیەك لە ڕۆژنامەوانیی کوردی بە گشتی و ڕۆژنامەوانیی کوردی شاری هەولێردا، کە کەسێك بە هەوڵ و تەقەلای کەسیی خۆی هەموو پێداویستییەکانی دەرکردنی ڕۆژنامە یان گۆڤار لە کاروباری دارایی و کارگێڕی و سەرپەرشتیکردنی لەچاپدان و تا دەگاتە دابەشکردنی دابین دەکات. لە مێژووی ڕۆژنامەوانیی کوردی لە شاری هەولێردا نموونەی لەم بابەتە بەرچاو و دووبارە بۆتەوە، لەوانە دەستپێشخەری (حوسێن حوزنی موکریانی) لە گۆڤاری ( ڕووناکی ١٩٣٥ ) و گیوی موکریانی لە گۆڤاری (هەتاو١٩٥٤) و( ئەمین ڕواندزی) لە ڕۆژنامەی (هەتاو١٩٤٨) و( بەدرخان سندی) لە گۆڤاری (چیا١٩٧٠) دا، و (کەمال غەمبار ١٩٥٩) ، بەلام سەبارەت بە گۆڤاری( ژیان) هۆکارەکەی بەپلەی یەکەم بۆ کەمی ڕۆژنامەوان بووە لەو کاتەدا، لەبەرئەوەی بەشی زۆریان بە زمانی عەرەبی دەیانخوێند و زمانی نووسینی کوردییان بە باشی نەدەزانی – **چاوپێکەوتنی نووسەر و ڕۆژنامەوان کەمال غەمبار ٢٥/ ٢٠١١/٨، هەولێر.**

٢– سەبارەت بە سکرتێری لیژنەی گۆڤاری بیری نوێ وەکو عەبدوڵلا زەنگەنە دەڵێت: ناکۆکی و ململانێ هەبووە لەنێوان من و کاردۆ گەلاڵی لەسەر پرسی سکرتێری لیژنە، کە کاردۆ گەلاڵی ناوی خۆی لە شوێنی سکرتێری لیژنە داناوە لە کاتی ئەوەی من ئامادەییم نەبووە لە کاتی چاپکردنی گۆڤارەکە، ئەمەش بووە هۆی کەمبوونەوەی متمانە لەنێوانماندا – بڕوانە : **کاروان ( گۆڤار)، ژ (١٢٠)**، ل٨٥. کەچی لەکاتێکدا ئێمە چاوپێکەوتنمان لەگەڵ ناوبراودا سازداوە لەم بارەیەوە دەڵێت :

کاردۆ گەلاڵی ڕۆڵێکی کاریگەری هەبوو لە هاندانی نووسەران و ڕۆشنبیرانی کورد، بە تایبەتی لە چوارچێوەی (یەکێتی قوتابیانی کوردستانی عێراق، کە بەشداری لە دەوڵەمەندبوونی گۆڤارەکەدا بکەن، لە دەرچوونی ژمارە سێی گۆڤاری قوتابیاندا (چوارچرا) ئاماژە بە ئامادەیی بەڕێوەبەری قوتابخانە دەکات (عەبدولڕەحمان سەعدی و کاردۆ گەلاڵی) لە بەشدارییان لە دەوڵەمەندکردنی گۆڤارەکەدا، ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی، کە کاردۆ گەلاڵی ناوی خۆی لە شوێنی سکرتێری لیژنە داناوە لەسەر گۆڤاری بیری نوێ لەجێگای خۆی بووە، کە ئەمەش ڕاست بووە لەبەر بوونی ڕۆڵی کاریگەری لە دەرچوونی گۆڤارەکەدا – **چاوپێکەوتنی عەبدوڵلا زەنگەنە ، ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری بیری نوێ ، ١٩٧٢ ، ٢٠١٠/٤/٢ ، هەولێر.**

٣– دوای کۆتـایی هـاتنی سـاڵی خوێنـدنی ١٩٧٢ لەلایـەن ڕێکخـستنێکی سیاسـیی چەپ گۆڤاریك بە ناوی (بیری نـوێ) دەرچـوو ، بۆیـە لەگـەڵ دەسـتپێکردنەوەی سـاڵی نوێی خوێندن دەستەی نووسەران هەوڵی دا لەڕێگای نوێنەری خـۆی لەگـەڵ ئـەم لایەنـە سیاسییە گفتوگۆ بکات بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشە هونەرییە ، بەڵام سـەرەنجام دوای ملنەدانیان بۆ داواکاری دەستەی سـەرپەرشتی دەرکردنی گـــۆڤاری (بیری نویێ) ناچار بوو بۆ ساڵی خوێندنی تـازە بـەدوای نـاوێکی تـردا بگـەڕێ و ئـەوەبوو نـاوی (چوارچـرا) پەسەند کرا ، دەستەی سەرپەرشتی دوای وەرگرتنـی ڕەزامەنـدیی قوتابیـان بڕیـاری دا ناوی گۆڤارەکە بگۆڕن بەناوی (چوارچرا)– **چاوپێکەوتنی عەبدوڵلا زەنگەنە ، ئەنـدامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری بیری نوێ ١٩٧٢ ، ٢/٤/٢٠١٠ ، هەولێر.**

## سەرچاوەکان

**١- بەزمانی کوردی**

**ا – کتێب**

– مەغدید سەپان، ژانرەکانی ڕۆژنامەوانی و مێژووی چاپخانە ١٤٥٠– ١٥٠٠، چاپی یەکەم، کۆڕی زانیاری کورد، هەولێر.

**ب – ڕۆژنامە و گۆڤار**

– تیشك، ژ (٢) ، س ٢ ، ١٩٧٠.

– ژیان، ژ(١)، س١، ١٩٥٩.

– ڕێژنە، ژ(١)، س١ ، تشرینی دووەمی ١٩٧٠.

–........، ژ٠(٢)، س٢ ، کانونی دووەمی ١٩٧١.

– ڕەهێڵە، ژ(١)، س١ ، ١٩٧١.

– کاروان ، ژ (٦٧)، ئابی ١٩٨٨.

– کاروان، ژ (١٢٠)، نیسانی ٢٠٠٠.

– K٢١–––، ژ(٧)، ٢٠١٠.

**پ – فەرهەنگ**

– ئینسکلۆپیدیای هەولێر، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان ، ٢٠٠٩.

**ت– چاوپێکەوتن و دیدار**

– عەبدوڵلا زەنگەنە ، ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری بیری نوێ ، ١٩٧٢ ، ٢٠١٠/٤/٢ ، هەولێر.

– کەمال غەمبار– هەڵسووڕاوی سەرەکی گۆڤاری (ژیان) ١٩٥٩،٢٥ / ٢٠١١/٨، هەولێر.

**٢- بەزمانی عەرەبی**

–علي حسن مصطفى، نادي الصحافة المدرسية ٢٠١٠/٢/١٥

.http:www. khayam. com/sar/sahafaa. htm

– علي محمود، **الصحافة مهنة** ، مكتب علاءالدين للطباعة والتصميم بالكومبيوتر ، ط٢، الموصل ، ٢٠٠٧.

– وائل علي احمد النحاس، تاريخ الصحافة الموصلية ١٩٢٦ –١٩٥٨، جامعة الموصل، كلية الاداب ، ١٩٨٨ ، رسالة ماجستير (غير منشورة).

# پاشکۆ




گۆڤاری ژیان


گۆڤاری
تیشک
چاپخانەی کوردستان ـ هەولێر . ٢٥٨٢ی کوردی ١٩٧٠ی زا.

**گۆڤاری تیشک**




**گۆڤاری ڕەهێڵە**




گۆڤاری بیری نوێ



**گۆڤاری چوارچرا**




گۆڤاری دەنگی قوتابیانی کوردستان



کاروان

گۆڤارێکی ئەدەبی گشتییە

خوێندکارانی ئامادەیی کوردستان

بە سەرپەرشتی گروپی مامۆستایانی

زمان و ئەدەبی کوردی

دەری دەکەن

ژمارەی یەکەم سالی یەکەم

١٩٧٥ / هەولێر

گۆڤاری کاروان

## خلاصة البحث

## الصحافة المدرسية باللغةالكوردية في مدينة اربيل

## ١٩٥٩-١٩٧٥

الصحافة الكوردية في مدينة اربيل كجزء من الصحافة الكوردية بصورة عامة، تشكل محورا مهما في تعريف الجوانب السياسية والاجتماعية والثقافية لتلك المدينة، بالاضافة الى افتقارها من الجوانب المالية والمهنية، الا انها لعبت دورا فعالا في تقديم الثقافة الكوردية فيها.

يحاول الباحث من خلال هذا البحث اظهار تاريخ الصحافة المدرسية باللغة الكوردية في مدينة اربيل الواقعة بين الاعوام ١٩٥٩–١٩٧٥، والدور الذي لعبتها تلك المجلات في الحياة السياسية والثقافية والتعليمية، مع الاشارة الى الدور الذي لعبه المعلمون في مدارس هذه المدينة في اغناء الحركة الصحافية فيها، وهي تهدف الى تقديم وتحليل الظروف التاريخية والسياسية لهذه الفترة من تاريخ الصحافة الكوردية في مدينة اربيل وتاثيرها على الحركة الثقافية والصحفية فيها ايضا.

# Abstract
# The Kurdish School Press in Erbil
# ١٩٥٩–١٩٧٥

The Kurdish press in Erbil is generally viewed as part of the Kurdish press in general. It constitutes an important pivot in defining the political ،social and cultural aspects of this citydespite its lack of financial and professionalism in the field. Apart from this, it played an effective role in reflecting the Kurdish culture in it.

Through this research، the researcher tries to show the history of the Kurdish school press in Erbil during the years ١٩٣٥- ١٩٧٥ and to show the role which these magazines played in political, cultural and educational life. The researcher also tries to indicate the role which men of letters and the Kurdish intellectuals played in enriching the publishing movement in this city.

# ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە بنیادنانی کۆمەڵگای مەدەنیدا*

## توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری هەولێر


**پ.ی.د. سەلیم پترس ئلیاس**

**شێروان عوسمان ڕەسووڵ**


**پێشەکی**

بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی ڕاگەیاندن سەکۆ و کەناڵێکی گەیاندنی ئایدیا و دەنگی مرۆڤ بووە و بوونی هەبووە، لە نێوان مرۆڤەکان هۆکارێکی گرنگیی گەیاندن بووە. هیچ کۆمەڵگایەکی مرۆڤایەتی نییە بەبێ ڕاگەیاندن بتوانێ ژیانی بگوزەرێنێت، بەگشتی ڕاگەیاندن دیاردەیەکە لەگەڵ بوونی مرۆڤ سەری هەڵداوەو بە درێژایی مێژوو بە گۆڕانی کات و سات و شوێن گۆڕانکاری بەسەردا هاتووەو داهێنان لە ئامرازەکانیدا بەدی هاتووە، بە شێوەیەك ئەم داهێنانانە ڕۆڵی گرنگیان هەبووە لە گەیاندن و پێکەوە بەستنی تاکەکان و کۆمەڵەکان و کۆمەڵگاکان، تەنانەت بۆتە توخمێکی گرنگیی ژیانی مرۆڤایەتی و شێوازی بەکارهێنانی گرنگییەکەی زیاتر دەبێت.

بە شێوەیەکی گشتی ئەو گۆڕانکارییانەشی کە بەسەر سیستەمە جیاوازەکانی جیهانیدا هاتوون، لە ئەنجامی شۆڕشی تەکنەلۆجیاو جیهانگیری و سیستەمی جیهانی نوێ کە هۆکارگەلێکن بۆ پێشکەوتن لە ئامرازە جیاوازەکانی و بەهێزبوونی کاری ڕاگەیاندن لە بوارە جیاوازەکانی ژیان و هۆشیارکردنەوەی خەڵك بە ئەرك و مافە مەدەنییەکان، بەتایبەت لە کۆمەڵگا تازە پێگەیشتووەکان، ئەوانەی لە ژێر

* ئەم توێژینەوەیە وەرگیراوە ( مستل ) لە نامەی ماستەر بە ناونیشانی ( ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە بنیادنانی کۆمەڵگای مەدەنیدا _ توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری هەولێر .

چەتری ڕژێمە دیکتاتۆرییەکان دەناڵێنن.

ئاشناکردنی مرۆڤ بە ژیانی مەدەنییەت و دیموکراسی و ئازادی و ئازادی رادەربڕین و ئازادی کاری ڕاگەیاندن بابەتگەلێکن، کە ماوەی چەند دەیەیەکە لە کۆمەڵگا تازە پێشکەوتووەکان باسی لێوە دەکرێت، ئەویش لە ئەنجامی ئەو جەورو ستەمەی سیستەمە سیاسییەکان پیادەی دەکەن لە زەوتکردنی ماف و ئازادییەکان. لە بەرامبەر ئەمەدا دەبینین لە دەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەکدا بە ڕێگەی جیاواز لە لایەن داکۆکیکارانی ماف و ئازادییەکانی مرۆڤەوە هەوڵ دەدرێت تاك و کۆمەڵ و کۆمەڵگا هۆشیار بکرێنەوە بە ژیانی مەدەنییەت و داواکانی ڕێگەی مەدەنییەت بگرێتە بەر، کە یەکێك لە سەرەکیترینی ئەو ڕێگایانەی ڕۆڵی هەیە لە هوشیارکردنەوە و ڕۆشنبیرکردنی مرۆڤ، ڕاگەیاندنە بە ئامرازە جیاوازەکانیەوە.

ئەمڕۆ ڕاگەیاندن شوێنێکی گرنگیی لە ژیانی خەڵك داگیر کردووە و بۆتە جێگەی ڕەزامەندییان و ئامرازێکی هەرە زیندووە، زۆر بڵاوە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تەکنیکە بەرزانەی کە لە ئامرازەکانی کاری ڕاگەیاندن داهێنراوە، بە چەشنێك بۆتە بەهێزترین ئامرازی گەیاندن و گەیەنەر و دروستکردنی را. تەنانەت بۆتە زمانحاڵی کۆمەڵگاکان بە جۆرێك ناتوانرێت دەستبەرداری ببن، چونکە هۆکارێکی سەرەکی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و گۆڕینی بەها و ڕەفتاری تاك و ڕۆڵێکی بنەڕەتی هەیە لە گەشەپێدانی گشتگیر، بە هەموو بوارە جیاوازەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەوە.

ڕاگەیاندن ئەمڕۆ دەسەڵاتی چوارەمە بە بنچینەیەك دادەنرێت بۆ بنیادنان و چاکسازی، نامەیەکی مرۆڤایەتی چاکەخوازە لە ڕێگەی ڕووبەڕووبوونەوەو زەقکردنەوەی ئاریشە و کێشەکانی مرۆڤایەتی، هەوڵدەدات چارەسەری پێویست و ئەلتەرناتیڤی گونجاو بدۆزێتەوە، ڕاگەیاندنی سەرکەوتوو ئەو ڕاگەیاندنەیە، گوزارشت لە هیوا و خواستەکانی خەڵك بکات بۆ بنیادنانی کۆمەڵگای مەدەنی، کاتێك تیشك بخاتە سەر مافەکانی مرۆڤ بە هەموو جۆرەکانیەوە، لە ڕووی پراکتیکییەوە ڕۆڵێکی ئاڕاستەکراوی ئامانجدار ببینێ لە بڵاوکردنەوەی هوشیاری دەربارەی ژیانی مەدەنییەت و بڵاوکردنەوەی کولتووری مەدەنی.

لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە دەکرێ گوتاری خستنەڕوو بگۆڕێت بۆ گوتاری کارلێکی مەعریفی، لە بەرز ڕاگرتنی فرەیی و رووچونی هەمەڕەنگی، لە نامۆبوونی

کولتووری بۆ وەبەرهێنانی لە پێناو خزمەتی کۆمەڵگاو پێشکەوتنی. لەبەر ئەمە پێویستە ڕاگەیاندنێك بە هەموو ئامرازەکانی ئامادە بکرێت کە بەرهەمهێنەری کولتووری مەدەنی بێت و کار لەسەر هۆشیارکردنەوەو گەشەپێدان بە تواناکانی تاك و کۆمەڵ، کە کاری ئەوە بێت کۆمەڵگا بەرەو مەدەنییەت ببات و توانای کارلێکی مەعریفەی زانستی هەبێت.

هەر لەبەر ئەم گرینگییەی ڕاگەیاندن ئەمڕۆ بۆتە چەکی خەڵکانی بێ دەسەڵات بۆ سەندنی ماف و بەرچاوخستنی داوا و پرسەکانیان تەنانەت بۆتە ئامرازێکی گۆڕینی سیستەمی سیاسی بە تایبەتی لە وڵاتە دیکتاتۆرییەکاندا بۆ بنیادنانی سیستەمێکی نوێی بەرجەستەکەری ماف و ئازادییەکان.

بە گشتی ئەم توێژینەوەیە لە چوار بەش پێك دێت، کە دابەش بوونە بۆ سەر دوو دەروازەی سەرەکی، کە تیۆری و مەیدانین، دەروازەی تیۆری دوو بەش لە خۆ دەگرێت و هەروەها دەروازەی مەیدانیش (پراکتیکی) دوو بەش لە خۆ دەگرێت.

دەروازەی یەکەم بەم شێوەیە: بەشی یەکەم دابەش بووە بۆ سەر سێ باس، باسی یەکەم توخمە بنەڕەتییەکانی توێژینەوەن، کە پێك دێت لە کێشە و گرینگی و ئامانج. باسی دووەم چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوە دەگرێتەوە.

بەشی دووەم تایبەتە بە ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە بنیادنانی کۆمەڵگای مەدەنی، لە چوار باس پێك دێت کە ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە هەر یەك لە هوشیاری و گەشەپێدانی گشتگیر و بلاوکردنەوەی کولتووری مەدەنی و دروستکردنی ڕای گشتی دەگرێتەوە.

دەروازەی دووەم تایبەتە بە کاری مەیدانی بەم شێوەیە: بەشی سێیەم پێك دێت لە دوو باس یەکەمیان چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەیە و دووەمیان ڕێکارە مەیدانییەکانە لە دیاریکردنی میتۆد و کۆمەڵگەی توێژینەوەو قەبارەو ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری و چۆنیەتی دروستکردنی پێوەری توێژینەوە.

بەشی چوارەم دوو باس لە خۆ دەگرێت یەکەمیان، یەکەمیان زانیارییە گشتیەکانی نموونەی توێژینەوەیە و دووەمیان داتاکانی تایبەت بە بابەتی توێژینەوەو ئەنجامەکان و ڕۆڵی گۆڕاوەکان لەسەر ئەنجامەکانی تێدا خراوەتە ڕوو. لە کۆتاییشدا پوختەی توێژینەوە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی نووسراون.

## بەشی یەکەم
# چوارچێوەی گشتی توێژینەوەو چەمکەکان

هەر توێژینەوەیەکی زانستی لە سەرەتاوە پێویستی بە چەند ڕێوشوێنێکی زانستی هەیە تا قۆناغ بە قۆناغ کاری توێژەر ئاسان بکەن و یارمەتی بدەن تا بە شێوەی زنجیرەی یەك لە دوای یەك بپرژێتە سەر بابەتەکانی پەیوەست بە توێژینەوە، ئەم ڕێوشوێنەش خۆی لە چوارچێوەی تیۆری دەبینێتەوە، چونکە لەم چواچێوە تیۆریەوە توێژەر کێشە و گرنگیی و ئامانجی توێژینەوەکەی دیاری دەکات و مەبەستی سەرەکی لە ئەنجامدانی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە ئەویش بە پشتبەستن بەڕەوشی بابەتەکە لە واقیع و ئەو مێژووەی تێیپەڕاندووەو هەروەها ئەو توێژینەوانەی، کە پێشتر لەم بوارە ئەنجام دراون یارمەتیدەرێك دەبن بۆ توێژەر لە کۆمەڵێك ڕووەوە .

چوارچێوەی تیۆری ئەم توێژینەوەش پێك هاتووە لە توخمە بنەڕەتییەکانی توێژینەوە و چەمکە سەرەکییەکان و چەند توێژینەوەیەك لەوانەی، کە پێشتر لەم بوارەی ڕاگەیاندن ئەنجام دراون .

### باسی یەکەم/ توخمە بنەڕەتییەکانی توێژینەوە

#### ١- کێشەی توێژینەوە

ڕاگەیاندن بە گشتی ئەمڕۆ بۆتە بەشێکی گرنگ لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤدا بە رادەیەك، کە کاریگەری هەمەڕەنگی بەهێزی هەیە، لە سەر ئاستی تاك و کۆمەڵگا ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێڕی لە ژیانی کۆمەلایەتی و سیاسی و ئابووری و ژینگەیی هەر لەبەر ئەمەشە لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە لە دروستکردنی گۆڕانکاری و گواستنەوەی دیموکراسی و هوشیارکردنەوەو بلاوکردنەوەی کولتووری مەدەنییەت.

ئەم خێراییەی لە وەرگرتن و گواستنەوەو پەخش بۆتە هۆی ئەوەی کە جیهان بە یەك ببەستێتەوە بە شێوەیەك سات لە دوای سات هەواڵی هەمەڕەنگ و

زانیاری جۆراوجۆری کۆمەڵگاکان دەگوازێتەوە بۆ یەکتر، ئەمەش دەبێتە جۆرێك لە ناسین و دروستبوونی ئاشنایەتی لە نێوان کۆمەڵگا و کولتوورە جیاوازەکان، بە گشتی ئەمانە دەبن بە دروستکردنی فۆرمی جیاواز لە گۆڕان لە ژیانی کۆمەڵایەتی و هزری و ڕواڵەتەکانی داب و نەریت و بەهاکانی کۆمەڵگا، کە لە زۆر باردا بۆتە هۆی دروستبوونی ململانێی نێوان نەوەکان، کە هیچ کۆمەڵگایەك لێی بێبەش نابێت و کۆمەڵگای کوردیش لێی بەدەر نەبووە .

هەڵبژاردنی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو قۆناغەی ئەمڕۆی ڕاگەیاندنی کوردی پێیدا تێپەڕ دەبێت لە کاتێکدا ئەم کۆمەڵگایە لە قۆناغی گواستنەوە و کرانەوەدایە بەرەو جیهانی دەرەوە و لە هەنگاوی پێشکەوتندایە، کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن تێیدا، هەروەها چاودێرە بەسەر کارەکانی حکومەت و دەیگەیەنێتە خەڵك بە مەبەستی هوشیارکردنەوەیان لە هەر کارێك، کە لەبەرژەوەندی گشتیدا نەبێت بە مەبەستی وروژاندنیان و گەشەپێدان بە تواناکانیان و ڕۆشنبیرکردنیان و ئاڕاستەکردنیان . هەروەها گەڕان بە دوای بەرسڤی ئەو پرسیارەی کە ئایا ڕاگەیاندن لە توانایدایە کار بکات لە پێناو بنیادنانی کۆمەڵگای مەدەنی؟ لە کاتێکدا بەردەوام دەسەڵات هەوڵ دەدات بە ویستی خۆی ئاڕاستەی بکات یان لە ڕێگای یاساوە سنووورداری بکات .

کۆمەڵگای مەدەنی ئەمڕۆ شوێنی یەکەمی گرتووە لەو کۆمەڵگایانەی، کە گیرۆدەی کێشەی سیاسین لە کۆمەڵێك کێشەی سیاسیدان و ئەم کۆمەڵگایە خاڵی هەنگاونانە بەرەو چارەسەری گیرو گرفتەکان و دەستەبەرکردنی ئەرك و ماف و ئازادییەکان و یەکسانی و دادپەروەری، هەروەك بەوە ناسراوە بەردەوام لە هەوڵی پاراستنی مافی تاکەکانی کۆمەڵگا و بەرژەوەندی گشتیدایە و بەشدارە لە بڕیارە گرنگەکانی پەیوەست بە کۆمەڵگا، هەروەها لە هەوڵی نەهێشتنی هەژموونی دەسەڵاتدایە ڕۆڵێکی باڵای هەیە لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و ژینگەیی واتە ئەو ڕوڵەی ڕاگەیاندن دەیگێڕێت لە بڵاوکردنەوەی هوشیاری دەربارەی کۆمەڵگای مەدەنی و تێگەیاندن و فێرکردن و ئاشناکردنی تاکەکانی کۆمەڵگا بە چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی و ژیانی مەدەنییەت و هاندانی تاکەکانی کۆمەڵگا بۆ بنیادنانی ڕێکخراوەکانی ئەم کۆمەڵگایە و کارکردن لە سەر بنەمای

مەدەنییەت بۆ داکۆکی لە مافەکانیان بەو شێوەی، کە کۆمەڵگای مەدەنی پێی ناسراوە، هەروەها هەڵسوکەوتکردن بە بەهاکانی ئەم کۆمەڵگایە و داکۆکیکردن لە ماف و ئازادییەکان بە ڕێگایەکی مەدەنییانە دوور لە هەر توندو تیژییەك.

ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە بونیادنانی کۆمەڵگای مەدەنی کێشەیە بۆ دەسەڵات، بە تایبەتی لە سیستەمی سیاسی کۆمەڵگا تازە پێشکەوتووەکان، چونکە دامەزراندن و هاتنەبواری پراکتیکی ئەم کۆمەڵگایە بەربەستێکە لە پێش زۆر لە بەرژەوەندییەکانی لە بەرامبەردا دەستکەوتێکە بۆ کۆمەڵگا و تاکەکانی هەر لەبەر ئەمەیە دەسەڵات لە هەوڵی ئەوەدایە کۆنترۆڵی ڕاگەیاندن بکات، کێشەی ئەم توێژینەوەش لەوەدایە، کە ئایا ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگای کوردی هەوڵ و کۆششی شێلگیرانەی داوە لە پێناو دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی مەدەنی لە ڕێگای ئامرازە جیاوازەکانیەوە؟ تا خزمەت بە بنەماکانی مەدەنییەت بکات و گەشەیان پێ بدات و تاکەکانی لەسەر بنەما و بەها مەدەنییەکان ئاڕاستە بکات لە کاتێکدا ڕاگەیاندن و ڕاگەیاندنکاران ڕووبەڕووی چەندان کێشە دەبنەوە.

## ٢- گرنگیی توێژینەوە

لەڕووی زانستییەوە ئەم توێژینەوەیە بە توێژینەوەیەکی نوێ دادەنرێت، کە تا ئێستا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان توێژینەوەیەکی هاوشێوەی ئەم ناونیشانە ئەنجام نەدراوە، هەروەك ڕوون و ئاشکرایە، کە ئەمرۆ لە هەرێمی کوردستان هەروەکو وڵاتانی تری جیهان گرنکی زۆر بە ڕاگەیاندن و کاریگەرییەکانی دەدرێت لە لایەن خەڵکانی ئەکادیمی و ڕۆشنبیران و کەرتی تایبەت و پارتە سیاسییەکان.

ڕاگەیاندن توانیویەتی خۆی بسەپێنێت، بچێتە هەموو شوێنێك، تەنانەت ببێت بە بەشێکی دانەبڕاو لە ژیانی خەڵك لە بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و هزری و ئابووری و کولتووری ژینگەیی تەنانەت وای لێ هاتووە، کە خەڵکانیکی زۆر لە گشت تەمەنەکان ڕۆژانە کاتێکی زۆریان لەگەڵ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەسەر بەرن . لەبەر ئەم گرینگیەشی وای کردووە سەرنجی زۆر لە

زانایان و شارەزایان و پسپۆران و توێژەرانی ئەم بوارەی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە بۆیە توێژینەوە لەم بوارە بایەخی خۆی هەیە لە زانستە مرۆڤایەتییەکاندا.

لەلایەکی ترەوە گرنگیی ئەم توێژینەوە لەسەر کۆمەڵگای مەدەنی و خستنە ڕووی روخساری ئەم کۆمەڵگایە، کە ئەمڕۆ ئەم باسە بابەتی نوێی گشت کۆمەڵگاکانە و گرنگیی زۆری پێدەدرێت چەندین کۆنگرە و کۆنفراسی بۆ دەبەسترێت بەتایبەتی لە کۆمەڵگا تازە پێگەیشتووەکاندا لە کاتێکدا ئەم چەمکە لەدایکبووی بیرو هزری کۆمەڵگا پێشکەوتووەکانە و بەکردار سەلماندوویانەو بە پراکتیکی لەگەڵیدا دەژین.

ئەم توێژینەوەیە ئاڕاستەیەکی ڕوون و ئاشکرایە لە کۆمەڵناسی ڕاگەیاندن گرنگیی خۆی دەبێت بۆ توێژینەوەکانی داهاتوو و دەکرێ بۆ بەراوردکردن لەگەڵ ئەم توێژینەوانەی کە لە داهاتوو ئەنجام دەدرێن بۆ زانینی گرنگیی و کاریگەریی ڕاگەیاندن لە دوو ماوەی جیاوازدا لە کۆمەڵگای کوردی بۆیە گرنگیی تایبەتی هەیە لە ڕووی زانستییەوە و توێژینەوەیەکی ئەکادیمییە لەم بوارەدا .

**٣- ئامانجی توێژینەوە**

بێ گومان هەر توێژینەوەیەکی زانستی بێ ئامانج ئەنجام نادرێت بەڵکو چەند ئامانجێکی زانستیی خۆی هەیە و ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەش وەڵامی ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەن کە بەشێوەی پرسیار داڕژاون و لەم خاڵانەی خوارەوە کۆبۆتەوە:

١- کۆمەڵگای توێژینەوە چ ئامرازێکی راگەیاندن زیاتر بەکار دەهێنێت بۆ دەستخستنی زانیاری؟

٢- ئایا ڕاگەیاندن ڕۆڵی بینیوە لە بلاوکردنەوەی هوشیاری سەبارەت بە بنەماکانی ژیانی مەدەنییەت؟

٣- ئایا ڕاگەیاندن ڕۆڵی بینیوە لە گەشەپێدانی گشتگیر بە بنەماکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستاندا؟

٤- راگەیاندن تاچەند کاری کردووە لەسەر بلاوکردنەوەی کولتووری مەدەنی؟

٥- ڕاگەیاندن توانیویەتی ڕای گشتی لە کوردستاندا دروست بکات؟
٦- ئایا ڕاگەیاندن لە کوردستاندا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی ڕۆڵ بگێڕێت لە بنیادنانی کۆمەڵگای مەدەنیدا؟

## باسی دووەم/ چەمکەکان (Concepts)

چەمك ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێك ڕاستی و بیری لە یەکتر نزیك، کە ئەمەیە وێنەیەکی هزری لای تاك دروست دەکات، کە دەتوانی وێنەیەك بۆ بابەتێك بکات[1]. هەروەها ئامرازی هێمایە مرۆڤ پشتی پێ دەبەستێ لە دەربڕینی بیرو ماناکانی بە مەبەستی گەیاندنی بۆ ئەوانی تر[2]. ئەمەش لە ئەنجامی بیرکردنەوەو لێکدانەوە بۆ شتێك یان بابەتێك دروست دەبێ و دەبێت بە بیرۆکەیەکی گشتی، کە بە وشەیەك یان زیاتر دەردەبڕێت لەمەوە دەردەکەوێت، کە چەمك لە ئەنجامی بیرۆکەیەك دروست دەبێت. گرنگترین چەمکەکانی ئەم توێژینەوەیە ( ڕاگەیاندن و کۆمەڵگای مەدەنی )یە.

### ١- ڕاگەیاندن (Media)

چەمکی ڕاگەیاندن یەکێك لەم چەمکانەیە کە هەر لەگەڵ بوونی مرۆڤەوە بوونی هەیە، ناکرێت ببەسترێتەوە بە شارستانیەتێك یان قۆناغێکی مێژوویی لە بەر ئەوەی مرۆڤ ناتوانێ بە تەنیا بێت و پراکتیکی ئەم کارە نەکات و پەیوەندی لەگەڵ دەوروبەرەکەی نەبێت، ئەمڕۆ لە دنیای مۆدێرن و جیهانگیریدا گرنگیی و تایبەتی خۆی هەیە، لەبەر ئەمە ڕاگەیاندن وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و پێویستییەکی مرۆیی. بە درێژایی مێژوو لە هەر کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو و دواکەوتوو گرنگیی و تایبەتمەندی خۆی هەبووە، لەبەر ئەوەی تاکەکان لە نێوان خۆیان بە پێی ئەو سەردەمەی، کە مرۆڤایەتی پێیدا تێپەڕیوە بە سروشتی خۆیان پراکتیزەی کاری ڕاگەیاندنیان کردووە. ئەم چەمکە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئاماژەیە بۆ کرداری کارلێککردن لە نێوان ناردن و وەرگرتن لە ڕێگای ئامرازە دیاریکراوەکانی ڕاگەیاندنەوە. ئەمەش وا دەکات کە کاریگەری ڕاگەیاندن بە گوێرەی جیاوازی ئامرازەکانی و سروشتەکەی بگۆڕێت[3]. کە لەگەڵ پێشکەوتنی

زانست و تەکنەلۆجیا و شێوازی ژیان ئامرازەکانی پێشکەوتنی بە خۆیەوە بینیوەو گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

ڕاگەیاندن ئاماژەیە بۆ دوو پرۆسە لە یەك کاتدا، کە هەر یەکێکیان تەواوکەری ئەوی ترە. لە لایەکەوە ئاماژەیە بۆ پرۆسەی وەرگرتن و دەرهێنان و دەستکەوتنی زانیاری لەکاتی ئامادەبوونی خێرا لە شوێنی ڕووداو لە لاکەی ترەوە گواستنەوەو پەخشکردنی ئەم زانیارییانە بۆ خەڵك، یان گواستنەوەی زانیاری و بیرو ڕا لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر لە ڕێگای ئامرازی گونجاو، کە لە ڕێگەیدا لەسەر تێرکردنی هەستە جیاوازەکان کار دەکات [٤].

(ئۆتۆجرن) پێی وایە ڕاگەیاندن بریتییە لە ئاماژەی بابەتییانە بۆ مێشکی جەماوەر و گیانیان و مەیلەکانیان و ئاڕاستەکانیان لە هەمان کاتدا[٥].

بە گشتی کاری ڕاگەیاندن ئاماژەیە بۆ شوێنێك، کە ڕۆژنامەوان، ڕاگەیاندنکاران زانیاری ڕووداوەکانی لێوە بۆ گوێگر دەگوازنەوە، بینەر یان خوێنەر و لە لایەکی ترەوە یارمەتی کۆمەڵگا دەدات بۆ ناسینی خودی خۆی[٦]. ڕاگەیاندن لە ڕێگەی ئامرازە جیاوازەکانیەوە تیشك دەخاتە سەر هەموو لایەنەکانی کۆمەڵگا وەکو لایەنی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و کولتووری و ژینگەیی و زانیاری لەسەر بڵاو دەکاتەوە، بەرنامەو پرۆگرامی لەسەر دەکات، کە ئەمانە بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا یارمەتیدەرن بۆ ئەوەی زانیاری تەواو پەیدا بکەن و خودی کۆمەڵگاکەیان بناسن و وێنەیەکی هزری دەربارەی دروست بکەن تا لە ڕێگەیەوە ڕەفتاری پێویست بە گوێرەی ئەم زانیاری و وێنەوە ئەنجام بدەن.

لەم ڕوانگەیەوە پێناسەی ڕێکاری توێژەر بۆ ڕاگەیاندن بریتییە لە کۆکردنەوەی زانیاری و هەواڵی دروست لە سەرچاوە جیاوازەکانەوە لەگەڵ بەکارهێنانی هونەری پێویست بۆ گواستنەوەو پەخشکردنی لە ڕێگای ئامرازە جیاوازەکانیەوە بەشێوەی ڕاستگۆیانە و بابەتییانە بە شێوەیەك، کە ببێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی تاکەکان بە هەواڵ و زانیاری و ڕۆشنبیرکردنیان و باوەڕپێهینانیان و ئاڕاستەکردنیان بەرەو ئامانجی دیاریکراو بۆ دروستکردنی ڕایەکی واقعیانەو تێرکردنی هەستە جیاوازەکانیان لە شاری هەولێردا.

## ٢- کۆمەڵگای مەدەنی (Civil Society)

ئـەم چـەمکە لـەدایکبووی ململانێـی کۆمەلایـەتی و سیاسـییە لـە کۆمـەڵگا ڕۆژئاواییـەکان، لـە ڕووی مێژووییـەوە ڕەگ و ڕیـشەی دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەردەمی بووژانـەوەی ڕۆژئـاوایی (ڕێنیـسانس) و پەیوەسـتە بـەو هزرانـەی، کـە پەیوەنـدی تایبەتییان هەیە بە هزری تیۆری پەیمانی کۆمەلایەتی و زاناکانی و تێزەکانیان(٧).

کۆمەڵگای مەدەنی ئەو کۆمەڵگایەیە تا ڕادەیەکی زۆر سەربەخۆیە لـە چـاودێری ڕاستەوخۆی دەوڵەت و بەوە جیادەکرێتەوە کە سەربەخۆیە و ڕێکخستنی خۆکارییە و گیانی دەستپێشخەری تاك و کۆمەڵە و گوڕوتین بە کاری خۆبەخشی دەبەخشێت، لـە پێناو خزمەتی بەرژەوەندی گشتی کاردەکات و پارێزگارە لە مافی چینە لاوازەکـان. لەگـەڵ ئەوەشـدا، کـە کاروبـاری تـاك بـەدەرە لـە کۆمـەڵگای تاکگـەرایی بـەڵکو بـە پێچەوانەوە کۆمەڵگای هاریکارییە لە ڕێگای تۆڕێکی فراوان لە دام و دەزگاکانەوە(٨).

لـە دیـدی (سـعدالدین ئیـبراهیم) کۆمـەڵگای مـەدەنی بریتییـە لـە کۆمـەڵێك ڕێکخستنی خۆبەخـشی سـەربەخۆ کـە بـواری گـشتی لـەنێوان خێـزان و دەوڵـەت پـڕ دەکاتەوە بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندی تاکەکانی لەمەشـدا پابەنـدە بـە بـەهاکان و پێوەرەکانی ڕێزگرتن و ڕازیبوون و لێبوردەیی و کارگێڕیی ئاشتییانە بۆ هەمـەڕەنگی و جیاوازییەکان(٩).

کۆمەڵگای مەدەنی بۆشاییەکە بۆ کارلێکی پۆزەتیڤ لە نێوان دەوڵەت لە لایـەك و بـواری گـشتی لـە لاکـەی تـر، کـە هـەموو ڕێکخـستنە خۆبەخـشییەکان و بـازاڕ و یەکێتییەکان و کۆمپانیاکان دەگرێتەوە، یان هەموو ئەو ڕێکخستنانەی کـە دەکەونـە نێوان دەوڵەت و خێزان(١٠).

پێناسـەی ڕێکـاری توێـژەر بـۆ کۆمـەڵگای مـەدەنی، ئـەو کۆمەڵگایەیـە، کـە تاکەکانی مەدەنییانە ڕەفتار دەکەن و ئاستێکی بەرزی ڕۆشنبیرییان لە بارەی بـوارە جیاکانی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووری و ژینگەیی و کولتووری هەیە، خۆبەخشانە بە شـێوەی کۆمـەڵی ڕێکخراوەیـی کاردەکـەن لـە سـنووری دام و دەزگـاو ڕێکخـراو و سـەندیکاکان، کـە سـەربەخۆییەکی ڕێـژەییان هەیـە لـە دەسـەڵاتی دەوڵـەت، بـۆ پاراستنی بەرژەوەندی گشتی و مافەکانی مرۆڤ لـە هـەژموونی دەسـەڵاتی سیاسـی و بازاڕ، چاودێر و بەشدارە لە پرسە گرنگەکانی پەیوەست بە ژیـانی کۆمـەڵگا و هـەوڵی پراکتیکبوونی دیموکراسی فرەڕەنگی و دەنگی دەدات، پارێزگارە لە ئازادییـە گـشتی و تایبەتییەکاندا لە شاری هەولێر.

## بەشی دووەم
# ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە بنیادنانی کۆمەڵگای مەدەنیدا

ڕاگەیاندن چەندان ڕۆڵ و ئەرکی کارا دەگێڕێت لە ناو کۆمەڵگادا بە هەر دوو لایەنی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەوە، بەڵام ئەوەی توێژەر مەبەستیەتی لەم بەشەی توێژینەوەکەدا بریتییە لەو ڕۆڵەی کە ڕاگەیاندن دەیبینێت لە بنیادنانی کۆمەڵگای مەدەنی، کە ئەمڕۆ بابەتێکی گرنگە و خاڵی گرنگیپێدانی کۆمەڵگا تازە پێگەیشتووەکانە، کە لە دەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەکدا بەڕووی جیهان کراونەتەوە یان لە قۆناغی گواستنەوەی دیموکراسیدان.

ڕاگەیاندن گرنگیی و تایبەتی خۆی هەیە و لەبەردەم کۆمەڵێك ئەرکی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووری و کولتووری و ژینگەییدایە، کە پێویستە پێی هەڵسێ و شان بەشانی ئەمانەش لە پێگەیاندنی تاك و ئاراستەکردن و باوەڕپێهینانی و هوشیارکردنەوەو گۆڕینی لە تاکێکی بەکاربەر بۆ تاکێکی کارا تا هەست بە بەرپرسیارێتی بکات لە ڕێگای بەشداری و چالاکیی مەدەنییانەی، کە ئەمەش گەشەپێدانی تواناکانی تاکە لە ڕۆڵ و کاریگەری .

کاری ڕاگەیاندن بۆ بنیادنانی کۆمەڵگای مەدەنی لەبەردەم کۆمەڵێك ئەرکدایە ئەویش لە گرنگیدان بە ئازادییەکان و پرەنسیپەکانی دیموکراسی و ئەرك و مافەکان و هاووڵاتیبوون و ئەو بنەمایانەی کە پێویستن لە بناغەی کۆمەڵگای مەدەنی لە هەر کۆمەڵگایەکدا بوونیان هەبێت. لە چاودێریکردنی کاری حکومەت و دۆزینەوە و دەرخستنی گەندەڵییەکان و بەرگریکردن لەو بەها و پرەنسیپانەی، کە کۆمەڵگای مەدەنی پێی ناسراوە و چاودێریکردنی ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ و پرسە مەدەنییەکان. لێرەدا ڕاگەیاندن دەبێتە فاکتەرێکی گرنگ، بۆ بڵاوکردنەوەی کولتوور و پراکتیکی دیموکراتییانەو گەشەپێدان بە بنەماکانی، کە پراکتیکی دیموکراتی زەمینەیەکی لەبارە بۆ سەرهەڵدانی کۆمەڵگای مەدەنی، چونکە دیموکراسی بنەمای سیاسییە بۆ بوون و گەشەپێدانی دام و دەزگاو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

هەروەها ڕاگەیاندن ڕۆڵی هەیە لە پاڵپشتیکردنی پرۆسەی بنیادنانی دام و دەزگاکان و گۆڕینی کولتووری و سیاسی بە گشتی لە کۆمەڵگادا، لە چۆنیەتی کارکردنی دام و دەزگاکان و گفتوگۆ و کاری کۆمەڵی و ڕەخساندنی هەل بۆ چین و توێژەکان بۆ دەربڕینی بیروڕا جیاوازەکانیان لە داوایان بۆ گۆڕینی بەهاکان و ڕەفتارو پێوەرەکان(١١). ئەگەر ڕاگەیاندن لە هەر کۆمەڵگایەکدا بەم کارە هەڵسێ ئەوا ڕۆڵێکی گرنگە، کە دەیگێڕێت بۆ بنیادنانی کۆمەڵگای مەدەنی، کە فرە ڕەنگی و فرە دەنگی تێدا بێت و کارەکانی بەشێوەی دامەزراوەیی بێت و بەهاکانی پێکەوە ژیان و لێبوردەیی ڕێزگرتن لە بەها بەرزەکانی دەبێت.

ڕاگەیاندن بەو هێزەی هەیەتی دەتوانێ بەشداری هەموو بوارەکانی ژیان بێت لە هوشیارکردنەوە و گەشەپێدانی کۆمەڵگا و ڕۆڵێکی کاریگەر بگێڕێت. هەروەکو (دانیال لیرنر) جەخت لەسەر ڕۆڵی ڕاگەیاندن دەکاتەوە لە پرۆسەی گەشەپێدان و نوێبوونەوە بە تایبەت پرۆسەی گەشەپێدانی دیموکراسی و گواستنەوە و گۆڕینی کۆمەڵگا و گۆڕینی کۆمەڵایەتی لە قالبێکی نەریتییەوە(١٢). بۆ سەردەمی و مەدەنی، کە یارمەتیدەر دەبێت بۆ بەشداری هەمەلایەنەی تاکەکان لە بوارە جیاوازەکان و بەرزبوونەوەی ئاستی زانیاری و هوشیاری و بژێوی ژیان هەنگاونان بەرەو داهێنان، کە هەموو ئەمانە ئامانجە جیاوازەکانی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بەدی دێنێت، کە کۆمەڵگای مەدەنی خۆی لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی چین و توێژەکاندا دەبینێتەوە لەبەر ئەم گرینگییەشی (لیرنر) ڕاگەیاندن بە یەکێك لە سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان هەژمار دەکات.

ئەگەر بەشێوەیەکی سۆسیۆلۆژییانە سەیری ڕاگەیاندن بکەین لە زۆر لایەنەوە ڕۆڵ و کاریگەری هەیە لەکۆمەڵگادا، جا وەکو دیاردەیەك سەیری بکەین، کە مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە، یان وەکو بەشێك لە پێکهاتەکانی بونیادی کۆمەڵگا. هەروەها لە بونادنانی کۆمەڵگای مەدەنی لە هەر کۆمەڵگایەکدا ڕۆڵ و بەشداری هەیە، ئەگەر بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و کولتووری یارمەتیدەر و لەبار بێت، ئەمەش بەوە دەکرێت کە ڕاگەیاندن سەربەخۆ و کارا بێت و کەرتی تایبەتی و خاوەندارێتی تایبەتی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن هەبێت، تا لە پێناو پێشکەشکردنی باشتر ململانێ دروست بێت. ئەمانەش پێویستی بە ئازادی و

رێکخستن و رەخساندنی هەلی یەکسان بۆ بەدەستهێنانی زانیاری . هەروەها کارمەندو پسپۆری لێهاتوو. مولکداریەتی تایبەت بۆ ئامرازەکانی راگەیاندن بە مەرجێکی گرنگ دادەنرێت لە کارکردنی راگەیاندن بە شێوەیەکی راست و دروست و خستنەرووی زانیارییەکان بەشێوەیەکی دروست بۆ دروستکردنی هوشیاری و بلاوکردنەوەی رۆشنبیری و بەهای گونجاو بۆ گەشەپێدانی کۆمەلگا(١٣) .

تەنانەت راگەیاندن رۆلێکی گرنگ دەگێرێت لە بنیادنانی کۆمەلگای مەدەنی جیهانی، کە لەرێگەی ئامرازەکانی گەیاندنەوە دام و دەزگا مەدەنییەکان پەیوەندی لەگەل یەکتر دروست دەکەن و پشتگیری لە یەکتر دەکەن، هەموویان پێکەوە تۆرێکی فراوانیان دروست کردووە بۆ داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤ بە گشتی و گەشەپێدانی و بابەتی دیموکراسی و ژینگە لە یەك کاتدا.

لەم بەشەدا تیشك دەخەینە سەر چەند تەوەرێکی سەرەکی، کە گرینگی و کاریگەرییان بە رادەیەکە شایەنی باسکردنە بۆ روونکرنەوەی رۆلی راگەیاندن لە بنیادنانی کۆمەلگای مەدەنیدا .

### باسی یەکەم / راگەیاندن و بلاوکردنەوەی هۆشیاری دەربارەی بنەماکانی کۆمەلگای مەدەنی

لەگەل پێشکەوتنی روالەتەکانی ژیان بابەتی هوشیاری پێگەیەکی گرنگیی داگیرکردووە، بە تایبەت دوای شۆرشی تەکنەلۆجی کە رۆلێکی گرنگیی لە بلاوکردنەوەی هەوال و زانیاری خێرا لە ماوەیەکی کورتدا وای کردووە کە خەلك هوشیار بێت بە دەوروبەرەکەیی و زانیاری هەبێت لەسەر بابەتە جیاوازەکان کە لەرێگەی ئەم هوشیارییەوە بریار و رەفتاری تەواو بکات. ئەمە لە کاتێکدا، کە ئامرازەکانی راگەیاندن پێشکەوتنێکی بەرچاویان بە خۆوە بینیوە . ئەم پێشکەوتنەیان بووەتە هۆی ئەوەی کە کاریگەری راستەوخۆیان لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن و بلاوکردنەوەی هۆشیاری هەبێت(١٤) . کە زەمینە دەسازێنێ بۆ پراکتیزەی دیموکراسی و بەشدارییە پۆزەتیڤەکانی لە رووبەرووبوونەوەی کێشەکانی کۆمەلگا بە تایبەت کێشەی گەشەپێدانی کولتووری و زانستی کە

ڕێگایەکــە کۆمــەڵگا دەتــوانێ لــە دواکــەوتوویی ڕزگــار بکــات بــۆ پێــشکەوتن و مەدەنیبوون.

لە فەرهەنگی کۆمەڵناسـی، هوشـیاری ئاڕاسـتەیەکی هزرییـە ڕەنگدانـەوەی هەیە، یارمەتی تـاك دەدات لـە هوشـیاری بـە خـودی خـۆی و ئـەو ژینگـەی تیایـدا دەژیت بە ئاستی جۆراوجـۆر لـە ڕوونـی و ئاڵۆزییـەوە ئەمـەش هوشـیاری تـاك لـە ئەرکە هزری و جەستەیی و هوشیاری بە جیهانی دەرەکی و ئاگاداری خودی خـۆی وەك تاکێك لە خۆ دەگرێت، وەك ئەندامێك لە کۆمەڵ[١٥].

هوشیاری مرۆڤ دروست دەبێت لە ڕێگەی ئـەو ناوەنـدە کۆمەڵایەتییـەی پێـی دەوره دراوە، کــە کۆمــەڵێك گــۆڕاوی کۆمەڵایــەتی و ئــابووری و سیاســی و کولتوورییە، ئاشکرایە، کە تاك لە ڕێگەی پرۆسەی کـارلێکی لەگـەڵ ئـەم گۆڕاوانـە شێوازی پەیوەندی دیاری دەکات لە نێوان خۆی و کۆمەڵگاکـەی، تـاك بـێ کۆمـەڵ ناژیت، کۆمەڵگا وەکو کیانێکە کە تیایدا دەژیـت و دەبێتـە سەرچـاوەی هوشـیاری بۆی، بە گشتی هوشیاری بریتییـە لـە پێزانینـی تـاك لـە خـودی خـۆی و ئـەوەی دەوری داوە بە پێزانینێکی ڕاستەوخۆ[١٦].

بـە گـشتی دەتـوانین بڵـێین هوشـیاری پێزانینـی مرۆڤـە لـە خـودی خـۆی و پێزانینی هەموو ئەوانەی لە دەورووبەرین[١٧]. ئـەم هوشـیارییە دەبێتـە سەرچـاوەی ڕەفتار و هەڵسوکەوت کـە تـاك دەبەسـتێتەوە بـە کۆمەڵـەکان و دام و دەزگاکـانی کۆمەڵگا، هەروەها سەرچاوەی لێکدانەوە و شـیکردنەوەی ئـەو بابـەت و دیـاردە و گیروگرفتانەی ڕۆژانەیە کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە. لێرەدا ئەو هوشیارییەی تـاك بـە دەستی دێنێت ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی باڵای هەیە تێیدا، لە هەمان کاتدا ڕۆڵی هەیـە لـە گۆڕینی هوشیاری تاکەکان سەبارەت بە پەیوەندی و کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان لـە نێوان تاکەکان ئەویش لە ئەنجامی ئەو گۆڕان و پێشکەوتنەی دێنە ئاراوە هەروەك دەبینرێت. کە پەروەردەو فێرکردن و پێگەیانـدن کاریگەرییـەکی پۆزەتیڤیـان لـەم گۆڕانەی لە هوشیاریدا دروست دەبێت شان بە شانی پێکهاتەکانی تری کۆمـەڵگادا هەیە[١٨] .لە کاتێکدا ئەم گۆڕانە لە هوشیاری پێویستییە، چونکە ڕۆژ بە ڕۆژ ژیـان لە پێشکەوتن و ئاڵۆزبووندایە و تاك پێویستی بە هوشیاری نوێ و زیاترە تا لەگەڵ ژیانی هاوچەرخ بگونجێت.

ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کاتێك هەڵدەستن بە گەیاندنی زانیاری سەبارەت بە ڕووداو و کێشە و مەسەلە و بابەتەکان بە گشتی و بە شێوەیەکی بابەتییانە، دەبێتە هۆی دروستکردنی ڕێژەیەکی بەرز لە مەعریفە و هوشیاری و تێگەیشتن لەلایەن ئەوانەی وەرگرن و کاریگەری ئەم هوشیارییە لەسەریان دەبێتە هۆی دروستکردنی پاڵنەر و ئاڕاستەکردنیان. ئەمە ئەو کاریگەرییە شاراوەی ڕاگەیاندنە کە (مارشال ماکلوهان) باسی دەکات(١٩).

ڕۆشنبیران لە ڕێگەی ئامرازە جیاوازەکانی ڕاگەیاندنەوە بیرو بۆچوونەکانیان دەگەیەنن بە خەڵك و لە هەمان کاتدا بەرپرسیارییەتی بڵاوکردنەوەی هوشیاری و کولتووری دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگای مەدەنییان لەسەر شانە، بۆیە زۆر جار دەبینرێت و هەست دەکرێت کاتێك ڕۆشنبیرێك یان سەرکردەیەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی یان بەرنامەیەك ساز دەکات یان نووسینێك بڵاو دەکاتەوە لە ڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەسەر بابەتی دیموکراسی و بەهاکانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و یەکسانی یاسایی و سیاسی و هاوکاری و لێبوردەیی و قبوولکردنی بەرامبەر و ڕەتکردنەوەی هەژموونی سیاسی، هەست دەکرێت خەڵکانێکی زۆر ئامادەییان تێدایە بۆ بینین و گوێگرتن یان خوێندنەوەی لە هەمان کاتیشدا پێی کاریگەر دەبن، کە ئەمەش جۆرێك لە هوشیاری سەبارەت بە بنەماکانی ژیانی مەدەنییەت لای تاکەکان دروست دەکات.

بۆ بنیادنانی کۆمەڵگای مەدەنی پێویستە تاکەکانی کۆمەڵگا هوشیارییەکی تەواویان هەبێت و واقع بەشێوەی عەقڵانی بخوێننەوە، تا لە ڕێگەیەوە بتوانن ئازادی و مافەکانیان بە دەست بێنن و لە هەوڵدابن بۆ دروستکردنی کولتوورێکی مەدەنی، کە هەموویان بەشدار بن و هەست بەبوونی خۆیان بکەن تێیدا و ڕێگە خۆشکەر بێت بۆ بنیادنانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی کە مەبەستیانە.

پێویستە لەسەر ڕاگەیاندنی کوردی هەوڵی زیاتر بدات لە ڕێگەی پەیرەو و پرۆگرام و بەرنامەی نوێ هەروەها لەڕێگەی ڕۆشنبیر و ڕووناکبیرانەوە بابەتی نوێ و سەردەمییانە پەخش بکرێت کە کاریگەری تەواوی هەبێت لە سەر دروستکردنی هوشیاری دەربارەی کۆمەڵگای مەدەنی پێکهاتەو بەهاکانی تا تاکەکانی کۆمەڵگا بە ئارەزووەوە بەشداری تێدا بکەن لە نەریتییەوە بۆ مەدەنی خۆیان بگۆڕن تا

لەگەڵ ژیانی سەردەم بگونجێن لە کاروانی پێشکەوتن دوا نەکەون هەروەها لە ڕێگەی ئەم هوشیارییەوە قەناعەت و باوەڕیان بۆ دروست بکات، تا هەست بە گرینگیی کۆمەڵگای مەدەنی بکەن و هەوڵ بدەن لە پێناو دروستکردنی و بوون بە ئەندام تیایداو ڕەفتارو کردارەکانیان بەپێی ئەم کۆمەڵگایە بێت و هوشیاری هەمەلایەنە پەیدا بکەن و وەریگێڕن بۆ ڕەفتار لە پێناو دروستبوونی کۆمەڵگایەکی مەدەنی یان بنیادنانەوەی تاکەکانی کۆمەڵگا لە سەر بنەمای هەستکردن بە بەرپرسیارییەتی بە هوشیارییەکی بەرزەوە بەرامبەر بە کۆمەڵگا بۆ بنیادنانی ئەم کۆمەڵگایە. چونکە ڕاگەیاندن هۆکارێکی سەرەکییە لە بنیادنانی کەسایەتی نوێ کە گیانی سۆز و تەبایی و هاوکاری و ئاوێتەبوونی تێدا بێت[20].

**هوشیاری چەند جۆریکی هەیە کە هەریەکێکیان گرنگیی خۆی هەیە وەك ئەمانەی خوارەوە :**

١- **هوشیاریی کۆمەلایەتی**، بریتییە لە ئاستێکی دیاریکراوی باری هزری و هۆشمەندی کۆمەڵ، کە ڕەفتارەکانی ئاڕاستە دەکات و بەو پێیەش هەڵوێست و چالاکی دەنوێنێ[21]. ڕاگەیاندن لە هەموو ئەوانەی باس کرا ڕۆڵێکی گرنگیی هەیە لە دروستکردنی هوشیاری دەربارەیان لای تاك و کۆمەڵ، بە گشتی هوشیاری کۆمەلایەتی چوارچێوەیەکە بۆ گشت هوشیارییەکانی تر، تاك هەرچەند هوشیار بێت بە بابەتەکانی کۆمەڵگای مەدەنی کە توانای ڕاکێشانیان هەیە و لە پێناو بەرژەوەندی گشتییە ڕۆڵێکی چالاکتری دەبێت تیایدا و هەوڵ دەدات مافەکانی هاوولاتیبوون بەرجەستە بکات کە کۆمەڵگای مەدەنی داکۆکیکاریەتی.

٢- **هوشیاریی سیاسی**، یەکێك لەو بابەتانەیە، کە سەرنجی زۆر لە زانایان و بیرمەندانی کۆمەلایەتی ڕاکێشاوە. هۆشیاری سیاسی بە مانای مەعریفەی تاك لە ماف و ئەرکە سیاسییەکانی دێت، ئەو واقع و ڕووداوانەی کە تاك تیپدا دەژیت و توانای لە وێناکردنێکی گشتی بۆ ڕەوشی دەوروبەرەکەی[22].

ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێڕن لە هوشیارکردنی تاك بە زانیاری و بابەتە سیاسییەکان لە ڕێگەی ڕێکلام و پڕوپاگەندە و بەرنامە و پرۆگرامەکان، هەر ئەم هوشیارییەیە کە ڕەفتاری سیاسی دروستدەکات لە کاتی

پرسە نیشتمانییەکان و هەڵبژاردنەکان و ڕای گشتی، کە ئەمانە لە بنەماکانی کۆمەڵگای مەدەنین و بەردەوام داکۆکییان لێ دەکات، بوونی ئەمانە لە ناو هەر کۆمەڵگایەکدا خۆی لەخۆیدا ئاماژەیە بۆ بوونی کۆمەڵگای مەدەنی و لەهەمان کاتدا بەشداریشە لە بڕیارە سیاسییەکانی دەوڵەت .

٣- **هوشیاریی یاسایی**، یەکێکە لەو هوشیارییانەی کە گرنگە بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا بێ جیاوازی و پێویستە تاکەکان مەعریفە و هەستیارییەکی بەرزیان هەبێت بە یاسا، چونکە یاسا هەموو کاروبارەکانی کۆمەڵگا ڕێك دەخات و هیچ کەسێکیش لێی بەدەر نییە، هوشیاری یاسایی پێزانینی تاکە بە یاساکانی کۆمەڵگاکەی لانەدانە لێی و دەست پێوەگرتنیانە، بوونی یاسا بەگشتی یەکێکە لەو بنەمایانەی کە کۆمەڵگای مەدەنی جەختی لەسەر دەکاتەوە، ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە بڵاوکردنەوەی هوشیاری یاسایی تەنانەت لەکاتی داڕشتنی یاساکانیش ڕاگەیاندن ڕۆڵی خۆی دەگێڕێ لە بڵاوکردنەوەی و خستنەڕووی پۆزەتیڤی هەر یاسایەك بۆ خەڵك تا لە ڕێگەی بیروڕاوە بەشداری تێدا بکەن بە ڕێگەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ جیاجیا لێرەدا پێویستە تاکەکان هوشیارییەکی یاسایی بەرزیان هەبێت بۆ بەشداری لە دانان و داڕشتنی یاساکان لە ڕێگەی دام و دەزگاکانەوە تا بە کۆ دەنگی دەرکەوێت.

## باسی دووەم / ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە گەشەپێدانی گشتگیردا

گەشەپێدان گرنگیی تایبەتی هەیە لە هەر کۆمەڵگایەکدا و بەتایبەت لە کۆمەڵگا تازە پێشکەوتووەکاندا، بە یەکێك لە پرۆسە هەمەلایەنەکان دادەنرێت، لەبەر ئەوە پێویستە گەشەپێدان هەموو بوارەکان بگرێتەوە چونکە هەر بوارێك تەواوکەری ئەویترە بە هەردوو لایەنی ماددی و مەعنەوییەوە، بە گەشەپێدانی گشتگیر کۆمەڵگا پێش دەکەوێت و بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری و ژینگەیی دەچێتە پێشەوە و لە چوارچێوەی کۆنی دەردەچێت، ئەوە لە کاتێکدا کە ئەم پرۆسەیە لە پلانی دەوڵەتدا بێت و هاوکاری تەواو بکات و ئازادی بە یەکسانی بۆ هەمووان فەراهەم بکات بەپێی ئەو مافەی کە مرۆڤایەتی

پێی داون لە گەشەپێدان بەشداربن چونکە لـە سـەرەتاوە تـا کۆتـایی گەشـەپێدان لەپێناو مرۆڤە.

گەشەپێدان پێناسە دەکرێت کە پرۆسەیەکی هوشیارە لە کۆمـەڵگادا بـەڕێوە دەچـێت لـە میانـەی یـەکگرتن و بەشـداری نێـوان هـەوڵ و کۆشـشی هاوڵاتییـان و حکومـەت بـە مەبەسـتی سـوود وەرگـرتن لـە هـەموو سەرچـاوە بەخـشراوەکان و دابینکردنی خۆشگوزەرانی کۆمەلأیەتی و ئابووری بە پێی پلانێکی وێنەکێشراو[٢٣]، بەم شێوەیە گەشەپێدان تەنها پرۆسەیەکەی ئاڕاستەکراوە بـە ئامـانجی تێرکردنـی پێویستییەکانی مرۆڤ[٢٤].

لە سۆنگەی ئەم پێناسەیەوە، کە مەبەستی هەموو جۆرە گەشەپێدانێکە. کـە پرۆسـەیەکی زانـستی پـلان بـۆ داڕێـژراوە بـۆ کۆمـەڵێك کـردار[٢٥]. گـۆڕان یـان گواستنەوەی کۆمەڵگا لە شێوازێکی کۆن (نەریتی) بۆ نوێ (مۆدێرن)[٢٦]، تا لەگەڵ ژیانی سەردەم ڕێ بکا هـەروەها باشـکردنی شـێوازی ژیـان و دابینکردنـی مـاف و پێداویستییەکان بـۆ هـەموو ئەنـدامانی کۆمـەڵگا و بـەرەو پێـشەوەبردنی شـێوازی بیرکردنەوەی تاکەکان و بنیادنانی کەسایەتییەکی نوێ، کە توانای گۆڕان و بـەرەو پێـشەوەچوونی هـەبێت کـە ئەمـە لـە مەبەسـتەکانی گەشـەپێدانە، بـەم شـێوەیە ڕاگەیاندن بەشداری لە گەشەپێدان بە شێوازی بیرکردنەوەو پەیوەندییەکان دەکات هـەروەها لـە بنیادنانـەوەی بینـا کۆمەلأیەتییـەکان بـە بـەردەوام، لـە ڕێگـەی گەشەپێدان بە ویست و تواناکانی تاکەکان، کۆمەڵ بە مانایەکی تـر ڕاگەیانـدن بـە یـەکێك لـە بزوێنـەرەکان دادەنرێـت، کـە پاڵنـەرە بـە ئاڕاسـتەی گـۆڕان[٢٧]. و نوێبوونەوە لە بوارەکانی سیاسی و کۆمەلأیەتی و ئابووری و ژینگـەیی و کـارگێڕی کە توخمی هەڵسەنگاندنی هەر کۆمەڵگایەکن، لە هەمان کاتیشدا دەبن بە پێـوەری پێشکەوتنی شارستانی، بۆیـە هـەر کۆمەڵگایـەك کـە لـە هـەوڵی پێـشکەوتندابێت، پێویستە بە وردی لەم بوارانە بکۆڵێتـەوە و ئـەو کـەم و کوریانـە دیـاری بکـات بـە مەبەسـتی گەشـەپێدان تـا لـە قۆنـاغی دواکـەوتوویی بـۆ قۆنـاغێکی مـەدەنی پێشکەوتوو ڕزگاری بێت، هـەروەها تـا بتـوانێ کۆمەڵگایـەکی مـەدەنی بینـا بکـات پێویـستە گرنگیـی بـە دووبـارە بووژاندنـەوەی پەیوەندییـە کۆمەلأیەتییـەکان و سیاسـییەکان و گەشـەپێدان بـە بونیـادی ئـابووری و چـالاکییەکانی و بـوارە

جیاوازەکانی و کەرتەکانی بدات، تاك لە کارو چالاکییە بازرگانییەکانی ئازاد بێت، کەرتی تایبەتیش بەپێی یاسا ئازاد بێت و هەر تاکێك بە پێی کاری خۆی کرێی پێ بدرێت و دادپەروەری کۆمەڵایەتی لەبەرچاو بگیرێت.

لە رۆژگاری ئەمڕۆدا، کە سەردەمی تەکنەلۆجیا و شۆڕشی زانیارییە جیهان بووە بەگوندێك و لە چەند ساتێکی کەمدا زانیاری لە ڕۆژهەڵاتەوە دەگاتە ڕۆژئاوا و بە پێچەوانەوە، هەروەها ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان و تازە پێشکەوتووەکان بەشداری هەموو بوارە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان دەکات بەرێژەی جیاواز. بەشداری کارێکی سەرەکییە لە گەشەپێدانی هەمەلایەنە و گشتگیری کۆمەڵگادا، کە ئامانجی دروستکردنی گۆڕان و پێشکەوتن و نوێبوونەوەو گواستنەوەی کۆمەڵگایە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر، یاخود لە نەریتییەوە بۆ مەدەنیبوون و سەردەمییانە، تەنانەت (د. محمود یوسف) ڕۆڵی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە مەرجێك لە مەرجەکانی گەشەپێدان دادەنێت[٢٨].

(ولبر شرام) گرنگییەکی تایبەتی داوە بە ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە گەشەپێدانی کۆمەڵگا و گرینگییەکەی لە گواستنەوەی کۆمەڵگا و گۆڕان و پێشکەوتن و نوێبوونەوە، لە ڕوانگەی ئەوەوە بە گشتی ئەو پرۆسەیەیە، کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە شێوەیەکی پێویست ئاڕاستە بکرێن کە بگونجێت لەگەڵ ئامانجەکانی گەشەپێدان و بەرژەوەندییە باڵاکانی کۆمەڵگا[٢٩]، ئەویش بەو شێوەی ڕاگەیاندن کار بکات بۆ بڵاوکردنەوەی مەعریفە و هوشیاری گەشەپێدان لەناو هاووڵاتیان بە مەبەستی هاندان و گۆڕینی ئاڕاستەکان و دروستکردنی گیانی بەشداری و هاوکاری لە گەشەپێدان و فراوانکردنی بوارەکانیدا، لێرەدا ڕۆڵی سەرەکی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەردەکەوێت لە بنیادنانی کۆمەڵگایەکی مەدەنیدا[٣٠]. گیانی بەشداری و هاوکاری یەکێکە لە کۆڵەگەکانی کۆمەڵگای مەدەنی کە دواتر خۆی لە کۆمەڵی ڕێکخراوەیی دەبینێتەوە، لەبەر ئەم ڕۆڵەی لە گەشەپێدان هەیەتی بە ڕاگەیاندنی گەشەپێدان ناو دەبرێت، کە بەشێکە لە ڕاگەیاندن بە گشتی. هەر لەبەر ئەم ڕۆڵەی. ڕێکخراوی یونسکۆ باسی دەکات، کە ڕاگەیاندن لە ڕێگەی بەرنامەو بابەتە

جیاوازەکانی بە هۆکارێکی گرنگ دادەنرێت بۆ بەرەوپێشەوە بردنی پرۆسەی گەشەپێدان و سەرخستنی[31].

ڕاگەیاندن لە توانایدایە مێشکی خەڵك بدوێنێ و بیجوولێنێ بە ئامانجی گەشەپێدانی هزر و بیرکردنەوە[32]. و فێرکردنی پسپۆری لە پیشەو پیشەی نوێ و زیادکردنی توانای مرۆڤ لە بەشداری پرۆسەی گەشەپێداندا، هەروەها دروستکردنی قەناعەتی لۆژیکی سەبارەت بە خستنەڕووی زانیاری و پلانەکانی گەشەپێدان و گرنگییەکەی. ئەو زانیارییانەی لە ڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەگوازرێنەوە بە تایبەت ئەوانەی بە بەردەوام بابەت و بەرنامەی هەیە واتە ( بەردەوامی هەیە) ڕۆڵیان هەیە لە دروستکردنی. زانیاری و هەستدانەوە لای جەماوەر و جۆرێك لە وێنەی هزری لەسەر هەڵسوکەوتی مرۆڤ دروست دەکەن کە کاریگەری هەیە [33]. و چونکە وێنەی هزری چۆن دروست بوو لەسەر ئەو بنەمایە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، بۆیە وێنەی هزری بەشێوەیەکی ڕێکوپێك دروست بێت لە سەر گەشەپێدان یان هەر بابەتێکی تر لەسەر ئەم بنەمایە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و قەناعەت دروست دەبێت هەر لەبەر ئەمەشە خاڵی سەرەکی لە پرۆسەی گەشەپێدان بە گشتی خۆی لە گەشەپێدانی مرۆڤ و تواناکانی دەبینێتەوە، چونکە ئامانجی سەرەتایی و کۆتایی گەشەپێدان بۆ خۆشگوزەرانی مرۆڤە هەر مرۆڤیش بزوێنەری گەشەپێدانە، هەروەك (فردریك هاربیسۆن) (دەڵێ پێشکەوتنی هەر کۆمەڵگایەك دەوەستێتە سەر گەشەپێدان بە تواناکانی تاکەکانی بۆ بەدیهێنانی پێشکەوتن لە لایەنی ماددی و ئابووری و سیاسی و کولتووری)[34]. واتە لە گەشەپێدانی گشتگیردا. هەر لەبەر ئەمە پێویستە لە کاتی داڕشتنی هەر پلانێکدا سەرمایەی مرۆیی لەبەرچاو بگیرێت[35]. و بە هۆی ئەو پێشکەوتنە بەرچاوەی لە ئامرازەکانیدا هاتۆتە کایەوە ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێرێت لە گەشەپێدان بە تاکەکان لە ڕێگای ئاگادارکردنەوەو هوشیارکردنەوەی خەڵك و پەروەردەکردنیان و پێگەیاندنیاندا بە شێوازێکی نوێی سەردەمییانە و بنیادنانەوەی کەسایەتییان لە هەموو ڕوویەکەوە و ڕۆشنبیرکردنیان، کە لەگەڵ ژیانی سەردەمییانە بگونجێت و بەشداری کارایان هەبێت لە گەشەپێدانی کۆمەڵگا و ببن بە تاکێکی سەردەمییانە و توانای گۆڕانیان لە نەریتییەوە بۆ مەدەنی لە خودی خۆیان هەبێت و هەموو

کۆسپەکان بشکێنن کە رێگرە لەبەردەم پرۆسەی گەشەپێدانی تاك و کۆمەڵ و بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و بەهێزکردنی تواناکان لە بەرهەمهێنان.

ڕاگەیاندن لە پرۆسەی گەشەپێداندا هاوکاری دەوڵەت دەکات لە داڕشتنی پلانەکانی گەشەپێدان و چۆنێتی جێبەجێکردن و چاودێری و بەدواداچوون و خستنەڕووی کەم و کوریەکانی تەنانەت پلانەکانی گەشەپێدانی دەوڵەتیش پێویستییان بەوەیە، کە ڕاگەیاندن بکەن بە بەشداری سەرەکی. بەڵام گەشەپێدان بۆ مەبەستی هەنگاونان بەرەو ژیانی مەدەنییەت لە کۆمەڵگا تازە پێگەیشتووەکان، لە هەندێ باردا سیستەمی سیاسی دەبێتە بەربەستێك یان هاوکاری ناکات چونکە هەوڵی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی دەدات لە بەرامبەردا کۆمەڵگای مەدەنی بەرژەوەندییەکانی سنووردار دەکات.

بە گشتی ئەو بوارانەی کە لە گەشەپێدان گرنگییان پێدەدرێت تەنانەت لە گەشەپێدانی گشتگیریشدا ئەم لایەنانەن، کە ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە گەیاندنیان بۆ کۆمەڵگا ئەوانیش :

١– **بواری ئابووری**، جەوهەری گەشەپێدان لە بواری ئابووری لەوەدایە کە هێزی بەرهەمهێنان زیاد بکرێت و خۆشگوزەرانی بۆ ئەندامانی کۆمەڵگا بەدی بێت و لە هەمان کاتیشدا ئەندامانی کۆمەڵگا ڕۆڵێکی ڕاستەقینەیان لە بەشداریکردنی ئەم پرۆسەیە هەبێت، پێویستە لەسەر ڕاگەیاندن هەموو داتاکانی پەیوەست بە گەشەپێدان بخاتە بەر دیدی بینەران تا قەناعەتیان بۆ دروست بکات.

کۆمەڵگای مەدەنی کاتێك بونیاد دەبێت کە تاکەکانی کارابن لە ناو کۆمەڵگا لە بەرهەمهێنان و بەشداری لە پرۆسەی گەشەپێدان و خۆ رێکخستن لە سنووری دام و دەزگا ئابووری و پیشەییەکان تا مافەکانی دەستەبەر بێت، ئەرکی ڕاگەیاندن لێرەدا ئەوەیە کە زانیاری پێ ببەخشێت تا ئەم زانیارییە ببێتە پاڵنەر و ئاڕاستەکردنی بە شێوەی کردەیی بۆ دەستەبەرکردنی مافە ئابوورییە مەدەنییەکانی و هەنگاونان بۆ بنیادنانی دام و دەزگاکان و بەرزکردنەوەی

داواکارییەکانی بە شێوەیەکی مەدەنییانە نەوەك هەر لەو چوارچێوە بمێنێتەوە کە ئەم هەوڵانەی ڕاگەیاندن تەنها هەر بۆ زانیاری بێت.

٢- **بــواری کۆمەلایــەتی**، گەشــەپێدان لــە بــواری کۆمەلایــەتی پەیوەســتە بــە گەشــەپێدانی مرۆیــی و سەرچــاوەکانی. کــە خــۆی دەبینێتــەوە لــە نەهێــشتنی نەخوێنــدەواری و بەرزکردنــەوەی ئاســتی خوێنــدن و فێرکردنێکــی مەدەنییانــەی تاکەکان تا چالاکی و بەشداری هەبێت لە دام و دەزگاکانی کۆمــەڵگای مــەدەنی(٣٦) و ڕۆشــنبیرکردنی بــە بــوارە جیاوازەکــان و لایــەنی تەندروســتی و چارەســەرکردنی کێشەی دانیشتوان لە ڕووی زیادبوونی ژمارەوە کە چەندان کێشەی وەك بێ کــاری و نەبوونی شوێن و کێشەی خێزانی و لادانی هــەرزەکاران........هتــد لەگــەڵ خــۆی دەهێنێت.

٣- **بواری سیاسی**، ئەو لایەنانە دەگرێتەوە کە پەیوەستن بە پێشکەوتنی کۆمــەڵگا لە لایەنی سیاسییەوە کــە لــە ســەرەتاوە بــە بەشــداری کــاراوە دەســت پێدەکات چونکە گەشەپێدان بەم بوارە مافی بەشــداری هــەر تاکێك دەســتەبەر دەکــات کــە خۆی لە هاولاتیبووندا دەبینێتەوە لە هەر کۆمەڵگایەك دەستەبەر بــوو مانــای وایــە مافی مەدەنییەتی هەر تاکێك دەستەبەر بووە ڕاگەیاندن ئەم کارە لە توانایدایە لــە ڕێگەی پێگەیاندنی سیاسییەوە ئەم کارە ئەنجام بدات هەروەك (لاسویل) پێی وایە (پێگەیاندنی سیاســی پرۆســەیەکە، کــە لەڕێگەیــەوە ڕۆشــنبیری سیاســی دروســت دەبێت ئــەویش ســیفەتێکی هەیــە کــە پرۆســەیەکی بەردەوامــە بــە درێــژایی ژیــانی مــرۆڤ)(٣٧). کــە کاریگــەری هەیــە لەســەر دروســتکردنی ڕەفتــاری سیاســی و ئاڕاستەکردنی تاك بەرامبەر بە بارودۆخی سیاسی هــەروەها دەبێتــە هانــدەرێك بــۆ بەشداری لە پرۆسە سیاسییەکان و فێربوونی پێوەرەکانی هەڵسوکەوت و ڕەفتار و ڕۆشــنبیری سیاســی و مــەدەنی کــە دەبێتــە هــۆی دروســتبوونی فرەیــی و خزمەتکردنی کۆمەڵگا و مانای وایە گەشەپێدانی سیاسی ئامــانجی خــۆی پێکــاوە. لێرەدا پێویستە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن مینبەرێك بن بۆ دەربڕینی بــیروڕای جیــاواز

لە نێوان خەڵك و دەسەڵاتدا، ئەمانە هەنگاونانی راگەیاندنن بەرەو كۆمەڵگایەكی مەدەنی لە بواری سیاسی و پێگەیاندنی تاكدا.

**باسی سێیەم / ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە بڵاوكردنەوەی كولتووری مەدەنیدا**

كۆتایی سەدەی بیستەم بە قۆناغێكی گرنگیی گۆڕانكاری لە ژیانی مرۆڤایەتی دادەنرێت، بە تایبەت ئەو گۆڕانكارییانەی لە بواری تەكنەلۆجی و زانیاری روویان داوە و بوونەتە هۆی دەركەوتنی هەندێ چەمكی نوێ وەكو جیهانگیری و كۆمەڵگای دوای پیشەسازی و كۆمەڵگای زانیاری، ئاشكراشە كە ئەمانە لە جیهانی ئەمڕۆ كە جیهانێكی نوێیە تێكەڵاوییەكی تەواویان دروست كردووە لە نێوان كولتوورە جیاوازەكان گۆڕانكاری تیایدا كارێكی بەڵگە نەویستە.

كۆمەڵگاكان بە گشتی كولتووری جیاوازیان هەیە، كە پێك دێت لە لایەنی ماددی و مەعنەوی ئەگەر چی هەندێ توخمی لەیەكتر نزیكیشیان هەیە، بەهاكان لە لایەنی مەعنەوین و گرنگیی خۆیان هەیە لە ژیانی تاك و كۆمەڵ و ڕەفتارەكان ئاڕاستە دەكەن و بە چوارچێوەیەكیش بۆی دادەنرێن هەروەها لایەنی مەعنەوی كەسایەتی مرۆڤ دروست دەكات، هەموو كۆمەڵە و گرووپ و دەستەیەك لە ناو هەر كۆمەڵگایەكدا بەها و پێوەری خۆیان هەیە، كە تاكەكانی بە گوێرەی پەروەردە ئاڕاستە دەكرێن. لەبەر ئەم گرنگییەی كولتوور ئەركی خۆی هەیە لە بەرهەمهێنانی بیرو چەمكەكان و بۆتە ئامرازێكی سەرەكی بۆ شێوازی ژیان بە پێی پێویستی بنەما جیاوازەكان، ئەمەش وا دەكات كۆمەڵگا لە جولەدا بێت بە پێی كولتوورەكەی، نەوەك لە دۆخێكی وەستاو كولتووری مەدەنییەتیش خۆی لە كۆمەڵێك چەمك و بەها دەبینێتەوە وەك:. دیموكراسی و ئازادی و راستگۆیی و دەستپاكی و رێزگرتن لە كات و ئەدەب و هونەر و دادوەری كۆمەڵایەتی و مافەكانی مرۆڤ و پراكتیزەكردنی زانستگەری لە بواری بەرهەمهێناندا...هتد[٣٨].

لە ئەنجامی داهێنانی تەكنەلۆژیاو گۆڕانی زۆر لە بوارەكانی شێوازی ژیان كە زۆر لە كۆمەڵگا پێشكەوتوو و تازە پێشكەوتووەكانی گرتۆتەوە ئەو كۆمەڵگایانەی، كە لە پلەیەكی بەرزی شارستانییەتی و مەدەنیدان، توانایان زیاترە و ئامادەیی گۆڕانیان هەیە بەپێی پێویستی سەردەم بە پێچەوانەی

کۆمەڵگا نەریتییەکان یان تازە پێشکەوتووەکان کە گۆڕین لایان کارێکی ئاسان نییە بە تایبەت گۆڕینی بەهاکان .

بەها کۆمەڵایەتییەکان بریتییە لە ئامرازێکی گرنگ بۆ کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی، بە مانا وردەکەی ڕێکخەری ڕەفتارن کە کۆنترۆڵی ڕەفتاری تاك دەکەن و لە ناو چوارچێوەیەکی دیاریکراو دای دەڕێژن کە کۆمەڵ پەسندیان بکات و بەرزیان بنرخێنی[٣٩]. بەشێکی گرنگیشە لە توخمەکانی بونیادی کۆمەڵایەتی و بەشی سەرەکی لایەنی مەعنەوییە هەروەك ئاشکرایە کە پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا ڕۆڵی هەبوو لە تێکەڵبوونی کولتوورەکان بە تایبەت پێشکەوتنی لە بواری مانگە دەستکردەکان و دروستبوونی کەناڵە ئاسمانییەکان کە کاریگەری هەبوو لە تێکەڵبوون و کرانەوەی کولتوورەکان بەڕووی یەکتر و گواستنەوەی داب و نەریت و بەهاکان، دواتر دروستکردنی گۆڕان کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن زۆرترین کاریگەرییان هەیە تیایدا و بەشێکن لەم پێشکەوتنە لە ناو هەر کۆمەڵگایەکدا چەندین ئەرك و ڕۆڵیان هەیە.

نکۆڵی لە ڕۆڵی ڕاگەیاندن ناکرێت لە گۆڕینی بەهاکان، چونکە ڕاگەیاندن بەشێوەی ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ تاك و کۆمەڵگا دەکات، ئەمەش بەو شێوەیە دەبێت کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن گرنگیی بەو بەهاو ڕەفتارانە بدەن کە لەگەڵ ژیانی سەردەم بگونجێت، بەم شێوەیە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە توخمێکی گرنگیی ولاتە سەردەمییەکان دادەنرێت، لە هەمان کاتیشدا ئامرازێکە، کە کۆمەڵگا نەریتییەکان لە ڕێگەیەوە دەگۆڕێن بۆ مۆدێرن و پێشکەوتوو[٤٠].

هەموو ئەم کارانەش بەشێوەك دەبێت کە ڕاگەیاندن بە شێوەیەك کاربکات بەردەوامی و دووبارەکردنەوەی بابەتەکان بەڕێگای جیاواز لە بەرنامەیدا بێت هەروەك (هملوایت) جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە (ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە توانایاندایە بەها و ڕەفتاری تاك بگۆڕن ئەویش لە ڕێگەی چەند جار دووبارەکردنەوەی ئەو بەرنامەو پرۆگرامانەی کە بە شێوەی مەبەستدار لەسەر بابەتێك دەکرێن)[٤١].

بۆ بنیادنانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵی گرنگیان هەیە لە پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی بە هەردوو لایەنی ماددی و مەعنەوییەوە تا

تاك و كۆمەڵگا لە قۆناغی دواكەوتوویی بگوازنەوە بۆ قۆناغێكی دیكە، تا مانای ئەرك و ماف و ئازادی بزانێت و كۆمەڵگایەك بونیاد بنێت ئەو بەهایانەی تێدا بەرجەستە بێت كە ژیانی بە هەموو مانایەكەوە پارێزراو بێت بۆیە ئەو بەهایانەی كە كۆمەڵگای مەدەنی لەسەر بونیاد دەنرێت. لە چالاكییە ئامانجدارەكانی ئامرازەكانی ڕاگەیاندنە بۆ بنیادنانی كۆمەڵگایەكی مەدەنی شارستانی، كە بتوانرێ تیایدا پراكتیزەی بیر و بەها شارستانییەكان بكرێت كە مۆركێكی مرۆڤایەتییان هەیە(٤٢).

پێویستە لەسەر ئامرازەكانی ڕاگەیاندن كار بكەن لە پێناو لە بلاْوكردنەوەی بەها مەدەنییەكانی كە لە پێشەوە باس كران بلاْوكردنەوەی كولتوور و بەها مەدەنییەكان لە چوارچێوەی دام و دەزگاكانی كۆمەڵگا بە ئامانجی ئەوەی ببێتە بەشێك لە ڕەفتاری تاكەكان لە كاری ڕاگەیاندن، ڕاگەیاندنی كوردی بە شێوەیەكی ڕێژەیی بەشداری هەبووە لەم كارەدا ئەویش لە ڕێگەی ئاگاداركردنەوەی تاكی كوردی بەو بەهایانەی كە نەرێنین و لە ناخیاندا ڕۆچووە لە پێناو گۆڕینیان و چاندنی چەمكی سەردەمییانە لە شوێنی ئەو بەها نەرێنییانەدا، هەروەها ڕەخساندنی كەشێكی دیموكراسی بەرەو پارێزگاری لە مافەكانی مرۆڤ و ئازادییەكانی، هەوڵی بلاْوكردنەوەی بابەتەكانی كۆمەڵگای مەدەنی داوە و كاری كردووە بۆ ڕووماڵكردنی چالاكییەكانی و بلاْوكردنەوەیان تا ئەم كۆمەڵگایە زیاتر بە تاكەكانی كۆمەڵگا ئاشنا بكات و زانیارییان هەبێت لە بارەی و ببێتە پاڵنەرێكیش بۆ بەشدارییان لە دام و دەزگاكانیدا.

بۆ بنیادنانی كۆمەڵگای مەدەنی لە كۆمەڵگای كوردیدا بە گشتی پێویستە لە سەرەتاوە گرینگی بدرێت بە گۆڕینی ڕەفتار و بەهاكان، چونكە لایەنە نەرێنییەكان نەك هەر دەبنە ڕێگر لە بەردەم بنیادنانی ئەم كۆمەڵگایە بەڵكو دەبنە كۆسپ لە بەردەم گەشە و پێشكەوتنی كۆمەڵگا بە گشتی، لەبەر ئەمە بۆ هەر پرۆسەیەكی گۆڕان و پێشكەوتنی كۆمەڵگا پێویستە كار لەسەر چاككردنی یان گۆڕینی ئەو بەها نەرێنییانەدا بكرێت. گرنگیی ڕاگەیاندن لێرەدا لەوەدایە كە بەرنامە و بابەتی هەمەجۆر پێشكەش بكات لە بوارەكانی سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئابووری و ژینگەیی و كولتووری بۆ هەموو چینەكانی تەمەن لە منداڵ و گەنجان و

ئافرەتان ....هتد کە لەڕێگەی ئەم بەرنامە و پرۆگرامانەوە بتوانرێت کاریگەری لەسەر بەهاکان و ڕەفتارەکان تەنانەت لەسەر کولتووریش بکرێت تا بتوانرێت لە میانەیدا گۆڕانکاری بکرێت لەو مەعریفە و زانیارییەی کە تاکەکان هەیانە لە سەر کولتووری کۆن و دروستکردنەوەی مەعریفەیەکی نوێ و سەردەمییانە کە یاریدەدەر و زەمینە خۆشکەر بێت بۆ دروستکردنی بەها مەدەنییەکان و پراکتیزە کردنیان لە ڕەفتاری مەدەنییانەی تاکەکان لە ژیانیاندا بە شێوەیەك کە یارمەتیدەر بێت بۆ پرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵگا لە هەموو ڕوویەکەوە تا لە ڕێی ئەم گەشەپێدانەوە بتوانرێت کۆمەڵگایەکی مەدەنی بونیاد بنرێت .

**باسی چوارەم/ ڕاگەیاندن و دروستکردنی ڕای گشتی**

دروستبوونی شارە گەورەکان و شۆڕشی پیشەسازی و پراکتیزەکردنی دیموکراسی و گرنگیدان بە مافی چین و توێژەکان و کێشەکانی ئافرەتان و جەنگەکان، ئەمانە بابەتگەلێگ بوون بۆ دروستبوونی ڕای گشتی لە جیهاندا، هەرچەندە ڕای گشتی بابەتێکی نوێ نییە، هەر لە کۆنەوە زانایان باسیان لێوە کردووە و بوونی هەبووە.

ئینسکلۆپیدیای نێودەوڵەتی بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان ڕای گشتی وا دەناسێنێت ( ڕای گشتی کۆمەڵێك لە بیرو ڕای خەڵکە دەربارەی بابەتێك کە جێگای بایەخدانی کۆمەڵە، یان کۆمەڵێك بیروڕایە دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو کە کار دەکاتە سەر هەڵسوکەوتی لە سەر دروستکردنی سیاسەتدا)[٤٣]. یان ( بیرۆکەیەکی باوە لە نێوان کۆمەڵانی خەڵك کە بەرژەوەندی پێکەوە گرێیان دەدات ( کۆیان دەکاتەوە ) دەربارەی دۆزێك لە دۆزە گشتییەکان کە سەرنجیان رادەکێشی یان پەیوەستە بە بەرژەوەندی هاوبەشەکانی نێوانیان)[٤٤].

ڕای گشتی هەروەك لە پێناسەکان دیارە، کە هەردەم پەیوەستە بە بابەت و بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگا بۆیە ئەوەی پێی هەڵدەستێت ئەندامانی کۆمەڵگان کاتێ کۆمەڵێك لەم ئەندامانە یان گرووپێك یەك ڕا و بۆچوونیان هەیە دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو، کە جێگەی سەرنج و تێبینییان بێت یان درککردنیان بە بابەتێك یان کێشەیەك کە پەیوەندییەکی تەواوی بە ژیانی خەڵك و بەرژەوەندییە

گشتییەکانی کۆمەڵگاوە هەبێت و لە ڕێگەی گفتوگۆو دیالۆگەوە ئەم ڕایە دروست دەبێت یاخود بیرۆکەیەکە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا بڵاو دەبێتەوە کە بەرژەوەندی هاوبەشیان لەم بیرۆکەیەدا هەیە و دەبێتە هۆی کۆکردنەوەیان، واتە ڕای گشتی گوزارشت لە بۆچوونی جەماوەرە بەرامبەر بە کێشەیەکی دیاریکراو کە تاکەکانی گۆمەڵگا بەشێکی، هەمووی، گرووپێك، چین و توێژێك یان ئەوانەی لە ئاستێکی بەرزی ڕۆشنبیریدان و زوو درك بە بابەتە هەستیارەکان دەکەن بەشداری تێدا دەکەن و هەوڵی وروژاندنی دەدەن لەڕێگای کەناڵە جیاوازەکانەوە و هۆکارە کۆمەڵایەتی و دەروونی و شارستانی و ڕۆشنبیری و ژینگەیی لە پێشینە مێژووییەکانن ڕۆڵیان لە دروستکردنیدا هەیە [٤٥].

بوونی ڕای گشتی لە هەر کۆمەڵگایەکدا ئاماژەیە بۆ بوونی زەمینەیەکی لەبار بۆ سەرهەڵدانی کۆمەڵگای مەدەنی چونکە ڕای گشتی بەشێکی گرنگە لە ژیانی مەدەنیدا، کاتێك تاکەکان بە ئازادی بیر و ڕای خۆیان دەربڕن بێ بوونی سانسۆر ئەوا ئاماژەیە بۆ بوونی دیموکراسی، دروستبوونی کۆمەڵگای مەدەنیش پەیوەستە بە بوونی دیموکراسی چونکە کۆمەڵگای مەدەنی لە ژێر ئالآی دیموکراسی دروست دەبێت . تەنانەت لە دیدی (گرامشی) ڕای گشتی خۆی لە خۆیدا کۆمەڵگای مەدەنییە، چونکە سەرهەڵدان و پەرەسەندنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن هاوکاتە لەگەڵ سەرەتاکانی دروستبوونی کۆمەڵگای مەدەنی[٤٦]. کاتێك ئامرازەکانی ڕاگەیاندن پەرەیان سەند و توانایان زیادی کرد لە کاریگەری و نەهێشتنی ترس لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگا دروستکردنی قەناعەت بۆیان و بوونە پاڵنەر بەرەو داواکانیان لە مافە مەدەنی و یاسایی و دەستوورییەکانیان لە ڕێگای دیالۆگ و ڕێککەوتن لە نێوان تاکەکان و چین و توێژو گرووپەکانی کۆمەڵگادا، کاتێك ئەمانە خۆیان ڕێکخست لە کۆمەڵە و ڕێکخراو و سەندیکا و یەکێتییەکاندا هەر لە ڕێکخستنەکەیاندا سەرەتایەکە بۆ بونیادنانی کۆمەڵگای مەدەنی دواتر هاتنە بواری کردەیان بۆ دروستکردنی ڕای گشتی قۆناغێکی پێشکەوتووی بونیادنانی ئەم کۆمەڵگایەیە.

لێرەدا ئەوەی گرنگە باس بکرێت ڕاگەیاندنە بە گشت ئامرازە جیاوازەکانی، کە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە دروستکردنی ڕای گشتی و گەیاندنی بیروڕا

جیاوازەکان سەبارەت بە بابەتە جیاوازەکان لە ڕێگەی گواستنەوەو گەیاندنی زانیاری و بابەت و ڕووداوە جیاوازەکان بۆ تاکەکانی کۆمەڵگاو ڕاکێشانی سەرنجیان و دروستکردنی کاریگەری لەسەر ڕەفتار و ئاڕاستەکانیان ئەویش بە پێدانی زانیاری پێویست و کۆمەڵێك توخمی سەرەکی بە تاکەکان بۆ بیرکردنەوەو رامان[٤٧]. تا بیانجوولێنێت بۆ دروستکردنی ڕای گشتی لەسەر بابەتێك یان ڕووداوێك کە جێگای گرنگیی پێدانیان بێت بە شێوەیەکی هاوبەشی، بۆیە ڕاگەیاندن بە دروستکەری ڕای گشتی دادەنرێت کە هەموو بەربەستەکان دەبڕێت و چەکێکە بە دەستی کۆمەڵگاوە بۆ پاراستنی[٤٨]. خۆی و مافی ئەندامانی لە گشت بوارەکان.

لە هەرێمی کوردستان دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ و هەڵبژاردنی پەرلەمان دامەزراندنی حکومەت دەرچوونی یاساکان کە یەکێك لەم یاسانە یاسای چاپەمەنی ژمارە ١٠ ساڵی ١٩٩٣ بوو دواتر لە ساڵی ٢٠٠٨ دا هەموار کرایەوە بۆ ئازادی زیاتر ئەمانە هاندەرێك بوون بۆ دەرکەوتنی ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆژنامە و گۆڤاری حیزبی و ئەهلی، تەنانەت زۆر لە چین و توێژەکانیش بوونەتە خاوەنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کە زمانحاڵیانە. ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە پێی ئەو ئایدیاو بەرنامەیەی کاری پێ دەکەن ڕۆڵیان گێڕاوە لە گەیاندنی بابەتەکان بۆ جەماوەر بە مەبەستی هەنگاونان بەرەو دروستکردنی ڕای گشتی، بەلام شایانی باسە تا ئێستا ڕای گشتی لە کوردستاندا زیاتر پارتە سیاسییەکان ڕۆڵیان هەیە لە دروستکردنی لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکانیانەوە، بەلام خۆپیشاندانەکانی هاوینی (٢٠٠٥) ی کفری و چەمچەماڵ و سلێمانی بە هۆی نەبوونی سووتەمەنی و گرانی بازاڕ و گەندەڵی قۆناغێکی نوێ بوو بۆ ڕای گشتی لە کوردستان، کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ هاتنە پێشەوەی نەوەیەکی نوێی هوشیار، کە باوەڕی بە دیموکراسی هەیە و هەوڵی پراکتیزەکردنی دەدەن بە ڕێگای جیاواز، هەروەها پارتە سیاسییەکان لە ڕێگای ڕاگەیاندنەوە ڕۆڵێکی گرنگیان گێڕا لە هاندانی خەڵکی کوردستان لە بەشدارییان لە هەڵبژاردنەکانی عێراق و پاراستنی سەنگی کورد لە پەرلەمان و حکومەتی عیراقی نوێدا. هەروەها ئەو ڕا گشتییەی لە کوردستان دروست کرا بەرامبەر هاتنی سوپای تورکیا بۆ ناو خاکی هەرێم، کە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردی تێیدا

بەشدار بوون و ڕایەکی گشتی نەتەوەیی سەری هەڵدا، لێرەوە دەردەکەوێ، کە دام و دەزگاکانی ڕاگەیاندن گرنگترین کەناڵی دروستکردنی ڕای گشتین لە کوردستان، چونکە هەموو پەیامەکانی دروستبوونی ڕای گشتی لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە بڵاو دەکرێنەوە. لەدوای هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٩ و دروستبوونی ئۆپۆزسیۆن ئاڕاستەی دروستبوونی ڕای گشتی لە کوردستان بەرەو پێشەوە چوونی بەخۆیەوە بینی و توانی بێتە بواری پراکتیکی، بەڵام بە جیاوازی لە ڕووی کات و شوێنەوە ئەویش لەبەر کۆمەڵێك هۆکاری مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سایکۆلۆجییەوە.

# بەشی سێیەم
# میتۆدی توێژینەوە و ڕێکارە مەیدانییەکان

بێ گومان هەر توێژینەوەیەکی زانستی پێویستی بە چەند میتۆدو ڕێکار هەیە، کە یارمەتی توێژەر دەدەن بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە بەشێوەیەکی زانستی. ئەوەی لەم بەشەدا گرنگە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژنەوە ئەوەیە کە توێژەر پابەند بێت بەم میتۆد و ڕێکارانە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە، لەبەر ئەمە توێژەر پشتی بەستووە بە بەکارهێنانی چەند میتۆد و ڕێکارێك لەم توێژینەوەیە هەروەك چۆن لە توێژینەوە زانستییەکانی تر پشتی پێ دەبەسترێت.

**باسی یەکەم / میتۆدی توێژینەوە ( منهجیة البحث )**

میتۆد بریتییە لە کۆمەڵێك ڕێسای گشتی بۆ گەیشتن بە ڕاستی زانستی و دەرەنجامە دیاریکراوەکانی توێژینەوە[٤٩]. یاخود ڕێساگەلێکی گشتین، کە توێژەر بۆ ڕێکخستنی بیرو بۆچوون و زانیارییەکانی پشتیان پێدەبەستێ، لە پێناو گەیشتن بە ئەنجامی ویستراو[٥٠]. میتۆد پێویستییەکی سەرەکییە، کە دەبێت بەکار بێت لە هەر توێژینەوەیەکی زانستی و توێژەر بە شێوەیەکی زانستییانە بەکاریان بێنێت بە پێی پێویستی توێژینەوەکەی بۆ شیکردنەوەو راڤەکردنی بابەتەکە و گەیشتن بە دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە.

سروشتی توێژینەوەش ڕۆڵی هەیە لە چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو میتۆدانەی کە پێویستن بەکاربێن لەبەر ئەوە بە لەبەرچاوگرتنی سروشتی ئەم توێژینەوەیە (ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە بنیادنانی کۆمەڵگای مەدەنی– توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری هەولێر) توێژەر چەند میتۆدێکی بەکارهێناوە وەك (میتۆدی مێژوویی و میتۆدی بەراوردکاری و میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی).

**باسی دووەم / ڕێکارە مەیدانییەکان (الاجراءات المیدانیة)**

مەبەست لە ڕێکارە مەیدانییەکان ئەو ڕێوشوێنانەیە، کە توێـژەر پـشتی پـێ دەبەستێ لە چۆنیەتی هەڵبژاردن و دەستنیـشانکردنی نموونـە و جـۆر و قـەبارەی توێژینەوە و بوارەکانی، هەروەها ئەو ئامرازە ئاماری و یاسـاییانەی بـەکارهاتوون بۆیە لێرەدا توێژەر هەوڵی ڕوونکردنەوەی هەر یەکێکیان بە جیا دەخاتە ڕوو.

**١- کۆمەڵگای توێژینەوە**

**أ- دیاریکردنی کۆمەڵگای توێژینەوە**

کۆمەڵگای توێژینەوە واتا ئەو کۆمەڵگایەی دەکەوێتە ناو سنووری توێژینـەوە و گرنگیـی تایبـەتی خـۆی هەیـە لـە هـەر توێژینەوەیەکـدا و چـۆنیەتی و جـۆری توێژینەوەکە کۆمەڵگای توێژینەوە دیاری دەکەن.

ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە بنیادنانی کۆمەڵگای مەدەنی توێژینەوەیەکی مەیدانییـە لـە شاری هەولێر، بۆیە کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیە شاری هەولێرە بە تایبەت ئەوانەی خوێندەوارن بەڵام بڕوانامەیان نییە و ئەوانەشی هـەڵگری بڕوانامـەن لـە بڕوانامـەی سەرەتاییەوە تا خوێندنی باڵا .

**ب- دیاریکردنی نموونەی توێژینەوە**

نموونـــەی توێژینـــەوە بەشـــێکە لـــە کۆمـــەڵگای توێژینـــەوە، نوێنەرایـــەتی کۆمـەڵگای توێژینـەوە دەکـات هـەموو ئـەو سـیفەتانەی تێدایـە کـە لـە کۆمـەڵگا سەرەکییەکە بوونی هەیە، توێژەر بە چـەند ڕێگایـەکی جیـاواز لـە کۆمـەڵگا وەری دەگرێ، پێویستە ئەو نموونەیە نوێنەرایەتی کۆمـەڵگای توێژینـەوە بکـات[٥١]. لـەم توێژینەوەیـەدا نموونـەی مەبەسـتداری پـشکی بـەکار هـاتووە (العینـة القـصدیة الحصصیة).

**ج- دیاریکردنی قەبارەی نموونەی توێژینەوە**

قـــەبارەی نموونـــە یـــەکێك لـــە پێویـــستییە ســـەرەکییەکانی ئەنجامـــدانی توێژینـــەوەی مەیدانییـــە، بۆیـــە بـــەردەوام کێـــشەیەکە کـــە ڕووبـــەڕووی توێـــژەر

دەبێتەوە، لەبەر ئەمە لەسەر توێژەر پێویستە قەبارەیەك وەربگرێت، کە نوێنەرایەتی خەسڵەتەکانی کۆمەڵگای توێژینەوە بکات. گونجاوترین قەبارەی نموونە ئەوەیە، کە ژمارەی لە نێوان (٣٠–٥٠٠) تاك بێت بۆ هەموو جۆرەکانی توێژینەوە[٥٢]. لەم توێژینەوەیەدا (٣٠٠) تاك بە نموونە وەرگیراون هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد، نموونەکە مەبەستداری پشکییە. لە خشتەی ژمارە ( ١) خراوەتە ڕوو.

**خشتەی (١)**

**خستنەڕووی چۆنیەتی وەرگرتنی نموونەی توێژینەوە**

| ڕەگەز / خوێندن | نێر | مێ | کۆ | ڕێژەی٪ |
|---|---|---|---|---|
| خوێندەوار | ٢٩ | ٢١ | ٥٠ | ٪١٦,٧ |
| سەرەتایی | ٢٨ | ٢٢ | ٥٠ | ٪١٦,٧ |
| ناوەندی | ٢٨ | ٢٢ | ٥٠ | ٪١٦,٧ |
| ئامادەیی | ٣٠ | ٢٠ | ٥٠ | ٪١٦,٧ |
| پەیمانگە | ٢٣ | ١٧ | ٤٠ | ٪١٣,٣ |
| کۆلیژ | ٢٣ | ١٧ | ٤٠ | ٪١٣,٣ |
| خ. باڵا | ١٢ | ٨ | ٢٠ | ٪٦,٧ |
| **کۆی گشتی** | **١٧٣** | **١٢٧** | **٣٠٠** | **٪١٠٠** |

لەم خشتەیەی سەرەوەدا ڕێژەی ئەوانەی تەنها خوێندەوارن ١٦,٧٪ ی نموونەی توێژینەوەن بە هەمان قەبارەش بۆ هەر یەك لە دەرچووانی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی، هەروەها دەرچووانی پەیمانگەو کۆلیژیش هەریەکەیان ١٣,٣٪ ی نموونەی توێژینەوەن و هەڵگرانی بڕوانامەی خوێندنی باڵاش ٦,٧٪ی نموونەی توێژینەوەکەن.

لەبەر ئەوەی بابەتەکە پێویستی بەوەیە، کە کەسانێك بن تەمەنیان هەبێت تا لە لایەنی عەقڵییەوە تەواو پێگەیشتوو بن، بۆیە ئەوانەی وەکو نموونە وەرگیراون لە تەمەنی (٢٤)ساڵی بەسەرەوەن، بۆیەش ئەم تەمەنەمان دانا، چونکە تاك لەو

تەمەنــە چــەند هۆکارێــك هــەن یارمەتیــدەرن تــا بەتــەواوی لــەو تەمەنــە پێبگــات گرنگترینیان تەکنەلۆجیایە*.

**٢- دیاریکردنی بوارەکانی توێژینەوە**

**أ- بواری مرۆیی**

ئــەم توێژینەوەیــە بــە شــێوەی مەبەســتدار ئــەنجام دراوە لەســەر ئەوانــەی کــە خوێنــدەوارن و ئەوانــەی بڕوانامــەی ســەرەتاییيان هەیــە تــا هــەڵگرانی بڕوانامــەی خوێندنی باڵا و تەمەنیان لە نێوان (٢٤–٧٢) دایە.

**ب- بواری کاتی**

ئەو ماوەیەی کە کاری مەیدانی ئەم توێژینەوەی تێدا ئەنجام دراوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٠/١١/١٥ دەست پێ دەکات تا ٢٠١١/٣/١٢.

**ج- بواری شوێنی**

ئەو توێژینەوەیە لە ڕووی شوێنەوە لە شاری هەولێر لەسەر (٣٠٠) تاك لە هەردوو ڕەگەزی نێرو مێ ئەنجام دراوە.

**٣- ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری**

لــەم توێژینەوەیــەدا بــۆ دەســتکەوتنی زانیارییــە گــشتییەکانی نموونــەی لێکۆڵینەوە دەربارەی ( ڕەگەز، تەمــەن، ئاســتی خوێنــدن، بــاری ئــابووری، بــاری کۆمەڵایەتی، خوێندنەوەی ڕۆژنامە، کاتەکانی گوێگرتن لە ڕادیۆ و سەیرکردنی تــی ڤی و بەکارهێنانی ئینتەرنێت، بایەخدان بە جۆری ڕاگەیاندن و گرنگیدان بە بابەتە جیاوازەکان ) توێژەر ئەنکێتی ڕاپرسی ڕێکخستووە و چەند بڕگەیەکی داناوە.

**٤- ئامرازە ئامارییە بەکارهێنراوەکان**

ئەو ئامرازە ئامارییانەی لــەم توێژینەوەیــە بــەکار هــاتوون بریتییــە لــە Social Statistical Package Of Social Science (spss) بە گشتی بۆ هەموو کردارییە ئامارییەکان لە شیکردنەوەکاندا. بەکارهێنانی ڕێژەی سەدی و هەریەك لە ناوەندی ژمێــری و گریمانــەیی و شــێوەو لادانــی پێــوەری و پەیوەســتی و تــی و ئــەنۆڤا و سبیرمان براون و جیاوازی بەم شێوەی، کە لە خوارەوە یاساکانیان خراوەتە ڕوو:

١- ڕێژەی سەد  (بەش / گشت) × ١٠٠

٢- ناوەندی ژمێرەیی:  س = مجـ س / ن [٥٣]

٣- ناوەندی گریمانەکراو  (نزمترین نمرە + بەرزترین نمرە) / ٢

٤- هەڵەی پێوەریی:  ع س = ع / √ن [٥٤]

٣- لادانی پێوەریی:  ع = √(مجـ (ح٢ك) / مجـ ك) [٥٥]

٤- هاوکێشەی پەیوەستی سبیرمان براون:  ر = ١ - (٦ × مجـ ف٢) / (ن (ن٢ - ١)) [٥٦]

٥- هاوکێشەی (ت) بۆ یەک نموونە:  ت = (سع - سم) / (ع / √نع) [٥٧]

٦- هاوکێشەی (ت)ی بۆ دوو نموونەی قەبارە جیاواز:  ت = (م١ - م٢) / √( ((ن١ ع١)٢ + (ن٢ ع٢)٢) / (ن١ + ن٢ - ٢) × (١/ن١ + ١/ن٢) ) [٥٨]

٧- جیاوازی  (ع)٢ = ١/ن (ن١ ع١٢ + ن٢ ع٢٢ + ن١ ف١٢ + ن٢ ف٢٢ ......هتد [٥٩]

## بەشی چوارەم
## زانیارییەکانی تایبەت بە بابەتی توێژینەوە

توێژینـەوە مەیدانییـەکان بـۆ کۆکردنـەوەی زانیـاری نموونەیـەکی دیـاریکراو هەڵدەبـژێرن بـۆ کۆکردنـەوەی زانیـاری لـە بـارەی بابـەتی توێژینـەوە، کۆمـەڵێك زانیـاری هەیـە دەربـارەی گۆڕاوەکـانی نموونـەی توێژینـەوە، کـە ئـەم زانیارییانـە دەربارەی ڕەگەز و تەمەن و باری کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئاستی خوێنـدەواری و چۆنیەتی کاریگەربوون و چاودێری بۆ هەر یەك لە ئامرازەکانی ڕاگەیانـدن و جـۆرو بابەتە جیاوازەکانی، ئەمانە بە گشتی ڕۆڵیان هەیە لە سـەر کۆکردنـەوەی زانیـاری تایبەت بە بابەتی توێژینەوە، هەروەها بە پێی هـەر یـەك لـەم گۆڕاوانـە کاریگـەری هەیە لەسەر ئەو زانیارییانەی کە لە لایەنی مەیدانی بە دەست دەهێنرێت .

لـەم بەشـەی ئـەم توێژینەوەیـەدا توێـژەر هـەوڵ دەدات زانیـاری دەربـارەی خەسـڵەتە گـشتییەکانی نموونــەی ئــەم توێژینــەوە بخاتــە ڕوو، هــەروەها ئــەو زانیارییانەی لە ڕێگـەی پێـوەری توێژینـەوە کـە لەلایـەن نموونـەی توێژینـەوە بـە دەسـت هـاتوون بخرێنـە ڕوو، شـیکردنەوەو ڕاڤـەکردنیان بـۆ بکرێـت و ئـامرازە ئامارییە پێویستییەکانیان بە سەردا پراکتیزە بکرێت.

### باسی یەکەم / *خستنەڕووی زانیارییە گشتییەکانی نموونەی توێژینەوە*

زانیارییە گشتییەکانی نموونەی ئەم توێژینەوەیە پێك دێت لە هەریەك لە :

**١- ڕەگەز**

گۆڕاوی ڕەگەز کاریگەرە بە هەموو ئەوانەی لە دەوروبـەری دان و ڕۆژانـە لـە پەیوەندی و کارلێکدایـە لەگـەڵیان، بۆیـە ئـەم گـۆڕاوە گرنگیـی تایبـەتی هەیـە لـە توێژینەوەکاندا، ئـەم گـۆڕاوە کاریگـەری هەیـە لـە سـەر ئـەو زانیارییانـەی کـە بـە دەست دەهێنرێن، چونکە هەر تاکێك بەپێی ڕەگەزەکەی بیر دەکاتەوە لێدانـەوەی بۆ دیاردەکان بەو شێوەی لەگەڵ ڕەگەزەکەی دەگونجێت، بۆیـە پێویـستە لەسـەر توێژەر لە کاتی ئەنجامدانی توێژینەوەدا هەردوو ڕەگەزی نێـرو مـێ وەربگرێـت بـۆ بەدەستهێنانی جیاوازی لە زانیارییەکان و جیاوازی ئەنجامەکان.

لە خشتەی ژمارە (٢) لە خوارەوەدا ڕوون کراوەتەوە، کە ڕەگەزی نێر (١٧٣) یەکەی نموونەی لێکۆڵینەوەن لە کۆی (٣٠٠) بە ڕێژەی (٥٧,٧٪) لە بەرامبەردا ڕەگەزی مێ (١٢٧) نموونەی لیکۆڵینەوە پێکدێنن لە کۆی (٣٠٠) یەکەی نموونەی لێکۆڵینەوە کە دەکاتە ڕێژەی (٤٢,٣٪). لە کۆمەڵگای توێژینەوەدا زیاتر ڕەگەزی نێر خوێندەوارن، بۆیە ژمارەیەکی زیاتر ڕەگەزی نێر لە بەرامبەر ڕەگەزی مێینەدا وەرگیراون.

**خشتەی (٢)**

**ڕەگەزی نموونەی توێژینەوە ڕوون دەکاتەوە**

| ڕەگەز | ژمارە | ڕێژەی سەدی % |
|---|---|---|
| نێر | ١٧٣ | ٥٧,٧ |
| مێ | ١٢٧ | ٤٢,٣ |
| **کۆی گشتی** | **٣٠٠** | **١٠٠ %** |

### ٢- تەمەن

وەرگرتنی تەمەنی جیاواز بۆ هەر توێژینەوەیەك، توێژینەوەکە دەوڵەمەند دەکات، چونکە بیروڕای جیاواز لەسەر زانیارییەکان ڕەنگدانەوەی دەبێت، ئەویش لە ئەنجامی ئەزموونی ژیان لە لایەن تاکەکانی نموونەی لێکۆڵینەوە، بە گشتی تەمەن پەیوەندییەکی توندوتۆڵی هەیە بە زانیاری مرۆڤ . بۆ ئەم توێژینەوەیە لە تەمەنی (٢٤)ساڵی بۆ سەرەوە وەرگیراوە لەبەر ئەوەی لەم تەمەنە مرۆڤ بە تەواوی لە ڕووی عەقڵی و جەستەییەوە پێ دەگات و توانای هەڵسەنگاندنی هەیە.

لە خشتەی ژمارە (٣) دا ڕوون کراوەتەوە ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان (٢٤-٣٠) ساڵیدایە بە ڕێژەی (٢٤,٣٪)، ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان (٣١-٣٧) ساڵیدایە ڕێژەی (٢٢,٤٪) ی نموونەکە پێکدێنن، ئەوانەی لە نێوان (٣٨-٤٤) ساڵیدایە ڕێژەی (٢٠٪) پێکدێنن، ئەوانەی لە نێوان (٤٥-٥١) ساڵیدایە ڕێژەی (١٣,٣٪) پێکدێنن، ئەوانەی لە نێوان (٥٢-٥٨) ساڵیدایە ڕێژەی (١٣٪) پێکدەهێنن، ئەوانەی لە نێوان (٥٩-٦٥) ساڵیدایە ڕێژەی (٥,٣٪) پێکدەهێنن و ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان (٦٦-٧٢) ساڵیدایە ڕێژەی (١,٧٪) نموونەی لێکۆڵینەوە

پێکدەهێنن. ناوەندە ژمێری تەمەنی یەکەکانی نموونەی توێژینەوە دەکاتە (٤٠,٣٠) ساڵ بە لادانی پێوەری (١١,٤).

**خشتەی ( ٣ )**

**چۆنیەتی دابەشبوونی تەمەنی یەکەکانی نموونەی توێژینەوە ڕوون دەکاتەوە**

| گرووپی تەمەن | ژمارە | ڕێژەی سەدی% |
|---|---|---|
| ٢٤- | ٧٣ | ٢٤,٣ |
| ٣١- | ٦٧ | ٢٢,٤ |
| ٣٨- | ٦٠ | ٢٠ |
| ٤٥- | ٤٠ | ١٣,٣ |
| ٥٢- | ٣٩ | ١٣ |
| ٥٩- | ١٦ | ٥,٣ |
| ٦٦-٧٢ | ٥ | ١,٧ |
| **کۆی گشتی** | ٣٠٠ | ١٠٠ % |

### ٣- خوێندن

خوێندن هەروەك پێشتر توێژەر ئاماژەی پێدا یەکێك لە فاکتەرە سەرەکییەکانە لە هەڵبژاردنی نموونەی توێژینەوە، خەڵکی خوێندەوار هوشیارە بە دەوروبەرەکەی و هەوڵی بەدەستهێنانی زانیاری و خۆ ڕۆشنبیرکردن دەدات و لە ژێر ڕۆشنایی ئەو ڕۆشنبیری و زانیاری و ئاستی بڕوانامە زانستییەی کە بە دەستی هێناوە توانای هەڵسەنگاندنی ئەم بابەتەی هەیە.

لە خشتەی ژمارە (٤) دا ئاستی خوێندەواری و بڕوانامە ڕوون کراوەتەوە، کە هەر یەك لەوانەی کە تەنها خوێندەوارن و هەلگرانی بڕوانامەی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی (٥٠) یەکەی نموونەکە پێکدێنن، کە ڕێژەی هەریەکێکیان (١٦,٧٪) نموونەکەیە و کۆی هەر چوار ئاست دەکاتە (٢٠٠)، هەریەك لە هەڵگرانی بڕوانامەی پەیمانگەو کۆلیژ (٤٠) یەکەی نموونەکەیە بە ڕێژەی (١٣,٣٪)

نموونەکەیە کۆی هەردوو ئاست دەکاتە (٨٠) . هەڵگرانی بڕوانامەی خوێندنی باڵا (٢٠) یەکەی نموونەی توێژینەوە پێکدێنن بە ڕێژەی (٦,٧٪).

**خشتەی ( ٤ )**

**ئاستی خوێندنی نموونەی توێژینەوە ڕوون دەکاتەوە**

| ئاستەکان | ژمارە | ڕێژەی سەدی % |
|---|---|---|
| خوێندەوار | ٥٠ | ١٦,٧ |
| سەرەتایی | ٥٠ | ١٦,٧ |
| ناوەندی | ٥٠ | ١٦,٧ |
| ئامادەیی | ٥٠ | ١٦,٧ |
| پەیمانگا | ٤٠ | ١٣,٣ |
| کۆلیژ | ٤٠ | ١٣,٣ |
| خوێندنی باڵا | ٢٠ | ٦,٧ |
| کۆی گشتی | ٣٠٠ | ١٠٠٪ |

**٤- باری کۆمەڵایەتی**

مەبەست لە باری کۆمەڵایەتی خێزانداری، سەڵتی، تەڵاقدراو یان تاك مردوو (مێ)، تەڵاقدراو یان تاك مردوو (نێر). باری کۆمەڵایەتی کاریگەری هەیە لەسەر تاکەکان بۆ وەڵامدانەوە بۆ نموونە وەڵامی تاکێك، کە خێزاندارە جیاوازی هەیە لەگەڵ تاکێك، کە سەڵتە، تەڵاقدراوە، تاك مردووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێك هۆکاری کۆمەڵایەتی و دەروونی، لەبەر ئەمە پێویستە لە هەموو ئەم تاکانە زانیاری وەربگیرێت وەکو نموونە بۆ دەستکەوتنی وەڵامی جیاواز .

لە خشتەی ژمارە (٥) دا هاتووە، کە (١٠١) تاکی نموونەکە سەڵتن بە ڕێژەی (٣٣,٧٪). وە (١٨٣) تاك خێزاندارن بە ڕێژەی (٦١٪) . ژمارەی تەڵاقدراو یان تاك مردوو لە ڕەگەزی مێ (١٢) تاکە بە ڕێژەی (٤٪) لە بەرامبەریشدا تەڵاقدراو یان تاك مردووی نێر (٤) تاکە لە نموونەی توێژینەوە بە ڕێژەی (١,٣٪).

**خشتەی ژمارە (٥)**

**باری کۆمەڵایەتی یەکەکانی نموونەی توێژینەوە ڕوون دەکاتەوە**

| **باری کۆمەڵایەتی** | **ژمارە** | **ڕێژەی سەدی %** |
|---|---|---|
| سەڵت | ١٠١ | ٣٣,٧ |
| خێزاندار | ١٨٣ | ٦١ |
| تەڵاقدراو یان تاك مردوو (مێ) | ١٢ | ٤ |
| تەڵاقدراو یان تاك مردوو (نێر) | ٤ | ١,٣ |
| **کۆی گشتی** | **٣٠٠** | **٪١٠٠** |

**٥- باری ئابووری**

باری ئابووری یەکێك لە زانیارییە گشتییەکانە کە یارمەتی دەستکەوتنی زانیاری دەدات، چونکە باری ئابووری لێتوێژراوان (تاکەکانی نموونە) کاریگەری لەسەر شێوازی ژیان و هەڵسوکەوت و گوزەران و بیرکردنەوەش هەیە.

لە خشتەی ژمارە (٦) دا هاتووە، (٦) یەکەی نموونەکە، کە ڕێژەی (٢٪) پێکدێنن باری ئابوورییان زۆر خراپە، وە (١٧) یەکەی تر کە ڕێژەی (٥,٧٪) پێکدێنن تەنها خراپە، ئەوانەی مامناوەندین ژمارەیان (١٣٨) یەکەیە کە دەکاتە ڕێژەی (٤٦٪) . ئەوانەی کە ئاستی ئابوورییان باشە (١٢٠) یەکەیە بە ڕێژەی (٤٠٪) وە ئەوانەی زۆر باشن ژمارەیان (١٩) یەکەیە و ڕێژەی (٦,٣) نموونەکە پێکدێنن.

**خشتەی (٦)**

**ئاستی باری ئابووری یەکەکانی نموونەی توێژینەوە ڕوون دەکاتەوە**

| باری ئابووری | ژمارە | ڕێژەی سەدی % |
|---|---|---|
| زۆر خراپ | ٦ | ٢ |
| خراپ | ١٧ | ٥,٧ |
| مام ناوەندی | ١٣٨ | ٤٦,٠ |
| باش | ١٢٠ | ٤٠,٠ |
| زۆر باش | ١٩ | ٦,٣ |
| **کۆی گشتی** | **٣٠٠** | **١٠٠ %** |

### ٦- گرنگیدان بە جۆرەکانی ڕاگەیاندن

ڕاگەیاندن بە گشتی ڕۆڵی هەیە لە ژیانی هەمەلایەنەی کۆمەڵگا، بەڵام جۆری ڕاگەیاندن زیاتر سنوور و شێوەی کارکردنی دیاری دەکات بۆ نموونە هەر یەکێك لە ڕاگەیاندنی ئەهلی یان پارتەکان یان حکوومی ڕۆڵی خۆی هەیە و خەڵکی خۆیشی هەیە، کە زانیاری هەواڵی لێ وەردەگرن و پێی کاریگەر دەبن.

لە خشتەی ژمارە (٧) دا ڕوون کراوەتەوە، ئەوانەی گرنگیی بە ڕاگەیاندنی ئەهلی دەدەن ژمارەیان (٢٢٨) وەڵامە بە ڕێژەی (٤٢٪) بە پلەی یەکەم دێت. ئەوانەی گرنگیی بە ڕاگەیاندنی حیزبەکان دەدەن ژمارەیان (١٨٩) وەڵامە بەڕێژەی (٣٤,٨٪) بە پلەی دووەم دێت. ئەوانەی گرنگیی بە ڕاگەیاندنی حکوومی* دەدەن ژمارەیان (١٢٦) وەڵامە بە ڕێژەی (٢٣,٢٪)ە بە پلەی سێیەم دێت.

* بە ڕای توێژەر هەندێ لە یەکەی نموونە تێکەڵاویان کردووە لە نێوان ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بۆیە وەڵامیان بەم شێوەیەیە.

**خشتەی (٧)**

**ڕوونکردنەوەی شێوەی گرنگیدان بە جۆرەکانی ڕاگەیاندن**

| جۆری ڕاگەیاندن | ژمارە | ڕێژەی سەدی% |
|---|---|---|
| ئەهلی | ٢٢٨ | ٤٢ |
| پارتە سیاسییەکان | ١٨٩ | ٣٤,٨ |
| حکوومی | ١٢٦ | ٢٣,٢ |

## ٧- ڕۆژنامە و گۆڤار

ئامرازێکی گرنگیی ڕاگەیاندنە و یەکێکە لەو سەرچاوانەی، کە تاك زانیاری هەمەڕەنگی لێ وەردەگرێت و پێی دەوڵەمەند دەبێت لە ڕێگەیەوە ئاگاداری هەواڵ و ڕووداو و زانیارییە نوێیەکانە. بە گشتی یەکێك لە سەرچاوەکانی زانیاری بەخشین و ڕۆشنبیرکردنە.

لە خشتەی ژمارە (٨) دا ڕوون کراوەتەوە ئەوانەی بەردەوام گرنگیی بە خوێندنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤار دەدەن ژمارەیان (٩٥) یەکەیە و ڕێژەی (٣١,٧٪) ئەوانەی جار بە جار ڕۆژنامە و گۆڤارەکان دەخوێننەوە ژمارەیان (١٧٨) یەکەی توێژینەوەیە و ڕێژەی (٥٩,٣٪) پێکدێنن و ئەوانەی هەر ناخوێننەوە ژمارەیان (٢٧) یەکەیە و ڕێژەی (٩٪) نموونەکە پێکدێنن.

**خشتەی(٨)**

**چۆنیەتی گرنگیدان بە خوێندنەوەی ڕۆژنامەو گۆڤار ڕوون دەکاتەوە**

| گرنگیدان | ژمارە | ڕێژەی سەدی % |
|---|---|---|
| بەردەوام | ٩٥ | ٣١,٧ |
| جار جار | ١٧٨ | ٥٩,٣ |
| ناخوێنمەوە | ٢٧ | ٩ |
| **کۆی گشتی** | ٣٠٠ | ١٠٠٪ |

**٨- ڕادیۆ**

دووەم ئـامرازی ڕاگەیاندنـە، کـە تـەنها هەسـتی بیـستن تیایـدا بـەکاردێت و ئـــامرازێکی گەیانـــدنی هـــەواڵ و ڕووداو ڕوومـــاڵکردن و گەیانـــدنی زانیـــاری و ڕۆشنبیرکردنە، خەڵکێکی زۆر لە هەموو ئاستە جیاوازەکـان بـەکاری دێـنن چـونکە بەکارهێنانی ئاسانە.

لە خشتەی ژمارە (٩) ژمارەی ئەوانەی گوێ لـە ڕادیـۆ دەگـرن وە ئەوانەشـی کە گوێ ڕاناگرن خراوەتە ڕوو، کە (٢٤٤) یەکەی نموونەی توێژینەوە ڕادیـۆ بـەکار دەبەن بە ڕێژەی (٨١,٣٪) وە ئەوانەشی، کـە ڕادیـۆ بـەکارناهێنن ژمارەیـان (٥٦) یەکەیە و ڕێژەی (١٨,٧٪) ی نموونەکە پێکـدێنن . هەرچـەندە توێـژەر پێـی وایـە خەڵکی خوێندەوار بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدایە بزانێ هەواڵ و ڕووداوەکان چـین و زانیـاری هـەبێت لەسـەر هـەر بابـەتێك کـە پەیەیوەسـتە بـە ژیانـەوە، بـۆ ئەمـەش ناتوانێ بەردەوام چاودێری تەلەفزیۆن یان ئینتەرنێت یان ڕۆژنامە و گۆڤـار بکـات، لەبەر ئەمە ڕادیۆ کەمترین تێچووی هەیە و لە هەر شوێنێك بێـت دەتـوانێ بـەکاری بێنێ ئـەم ژمارەیـەی لـە سـەرەوە کـە گـوێ لـە ڕادیـۆ نـاگرن بـە ڕای توێـژەر بـە خەمساردییەوە وەڵامی ئەم بڕگەیان داوەتەوە ئەگەر نا بەشێوەیەکی تر دەبوو.

**خشتەی (٩)**

**ڕێژەی بەکاربەران و بەکارنەبەرانی ڕادیۆ لای نموونەی توێژینەوە ڕوون دەکاتەوە**

| ڕادیۆ | ژمارە | ڕێژەی سەدی % |
|---|---|---|
| بەکاربەران | ٢٤٤ | ٨١,٣ |
| بەکارنەبەران | ٥٦ | ١٨,٧ |
| **کۆی گشتی** | **٣٠٠** | **١٠٠ %** |

دواتر لە خشتەی ژمارە (١٠) ئەوانەی گـوێ لـە ڕادیـۆ دەگـرن بـەم شـێوەیە ڕوون کراوەتەوە ئەوانەی لە نێوان (٠,٥-١,٢٩) نیو کاتژمێر تا یەك کاتـژمێر و بیـست و نۆ دەقیقە گوێ لە ڕادیۆ دەگرن ژمارەیان (١٣٧) یەکەیـە کـە دەکاتـە (٤٥,٧٪) . ئەوانەی لە نێوان (١,٥-٢,٢٩) گوێ دەگرن ژمارەیان (٥٨) یەکەیە دەکاتە ڕێژەی

(١٩,٣٪)، ئەوانەی لە نێوان (٢,٥– ٢,٢٩) گوێ دەگرن ژمارەیان (٢٦) یەکەیە بە ڕێژەی (٨,٧٪)، ئەوانەی لە نێوان (٣,٥–٤,٢٩) دان ژمارەیان (٨) بە ڕێژەی (٢,٧٪)، ئەوانەی لە نێوان (٤,٥–٥,٢٩) دایە ژمارەیان (١٠) یە بە ڕێژەی (٣,٣٪)، ئەوانەی لە نێوان (٥,٥–٦,٢٩) کاتژمێر گوێ دەگرن ژمارەیان (٣) بە ڕێژەی (١٪)، ئەوانەی لە نێوان (٦,٥–٧,٢٩) دایە ژمارەیان (٠) سفرە، ئەوانەی لە نێوان (٧,٥– ٨,٥) گوێ لە ڕادیۆ دەگرن ژمارەیان ( ٢) یەکەیە و ڕێژەی (٠,٦٪) نموونەکە پێکدێنن. ناوەندە ژمێریی گوێگرتن لە ڕادیۆ بریتییە لە (١,٧) بە لادانی پێوەری (١,٣) .

**خشتەی (١٠)**

**ماوەی بەکاربردنی ڕادیۆ لای یەکەکانی نموونە ڕوون دەکاتەوە**

| ماوەی گوێگرتن بە کاتژمێر | ژمارە | ڕێژەی سەدی% |
|---|---|---|
| ٠,٥– | ١٣٧ | ٥٦,٢ |
| ١,٥– | ٥٨ | ٢٣,٨ |
| ٢,٥– | ٢٦ | ١٠,٦ |
| ٣,٥– | ٨ | ٣,٣ |
| ٤,٥– | ١٠ | ٤,١ |
| ٥,٥– | ٣ | ١,٢ |
| ٦,٥– | ٠ | ٠ |
| ٧,٥–٨,٥ | ٢ | ٠,٨ |
| **کۆی گشتی** | **٢٤٤** | **١٠٠ %** |

## ٩- تەلەفزیۆن

تەلەفزیۆن کاریگەرترین ئامرازی ڕاگەیاندنە و لە کاتی سەیرکردنی تەلەفزیۆن دوو هەستی مرۆڤ کار دەکات و ڕۆڵێکی گرنگیی لە ژیانی مرۆڤدا هەیە و لە پێشەوەی ئامرازەکانی تری ڕاگەیاندنە لە بەکارهێناندا.

لــە خــشتەی ژمــارە (١١) دا ڕوون کراوەتــەوە ئەوانــەی ســەیری تەلــەفزیۆن دەکەن ژمارەیان (٢٩٧) یەکەیە، بە ڕێژەی (٩٩٪)، وە ئەوانەشـی سـەیری ناکـەن ژمارەیـان (٣) یەکەیـە بـە ڕێـژەی (١٪) کـە ئەمــەش شــتێکی ئاســاییيە بـە لای توێژەرەوە.

**خشتەی (١١)**

**ڕێژەی سەیرکەران و سەیر نەکەرانی تەلەفزیۆن لای نموونەی توێژینەوە ڕوون دەکاتەوە**

| تەلەفزیۆن | ژمارە | ڕێژەی سەدی % |
|---|---|---|
| سەیر دەکەن | ٢٩٧ | ٩٩ |
| سەیر ناکەن | ٣ | ١ |
| **کۆی گشتی** | **٣٠٠** | **١٠٠ %** |

دواتـر لـە خـشتەی ژمـارە (١٢) دا ڕوون کراوەتـەوە ئەوانـەی لـە نێـوان (١–٣) کاتژمێر سەیری تەلەفزیۆن دەکەن ژمارەیان (٩٨)ە بە ڕێژەی (٣٢,٩٪)، ئەوانـەی لـە نێـوان (٣–٥) کاتـژمێر سـەیر دەکـەن ژمارەیـان (١١٤) یەکەیـە بـە ڕێـژەی (٣٨,٥٪)، ئەوانـەی لـە نێـوان (٥–٧) کاتـژمێر سـەیر دەکـەن ژمارەیـان (٦٣) ە بەڕێژەی (٢١,٣٪)، ئەوانـەی لە نێـوان (٧–٩) کاتـژمێر سـەیر دەکـەن ژمارەیـان (١٧) یەکەیە بە ڕێژەی (٥,٧٪)، ئەوانەی لە نێوان (٩–١١) کاتژمێر سەیر دەکـەن ژمارەیان (٣) یەکەیە بە ڕێژەی (١٪)، ئەوانەی لە نێوان (١١–١٣) کاتـژمێر سـەیر دەکەن ژمارەیان (١) یەکەیە بە ڕێژەی (٠,٣٪)، ئەوانەی لە نێـوان (١٣–١٥) دایـە هیچ تاکێکی نموونەی توێژینـەوە سـەیرکردنی تەلـەفزیۆنی ناکەوێتـە ئـەم نێوانـە، ئەوانـەی لـە نێـوان (١٥–١٧) کاتـژمێرە ژمـارەی تـەنها (١) یەکەیـە بـە ڕێـژەی (٠,٣٪). ناوەندە ژمێری کاتی سەیرکردن لای نموونەی توێژینـەوە دەکاتـە (٣,٦) کاتژمێر بە لادانی پێوەری (٢) .

**خشتەی (١٢)**

**ماوەی سەیرکردنی تەلەفزیۆن لای یەکەکانی نموونەی توێژینەوە ڕوون دەکاتەوە**

| ماوەی سەیرکردن بە کاتژمێر | ژمارە | ڕێژەی سەدی% |
|---|---|---|
| ١- | ٩٨ | ٣٢,٩ |
| ٣- | ١١٤ | ٣٨,٥ |
| ٥- | ٦٣ | ٢١,٣ |
| ٧- | ١٧ | ٥,٧ |
| ٩- | ٣ | ١ |
| ١١- | ١ | ٠,٣ |
| ١٣- | ٠ | ٠ |
| ١٥-١٧ | ١ | ٠,٣ |
| **کۆی گشتی** | **٢٩٧** | **١٠٠ %** |

## ١٠- ئینتەرنێت

یەکێك لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی سەردەمە کاریگەرییەکی بە هێزی هەیە لە هوشیارکردنەوە و ڕۆشنبیرکردن و دەوڵەمەندکردنی تاك بە زانست و زانیاری، لە هەمان کاتدا ئامرازێکی بە هێزی پێك بەستانەوەی تاکەکانی کۆمەڵگا جیاوازەکانە، کە لە ڕێگەیەوە ئاڵوگۆڕی زانست و زانیاری دروستکردنی پەیوەندییەکان دەبەسترێت .

لە خشتەی ژمارە (١٣) ڕێژەی بەکاربەران و بەکارنەبەرانی ئینتەرنێت ڕوون کراوەتەوە، کە (١٦٠) یەکەی نموونەی توێژینەوەکە بە ڕێژەی (٥٣,٣٪) ئینتەرنێت بەکار دەهێنن، وە ئەوانەی بەکاری ناهێنن ژمارەیان (١٤٠) یەکەیە بە ڕێژەی (٤٦,٧٪) نموونەکەیە، بەکار نەبەرانی ئینتەرنێت ژمارەیان زۆرە لە ناو نموونەی توێژینەوەکەدا ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ شێوەی تەمەنەکانی نموونەی توێژینەوە، ئەوانەی تەمەنیان بەرزە لەم کۆمەڵگایە بە ڕێژەیەکی زۆر کەم نەبێت ئینتەرنێت بەکار ناهێنن، ئەمەش لەبەر کۆمەڵێك هۆکاری جیاواز، لە لایەکی ترەوە

ئینتەرنێت و بەکارهێنانی پێویستی بە مادده و کات و فێربوون هەیە، لەبەر ئەمە هەموو تاکێك ناتوانێت بەکاری بێنێت، بۆیە ڕێژەی بەکارنەبەرانی بەرزە.

**خشتەی (١٣)**

**ڕێژەی بەکاربەران و بەکارنەبەرانی ئینتەرنێت لای نموونەی توێژینەوە ڕوون دەکاتەوە**

| ئینتەرنێت | ژمارە | ڕێژەی سەدی % |
|---|---|---|
| بەکار بەران | ١٦٠ | ٥٣,٣ |
| بەکار نەبەران | ١٤٠ | ٤٦,٧ |
| **کۆی گشتی** | **٣٠٠** | **١٠٠ %** |

دواتر لە خشتەی ژمارە (١٤) ڕێژەی بەکاربەرانی ئینتەرنێت ڕوون کراوەتەوە، کە ئەوانەی لەنێوان (٠,٥-١,٢٩) نیو کاتژمێر تا یەك کاتژمێر و بیست و نۆ خولەك ئینتەرنێت بەکار دێنن ژمارەیان (٤٨) یەکەیە کە دەکاتە (٣٠٪) . ئەوانەی لە نێوان (١,٥-٢,٢٩) دوو کاتژمێر و بیست و نۆ خولەك بەکاری دێنن ژمارەیان (٥٧) یەکەیە دەکاتە ڕێژەی (٣٥,٧٪)، ئەوانەی لە نێوان (٢,٥- ٢,٢٩) بەکاری دێنن ژمارەیان (٢٢) یەکەیە بە ڕێژەی (١٣,٨٪)، ئەوانەی لە نێوان (٣,٥-٤,٢٩) بەکاری دێنن ژمارەیان (٩) یەکەیە بە ڕێژەی (٥,٦٪)، ئەوانەی لە نێوان (٤,٥-٥,٢٩) دایە ژمارەیان (٨) یە بە ڕێژەی (٥٪)، ئەوانەی لە نێوان (٥,٥-٦,٢٩) کاتژمێر بەکاری دێنن ژمارەیان (٨) بە ڕێژەی (٥٪)، ئەوانەی لە نێوان (٦,٥-٧,٢٩) دایە ژمارەیان (١) یەکەیە بە ڕێژەی (٠,٦٪)، ئەوانەی لە نێوان (٧,٥- ٨,٢٩) بەکاری دێنن ژمارەیان ( ٣) یەکەیە بە ڕێژەی (١,٩٪) هیچ یەکەیەکی نموونەکە لە نێوان (٨,٥-٩,٢٩) بەکاری ناهێنن، ئەوانەی لە نێوان (٩,٥-١٠,٥) نۆ کاتژمێر و نیو تا دە و نیو بە کاری دێنن ژمارەیان (٤) یەکەیە بە ڕێژەی (٢,٥٪) . ناوەندە ژمێریی بەکارهێنانی ئینتەرنێت بریتییە لە (٢,٦) کاتژمێر بە لادانی پێوەری (٢).

**خشتەی (١٤)**

**چۆنیەتی ماوەی بەکارهێنانی ئینتەرنێت ڕوون دەکاتەوە لای ئەوانەی بەکاری دێنن**

| ماوەی بەکارهێنان بە کاتژمێر | ژمارە | ڕێژەی سەدی% |
|---|---|---|
| ٠,٥- | ٤٨ | ٣٠ |
| ١,٥- | ٥٧ | ٣٥,٧ |
| ٢,٥- | ٢٢ | ١٣,٨ |
| ٣,٥- | ٩ | ٥,٦ |
| ٤,٥- | ٨ | ٥ |
| ٥,٥- | ٨ | ٥ |
| ٦,٥- | ١ | ٠,٦ |
| ٧,٥- | ٣ | ١,٩ |
| ٨,٥- | ٠ | ٠ |
| ٩,٥-١٠,٥ | ٤ | ٢,٥ |
| **کۆی گشتی** | **١٦٠** | **١٠٠ %** |

## ١١- بابەتەکان

گومان لەوەدانییە هەر بابەتێك، کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن پێشکەشی دەکەن و زانیاری لە بارەیان بڵاو دەکەنەوە و سوودی بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا دەبێت و دەبێتە هۆی دەوڵەمەندبوونیان بە زانیاری هەمەڕەنگ و هەمەلایەنە کە دەبنە یارمەتیدەر بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا لە ڕووی ڕۆشنبیرکردنیان.

لە خشتەی ژمارە (١٥) چۆنیەتی گرنگیدانی یەکەکانی نموونەی توێژینەوە بە هەریەك لە بابەتە جیاوازەکان ڕوون دەکاتەوە بە شێوەی زنجیرەیی، یەکەم (٢٠٩) یەکەی نموونەی توێژینەوە بە ڕێژەی (١٩,٢٪) بابەتی کۆمەڵایەتییان هەڵبژاردووە، دووەم (١٨٢) یەکە بە ڕێژەی (١٧٪) بابەتی خۆشگوزاری، سێیەم (١٦١) یەکە بە ڕێژەی (١٥٪) بابەتی سیاسی، چوارەم (١٤٣) یەکە بە ڕێژەی

(١٣,٣٪) بابـەتی وەرزشـی، پێنجـەم (١٣٥) یەکـە بـە ڕێـژەی (١٢,٦٪) بابـەتی زانستی، شەشەم (٨٨) یەکە بە ڕێژەی (٨,٢٪) بابـەتی ژینگـەیی، حەوتـەم (٨١) یەکـە بـە ڕێـژەی (٧,٥٪) بابـەتی کولتـووری هـەروەها ( ٦٩) یەکـە بـە ڕێـژەی (٦,٤٪)ی نموونەی توێژینەوەکـە بابـەتی ئابوورییـان هەڵبـژاردووە کـە بـەدوا پلـە دێت.

**خشتەی (١٥)**

**چۆنیەتی گرنگیدان بە بابەتەکانی ڕاگەیاندن ڕوون دەکاتەوە**

| ز | بابەتەکان | ژمارە | ڕێژەی سەدی% |
|---|---|---|---|
| ١ | کۆمەڵایەتی | ٢٠٩ | ١٩,٢ |
| ٢ | خۆشگوزاری | ١٨٢ | ١٧ |
| ٣ | سیاسی | ١٦١ | ١٥ |
| ٤ | وەرزشی | ١٤٣ | ١٣,٣ |
| ٥ | زانستی | ١٣٥ | ١٢,٦ |
| ٦ | کولتووری | ٨٨ | ٨,٢ |
| ٧ | ژینگەیی | ٨١ | ٧,٥ |
| ٨ | ئابووری | ٦٩ | ٦,٤ |

## باسی دووەم / خستنەڕووی داتاکانی تایبەت بە بابەتی توێژینەوە و ئەنجامەکانی

لەم تەوەرەدا توێژەر هەوڵ دەدات ئەو زانیاری و داتایانەی بە دەستی هێناوە لە کاری پراکتیکی بیانخاتە ڕوو بە مەبەستی ئەوەی بزانێت ئامانجـەکانی هاتۆتـە دی یان نا لە کۆمەڵگای توێژینەوەدا، کە ئەویش لە ڕێگای پێوەری توێژینـەوە بـە دەست هاتوون .

### ١- پێوانەکردنی جیاوازی بۆ ڕۆڵی ڕاگەیاندن

ئـەو داتایانـەی، کـە لـە نموونـەی توێژینـەوە بەدەسـت هـاتوون بـە بەکارهێنانی هاوکێـشەی (ت)ی بـۆ یـەك نموونـە (One Sample T.test) و بـە

بەهای خشتەیی (١،٦٤) و ئاستی ئامارژە (٠,٠٥) هەروەها (بەراوردکردنی ناوەندی بەدەستهاتوو و ناوەندی گریمانەکراو )* ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە بنیادنانی کۆمەڵگای مەدەنی و تەوەرەکانی لە خشەی ژمارە (١٦) ڕوون دەکاتەوە.

**خشتەی (١٦)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی (ت)ی بۆ یەك نموونە بۆ پێوانەکردنی جیاوازی نێوان ناوەندی بەدەستهاتوو و ناوەندی گریمانەکراو بۆ ڕۆڵی ڕاگەیاندن و تەوەرەکانی ڕوون دەکاتەوە**

| تەوەرەکان | (ن) | ناوەندی بەدەستهاتوو | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەکراو | بەهای (ت) ی | | ئاستی ئامارژە(٠,٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| هوشیاری | ٣٠٠ | ٤٨,٢ | ٧,٠٥ | ٤٨ | ٠,٦٦ | ١,٦٤ | ئامارژەدارنیە |
| گەشەپێدان | ٣٠٠ | ٦٠,٨ | ٨,٢٧ | ٦٦,٥ | ١١,٨٧ | ١,٦٤ | ئامارژەدارە |
| کولتووری مەدەنی | ٣٠٠ | ٢٥,١ | ٥,٤٠ | ٢٦,٥ | ٤,٢٩ | ١,٦٤ | ئامارژەدارە |
| ڕای گشتی | ٣٠٠ | ٢٩,٥ | ٤,٦٥ | ٢٨,٥ | ٣,٨٥ | ١,٦٤ | ئامارژەدارە |
| ڕۆڵی ڕاگەیاندن | ٣٠٠ | ١٦٣,٧ | ١٨,٨١ | ١٦٩,٥ | ١٤,٠٧ | ١,٦٤ | ئامارژەدارە |

لە خشتەی ژمارە (١٦) بۆمان ڕوون دەکاتەوە، کە :

١– ڕاگەیاندن ڕۆڵی بینیوە لە بڵاوکردنەوەی هوشیاری چونکە ناوەندی بەدەستهاتوو (٤٨,٢) گەورەترە لە ناوەندی گریمانەکراو (٤٨)، بەڵام کاتێك سەیری (ت) ی دەرهێنراو دەکەین، کە ( ٠،٦٦) دەبینین نەگەیشتۆتە ئاستی

* ئەگەر ناوەندی بەدەستهاتوو گەورەتر بوو لە ناوەندی گریمانەکراو و جیاوازی نێوانیشیان گەڕایەوە بۆ ناوەندی بەدەستهاتوو، ئەوا ڕاگەیاندن ڕۆڵی بینیوە پێچەوانەکەشی ڕاستە.

ئاماژە ئاماری و بە ڕێژەیەکی زۆر بچووکترە لە بەهای (ت) ی خشتەیی (١،٦٤) لە ئاستی ئاماژەی (٠,٠٥)دا .

لەم ئەنجامە دەردەکەوێت نموونەی توێژینەوە پێیان وایە ئەو ڕۆڵەی ڕاگەیاندن بینیویەتی دەربارەی هوشیاری بە بنەماکانی مەدەنییەت زۆر لاوازە، چونکە جیاوازی نێوان هەردوو ناوەندەکە زۆر کەمە و بە پۆینتە تەنانەت دەتوانین بڵێین کە نییە بەڵام لە ئاماردا پۆینت ئەنجام دەگۆڕێت.

ب- ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە هەر دوو تەوەری گەشەپێدان و بڵاوکردنەوەی کولتووری مەدەنییەت و بەهاکاندا گەیشتۆتە ئاستی ئاماژە ئاماری، چونکە بەهای (ت) ی بەدەستهاتووی گەشەپێدان (١١,٨٧) وە بەهای (ت) ی بەدەستهاتووی کولتووری مەدەنییەتیش (٤,٢٩)یە هەردووکیان گەورەترن لە بەهای(ت) خشتەیی (١,٦٤) لە ئاستی ئاماژەی (٠,٠٥). واتا جیاوازی هەیە، بەڵام ئەم جیاوازییە لە بەرژەوەندی ناوەندی گریمانەکراوی گەشەپێدان (٦٦,٥) و ناوەندی گریمانەکراوی کولتووری مەدەنییەت (٢٦,٥) دایە چونکە ڕێژەی هەردووکیان زیاترە لە ناوەندی بەدەستهاتوو کە ناوەندی بەدەستهاتووی گەشەپێدان (٦٠,٨)ە وە هی کولتووری مەدەنییەت ( ٢٥,١). ئەم جیاوازییەشی لە بەهای (ت) ی دەرچووە لە بەرژەوەندی ناوەندی گریمانەکراودایە.

لەهەردوو تەوەری گەشەپێدان و بڵاوکردنەوەی کولتووری مەدەنییەتدا دەردەکەوێت، کە نموونەی توێژینەوە پێیان وایە ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی لاوازی بینیوە لە گەشەپێدان بە بوارە جیاوازەکان ژیانی کۆمەڵگاو بڵاوکردنەوەی کولتووور و بەهاکانی مەدەنییەتدا، هەرچەندە ئەگەر سەیری ناوەندی گریمانەکراو و بەدەستهاتووی هەردوو تەوەر بکەین دەبینین جیاوازی نێوان ناوەندەکان ئەوەندە زۆر نییە، بەڵام لە ئەنجامدا لە بەرژەوەندی ناوەندی گریمانەکراودایە.

ج- ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە دروستکردنی ڕای گشتی گەیشتۆتە ئاستی جیاوازی ئاماژە ئاماری و لە بەرژەوەندی ناوەندی بەدەستهاتوودایە، لەبەر ئەوەی ناوەندی بەدەستهاتوو (٢٩،٥) گەورەترە لە ناوەندی گریمانەکراو (٢٨،٥)، هەروەها

جیاوازی ئاماژە ئاماری بوونی هەیە، بەهای (ت)ی دەرهێنراو (٣,٨٥) گەورەترە لە بەهای (ت)ی خشتەیی (١,٦٤) لە ئاستی ئاماژەی (٠,٠٥)دا .

لە ئەنجامی ئەمەش دەردەکەوێت کە کۆی نموونەی توێژینەوە پێیان وایە ڕاگەیاندن توانیویەتی ڕای گشتی دروست بکات دەربارەی بابەتە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری ....هتد .

د- بە شێوەیەکی گشتی ڕاگەیاندن ڕۆڵی نەبینیوە لە بنیادنانی کۆمەڵگای مەدەنی چونکە ئەگەر بەراوردی نێوان ناوەندی گریمانەکراو و بەدەستهاتوو بکەین دەبینین ناوەندی بەدەستهاتوو (١٦٣,٧) بچووکترە لە ناوەندی گریمانەکراو (١٦٩,٥)، کەواتە جیاوازی ئاستی ئاماژە ئاماری بوونی هەیە، بەهای (ت)ی دەرهێنراو (١٤,٠٧) گەورەترە لە بەهای (ت)ی خشتەیی (١,٦٤) لە ئاستی ئاماژەی (٠,٠٥)دا و بوونی جیاوازییەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ناوەندی گریمانەکراو.

لە ئەنجامی ئەمەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە نموونەی توێژینەوەکە لەسەر ئەوە کۆکن، کە ڕاگەیاندن ڕۆڵی نەبینیوە لە بنیادنانی کۆمەڵگای مەدەنی هەرچەندە کاری کردووە چونکە جیاوازی نێوان هەردوو ناوەندەکە زۆر نییە بەڵام جیاوازییەکە لە بەرژەوەندی ناوەندی گریمانەکراو دایە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کاری کردووە لەسەر ناساندنی بنەماکانی ژیانی مەدەنییەت و پراکتیکبوونی لە ناو کۆمەڵگادا لە ڕێگای ئەم تەوەرانەی کە توێژەر لە خشتەی ژمارە (١٦)دا ئاماژەی پێداوە، بەڵام بەڕێژەی جیاواز لە نێوانیاندا.

## ٢- جیاوازی هەڵسەنگاندنی تەوەرەکانی ڕۆڵی ڕاگەیاندن بە پێی گۆڕاوەکان

لەم تەوەرە توێژەر هەوڵ دەدات جیاوازییەکانی نێوان نموونەی توێژینەوە بە پێی گۆڕاوەکان دیاری بکات ئەویش لە ڕێگای بەکارهێنانی (ت)ی و (ئەنۆڤا) .

ا- هەر یەك لە گۆڕاوەکانی ئەم توێژینەوەیە لە دوو گرووپ زیاترە، تەنها ڕەگەز نەبێت، کە دەکرێت بۆ دۆزینەوەی جیاوازی لە نێوان هەردوو ڕەگەزی نێرو مێدا بەسەر دوو گرووپ دابەشی بکەین ئەویش بە بەکارهێنانی هاوکێشەی (ت) بۆ دوو نموونەی قەبارە جیاواز (Independent - simple T.test) بە بەهای (ت)ی

خشتەیی (١,٩٦) و ئاستی ئاماژە (٠,٠٥) کە لە خشتەی ژمارە (١٧) دا خراوەتە ڕوو .

**خشتەی (١٧)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی (ت)ی بۆ ڕوونکردنەوەی جیاوازی نێوان ڕەگەز بە پێی تەوەرەکانی توێژینەوە**

| تەوەرەکان | ڕەگەز | ژمارە (ن) | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (ت)ی | | ئاستی ئاماژە (٠,٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| هوشیاری | نێر | ١٧٣ | ٤٨,٥٥ | ٧,٢٠ | ٠,٨١ | ١,٩٦ | ئاماژەدار نییە |
| | مێ | ١٢٧ | ٤٧,٨٨ | ٦,٨٦ | | | |
| گەشەپێدان | نێر | ١٧٣ | ٦٠,٩٠ | ٧,٩٢ | ٠,١٨ | ١,٩٦ | ئاماژەدار نییە |
| | مێ | ١٢٧ | ٦٠,٧٢ | ٨,٧٦ | | | |
| کولتووری مەدەنی | نێر | ١٧٣ | ٢٥,٣٩ | ٥,٥٩ | ٠,٨٩ | ١,٩٦ | ئاماژەدار نییە |
| | مێ | ١٢٧ | ٢٤,٨٣ | ٥,١٤ | | | |
| ڕای گشتی | نێر | ١٧٣ | ٢٩,٧٩ | ٤,٨١ | ١,١٣ | ١,٩٦ | ئاماژەدار نییە |
| | مێ | ١٢٧ | ٢٩,١٨ | ٤,٤٣ | | | |
| ڕاگەیاندن | نێر | ١٧٣ | ١٦٤,٦٥ | ١٨,٤٤ | ٠,٩٢ | ١,٩٦ | ئاماژەدار نییە |
| | مێ | ١٢٧ | ١٦٢,٦٢ | ١٩,٣١ | | | |

لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت، کە بەهای (ت) ی دەرهاتووی گۆڕاوی تەمەن بۆ هەر یەکێك لە تەوەرەکانی توێژینەوەو ڕاگەیاندنیش بە گشتی بەم شێوەیە : تەوەری هوشیاری (٠,٨١)، تەوەری گەشەپێدان (٠,١٨)، تەوەری کولتووری مەدەنی (٠,٨٩)، تەوەری ڕای گشتی (١,١٣)، وە ڕۆڵی ڕاگەیاندنیش بەگشتی (٠,٩٢)، هەموویان بچووکترن لە بەهای (ت)ی خشتەیی (١,٩٦) بە پلەی ئازادی

(٢٩٨) و ئاستی ئاماژەی (٠,٠٥) کەواتـە نەگەیـشتۆتە ئاسـتی جیـاوازی و ئاسـتی ئاماژە ئاماری .

لەم ئەنجامەوە بۆمـان دەردەکـەوێت، کـە گـۆڕاوی ڕەگـەز کاریگـەری لەسـەر ئەنجامەکانی توێژینەوە نییە واتە هەردوو ڕەگەزی نێرو مێ وەکو یەکتر ڕاگەیانـدن هەڵدەسەنگێنن بۆچـوونەکانیان وەکـو یەکـە. لەبـەر ئـەوەش کـە هـەر دوو ڕەگـەز خوێندەوار و هـەڵگری بڕوانامـەن وەکـو یـەکتر دەتـوانن لـە هـەر کـات و سـاتێکدا هەموو ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەکار بێنن بۆیە بۆچوونەکانیشیان لـە یـەکتر نزیکـە هەر چەندە ئەمەش بە شێوەیەکی ڕێژەیییە.

ب– هەموو گۆڕاوەکـانی تـری ئـەم توێژینەوەیـە، جگـە لـە ڕەگـەز نـەبێت لـە دوو گرووپ زیاترە، لە بەر ئەوەی لە دوو زیاترە هاوکێشەی (One –Way ANOVA) بەکارهێنراوە بۆ دۆزینەوەی جیـاوازی نێـوان گرووپـەکان، ئـەویش بـە دوو ڕێگایـە یەکەمیان/ ئەگەر بـەهای (p.value)ی بەدەسـتهاتوو گـەورەتر و یەکسان بـوو لـە ئاستی ئاماژەی (٠,٠٥) ئەوا ئەوە دەگەیەنێت کـە جیـاوازی لـە نێـوان گۆڕاوەکـان نییە، ئەگەر بە پێچەوانەشەوە بوو ئەوا جیاوازی هەیە. دووەم / بـە بـەراوردکردنی نێـوان بـەهای ئـەنوڤا (F) دەرهێنـراو لەگـەڵ بـەهای (F) خـشتەیی ئەگـەر (F) ی خشتەیی گەورەترو یەکسان بوو، ئـەوا جیـاوازی نییـە و بـە پێـچەوانەشەوە. بۆیـە توێژەر بۆ زیاتر زانیاری بەهای خشتەیی خستۆتە ڕوو لەگەڵ هەر گۆڕاوێـك، بـەڵام لێرەدا توێژەر کاری بە ڕێگای یەکەم کردووە . لە خشتەی ژمارە (١٨) دەرهێنانی جیاوازییەکان بە ڕێگەی (ئەنوڤا) خراوەتە ڕوو.

**خشتەی (١٨)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی (ئەنوڤا) بۆ ڕوونکردنەوەی جیاوازی نێوان گۆڕاوەکان بە پێی**

| تەوەرەکان / گۆڕاوەکان | هوشیاری | | | گەشەپێدان | | | کولتووری مەدەنی | | | ڕای گشتی | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | F | P.* | جیاوازی | F | P. | جیاوازی | F | P. | جیاوازی | F | P. | جیاوازی |
| تەمەن | ٠,٦٠ | ٠,٩٧ | نییە | ٠,٨٩ | ٠,٦٥ | نییە | ٠,٦٤ | ٠,٩٥ | نییە | ١,٥٤ | ٠,٠٢ | هەیە |
| ئاستی خوێندن | ٤,١٦ | ٠,٠٠ | هەیە | ١,٤٤ | ٠,١٩ | نییە | ١,٩٩ | ٠,٠٦ | نییە | ٠,٧٢ | ٠,٦٣ | نییە |
| باری کۆمەڵایەتی | ١,٩٥ | ٠,١٢ | نییە | ١,٧٤ | ٠,١٥ | نییە | ٤,٢٥ | ٠,٠٠٦ | هەیە | ٥,١٢ | ٠,٠٠٢ | هەیە |
| باری ئابووری | ٠,٥٢ | ٠,٧٢ | نییە | ١,٠٢ | ٠,٣٩ | نییە | ١,٣٢ | ٠,٢٦ | نییە | ٠,٨١ | ٠,٥١ | نییە |
| ب. جۆری ڕاگەیاندن | ١,٤٢ | ٠,١٩ | نییە | ٠,٤٩ | ٠,٨٠ | نییە | ٠,٧٨ | ٠,٥٨ | نییە | ١,١٦ | ٠,٣٢ | نییە |
| ڕۆژنامە و گۆڤار | ٠,٤٤ | ٠,٥٠ | نییە | ٠,٠١ | ٠,٩١ | نییە | ٥,٤٣ | ٠,٠٢ | هەیە | ٨,٠٣ | ٠,٠٠٥ | هەیە |
| ڕادیۆ | ١,٣٠ | ٠,٢٢ | نییە | ١,٦٦ | ٠,٠٩ | نییە | ٢,٣٥ | ٠,٠١ | هەیە | ٠,٨٠ | ٠,٦٢ | نییە |
| تەلەفزیۆن | ١,٥٠ | ٠,١١ | نییە | ٠,٩٢ | ٠,٥٣ | نییە | ١,١٤ | ٠,٣٢ | نییە | ٠,٦٠ | ٠,٨٥ | نییە |
| ئینتەرنێت | ١,١٨ | ٠,٣٠ | نییە | ٠,٢١ | ٠,٩٩ | نییە | ٠,٨٨ | ٠,٥٤ | نییە | ١,٥٣ | ٠,١٣ | نییە |

* ئەگەر بەهای (p.value) بچووکتر بوو لە (٠,٠٥) ئەوا جیاوازی هەیە وە بە پێچەوانەشەوە.

١- لە خشتەی سەرەوەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە p.value بەهای بەدەستهاتووی تەمەن لە ڕاگەیاندن وهوشیارکردنەوەدا=٠,٩٧، بۆ ڕاگەیاندن و گەشەپێدان =٠,٦٥، وە بۆ ڕاگەیاندن و کولتووری مەدەنی =٠,٩٥، بۆ ڕاگەیاندن و ڕای گشتی =٠,٠٢ ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ ئاستی ئامارە (٠,٠٥) بۆمان دەردەکەوێت، کە جیاواز بۆ هەر یەك لە هوشیارکردنەوەو گەشەپێدان و کولتووری مەدەنی نەگەیشتۆتە ئاستی ئامارە ئاماری، چونکە بەهای بەدەستهاتوو گەورەترە کەواتە جیاوازی نییە. لە گۆڕاوی تەمەن بە هەموو ئاستەکانی بەرامبەر بە ڕۆڵی ڕاگەیاندن لەم سێ تەوەرە جیاوازییان نییە، بەڵام لە تەوەری ڕای گشتیدا بۆمان دەردەکەوێت، کە بەهای بەدەستهاتوو بچووکترە لە ئاستی ئامارە و گەیشتۆتە ئاستی ئامارە ئاماری جیاوازی هەیە، لێرەدا گۆڕاوی تەمەن جیاوازی هەیە بۆ هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە دروستکردنی ڕای گشتیدا، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ماوەی نێوان تەمەنەکان زۆرن، لێرەدا ئەزموونی ژیان گرنگیی خۆی هەیە بۆ دروستبوونی ڕا و ڕای گشتی لە پێناو بەرژەوەندی گشتیدا. (بەهای خشتەیی =١,٤٢).

٢- بەهای بەدەستهاتوو p.vlue بۆ گۆڕاوی خوێندن لە هەریەك لە تەوەرەکان هوشیاری ٠,٠٠، گەشەپێدان ٠,١٩، کولتووری مەدەنی ٠,٠٦، ڕای گشتی ٠,٦٣، بە بەراوردکردنیان لەگەڵ ئاستی ئامارە (٠,٠٥) دەردەکەوێت، کە ئەم گۆڕاوە لە هەر سێ تەوەری گەشەپێدان و کولتووری مەدەنی ڕای گشتیدا جیاوازییان نییە چونکە ڕێژەکانیان گەورەترە لە ئاستی ئامارە و نەگەیشتۆتە ئاستی ئامارە ئاماری تەنها لە تەوەری ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە هوشیاریدا نەبێت بچووکترە جیاوازی هەیە و گەیشتۆتە ئاستی ئامارەی ئاماری . لەم گۆڕاوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئاستەکانی خوێندن یان جیاوازی بڕوانامەکان ڕۆڵیان لەسەر هوشیاری تاکەکان هەیە بۆ دروستبوونی جیاوازی مەعنەوی تا چەند تاك بڕوانامەکەی بەرزتر بێت زیاتر بەرەو پێشەوەیە هەرچەندە ئەمە لە هەموو بارێکدا یەکسان نییە، تەنها ڕێژەییە بەڵام بە ڕێژەیەکی بەرز. ( بەهای خشتەیی =٢,١٢ ).

٣- بەهای بەدەستهاتوو بۆ گۆڕاوی باری کۆمەڵایەتی هەر یەك لە تەوەرەکان، هوشیاری =٠,١٢، گەشەپێدان =٠,١٥، کولتووری مەدەنی =٠,٠٠٦، ڕای گشتی

=٠,٠٠٢ . بە بەراوردکردنی ئەم ڕێژانە لەگەڵ ئاستی ئاماژە (٠,٠٥) دەردەکەوێت، کە هەریەك لە هوشیاری و گەشەپێداندا ڕێژەکەیان گەورەترەو جیاوازی نییە نەگەیشتۆتە ئاستی ئاماژە ئاماری، بەلاَم لە کولتووری مەدەنی و ڕای گشتیدا گەیشتۆتە ئاستی ئاماژە ئاماری و جیاوازی هەیە. لێرەدا دەردەکەوێت، کە باری کۆمەلاَیەتی کاریگەری هەیە لەسەر هەستکردن بە بەرپرسیارێتی کەسایەتی تاك بۆ هەڵسەنگاندنی دەوروبەری و ئەو ژینگە کۆمەلاَیەتییەی تیایدا دەژێت کە ڕاگەیاندن بەشێکیانە. ( بەهای خشتەیی =٢,٦٣).

٤- بەهای بەدەستهاتوو بۆ گۆڕاوی باری ئابووری هەموو تەوەرەکان ڕێژەکەیان گەورەترە لە ئاستی ئاماژە (٠,٠٥) نەگەیشتۆتە ئاستی ئاماژە ئاماری، بۆیە ئەم گۆڕاوە هیچ جیاوازییەکی دروست نەکردووە دەربارەی بابەتی توێژینەوە، چونکە خوێندەوارو خاوەن بڕوانامە وەکو یەکتر ئامرازەکان دەتوانن بەکار بێنن و خوێندنەوەی خۆیان هەیە کە لە خەڵکانی نەخوێندەوار جیایان دەکاتەوە بۆیە دەبینین ئەوانەی لە هەر ئاستێکی ئابووریدا بن بۆچوونیان یەکە بەرامبەر بە کارو ڕۆڵی ڕاگەیاندن. (بەهای خشتەیی= ٢,٤٠)

٥- بەهای بەدەستهاتوو بۆ گۆڕاوی بایەخدان بە جۆری ڕاگەیاندن لە هەر تەوەرێکدا ڕێژەکەی گەورەترە لە ئاستی ئاماژە (٠,٠٥) بۆیە هیچ جیاوازییەك نییە لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە نموونەی توێژینەوەکە هەموویان جیاوازییان نییە لە بایەخدان بە جۆری ڕاگەیاندن هەموویان بایەخ بە هەر سێ جۆری ڕاگەیاندن دەدەن، ئەم گۆڕاوە هیچ جیاوازییەکی دروست نەکردووە لە ڕۆڵی ڕاگەیاندن .(بەهای خشتەیی=٢,١٢).

٦- بەهای بەدەستهاتوو لە گۆڕاوی ڕۆژنامە و گۆڤاردا* لە تەوەری هوشیاریدا =٠,٥٠، لە گەشەپێداندا ٠,٩١ ، وە کولتووری مەدەنی =٠,٠٢، لە ڕای گشتیدا=٠,٠٠٥ . بە بەراوردکردنیان دەردەکەوێت لە هوشیاری و گەشەپێداندا نەگەیشتۆتە ئاستی جیاوازی ئاماژە ئاماری، چونکە لە ئاستی ئاماژە (٠,٠٥)

* لە دەرهێنانی جیاوازی بۆ ڕادیۆ لە نموونەی لێکۆڵینەوە تەنها ئەوانە وەرگیراون کە بیسەری ڕادیۆن بڕوانە خشتەی ژمارە (١٣).

گەورەترە بەڵام لە کولتووری مەدەنی و ڕای گشتیدا گەیشتۆتە ئاستی جیاوازی ئاماژە ئاماری چونکە بەها بەدەستهاتووەکانیان بچووکترە لە ئاستی ئاماژە (٠,٠٥) لێرەدا دەردەکەوێت، کە ئەم گۆڕاوە لای نموونەی توێژینەوە جیاوازی دروست نەکردووە سەبارەت بە

هوشیاری و گەشەپێداندا بەڵام جیاوازی هەیە لەبارەی کارکردن بۆ کولتووری مەدەنییەت و ڕای گشتی. (بەهای خشتەیی=١,٩٧).

٧- بەهای دەرهاتووی گۆڕاوی ڕادیۆ بۆ هەر تەوەرێك لە تەوەرەکانی ئەم توێژینەوە بەم شێوەیە هوشیاری=٠,٢٢، گەشەپێدان =٠,٠٩، کولتووری مەدەنی =٠,٠١، ڕای گشتی= ٠,٦٢ بە بەراوردکردنی ئەم ڕێژانە لەگەڵ ئاستی ئاماژە (٠,٠٥) بۆمان دەردەکەوێت، کە ڕێژەی هەریەك لە تەوەرەکانی هوشیاری و گەشەپێدان و ڕای گشتی لە ئاستی ئاماژە زیاترە ئەمەش ئاماژەیە بۆ نەبوونی جیاوازی لە ئاستی ئاماژە ئاماری بەڵام لە کولتووری مەدەنی جیاوازی هەیە لە ئاستی ئاماژە ئاماری چونکە بەهای دەرهاتوو بچووکترە لە ئاستی ئاماژە. لێرەدا نموونەی توێژینەوە پێیان وایە گۆڕاوی ڕادیۆ لە کارکردنی بۆ هەر یەك لە هوشیاری و گەشەپێدان و ڕای گشتی جیاوازی نییە بەڵام لە کارکردن بۆ کولتووری مەدەنی جیاوازی هەیە. (بەهای خشتەیی=١,٩٧).

٨- بەهای دەرهاتووی گۆڕاوی تەلەفزیۆن * بۆ هەر یەك لە تەوەرەکان لە خشتەکەدا دیارە کە هەموویان گەورەترن لە ئاستی ئاماژە، بۆیە ئەم گۆڕاوە هیچ جیاوازییەك دروست ناکات و نەگەیشتۆتە ئاستی ئاماژە ئاماری، لێرەدا دەردەکەوێت، کە نموونەی توێژینەوە هەموویان لە کاری تەلەفزیۆن هیچ جیاوازییەك نابینن بۆ هەریەك لەم تەوەرانە. (بەهای خشتەیی=١,٩٧).

٩- لە دەرهێنانی بەهای گۆڕاوی ئینتەرنێت ** بۆ تەوەرەکان دەردەکەوێت کە ڕێژەی بەدەستهاتووی هەموو تەوەرەکان زیاترە لە ئاستی ئاماژە، بۆیە

* لە دەرهێنانی جیاوازی بۆ گۆڕاوی تەلەفزیۆن تەنها ئەوانە وەرگیراون، کە سەیری تەلەفزیۆن دەکەن بڕوانە خشتەی ژمارە (١٥).

** لە دەرهێنانی جیاوازی بۆ گۆڕاوی ئینتەرنێت تەنها ئەوانە وەرگیراون، کە بەکاری دێنن بڕوانە خشتەی ژمارە (١٧).

جیاوازی نییە و نەگەیشتۆتە ئاستی ئاماژە ئاماری، لەمەشەوە دەردەکەوێت کە ئینتەرنێت وەکو ئامرازێکی ڕاگەیاندن بۆ هەموو بوارەکان کار دەکات و زانیاری بلاّو دەکاتەوە بۆیە نموونەی توێژینەوە پێیان وایە ئەم گۆڕاوە جیاوازی دروست ناکات. (بەهای خشتەیی =١,٩٤).

**٣- جیاوازی هەڵسەنگاندن بۆ ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە بنیادنانی کۆمەڵگای مەدەنی بە پێی گۆڕاوەکان**

بۆ هەلسەنگاندنی ڕۆڵی ڕاگەیاندن بە گشتی بە پێی گۆڕاوەکانی توێژینەوە توێژەر هەوڵی داوە لە ڕێگەی بەکارهێنانی (F) ئەنۆڤای ئەم کارە ئەنجام بدات تا دەریخات کە ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە بنیادنانی کۆمەڵگای مەدەنی بە پێی گۆڕاوەکان دەگۆڕێت یان نا لە خشتەی ژمارە (١٩) دا خراوەتە ڕوو.

**خشتەی ژمارە (١٩)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی (ئەنوڤا) بۆ ڕوونکردنەوەی جیاوازی نێوان گۆڕاوەکان لە ڕۆڵی ڕاگەیاندن**

| بابەت / گۆڕاوەکان | ڕۆڵی ڕاگەیاندن F | P. | جیاوازی |
|---|---|---|---|
| تەمەن | ٠,٦٤ | ٠,٩٦ | نییە |
| ئاستی خوێندن | ٢,٥٩ | ٠,٠١ | هەیە |
| باری کۆمەلآیەتی | ٤,٨٢ | ٠,٠٠٣ | هەیە |
| باری ئابووری | ١,٠٦ | ٠,٣٧ | نییە |
| بایەخی جۆری ڕاگەیاندن | ١,٣٠ | ٠,٢٥ | نییە |
| ڕۆژنامە و گۆڤار | ٢,٧٥ | ٠,٠٩ | نییە |
| ڕادیۆ | ١,٤٧ | ٠,١٤ | نییە |
| تەلەفزیۆن | ١,١١ | ٠,٣٤ | نییە |
| ئینتەرنێت | ١,٠٢ | ٠,٤٢ | نییە |

لەم خشتەیەی سەرەوەدا توێژەر هەوڵی داوە گۆڕاوەکان ببەستێتەوە بە ڕۆڵی ڕاگەیاندن بۆ ئەوەی بزانێت لە کامە گۆڕاودا جیاوازی هەیە لای نموونەی توێژینەوەکەیدا لە هەریەك لە بەها بەدەستهاتووەکانی گۆڕاوەکانی تەمەن=٠,٩٦، باری ئابووری =٠,٣٧، بایەخدان بە جۆری ڕاگەیاندن=٠,٢٥، ڕۆژنامە و گۆڤار=٠,٠٩، ڕادیۆ=٠,١٤، تەلەفزیۆن=٠,٣٤، ئینتەرنێت=٠,٤٢ گەورەترە لە ئاستی ئاماژەی (٠,٠٥) کەواتە ئەم گۆڕاوانە بۆ ڕۆڵی ڕاگەیاندن هیچ جیاوازییەك دروست ناکەن، کە بگاتە ئاستی ئاماژە ئاماری، بەڵام بەهای بەدەستهاتووی هەر یەك لە گۆڕاوی خوێندن=٠,٠١ وە باری کۆمەڵایەتی=٠,٠٠٣ لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە ئەم دوو گۆڕاوە بەهای بەدەستهاتوویان بچووکترە لە ئاستی ئاماژە بۆیە جیاوازییان هەیەو دەگاتە ئاستی ئاماژە ئاماری.

لەم ئەنجامەوە دەردەکەوێت، کە لەم گۆڕاوانەدا تەنها خوێندن و باری کۆمەڵایەتی کاریگەرییان هەیە لەسەر پێوانەکردنی ڕۆڵی ڕاگەیاندن، ئەگەر چی گۆڕاوەکانی تریش لەوانەیە تا ڕاددەیەك ڕۆڵیان هەبێت بەڵام نەگەیشتۆتە ئاستی جیاوازی ئاماژە ئاماری. لەبەر ئەوەی نموونەکە هەموویان خوێندەوارو هەڵگری بڕوانامەی جیاوازن لە هەموو ئاستەکان بۆیە بیروڕاکانیان تا ڕادەیەکی باش لە یەکتر نزیکە بۆ پێوانەکردنی ڕۆڵی ڕاگەیاندن، دەریشکەوتووە لە ئاستە جیاوازەکانی خوێندن و باری کۆمەڵایەتیش جیاوازی هەیە ئەمەش شتێکی لۆژیکیانەیە، چونکە کەسێکی هەڵگری بڕوانامەی زانکۆ لەگەڵ کەسێکی سەرەتایی یان ناوەندی جیاوازی هەیە، هەروەها کەسێك خاوەنی خێزان بێت ئەزموونی هەبێت جیاوازە لەگەڵ یەکێك کە هێشتا نەچووبێتە ناو ئەم پرۆسەیەوە.

## تەوەری دووەم/ ڕاسپاردە و پێشنیازەکانی توێژینەوە

### ١- ڕاسپاردەکانی توێژینەوە

١- فەراهەمکردنی زیاتری ئازادی بۆ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە پێناو خزمەتکردنی زیاتر بە ژیانی مەدەنییەت لە هەرێمی کوردستاندا کە پێویستە حکومەت پێی هەڵسێت.

٢- گرنگیدان بە دارشتنی بەرنامەی تایبەت بە پەروەردەکردنی مەدەنییانەی تاکەکانی کۆمەڵگا لە ڕێگەی ڕاگەیاندن و ئامرازەکانیەوە کە پێویستە حکومەت سەرپەرشتی ئەم پرۆسەیە بکات لە رێگای وەزارەتە پەیوەندیدارەکانەوە.

٣- کارکردن بۆ هاندانی ڕاگەیاندنە جیاوازەکان بە هەموو ئامرازەکانیەوە بۆ کارکردنیان بە شێوەیەك، کە هەستکردن بە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لە پێشەوەی کاریان بێت کە وەزارەتە پەیوەندارەکان پێی هەڵسن.

٤- هاندانی ڕاگەیاندن بە گشتی لە پێناو کارکردن بۆ بڵاوکردنەوەی هوشیارییەکی تۆکمەی هەموو چین و توێژەکان سەبارەت بە ڕواڵەتەکانی ژیانی مەدەنییەت ئەوەی ئەم کارەی لە ئەستۆیە پارتە سیاسییەکان و ئۆپۆزسیۆنن.

٥- هەوڵ بدرێت چەند کەناڵێکی ڕاگەیاندن بونیاد بنرێت، کە شێوازی کارکردنیان لە چوارچێوەیەك بێت تەنها کاریان ناساندنی بنەماکانی مەدەنییەت بێت ئەویش لە ژێر سەرپەرشتی دەوڵەت و دام و دەزگاکانی کۆمەڵەی مەدەنی بەڕێوەی ببەن.

٦- هاندانی ڕاگەیاندن بە هەموو جۆرەکانی بۆ ڕوونکردنەوەی گەشەپێدانی گشتگیرو بەرەو پێشەوەبردن و سەرخستنی پرۆسەکانی گەشەپێدان، بۆ ئەم مەبەستە پێویستە حکومەت بۆ هەر پرۆسەیەکی پێشکەوتن و گەشەپێدان و بەرەوپێشەوە بردنی ژیان بەرەو مەدەنی و ڕاگەیاندن و کەناڵە جیاوازەکان و ئامرازە جیاوازەکانی بکاتە هاوبەشێکی گرنگ بۆ سەرخستنی پرۆسەکە یان دامەزراندنی چەند کەناڵێك کە لە خزمەت پرۆسەکەدابن.

٧– کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بە شێوەیەك ئاڕاستە بکرێت، کە زیاتر کار بکرێت لە ڕێگەی بەرنامە و بابەتی جیاواز بۆ بڵاوکردنەوەی کولتووری مەدەنییەت و گۆڕینی بەها نەریتییەکان بەهەمان شێوەی ڕاسپاردەی ژمارە (٥).

٨– لە ڕێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن زیاتر ڕێگە بە خەڵکانی رۆشنبیر و مەدەنی بدرێت بۆ ئەوەی باس لە گرنگیی کۆمەڵگای مەدەنی بکەن و زیاتر شرۆڤەی گرنگیی ئەم کۆمەڵگایە بدەن بۆ شێوازی ژیان.

٩– ڕێ نەگرتن لە ڕاگەیاندن بۆ دروستکردنی ڕای گشتی و بە پێچەوانەوە ڕاگەیاندن بکرێتە ئامرازێکی گرنگیی دروستکردنی ڕای گشتی لەسەر پرسە جیاوازەکان لە پێناو بەرەو پێشەوە بردنی ژیان بەرەو دەستەبەرکردنی مەدەنییەت و ئازادی ڕا و مافەکان و فراوانکردنی فەزای مەدەنییەت لە هەرێمی کوردستان.

١٠– دانانی یاسای تایبەت بە شێوازی کارکردنی هەر یەك لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە مەرجێك ئەم یاسایە رەچاوی ئازادیی کارکردنی ڕاگەیاندن بکات و بەر تەسکی نەکاتەوە.

١١– ڕاهێنانی ڕاگەیاندن کاران لەسەر شێوازی چۆنیەتی کارکردنیان بە شێوەیەکی مەدەنی و کارکردنیان لە پێناو گرنگیدان بە فەزای مەدەنییەت.

١٢– بە گشتی دەرگای زانیاری والا بکرێت لە بەردەم ڕاگەیاندن بۆ ئەوەی خەڵك بەگشتی ئاگاداری هەموو زانیارییەکان بێت، چونکە کۆمەڵگای مەدەنی بەو شێوەیە بونیاد دەنرێت، کە خەڵك زانیاری هەبێت و ڕای خۆی هەبێت لەسەر بابەتە جیاوازەکان.

## ٢- پێشنیازەکانی توێژینەوە

١– ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی دەربارەی ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە بنیادنانی کۆمەڵگای مەدەنی، چونکە ئەم قۆناغەی ئێستای هەرێمی کوردستان لە باری گواستنەوەدایە و بنەما مەدەنییەکان هەندێکیان لە دەرکەوتندان.

٢- ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی بە وەرگرتنی ئامرازێك لە ئامرازەکان یان جۆرێك لە جۆرەکانی ڕاگەیاندن دەربارەی تەوەرێك لە تەوەرەکانی ئەم توێژینەوەیە یان بنەمایەك لە بنەماکانی ژیانی مەدەنییەت.

٣- ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی بۆ ڕۆڵی ڕاگەیاندن بە وەرگرتنی نموونەیەکی فراوانتر لەو نموونەیەی لەم توێژینەوەیە وەرگیراوە هەروەها بۆ بەراوردکردنیان لە دوو ماوەی جیاوازدا.

٤- ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لەم بارەیەوە لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان بەهەموو ناوچە جیاوازەکانی بە شێوەیەك بتوانرێت بەراوردی نێوان ناوچەکان بکرێت .

٥- ساڵانە کۆنگرەیەك ببەسترێت لە نێوان بەرپرسان و خەڵکانی ئەکادیمی و ڕاگەیاندنکاران و ڕۆشنبیران و چالاکوانانی کۆمەڵگای مەدەنی بۆ ئەوەی بە داتا ئەو ئامازانەی کە هەن بۆ بنیادنانی کۆمەڵگای مەدەنی و بەرجەستەبوونی لە ژیانی کۆمەڵگادا بخرێنە ڕوو و بەرنامەی زیاتریش دابڕێژرێن و توێژینەوەیان لە بارەیەوە ئەنجام بدرێت.

# پەراوێزەکان


١– د.جودت محمد سعادة، مناهج الدراسات الاجتماعية، دار العلوم للملايين، بيروت، ١٩٩٠، ط٢،ص٣١٤–١٥ .

٢– د.احسان محمد الحسن و عبدالمنعم الحسنى، طرق البحث الاجتماعي، دار الكتب للطاعة، جامعةالموصل، ١٩٨٢،ص٧٣.

٣– د.محمد منير حجاب، المعجم الاعلامي، دار الفجر للنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠٠٤، ص٦١ .

٤– د.جبارة عطية جبارة، علم الاجتماع الاعلام، دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر، اسكندرية، ٢٠٠١، ص٤٨ .

٥– د.عزيزة عبده، الاعلام السياسي والرأي العام، دار الفجر للنشر والتوزيع، قاهرة، ٢٠٠٤، ص٤٧.

٦– اندرو بوديفات، دور وسائل الاعلام في بناء الديمقراطية و تعزيزها،المؤتمر الدولي السادس للديمقراطيات الجديدة او المستعادة، الدوحة، ٢٠٠٦، ص ٩. نشر على www.icnrd٦.com بتاريخ ٢٠١٠/٣/٨ .

٧– د. متروك الفالح، المجتمع والديمقراطية والدولة في البلدان العربية، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ٢٠٠٢، ص٢٦.

٨– د.عبدالغفار شكر و د. محمد مورو، المجتمع الاهلي و دوره في بناء الديمقراطية، دار الفكر، دمشق، ٢٠٠٣، ص٤١ .

٩– د.عبدالوهاب حميد رشيد، التحول الديمقراطي والمجتمع المدني، دار المدى للثقافة والنشر، دمشق، ٢٠٠٣، ص٩٠ .

١٠– هەمان سەرچاوە، ل٦٦.

١١– د.عبدالغفار رشاد القصبي، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٥.

١٢– د.عبدالله محمد عبدالرحمن، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٩. و د.عواطف عبدالرحمن، قضايا التبعية الاعلامية والثقافية في العالم الثالث، عالم المعرفة، ١٩٨٤، كويت، ص٦.

١٣– د.عبدالغفار رشاد القصبي، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٥.

١٤– ا.ك .اوليدوف، الوعي الاجتماعي،ترجمة :ميشيل كيلو، دار ابن خلدون، بيروت، ١٩٧٨، ص٢٥١.هەروەها بڕوانە د.عقيل محمود الرفاعي، الاعلام التربوي (دراسات مقارنة)، دار الجامعة الجديدة، الازاريطة، ٢٠٠٨، ص ص١٣٩–١٤٤.

١٥- د.محمد عاطف غيث، قاموس علم الاجتماع، دار المعرفة الجامعية، الاسكندرية،١٩٩٠، ص٨٨ .

١٦- د.صابر عبد ربة، الاتجاهات النظرية في تفسير الوعي السياسي، دار الوفاء لدنياالطباعة والنشر، الاسكندرية، ٢٠٠٥، ص ١٤.بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە د.فردريك معتوق، تطور علم الاجتماع المعرفة، دار الطليعة للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٨٢، ص٢٤-٦.

١٧- د. ابراهيم ناصر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥ .

١٨- د. نسمة احمد البطريق، سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٨ .

١٩- د.ابراهيم امام، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٩.

٢٠- د.ابراهيم امام،سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣٩ .

٢١- د. ڕەشاد میران، مەعریفە -هوشیاری کۆمەلأیەتی- هوشیاری نەتەوەیی، گۆڤاری سەنتەری برایەتی -ژمارە ١٧ی ساڵی چوارەم، هەولێر٢٠٠٠، ل٢٤٢.

٢٢- د.صابر عبد ربە، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٩.

٢٣- د.احسان حفظی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣.

٢٤- د.علی عجوة، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٣ .

٢٥- د.عبدالمنعم محمد بدر، دراسات في المجتمع العربي، اتحاد الجامعات العربية، عمان، ١٩٨٥، ص٤٧٣.

٢٦- Michael Pitchford &Paul Henderson , making spaces for community development ,policy press, uk ,٢٠٠٨,p٣٣

٢٧-Neil Smelser &Seymour Martin Lipset,social Structure and Mobility in Economic Development ,Routledg&kegan paul , London ,١٩٦٤ ,p٢٣ د.حميد محسن

و جاعد الدليمي، سەرچاوەی پێشوو، ل١١١.

وە بڕوانە د.صالح خليل ابو اصبغ، قضايا اعلامية، الطبعة الثانية، دارمجدلاوي، عمان، ٢٠٠٥، ص ١٩٦-٧. و عبدالحميد برزنجي، ڕۆڵی ڕۆژنامەگەری کوردی لە گەشەپێدانی کۆمەڵگا، گۆڤاری سەنتەری برایەتی ژمارە (٥) ساڵی یەکەم نیسانی ١٩٩٨، ل١٨٣ .

٢٨- د.محمود یوسف، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩.

٢٩- عبدالرحمن تيشوري، دور الاعلام في تطوير والتحديث، نشر على http:// www.ahewar.org بتاريخ ٢٠١٠/١٠/٣.

٣٠- ا.عدنان عبدالرحمن ابوعامر، الاعلام التنموي في فلسطين اسباب الغياب ورؤية للمستقبل ورقة عمل مقدمة الى المؤتمر الاول الاستثمار والتمويل في فلسطين بين افاق التنمية والتحديات المعاصرة المنعقد بكلية التجارة في الجامعة الاسلامية في الفترة ٨-٩ مايو ٢٠٠٥، ص١٢.نشر

على http:// www.biblioislam.net بتاريخ ٢٠١٠/١٠/١٠. و د.ابراهيم امام، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣٣.
٣١- د.محمد عبدالقادر حاتم، الرأى العام وتاثره بالاعلام والدعاية، مكتبة الاسرة، بلا مكان الطبع، ٢٠٠٦، ص٣٣٤.
٣٢- د.حامد عبدالسلام زهران، علم النفس الاجتماعي، عالم الكتب، القاهرة، ١٩٧٢، ص٣٤٣.
٣٣- د. محمود يوسف، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢ .
٣٤- د.ابراهيم امام، الاعلام والاتصال بالجماهير، مكتبة الانجلو المصرية، بلا مكان الطبع، ١٩٨٤، ط٣، ص٣٩٦.
٣٥-د. يسرى محمد ابو العلا، استراتيجية الاعلام والتنمية، دار الفكر الجامعي، الاسكندرية، ٢٠٠٨، ص٦٠ .
٣٦- د.عماد محمد محمد عطية، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٢.
٣٧- د.مجد هاشم الهاشمي، الاعلام المعاصر وتقنياته الحديثة، دار المناهج للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٦، ص٣٩.
٣٨- سيروان ابوبكر عزيز، المجتمع المدني في الفكر الاسلامي والغربي بين النظرية والتطبيق، رسالة ماجستير منشورة، مطبعة نازة، اربيل، ٢٠٠٥، ص١٤٩.
٣٩- د.احسان محمد الحسن و عدنان سليمان احمد، المدخل الى علم الاجتماع، دار وائل للنشروالتوزيع، عمان، ٢٠٠٥، ص٢٩٣.
٤٠- ريتشارد داوسن واخرون، التنشئة السياسية (دراسة تحليلية )، ترجمة : مصطفى خشيم ومحمد زاهى المغيري، ط٢، منشورات جامعة قاريونس، بنغازي، ١٩٩٨، ص٥٦. و د.مصطفى مصمودي، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٦ .
٤١- د.احسان محمد الحسن، علم الاجتماع السياسي، مطابع جامعة الموصل، بغداد، ١٩٨٤، ص١١٤.و ابتهال الساعدى، لوسائل الاعلام تاثير وقوة على منظومة القيم وعلى تغيير سلوك الافراد، جريدة طريق الشعب عدد٤٦تشرين الاول ٢٠١٠، ص٤.
٤٢- د. عطاالله الرمحين، الاعلام الاجتماعي في حياة مدينة (نموذجا مدينة دمشق) بحث سوسيولوجي مسحي، دار علاءالدين للنشر والتوزيع والترجمة، دمشق، ٢٠٠٣، ص٩. هەروەها بروانە د.عصمت سويدان، دور وسائل الاعلام في التربية، ورقة عمل قدمت الى المؤتمر الدولي الاول للتربية الاعلامية -وعي ومهارة واختيار، منعقد في الرياض بتاريخ ٤-٧/مارس/٢٠٠٧، ص٢. نشر على /http://www.almaktabah.net بتاريخ ٢٠١٠/١٠/١٨ .
٤٣- د. مجد هاشم الهاشمي، الاعلام المعاصر وتقنياته الحديثة، دار المناهج للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٦، ص ٤٩.

٤٤- د. محمد نصر مهنا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٩.
٤٥- د.صادق الاسود، الرأي العام ظاهرة اجتماعية وقوة سياسية، جامعة بغداد، بغداد، ١٩٩٣، ص٨١. و د.حميدة سميسم، نظرية الرأى العام، دار الشوؤن الثقافية العامة، بغداد، ١٩٩٢، ص٢١٦.
٤٦- توفيق شومان، المجتمع المدني في بعدة الاعلامي، مجلة الشاهد عدد (٦) بيروت، ١٩٩٩، ص٧٦ .
٤٧- د.محمد احمد اسماعيل، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٠٨ .
٤٨- د.عزيزة عبدة، الاعلام السياسي والراي العام، دار الفجر للنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠٠٤، ص١٣٨.
٤٩- د.محمد ازهر سعيد السماك واخرون، اصول البحث العلمي، مديرية دار الكتب للطباعة والنشر، جامعة الموصل، ١٩٨٦، ص٤١.
٥٠- د.عبدالهادي الفضلي، اصول البحث، دار المؤرخ العربي، بيروت، ١٩٩٢، ص٥١.
٥١- د. محمد ازهر سعيد السماك واخرون، سەرچاوەی پێشوو، ل٦١.
٥٢- د.رجاء وحيد دويدري، سەرچاوی پێشوو، ل٣٠٨.
*بروانە د.وديع العزعزي، الشباب بين ثقافة الصورةوالثقافة الاصولية، نشر على http://www.algomhoriah.net/بتاريخ٢١/١٢/٢٠١٠.
٥٣- د.احسان محمد الحسن و د.عبدالحسين زينى، الاحصاء الاجتماعي، مطبعة الجامعة، الموصل،١٩٨٢، ص٦٣.
٥٤- د.احسان محمد الحسن، مناهج البحث الاجتماعي، دار وائل للنشر، عمان، ٢٠٠٥، ص٢١١.
٥٥- د.كامل محمد المغربي، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٣.
٥٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٤.
٥٧- د. احسان محمد الحسن و د. عبدالمحسن زيني، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٥.
٥٨- د. محمود السيد ابو النيل، الاحصاو النفسى و الاجتماعى والتربوى، دار النهج العربيه، بيروت، ١٩٨٧، ص٢١٧.
٥٩- د.كامل محمد المغربى، سەرچاوەی پێشوو، ٢٤٩.

# شێوەی پێوەری توێژینەوە

**هاولاتی ئازیز .......سلاوت لێبێ**

کۆمەڵێك بڕگە لەبەردەستی بەڕێزتدایە، کە سەرەڕای تەوەری **زانیارییە گشتییەکان**، بڕگەکانی تر تایبەتە بە کۆکردنەوەی زانیاریی و ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی زانستی بە ناونیشانی (**ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە بنیادنانی کۆمەڵگای مەدەنی / توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری هەولێر**). تۆی بەڕێزیش وەك یەکێك لە هاولاتیانی شاری هەولێر، لەڕێگەی راستگۆیی و سەربەخۆیی وەلامدانەوەی سەرجەمی بڕگەکان، بەشدار دەبیت لە سەرخستن و دەوڵەمەندکردنی ئەو توێژینەوەیەدا. ئەوەش بزانە کە کۆکردنەوەی ئەو زانیارییانە تەنها بۆ مەبەستی توێژینەوەی زانستییە و نهێنییان پارێزراوە........

**هاوکاریت جێگای رێز و پێزانینە.**

**چەند تێبینییەکی پێویست:**

١– پێویست بە ناو نووسین ناکات.

٢– لە زانیارییە گشتییەکان تەنها یەك هەڵبژاردنت هەیە تەنها لە ژمارە (١٢،٧) دەتوانی لە یەك هەڵبژاردن زیاتر هەڵبژێری.

٣– دوای خوێندنەوەی بڕگەکان، بە نیشانەی (√) دابنێ بەرامبەر وەلامی گونجاو لە یەکێ لەم پێنج وەلامانەی خوارەوە. بۆ نموونە:

| بڕگە | زۆر لەگەڵیدام | لەگەڵیدام | تارادەیەك | لەگەڵیدا نیم | هیچ لەگەڵیدانیم |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕاگەیاندن ڕۆڵی هەبووە لە سەر رۆشنبیرکردنم | | | | | |

* ئەگەر زۆر لەگەڵ ئەو بڕگەیەدایت، ئەوا نیشانەی (√) لەبەردەم هەڵبژاردەی یەکەم (**زۆر لەگەڵیدام**) دابنێ.

* ئەگەر هەر تەنها لەگەڵ ئەو بڕگەیەدایت، ئـەوا نیـشانەی (√) لەبـەردەم هەڵبـژاردەی دووەم (**لەگەڵیدام**) دابنێ.
* ئەگــەر تارادەیــەك ڕۆڵــی هــەبووە، ئــەوا نیــشانەی (√) لــە بــەردەم هەڵبــژاردنی سێیەم(**تاراددەیەك**) دابنێ.
* ئەگەر لەگەڵ ئەو بڕگەیەدا نیت، ئەوا نیـشانەی (√) لەبـەردەم هەڵبـژاردەی چـوارەم (**لەگەڵیدانیم**) دابنێ.
* ئەگەر هـیچ لەگـەڵ ئـەو بڕگەیـەدا نیـت، ئـەوا نیـشانەی (√) لەبـەردەم هەڵبـژاردەی پێنجەم (**هیچ لەگەڵیدانیم**) دابنێ.

٤- تکا لە بەڕێزت دەکەین وەڵامی سەرجەم بڕگەکان بدەیتەوە و تەنها یەك وەڵام هەڵبژێرە.

٥- بۆ زانیاریی بەڕێزت، هیچ بڕگەیەکی تێدا نییە، کە ڕاست یاخود چەوت بێ، بەڵکو ئەوەی تۆ هەڵیدەبژێری دروستە و گوزارشت لە بیرو بۆچوونت دەکات بەرامبەر بە بابەتی توێژینەوە.

| | |
|---|---|
| **قوتابی** | **سەرپەرشتیار** |
| **شێروان عوسمان رەسوول** | **د. سەلیم پترس ئلیاس** |

## زانیاری گشتی

١– ڕەگەز: نێر ( )، مێ ( ).
٢– تەمەن: ( ) ساڵ.
٣– ئاستی خوێندن: خوێندەوار ( )، دەرچووی سەرەتایی ( )، دەرچووی ناوەندی ( )، دەرچووی ئامادەیی ( )، دەرچووی پەیمانگا ( )، دەرچووی زانکۆ ( )، خوێندنی باڵا ( ).
٤– باری ئابووری: زۆر خراپ ( ) خراپ ( )، مام ناوەند ( )، باش( )، زۆر باش ( ).
٥– پیشە: ....................
٦– باری کۆمەڵایەتی: سەڵت ( )، خێزاندار ( )، بێوەژن ( )، بێوەمێرد ( ).
٧– زیاتر بایەخ بە کامە جۆری ڕاگەیاندن دەدەیت (دەتوانیت لە یەك وەڵام زیاتر هەڵبژێری): ئەهلی( )، حزبی( )، حکومی ( ).
٨– ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان دەخوێنمەوە: بەردەوام ( )، جار بە جار ( )، ناخوێنمەوە ( ).
٩– لە شەو و ڕۆژێکدا ماوەی ( ) کاتژمێر گوێ لە ڕادیۆ دەگرم.
١٠– لە شەو و ڕۆژێکدا ماوەی ( ) کاتژمێر سەیری تەلەفزیۆن و کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان دەکەم.
١١– لە شەو و ڕۆژێکدا ماوەی ( ) کاتژمێر ئینتەرنێت بەکار دێنم.
١٢– زیاتر گرنگی بە چ بابەتێکی ڕاگەیاندن دەدەیت (دەتوانیت لە یەك وەڵام زیاتر هەڵبژێری): سیاسی( )،
کۆمەڵایەتی( )، ئابووری( )، ژینگەیی( )، کولتووری( )، زانستی( )، خۆشگوزاری( )،
وەرزشی( ).

## زانیارییەکانی تایبەت بە بابەتی توێژینەوە:

| ژ | بڕگەکان | زۆر لەگەڵیدام | لەگەڵیدام | تارادەیەک | لەگەڵیدانیم | زۆر لەگەڵیدانیم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ڕاگەیاندن ڕۆڵی بینیوە لە نەمانی دیاردەی لێدانی منداڵان. | | | | | |
| ٢ | ڕاگەیاندن ڕۆڵی بینیوە لە هوشارکردنەوەی خەڵك بە سەرفکردنی ئاو و کارەبا. | | | | | |
| ٣ | ڕاگەیاندن ڕۆڵی نەبینیوە لە هوشیارکردنەوەم، بە گرنگی خوێندنی منداڵان. | | | | | |
| ٤ | ڕاگەیاندن نەبۆتە سەرچاوەی زانیاریم بە مۆدیلە جیاوازەکانی کەلوپەلی ناوماڵ. | | | | | |
| ٥ | ڕاگەیاندن رۆڵی هەبووە لە هوشیار کردنەوەم بە گرنگی پاراستنی تەندروستیم. | | | | | |
| ٦ | لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە شارەزاییم پەیدا کردووە دەربارەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی. | | | | | |
| ٧ | ڕاگەیاندن ئەو هوشیارییەی لای تاك دروست کردووە بەپێی پیشەکەی ئینتما بکات بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی. | | | | | |
| ٨ | ڕاگەیاندن ڕۆڵی نەبووە لەسەر هوشیارکردنەوەم بە گرنگیی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عیراقی. | | | | | |
| ٩ | لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە ئاگاداری هەواڵی پارتە سیاسییەکان نیم. | | | | | |
| ١٠ | لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە ئاگاداری پرس و پێشهاتە سیاسییەکانم. | | | | | |
| ١١ | لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە زانیاریم زیادی نەکردووە سەبارەت بە گرنگی ژینگە بۆ ژیانی مرۆڤ. | | | | | |
| ١٢ | ڕاگەیاندن ڕۆڵی هەیە لەسەر پاك راگرتنی ژینگە. | | | | | |
| ١٣ | ڕاگەیاندن ڕۆڵی هەبووە لە هاندانم بۆ نەمام چاندن. | | | | | |
| ١٤ | ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بوونەتە هۆی ئاشناکردنم بە ئەرك و مافە یاساییەکانم. | | | | | |
| ١٥ | ڕاگەیاندن ڕۆڵی بینیوە لە بڵاوکردنەوەی هوشیاری سەبارەت بە یاساکانی هاتوچۆ. | | | | | |
| ١٦ | ڕاگەیاندن ڕۆڵی نەبووە لە شارەزا بوونم بە یاسا مەدەنییەکان. | | | | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٧ | لە رێگەی راگەیاندنەوە ئاشنای کولتووورە جیاوازەکانی جیهانی دەرەوە بووم. | | | | | |
| ١٨ | راگەیاندن بە دواداچوونی کردووە بۆ کێشەی بێکاری. | | | | | |
| ١٩ | راگەیاندن نەیتوانیوە خزمەت بە گەنجان بکات لە بواری وەرزشییەوە.. | | | | | |
| ٢٠ | راگەیاندن رۆڵی راهێنانی زانستی بینیوە بۆ زیادکردنی بەرهەمی ئابووری لای پیشەوەران. | | | | | |
| ٢١ | راگەیاندن بۆتە هاندەرێکە بۆ تاکەکان تا بە شێوەی رێکخراوەیی کار بکەن لە پێناو ئامانجەکانیان. | | | | | |
| ٢٢ | راگەیاندن رۆڵی نەبووە لە گرنگیدان بە سەربەخۆیی رێکخراو دام و دەزگاکانی کۆمەڵگای مەدەنی. | | | | | |
| ٢٣ | راگەیاندن رۆڵی چاودێری نەگێراوە بەسەر کاروباری حکومەت. | | | | | |
| ٢٤ | راگەیاندن توانیویەتی فرەیی پارتە سیاسییەکان بەهێز بکات لە کوردستاندا. | | | | | |
| ٢٥ | راگەیاندن رۆڵی بینیوە لە وروژاندنی بابەتی دەستاودەستکردنی ئاشتییانەی دەسەلات لە کوردستاندا. | | | | | |
| ٢٦ | راگەیاندن رۆڵی نەبینیوە لە هێنانە پێشەوەی ئافرەتان بۆ بەشداری سیاسی شان بەشانی پیاو. | | | | | |
| ٢٧ | راگەیاندن رۆڵی نەبووە لەسەر زیادبوونی بەشداری خەڵك لە هەڵبژاردنەکاندا. | | | | | |
| ٢٨ | راگەیاندن توانیویەتی خەڵك ئاراستە بکەن بۆ بەشداری لە دروستکردنی بریاری سیاسی. | | | | | |
| ٢٩ | راگەیاندن رۆڵی بینیوە لە گەیاندنی پەیامی خەڵك بە دەسەلات. | | | | | |
| ٣٠ | راگەیاندن توانیویەتی رۆڵی پێگەیاندنی سیاسی گەنجان ببینێت لە هەرێمی کوردستاندا. | | | | | |
| ٣١ | راگەیاندن رۆڵی هەبووە لە پێگەیاندنی تاك بۆ داواکارییە سیاسییەکانی چاو نەترس بێت | | | | | |
| ٣٢ | راگەیاندن بایەخی بە پرسی کارکردنی منداڵان نەداوە. | | | | | |
| ٣٣ | راگەیاندن رۆڵی هەبووە لە کەمکردنەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان . | | | | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٣٤ | ڕاگەیاندن ڕۆڵی نەبووە لە وروژاندنی کێشەی لاوازی دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە نێوان تاکەکان. | | | | | |
| ٣٥ | ڕاگەیاندن ڕۆڵی هەبووە لە بەرزکردنەوەی ئاستی هەستی بەرپرسیارێتی لای تاکاکانی کۆمەڵگا بەرامبەر کارەکانیان. | | | | | |
| ٣٦ | ڕاگەیاندن بەدواداچوونی کردووە لە بارەی بوونی گەندەڵی و مەترسییەکانی لە دام و دەزگاکاندا. | | | | | |
| ٣٧ | ڕاگەیاندن ڕۆڵیان هەبووە لە ئاراستەکردنی خەڵك بۆ دروستکردنی باخچە و خزمەتکردنی. | | | | | |
| ٣٨ | ڕاگەیاندن ڕۆڵیان هەبووە لە بڵاوکردنەوەی بەهای خۆبەخشی لە هەرێمی کوردستاندا. | | | | | |
| ٣٩ | ڕاگەیاندن توانیویەتی بەهای تۆڵە بگۆڕێت بۆ لێبوردەیی لە نێوان خەڵك. | | | | | |
| ٤٠ | ڕاگەیاندن ڕۆڵی هەبووە لە خزمەتکردن بە پێکەوە ژیانی (ئایین، نەتەوە) لە هەرێمی کوردستاندا. | | | | | |
| ٤١ | ڕاگەیاندن ڕۆڵی هەبووە لە لاوازکردنی بەها نەریتییەکان(ڕق لێبوونەوە، ململانێ، خوێن، منداڵ بەشوودان، ژن بەژنی، فرەژنی) لە کۆمەڵگای کوردیدا. | | | | | |
| ٤٢ | ڕاگەیاندن ڕۆڵی هەبووە لەسەر باوکان تا بە یەکسانی سەیری کوڕ و کچ بکەن. | | | | | |
| ٤٣ | ڕاگەیاندن توانیویەتی هزری ناوچەگەری لاواز بکات. | | | | | |
| ٤٤ | ڕاگەیاندن ڕۆڵی بینیوە لە لاوازکردنی پەیوەندییە خزمایەتییەکان. | | | | | |
| ٤٥ | ڕاگەیاندن ڕۆڵی بینیوە لەوەی هەر تاکێك خاوەن سەرمایەی ئابووری خۆی بێت. | | | | | |
| ٤٦ | ڕاگەیاندن توانوویەتی ویژدانم بجووڵێنێ تا هاوکاری خەڵکانی پێویست بکەم. | | | | | |
| ٤٧ | ڕاگەیاندن ڕۆڵیان بینیوە لە دروستکردنی ڕای گشتی لەسەر پرسە سیاسییەکانی ناوخۆی هەرێمی کوردستان. | | | | | |
| ٤٨ | ڕاگەیاندن ڕۆڵی نەبینیوە لە دروستکردنی ڕای گشتی لەسەر پرسە نەتەوایەتییەکان. | | | | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤٩ | ڕاگەیاندن بۆتە سەکۆی خەڵکانی دەستەبژێر بۆ وروژاندنی ڕای گشی لەسەر بابەتە ئابوورییەکان. | | | | | |
| ٥٠ | ڕای گشتی لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە توانیویەتی ببێتە چاودێر بەسەر بڕیارەکانی پەرلەمانی کوردستان. | | | | | |
| ٥١ | ڕاگەیاندن ڕۆڵی هەبووە لە دروستکردنی ڕای گشتی ناوچەگەری لە کوردستاندا. | | | | | |
| ٥٢ | ڕاگەیاندن نەیتوانیوە خەڵکی بێنێتە سەر شەقام دژ بە بوونی دیاردەی گەندەڵی. | | | | | |
| ٥٣ | ڕاگەیاندن ڕۆڵی بینیوە لە دروستکردنی ڕای گشتی لە سەر پرسە ژینگەییەکان. | | | | | |
| ٥٤ | ڕاگەیاندن ڕۆڵی نەبینیوە لە دروستکردنی ڕای گشتی لەسەر بابەتە ئایینییەکان. | | | | | |
| ٥٥ | لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە چین و توێژە جیاوازەکان توانیویانە ڕای گشتی دروست بکەن سەبارەت بە مافە سیاسییەکانیان. | | | | | |
| ٥٦ | ئازادی ڕا دەربڕینی سیاسی نەبۆتە جێگەی گرنگیپێدانی ڕاگەیاندن. | | | | | |

# ملخص البحث باللغة العربية

تلعب وسائل الاعلام في نقل الافكار والمعلومات الاجتماعية والسياسية والاقتصادية والعلمية والثقافية الى عدد كبير من الافراد دوراً كبيراً وتسهم في تغيير الاراء والمواقف والميول والاتجاهات الاجتماعية والسياسية التى يحملها ابناء المجتمع والاعتقاد بآراء ومواقف جديدة تسهم في خلق واقع اجتماعي وسياسي جديد.

ان نشؤ وتطور وسائل الاعلام ترافق مع بداية تبلور مؤسسات المجتمع المدني، فالاعلام بفضل الثورة المعلوماتية التي ساعدت في خلق وانتاج بيئة اتصالية ذات ابعاد اجتماعية وثقافية جديدة لم تكن معهودة من قبل جذب الملايين نحو الاحداث اليومية الملحة الاكثر اهمية وشكل حركة جماهيرية موجهة الى حل المهام الملحة في البناء المدني الديمقراطي بالنضال ضد بقايا الماضي المتخلف في وعي الناس من خلال نبذ الاساليب والقيم التقليدية وترغيبها في الانماط المدنية الديمقراطية التي تسود المجتمعات المتقدمة، وتمكينها من تنقية التراث الاجتماعي من العادات السيئة وتكوين اتفاق جماهيري وحركة جماهيرية من اجل بناء رأي عام نشط وفعال الذي يمكن تشكيله جزءاً حيوياً من مقومات المجتمع المدني .

فالاعلام الحر يخاطب عقول الجماهير ويهدف الى تنمية الفكر والتفكير النقدي ويقدم للجماهير اخباراً ومعلومات هدفها زيادة المعرفة والاقناع والتفاهم وقبول الرأي الآخر المختلف واشاعة ثقافة التسامح والديمقراطي وحقوق الانسان.

ان هذا البحث (دور الاعلام في بناء المجتمع المدني) يتكون من جانبين، الجانب النظري والجانب الميداني. يتكون الجانب النظري من فصلين: الفصل الاول يتضمن الاطار النظري للبحث و مفاهيمه والفصل الثاني يتضمن دور الاعلام في التوعية والتنمية الشاملة واشاعة الثقافة المدنية و تشكيل الراي العام..

واشتمل الجانب الميداني على الفصلين (٣،٤) : اما الفصل الثالث فانه يختص بالاطار المنهجي للبحث بينما يتكون الفصل الرابع من المعلومات العامة حول عينة البحث و عرض وتحليل البينات والنتائج التى توصلت اليها الدراسة وتاثير المتغيرات مثل (الجنس، العمر، مستوى التعليم والمعيشة والحالة الاجتماعية، وسائل الاعلام واشكالها المتمثلة بالمجلات والجرائد والراديو والتلفزيون والانترنت) على النتائج، وخرج البحث بمجموعة من التوصيات والمقترحات.

# Abstract

## The role of media in building of civil society

Media play a role in conveying ideas and social, political, economic, scientific and cultural information to a large number of individuals and contribute to changing opinions, attitudes, preferences, social and political trends of the members of society and adapting beliefs, opinions and attitudes that contribute in creation of a new social and political reality.

The emergence and evolution of the media accompanied the beginning of the civil society institutions crystallization. Thanks to the information revolution which helped in the creation and production of a new communication environment with a social and cultural dimensions, otherwise media was not used to attracting the attention of millions to the more important daily pressing events and forming a mass movement aimed at solving the pressing missions in the civil democratic construction through struggling against the remnants of the backward past in the consciousness of people through renunciation of the traditional methods and values and enticing in the civil democracy patterns, which dominates the developed societies, and enable them to purify social heritage of bad habits as well as forming a public agreement and a mass movement to build an active and effective public opinion, which forms a vital part of the elements of civil society.

The free media addresses the minds of the masses and aims at development of thought, critical thinking and provide the masses with news and information to raise knowledge, persuasion, understanding,

accepting different opinions and spreading the culture of tolerance, democracy and human rights.

This research (the role of media in building civil society) consists of two parts, the theoretical part and the field part. The theoretical part consists of two chapters: Chapter I contains the theoretical framework of the research and the concepts. Chapter II covers the role of media in raising awareness and comprehensive development and spreading civic culture and formation of public opinion.

The field part also consists of two chapters (III, IV). Chapter III discusses the methodological framework of the research. Whereas chapter IV covers general information about the research sample, presentation and analysis of the data and the findings of the study in relation to the variables such as (sex, age, education level and living and social situation, the media and forms of magazines and newspapers, radio, television and the Internet). The research concludes with a set of recommendations and proposals.

# ژیان و تێکۆشانی
# مەلا محەمەد شەریف عوسمانی رەنگەڕێژانی
# ١٩٢٥ - ١٩٧٦
## توێژینەوەیەکی مێژووییە

**د. ئازاد عوبێد ساڵح**
**بەشی مێژوو/ کۆلێژی ئەدەبیات**
**زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر**

## پێشەکی

کەم نین ئەوانەی بە بێدەنگی و دوور لە هەر خۆدەرهێنان و خۆدەرخستنێك، ئەرکی نیشتمانی و نەتەوەییان بە دڵسۆزی و لە خۆبردوویی راپەڕاندووە، تەنانەت بێ ئەوەی رۆژێك لە رۆژان منەت و گلەییەکیان دەربڕیبێ یان گازاندەیەکیان کردبێ.

نموونەی ئەو کەسانەش بابەتی ئەو توێژینەوەیەی ئێمەیە بە ناوونیشانی (مەلا محەمەد شەریف عوسمانی رەنگەڕێژانی هەولێری)یە، ئەو کەسەی زۆری پێشکێش کردووە، بەڵام هیچی ئەوتۆی بۆخۆی نەبردووە، وەکو لەم تۆژینەوەیەش دەردەکەوێت .

بۆ ئەوەی تیشك بخرێتە سەر گۆشەیەکی بچووکی مێژووی ئەو جۆرە کەسایەتییە دەگمەنانە و شاری هەولێر، کە هێشتا زۆر لایەنی مێژووەکەی بە شاراوەیی ماوەتەوە، تەرخانکردنی بابەتێکی توێژینەوە بۆ ئەو کەسایەتییە بە پێویست زانرا.

ئەو توێژینەوەیە، کە لە ژیان و تێکۆشانی سیاسی و رووناکبیریی مەلا محەمەد شەریف عوسمان دەدوێت، سەرەتا لە سەربردە و رێورەچەڵەکی بنەماڵەی رەنگەڕێژانی دەست پێدەکات، پاشان دێتە سەر پێگەیشتن و کەسایەتی

مەلا شەریف، ئینجا خەباتی سیاسی و پاشان چالاکی رووناکبیری و دۆستایەتیی عەرەب و کورد لەبیر و هزری ئەودا، دواتریش سەروکاری مەلا شەریف بە رۆژنامەوانیی نهێنی، بەتایبەتی رۆژنامەی (ئازادی)، لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا ئەنجام و پوختەی عەرەبی و ئینگلیزی دێت.

گیروگرفتەکانی ئەم توێژینەوەیە، زیاتر کەمیی سەرچاوە بوو، ئەویش بەهۆی نائارامیی بارودۆخی سیاسیی کوردستان و ترس و هەڕەشەی داگیرکەرانی ئەوسای کوردستان، کە بەگشتی سەرچاوەی بێژمار لە ناوچوون، بەتایبەتیش ئەوەی سەروکاری بە کورد و سیاسەتەوە هەبووە. ئەمە زیانێکی بێ ئەندازەی لە مێژووی ئەم میللەتە داوە و بە ملیۆنان بەڵگەنامە لە ناوچوون.

سەبارەت بە مەلا شەریف، ئەوا زوو کۆچی دواییکردنی و خاکەرایی و بێدەنگیی خۆیشی، لەگەڵ هەوڵی زۆرمان بۆ دەستخستنی دەستنووسەکانی و پەیوەندیکردن بە بنەماڵەکەی و بەتایبەتیش زانای کوڕی ، هەروەها کۆچی دوایی هاوڕێ و ئەوانەی لە نزیکەوە کاریان لەگەڵ کردبوو ، ئەوا هیچمان دەست نەکەوت، خۆدزینەوەی ئەوکەسەش کە هەندێ کەرەستەی لابوو زیاتر کارەکەی لێ ئاڵۆز کردین، بەڵام بەهەوڵی خۆمان، بە گەڕان و پشکنین و سۆراخی زۆر، توانیومانە ئەم توێژینەوەیە بنووسین.

بایەخی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، لە ژیان و خەباتی کەسایەتییەکی ئەم نەتەوەیە دەکۆڵێتەوە، وەك وەفایەك بۆ ئەوانەی بۆ ئەو وڵات و نەتەوەیە تێکۆشاون و بۆ ئەوەی بە نەوەی نوێ بناسرێن و لە چۆنیەتیی پێگەیشتن و دەور و تێکۆشانیان ئاگادار بین و بزانین بە چ شێوازێك و لە چ بارودۆخێکی دژواردا، کاریان کردووە، تا دواڕۆژێکی گەشەدار بۆ نەتەوەکەیان بهێننە دی، لەو پێناوەشدا سڵیان لەهەر جۆرە دژواری و ئاستەنگێك نەکردۆتەوە، تەنانەت هەندێکیشیان بوونەتە قوربانی، بەتایبەتیش کە نموونەی مەلا شەریف، جیاوازە و لە سەردەمێکدا و لە بوارێکی زۆر جیاوازدا، رووی لە بوارێکی دیکەی (پێچەوانە) کردووە.

سەبارەت بە سەرچاوەکان، پشت بە هەندێ وتار و نووسینەکانی خۆی و کوڕ و نووسینی هەندێ لە هاوڕێ و ناسیاوەکانی، کە لێرەو لەوێ لە کوڕ و بڵاوکراوەکاندا لەبارەیەوە نووسراون، بەستراوە.

ئەو سەرچاوانەی دیکەش کە سوودیان لێی وەرگیراوە، گرنگترینیان بریتین لە: کتێبی (علماء و مدارس اربيل)ی (زوبێر بیلال ئیسماعیل)ە، ئەم کتێبە بۆ رێوڕەچەڵەکی بنەماڵەکەی و ژیانی خۆیشی زۆر بەکەڵك بوو. هەروەها یادداشتەکانی سالح حەیدەری بە ناوی (مختارات من مذكرات صالح الحيدري)، سەرچاوەیەکی یەکجار گرنگە بۆ ژیانی سیاسی ئەو کەڵکی زۆری لێ وەرگیرا، لەبەر ئەوەی ئەو خۆی لە ناوجەرگەی رووداوەکاندا بووە و مەلا شەریفیشی لە نزیکەوە ناسیوە و رێکی خستووە. بەشی دووەمی کتێبی ( کوردو کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حوکمەتی بەریتانیادا)ی (د.کەمال مەزهەر)یش، کە هێشتا دەستنووسە و چاپ نەکراوە و دوو بەشی بۆ حیزبی شیوعی عێراقی تەرخان کراوە ، زانیاری باشی تێدایە، ئەوە جگە لەوەی ژمارەیەکی رۆژنامەی دانسقەی (ئازادی) تێدایە کە لە رۆژگاری مەلا شەریفدا دەرچووە. سەرچاوەیەکی دیکە کتێبی (موسوعة سرية خاصة بالحزب الشيوعي العراقي السري)یە، کە شەش بەرگەو حکومەتی عێراقی لە ساڵی ١٩٤٩ـ ١٩٥٠ دەری کردووە، سەرچاوەیەکی بێ ئەندازە بە نرخە، چونکە ئیفادەی کادیرە کۆمۆنیستەکانی ئەو سەردەمەی تێدایە. کتێبی (العراق/ الكتاب الثاني /الحزب الشيوعي )ی (حنا بطاطو)، یەکە لەسەرچاوە گرنگ و زانستییەکان و زانیاری وردی تێدایە، کەڵکی زۆری لێ وەرگیرا. هەروەها رۆژنامەی (بیری نوێ)یش لە رۆژگاری خۆی لە دیدارێکی دانسقەدا لەگەڵ مەلا شەریف، کە لە لایەن( سەعدی مالح ) کراوە و زانیاری بێ ئەندازە بایەخداری تێدایە، لەم لێکۆڵینەوەیەدا کەڵکی زۆر لەمیش وەرگیرا. لەگەڵ هەندێ دیداری پێویست لەگەڵ ئەوانەی زانیارییان لە بارەیەوە هەبوو. ئەمە سەرەڕای ژمارەیەك سەرچاوەی دیکە کە لە لیستی سەرچاوەکاندا ئاماژەیان پێکراوە.

## سەربردەی ژیانی

**١- محەمەد شەریف ڕەنگەڕێژانی:**

بنەماڵەکەی: بنەماڵەی ڕەنگەڕێژانی بنەچەکەیان لە ڕۆژهەلاتی کوردستانەوەیە، خەڵکی دێی (ڕەنگەڕێژان)ی سەر بە شارۆچکەی سەقزی ئوستانی سنەن، محەمەد شەریفی باپیرە گەورەیان بە دوای زانست و زانیاریدا وڵاتان گەڕاوە و لە هەولێر گیرساوەتەوە و لای عومەر ئەفەندی هەولێری[1]، زانای ناودار خوێندوویەتی ماوەی دوازدە ساڵ لەگەڵ عەبدولکەریمی برای لای ئەو زانایە ماوەتەوە و ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە، پاشان لە گوندەکانی سەر بە هەولێر خەریکی پێشنوێژی و وانەبێژی بووە، چەندین دانراوی لە بواری زانستی (منطق)، نحو،... هەبووە، هەروەها شاعیریش بووەو شیعری بە زمانی کوردی و فارسی هەبووە. وێڕای ئەوانە پەراوێزی لەسەر کتێبانیش هەیە و چەند کتێبێکیشی ڕوونووس (استنساخ) کردووە. وادیارە لە دوای ساڵی (١٢٨٠ك/١٨٦٣ز) یان (١٢٨٧ك /١٨٧٠ز) واتە لە کۆتایی سەدەی سێزدەی کۆچی (هەڤدەی زایینی) کۆچی دوایی کردووە و لە گوندی (یەدی قزلەر) [2] نێژراوە[3].

**٢- مەلا عەبدولکەریم ڕەنگەڕێژانی:**

مەلا عەبدولکەریم، برای مەلا محەمەد شەریفی ناوبراو، لە ڕەنگەڕێژان لە دایك بووە و پێگەیشتووە، پاشان وەك براکەی بە دوای زانست و خوێندەواریدا شار و شار گەڕاوە تا ئەویش لە هەولێر گیرساوەتەوە، لەگەڵ براکەی — ئیجازەی مەلایەتی لای زانای ناودار حاجی عومەر ئەفەندی هەولێری وەرگرتووە، پاشان بۆتە پێشنوێژ و وانەبێژی گوندەکانی سەر بە هەولێر. مەلا عەبدولکەریم کتێبێکی لە بارەی ڕێزمانی فارسییەوە بە شیعر داناوە و پاشان لێکی داوەتەوە، هەروەها پەراوێزی بۆ چەند کتێبێکیش نووسیوە، هەموو نووسینەکانی لە کۆتایی سەدەی سێزدە نووسیوە، لە ساڵی (١٣٤٠ك/١٩٢١ز) کۆچی دوایی کردووە[4].

**٣- مەلا عوسمان عەبدولکەریم:**

ئەم زاتەشیان وەك باوکی و مامی زانایەکی دیار بووە، پێشنوێژ و وانەبێژ بووە لە گوندەکانی دەشتی هەولێر تا سەرەنجام لە گوندی (یەدی قزلەر) گیرساوەتەوە و هەر لەوێش لە ساڵی ١٩٣٤ کۆچی دوایی کردووە و نێژراوە. دوای خۆی هاوسەر و سێ منداڵەکەی چوونەتە هەولێر[٥].

**٤- مەلا محەمەد شەریف رەنگەڕێژانی:**

مەلا محەمەد شەریف کوڕی مەلا عوسمان کوڕی مەلا عەبدولکەریم رەنگەڕێژانییە، بە ناوی مامی باوکی کراوە، لە ساڵی ١٩٢٥ لە هەولێر، -( وا دیارە مەبەست پارێزگای هەولێرە، چونکە لەو مێژووەدا و تا ساڵی ١٩٣٤ بنەماڵەکەی لە گوندی یەدی قزلەر بوونە- توێژەر)-، لە دایك بووە[٦].

لە گوندی (یەدی قزلەر) دەستی بە خوێندنی ئایینی کردووە، سەرەتا لە لای مەلا عوسمانی باوکی چۆتەبەر خوێندن، پاش کۆچی دوایی باوکی لە ساڵی ١٩٣٤ز. بە ماڵەوە لەگەڵ دایکی و برای هاتوونەتە هەولێر و لای زانایانی ئەم شارە خوێندوویەتی و لە دواهەواری خوێندنی ئایینیدا هاوڕێی عوسمانی مەلا ساڵحی کۆزەپانکەیی[٧] و شێخ عەبدوڵلای شێخ مستەفای نەقشبەندی[٨] بووە، لای مەلا ساڵحی کۆزەپانکەیی[٩] گەیشتۆتە پایەی مەلایەتی، بەڵام ئیجازەی مەلایەتی لای ئەو وەرنەگرتووە [١٠]. هەر بۆیە ناوی لەنێو قوتابییەکانی مەلا ساڵحی کۆزەپانکەییدا نەهاتووە[١١].

لە ساڵی ١٩٤٩دا لەسەر چالاکی سیاسی گیراوە، دوای بەربوونی لە پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا خێزان پێکدەهێنێ و کچێك لە بنەماڵەیەکی هەولێری ( ئیسماعیل توتنچی) دێنێ، تا کۆتایی تەمەنی ژیانێکی هەژارانە و سادە دەگوزەرێنێ[١٢].

مەلا شەریف بە مەبەستی دابینکردنی بژێویی ژیانی خۆی و خێزانەکەی پەنای بۆ چەند کارێك بردووە. بۆتە نووسەر لای یەکێك لە بازرگانەکانی هەولێر[١٣]، پاشان دووکانێکی بۆ فرۆشتنی کەلوپەلی کارەبایی کردۆتەوە، بەڵام دووچاری زیانێکی زۆر بووە، بۆیە ناچار دەبێ کۆمەڵێك کتێبی دەستنووسی گرانبەهای

باوك و باپیرانی، لە زانستەکانی فقە و فەرموودە و تەفسیر و مەنتیق، کە زۆر زۆری لا خۆشەویست بوونە، بفرۆشێتە مۆزەخانەی بەغدا، ئەمەش کارەساتێکی دیکە بووە کە لە ناخەوە هەژاندوویەتی[١٤]. دیارە ئەم کتێبانەیان بە نرخێکی هەرزان لەبن دەست دەرهێناوە. مەلا شەریف ماوەیەکیش کتێبی جزوبەند (تجلید) کردووە[١٥].

دواتر لە ساڵی ١٩٦٨-١٩٦٩دا بە وەرگێڕ لە ئێستگەی کوردی بەغدا دادەمەزرێت، لەوکاتەی عەبدوڵڵا حەداد دەڵێت لەبەر هۆی خێزانی وازی هێناوە[١٦]. ئەوا سەرچاوەی دیکە ئاماژە بەوە دەکەن، هۆیەکەی ئەوە بووە مەلا شەریف کەسێکی دووربین بووە، دەیزانی لە میانەی ئەو کارەدا دووچاری هەڵوێستی دژ بە نەتەوەکەی دەبێت، بۆیە نەیتوانیوە بەردەوام بێت، ئەگەرچی زۆریش پێویستی پێ بووە، ئەمەش بەهۆی حەمید عوسمان[١٧] و عەونی یوسف[١٨] بووە لە ڕێگەی عەبدولخالیق سامەراییەوە[١٩] بۆیان کردبوو[٢٠].

ماوەیەکیش لە پرۆژەی گڵکەند[٢١] کاری کردووە، دواتریش لە کارگەی خشت (کەرپووچ)ی هەولێر، وەك کرێکار بە رۆژانە دامەزراوە. لە ١/١٠/١٩٧٤یش وەك تێبینەری هونەری لە شارەوانی هەولێر بە رۆژانە دامەزراوە و لە چاپخانەی شارەوانی دانراوە[٢٢]. وا دیارە ئەمە دوا کاری بووە، ئەوەتا لە ئێوارەی عەسری رۆژی چوارشەممەی ٢٨/٤/١٩٧٦[٢٣] بە نۆرەی دڵ کۆچی دوایی کردووە و رۆژی دوایی لە گۆڕستانی گەورەی هەولێر، بە ئامادەبوونی خەڵکێکی زۆر، نێژراوە.
مەلا شەریف چوار منداڵی بە ناوەکانی (هانا، زانا، هونەر و رەوشەن) هەیە[٢٤]. لە رۆژی سێیەمی پرسەکەی (رۆژی جزوو)، لە سەر قەبران مومتاز حەیدەری وتارێکی ئاگرینی داوە تێیدا لە گەورەیی و کەم وێنەیی مرۆڤی وەك مەلا شەریف دواوە، کە چۆن لە رۆژگاری خۆی لەگەڵ ژمارەیەك سیاسەتمەداری شۆڕشگێڕی ئەو رۆژە لەکۆڕی خەباتی سیاسیدا بووە، ئەمە وێڕای ئەوەی رۆشنبیرێکی هەڵکەوتووی دەرەوەی قوتابخانە و زانکۆ بووە[٢٥].

## کەسایەتی مەلا شەریف

مەلا شەریف، وەك وەسفی دەکەن، سەرەتای ژیانی گەنجێکی لەڕولاوازی نەختێ بالآبەرز بووە، کەواو چاکەتی هەولێرییانی لەبەر کردووە، سەروپێچ و شەدەی مشکی شێخ مەحموودی بووە[٢٦]. کەسێکی سادە و بێ فیز بووە، زۆر بە هێمنی و رووخۆشی خەڵکی دواندووە و وەڵامی داونەتەوە. مرۆڤێکی زۆر هێمن و لەسەرخۆ و کەمدوو بووە، بەڵام کە قسەی کردووە، زۆر زانایانە و زیرەکانە وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە، تەنانەت مرۆڤی سەرسام کردووە، بۆ وەڵامی هیچ پرسیارێك دانەماوە، ناچاری دەکردیت رێزی لێ بگریت، وێڕای سەختیی گوزەرانی، بەڵام هەرگیز کۆڵی نەداوە و خۆی نەدۆڕاندووە. بەرگەی دژوارییەکانی رۆژگاری گرتووە، مرۆڤێکی بە پرووممەت و بە رەوشت و راستگۆ و ساکار و رووناکبیرێکی رەسەن بووە[٢٧].

مەلا شەریف کوڕی ناو خەڵك بووە، لە هەموو شوێنێکی شار بینراوە، ناوبازاڕ، چایخانە، سەردانی دووکاندارەکانی ناسیاوی کردووە، زۆر لە قوتابیانی ناوەندی و ئامادەیی نزیك بووە، بە تایبەتی ئەوانەی کوردایەتی و سیاسەتیان کردووە[٢٨].

"مەلا شەریف کەسێکی (عصامی) بوو، خۆی خۆی پێگەیاندبوو، پیاوێکی زۆر سادەو لێبووردە بوو، شتی قبووڵ دەکرد، وەك ئێمە نەبوو،ـ تەنانەت جنێویشت پێ بدابایە. لە هەندێ هەڵوێست پێش سەردەمی خۆی کەوتبوو"[٢٩].

مەلا شەریف پێوەندییەکی فراوانی لەگەڵ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵدا هەبوو، هەژار، دەوڵەمەند، رووناکبیر و سیاسەتمەدار، رێزی لە هەموو کەس گرتووە، بەڵام زۆری رق لە کۆنەپەرستی بوو[٣٠].

لەبەر ئەوەی بیروباوەڕی سوسیالیستی هەبوو، کۆنەپەرستان بە ناوی ئایین قسەی ناشیرینیان بۆ هەڵبەستووە، بە رادەیەك ژیانیان لێ تاڵ کردووە، ناوی (مەلا عرووس)[٣١]یان بەسەردا بڕیوە، تا ئەو ئەندازەیەی منداڵە ورتکەیان بۆ ئازاردانی بەدواخستووە[٣٢]. وێڕای ئەمانە بەڵام مەلا شەریف تا دوا ساتەکانی ژیانی بە شەرەف وشە و بەها بەرزەکانی وەفادار بووە و بە دڵسۆزییەوە پابەندی بیری پێشکەوتنخوازی بووە و هەر بۆیەش هەر بە زیندوویی لە نێو دڵی نەتەوەکەی ماوەتەوە.[٣٣]

هەر ئەوە وای کردووە کە یەکێتی نووسەرانی کورد لقی هەولێر، بە بۆنەی تێپەڕبوونی ساڵێك بەسەر کۆچی دواییدا، ئێوارە کۆڕێکی شایستەی لەو ڕۆژە، لە هۆڵی یەکێتی نەقابەکانی کرێکارانی هەولێر بۆ بگێڕێت. ڕۆژێك پێشتریش ڕۆژنامەی (العراق)ی ئەوسا هەواڵێکی بەرچاوی سەبارەت بە گێڕانی ئەو ئێوارە کۆڕە بڵاو کردۆتەوە[٣٤]، لەو ئێوارە کۆڕەدا، وێڕای ئامادەبوونی بەرپرسانی ئەو ڕۆژە، ژمارەیەکی زۆری ئەدیب و نووسەر و ڕۆشنبیرانی ئەو ڕۆژگارە و دۆستانی مەلا شەریف و بنەماڵەکەی ئامادە بوونە. لە کۆڕەکەدا هاشم عەبدوڵڵا [٣٥] و عەبدوڵڵا حەداد[٣٦] وەك هاوڕێ و دۆستی نزیکی موحازەریان داوە و لەلایەنی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕووناکبیریی مەلا شەریف دواون، پاشان سەعدوڵڵا پەرۆش[٣٧]شیعرێکی بە ناوی (کاروان) بۆ نووسیوە و خوێندوویەتییەوە، دواتریش ئەحمەد دڵزار[٣٨] هەندێ بیرەوەری خۆی گێڕاوەتەوە، جەودەت ئەحمەد ناجیش[٣٩]، وێڕای باسی ڕەوشت بەرزی و هەڵوێستی ڕەسەنانەی ناوبراو، داوای کردووە ئاوڕ لە بەرهەم و منداڵەکانی بدرێتەوە. لە کۆتاییشدا (زانا)ی نۆبەرەی وتاری بنەماڵەی خوێندۆتەوە، وێڕای سوپاس و ستایش، باسی ئەو پەروەردەیەی کردووە، کە باوکیان لەسەر بەها و ڕاستگۆیی ڕایهێناون[٤٠].

## خەباتی سیاسی:

مەلا شەریف لە ساڵی ١٩٤٢دا، کە تەمەنی ١٧ ساڵان بووە، چۆتە کۆڕی "خەباتی چینایەتی و بۆتە کۆمۆنیست"[٤١].

سەرەتای کاری سیاسی مەلا شەریف لە ڕێکخراوی (الی الامام- بۆ پێشەوە) بووە. لە دوای جیابوونەوەی زەنوون ئەیووب[٤٢] لە حزبی شیوعی عیراق، لە ئابی ١٩٤٢، ڕێکخراوێکی بە ناوی (شیوعین مؤتمرین) [٤٣] پێکهێناوە و ڕۆژنامەیەکی نهێنی بە ناوی (الی الامام) دەرکردووە، لە هەولێریش بازنەیەکی مارکسی هەبووە و دەچنە پاڵ ئەو ڕێکخراوە، واتە (الی الامام) [٤٥].

لە هاوینی ١٩٤٣دا دەستەی (الی الامام) چالاکی حزبییان ڕاگرت و ڕێکخراوەکەیان هەڵوەشاندۆتەوە، بەڵام ئەوانەی هەولێر گوێیان بەو بڕیارە نەداوە و وەك ڕێکخراوێکی مارکسی ناوخۆیی سەربەخۆ بەردەوام بوونە، لەو سەروبەندەدا

توانیویانە هاوڕێیەکی نویّ بە ناوی (مەلا شەریف عوسمان رەنگەڕێژانی)، بهێننە ناو رێکخستنەکەیان[٤٥]. پاشان ئەو رێکخراوە لە هاوینی ١٩٤٣بووەتە کۆمەڵەی میللەت، لەو سەروبەندەشدا، هیوا لە هەولێر دووچاری لێکترازان هاتبوو. کۆمەڵەی میللەت بەهۆی کار و دروشمە نەتەوەییەکانییەوە توانیبووی لاوان بەلای خۆیدا رابکێشێ و بڵاوکراوەیەکیش بە ناوی (دەنگی کورد) دەربکات و چەند ژمارەیەکی لێ دەرچووە. بەرلەوەی رێکخراوەکە هەڵبوەشێتەوە و ببێتە لقی (یەکێتی تێکۆشین)، مەلا شەریف عوسمان یەکێك بووە لەوانەی لەو ماوەیەدا لەو رێکخراوەدا بووە، یەك لە ئامانجەکانی کۆمەڵەکە کۆکردنەوەی خەڵکانی پێشکەوتنخواز بووە، کە دواتر دیارترین کادیری پێشکەوتوو لەم کۆمەڵەیەدا پێگەیشتن[٤٦].

کۆمەڵەی میللەت، دوای گفتوگۆ لەگەڵ نوێنەری (وحدة النضال)، دەچێتە پاڵ (یەکێتی تێکۆشین) و بڵاوکراوەیەك بە ناوی (یەکێتی تێکۆشین) دەردەکەن.ئەوەی گرنگە، لێرەدا مەلا شەریف ناچێتە ناو (وحدة النضال)، بەڵکو دەچێتە پاڵ (القاعدة – حیزبی شیوعی عێراق) [٤٧]. مەلا شەریف، بەر لەوەی فەهد بۆ لای خۆی رایبکێشێ، لە ئەندامە دیارەکانی یەکێتی تێکۆشین بووە [٤٨].

سەبارەت بە جیابوونەوەی مەلا شەریف، سالّح حەیدەری[٤٩] نووسیویە: کەوا لە هاوینی ١٩٤٣ عەبدولوەهاب عەبدولڕەزاقی[٥٠] ناسیوە، کە لە دەستەی (القاعدة) بووە، لە میانەی گفتوگۆکردندا، باسی خەڵکی بە توانا و لەخۆبردووی نێو چەوساوان کراوە، بۆ ئەوەی بایەخ و گەشەیان پێ بدرێت، تاکو سەرکردایەتیکردنی بزاڤی شۆڕشگێڕی بگرنە دەست، یەکێك لەوانە باسی مەلا شەریف کراوە. عەبدولوەهاب ئەو باس و خواسەی گەیاندۆتە (فەهد) [٥١]، ئەویش داوای کردووە بانگی بەغدا بکرێ، مەلا شەریفیش چۆتە بەغداو چاوی بە فەهد کەوتووە، فەهد هێناویەتە سەر ئەو باوەڕەی کە بچێتە ناو ریزی (القاعدة ـ حیزبی شیوعی عێراق)، لێرەدا فەهد بە خراپە لە (وحدة النضال) دواوە، پاشان مەلا شەریف بەشداری کۆنفرانسی یەکەمی حیزبی شیوعی دەکات، کە لە ساڵی ١٩٤٤بەستراوە و بڵاوکراوەی (ئازادی)شی خراوەتەوە بەردەست وەك زمانحاڵی لقی کوردی حیزبی شیوعی عێراق، دواتریش لە ساڵی ١٩٤٥دا بەشداری کۆنگرەی

یەکەمی حیزبی شیوعی کردووە و بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوە. لەو سەروبەندەدا مەلا شەریف، کە (فەهد)ی بینیوە، بەشداری لە کۆبوونەوەکانی (یەکێتی تێکۆشین) نەکردووە و دواتر ئاشکرا بووە و هەوڵی داوە خەڵکی دیکەی جیابۆوە رێك بخات، بەڵام بۆی نەچۆتە سەر. دەستەی مەلا شەریف تا ساڵی ١٩٤٦ دەستەیەکی بچووك بوونە[٥٢]. واش دیارە لای فەهد مەسەلەی پرۆلیتاریبوون گرنگ بووە، بۆیە مەلا شەریفی خاوەن دووکانی بەرگکردنی کتێبی گەیاندۆتە ئاستی سەرکردایەتی[٥٣]. بێگومان دەبێ لێرەدا مەسەلەی کوردبوونیشی بە هەند وەرگیرابێت.

لە سەروبەندی دامەزراندنەوەی حیزبی شیوعی عیراقدا، لە نێو مارکسییە کوردەکانی ئەو سەردەمەدا، فەهد لە مەلا شەریفی شیاوتر نەبینیوە، کە ئەوان لایەنی نەتەوەیی و کوردایەتییان بەهێزتر بووە[٥٤].

فەهد لە وەرگرتنی ئەندامان بۆ ریزی حیزب بە پەلە بووە، هەر بۆیە مەلا شەریفی خێرا وەرگرتووە، تەنانەت کە مەلا شەریف ناوی سەربازی هاتووە، حزب (٥٠) دیناری وەك (بەدەل)ی[٥٥] سەربازی بۆ داوە، دواتریش بۆتە کادیری تەرخانکراو و بووەتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و سەرپەرشتیکردنی رۆژنامەی (ئازادی)یشی پێ سپێردراوە[٥٦].

"مەلا شەریف بچووکترین ئەندامی کۆنفرانس و کۆنگرە و لێژنەی ناوەندی و کەمترین ئەزموونی لە بواری کاری سیاسیدا هەبووە و بە گشتی لە هەمووان لە بیری سۆسیالیستی بە گشتی و مارکسییەت بە تایبەتی دوورتر بووە و لە ئەندامە تازەکانی حیزبی شیوعی بووە و بڕوانامە و رۆشنبیریشی لە هەمووان کەمتر بووە. ئەو لە تەمەنی هەژدە ساڵییەوە چۆتە بواری بزووتنەوەی شیوعییەت"[٥٧].

مەلا شەریف کە چووەتە ریزی حیزبی شیوعی عێراق، دەستەی (یەکێتی تێکۆشین)، پێیان ناخۆش بووە یەکێك لە ئەندامەکانی (عەزیز محەمەد)، هەر لە هاوڕێیەتیکردنی بەردەوام بووە، تەنانەت مەلا شەریف ئەدەبیاتی حیزبی شیوعی عیراقی لای ئەو داناوە بۆی هەڵگرێت، دیارە ئەوەش ئەوپەڕی متمانەو بڕوابوونە. وا دیارە هاوڕێکانی ترساون مەلا شەریف، عەزیز محەمەد بباتە ریزی ئەو حیزبە،

دیاره ترسەکەشیان لە جێی خۆیدا بووه، چونکە دواتر لە ساڵی ١٩٤٦، مەلا شەریف توانی عەزیز محەمەد بباتە ریزی ئەو حیزبە[٥٨].

وەك د. مارف خەزنەدار (١٩٣٠–٢٠١٠) ئاماژەی پێدەکات، لەو رۆژگارەدا لەنێو خەڵکی هەولێر فەقێیەکی زیرەك، بۆ چاکەی سۆڤیەت قسەی کردووه، کە دەیانەوێ کۆمەڵەی سۆسیالستی دابمەزرێنن، ئەو فەقێیەیان ناوناوه (مەلا عرووس)[٥٩].

وەك تۆژەریش هەمان بۆچوونی مامۆستا عەزیز محەمەدم بۆ دروست بوو سەبارەت بە ناوەکەی، کە رەنگە لە خۆشی ناوی (فەهد) ئەویش ناوی (فوئاد)ی لەخۆی نابێت[٦٠]، بەڵام لە سەرچاوەیەکدا ئەم ناوه خوازراوه لە ناوی (د. فوئاد)ی شۆڕشگێڕی شۆڕشی ١٩٢٥ی باکووری کوردستان وەرگیراوه[٦١].

دکتۆر مارف خەزنەدار دەڵێت: "لەو سەردەمەدا دەمزانی مەلا شەریف ئەندامێکی گەورەیە لە حیزبی شیوعی عێراق و یەکەمین کوردە دەبێ بە ئەندامی ئەو پارتییە..."[٦٢].

لە کۆنگرەی یەکەمی حیزبی شیوعی عێراق، (مەلا شەریف) تاقە کورد بووه بەشدار بووه[٦٣]، ئەوه بۆچوونی رۆشنبیرێکی دیاری هەولێری وەك جەودەت ئەحمەد ناجیشە، کاتێ لەو بارەیەوه پرسیاری لێ دەکرێت، لە وەڵامدا دەڵێت : مەلا شەریف لە شیوعییە پێشەنگەکانی کوردستانە، چونکە بەشداری کۆنگرەی ساڵی ١٩٤٥ی حیزبی شیوعی عێراقی کردووه و بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوه[٦٤]. بۆ یەکەم جاریش کە پەیوەندی بە حیزبی شیوعی کردووه، لە ساڵی ١٩٤٣ تەمەنی ١٨ساڵ بووه[٦٥].

لەو نێوەندەدا کە مەلا شەریف چۆتە ناو حیزبی شیوعی، جۆرێك لە ململانێ لەگەڵ سالح حەیدەری هاتۆتە ئاراوه، کە ئەوان داوای لقی حیزبی شیوعی کوردستانیان کردووه و رۆژنامەی تایبەتی خۆیان هەبێت، بەڵام داواکارییان جێبەجێ نەکراوه. ئەگەرچی زەکی بەسیم (١٩١٣-١٩٤٩) داوای کردووه حەیدەری و مەلا شەریف هاوکاری یەکتر بکەن بۆ پێکهێنانی لیژنەیەکی ناوخۆ لە هەولێر، بەڵام مەلا شەریف رازی نەبووه، داوای کردووه وەك ئەندامی ئاسایی بێنە ناو رێکخستنی حیزبی شیوعی، تەنانەت مەلا شەریف چۆتە بەغدا بۆ ئەوەی بە

سەرکردایەتی حیزبی رابگەیەنێ کە حەیدەری خەریکی دەستەبەندییە هەر ئەوەش وای کردووە، فەرامۆش بکرێن(٦٦).

هەر لەو پێودانگەدا بە لای کەریم ئەحمەدەوە ئەوە ململانێی نێوان حەیدەری و مەلا شەریف بووە، بۆ ئەوەی حەیدەری خۆی سەرپەرشتی لقی کوردی حیزب بکات، چونکە خۆی بە شیاوتر(٦٧) زانیوە(٦٨). بە گشتی حاڵەتی مەلا شەریف دیاردەیەکی تاك و دیارە لە چالاکی شیوعیەت چ لە هەولێر یان لە کوردستاندا، ئەمەش لە ئاکامی ئەو بایەخدانە تایبەتییەی فەهد، کە هۆکارەکەی پێگەی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی مەلا شەریفە و تەنانەت بەر لەوەی ببێتە ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی شیوعی، فەهد بە تایبەتی بانگهێشتی مەلا شەریفی بۆ بەغدا کردبوو(٦٩).

هەر لەبەر ئەوە نووسینەکانی حەیدەری لە ئازادی بڵاو نەکراونەتەوە، تەنانەت کار گەیشتۆتە ئەوەی حەیدەری لە رێگەی ئەبوحیکمەت (یوسف حەننا) (١٩٢١-٢٠٠٩) داوای لە فەهد کردووە، کە وا بکات یەکبگرنەوە و (مەلا شەریف) لا بدرێت و وتارەکانیشیان لە (ئازادی) بڵاو بکرێتەوە، بەڵام فەهد رازی نەبووە(٧٠).

لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی بەریتانیاشدا ناوی مەلا شەریف، لە ریزی لیستی ناوی رابەرە کورد و غەیرە کورددا شازدەمینە لە لیستێکی ٢٣ کەسیدا تۆمار کراوە و دەقی راپۆرتی بەڵگەنامەی سەرەوە سەبارەت بە مەلا شەریف ئاوای نووسیوە:

((مەلا شەریف ماوەیەك سکرتێری بەشی کوردیی (حیزبی شیوعیی عیراقی) بوو، بەڵام لە لایەن یەهودا سدیقەوە دەرکراو لە مانگی تەشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٤٨دا لەگەڵ غەزەبان مەردان ئەلسەعد و چەند کەسێکی دیکەدا جەماعەتی (الحقیقة) یان دامەزراند)(٧١)، بڵاوکراوەیەکیشیان هەر بەو ناوەوە دەرکردووە(٧٢).

لە راپۆرتێکی یەکجار نهێنی، لە بارەی حزبی شیوعی عێراق، وەزارەتی هەندەرانی حوکمەتی بەریتانیادا کە لە پێشەکییەك و چوار بەشی سەرەکی پێکهاتووە (ژمارەی فایلەکە ١٠٤٤/١٨١)، لیستی ژمارە (L) ناوی بەشدارانی کۆنفرانسی یەکەمی ساڵی ١٩٤٤ حیزبی شیوعیی عیراق، ناوی مەلا شەریف پازدەمینە(٧٣).

له پاشکۆی ژماره (M)دا له ریزی ناوی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی شیوعی هەڵبژێردراوی یەکەم کۆنفرانسی گشتی حیزب له سەرەتایی ١٩٤٤، ناوی مەلا شەریف نۆیەمینە[٧٤].

هەروەها بەپێی پاشکۆی ژماره (p) بۆ ناوی خواستەمەنی رابەرانی حیزبی شیوعیی عیراق له چلەکانی سەدەی رابردوو تەرخان کراوه، ناوی مەلا شەریف زنجیرەکەی حەوتەمینە و ناوەکەشی (فوئاد)ه[٧٥].

مەلا شەریف له سەروبەندی جەنگی دووەمی جیهاندا، یەکێك بوو له دوژمنە سەرسەختەکانی نازییەت و فاشییەت، له زۆر له دابه خراپەکانی ناو کۆمەڵ یاخی بووبوو، بەمەش دووچاری تاڵ و سوێری و چەوسانەوەو راوەدوونان و شەڕی دەروونی بۆتەوە، هەرچەنده له ناخەوە کاری له جەستەی دەکرد، بەڵام ئەو هەر بەرگەی گرت، هەر له رەسەنایەتی خۆی نەکەوت. چەند جارێك گیراوه، ئەگەرچی له هیچ رێکخستنێکی سیاسیشدا کاری نەکردبوو، له سەرەتای پەنجاکان دەدرێتە دادگا، لەو تاوانەی خرابووه پاڵی بێ تاوان دەرچوو، هەندێك شاهێدی سەر بە حکومەت شایەتییان له دژی داوه، که دەبوو ئازاد بکرێت، کەچی چەند ساڵێك لەبەر ناوەکەی له بەندیخانەدا دەیهێڵنەوە[٧٦].

مەلا شەریف، له ساڵی ١٩٤٧دا، وازی له حیزبی شیوعی هێناوه و پاساویشی ئەوەبووه کەوا بڕوای بە سەرکردایەتی نوێی مالیك[٧٧]– یەهودا[٧٨] نییه.

مەلا شەریف تا ساڵی ١٩٤٧، که بەرپرسی لقی کوردی حیزبی شیوعی بووه، له دوای گرتنی سکرتێری حیزب (فەهد)، مالیك سەیف لەجێی فەهد کاروباری حیزبی بەڕێوەبردووه، بەڵام مەلا شەریف بڕوای بە سەرکردایەتی مالەك سەیف نەبووه و گوتوویه: ئەو کەسە له ئاستی لێپرسراوی حیزبدا نییه، بۆیه کاری لەگەڵ ناکات تاکو هاوڕێ فەهد بەر نەبێ، ئەو واز له حیزب دێنێ، ئیدی بە درەنگەوەش وازهێنانەکەی لێ قەبووڵ دەکرێ[٧٩].

رەنگە هەر لەبەر ئەوەش وازی لە حیزب هێنابێ، بەتایبەتی کە ئیدی فەهدیش لەسێدارەدرا. وێڕای ئەوەش هەموو کەس هەتا دوایی زەحمەته بەردەوام بێ، چونکه هەموو کەس لە خۆڕاگرتن و بەرگەگرتنی ناخۆشییەکانی دنیای سیاسەت، وەك یەك نین.

بۆچوونەكەی مەلا شەریف بەڕاست گەڕاو زۆری پێ نەچوو مالیك سەیف گیراو هەموو نهێنییەكانی حیزبی ئاشكرا كرد، بەڵام مەلا شەریف دوای ئەو وازهێنانەیشی هەر لەسەر هەڵوێستی سیاسیی خۆی مایەوە تاكو دوارۆژی ژیانی وەك تێكۆشەرێكی كوردپەروەری پاك مایەوە[٨٠].

مەلا شەریف بەپێی نووسراوی ژمارە (ق٥١/٦/٤) لە ١٩٤٩/١/٢٩ دراوەتە ئەنجوومەنی عورفی سەربازی یەكەم لە عیراق، لە دانیشتنی رۆژی ١٩٤٩/٣/١٣ بەپێی بڕیاری تاوانباركردنی ژمارە (٨٢٧) پاشملە (غیابي) دراوە. بەپێی پاشكۆی قانوونی سزادانی بەغدایی ژمارە (٥١) ساڵی ١٩٣٨، بۆ ماوەی یەك ساڵ زیندانی توند، دراوە[٨١]. دواتر لە ناوچەی پشدەر دەگیرێت[٨٢].

بەڵام سەرچاوەی دیكە ئاماژە بەوە دەكەن كەوا لە ساڵی ١٩٤٩ مەلا شەریف بۆ ماوەی دوو ساڵ گیراوە. دوای دەرچوونیشی لە بەندیخانە، ئەگەرچی خەریكی ژیانی تایبەتیی خۆی بوو، بەڵام تا دوارۆژی ژیانی لە دۆخە گشتییەكە و لە بەرانبەر رووداوە كۆمەڵایەتی و سیاسی و چالاكی رێكخراوەیی و رووناكبیری و ئەدەبی بەتایبەتیش كاروباری بزووتنەوەی ئاشتیخوازان، نەپچڕاوە[٨٣].

بە گشتی مەلا شەریف لە رێی سالح حەیدەرییەوە چۆتە ناو كۆڕی سیاسەت و لە كۆمەڵەی میللەت و یەكێتی تێكۆشین و دواتریش حیزبی شیوعی عیراق تا گیرانی فەهد كاری كردووە و كادیری تەرخان بووە، دواتر وازی لە كاری رێكخراوەیی سیاسی هێناوە، بەڵام وازی لە بیرەكەی نەهێناوە.

## رۆڵی مەلا شەریف لە بواری رۆشنبیریدا

مەلا شەریف دوای خوێندنی ئایینی، خووی داوەتە خۆ رۆشنبیركردن و بۆ ئەم مەبەستەش سەرچاوەی رۆشنبیریی جۆراو جۆری بەكار هێناوە .

وەك مارف خەزنەداری ناسیار و دۆستی مەلا شەریف دەڵێت: لە سەردەمی خۆیدا بە دەگمەن رۆشنبیر و خوێندەواری وەكو مەلا شەریف هەڵدەكەوێت، مەلای چاك، خوێندەواری باش، بە بێ یارمەتی هیچ كەسێك خۆی فێری زمانی فەرەنسی كردبوو... مەلا شەریف شاعیری چاك بووە، بە نازناوی "رەنگەڕێژانی" شیعری لە گەلاوێژدا بڵاوكراوەتەوە، مەلا شەریف وێنەی جوان و لەباری رۆشنبیری كورد بوو

لە هەولێری سەدەی بیستەمدا[٨٤]. مەلا شەریف دەبوا هەر خەریکی نووسین و خوێندنەوە بێت، داوای گۆڤاری ئینگلیزی دەکرد و من بۆم دەهێنا، ئەگەر حیزبیشی بەجێ هێشت، بەڵام زەمینەی ڕۆشنبیری بەجێ نەهێشت[٨٥].

مەلا شەریف ئەدیب و شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ بووە[٨٦]. مەلا شەریف یەکێکە لە ڕووناکبیر و خوێندەوارە گەورە و هەرەپاك و نیشتمانپەروەرەکانی هەولێر، لە سەرەتای لاوییەوە چاوی بە هزری مرۆڤایەتییەوە کراوەتەوە و بە تێروتەسەلی وەری گرتبو و بڕێکیشی لە بیری خۆیشی خستبووە سەر، سەبارەت بە بڕوابوونی بە مرۆڤ و کامەرانی، هەڵوێستی دیاری نواندووە[٨٧].

مەلا شەریف بۆ پەرەپێدانی ڕۆشنبیریی خۆی بەبێ مامۆستا خۆی فێری ژمارەیەك زمانی جیهانی کرد، ئینگلیزی، فەرەنسی، فارسی، تورکی، وێڕای عەرەبی و زمانی نەتەوەیی خۆی کوردی، بەمەش زۆر هەواری پێشکەوتووی گەشەسەندووی ڕووناکبیری بڕی، بەڵام هەر بە پاکی و خاکەڕایی و ساکاری خۆی مایەوە و توانایەکی سەرسوڕهێنەری سەبارەت بە لێکدانەوەی ڕووداو و دیاردەی کۆمەڵایەتی و پرسە ڕۆشنبیرییەکان هەبووە[٨٨]. مەلا شەریف، کەسێکی زیرەك و بەهرەدار بووە، هەر پشتی بە زانیاری ئایینی نەبەستووە، بەڵکو لە ڕێگەی زۆر خوێندنەوەی سەرچاوەی ڕۆشنبیری و زانستی نوێ و ئەدەبی سیاسیی خۆی پێگەیاندووە و بووەتە ڕووناکبیرێکی پێگەیشتووی پێشکەوتنخواز و بە زیرەکی و بلیمەتی خۆی ڕێگای مامۆستای تایبەتییەوە فێری چەند زمانێکی بیانی وەك فەرەنسی و تورکی و عەرەبی و فارسی بووە، جگە لە کوردی، کە زمانی زگماکی خۆی بووە[٨٩].

وەك د.مارف خەزنەدار دەڵێت: بەلای منداڵ و مێردمنداڵانی ئەو سەردەمە سەیر بوو مەلا شەریف خۆی فێری زمانێکی ئەوروپایی بکات، لەوەش سەیرتر لەباتی ئینگلیزی، زمانی فەرەنسی هەڵبژێرێ، بۆ ئەمە لێیان پرسیبوو، لەبەر ئەوەی زمانی ئینگلیزی زمانی ئیستعماری بەریتانیایە، ئەویش گوتبووی ئیستعماری فەرەنسی زۆر لە ئیستعماری بەریتانیا خراپتر بوو، بەڵام بۆ زمانە ئەوروپاییەکان، تەنیا ئینگلیزی بەس نییە، بەڵکو فێربوونی فەرەنسی، ڕووسی، ئەلمانی، ئیتالی، ئیسپانیش پێویستە . بۆ ئەمەش بەردەوام ڕێبەرێکی فێربوونی

زمانی فەرەنسی بە عەرەبی لا بوو. هەر لەم رووەوە قەشە و زانایانی ئاینی مەسیحی یارمەتییان داوە بۆ فێربوونی زمانی فەرەنسی[٩٠].

سەبارەت بە فێربوونی زمانی بیانی، ئەوا بە نامە (مراسلة)ش هەوڵی داوە، تەنانەت بڕوانامەشی لەو بارەیەوە وەرگرتووە[٩١].

مەلا شەریف شاعیر بووە، شیعری بە زمانی کوردی نووسیوە. هەناسەی کێش و قافیە و ریتمی عەرووزی کلاسیکی دەردەبڕی، شیعری جوانی هۆنیوەتەوە بۆ وەسفی دیمەنەکانی کوردستانی رەنگین لە گۆڤاری گەلاوێژ، ئەو گۆڤارەی رۆڵێکی زۆر گەورەی بینیوە و زۆربەی رۆشنبیرانی کوردی لەخۆ کۆکردۆتەوە. مەلا شەریف شیعری لە گەلاوێژ بە ناوی (رەنگەڕێژانی) بڵاوکردۆتەوە[٩٢] و شیعرەکەشی بە ناوی (یادی وەتەن)ە. [٩٣].

شیعرەکە کلاسیکییە و زمانەکەی زۆر باشە، ناوەرۆکی باس لە کوردستان دەکات و بە بەهەشتی چواندووە، وەك نیشتمان ئامادەیە خۆی بکاتە قوربانی، دیارە ئاهوناڵەی بۆ کوردە وەك نیشتمان و نەتەوە.

ئەو دۆخەی کورد و کوردستان، کە کورد بە هۆیەوە دووچاری دەرد و برسێتی وماڵوێرانی هاتووە، دەخاتە ئەستۆی دوژمنانی کورد و کوردستان، ئینجا بۆ ئەوەی ئەم نیشتمانە و میللەتە لە دەست نەزانی و دواکەوتوویی دەربچێت، رەنگەڕێژانی پەنا بۆ زانست و زانیاری دەبات، شاعیر لە شیعرەکەیدا ئەوەندە شەیدای کوردستانە، ئامادەیە وەك فتیلە هەر کاتێ داوای لێ بکرێت بسووتێ.

مەلا شەریف جگە لەم شیعرەی بۆ کوردستان، نیشتمانی خۆی، شیعری بۆ سەرکەوتنی سوپای سووری سۆڤیەتیش نووسیوە، کاتێ شاری (ئۆریل)[٩٤]ی لە شەڕێکی گەورەدا لە دەست نازییەکان رزگار کردووە، شیعرەکە ئاوا دەست پێدەکات:

**ئەرێ ئەی شارەکەی ئۆریل نیشانەی ئیفتیخارت بێ**
**کە ناوی تۆ هەتا ئاخر لە هەر دەور و زەمانێ دێ**

تا لە کۆتاییدا دەڵێت:

**لە خاکی نیشتیمانی کورد، یەکێ وەك رەنگەڕێژانی**
**ســەلامەت بــۆ ئەنێرێ وا لەگــەڵ بای ســـەبایی دێ**

جگــە لــەوە بــۆ ئــازادکردنی شــاری پاریــسیش داســتانێکی ســەت دێــری هۆنیوەتەوە تێیدا لە مێژووی خـەباتی ئازادیخوازانـەی گـەلی فەرەنـسا دواوە، لـە دێری یەکەمیدا دەڵێت:

**بەیانیم لێ بەدەرکەوت و شەوم لێ هەڵکشا ئیمڕۆ**
**کە ئینسانێکی بەدبەختم، هەتا ئێستا نە بۆژاوم!**

هەروەك هاشم عەبدوڵڵا دەڵێت: ئەگەر وەربگێرابایە بۆ زمـانی فەرەنـسی بـە ئەوپەڕی ڕێزەوە لە هەموو شوێنێکی فەڕەنسا دەناسرا[٩٥].

لـە رۆژنامــەی "ئــازادی"یـش شـیعرێك بڵاوکراوەتــەوە بـە نـاوی (سـەلام بـۆ ستالین)، وەك د. کـەمال دەڵێـت (١٤) دێـرە، پێدەچێت شـیعری (مـەلا شـەریف) بێت. شیعرەکە بەم دێرە دەست پێدەکات :

**ئەتۆ لێمی قەبوڵ نەکەیت (ستالین) طاعەتی ئەعما**
**بەڵام تۆ تەقدیسی تۆ هەردەم ئەکەم بەخوا لە دڵما**

لەدوا بەیتیشدا دەڵێت:

**ســتالینم رەفیــقی خۆشــەویستم هەر بژی دایم**
**بە تەنها من وەها ناڵێم، شیعاری میللەتی خۆمە**[٩٦]

بێگومان ئەو شیعرانە بە تێڕوانینی ئەو رۆژە دەخوێندرێنەوە .

مەلا شەریف هەمیـشە هــەر خــەریکی فراوانکـردن و بەرزکردنـەوەی ئاسـتی زانستی خۆی بووە[٩٧].

لای عەبدوڵڵا حەدادیش هەڵسەنگاندنی مەلا شەریف کارێکی وا ئاسـان نییـە، ئـەو هەمیــشە وەك مامۆســتای خــۆی ســەیری کــردووە، وەك دەڵــێ مــەلا شــەریف شارەزاییەکی فراوانی لە بارەی فەلسەفەی ئیسلامی و فەلسەفەی کـۆن هـەبووە، وەك فەیلەسووف بیری کردۆتەوە[٩٨].

لەگەڵ بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨، مەلا شەریف دەروویەکی تازەی بـە دڵـی خــۆی لـێ دەبێتــەوە، لـەو هــەوارە نوێیــەدا وەك زنجـیرە بـە سـەرناوی کتێبخانەی میللەت دەست بە چاپکردنی کتێب و نامیلکە دەکات، هەر وەك لەسەر

بەرگی کتێبی (الصداقة العربية الكردية)دا نووسراوە: كتب للشعب/ سلسلة سياسية اجتماعية باللغتين العربية والكردية يكتبها ويترجمها ملا شريف/ صدر منها حتى الان: ١– ١٤ تموز باللغة الكردية. ٢– جابي الضرائب قصة صينية للكاتب الصيني الشهير جو– سو– لي، ترجمة عن الانگليزية للغة الكردية. ٣– الصداقة العربية الكردية باللغة العربية).

واتە: (کتێبخانەی میللەت/ زنجیرەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی، مەلا شەریف بە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی دەینووسێ و وەریان دەگێڕێت و تا ئێستا ئەمانەی لێ دەرچووە: ١– ١٤ی تەمووز بە زمانی کوردی. ٢– باج وەرگر، چیرۆکێکی چینی نووسەری ناوداری چینی (جو– سو– لی) یە لە زمانی ئینگلیزییەوە کراوەتە کوردی. ٣– دۆستایەتی عەرەب و کورد بە زمانی عەرەبی[99].

٢ ـ لمحة عن الاكراد وحالتهم الاجتماعية والادبية والثقافية فصل خاص عن الفولكلور الكردي، كتبه في سنة ١٩٥٨ باللغة الروسية توما بووا، ثم نقل الى اللغة العربية في ٨ نيسان ١٩٦٩ من قبل محمد شريف عثمان، مطبعة النعمان، النجف الاشرف ١٩٧٣[100].

وێڕای ئەم چاپکراوانە، مەلا شەریف بەرهەمی دیکەشی هەیە کە هێشتا چاپ نەکراون، بەرهەمەکانی شیعر و چیرۆك و ڕێزمانی وەرگێڕدراوە:

١ ـ ڕۆمیۆ جولێتی چینی لە زمانی چینییەوە کراوە بە فەڕەنسی و لە فەڕەنسییەوە وەری گێڕاوە بۆ زمانی کوردی.

٢ ـ دیوانێکی شیعری نیشتمانی و سیاسیی بە زمانی کوردی.

٣ ـ چەند شانۆگەرییەکی لە زمانی فەڕەنسییەوە کردووەتە کوردی: "ئافرەتێکی دەشتەکی " لە ساڵی ١٩٦٩ لە فەرەنسییەوە کردوویە بە کوردی،"دەستکورتی عەیب نییە" لە عەرەبییەوە کردوویە بە کوردی.

٤ ـ هەندێ چیرۆکی نایابی لە فەڕەنسی و ئینگلیزییەوە کردووەتە کوردی: لەوانە "ئاشنا" لە ساڵی ١٩٦٩ کردوویە بە کوردی،"ژن هێنان" بۆ کوردی وەرگێڕدراوە، "قازی واق واق" وەرگێڕدراوە.

٥ ـ ڕێزمانێکی کوردی بە فەڕەنسی نووسراویی کردووەتە کوردی[101][102].

ئەگەرچی وەك دەڵێن: كاتی خۆی مەلا شەریف هەموو ئەو نووسراوانەی داونەتە بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری كوردی لە بەغدا، بەڵام هیچیان بڵاو نەكراونەتەوە[١٠٣].

سەبارەت بەو داوایەی عەبدوڵڵا حەداد، كە داوای كردووە، دامودەزگا ڕۆشنبیرییەكان بەرهەمەكانی چاپ بكەن، عوسمان محەمەد فائق (١٩٣٩-١٩٧٧)ی بەڕێوەبەری گشتی ئەوسای دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوكردنەوەی كوردی، ڕوونكردنەوەیەكی بۆ ڕۆژنامەی (العراق)[١٠٤] ناردووە و تێیدا ئاماژە بەوە دەكات كە پێشتر مەلا شەریف لە ١٩٧٣/٧/٣ هەندێ لە وەرگێڕدراوەكانی دابووە لیژنەی یارمەتیدانی چاپ و بڵاوكردنەوە، لیژنەی ناوبراویش ئەو وەرگێردراوانەی بۆ (شارەزا) ناردووە، بەڵام بە لای شارەزاوە لەبەر هۆی زمانەوانی شیاو نین، بۆیە لیژنە بۆ وەرگێڕی ناردوونەتەوە بۆ ئەوەی تێبینییەكانی شارەزا ڕەچاو بكات و جارێكی دیكە بۆیان بنێرێتەوە، بۆ ئەوەی چاپ بكرێن یان یارمەتی لەچاپدانی بدرێت، بەڵام وەرگێڕ هەر نەیهێنایەوە[١٠٥].

سەبارەت بە نووسراوەكانی مەلا شەریف سەرچاوەیەكی دیكە ئاماژە بە چوار چاپكراوی دەكات، دوویان كتێب و دووشیان ناملیكەن، لەگەڵ شەش كتێبی چاپ نەكراو[١٠٦]. هەر لەو بوارەدا لە سەروبەندی كۆچی دواییدا، داوا كراوە، دەزگا ڕۆشنبیرییە كوردییەكان مشووری لەچاپدانی بەرهەمەكانی بخۆن[١٠٧].

مەلا شەریف لە هەوڵی فێربوونی زمانی فەرەنسی و پەیداكردنی شارەزایی بووە لە فەلسەفە و بیروباوەڕی ئەوروپایی، وەك كەسێكی دژ بە ئیمپریالیزمی ئینگلیزی و نازیزمی هیتلەری باوەڕی بە ماركسیزم هەبوو، هەمووشی لە پێناوی ئازادی بۆ كوردستان و بەختیاری بۆ میللەتی كورد[١٠٨].

وێڕای ئەمە مەلا شەریف شارەزاییەكی زۆر باشی لە خوێندنەوەی دەستنووسە كۆنەكاندا بە خەتی عەرەبی نووسراودا هەبووە، بە هەموو شێوەكانییەوە. تەنانەت هەر دەستنووسێكی بدیتبایە یەكسەر دەیزانی كەی نووسراوە، ئەویش بە سەرنجدان لە جۆری كاغەز و مەرەكەبەكەی. لە بەرگكردن (جزووبەند)ی كتێبیشدا لێهاتوو بووە[١٠٩].

جگە لەوە بەشداری لە کۆنگرەی یەکەمی یەکێتی نووسەرانی کورد [١١٠] کردووە کە لـە ١٩٧٠/٦/٢٣ لـە بەغـدا بەسـتراوە. ئەنـدامی دەسـتەی دامەزرێنـەر و لێژنـەی ئامـادەکردنی کۆنفرانسی یەکـەمی لقـی هـەولێریش بـووە ، تەنانـەت تـاکو رۆژی کۆچی دواییشی لە هەموو کـۆنگرە و کـۆنفرانس و کۆڕەکـانی یـەکێتی نووسـەرانی کورد بەشدار بووە [١١١].

## مەلا شەریف و دۆستایەتی کورد و عەرەب

راستییەکی کۆمەڵایەتییە، دۆستایەتی عەرەب و کورد وەك هێزێکی بنیاتنەر، هـیچ ناکۆکییەك لە نێوان ئامانجی نەتەوەکاندا نییە، دۆستایەتیمان لە دژی هـیچ کـەس نییە، ئاسووری، ئەرمەن، تورك...

بە لای مەلا شـەریف بـەرپابوونی شۆڕشـی ١٤ی تـەمووزی ١٩٥٨ بـەری خـەباتی درێژخایەنی دۆستایەتی بووە، ئەوە بوو هەر زوو سیپارەیەکی بـە زمـانی عـەرەبی بە ناوونیشانی (الصداقة العربية الكردية) دەرکردووە و هەروەك لە پێشەکیدا دیارە لـە ١٩٥٨/٨/١ لـە نووسـینەکە بۆتـەوە، واتـە هێـشتا دوو هەفتـە پـتر بەسـەر بـەرپابوونی شـۆڕش تێپـەڕ نـەبووە و لـە زنجـیرەی بڵاوکراوەکانیـشی ژمـارە (٣)یە [١١٢]. ئەمە نیشانەی ئەوەیـە کـە ئـەو بـە دڵـەوە لەگـەڵ شـۆڕش بـووە و بـە موڵکی خۆی زانیوە و بـە پەرۆشـەوەش داوای کـردووە پارێزگـاری لـێ بکـەن، لـە پێشکێشکردنی سیپارەکەشدا داوای کـردووە، یـەکڕیزی و یـەکێتی بپـارێزن و هـەر چەشنە دووبەرەکی و جیاوازی و....، لەپێناو پاراستنی کۆمارەکە وەلابنرێن [١١٣].

ناوەرۆکی سیپارەکە چەند سەرناوێکی لە خۆ گرتووە: دۆستایەتی عـەرەب و کورد و شۆڕشی ١٤ی تەمووزی شکۆدار، دۆستایەتی عـەرەب و کـورد لـە پیلانـی ئیستعمار بەهێزترە، بە لای مەلا شەریف دۆستایەتی عـەرەب و کـورد راسـتییەکی مێژوویی بووە، نەك هەوڵێکی کاتی و رێکەوت، چونکە بە یەکەوە دووچاری ئازار و چەوسـانەوەی داگیرکـەران بوونەتـەوە [١١٤]. وەك لـە ناوونیـشانی سیپارەکەشـدا دیـارە، ئـەو بـڕوای پـتر بـە دۆسـتایەتییەکە بـووە تـا برایـەتی [١١٥] رووداوەکـانی دواتریش راستی ئەو بۆچوونەیان سەلماندووە.

## مەلا شەریف و وەرگێڕان

زمانی کوردی مەلا شەریف زمانێکی رەوان بووە، تەنانەت لە وتارە سیاسییەکانیشدا هەوڵی داوە زاراوە و دەستەواژە و وشەی کوردی رەسەن بەکاربهێنێ، کە تا ئەو سەردەمە بەو شێوەیە بەکارنەهاتوون، ئەوەش لەو سەروتارەدا دەردەکەوێت، کە لە بڵاوکراوەی (ئازادی)دا بە ناوی (میللەتی کورد و کۆمەڵەی شیوعی عیراق) بە ناوی خوازراوی (فوئاد) بڵاوی کردۆتەوە[116].

وەك سەرچاوەکان ئاماژەیان پێ کردووە، مەلا شەریف، وێڕای کوردی، ژمارەیەك زمانی زانیوە، لەوانە: عەرەبی، فارسی، تورکی، ئینگلیزی و فەڕەنسی، کاری وەرگێڕانیشی، چ بۆ کوردی چ بۆ عەرەبی، بە زۆربەیان کردووە.
یەکێك لەو هۆیانەی مەلا شەریفی بەلای وەرگێڕاندا بردووە، کارکردن بووە لە بڵاوکراوەی (ئازادی)دا، بە حوکمی کارەکە ئەو وەك رۆژنامەنووس، پێویستی زۆری بە وەرگێڕان بووە، بەتایبەتیش خۆی ئاماژە بە وەرگێڕانی وتارەکانی فەهد دەکات بۆ ئازادی.

یەکێك لە وەرگێڕانە گرنگە چاپکراوەکانی، کتێبی (لمحة عن الاكراد وحالتهم الاجتماعية والادبية والثقافية فصل خاص عن الفولكلور الكردي) لە نووسینی نووسەری فەڕەنسی توما بووا[117] کە لە ساڵی ١٩٥٨ بە فەڕەنسی نووسیویەتی، مەلا شەریف لە ٨ی نیسانی ١٩٦٩ وەك لە بەرگی ناوەوەی کتێبەکەدا نووسراوە، وەری گێڕاوە بۆ زمانی عەرەبی و لە ساڵی ١٩٧٣، بە یارمەتی (کۆڕی زانیاری کورد) لە چاپخانەی نەعمان لە نەجەف پیرۆز چاپ کراوە و سێ هەزار دانەی لێ چاپ بووە و نرخی ٣٠٠ فلوس بووە، بەرگەکەیشی هونەرمەند موفید حوسێن کەسرە نەخشاندوویەتی و لە ١٩٧٣/٣/٢٠ چاپی تەواو بووە، دواتریش لەلایەن یەکێتی نووسەرانی کورد لقی هەولێرەوە دابەش کراوە[118].

ئەو کتێبە سەرەتا بە بەرکوڵ دەست پێ دەکات، ئینجا لەو بابەتانە دواوە: شوێنی جوگرافی، چەردەیەك لە بارەی دیرۆکی کوردان، ژیانی کۆمەڵایەتی و ئایینی و فێرکردن، بەشداریکردن لە چالاکییە سیاسییەکاندا، باری ئایینی، باری فێرکردن، کتێبی قوتابخانە، ئەدەبی کوردی، عێراق پلەی یەکەمی هەیە و لە سووریاش تروسکەکە ناکوژێتەوە، کتێب و نووسەرانی کورد لە ئەرمینیای

سۆڤیەت، شێوازی دروستی کوردی نووسین، پاشکۆیەك، شیعر و شاعیرانی کوردی سترانبێژ لە وڵاتانی یەکێتی سۆڤیەت، هۆنراوەی گۆرانی یان سەرزارەکی، کار و رۆژانەی کرێکاران، نیشتمانی گەورە و نیشتمانی بچووك، گۆرانی نوێ، دەبێ ئافرەت ئازاد بێت، ئاشتی لەگەڵ چەوسانەوەی دەرەبەگدا، شەڕی رزگاری، بیروباوەڕ و سرووتی ئایینی، ئەفسانەی داستانی کۆن، ئەو چیرۆکانەی سەربردەی خەرافییان هەیە، ئەو ئەفسانانەی کە سیمای شوانکارەییان هەیە، ئەفسانەی مێژوویی و کورتە وەرگێڕانێکی بەیتی دم دم.

ئەو وەرگێڕانە هەر زوو سەرنجی رووناکبیران و نووسەرانی راکێشاوە، ئەوەتا د. عەبدولفەتاح بۆتانی لە رۆژگاری دەرچوونی ئەو کتێبەدا، هەڵسەنگاندنێکی بۆ کردووە و لە وتارێکی تایبەتدا نووسیویە: ((لەم دواییانەدا هەندێ دانراو بۆ عەرەبی وەرگێڕدراون، راستییەکەی وەرگێڕان وێڕای ئەوەی کارێکی داهێنەرانەیە، ئەو کەسانەی کە ئاگاداری زمانی گەلانی دیکەن و تا ئەندازەیەکی تەواو لێی شارەزا بوونە، کاری تێدا دەکەن، کە سەرەڕای ئەوەی شتێکی دیکە دەخاتە سەر کەلەپووری نەتەوەی باسکراو، وەرگێڕانیش وەك ئامرازێکی یاریدەدەری پێشخستنی بزووتنەوەی رووناکبیری بۆ پێشەوە و دەرخستنی وەرگێڕی باش بۆ گۆڕەپانی رووناکبیریی.... لەوانەش مامۆستا محەمەد شەریف عوسمان کە لەم دواییانەدا کتێبی ((چەردەیەك لە بارەی کوردانەوە و باری کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و رۆشنبیری بەشێکی تایبەت بە فۆلکلۆری کوردی، توما بووای لە فەرەنسییەوە بۆ وەرگێڕاوین. ئەو وەرگێڕانە، کە شێوازێکی رەوانی هەیە و زۆربەی خەڵك تێی دەگەن، دەکرێت بە بەراورد لەگەڵ دەقە فەرەنسییەکە ئەمین و لەگەڵ ناوەڕۆکی (متطابق) یەك بگرێتەوە)). پاشان دێتە سەر خستنەرووی ناوەڕۆکی کتێبەکە و دواتریش دەڵێت: (کتێبێکی لەو جۆرە نەك هەر شایەنی خوێندنەوەیە، بەڵکو دەبێ ببێتە خاڵێکی وەرچەرخان و هاندەرێکی باش لە پێناو لێکۆڵینەوەیەکی قووڵتر و پتر وردی هەموو لایەنە جیاجیاکانی ژیانی گەلەکەمان، کە هێشتا زۆر لایەنی بۆ گەلانی دیکە نادیارە.) [119].

ئەو کارە بۆ رۆژگاری خۆی یەکجار گرنگ بووە، چونکە کورد وەرگێڕی زمانە بیانییەکانی زۆر دەگمەن بوون و چاپ و چاپەمەنی زۆر نەبوون.

بێگومان ئەو هەڵسەنگاندنە، بایەخی خۆی هەیە بۆ ڕووناکبیر و وەرگێڕێك، کە نە دەرچووی فێرگە و کۆلێژێکی دەوڵەتییە، نە هونەری وەرگێڕانی بە خوێندن خوێندووە، پتر پایەی مەلا شەریف وەك ڕووناکبیر و وەرگێڕێکی بە توانا و دەستپاك، دەردەخات.

ئەو کتێبە بۆتە جێی سەرنجی ڕۆژنامەی دیکەی وەك (بیری نوێ)ش دوای ئەوەی چەند دانەیەکی لە لایەن وەرگێڕەوە پێشکەش دەکرێت، هیوای خواستووە، کە "ڕەواجێکی باشی ببێت"[١٢٠].

سەبارەت بە زمانی کوردیش، وەك د. عەبدوڵلا حەداد دەڵێت: مەلا شەریف زۆربەی زاراوەکانی زمانی کوردی زانیوە و ڕای تایبەتی خۆیشی سەبارەت بە زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی هەبووە، هەروەها ڕا و بۆچوونی زۆر پێگەیشتووی لەمەڕ پرسی ڕۆشنبیری و زمانەوانی کوردی و عەرەبی هەبووە.... بە هۆی فێربوونی زمانە جیهانییەکان و بەدواداچوونی زۆر ڕاستی بۆ دەرکەوتوون، بۆیە هەر لەبەر ئەوە بووە، کە ئەو بەرهەمانەی دابووە یەکێك لە دەزگا ڕۆشنبیرییەکان، بەڵام لەبەر بۆچوونی جیاوازی لەگەڵ تێڕوانینی شارەزای چاپکراوەکان (خبیر المطبوعات)، کە زیاتر هۆیەکەی زمانەوانی بووە، یارمەتی چاپ و بڵاوکردنەوە نەدراوە[١٢١].

مەلا شەریف، وەك ڕووناکبیرێك، لە سەردەمی خۆی ئەرکی خۆی زانیوە، بۆیە ئەگەر لە بواری ڕێکخستنی سیاسییش تەریك بووبێت، بەڵام وەك هەڵوێست و کاری ڕۆشنبیری هەر بەردەوام بووە، شایەتیش بەرهەمەکانییەتی، کە بە داخەوە زۆرترینیان چاپ نەبوونە، واش پێدەچێ هەندێ لە دەستنووسەکانی فەوتابن.

## مەلا شەریف و ڕۆژنامەوانیی نهێنی "ئازادی"

ئەزموونی ڕۆژنامەوانیی نهێنی بە پێی ئەو قسە نەستەقەیە کار دەکات کە دەڵێت: "زۆری لە کەمی، بڕێکی زۆر وەبەرهەمدێنێ - كثير من قليل يصنع مقدارا كبيرا"[١٢٢].

بە گشتی هەریەکە لە وڵاتانی وەك: یەکێتی سۆڤیەت و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و پۆلۆنیا و ڕووسیا و فەرەنسا، ئەزموونێکی دیاریان لە بواری

ڕۆژنامەوانیی نهێنیدا هەیە و هەر یەکە و بە پێی هەلومەرجی تایبەتیی خۆی. بە پێی بەسەرکردنەوەی ڕەوتی مێژووی ئەو جۆرە ڕۆژنامەوانییە، هەندێ ڕاستی تێدا بەرجەستە بووە، وەك ئەوەی ڕۆژنامەوانیی نهێنی، ئامرازێکی گرنگە بۆ دەربڕینی بیروڕا و بۆچوون و خەباتی گەلان [١٢٣].

ڕۆژنامەوانیی نهێنیی کوردی، بە نهێنی چاپ کراوە و بە ئاشکرا بڵاوکراوەتەوە، بە ئاشکرا چاپ کراوە و بە نهێنی بڵاوکراوەتەوە، بە نهێنی چاپ کراوە و بە نهێنیش بڵاوکراوەتەوە[١٢٤].

ڕۆژنامەوانیی نهێنی کوردی، کە بەگشتی بەشێکە لە بزووتنەوەی نیشتمانی ڕزگاریخوازی کورد، کاتێ سەری هەڵداوە کە ئەو بزووتنەوەیە خەریکی خۆڕێکخستن بووە، لەو ماوەیەشدا تەنیا ئامراز بووە وشەی کوردی گەیاندۆتە خەڵك و ڕۆژگارێکی زۆریش درێژەی کێشاوە. [١٢٥].

بەلای جەبار جەبارییەوە: سەرەتای سەرهەڵدانی ڕۆژنامەوانی نهێنی لە ساڵانی سییەکانی سەدەی بیستەمدا ، لە ئاکامی دامەزراندن و دەرکەوتنی کۆمەڵ و پارت و ڕێکخراوی سیاسی کوردی بووە [١٢٦].

هەرچی جەمال نەبەزیشە پێی وایە: سەرەتای ڕۆژنامەوانی نهێنی لە گۆڤاری (نیشتمان)ی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (ژ.ك) دەست پێدەکات، کە لە مانگی تەمووزی ساڵی ١٩٤٣ لە تەورێز بە نهێنی چاپ بووە[١٢٧].

بێگومان ئەو جۆرە ڕۆژنامانەش لەگەڵ سەرهەڵدانی کۆڕ و کۆمەڵەی نهێنی لە کوردستان سەریان هەڵداوە، ئەگەرچی چاپ زۆر دەگمەن بووە، بەلام ئەو کارە بە دەستنووس کراوە، نموونەی دیکەی ئەو بڵاوکراوانەش "گۆڤار"ی حیزبی هیوا بووە لە هەولێر[١٢٨] .

سەرەتای کاری ڕۆژنامەوانیی مەلا شەریف لە ڕێگای تێکەڵبوونی بە کاری سیاسییەوە بووە، نەخوازە کە ڕێکخراوە سیاسییەکان بۆگەیاندنی پەیامەکانیان دەبوا بڵاوکراوە دەربکەن.

لە ئەیلوولی ١٩٤٤ دەستەی شیوعی (یەکێتی تێکۆشین) دروست بووە، ئەوانە ڕۆژنامەیەکیان هەبووە، مەلا شەریف یەکێك بووە لەوان و سەرپەرشتی بازنەکەی کردووە[١٢٩].

مـەلا شـەریف لەگـەڵ کـارکردنی لـە هـەر ڕێکخراوێکـدا، کـە بڵاوکـراوەی هەبووبێت، بێگومان وەك ڕووناکبیرێکی بە توانا کـاری لـەو بڵاوکراوانـەدا کـردووە، هەر لە کۆمەڵـەی میللـەت، یـەکێتی تێکۆشـین و دواتـریش کـە چـۆتە پـاڵ حیزبـی شیوعی عیراق و بوونی بە بەرپرسی لقی کوردی ئەو حیزبە، بڵاوکراوەی (ئازادی) خراوەتە بەردەست بۆ سەرپەرشتیکردن و بەڕێوەبردنی[١٣٠].

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی حیزبی شیوعی عیراق، هەر نەتەوە لقی خۆی دەبێت و هەر لقەش ڕۆژنامەی خۆی وەك زمانحاڵ دەبێت[١٣١].

مەلا شەریف یەکێك بووە لەو کوردە دەگمەنانەی چاوی بە فەهـدی سـکرتێری حیزبی شیوعی عیراق کەوتبوو، لە کاتی خۆیدا فەهد گوتبووی: ئێمـە ئەگـەر مـەلا شەریفمان هەبێ، دەتوانین ئۆرگانی حیزب بە زمانی کوردیش دەربکەین[١٣٢].

ڕۆژنامـەی "ئـازادی" لـە سـاڵی ١٩٤٤دا، وەك ڕۆژنامەیـەکی نهێنـیێ، حیزبـی شیوعی عیراق لقی کورد، لە هەولێر دەری کردووە[١٣٣].

سەبارەت بە ساڵی دەرچـوونی ڕۆژنامـەی "ئـازادی" مـشتومڕێکی بـاش کـرا ـ هەندێك بەتایبەتیش حیزبـی شـیوعی کوردسـتان ـ پێیـان وابـوو لـە سـاڵی ١٩٤٥ دەرچووە، تەنانەت ئەو ساڵەیان لەسەر ڕۆژنامەی "ڕێگای کوردسـتان"یـش تۆمـار کردبوو[١٣٤]. توێژەرێکیش بە پاڵپـشتی چـەند بەڵگەنامەیـەك سـاڵی ( ١٩٤٤)ی بـە ساڵی دەرچوونی دووپات کردەوە[١٣٥].

دواتر جارێکی دیکەش لەسەر زاری مەلا شـەریف خـۆی سـاڵی دەرچـوونەکەی سەلمێنرایەوە، ئەویش بە پاڵپـشتی دیـدارێکی لەگـەڵ (سـەعدی مـالح)دا، کـە لـە ساڵی ١٩٧٤پرسیاری ئەوەی لێ دەکات:

"* کەی ڕۆژنامەی ئازادی دەرچووە؟

ـ لە ساڵی ١٩٤٤دا.

*دڵنیای لەو مێژووە.

ـ بەڵێ زۆر چاکم لە بیرە..وا دەزانم دوێنێیە"[١٣٦].

دواتر دەقی ئەم دیدارە لە دووتوێی کتێبێکی سەربەخۆدا بڵاوکراوەتەوە[١٣٧].

دوابەدوای ئەمەیش هەمان توێژەری پێشوو جارێکی دیکە وتارێکی دیکەی بە زمانی کوردی و دواتر بە زمانی عەرەبی بە ناوی (ئەوا خاوەنەکەیشی گەواهی دا)، نووسی[١٣٨].

جگە لەو دیدارەی مەلا شەریف، لەدیدارێکی نافیع یونسیش لەگەڵ رۆژنامەی (عیراق ریڤیو) لە ساڵی ١٩٦٠و بەڵگەنامەیەکی نهێنیی حوکمەتی بەریتانیاش دووپاتی دەرچوونی ئازادی لە ساڵی ١٩٤٤ دەکەنەوە[١٣٩]. بەپێی زۆربەی سەرچاوەکان "ئازادی" لە لایەن مەلا شەریف سەرپەرشتی کراوە و بۆتە زمانحاڵی لقی کوردی حیزبی شیوعی عیراق[١٤٠].

بە پێی بەڵگەنامەکانی حوکمەتی بەریتانیا لە ساڵی ١٩٤٤ دوو گۆڤار{بڵاوکراوە}ی کوردیی دەرچوون کە هەردووکیان ئاشکرا رێبازی کۆمۆنیستییان گرتەبەر، یەکەمیان ناوی (ئازادی) و دووەمیان (یەکیەتی تێکۆشین)[١٤١].

ئازادی لەژێر سەرپەرشتی راستەوخۆی فەهد و هەر بە هەمان دەزگای چاپکردنی (القاعدة)ی زمانحاڵی حیزبی شیوعی عیراق چاپ کراوە و هەر ژمارەی بە تیراژی هەزار و دووسەد دانە چاپ کراوە واتە نیوەی (القاعدة) و کاتی دەرچوونیشی دیار نییە[١٤٢].

بێگومان هەڵبژاردنی ناوێکی کوردی پەتی و پڕ واتای (ئازادی) بۆ رۆژنامەکە خۆی لە خۆیدا، بۆچوون و کارێکی زۆر بەرزە، بۆ ئەو رۆژەی کە ئازادی بۆ یەکەم جار دەرچووە، وەك سەرەتای کاری سیاسی و رێکخراوەیی و پارتایەتی و بایەخدان بە زمانی کوردی و وەك واتایش ئازادبوون لە دەست داگیرکەران و کۆنەپەرستان و کۆیلایەتی، داننانە بە سەروەریی مرۆڤ. بە راستی وشەکە پڕ بە پێستی رۆژگارەکە بوو، بۆ کورد وەك نەتەوەیەکی بندەست.

ئامانج لە دەرچوونی ئەم بڵاوکراوەیە، بۆ گەیاندنی پەیامی حیزبی شیوعی عێراق لقی کورد بووە، بۆ خەڵکی کورد بە زمانی خۆیان، ئەمەش تێگەیشتنە لە کاری سیاسی، چونکە دوان بە زمانی خەڵکی رەشورووت زۆر گرنگە بۆ شیکردنەوەی مەسەلەکان.

لـەو بـوارەدا هـێمن موکریـانی (١٩٢٢ـ١٩٨٦)، وەك ئەزموونـدارێکی بـواری سیاسی دەڵێت: "ئەودەمیش (سەردەمی کۆماری کوردستان ـ توێژەر) بڕوام وابوو و ئێستاش هەر لەسـەر ئـەو بڕوایـەم کـە دەبـێ زەحمەتکێـشانی کـورد بـە زمـانی خۆیان بـدوێنین و دەبـێ رووناکبیرانی کـورد بـەزمانی سـاکارترین ئینـسانی کـورد مەسایلی سیاسی و کۆمەڵایەتی بنووسـن و کۆمـەڵانی گەلەکـەیان رێنـوینی بکـەن. بەڕاستی هەم لە بـاری خزمـەتکردن بـە زمـان و ئـەدەبی کـوردی و هـەم لـە بـاری رووناککردنـەوەی بـیروڕای سیاسـیی چـینە چەوسـاوەکانی کوردسـتان هـەلێکی گەورەمان لە دەست دا." [١٤٣].

سەبارەت بە هۆی دەرچوونی ئازادی مەلا شەریف ئاماژ بەوە دەکات کە لـە ئاکـامی گەشـەکردن و بـەرفرەوانبوونی رێکخـستنەکانی حیزبـی شـیوعی لـە نێـو گەلانی ناوچەکە و پەرەگرتنی بزووتنەوەی نیـشتمانی لـە عێراقـدا و بـە مەبەسـتی بڵاوکردنــەوەی هۆشـیاری چـینایەتی و نەتـەوەیی و هاریکـاری برایـەتی دژ بـە بیروبـاوەڕی شـۆفینیزم و رێنـوێنیکردنی چـینی کرێکـاری کـورد و نـەبوونی رۆژنامەیـەکی کـوردی کـە بـۆ چاکەی زەحمەتکێـشانی کـورد و بەسـتنەوەی بـە زەحمەتکێشانی عەرەبـەوە بنووسـێت و نـەبوونی رۆژنامـە بـە زمـانی کـوردی و نەبوونی رۆژنامەی کومۆنیستی بە زمانی کوردی و بوونی جـۆرە رۆژنامەگەرییـەك لە خزمەتی ئیمپریالیزم و رژێمی ئەو سەردەمەدا بوو[١٤٤].

دەرچـوونی ئـازادی نـەك هـەر تـەنیا رووداوێکـی گـرنگ بـووە لـە ئاسـتی بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری لەناو کۆمەڵانی گەلی کوردا، بـەڵکو سـەرەتای هـەوارێکی نـوێ بـووە لـە مێـژووی رۆژنامـەوانی کوردیـدا، بـۆ بڵاوکردنـەوەی بیروبـاوەڕی پێشکەوتنخوازی و لە هەمان کاتدا بایەخدانە بە دۆزی کورد[١٤٥].

(ئازادی) لە هەلومـەرجێکی سـەخت و تایبـەت دەرچـووە، چـونکە ئـەو سـەردەمە ئامادەکردنی چـاپخانە و کەرسـتەی چـاپ زۆر بەزەحمـەت پەیـدا بـووە، هـەروەها نووسەر و چاپکەریش زۆر دەگمەن بووە،... لەمەشـدا بایـەخی رۆژنامـە لـە لایـەن حیزبی شیوعی زانـراوە، دیـارکردنی مـەلا شـەریفیش، هـەر لـەو روانگەیـەوە بـوو، نووسەری کوردیزانی وەك مـەلا شـەریف لـە حیزبـی شـیوعیدا نـەبووە. سـەرباری ئەمــەش لـە بـارودۆخی دواکـەوتووی هوشـیاری سیاسـی و تـازە بڵاوبوونـەوەی

سوسیالیستی زانستی لە کوردستاندا و لاوازیی هوشیاری چینایەتی، ئازادی دەرچووە[١٤٦].

بە هۆی لەبەردەست نەبوونی هەموو ژمارەکانی (ئازادی) تاوەکو ئێستا نازانرێت چەند ژمارەی لێ دەرچووە. تەنانەت هەندێ جار بە فەرمانی سەرووەوە ڕۆژنامەکان لە ناوبراون، بۆیە دەبینین زۆربەی ڕۆژنامە نهێنییەکان ژمارەکانیان لەبەردەستدا نین و دیار نییە چەند ژمارەیان لێ دەرچووە[١٤٧].

(ئازادی) ژمارەکانی لە ڕێی چەند ئافرەتێکەوە، کە کەسوکاری شیوعییەکان بوونە، دەگەیەنرانە چەند ماڵێك لە بەغدا و لە هەمان کاتیشدا دەستنووسی وتارەکانیان کۆ کردۆتەوە و دەیانگەیاندە چاپخانەکە[١٤٨].

ئەو جەماعەتەی کە ئازادییان دەرکردووە، بە نهێنی عادەتەن هەر بە (ئازادی) یان وەك لقی حیزبی شیوعیی عیراقی ناوبراون[١٤٩].

(ئازادی) لەلایەن لقەکانی کەرکووك و هەولێر و سلێمانییەوە بەڕێوە دەبراو ژمارەکانی لە بەغدا لە چاپخانەی (القاعدة) چاپ دەکران، هەر لەوێش لەلایەن حیزبی شیوعیی عیراقییەوە بە سەر کورداندا دابەش دەکرا[١٥٠].

هەر مانگەی سێ هەزار دانە لە (القاعدة) و هەزار و دووسەد دانە لە ((ئازادی)) دەفرۆشرا، ئەوەیش بەپێی ئیعترافاتی حەسانی کوڕی عەلی[١٥١]. ئەمەش ئەوە دەگەینێ کە بڵاوکراوەکانی حیزبی شیوعیی زۆر باش بڵاوبوونەتەوە، چونکە ئەوسا هیچ ڕۆژنامەیەکی عەرەبی بە ئاشکرا لە بەغدا پتر لە سێ هەزار دانەی لێ چاپ نەکراوە[١٥٢].

(ئازادی) خۆی لە بابەتی نەتەوەیی لادەدا و لە بری ئەوە داوای لە کورد دەکرد یەك بگرن دژی کۆنەپەرستی و ئیمپریالیزم، بە ئاشکرایش دژی بەریتانیا بوو. هەمان کات (ئازادی) پڕوپاگەندەی بۆ یەکێتی کورد و عەرەب دەکرد، بەڵام ئەم ڕێبازە بە دڵی زۆربەی خوێنەرانی کورد نەبوو[١٥٣].

ئازادی ڕۆژنامەی جەماوەری زەحمەتکێشی کوردستان و دەربڕی سیاسەتی حیزبی شیوعی عیراق بووە و دەورێکی باشی لە ڕوونکردنەوەی بیروباوەڕی ئەو پارتەدا بینیوە.. وێڕای ئەو بارودۆخە نهێنییە سەختەی کە ڕۆژنامەکەی تێدا دەرچووە، بەڵام بە فراوانی بە ناو کۆمەڵانی خەڵکدا بڵاوبۆتەوە[١٥٤].

(ئازادی) له ڕێی ڕێکخستنەکانی حیزبی شیوعی عیراق بڵاودەکرایەوە و دەخرایە ماڵان و دەدرا خەڵکی، لەو ڕووەوە کادیرێکی ناسراوی حیزبی شیوعی عیراق، لە باسکردنی سەرەتای کاری پارتایەتی خۆیدا، (٢٥) دانە لە ژمارە سەرەتاییەکانی ئازادی بە ڕۆژی ڕووناك دەخاتە سەردەستی و بە بازاڕی کۆیەدا سووڕاوەتەوە و هاواری کردووە "ئازدی"، دانەی بە (٢٥) فلسە، لە دڵسۆزی و نەشارەزایی و تازەکورەییدا، نەیزانیوە ڕۆژنامەکە نهێنی و قەدەغەیە، تا ئەوەی مامۆستایەك ئاگاداری دەکاتەوە، کە ئەوە کارێکی ترسناکە و گرتنی بە دواوەیە[١٥٥].

(ئازادی) ژمارە(٣) حوزەیرانی ١٩٤٥، لای د. کەمال مەزهەر هەیە و لە بەشی دووەمی کتێبی کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حوکمەتی بەریتانیادا زۆر بە درێژی و تێروتەسەلی خستوویەتەڕوو. وەك د. کەمال ئاماژەی پێکردووە، ئەو ژمارەیە (٦) لاپەڕەیە و لە هەر دوو دیوی لاپەڕەکان وتارەکانی بە ڕەنگی سەوز و پیتی ورد چاپ کراون بارستی ڕۆژنامەکە مامناوەندییە (٢٢×١٤سم)، ناوی ڕۆژنامەکە بە گەورەیی و خەتێکی ڕازاوە لای چەپی ڕۆژنامەکەوە نووسراوە، لە سەرووی ناوەکەوە دروشمی حیزبی شیوعی عیراق بە پیتێکی ورد نووسراوە (نیشتمانێکی سەربەست و میللەتێکی بەختیار)، نرخی بیست فلس بووە.

## ناوەڕۆکی وتارەکانی:

- میللەتی کورد و کۆمەڵی شیوعی عیراقی... سەروتار...فوئاد ل١-٢.
- وا هێزی سەربەستی لە یەکیەتی بەسەرکەوت، ئەبێ ڕزگار بین لە ئوسلوبی ژینی فاشیێتی، وتاری فەهد...ل٢-٣.
- دەنگوباسی کرێکاران، چینی کرێکاری کورد....سەربەستێك...ل٣-٤.
- کوردی ئێران....بێ باك.....ل٤-٥.
- لە هەر لایێکەوە......ل٥-٧.
- برای کورد.....ل٧.
- وێنەی ستالین بە ڕەنگی سەوز و هۆنراوەیەکی چواردە بەیتی...ل٨.

ئەو ژمارەیەی ئازادی، وەك د. کەمال دەڵێت: "سەرچاوەیەکی دانسقەیە و پڕ بەهایە"، بۆیە دەبینین زۆر بە بایەخەوە ناوەڕۆکەکەی خستۆتەڕوو.

سەروتارەکەی کە لە نووسینی (فوئاد- مەلا شەریف)ە، باس لە هەڵوێستی حیزبی شیوعی بەرانبەر بە کورد دەکات، کە پێی وابووە، هەر تەنیا حیزبی شیوعییە، بە ڕاستی لە خەمی کوردایە... لە درێژەی وتارەکەدا، وەك د. کەمال دەڵێت: "ناڕەوایانە" زۆر بە خراپی لە بارەی هەندێ کەسایەتی کوردی، وەك مەعروف جیاووك (١٨٨٥ــ ١٩٥٨) و عەلی کەمال (١٩٠٠ــ١٩٩٨) و ماجید مستەفا (١٨٩٦-١٩٧٤)...دواوە[١٥٦].

ئەمە لە لایەن ڕۆژنامەی "ژین" و پیرەمێرد (١٨٦٧ــ ١٩٥٠) وەڵامیان دراوەتەوە[١٥٧].

بەلای ئێمەوە ئەوەی بە ناوی (دەنگوباسی چینی کرێکاران، چینی کرێکاری کورد) بە ناوی (سەربەستێك) لە ڕۆژنامەکە نووسراوە، دەبێ لە نووسینی مەلاشەریف بێت، بە بەڵگەی ئەوەی وشەی (بووز- سەهۆڵ)ی تێدا بەکارهاتووە، کە ئەو وشەیە هەر لە هەولێر بە کاردێت. لەو وتارەیدا، باسی قەوارەی کرێکاری کورد دەکات کە لە هەندێ دام و دەزگادا هەن و خەریکە چینی کرێکاری کوردیش پەیدا دەبێت، وەك چینێکی سەربەخۆ، بۆیە کار کارکردن بۆ پێشخستنی ئەم چینە لە هەموو لایەنەکانییەوە بە بەشێکی ئەرکی نیشتمانی دەزانێت[١٥٨].

ژمارەی دیکەی (ئازادی)، ژمارە (٥)ی تشرینی دووەمی ١٩٤٥، (١٢) لاپەڕەیە پێوانەی (٢٢,٥-١٧,٥سم). ئەو ژمارەیە لە مەڕ د. مارف خەزنەدارە لە ئەسڵدا لە نێو ئەرشیفی باسیل نیکیتن[١٥٩] لە ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسی لە سان پترۆسبۆرگ دۆزراوەتەوە.

ئەمەش ناوەڕۆکی ئەم ژمارەیەیە:

- کورد و سەورەی ئوکتۆبەر....سەروتار...ئازادی..ل١-٢.
- کورد و حکومەتی عیراق...جوتیار...ل٢-٣.
- مللەتی کورد پێ خۆشحالە لە مەوقفی حیزبی شیوعی عراق بەرامبەر مەسەلەی کورد..پۆلا..ل٣-٤.

بۆ ئاگاداری - مللەتی کورد...بی کەس..ل٤-٦.

سەورەی ئۆکتۆبەر و مەسەلەی قەومیمان.....ج..ل٦-٧.

لە هەرلایەکەوە....ل٨-١١.

نامەی حیزبی شیوعی عراق...ل١٢.[١٦٠]

ئەو ژمارەیەی ئازادی، هیچ وتارێکی مەلا شەریفی بە ناوی خـوازراوی (فوئـاد) تێدا نییە، مەگەر بە نـاوێکی دیکـە بـێ ئێمـە نـایزانین، بـەڵام وتـارێکی لـە بـارەی کوردی رۆژهەڵاتەوە بە ناوی (کوردی ئێران)، بە ئیمزای (بێباك) بڵاوکردۆتەوە، کە لە وتاری مەلا شـەریف دەچێت. وەك گوتمـان د. کـەمال بـە درێـژی ئامـاژەی بـە ناوەرۆکی ژمارەکە کردووە، بەڵام لەم وتارەدا ئاماژە بـە هەڵوێـستێکی نەتـەوەیی زۆر پڕجـۆش دراوە، تێیـدا هەسـتی پـڕ جـۆش وخرۆشـی بـۆ دۆخـی خۆشـی کوردستانی رۆژهەڵاتی لەو رۆژانەدا دەربڕیوە، هیوای خواستووە رۆژی رزگاربوونی کوردی باکووریش بێت و بە هەمان هەستەوە لە سـەریان بنووسـێت و تـا دەڵێـت: "هیوای ئەو رۆژەش ئەکەم کە لەسەر ئازادی و خۆشیی ژیانیان و گەیشتنە ئامانج لەسەر هەموو کوردی کوردستان بنووسرێت"[١٦١].

لە دیدارێکی دانسقەی سەعدی مالح لەگەڵ مەلا شەریف، بـە ماوەیـەکی کـەم پێش مردنی، وەك سەرپەرشتی ئازادی، زانیاری زۆر گرنگـی سـەبارەت بـە ئـازادی تێدایە. سەبارەت بە هۆی دەرچوونی ئـازادی لـەو سـەردەمەدا، لـە وەڵامـدا مـەلا شەریف ئاماژە بە هەندێ هۆی بارودۆخی بابـەتی دەکـات، کـە گرنگترینیـان وەك دەڵێـت: "پەرەسـەندنی جوولانـەوەی نیـشتیمانی و نەتـەوەیی لـە عێراقـدا.. ئەمجارەش پێویستی بە چاپەمەنییەکی ئەوتۆ ئەکرد بۆ بڵاوکردنـەوەی هۆشـیاری چـینایەتی و نەتـەوەیی لەسـەر بناغـەی هاریکـاری و برایـەتی دژی بیروبـاوەڕی شۆڤینیزم و بورجوازییەت تیادا.. سەرەڕای هۆی تریش وەك نەشونماکردنی چینی کرێکـاری کـورد و نـەبوونی رۆژنامەیـەکی کـوردی ئـەوتۆ کـە بـە تـەواوی لەگـەڵ بەرژەوەنـدی زەحمەتکێـشانی کـورددا بگـونجێ و تێکۆشـانیان ببەسـتێتەوە بـە تێکۆشانی زەحمەتکێشانی عەرەبەوە. سـەرەڕای نـەبوونی رۆژنامـەی شـیوعی بـە زمانی کوردی، وە بوونی جـۆرە رۆژنامەوانییـەك لـەو کاتـەدا کـە بـە شـان و بـاڵی ئیمپریالیزم و رژێمی ئەو کاتەیاندا هەڵدەدا[١٦٢]".

سەبارەت بە نووسەرە سەرەکییەکانی (ئازادی)، مەلا شەریف دەڵێت: "راستە من لە ئازادیدا کارم دەکرد وەك هەر شیوعییەك ئەرکە حیزبییەکانم بەجێ ئـەهێنا، بـەڵام نووسـەری سـەرەکی نـەبووم. نووسـەرانی سـەرەکی زۆر بـوون وەك نـەوت

فرۆشـێکی کۆڵانـەکانی هـەولێر کـە هەسـتی بـە چەوسـانەوە ئـەکرد کرێکـارێکی کۆمپانیایی نەوتی کەرکوك یان هەر مەڵبەنـدێکی سـاوای کوردسـتان کـە کێشەی چینایەتی نەشـونمای تێـدا دەکـرد، جوتیـارێکی بـێ زەوی و بێکـار لـە قـەلادزێ، رۆشـنبیرێك کـە هەسـتی بـە زەوتکردنـی سەربەسـتی فیکـری دەکـرد و رقـی لـە ئیستعمار بوو، بێکارێك کە لە دوای کار دەگەڕاو نەبوو، هەموو ئەمانـە و هـەزارەها زەحمەتکێشان نووسەری سەرەکی بوون لە ئازادی دا[١٦٣]".

هەر ئەو لە بارەی چۆنیەتی دەرچوونی (ئـازادی) دەڵێـت: بـارودۆخی سیاسـی دەوری هـەبوو، کـە دەسـەڵات تونـدی کـردووە (ئـازادی) دواکـەوتووە، لـە کـاتی ئاساییشدا بە رێکوپێکی بە (٢،٤،٨،١٢) لاپەڕە دەرچووە[١٦٤].

سەبارەت بە دەوری مەلا شەریف خـۆی گوتوویـە: "مـن کـارێکی پاڵەوانانـەم نەکردووە تاکو وەك مێژوویەك بۆ مـن بنووسـریت، بـەڵکو مـن هـەر چـیم کـردووە لەژێر سەرپەرشتی حیزبدا بووە، بۆیە ئەم کارە موڵکی حیزبە نەك هی من."[١٦٥].

وەك مـەلا شـەریف ئامـاژەی پـێ کـردووە: ئـازادی لـەژێر سەرپەرشـتی راسـتەوخۆی حیزبـی شـیوعی و فەهـد خـۆی بـووە و وتـاری تایبـەتی لـە بـارەی کوردەوە نووسیوە و دوای وەرگێڕانی بۆ کوردی لە ئازادی بڵاوکراونەتەوە، زەکی بەسیمیش یارمەتی داوە[١٦٦].

مـەلا شـەریف بەشـداری لـە دەرکردنـی بڵاوکـراوەی (الحقیقـة)ش کـردووە و وەك جەماعەتی فەهد و لەسەریشی نووسـراوە زمانحـاڵی حیزبـی شـیوعی عـیراق، ئـەو کاتە مەلاشەریف ئەندامی لیژنەی ناوەندی حیزبی شیوعی و سکرتێری لقی کوردی بووە و ئەو کاتە لە کەرکووك بووە[١٦٧].

وەك رۆژنامەنووسـێکیش دەوری شـیاوی خـۆی بـە لێهـاتوویی و شـارەزایی و رۆشنبیریی خۆی بینیوە و توانیویەتی بە سەرپەرشتیکردنی ئازادی قەڵەمەکەی بە نەمری بهێڵێتەوە و خزمەت بە رێبازەکەشی بکات.

## ئه نجام

له سەرەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا دەردەکەوێت، رۆڵەیەکی ئەم نەتەوەیە لە ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانی، وەك رۆڵەی بنەماڵەیەکی ئایینی لە حوجرە خوێندوویەتی و پلەکەی تا ئاستی مەلای دوانزە عیلم دەڕوات، بەڵام واز لەم لایەنە دێنێت و بە هەموو توانایەوە روو لە بواری رۆشنبیری و سیاسەت دەکات و بە توانا و لێهاتوویی خۆیشی فێری چەند زمانێك دەبێت و خزمەتی نەتەوەکەی خۆی پێ دەکات.

ئەو زاتە زۆر بە دڵسۆزی و راستگۆییانە لە کۆڕ و رێکخستنەکانی ئەو سەردەمە لە دەرگای سیاسەت دەدات، بە تایبەتی کە رۆژگارەکەی بڵاوبوونەوەی تەوژمی مارکسییەت و یەکێتی سۆڤیەت ـ بەومانایەی کە لاگیری گەلانی چەوساوە و بندەستە ـ وەك زلهێزێك و یەکێ لە براوەکانی جەنگ، سەرنجی رۆڵەی نەتەوە بندەستەکانی وەك کوردی بۆ لای خۆی راکێشابوو، ئەو نەتەوەیەی لە سادەترین مافی مرۆیی بێبەش کرابوو!.. ئاکام مەلا شەریف خۆی لە ریزەکانی حیزبی شیوعی عیراقدا بینییەوە. تاقە کوردیشە بەشداری لە کۆنفرانسی ١٩٤٤ و کۆنگرەی ١٩٤٥ی حیزبی شیوعی عیراقدا کردووە، بۆ یەکەم جاریش رۆژنامەیەکی نهێنی بە ناوی (ئازادی)ی وەك زمانحاڵی لقی کوردی حیزبی شیوعی عێراق، دەخرێتە بندەست و توانای خۆی تێدا تاقی دەکاتەوە، ئەو ئازادییەی وێڕای هەندێ (پەلاماری ناڕەوا)، تۆمارێکی گرنگە بۆ مێژووی ئەو رۆژگارە و بایەخێکی زۆر تایبەتی لە مێژووی رۆژنامەوانیی نهێنی کوردیدا هەیە.

سەرباری تەمەنی کورتی سیاسیی مەلا شەریف دوای گیرانی فەهد، واز لە سیاسەت دەهێنێ و روو لە بواری رۆشنبیری دەکات، وێڕای کەمدەرامەتی و سەختی باری گوزەران، کتێب وەردەگێڕێت چاپیان دەکات و چەندین نووسراوی وەرگێڕدراوی دیکەشی هەن، کە هێشتا چاپ نەکراون.

مەلا شەریف وەکو هاوتەمەنەکانی و هاوڕێیانی باسیان کردووە، کەسێکی سادە و ساکار و لەخۆبردوو بووە و خۆی پێگەیاندووە، رووناکبیرێکی دیاری لێ هەڵکەوتووە و تا دواڕۆژی ژیانیشی ئەگەر لە کۆڕی رێکخستنی سیاسی دوور بووبێت، بەڵام لە ژیانی سیاسی و رووناکبیری و کۆمەڵایەتی و دۆخەکە دوور نەبووە و لەگەڵ ئازارەکانی نەتەوەکەی و هەژاراندا بووە.

## پەراوێزەکان:

(١) عومەر کوڕی ئەبوبەکر (مەلا گچکە (کچك ملا): لە ساڵی ١٢٣٠ك/١٨١٥ز. لە قەڵای هەولێر لە دایك بووە. لە کەشوهەوایەکی زانستی پەروەردە بووە و لای مەلا ئەسعەدی خەیلانی ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە، (١٢٠) ئیجازەی داوە، دانراوی جۆراوجۆری هەیە، لە مزگەوتی قەڵا وانەبێژ بووە و زانایەکی ناودار بووە، لە ساڵی(١٣٠٩ك – ١٨٩١ز) هەر لە قەڵای هەولێر کۆچی دوایی کردووە. زبیر بلال اسماعیل، من التراث الثقافي الکردي/ علماء ومدارس اربیل، مطبعة الزهراء الحدیثة، الموصل، ١٩٨٤، ص٣٢.

(٢) گوندێکە سەر بە ناحیەی قوشتەپەی شاری هەولێر. بڕوانە: د. عەبدوڵڵا غەفوور، گوندەکانی کوردستان– باشوور، بەرگی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس (٤٠٦)، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٢٤٨.

(٣) عبدالله الفرهادي، الاکلیل في محاسن اربیل وشفاء العلیل وسقاء الغلیل من تراث مآثر علماء وادباء اربیل، مطبعة صلاح الدین– اربیل، اربیل، ٢٠٠١، ص٢٧٧–٢٧٩، زبیر بلال اسماعیل، من المصدر السابق،، ص ٩٣–٩٤.

(٤) زبیر بلال اسماعیل، نفس المصدر، ص٩٤، عبدالله الفرهادي، نفس المصدر، ص٢٧٩.

(٥) زبیر بلال اسماعیل، نفس المصدر، ص٩٤.

(٦) عبدالله محمد حداد، الملا شریف الاربیلي ذلك الانسان الذي فقدناه، "العراق" (جریدة)، بغداد، العدد (٩٨)، ١٤/٦/١٩٧٦، ص٣.

(٧) مەلا عوسمان کۆزەپانکەیی لە ساڵی ١٩٣١ لە گوندی (قازیخانە)ی سەر بە قوشتەپەی شاری هەولێر لەدایك بووە، لای باوکی دەستی بە خوێندنی ئایینی کردووە و لە ساڵی ١٩٥٣ ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووەو دواتر چۆتە زانکۆی ئەزهەر لە ١٩٥٧–١٩٥٨، بڕوانامەی لیسانسی لە شەریعەتی ئیسلامی وەرگرتووەو لەساڵی١٩٧٠ گەڕاوەتەوە ئەزهەر و لەساڵی ١٩٧٢ ماستەری وەرگرتووە بۆ دکتۆراش خۆی ناونووس کردووە، بەڵام بە هۆی کۆچی دوایی تەواوی نەکردووە، لە ١٠/٦/١٩٧٥ کۆچی دوایی کردووە. د. چتو حمدامین اسماعیل الهرمزیاري، صالح الکوزبانکي وجهوده في تفسیر الدراسات الاسلامیة، منشورات مکتبة التفسیر (١٩)، اربیل،٢٠٠٩، ص٢٦.

(٨) شێخ عەبدوڵڵا، کوڕی تاقانەی شێخ مستەفای نەقشبەندییە، بڕوانامەی دکتۆرای هەبووە و ئەندامی کارای کۆڕی زانیاری کورد بووە و چەندین پلە و پایەیی بەرزی وەرگرتووە، دوا کاری سەرۆکایەتی دیوانی سانسۆری دارایی بووە، لە ساڵی ١٩٧٧دا خانەنشین بووە، چەندین دانراوی هەیە، لە هەولێر کۆچی دوایی کردووە. زبیر بلال اسماعیل، المصدر السابق، ص٧٨.

[(٩)] مەلا ساڵح کۆزەپانکەیی، کوڕی محەمەدە لە ساڵی ١٨٩٠ز. لە دێی (کۆزەپانکە)ی سەر بە قوشتەپە لە دایك بووە، لای چەند زانایەکی سەردەم خوێندنی ئاییی تەواو کردووە. لە ساڵی ١٩٢١ ئیجازەی مەلایەتی لای مەلا ئەفەندی وەرگرتووە. لە چەند مزگەوتێکی هەولێر پێشنوێژ و وانەبێژ بووە، چەندین قوتابی هەبووە، هەندێ دانراو و پەراوێزی هەن، لە ١٩٧٤/٦/٢٠، کۆچی دوایی کردووە. بۆ زانیاری پتر بڕوانە: د.چتو حمدامین اسماعیل الهرمزیاری، المصدر السابق.

[(١٠)] هاشم عەبدوڵڵا، لە یادی نووسەری پێشکەوتنخوازی کورد محەمەد شەریف عوسماندا، "نووسەری نوێ "(گۆڤار)، هەولێر، ژمارە (٣)، ١٩٧٨، ل٥٩.

[(١١)] بڕوانە: د.چتو حمدامين اسماعيل الهرمزياري، المصدر السابق، ٢٠٠٩، ص ٤٩-٦٤" کەریم شارەزا، مەلا شەریفی رەنگەڕێژانی١٩٢٥-١٩٧٦، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، ل ٤٥٠١.

[(١٢)] کەریم شارەزا، س.پ، ل ٥٤٠٢.

[(١٣)] ئەو بازرگانە شەریف محەمەد سەعید جامباز بووە. دیدار لەگەڵ تاریق جامباز، ڕۆژی ٢٠١٢/٢/٨، هەولێر.

[(١٤)] عبدالله محمد حداد، المصدر السابق.

[(١٥)] مەولود قادر بێخاڵی، هەولێرم وا دیوەو بیستووە، بەرگی دووەم، لە چاپکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٧، ل٩٠-٩١.

[(١٦)] عبدالله محمد حداد، المصدر السابق.

[(١٧)] حەمید عوسمان: ساڵی ١٩٢٧ لە هەولێر لەدایك بووە، ساڵی ١٩٤٧ چۆتە ریزی حیزبی شیوعی عێراق، لە ساڵی ١٩٤٩ گیراوە و لە ١٩٥٤ لە بەندیخانە رای کردووە، لە ساڵی ١٩٥٦ چۆتە ریزی پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان، ساڵی ١٩٨٧ لە هەولێر کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە: سەروەر عەبدولرەحمان، مەسەلەی کورد و پارتی کۆمۆنیستی عێراق، نامەی دکتۆرا (بڵاونەکراوە) پێشکەشی زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان کراوە. ل١٣٨.

[(١٨)] عەونی یوسف: لە ساڵی ١٩٠٨ لە هەولێر لە دایك بووە، کۆلێژی ماف لە ساڵی ١٩٣٩ تەواو کردووە و کاری پارێزەری کردووە و بۆتە سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی کەرکوك لە ئەیلوولی ١٩٥٨، لە ساڵی ١٩٥٩-١٩٦٠ وەزیری ئیشغال و ئیسکان بووە، چۆتە نێو کاری سیاسی و پارتایەتی. لە ١٩٨٨/٧/١٤ لە هەولێر کۆچی دوایی کردووە.بڕوانە: طارق ابراهيم شريف، شخصيات تتذكر، ج١، مطبعة الثقافة اربيل، ١٩٨٨، ص٥٨-٧٨.

[19] عەبدولخالیق سامەرایی: لە ساڵی ١٩٣٥ لە سامەرا لە دایك بووە، دەرچووی ئامادەیی بووە، لە نێوان ساڵانی ١٩٦٨–١٩٧٣، ئەندامی هەر دوو سەرکردایەتی پارتی بەعسی سوسیالیستی و ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بووە ١٩٦٩_١٩٧٣، لە ١ تەمموزی ١٩٧٣ بۆ هەتا هەتایە حوکم درا و دواتر لە سێدارە درا. بڕوانە: حنا بطاطو، العراق، الكتاب الثاني، الحزب الشيوعي، ترجمة: عفيف الرزاز، منشورات فرصاد، بغداد، ٢٠٠٦، ص٤٠٣–٤٠٤.

[20] مەولوود قادر بێخاڵی، س. پ، ل٩١–٩٢، دیدار لەگەڵ زاهیر کەریم عەلی کارەباچی لە ڕۆژی ٢٠١٢/١/١٢. لە ساڵی ١٩٤٥ لە هەولێر لەدایك بووە، خوێندنی ئامادەیی تەواو کردووە، برادەری زۆر نزیك و دراوسێی ماڵ و دووکانی مەلا شەریف بووە.

[21] پرۆژەی گڵکەند: ئەو پرۆژەیە شوێنەکەی لای ئوتێلی شیراتۆنە، کاتی خۆی شوێنی کوورەی کەرپووچ بووە، بەهۆی هەڵکەندنەوە بەرە بەرە چاڵ بووە بۆتە شوێنێکی ناخۆش و پیس، لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو شارەوانی بە یارمەتی نەتەوە یەکگرتووەکان، کردوویەتە ئەو باخچەیە. بڕوانە: هەولێر لە یادی سەدساڵەی دامەزراندنی شارەوانی هەولێردا ١٨٨٥_١٩٨٥، سەرپەرشتی و ڕێکخستنی : تەحسین چیچۆ و شێرزاد هەینی، چاپخانەی علاء، هەولێر، ١٨٨٥، ل١٣٧.

[22] عبدالله محمد حداد، المصدر السابق.

[23] جێی ئاماژەیە سەعدی مالح ڕۆژی ١٩٧٦/٤/٢٧ نووسیویە. بڕوانە: سەعدی مالح، دیدەنییەکی بڵاونەکراوە لەگەڵ مامۆستا مەلا شەریف عوسماندا،"بیری نوێ"، ژمارە (٢٠٣)، ١٩٧٦/٨/٧، ل٦.

[24] عبدالله محمد حداد، المصدر السابق، زبير بلال اسماعيل، المصدر السابق، ص٩٥.

[25] دیدار لەگەڵ مومتاز حەیدەری ٢٤/١٢/ ٢٠١١، هەولێر. لە ساڵی ١٩٣٨ لە هەولێر لەدایك بووە، لەبەر کاری سیاسی نەیتوانیوە خوێندن تەواو بکات، کاری حیزبی و ڕۆژنامەوانی کردووە، چەند دانراوێکی هەیە، ئێستا لە هەولێر گۆڤارێك بە ناوی (k21) دەردەکات.

[26] د. مارف خەزنەدار، مەلا شەریف ڕەنگەڕێژانی (مەلاعرووس)، "هەولێر" (مانگنامە)، هەولێر، ژمارە (٣٣)، ٢٠٠٧/٧/١٢، ل٣.

[27] هاشم عەبدوڵڵا، س.پ، ل ٥٨_٦١، مەلوود قادر بێخاڵی، س.پ، ل٩١، ممتاز الحيدري، في ذكرى الانسان المتواضع والمثقف الواعي، "العراق" (جريدة)، (بغداد)، العدد (٣٦٩)، ١٩٧٧/٧/١٢، ص٣، دیدار لەگەڵ زاهیر کەریم عەلی کارەباچی لە ڕۆژی ٢٠١٢/١/١٢ هەولێر.

(٢٨) د. مارف خەزنەدار، دجلەی هـزرم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چ. خانی، ٢٠٠٩، ل٢٠.

(٢٩) دیدار لەگەڵ عەزیز محەمەد، لە رۆژی ٦/١/٢٠١٢، هەولێر. عەزیز محەمەد لە ساڵی ١٩٢٤ لە هەولێر لەدایك بووە، لە سەرەتاوە لە کۆمەڵەی میللەت بووە، دواتر چۆتە ریزی حیزبی شیوعی عیراق، لە نێوان (١٩٦٤ـ١٩٩٣) سکرتێری حیزبی شیوعی عیراق بووە، ئێستا دانیشتووی هەولێرە. بڕوانە: بورهان حاتەم عوسمان، س.پ.، ل٢٤. مختارات من مذكرات صالح الحيدري، ط٢، مطبعة رنج، السليمانية، ٢٠٠٣، ص٣٦.

(٣٠) دیدار لەگەڵ زاهیر کەریم عەلی کارەباچی، لە رۆژی ١٢/١/٢٠١٢.

(٣١) مەبەست لە (عرووس) میللەتی رووس بوو، یەکەمین هەڵگری بیروباوەڕی مارکسی و ئیدیولۆجییەتی کۆمۆنیزم بوو لە کۆمەڵی کوردەواری عیراقدا...د. مارف خەزنەدار مەلا شەریف رەنگەرێژانی...س.پ.

(٣٢) هاشم عبدالله، س.پ،٦١، مختارات من مذكرات...ص٢٩.

(٣٣) ممتاز حيدري، في ذكرى الانسان المتواضع، ص٢.

(٣٤) بڕوانە: احياء ذكرى الاديب الراحل الملا شريف الاربيلي، "العراق"، العدد ٣٨٢، ٢٨/٥/١٩٧٧، ص٣.

(٣٥) هاشم عەبدوڵلا : لە ساڵی ١٩٢٨ لە هەولێر لەدایك بووە، لە ساڵی ١٩٥٩ بڕوانامەی لە ئەندازە وەرگرتووە و چۆتە نێو بواری سیاسی و چەند جارێکیش گیراوە. لە ساڵی ١٩٧٠سەرۆکی شارەوانی هەولێر بووە. لە ٢٦/٧/١٩٨٤ کۆچی دوایی کردووە. کەریم شارەزا، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، ل٤٥٢٠ـ٤٥٢١.

(٣٦) عەبدوڵلا محەمەد ئەحمەد (حەداد): لە ساڵی ١٩٤٦ لەهەولێر لەدایك بووە، دکتۆرای لە ئەدەبی کوردی لە زانکۆی سۆربۆن لە فەرەنسا وەرگرتووە، چەندین دانراوی هەیە، لە ساڵی ٢٠٠٩ کۆچی دوایی کردووە. ئینسکلۆپیدیای هەولێر، ل٣٥٩٦.

(٣٧) سەعدوڵلا سەعید مام شێخ (پەرۆش): لەساڵی ١٩٥٠ لە هەولێر لەدایك بووە، تا دواناوەندی خوێندووە، لە ساڵی ١٩٦٧ وە شیعر دەنووسێ چەندین بەرهەمی چاپکراوی هەیە. ئینسکلۆپیدیای هەولێر، ل٣٤٩٨ـ٣٤٩٩. بۆ دەقی شیعرەکە بڕوانە: " نووسەری نوێ"، ژمارە (٣)، ١٩٧٨، "رامان"، ژمارە (٤٧)، ٥/٥/٢٠٠٠، ل٢٩٢.

(٣٨) ئەحمەد مستەفا محەمەد (دڵزار): لە ساڵی ١٩٢٠ لە کۆیە لەدایك بووە. لە ساڵی ١٩٤٠ وە شیعر دەنووسێ، چۆتە کۆڕی سیاسەت و کوردایەتی، چەندین دانراو و نووسینی هەیە. ئینسکلۆپیدیای هەولێر، ل٣٤٨٥.

[٣٩] جەودەت ئەحمەد ناجی: لە ساڵی ١٩٢٨ لەدایك بووە، کوڕی پەروەردەکارێکی دیار بووە، لە سەرەتای لاوییەوە چۆتە نێو کاری سیاسی، فەرمانبەرێکی دیار و دڵسۆز و دەستپاك بووە، سەرەڕای ئەوەی کە کەسایەتی و ڕووناکبیرێکی دیاریش بووە، لە هەولێر لە ٢٠٠١/١٢/٢٠ کۆچی دوایی کردووە.

[٤٠] بۆ زانیاری پتر بڕوانە: في ذکری الادیب الراحل محمد شریف عثمان،"العراق"، العدد ٣٩٦، ١٩٧٧/٦/١٩، ص٢)، مەغدید حاجی، دوو کۆڕی ئەدەبی فراوان لە شاری هەولێردا، "بیری نوێ"، ژمارە (٢٤٦)، ١٩٧٧/٦/١٨، ل٥، مەغدید حاجی، بە یادی (مەلا شەریف) یەکەمین سەرنووسەری (ئازادی)، "رامان"، ژمارە (٤٧)، ٢٠٠٠/٥/٥،ل٢٩١ ـ٢٩٢. جێی ئاماژەیە منداڵەکانی خوێندنی زانکۆیان لە کۆلێژی بەرز تەواو کردووە.

[٤١] هاشم عەبدوڵڵا، لەیادی نووسەری پێشکەوتنخوازی... ل٥٩ ، ندوة اتحاد الادباء الاکراد فرع اربیل، في ذکری الادیب الراحل محمد شریف عثمان، العراق، العدد (٣٩٦)، ١٩٧٧/٦/١٣ (ثقافة کردیة)، کەریم شارەزا، س پ.

[٤٢] لە ساڵی ١٩٠٨ لە موسڵ لەدایك بووە، مامۆستای سەرەتایی و ڕۆماننووس بووە. لەساڵی ١٩٤١ پەیوەندی بە بزووتنەوەی مارکسییەت کردووە، لە١٦ی ئابی ١٩٤٢ لە حیزبی شیوعی دەرکرا. حنا بطاطو، العراق/ الکتاب الثاني، ص١٥١ـ١٥٢.

[٤٣] شیوعییە کۆنگرەییەکان: ئەو شیوعییانە بوون داوای بەستنی کۆنگرەیان دەکرد، بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ، بۆ هەڵبژاردنی کۆمیتەیەکی ناوەندی نوێ، بە شێوەیەکی دیموکراتییانە. بڕوانە: مختارات من مذکرات...،ص١٧.

[٤٤] مختارات من مذکرات...، ص١٧ـ١٨، ٣٥.

[٤٥] نفس المصدر، ص٢٩، چاوپێکەوتن لەگەڵ عەزیز محەمەد لە ٤ی ئەیلوولی ٢٠٠٢، ( بە ڕاگواستن لە مەهدی محەمەد قادر، پێشهاتە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق ١٩٤٥ـ١٩٥٨، سلێمانی ٢٠٠٥، ل٧٤).

[٤٦] بۆ زانیاری پتر: مختارات من مذکرات...، ص٣١-٣٢، بورهان حاتەم عوسمان، ساڵح حەیدەری (١٩٢٢-٢٠٠١) ڕۆڵی سیاسی و ڕووناکبیریی، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە) پێشکەشی کۆلیژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر، ل ٢٨. حیزبی هیوا لە ساڵی ١٩٣٩ دامەزراوە سەرەتا بە ناوی (دارکەر) بووە. بۆ زانیاری پتر بڕوانە: هلبین محمدامین المزوري، حیزب هیوا ـالامل ـ١٩٣٩ـ١٩٤٦، دار سپیریز للطباعة والنشر، مطبعة حاجي هاشم، اربیل،٢٠٠٨.

[٤٧] مختارات من مذکرات...، ص٣٥.

(٤٨) ساڵح حەیدەری: لەساڵی ١٩٢٢ لە هەولێر لەدایك بووە، دەرچووی كۆلیژی مافە لە ساڵی١٩٦٠ـ ١٩٦١، یەكێكە لە سەركردەكانی بزووتنەوەی نیشتمانی و نەتەوەیی كوردستان، لە ساڵی ٢٠٠١ كۆچی دوایی كردووە. بڕوانە: بورهان حاتەم عوسمان، س.پ.

(٤٩) بڕوانە: موسوعة سرية خاصة بالحزب الشيوعي العراقي السري، ج ٣، مطبعة الحكومة، بغداد ١٩٤٩، ص٦١٦–٦١٧، د. اسماعيل شكر، المصدر السابق، ص ١٥٣ـ١٥٤، بورهان حاتەم، ساڵح حەیدەری ل ٣٤.

(٥٠) عەبدولوەهاب عەبدولڕەزاق: لە ساڵی ١٩٢٢ لە بەغدا لەدایك بووە، مامۆستای سەرەتایی بووە، لە ساڵی ١٩٤٢چۆتە ناو كاری سیاسی، ئەندامی لیژنەی ناوچەی حیزبی شیوعی عیراق بووە، لە ساڵی ١٩٤٨ خیانەتی لە حیزبی شیوعی كردووە. بڕوانە: حنا بطاطو، العراق/ الكتاب الثاني، ص١٧٨ـ١٧٩.

(٥١) فەهد (یوسف سەلمان یوسف): لە ساڵی ١٩٠١ لە بەغدا لە دایك بووە، بە ئایین مەسیحی بووە، لە زانكۆی گەلانی رۆژهەلات لە مۆسكۆ لە ساڵانی١٩٣٥–١٩٣٧ خوێندوویە، لە ساڵانی ١٩٤١ـ ١٩٤٩سكرتێری حیزبی شیوعی عێراق بووە ، لە ١٩٤٩/٢/١٤ لە سێدارە درا. بڕوانە: حنا بطاطو، العراق/ الكتاب الثاني، ص٦٦.

(٥٢) مختارات من مذكرات...، ص٣٦–٣٧.

(٥٣) د. اسماعيل شكر، المصدر السابق، ص١٤٩ هـ.

(٥٤) نفس المصدر، ص١٤٧ـ١٤٨.

(٥٥) ئەو سەردەمە خەڵك، بە پێی یاسایەكی تایبەت، دەیانتوانی بە پارە لە سەربازیكردن رزگاریان بێت.

(٥٦) غەفووری میرزا كەریم، سەرەتاڵێ لە كلافەی مێژووی پڕ هەڵبەز و دابەزی ژیانم، چاپخانەی ئۆفسێتی بێسارانی، سلێمانی١٩٩٨، ل٥٢.

(٥٧) د.اسماعيل شكر، نفس المصدر، ص١٤٧.

(٥٨) لقاء خاص مع مناضل كوردستان المعروف عزيز محمد (السكرتير السابق للحزب الشيوعي العراقي)، ترجمة: عبدالكريم شيخاني، "k21 "، العدد المزدوج (١/١٣ـ٢/١٤)، ٢٠١٢/٢/١٢، ص٢٢٧ـ٢٢٩.

(٥٩) د. مارف خەزنەدار، دجلەی هزرم، ل ١٩. بەپێی بەڵگەنامەی تۆماری قوتابخانەش مێژووی لە دایكبوونی ساڵی ١٩٢٨ نووسراوە. بڕوانە: مارف خەزنەدار، دنیایێك لە وشە و.. مەملەكەتێك لە كتێب ١٩٣٠–٢٠١٠، ئامادەكردنی حەمید ئەبوبەكر بەدرخان، چ. ماردین، هەولێر، ٢٠١٠، ل١٤٢.

(٦٠) دیدار لەگەڵ عەزیز محەمەد، هەولێر، ٢٠١٢/١/٦.

(٦١) غەفووری میرزا کەریم، س. پ.، ل٥٢.

(٦٢) د.مارف خەزنەدار، دجلەی هزرم، ل٢٠.

(٦٣) حنا بطاطو، العراق/الكتاب الثاني، ص١٧٦-١٧٧.

(٦٤) بۆ زانیاری پتر بڕوانە: فەیسەڵ دێهاتی، دیمانە لەگەڵ بەڕێز مامۆستا جەودەت ئەحمەد ناجی، "گوڵان" (گۆڤار)، هەولێر، ژمارە (١٤٩)، ٢٩/١١/١٩٩٧.

(٦٥) حنا بطاطو، العراق/ الكتاب الثاني، ص١٧٦-١٧٧.

(٦٦) مختارات من مذكرات..، ص٤١، بورهان حاتەم، س.پ، ل٣٧.

(٦٧) خۆ بە شیاوتر زانینەکەی حەیدەری ڕەنگە بۆ ئەوە بێت، کە ئەو خۆی بە ڕووناکبیرتر زانیوە و لە فێرگەی دەوڵەتی خوێندوویەتی لە چاو مەلا شەریف کە لە حوجرە خوێندوویەتی.

(٦٨) دیدار لەگەڵ کەریم ئەحمەد ، لە ١٤ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٩، (بە وەرگرتن لە بورهان حاتەم، ل٣٨).

(٦٩) مالك سيف، للتاريخ لسان، ذكريات و قضايا خاصة بالحزب الشيوعي العراقي منذ تأسيسه حتى اليوم، دار الحرية للطباعة، بغداد،١٩٨٣، ص١٧٣.

(٧٠) بڕوانە: یوسف حنا یوسف، مذكرات يوسف حنا يوسف (ابوحكمت)، اربيل، ١٩٩٦، ص٣٥-٣٤، بورهان حاتم، س.پ، ل٣٨.

(71) (فایلی ژمارە (١٨١-١٠٤٤) وەزارەتی هەندەرانی حوکمەتی بەریتانیا ( lbid, sharif, maulla, p.8)، د.کەمال مەزهەر، کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حوکمەتی بەریتانیادا، بەشی دووەم، (دەستنووس، ل١٤١-١٤٢). ئەم دەستنووسە لە کاتی ئامادەکردنی بۆ چاپ لە لایەن عەبدوڵلا زەنگەنەوە، لەسەر داوای ئەو هەڵەچنەکەی - وابزانم جاری پێنجەم بوو - بە ئێمە سپارد، دیارە ئێمەش بە وردی بەسەریدا چووینەوە - تەنانەت دانەپەراوێزێکیشمان بۆ زیاد کرد - کە بینیمان زانیاری گرنگی بۆ کارەکەمان تێدایە ، هەر چەندە دکتور ئاگادار نەبوو، بۆیە بە ئیزنی ئامادەکار وەك وەکیلی دوکتۆر و منیش وەك قوتابی ئەو، ئەوا لێرەدا کەڵکمان لێی وەرگرت، سوپاسی مامۆستامان ( د. کەمال و عەبدوڵلا زەنگەنە) دەکەین.

(٧٢) موسوعة سرية خاصة، ج٤، ص٨١٨.

(73)N.A,F.O,371/75131 History of Malek saif..Top secret, Appndix(L), Name of Members known to have Attended the first party General conference(early in 1944).(د.کەمال مەزهەر، هەمان سەرچاوە١١٣-١١٤)، 

(74) N.A.F.O.371/75131,History of Malek saif...,Top secret, Appendix(M),Central committee Appointed by the Central Conferce(early1944) د.کەمال مەزهەر، هەمان سەرچاوە، ل١١٤ـ١١٥.

(٧٥) N.A.F.O.371/75131, History of Malek saif...,Top secret, Appendix(p), party pseudonum. د.کەمال مەزهەر، هەمان سەرچاوە، ل١١٦.

(٧٦) عبدالله محمد حداد، المصدر السابق.

(٧٧) مالك سيف: لە ساڵی١٩١٧ لە عەمارە لە دایك بووە، مامۆستای سەرەتایی بووە، لە ساڵی ١٩٤١ پەیوەندی بە بزووتنەوەی مارکسییەت کردووە، لە ساڵی ١٩٤٨ خیانەتی لە حیزبی شیوعی کردووە. بڕوانە: حنا بطاطو، العراق/ الکتاب الثاني، ص١٧٦ـ١٧٧.

(٧٨) یهودا سدیق: ساڵی ١٩١١ لە سەماوە لە دایك بووە، مامۆستای دواناوەندیی بووە، لە ساڵی ١٩٤١پەیوەندی بە بزووتنەوەی مارکسییەت کردووە، لە ساڵی ١٩٤٩ لە سێدارە دراوە. نفس المصدر.

(٧٩) مختارات من مذکرات...، ص٣٦.

(٨٠) هاشم عەبدوڵڵا، س.پ، ل٦١ ، کەریم شارەزا، تێکۆشەری مارکسی و ڕۆژنامەنووس و ئەدیب مەلا شەریف ڕەنگەڕێژانی ١٩٢٥–١٩٧٦،"k21" (گۆڤار)، هەولێر، (٧)، ٢٠١٠، ل٣٠٧–٣٠٨.

(٨١) موسوعة سرية، ج٤، ص٨٢٦ـ ٨٢٨.

(٨٢) نفس المصدر، ص٦٨٣.

(٨٣) هاشم عەبدوڵڵا، لە یادی نووسەری پێشکەوتنخوازی...، ل٦١ ، ندوة اتحاد الادباء الاکراد فرع اربیل، في ذکری الادیب الراحل محمد شریف عثمان، العراق، العدد (٣٩٦)، ١٩٧٧/٦/١٣ (ثقافة کردیة)، کەریم شارەزا، س. پ، ل٤٥٠٢ ، مەغدید حاجی، "بیری نوێ" (ڕۆژنامە)، بەغدا، ژمارە (٢٤٦)، ١٩٧٧/٦/٨، ل٥.

(٨٤) د. مارف خەزنەدار، س. پ، ل٢١.

(٨٥) دیدار لەگەڵ عەزیز محەمەد، هەولێر ٢٠١٢/١/٦.

(٨٦) کەریم شارەزا، س، ن، ل ٤٥٠٢.

(٨٧) عبدالله محمد حداد، المصدر السابق، ص٣. د.مارف خەزنەدار، شەریف...، س.پ.

(٨٨) عبدالله محمد حداد، المصدر السابق، ص٣.

(٨٩) کەریم شارەزا، هـ.س، ل ٤٥٠٢.

(٩٠) د.مارف خەزنەدار، مەلا شەریف...ل٣.

(٩١) د.عبدالله محمد حداد، المصدرالسابق، دیدار لەگەڵ زاهیر کەریم عەلی کارەباچی لە رۆژی ٢٠١٢/١/١٢، هەولێر.

(٩٢) بڕوانە: "گەلاوێژ" (گۆڤار)، بەغدا، ژمارە (٦)، س(٥)، حوزەیرانی ١٩٤٤، ل٤٢.

(٩٣) ئەمەش دەقی شیعرەکەیەتی:

یادی وەتەن

هەولێر/ رەنگەڕێژانی

هەڵئەسم وەختی بەیانی سەیری کوردستان ئەکەم
دیقەتی باغ و گولأنی جەنەتی عەدنان ئەکەم
پێی ئەڵێم سا ئەی وەتەن من هێندە بۆ تۆ موخلیسم
روح و گیانی خۆم لە بۆتۆ گەر بلێی قوربان ئەکەم
جار بە جار گەر من لە بۆتۆ ئاهو ناڵەم بێ وەتەن
هەقە بۆ من، چونکە بۆ کورد ناڵە و ئەفغان ئەکەم
ئەم(؟) من گەرچی نازانی کە مەئیووسی چییە
ئەم چیا پڕ دەرد و غەم من چەند ئەبینم، ژان ئەکەم
قەترەی فرمێسك ئاخۆ لائەبا دەرد و غەم؟
یانە بۆ لاچوونی زیللەت خزمەتی کوردان ئەکەم
تاکو لاچێ دەردی برسێتی و رووتی و بێ کەسی
من گوناحی دوژمنانی قەومی کوردستان ئەکەم
تا لە دەس وەحشی و جەهالەت دەرکەوێ قەوم و وڵات
سوجدە بۆ تیمسالی عیلم و فەلسەفە و عیرفان ئەکەم
میللەتی کورد "رەنگەڕێژانی" وەها موشتاقە بۆت
من فتیلەم هەر دەمێك بۆت ئارەزووی سووتان ئەکەم

ئەو وشەیەی ناو جووت کەوانی سەرەوە نەخوێنراوەتەوە. بڕوانە: س.پ.

(٩٤) ئۆریل: شارێکی سۆڤیەتی بوو لە جەنگی دووەمی جیهانی بەرانبەر سوپای نازییەکان خۆڕاگری کردووە. مختارات من مذکرات...،ص٣٦.

(٩٥) بڕوانە: هاشم عەبدوڵڵا، س.پ.ل٦٠، مەغدید حاجی، دوو کۆڕی فراوان لە هەولێر، "بیری نوێ"، ژ ٢٤٦، ١٩٧٧/٦/١٨، ل ٥.

(٩٦) "ئازادی" ژمارە (٣)، حوزەیرانی ١٩٤٥، ل٨. ( بە وەرگرتن لە د.کەمال مەزهەر، س.پ.، ل١٨١- ١٨٢.

(٩٧) هاشم عەبدوڵڵا، س.پ.،ل٦١-٦٢.

(٩٨) ندوة اتحاد الادباء الاكراد فرع اربيل، في ذكرى الاديب الراحل محمد شريف عثمان، العراق، العدد (٣٩٦)، ١٩٧٧/٦/١٣، (ثقافة كردية).

(٩٩) کەریم شارەزا، س.پ.،k21، ل٣٠٨.

(١٠٠) بڕوانە: ملا شريف، الصداقة العربية– الكردية، سلسلة كتب للشعب العدد (٣)، مطبعة الحصان، الموصل، ١٩٥٨.

(١٠١) رەنگە ئەو کتێبە رێزمانییە، لە نووسینی کامەران بەدرخان (١٨٩٦–١٩٧٨) بێت، کە وەختی خۆی مومتاز حەیدەری کتێبەکەی داوەتێ. دیدار لەگەڵ مومتاز حەیدەری لە رۆژی ٢٠١١/١٢/٢٤، هەولێر.

(١٠٢) بڕوانە: تومابوا، لمحة عن الاكراد، ترجمة: محمد شريف عثمان، النجف، ١٩٧٣.

(١٠٣) عبدالله محمد حداد، المصدر السابق.

(١٠٤) العراق: رۆژنامەیەکی سیاسی رۆژانە بوو بە زمانی عەرەبی لە بەغدا دەردەچوو، دەستەی ئیمتیاز: هاشم ئاکرەیی سەرۆکی دەستە بوو لەگەڵ پێنج کەسی دیکە ئەندامی دەستە بوون، ساڵح حەیدەریش سەرنووسەر بووە، ژمارە (١)ی لە ١٩٧٦/٢/١٨ دەرچووە.

(١٠٥) ايضاح، "العراق"، العدد ١٠٩، ١٩٧٦/٦/٢٨، ص٢.

(١٠٦) بڕوانە: مغدید حاجی، س.پ.

(١٠٧) عبدالله محمد حداد، المصدر السابق.

(١٠٨) د.مارف خەزنەدار، مەلا شەریف...ل٣.

(١٠٩) دیدار لەگەڵ زاهیر کەریم عەلی کارەباچی، لە رۆژی ٢٠١٢/١/١٢، هەولێر.

(١١٠) یەکێتیی نووسەرانی کورد لە١٩٧٠/٢/١٠ دامەزراوە، لە دوای رێککەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ کۆنگرەی بەست، یەکێکە لە دەسکەوتە رۆشنبیرییەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان، چالاکیی ئەدەبی بەرچاوی هەبووە، بەتایبەتیش گۆڤارەکەی "نووسەری کورد". بڕوانە: "نووسەری کورد"(گۆڤار)، بەغدا، ژمارە(١)، مارتی ١٩٧١.

(١١١) بڕوانە: "نووسەری کورد" ، ژمارە (١)، مارتی ١٩٧١.

(١١٢) بڕوانە: ملا شريف، الصداقة العربية الكردية.

(١١٣)ملا شريف، الصداقة...،ص ا.ب.

(١١٤)نفس المصدر، ص١-٢.

(١١٥)دیدار لەگەڵ کەریم شارەزا لە رۆژی ٢٠١٢/٢/١٠، هەولێر.

(١١٦)فوئاد، میللەتی کورد و کۆمەڵی شیوعی"ئازادی"، ژمارە (٣)، حوزەیران ١٩٤٥، ل ١ـ٢. (بە وەرگرتن لە اسماعيل شكر، المصدر السابق، ص١٤٨).

[١١٧] توما بووا : رۆژهەلاتناسێکی فەرەنسییە، لە شاری دینکێرک لە فەرەنسا لە دایك بووە، دانراوی زۆری لە بواری کوردناسیدا هەیە، لە ساڵی ١٩٧٥ کۆچی دوایی کردووە. لوسیان رامبو، الكرد والحق، ترجمه و قدم له و وضع حواشيه: عزيز عبدالاحد نباتي، منشورات وزارة الثقافة، مطبعة الثقافة، اربيل، ١٩٩٨، ص١٢.

[١١٨] توما بووا، لمحة عن الاكراد، ترجمة: محمد شريف عثمان، مطبعة النعمان، النجف الاشرف، ١٩٧٣. ئەو کتێبە د.مارف خەزنەدار داویەتە مەلا شەریف بۆ ئەوەی وەری بگێڕێ. بڕوانە: د.مارف خەزنەدار، مەلا شەریف...ل٣.

[١١٩] عبدالفتاح بوتاني، دراسات ومواضيع كردية: حول كتاب ((لمحة عن الاكراد))، ترجمة: محمد شريف عثمان، "التآخي" (جريدة)، بغداد، العدد ١٣٤٨، ٣/٦/١٩٧٣، ص٣.

[١٢٠] "بیری نوێ"، ژمارە (٥٢)، ١٩/ ٦/١٩٧٣، ل٢.

[١٢١] عبدالله محمد حداد، المصدر السابق، بۆ زانیاری پتر بڕوانە: ايضاح ، "العراق"، العدد (١٠٩)، ٢٨/٦/١٩٧٦، ص٢.

[١٢٢] لينين، حول الصحافة، منشورات الطريق الجديد، الجزء الثاني، منشورات الطريق الجديد، مطبعة الاديب البغدادية، بغداد، ١٩٧٧، ص ١١.

[١٢٣] بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە ئەزموونی ولاتانی ناوبراو، بڕوانە: ا. د. عبدالرزاق محمد الدليمي، الاعلام السري والعلني للاحزاب السياسية، منشورات مكتبة الرائد، عمان، اردن، ٢٠٠٤.

[١٢٤] نەوزاد عەلی ئەحمەد، هونەرەکانی ئەدەب لە رۆژنامەگەریی نهێنی کوردی١٩٦١ـ ١٩٧٥، چاپخانەی روون، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٢٧.

[١٢٥] د. عزالدين مصطفى رسول، حول الصحافة الكردية، مطبعة دار الجاحظ، بغداد، ١٩٧٣، ص ٧-١١.

[١٢٦] سەرجەم بەرهەمە رۆژنامەوانییەکانی شەهید جەبار جەباری، ئامادەکردن و پوختەکردنی عەبدوڵڵا زەنگەنە، لە بلاوکراوەکانی گۆڤاری "رۆژنامەنووس"، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠١٠، ل ١٥٠.

[١٢٧] بۆ زانیاری پتر بڕوانە: جەمال نەبەز، گۆڤاری نیشتمان تەمووزی١٩٤٣ـ١ مایسی١٩٤٤، زمانحاڵی کۆمەڵەی ژێکاف، بنکەی چاپەمەنی ئازاد ـ سوید، ١٩٨٥، ل٢٨.

[١٢٨] بڕوانە: تارق جامباز، هەفتەنامەی "گۆڤار"، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٨، ل ٦.

[١٢٩] موسوعة سرية خاصة، ج١-٢، ص ٦١٧.

[١٣٠] نفس المصدر،ص ٢٥ـ٧٣، مختارات من مذكرات...ص٣١

(١٣١) جعفر عباس حميدى، التطورات السياسية في العراق ١٩٤١-١٩٥٣، مطبعة النعمان، النجف، ١٩٧٥،ص٢٢٠.

(١٣٢) د.مارف خەزنەدار، مەلا شەریفی رەنگەڕێژانی (مەلا عرووس)، "هەولێر" (هەفتەنامە)، هەولێر، ژمارە (٣٣)، ٢٠٠٧/٧/١٢، ل٣.

(١٣٣) ماجد عبدالرضا، المسألة الكردية في العراق الى ١٩٦١، مكتبة بغداد، مطبعة دار الجاحظ١٩٧٠، ص٧٦، جەبار جەباری، سەرجەمی بەرهەمە رۆژنامەنووسییەکانی، ل٢٦٢ ، جبار محمد جباري، تاريخ الصحافة الكردية في العراق، دار الثقافة الكردية، مطبعة الامة، بغداد، ١٩٧٥، ص٨٤.

(١٣٤) جەلال دەباغ، راستکردنەوەیەك لە بواری رۆژنامەوانیدا، "رێگای کوردستان"، ژمارە(٥٠١)، ٦ی ئایاری٢٠٠٢، ل٢، عەبدوڵلا خالید، بە پێی ئەم بەڵگەنامانەش (ئازادی ـ رێگای کوردستان) لە ساڵی١٩٤٥ دەرنەچووە ! ، "رێگای کوردستان"، ژ (٥٠٢)، ١٣ی ئایاری ٢٠٠٢،ل٢. لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەین کەوا تا ژمارە (٩٢٩)، لە ٦ی نیسانی ٢٠١١ ئەو ساڵەیەیان دەنووسی، بەڵام لە ژمارە(٩٣٠)، لە ١٣ی نیسانی ٢٠١١، گۆڕیویانە بۆ ساڵی ١٩٤٤.

(١٣٥)بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ئازاد عوبێد ساڵح، دیسان ئازادی، "رۆژنامەنووس" (گۆڤار)، هەولێر، ژمارە (٤)، ٢٠٠٥/٤/٢٢، ل١٧٨-١٨٠.

(١٣٦)سەعدی مالح، دیدەنییەکی بڵاونەکراوە لەگەڵ مامۆستا مەلا شەریف عوسماندا، " بیری نوێ" (رۆژنامە)، بەغدا، ژمارە (٣٠٤)، ١٩٧٨/٩/٨، ل٨.

(١٣٧)بڕوانە: سعدي المالح، الصحافة الكردية للحزب الشيوعي العراقى١٩٤٤-١٩٧٢، من منشورات نقابة صحفي كوردستان، مطبعة هێڤی، اربيل، ٢٠٠٨، ص١١٤.

(١٣٨) ئازاد عوبێد ساڵح، ئەوا خاوەنەکەیشی گەواهی دا، "رۆژنامەنووس" ژمارە (١٤)، هاوینی ٢٠٠٨، ازاد عبيد صالح، وشهد شاهد من اهلها، "الصحفي" (مجلة)، اربيل، العدد (٤٨)، كانون الثاني ٢٠٠٩، ص٤٤.

(١٣٩) سعدي المالح، المصدر السابق، ص١١٠.

(١٤٠) مختارات من مذكرات...، ص٣٧. بە پێی قسەی مالیك سێف رۆژنامەی (ئازادی) لە چاپخانەی (القاعدة) بە سەرپەرشتی مەلا شەریف چاپ دەکرا،
N.A.F.O, 371/751131,History of Malik saif(kamal). (professo) from his own and other statements, Use made By the party of contact Hoyses, top secret, XVIII.Press, pp. 64-. بۆ زانیاری پتر بڕوانە: د. کەمال مەزهەر، کوردو

کوردستـــان لـــە بەڵگەنامـــەکانی نهێنییـــەکانی حوکمـــەتی بـــەریتانیا، بـــەرگی دووەم، (دەستنووس)، ل١٠١.

(١٤١) د. کـەمال مەزهـەر ئەحمـەد، کـورد و کوردسـتان لـە بەڵگەنامـە نهێنییـەکانی حوکمـەتی بەریتانیادا، بەرگی یەکەم، ئامادەکردنی عەبدوڵڵا زەنگەنە– شەهلا تاهیر حەیدەری، چ٢، چاپخانەی گرین گالۆری، لوبنان، ٢٠٠٩، ل٢٣١.

(١٤٢) موسوعة سرية خاصة، ج١، ص١٣٢-٢٦٥.

(١٤٣) هێمن، تاریك و روون، (بیٚ شوێن)، ١٩٧٤، ل٣٧.

(١٤٤) سەعدی مالح، س.پ، ل٦.

(١٤٥) لە بیرەوەری ٢٢ ساڵەی دەرچوونی ئازادی، "بیری نویٚ"، ژمارە (٢٠٢)، ١٩٧٦/٧/٣١.

(١٤٦) فەتاح تۆفیق ـ مەلا حەسەن ـ ، رۆڵی "ئازادی" لە رۆژنامەوانی کوردیدا، "رۆژنامـەنووس"، ژمارە (٢)، ٢٠٠٤/٤/٢٢، ل٢٥.

(١٤٧) ع.ز. رەفیـق سـاڵح، رابـەری رۆژنامەنووسـیی کـوردی، "رۆژنامـەڤانی" (گۆڤـار)، هـەولێر، ژمارە (١١ـ ١٢)، ساڵی٢٠٠٣، ل١١٣. تەنیا دوو ژمارەی ئازادی رۆژگاری مەلا شەریف لەبـەر دەستە، ئەوانیش ژمارە (٣)ی حـوزەیرانی ١٩٤٥ و ژمـارە (٥)ی تـشرینی دووەمـی ١٩٤٥. بێگومان ئەگەر لـە رۆژگـارێکی وەك ئـەمڕۆ رۆژنامەیـەك یـان گۆڤـارێکی ئاشـکرا، بـە هـۆی ئەرشیف نەکردنی، ئەگەر ماوەیەکی کەمیش بێت دەرچـووبێت ـ دەسـت نەکـەوێت! ، ئـەی چۆن گلەیی لە رۆژنامەوانی نهێنی دەکرێت کە لـە بـارودۆخێکی زۆر دژوار و پـڕ سانـسۆر و چاوی دەوڵەت، لەبن چاواندا بووە.

(١٤٨) بڕوانە: N.A.,F.O.,181/1044,Top Secret,Iraqi Communist Party.

د.کـەمال مەزهـەر، کـورد و کوردسـتان لـە بەڵگەنامـە نهێنییـەکانی حوکمـەتی بـەریتانیا، ب٢، ل٧٥-٧٦.

(149) (ئەمەش هەر لە راپۆرتەکەدا هاتووە. لە بەشی لقـە نەتەوەییـەکانی حیزبـی شـیوعییەوە lbid lx Branch organizations of the party,p p. 48-50)، هەمان سەرچاوە، ل٩٠.

(١٥٠) هەمان سەرچاوە، ل٩١.

(١٥١) ئەو سەردەمە حەسانی کوڕی عەلی بەرپرسی چاپخانەی حیزبی شیوعی عیراق بووە.

(١٥٢) هەمان سەرچاوە، ل١٠٠.

(١٥٣) د.کەمال مەزهەر، هەمان سەرچاوە، ل٢٣٢–٢٣٥. بەڵگەنامەی ژمارە:

N.A.,F.O, 371/61678,The Kurdish problem, 1947,pp,817

(١٥٤) "بیری نویٚ، ژمارە (٢٣٧)، ١٩٧٧/٤/٢٣، ل١٢.

(١٥٥) فاتح رەسول، لە کاروانێکی دوور و درێژدا، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٧، ل٤٧-٤٨.

(١٥٦) بۆ زانیاری پتر بڕوانە: د. کەمال مەزهەر، کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حوکمەتی بەریتانیا، ب٢، (دەستنووس)، ١٧٦- ١٧٧.

(١٥٧) نەوشیروان مستەفا ئەمین بە درێژی ئاماژەی بە وەڵامەکانی "ژین" کردووە، هەروەها د.ئازاد عوبێد و د.سەروەر عەبدوڵڕەحمانیش لە نامەی دکتۆراکەیاندا ئاماژەیان پێکردووە . نەوشیروان مستەفا ئەمین، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی ڕۆژنامەوانی کوردی ١٩٣٨ـ١٩٥٨ (ڕۆژنامەوانیی نهێنی )، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل١٣٠ـ١٤١، ئازاد عوبێد ساڵح، ڕۆڵی سیاسی و کارگێڕی و ڕووناکبیریی مەعروف جیاووك ١٨٨٥ـ١٩٥٨، نامەی دکتۆرا (بڵاونەکراوە) پێشکەشی کۆلیژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەددین ـ هەولێر ٢٠٠٨،کراوە، ل٢٥٣ـ٢٥٤، حیزبی شیوعی عیراق و مەسەلەی کورد ١٩٣٤ـ١٩٧٥، نامەی دکتۆرا (بڵاونەکراوە) پێشکەشی بەشی مێژووـ کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە ٢٠٠٨.

(١٥٨) ئازادی، ژمارە (٣)، حوزەیرانی١٩٤٥، ل٣ـ٤، (بە وەرگرتن لە د.کەمال مەزهەر، کورد و کوردستان لە...ل١٧٩).

(١٥٩) باسیل نیکیتین: لە ساڵی ١٨٨٥ لە پۆڵۆنیا لە دایك بووە، لە ئامۆژگای زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان دەرچووە، لە کونسڵخانەکانی فەرەنسا لە شوێنی جیاجیا کاری کردووە، تا ساڵی ١٩١٩ کاری سیاسی کردووە، دواتر ڕووی لە بواری لێکۆڵینەوە کردووە و زۆر کاری دیاری کردووە. زمانی کوردی دەزانی و بایەخی بە کوردناسی داوە. دیارترین کاری کتێبی (کورد)ە بە زمانی فەرەنسی نووسیویە. لە ٧ی حوزەیرانی١٩٦٠ کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە: باسیل نیکیتین، الکرد...، ترجمة: د. نوري طالباني، ط٣، دار اراس للطباعة والنشر، اربیل، ٢٠٠٤، ل٢٣ـ٣١.

(١٦٠) ئەو ژمارەیەی ئازادی کاتی خۆی عەبدوڵڵا زەنگەنە بۆ نەوشیروان مستەفای بردبوو لە تۆژینەوەکەی کەڵکی لێ وەرگرتبوو. هەر ئەو دانەیە جارێکی دیکە بە لێدوانێکی کورتی د. مارف، وەکو دیاریی ژمارە لە گۆڤاری (ڕۆژنامەنووس) بە هیمەتی عەبدوڵڵا زەنگەنە تەواوی لاپەڕەکانی بڵاوکراوەتەوە. بۆ زانیاری پتر بڕوانە: عەبدوڵڵا زەنگەنە، آزادی+پرشنگ (ڕۆژنامەنووس)، ژمارە (٦)، زستانی ٢٠٠٥، ل٥ـ١٨. (دیاریی ژمارە).

(١٦١) ئازادی، ژمارە(٣)، حوزەیرانی١٩٤٥، ل٤ـ٥، (بە وەرگرتن لە د.کەمال مەزهەر، کورد و کوردستان لە...ل١٨٠ـ١٨١). جێی ئاماژەیە د.ئیسماعیل شوکر نووسیویە وتارەکە بە ئیمزای (فوئاد)ە، بەڵام ڕاستییەکەی بە ناوی (بێباك)ە. بڕوانە: د.اسماعیل شکر، المصدر السابق، ص٢١٠.

(١٦٢) سەعدی مالح، دیدەنییەکی بڵاونەکراوە لەگەڵ مامۆستا مەلا شەریف عوسماندا،"بیری نوێ"، ژمارە (٢٠٣)، ٧/٨/١٩٧٦، ل٦.

(١٦٣) هەمان سەرچاوە.

(١٦٤) هەمان سەرچاوە

(١٦٥) هەمان سەرچاوە.

(١٦٦) هەمان سەرچاوە.

(١٦٧) موسوعة خاصة، ص٣٢ـ٣٣. وەك وەفا و پێزانین و ڕێزگرتن لە کار و ماندووبوونی ڕۆژنامەنووسی مەلا شەریف لە ڕۆژنامەی "ئازادی"دا، لە ڕۆژی (٣٠/٤/٢٠١١)، بیرەوەری ڕۆژی ڕۆژنامەگەریی شیوعیدا و بیرەوەری (٦٧)ەمین ساڵەی دەرچوونی ڕۆژنامەی"ئازادی"دا، بە ناوی مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی شیوعی کوردستان و خاوەنی ئیمتیازی ڕۆژنامەی "ڕێگای کوردستان"، بڕوانامەی ڕێزلێنان بە مەلا شەریف بەخشراوە.

## سەرچاوەکان:


**بەڵگەنامە بڵاونەکراوەکان:**

د. کـەمال مەزهــەر، کـورد و کوردســتان لـە بەڵگەنامــە نهێنییــەکانی حوکمــەتی بەریتانیا، بەشی دووەم، (دەستنووس)،

N.A.F.O, 371/751131,History of Malik saif(kamal). (professo) from his own and other statements, Use made By the party of contact Hoyses, top secret, XVIII.Press,
lbid lx Branch organizations of the party

د.کەمال مەزهەر. بەڵگەنامەی ژمارە:

N.A.,F.O, 371/61678,The Kurdish problem, 1947

N.A.,F.O.,181/1044,Top Secret,Iraqi Communist Party

د.کەمال مەزهەر، بەڵگەنامە نهێنییەکانی حوکمەتی بەریتانیا، ب٢.

**نامەی زانکۆیی:**

– ئازاد عوبێد ساڵح، رۆڵی سیاسی و کـارگێڕی و رووناکبیریی مـەعرووف جیـاووک ١٨٨٥ــ١٩٥٨، نامـەی دکتـۆرا (بڵاونـەکراوە) پێـشکەشی کۆلیـژی ئـەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەددین ـ هەولێر ٢٠٠٨، کراوە.

– بورهان حاتـەم، سـاڵح حەیـدەری (١٩٢٢–٢٠٠١) رۆڵـی سیاسـی و رووناکبیری، نامــەی ماســتەر (بڵاونــەکراوە) پێــشکەشی کۆلیــژی ئــەدەبیاتی زانکــۆی سەلاحەددین– هەولێر ٢٠١١ کراوە.

– سەروەر عەبدولڕەحمان، حیزبی شیوعی عیراق و مەسەلەی کورد ١٩٣٤ــ١٩٧٥، نامــەی دکتــۆرا (بڵاونـەکراوە) پێــشکەشی بەشــی مێژووــ کۆلێــژی زانــستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٨، کراوە.

**کتێب**

**أ– بە زمانی کوردی:**

– تاریق جامباز، هەفتەنامەی "گۆڤار"، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٨.

– جەمال نەبـەز، گۆڤـاری نیـشتمان تـەمووزی ١٩٤٣ــ ١مایـسی ١٩٤٤، زمانحـاڵی

کۆمەڵەی ژێکاف، بنکەی چاپەمەنی ئازاد ـ سوید، ١٩٨٥.
- جەبار جەباری، سەرجەمی بەرهەمە رۆژنامەنووسییەکانی، ئامادەکردن و پوختەکردنی عەبدوڵڵا زەنگەنە، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری"رۆژنامەنووس"، ـ٤ـ، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠١٠.
- فاتح رەسول، لە کاروانێکی دوورودرێژدا، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٧.
- عەبدوڵڵا غەفوور (د.)، گوندەکانی کوردستان- باشوور، بەرگی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس (٤٠٦)، هەولێر، ٢٠٠٥.
- غەفووری میرزا کەریم، سەرەتاڵێ لە کلافەی مێژووی پڕ هەڵبەز و دابەزی ژیانم، چاپخانەی ئۆفسێتی بێسارانی، سلێمانی ١٩٩٨.
- کەمال مەزهەر ئەحمەد (د.)، کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حوکمەتی بەریتانیادا (بەرگی یەکەم)، ئامادەکردنی عەبدوڵڵا زەنگەنە- شەهلا تاهیر حەیدەری، چ٢، چاپخانەی گرین گالۆری، لوبنان، ٢٠٠٩.
- مارف خەزنەدار (د.)، دجلەی هەزرم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چ. خانی، ٢٠٠٩.
مەولود قادر بێخاڵی، هەولێرم وا دیوە و بیستووە، بەرگی دووەم، لە چاپکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٧.
ـ مارف خەزنەدار، دنیایێك لە وشە و.. مەملەکەتێك لە کتێب ١٩٣٠-٢٠١٠، ئامادەکردنی: حەمید ئەبوبەکر بەدرخان، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان، چ. ماردین، هەولێر، ٢٠١٠.
- مەهدی محەمەد قادر، پێشهاتە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق ١٩٤٥ـ١٩٥٨، سلێمانی، ٢٠٠٥.
نەوزاد عەلی ئەحمەد، هونەرەکانی ئەدەب لە رۆژنامەگەریی نهێنی کوردی ١٩٦١ـ ١٩٧٥، چاپخانەی روون، سلێمانی، ٢٠٠٦.
- نەوشیروان مستەفا ئەمین، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی رۆژنامەوانی کوردی ١٩٣٨ـ١٩٥٨ (رۆژنامەوانیی نهێنی)، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٤.

- هەولێر لە یادی سەدساڵەی دامەزراندنی شارەوانی هەولێردا ١٨٨٥ـ١٩٨٥، سەرپەرشتی و ڕێکخستنی : تەحسین چیچۆ و شێرزاد هەینی، چاپخانەی علاء، هەولێر، ١٩٨٥.
- هێمن، تاریك و روون، بنكەی پێشەوا. ب.ش، ١٩٧٤.

ب- بە زمانی عەرەبی:

- اسماعيل شكر رسول (د.)، اربيل دراسة تأريخية في دورها الفكري والسياسي ١٩٣٩ ـ ١٩٥٨، ط ٢، مطبعة بينايي، من منشورات مركز الثقافي شەهيد رێباز، السليمانية، ٢٠٠٥.
- باسيل نيكيتين، الكرد...، ترجمة: د. نوري طالباني، ط٣، دار آراس للطباعة والنشر، اربيل، ٢٠٠٤.
توما بووا، لمحة عن الاكراد، ترجمة: محمد شريف عثمان، مطبعة النعمان، النجف الاشرف، ١٩٧٣.
- جبار محمد جباري، تاريخ الصحافة الكردية في العراق، دار الثقافة الكردية، مطبعة الامة، بغداد، ١٩٧٥.
جعفر عباس حميدي، التطورات السياسية في العراق ١٩٤١ـ١٩٥٣، مطبعة النعمان، النجف، ١٩٧٥.
- حنا بطاطو، العراق، الكتاب الثاني، الحزب الشيوعي، ترجمة: عفيف الرزاز، منشورات فرصاد، بغداد، ٢٠٠٦.
- زبير بلال اسماعيل، من التراث الثقافي الكردي/ علماء ومدارس اربيل، مطبعة الزهراء الحديثة، الموصل، ١٩٨٤.
- سعدي المالح، الصحافة الكردية للحزب الشيوعي العراقى ١٩٤٤ـ١٩٧٢، من منشورات نقابة صحفي كوردستان، مطبعة هێڤی، اربيل، ٢٠٠٨.
- الشرطة العامة/ شعبة التحقيقات الجنائية ببغداد، موسوعة سرية خاصة بالحزب الشيوعي العراقي السري، ج١-٦، مطبعة الحكومة، بغداد، ١٩٤٩ـ١٩٥٠.
- طارق ابراهيم شريف، شخصيات تتذكر، ج١، مطبعة الثقافة، اربيل، ١٩٨٩.

- عبدالله الفرهادي، الاكليل في محاسن اربيل وشفاء العليل وسقاء الغليل من تراث مآثر علماء وأدباء اربيل، مطبعة صلاح الدين– اربيل، اربيل، ٢٠٠١.
- عبدالرزاق محمد الدليمي (د.)، الاعلام السري والعلني للاحزاب السياسية، منشورات مكتبة الرائد، عمان، اردن، ٢٠٠٤.
- عزالدين مصطفى رسول (د.)، حول الصحافة الكردية، مطبعة دار الجاحظ، بغداد، ١٩٧٣.
في ذكرى الاديب الراحل محمد شريف عثمان،"العراق"، العدد ٣٩٦، ١٩٧٧/٦/١٩.
- لوسيان رامبو، الكرد والحق، ترجمه و قدم له ووضع حواشيه: عزيز عبدالاحد نباتي، منشورات وزارة الثقافة، مطبعة الثقافة، اربيل، ١٩٩٨.
- لينين، حول الصحافة، منشورات الطريق الجديد، الجزء الثاني، منشورات الطريق الجديد، مطبعة الاديب البغدادية، بغداد، ١٩٧٧.
- ماجد عبدالرضا، المسألة الكردية في العراق الى عام ١٩٦١، منشورات مكتبة بغداد، مطبعة دار الجاحظ، ١٩٧٠.
- مختارات من مذكرات صالح الحيدري، ط٢، مطبعة رنج، السليمانية، ٢٠٠٣،
- مالك سيف، للتاريخ لسان، ذكريات وقضايا خاصة بالحزب الشيوعي العراقي منذ تأسيسه حتى اليوم، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٣.
- هلبين محمدامين المزوري، حزب هيوا - الامل - ١٩٣٩ - ١٩٤٦، دار سپيريز للطباعة والنشر، مطبعة حاجي هاشم، اربيل، ٢٠٠٨.
- يوسف حنا يوسف، مذكرات يوسف حنا يوسف (ابوحكمت)، اربيل، ١٩٩٦.

**وتار**

**أ– بە زمانی کوردی**

- ئازاد عوبێد ساڵح، دیسان ئازادی، "ڕۆژنامەنووس" (گۆڤار)، هەولێر، ژمارە (٤)، ٢٢/٤/٢٠٠٥.
- ـــــــــــ، ئەوا خاوەنەکەیشی گەواهی دا، "ڕۆژنامەنووس"، ژمارە(١٤)، هاوینی ٢٠٠٨.

- جەلال دەباغ، راستکردنەوەیەك لە بواری رۆژنامەوانیدا، "رێگای کوردستان"، ژمارە (٥٠١)، ٦ی ئایاری ٢٠٠٢.
- سەعدی مالح، دیدەنییەکی بڵاونەکراوە لەگەڵ مامۆستا مەلا شەریف عوسماندا، " بیری نویٚ" (رۆژنامە)، بەغدا، ژمارە (٢٠٣)، ١٩٧٦/٨/٧.
- ع.ز. رەفیق ساڵح، رابەری رۆژنامەنووسیی کوردی، "رۆژنامەڤانی" (گۆڤار)، هەولێر، ژمارە (١١ـ ١٢)، ساڵی ٢٠٠٣.
- فوئاد، میللەتی کورد و کۆمەڵی شیوعی"ئازادی"، ژمارە (٣)، حوزەیران ١٩٤٥.
فەتاح تۆفیق ـ مەلا حەسەن ـ ، رۆڵی "ئازادی" لە رۆژنامەوانی کوردیدا، "رۆژنامەنووس"، ژمارە (٢)، ٢٠٠٤/٤/٢٢.
- فەیسەڵ دێهاتی، دیمانە لەگەڵ بەڕێز مامۆستا جەودەت ئەحمەد ناجی، "گوڵان" (گۆڤار)، هەولێر، ژمارە (١٤٩)، ١٩٩٧/١١/٢٩.
- عەبدوڵڵا خالید، بەپێی ئەم بەڵگەنامانەش (ئازادی ـ رێگای کوردستان) لە ساڵی١٩٤٥ دەرنەچووە!، "رێگای کوردستان"، ژمارە (٥٠٢)، ١٣ی ئایاری ٢٠٠٢.
- کەریم شارەزا، تێکۆشەری مارکسی و رۆژنامەنووس و ئەدیب مەلا شەریف رەنگەڕێژانی ١٩٢٥–١٩٧٦، "k21" (کۆڤار)، هەولێر، ژمارە (٧)، ٢٠١٠.
- لە بیرەوەری ٢٢ ساڵەی دەرچوونی ئازادی، "بیری نویٚ"، ژمارە(٢٠٢)، ١٩٧٦/٧/٣١.
- مارف خەزنەدار (د.)، مەلا شەریفی رەنگەڕێژان (مەلا عرووس)، "هەولێر" (مانگنامە)، هەولێر، ژمارە (٣٣)، ٢٠٠٧/٧/١٢.
- مەغدید حاجی، دوو کۆڕی ئەدەبی فراوان لە شاری هەولێردا، "بیری نویٚ"، ژمارە (٢٤٦)، ١٩٧٧/٦/١٨.
- مەغدید حاجی، بەیادی (مەلا شەریف) یەکەمین سەرنووسەری (ئازادی)، "رامان"، ژمارە (٤٧)، ٢٠٠٠/٥/٥. هاشم عەبدوڵڵا، لە یادی نووسەری پێشکەوتنخوازی کورد محەمەد شەریف عوسماندا، "نووسەری نویٚ" (گۆڤار)، هەولێر، ژمارە(٣)، ١٩٧٨.

**ب- بە زمانی عەرەبی:**

- احياء ذكرى الاديب الراحل الملا شريف الاربيلي، "العراق"، (جريدة)، (بغداد)، العدد ٣٨٢، ١٩٧٧/٥/٢٨.
- آزاد عبيد صالح، وشهد شاهد من أهلها، "الصحفي" (مجلة)، اربيل، العدد (٤٨)، كانون الثاني ٢٠٠٩.
- عبدالله محمد حداد، الملا شريف الاربيلي ذلك الانسان الذي فقدناه، "العراق" (جريدة)، بغداد، العدد (٩٨)، ١٩٧٦/٦/١٤.
- عبدالفتاح بوتاني، دراسات ومواضيع كردية: حول كتاب ((لمحة عن الاكراد))، ترجمة: محمد شريف عثمان، "التآخي" (جريدة)، بغداد، العدد ١٣٤٨، ١٩٧٣/٦/٣.
- ندوة اتحاد الادباء الاكراد فرع اربيل، في ذكرى الاديب الراحل محمد شريف عثمان، العراق، العدد (٣٩٦)، ١٩٧٧/٦/١٣، (ثقافة كردية).
- لقاء خاص مع مناضل كوردستان المعروف عزيز محمد (السكرتير السابق للحزب الشيوعي العراقي)، ترجمة: عبدالكريم شيخاني، "k21 "، العدد المزدوج (١٣/١ـ١٤/٢)، ٢٠١٢/٢/١٢، ص٢٢٧ـ٢٢٩.
- ممتاز الحيدري، في ذكرى الانسان المتواضع والمثقف الواعي، "العراق"، العدد (٣٦٩)، ١٩٧٧/٧/١٢.

**ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی:**

"ئازادی"، ژمارە(٣)، حوزەیرانی ١٩٤٥.

"ئازادی "، ژمارە (٥)، تشرینی دووەمی ١٩٤٥.

"بیری نوێ" (ڕۆژنامە)، بەغدا، ژمارە (٥٢)، ١٩/ ١٩٧٣/٦.

"گەلاوێژ" (گۆڤار)، بەغدا، ژمارە(٦)، س (٥)، حوزەیرانی ١٩٤٤.

"نووسەری کورد" (گۆڤار)، بەغدا، ژمارە (١)، مارتی ١٩٧١.

"العراق" (جريدة)، بغداد، العدد ١٠٩، ١٩٧٦/٦/٢٨.

**دیدار**

- دیدار لەگەڵ زاهیر کەریم عەلی کارەباچی لە ڕۆژی ٢٠١٢/١/١٢. هەولێر.

- دیدار لەگەڵ عەزیز محەمەد، لە رۆژی ٢٠١٢/١/٦، هەولێر
- چاوپێکەوتن لەگەڵ عەزیز محەمەد لە ٤ی ئەیلوولی ٢٠٠٢. ( بە راگواستن لە مەهدی محەمەد قادر، پێشهاتە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق ١٩٤٥ـ١٩٥٨، سلێمانی ٢٠٠٥، ل٧٤).
- دیدار لەگەڵ کەریم ئەحمەد لە ١٤ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٩. دیدار لەگەڵ کەریم ئەحمەد لە ١٤ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٩، (بە وەرگرتن لە بورهان حاتەم، ل٣٨).
- دیدار لەگەڵ مومتاز حەیدەری ٢٤ی کانوونی یەکەمی ٢٠١١. هەولێر.

**ئینسکلۆپیدیا:**

- ئینسکلۆپیدیای هەولێر ((ئەربیل))، ئامادەکردنی لیژنەی باڵا: د.عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، د.مەولوود ئیبراهیم حەسەن، فەرید ئەسەسەرد، ئومێد ئیبراهیم جوزەڵی، حەمید ئەبوبەکر بەدرخان، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان، چاپخانەی گرین گالۆری، لوبنان ٢٠٠٩.

**بابەتەکان:**

- عەبدولڕەحمان مەعرووف، بیۆگرافیای نووسەرانی هەولێر.
- کەریم شارەزا، مەلا شەریفی رەنگەڕێژانی١٩٢٥–١٩٧٦.
- کەریم شارەزا، هاشم عەبدوڵڵا ١٩٢٨ـ١٩٨٤.

## پاشکۆ ژمارە (١)



یادی وەتەن

هۆنەر : رەنگەرێژانی

هەتا کەی وەختی بەیانی سەیری کوردستان ئەکەم
دڵی باغ و گوڵانی جێگەی عدنان ئەکەم

پێ ئەڵێم سا ئەی وطن من هێندە بۆ تو تاسم
روحو گیانی خوم لەبو تو گەرلی قوربان ئەکەم

جار بەجار گەرمن لەبو تو آهو نالەم بێ وطن
حقە بومن، چونکە بو کورد نالەو ئەفغان ئەکەم

ئەم وەتەی من گەرچی نازانی کە مأیوسی جێ‌بە
ئەم چیاپر دەردو غەم من چەند ئەبینم، ژان ئەئەکەم

نطرەی فرمێسک آخو لائەبا دەردو غەمم؟
بانە بو لاچونی زلت خزمەتی کوردان ئەکەم

تاکولاچی دەردی بێ‌ڕەحمی و دوونی و بێ‌کەسی
من گوناحی دوژمنانی قەومی کوردوستان ئەکەم

نالە دەس وحشی وجهالت دەرگەری قەوم و وولات
سجدە بو ئیقبالی علم و فلسفەو، عرفان ئەکەم

ماتی کورد «رەنگەرێژانی» وەها موشتاقە بێ
من قبلەم هەر دەمێک بوت آرەزوی سوتان ئەکەم

## پاشکۆ ژمارە (٢)



تشرين ثاني ١٩٤٥ زماره ٥ نرخي ١٥ فلس

بيشانيكى سەربەست وولاتيكى بەختيار

بژي تيكوشين ملەتان لە ريگاي سربەستي

# آزادی

بژي ثورەي اكتوبر هەر دەميـــــك

## كورد وثورەى اكـــــتوبر

— آزادي —

وا لە ولاتي يكەتي سوفيـات و لەهەمو دنيادا بەدليكى خرش يادي ئەو روژە دەكريتەوە و تقديسي ئەكري ، ئەو روژە كە لابەرەي ظلم وغدر لە ولاتى روسيا آرا كرا و دەوريكي تازە دەستي بي كـرد بو ملەتەكاني يكەتي سوفياتي ، ئەو روژە كەاستيرەي راستي و سربستي لە ولاتي يكەتي سـوفيات گەش بوە و روناكي لە گشت دنيا بلاو بوه پاش رابردني بيست و هشت سال لە سەر شورشي اكتوبر كە لەم مدەيەدا ملەتاني يكەتي سوفياتي و هەمو ملەتاني دنيا چند شاقاويكي گەورە پيش كەوتون لە وەرگرتنەوەي حقوق ژين و آزادي و لەيتكەيشتني معناي سربستي ، ملەتي كورديش بە دليكي پر لە خوشي و امل يادي ام روژە دەكاتەوە چونكە ازاني ئەم روژە روژي شكاندني زنجيري ژير دەستي وديلي يە و روژي وەرگەراني تختي ظلم واستبدادي قيصرو جاعتە كەيتي .

ملەتي كورد كە لەناخوشتيرين وتاريكترين روژي خوي رائەبري و لەژيرا چنكي دوژمناني وكو استعمار وكونە پرستي هەر جورە استبداديك دەبيني ، معناي شورشي اكتوبر تي ئەگا و تقديسي ئەكا ثورەي اكـتوبر ثورە ملەتيك لەملەتاني يكەتي سوفياتي و يا ثورەي ييك لەطبقەكاني ملەتي سوفياتي نەبو بەلكو ثورەي ١٨٠ مليون نفوس بو كە لەژير قيادەتي چيني كريكار و حزبي شيوعي خوي تنظيم كرد و برابر ئەو ظالـانەي كە بە هيزي قەمچي تسخيريان كردبو هەلساو لەسر حوكي لابردن ، ثورەي كريكاران بو چونكە كريكاراني يكەتي سوفياتي لەژير سرداري كومەلي شيوعي بيان كرا نظامي قيصري بروخينن و بەخويان بچنە سەر حكم ، ثورەي فلاحەكان بو چونكە فلاحەكاني يكەتي سوفياتي لەسايەي ئەو فداكاريەي كە لەگەل برا كريكارەكانيان بە ان ... ظلمي ... كە گەورەكانو حوكي قيصري نەجاتيان بو وايستا لەدونيايكي تازە بەخوشي و ...

## پاشکۆ ژمارە (٣)



**ملخص**

يتحدث هذا البحث عن اصل اسرة الرنگريـژانى ونـشأة مـلا شـريف احـد ابنـاء هذه الاسرة الدينية ودوره في الحياة السياسية والثقافية، الـذي عـاش مـابين ١٩٢٥ـ ١٩٧٦ في اربيل.

يتبين من الدراسة بان اصل هذه الاسرة دينيـة، وقـد درس مـلا شـريف دراسـة دينية وما ان وصل الى نهايـة التحـصيل الـديني، لم يكمـل المـشوار وانمـا توجـه الى السياسة والثقافة الدنيوية.

كان المترجم انسانا عصاميا بسيطا جـدا، وقـد زاول عـدة الاعمـال، الا انـه لم يوفق، وقد اصابه نكسة مالية من جراء ذلك، وتضرر كثيرا، وقد عاش عيشة كفاف.

وفي خضم احداث الحـرب العالميـة الثانيـة، اي في بدايـة شـبابه انخـرط في العمـل الـسياسي في الجمعيـات والمنظمـات الموجـودة آنـذاك. وقـد سـلك الجانـب اليـساري والماركسي الشائع حينئذ، والتي كانت في بداية ازدهارها كنصير للشعوب المضطهدة والمغلوبة على امرها من بينهم الكرد، المحروم من ابسط الحقـوق الانـسانية، لاسـيما ظهـور قـوة عظمـى جديـدة وهـي الاتحـاد الـسوفيتي كحـامي الـشعوب المظلومـة بايديولوجية جديدة.

وأخيرا انضم ملا شريف الى صفوف الحزب الشيوعي العراقـي، وكـان الكـردي الوحيد الـذي حـضر الكـونفرانس الاول ١٩٤٤ والمـؤتمر الاول ١٩٤٥، وقـد انـيط بـه مسوؤلية الاشراف علـى جريـدة (ازادي) اول لـسان حـال للحـزب الـشيوعي العراقـي باللغة الكردية والتي تعتبر تجربة غنية في تأريخ الصحافة الكردية السرية.

ولكن باعتقال قادة هذا الحزب في عام ١٩٤٧، استقال مـلا شـريف مـن الحـزب وتـرك العمل السياسي المنظم واتجه صوب الثقافة، وقد تمكن بجهوده الشخصية ان يـتعلم عدة اللغات من بينها اللغة الفرنسية. وتمكن من ترجمة بعض الاعمـال منهـا الى اللغـة الكردية والعربية. وله عدة اعمال مابين الترجمة والتأليف، المطبوعة وغير المطبوعة.

**SUMMARY**

This paper deals with the origin of Rangrezhani family and Mulla Sharif`s growth who was one of the members of this religious family and lived in Erbil during 1925-1976. It touches on his political and cultural role.

This study shows that the source of this family is religious. Mulla Sharif studied religion and when he was about to obtain religious attainment, he ceased his study and inclined towards worldly policy and culture.

The named, translator, was a very simple self-made person. He practiced several jobs but he was disappointed and, in consequence, he had a great financial relapse and was enormously harmed. He led a life of poverty.

During the events of the Second World War, i. e. at the beginning of his youth, he joined political activity in the current associations and organizations at that age. He inclined to leftism and Marxism which was very common at that era and, at the start of its flourish, was supportive of the persecuted peoples such as the Kurds who were deprived of the basic human rights, particularly, when great powers such as Soviet Union, appeared as the defender to the persecuted people in a new ideology.

Finally, Mulla Sharif joined Iraqi Communist Party and he was the only Kurd who attended the first party conference in 1944 and the first congress in 1945. He was authorized to supervise (AZADI) paper, the first organ of Iraqi Communist Party issued in Kurdish Language. It was a very rich experiment in the Kurdish clandestine journalism. When all the leaders of the party were arrested in 1947, Mulla Sharif resigned from the party and left the organized political activity and directed his efforts towards culture. He was able by his personal efforts to learn several languages such as French. He translated various books into Kurdish and Arabic languages. He had several published and non-published works in translation and compilation.

# کشتوکاڵ و بەروبوومەکانی لە کوردستانی سەردەمی عوسمانیدا

**پ.ی.د.سەعدی عوسمان هەروتی**
**کۆلێژی ئەدەبیات/ زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر**

## پێشەکی:

هەرچەندە دەمێکە لەجیهاندا، لەپاڵ مێژووی سیاسەت و دەوڵەت و دەسەڵاتداران، بایەخێکی بەرچاویش بەژیانی خەڵکی ئاسایی و چالاکییە ئابووری و کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیرییەکان دەدرێ، بەڵام مێژوونووسانی کورد کەمتر لا لەم بوارە گرنگانەی مێژووی مرۆڤایەتی بەگشتی و کورد بەتایبەتی دەکەنەوە. لەلایەکی تریش هەر کەسێك لەبارەی ژیانی ئابووری هەر قۆناغێکی مێژوویی بنووسێ، سەرەڕای مەرجی پسپۆربوونی لە مێژووی ئەو قۆناغە، زۆر پێویستیشە لەگەڵ ئەم بوارە ئابوورییەدا ئاشنایی هەبێ، نەخاسمە بوارێکی وەکو کشتوکاڵ. بۆیە منیش لەسۆنگەی ئەوەی کە لەخێزانێکی جووتیار چاوم هەڵێناوە و سەرەتای ژیانم لە گوند و لەنێو دەغڵودان و کێڵگەکاندا بەسەر بردووە، پێم باش بوو خۆم لە قەرەی ئەم بابەتە بدەم. ئامانجی سەرەکیشم ئەوەیە کە بەم توێژینەوەیە لایەنێکی ژیانی ئابووری کوردستان، لە قۆناغێکی گرنگی مێژووییدا، کە سەردەمی عوسمانییە، بهێنمە بەرچاوان و وێنای بکەم.

بێگومان لەکاتی نووسین لەم بوارەدا سەختترین ئاستەنگ کە بێتەڕێ مەسەلەی سەرچاوەیە، چونکە هەروەکو مێژوونووسێکی عیراقی سەردەمی عوسمانی باسی دەکات، مێژوونووسانی ئەو سەردەمە "بەدوای وردەکاری ئەو شتانەدا دەچن کە هیچ بایەخ و پێویستییان نییە" لەکاتێکدا باسی بارودۆخی دارایی و ئابوورییان فەرامۆش کردبوو.[1] بەڵام لە ساڵانی کۆتایی سەردەمی عوسمانی هەندێ سەرچاوە پەیدابوون کە زانیاری ئابووری باشیان لەخۆ گرتبوو، بەتایبەتی ساڵنامەکانی[2] عوسمانی و فەرهەنگە جوگرافی و مێژووییەکان. وەك

(قاموس الاعلام)ی شەمسەددین سامی. بێگومان ئەمانەش یارمەتیدەرێکی باشن بۆ نووسین لەم بوارەدا. بەڵام گەشتنامەی گەڕیدە و گەشتیارەکان بۆ توێژینەوەی لەم جۆرە زیاتر بەکەلکن، چونکە ئەمانە چوونەتە نێو خەڵکی ئاسایی و ژیانی رۆژانەی ئەوانیان لە نزیکەوە بینیوە و سەرنج و تێبینیی زۆریان لەم بارەیەوە تۆمار کردووە. نەخاسمە گەشتنامەکانی: (ئەولیا چەلەبی– ناوەڕاستی سەدەی ١٧)، (کارستن نیبور– ١٧٦٦)، (ئۆلیڤیێ– ١٧٩٤– ١٧٩٦)، (کلۆدیۆس جیمس ریچ– ١٨٢٠)، (جیمس برانت– ١٨٣٨) ، (هێنری بێندەر– ١٨٩٥). بێگومان هەندێ بەڵگەنامەی عوسمانی و هەروەها رۆژنامەی ئەو سەردەمەش بەکارهێنراون، بەتایبەتی رۆژنامەی (موصل) کە لە کۆتاییەکانی سەردەمی عوسمانی لەم شارە دەردەچوو. لەگەڵ نووسینی هەندێ لە توێژەرانی هاوچەرخی وەك (عماد احمد الجواهري).

## زەمینەی توێژینەوە:

لە ئەنجامی شەڕی چاڵدێرانی ساڵی (١٥١٤)ی نێوان هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی و ڕووداوەکانی دوو ساڵی دواتر، سوڵتان سەلیمی یەکەمی عوسمانی (١٥١٢– ١٥٢٠) بە هاریکاری کوردان خۆیان، بۆی لوا بەشێکی فراوانی کوردستان بخاتە ژێر قەڵەمڕەوی دەوڵەتەکەی.[٣] سوڵتان سلێمانی قانوونیش (١٥٢٠–١٥٦٦) لە ڕێگەی دوو هێرشی بەرفراوان لە ساڵانی ١٥٣٣ و ١٥٤٨دا توانی فراوانخوازی زیاتر لە کوردستاندا بکات. کاتێکیش هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی بەپێی پەیماننامەی (ئاماسیە)ی ساڵی ١٥٥٥ ڕێککەوتن[٤] و دانیان بەدەسەڵاتی یەکتر نا لە ناوچەکانی ژێر دەستیان، کوردستان بۆ یەکەم جار لە مێژووی نوێدا بەشێوەیەکی فەرمی لەنێوان هەردوو لادا دابەش کرا. لە ئەنجامی ئەمەدا چارەنووسی ناوچەکانی باکوور و باشوور و رۆژئاوای کوردستان بۆ ماوەی چوار سەدە بە ئیمپراتۆریای عوسمانییەوە گرێدرا. ئیتر بەهۆی ڕەهەندی سیاسی و جیاوازیی ڕەفتارو کلتووری دەوڵەتی داگیرکەر، ڕەوشی ژیانی ئەم ناوچانە بە ئاقارێکی تردا تێپەڕی جیاواز بوو لە هی ناوچەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان کە لەناو سنووری وڵاتی ئێراندا مانەوە.

لەسۆنگەی ئەمەوە ئەم توێژینەوەیە تەنیا ئەو بەشەی کوردستان دەگرێتەوە کە لەناو سنووری دەسەلاتی عوسمانیدا بوو. ئەم بەشە ناوبراوەش زۆربەی ناوچە و دەڤەرەکانی لەژێر سایەی میرنشین و قەوارە خۆماڵییەکاندا، لەهەمبەر دەسەلاتی عوسمانیدا سەربەخۆییەکی ناوخۆیی باشیان هەبوو. بەلام ئەم نیمچە سەربەخۆییە لە هەلکشان و داکشاندا بوو. بەهۆی سیاسەتی دەسەلاتدارانی عوسمانی لەلایەك، کە هەولیان دەدا هەژموونی زیاتر لە ناوچە کوردییەکاندا پیادە بکەن. میرە کوردەکانیش لەلایەکی تر، کە بە هەموو توانایان دەیانویست دەسەلاتە خۆماڵییەکانیان بپارێزن و زیاتر پەرەی پێبدەن. تا لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەمدا لەچوارچێوەی سیاسەتێکی بەرفراواندا، دەولەتی عوسمانی هەموو قەوارەو میرنشینە کوردییەکانی هەلوەشاندەوە. لەو کاتەوە ناوچە کوردییەکان خرانە ژێر کارگێڕیی ڕاستەوخۆی عوسمانی. ئەمەش ڕەوشی ژیانی کۆمەلگەی کوردەواری بەرەو بارێکی ناهەموارتر برد و لەوکاتەوە کوردان ڕاستەوخۆ زەبری دەسەلاتی ستەمکارانەی عوسمانییان بینی.[٥]

## یەکەم: بناغەو پێداویستییەکانی کشتوکال لە کوردستاندا:

کشتوکال لە کوردستاندا مێژوویەکی زۆر دێرینی هەیە. بە بەلگەی ئەوەی دۆزینەوە شوێنەوارییەکان ئەوەیان سەلماندووە گوندی (چەرمۆ)، کە دەکەوێتە یازدە کیلۆمەتری ڕۆژهەلاتی چەمچەمال و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەڤدەمی پێش زاین، کۆنترین کۆمەلگەی کشتوکالی پێکهێناوە لەجیهاندا.[٦] بێگومان کشتوکالیش کە سەرچاوەی سەرەکی بژێوی مرۆڤە، بەندە بە هەندێ هۆکاری بنەڕەتی، بەتایبەتی خاك و ئاو کە بەبێ ئەوانە کشتوکال نایەتە بوون. هەروەها لەباریی کەش و هەواش لەم لایەنەدا ڕۆلی خۆی هەیە. کوردستانیش لەسۆنگەی ئەوەی کە دەولەمەندە بەسەرچاوەکانی ئاو و سروشتێکی لەبار و خاکێکی بەپیتی هەیە، لەزۆربەی قۆناغەکانی مێژووی خۆیدا ولاتێکی کشتوکالی بووە. هەربۆیە بەدرێژایی سەردەمی عوسمانیش کشتوکال بڕبڕەی پشتی ئابووری کوردستانی پێکدەهێناو لەزۆربەی ناوچەکاندا ڕێژەی هەرە زۆری دانیشتووان بژێوی ژیانیان لە کشتوکالکردندا بەدەست دەهێنا.[٧]

سەبارەت بە سەرچاوەکانی ئاو، دیارە کە چەندین ڕووبار و کانی و جۆگە و گۆماو لە کوردستاندا هەبوون[٨] و ئێستاش هەن. گرنگترینیان هەردوو ڕووباری دیجلە و فوراتن کە هەریەکەیان چەندین لق و چەمی تێکەڵ دەبێ. ڕێژەیەکی زۆری ئاوی ژێر زەویش لەم وڵاتەدا هەیە.[٩] ئەوەی بایەخی کوردستان لەم لایەنەوە زیاتر دەکات ئەوەیە کە جوگرافیای ئەم وڵاتە وای کردووە دانیشتووانەکەی نزیکتر بن لەسەرچاوە ئاوییەکانی و نەکەونە ژێر ڕەحمەتی وڵاتانی ترەوە.[١٠]

هەروەها کەش و هەوای کوردستانیش یارمەتیدەرە بۆ چاندنی بەرووبوومی کشتوکاڵی جۆربەجۆر.[١١] هەر پەیوەست بە کەش و هەواوە تێبینی دەکرێ کە بەرزیی ڕێژەی باران بارین وای کردبوو لەهەندێ ناوچەی کوردستان کشتوکاڵ تەنیا پشت بە باران ببەستێ و هیچ پێویست بە پرۆژەی ئاودێری نەکات. وەکو ناوچەی دەشتی هەولێر کە کشتوکاڵی دێمی پەیڕەو دەکرد.[١٢] هەروەها ناوچەکانی سەر بە میرنشینی بابانیش لەساڵی ١٨٢٠ دا "هەموو کێڵگەکانی ...تەنیا بەئاوی باران ئاو دەدران و ئاودێری دەستکردیان تێدا نەبوو".[١٣] سەبارەت بە ناوچەیەکی باکووری کوردستانیش جیمس برانت دەڵێ "دەغڵودان لێرە ئاو نادرێن. سەرەڕای ئەوەی لێرە چەند مانگێك باران نەباریوە و خاکەکەش لماوی و وشك دیارە بەڵام لەناخیدا زۆر تەڕە. دێهاتییەکان پێیان گوتم کە دوای تێپەڕبوونی دە ڕۆژ بەسەر تۆکردن سەوزایی لەڕووی زەوی بەدیار دەکەوێ".[١٤]

سەبارەت بەپیتیی خاکیش گەڕیدەیەکی فەرەنسی لەکۆتایی سەدەی هەژدەمدا لەبارەی ئەو ناوچەیەی دەکەوێتە نێوان موسڵ و شنگار و ئۆرفە، دەڵێت: "ئەگەر ئەم وڵاتە ئاودێری زیاتر بووایە، جا بەهۆی بارانەوە یان هۆیەکانی ئاودێری، ئەوا خۆی بەهیچ وڵاتێکی تر نەدەگۆڕییەوە لەخاك و زەویدا". ئەم گەڕیدەیە لەشوێنی تریشدا بە ئاشکرا گەواهی لەسەر بەپیتیی خاکی ئەم وڵاتە دەدات.[١٥] ئاماژەی لەم جۆرە لە نووسین و تێبینییەکانی گەڕیدە و ڕۆژهەڵاتناسانی تریش دەبینرێ. وەکو (کارستن نیبور) کە سەبارەت بە کوردستان دەنووسێ: "ناوچەیەکی زۆر بەپیتە و داهات و بەرهەمی زۆرە".[١٦] هەروەها ڕۆژهەڵاتناسی ئیتالی (جۆزیبی کامبانیلی ١٧٦٢– ١٨٣٥) لەبارەی

میرنشینی باباندا دەڵێ زەوییەکانی لە هەموو زەویوزاری ناوچەکانی تری کوردستان باشترن و زیاتر داچێندراون.[17] (مۆلتیکە)ی ئەفسەری ئەڵمانیش لە ساڵی ١٨٣٨دا بەچاوی خۆی خاکی بەپیت و پڕ خێروبێری باکوری کوردستان دەبینێ و زۆری سەرچاوەکانی ئاوی سەرنجی ڕادەکێشێ. بۆیە چەندین جار سەرسامیی خۆی لەم بارەیەوە دەردەبڕێ.[18] بێگومان نابێ وابزانین کە هەموو بستێکی خاکی کوردستان وا بەپیت و چاك بوو، بۆ نموونە (جیمس برانت)ی کونسوڵی ئینگلیزی لە ئەرزەڕۆم، ساڵی ١٨٣٨ لە گوندێکی نزیك مووش تێبینی دەکا کە خاکەکەی سووك و لماوییە و زۆر بەپیت نییە.[19]

ئەمانەی باسمان کردن هۆکاری گرنگ بوون بۆ پەرەسەندنی کشتوکاڵ لە کوردستاندا، ئەگەر هاوکات لەگەڵیاندا کەرەستە و ئامێرە کشتوکاڵییەکانیش شیاو بوونایە و هەلومەرجیش لەبارێکی گونجاو بووایە. لە باسەکانی داهاتووشدا سەرنجی ئەم لایەنانە دەدەین.

## دووەم: موڵکداریێتی زەوی و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان:

لەبابەتی پێشوودا ئاماژەمان بەوە دا کە لەماوەی سەردەمی عوسمانیدا ئابووری کوردستان لەسەر کشتوکاڵ بنیاد نرابوو. بێگومان لە هەلومەرجێکی وادا زەوی بەهۆکاری سەرەکی بەرهەمهێنان دادەنرێ، بەتایبەتی کە کۆمەڵگەی کوردستان لەم سەردەمەدا بەقۆناغی دەرەبەگایەتی تێپەڕ دەبوو.[20] میرە کوردەکان لە ترۆپکی قووچەکی دەرەبەگایەتیدا بوون لە کوردستاندا.[21] لەبەرئەوەی دەوڵەتی عوسمانی کە پشتی بەرژێمی دەرەبەگایەتی دەبەست،[22] هەر لەسەرەتاوە پەیوەندی خۆی لەگەڵ میر و سەردارانی کورد لەسەر بنەمای ئەو ڕژێمە ڕێکخست، لەگەڵ ڕەچاوکردنی هەلومەرجی تایبەتی کوردستان. ئەوەبوو هەریەکە لەم میر و سەردارانە ناوچەکانی خۆی لەژێر دەستدا مایەوەو دەوڵەتی عوسمانی دەستی لە کاروباری ناوەخۆی ئەم ناوچانە وەرنەدەدا. بۆیە ئەم زەوییانە وەکو موڵکی تایبەتی میرەکان دەمانەوە بەلام لەبنەڕەتدا مۆرکێکی دەرەبەگایەتییان پێوە دیاربوو، چونکە دەبوو میرەکان هێزی سەربازی بدەنە

دەوڵــەت لــەکاتی پێویــستدا. [٢٣] کــە ئەمــەش بنەمایــەکی ســەرەکی ڕژێمــی دەرەبەگایەتی عوسمانی بوو.

هاوکـات لەگـەڵ ئەمـەدا، لـە هەنـدێ ناوچـەی کوردسـتان، بەتایبـەتی ئـەو ناوچانەی کە لەژێر کارگێڕی ڕاستەوخۆی عوسمانیدا بوون، ڕژێمـی دەرەبەگایـەتی عوسمـانی پـەیڕەو دەکـرا. بـۆ نموونـە ناوچـەی کـەرکوك هەرسـێ جـۆری زەوی دەرەبــەگی عوسمــانی (تیمـار، زەعامـەت، خـاص)ی تێـدابوو، وەك لـە هەنـدێ بەڵگەنامـەی عوسمـانی سـەدەی شـازدەمدا دەردەکـەوێ. [٢٤] لـە هەنـدێ ناوچـەی هەردوو ئەیالەتی دیاربەکر و (وان)یش ئەم ڕژێمە پەیڕەو کرابوو. [٢٥]

بەڵام میر و دەسەڵاتدارانی میرنشین و قـەوارە کوردییـەکان وەکـو دەرەبـەگی ئاسـایی نـەبوون، چـونکە موڵکـەکانیان بـەمیرات بـۆ نـەوەکانیان دەگوازرایـەوە و بەپێی ڕێوڕەسمی خۆیان باج و ئەرکەکانی تریان لەژێردەستانیان وەردەگرت نـەك بـەگوێرەی یاسـا و ڕێـسای عوسمـانی. هـەروەها زەوییـەکانی ئـەم میرنـشینانە، بەتایبــەتی ئەوانـەی گـرنگ بـوون و پێیـان دەگـوترا (حکومـەت)، بـەپێی ڕژێمـی دەرەبەگایەتی عوسمـانی دابـەش نـەدەکران. [٢٦] ئـەم زەوییانـە لـە دەفتـەرەکانی تاپۆی عوسمـانیش تۆمـار نـەدەکران، کـاتێ کـرداری ڕووپێـوی زەویـوزار (اراضـي تحریـري) ئـەنجام دەدرا، بۆیـە پێیـان دەگـوترا (لـە دەرەوەی دەفتـەر /خـارج از دفتر). [٢٧] لەبەر ئەمە لە بەڵگەنامە عوسمانییەکان ئاماژە بە داهـاتی ئـەم ناوچـانە نـاکرێ. [٢٨] بـەڵام لـە بەرامبـەر ئەمـەدا لەسـەر میرەکـان پێویـست بـوو سـاڵانە بڕەپارەیـەکی دیـاریکراو بدەنـە دەوڵـەتی عوسمـانی، هـەروەکو سەرچـاوەکان ئاماژەی پێدەدەن [٢٩] و هەروەها لە ڕووداوە مێژووییەکانیش دەردەکەوێ. [٣٠]

سەرەڕای ئەمەش دەتوانین بڵێین هەرچـەندە ئـەم میرانـە لـەڕووی تیۆرییـەوە خاوەنی هەموو ئەم ناوچانە بوون کە لەژێر دەستیاندا بوو، بەڵام لەڕاسـتیدا تـەنیا بەشێکی دیاریکراوی زەویوزاری ئەم ناوچانە موڵکی تایبەتی خۆیـان بـوو. ئـەوانی تریش شێوازەکانی تری موڵکدارێتییان هەبوو کە دواتر باسیان دەکـەین. بـەڵام لـە هەموو ناوچەکانی میرنشینەکەیان باج و پیتاکیـان وەردەگـرت. بـۆ نموونـە (خـان مەحموود) کە میرێکـی بەدەسـەڵاتی کـورد بـوو لـە ناوچـەی وان، زیـاتر لـە (١٠٠) گوندی هەبوو. [٣١] ئەم میرە کوردانە کاتێ لەلایـەن دەسـەڵاتدارانی عوسمانیـشەوە

لێدەخران، زەویوزاری زۆریان بۆ تەرخان دەکرا. بۆ نموونە ئیبراهیم پاشای بابان[٣٢] دوای ئەوەی لە میرایەتی بابان لادراو پەنای بردە بەر ئێران، والی بەغدا لە ساڵی ١٧٩٠ز. بەڕێز و حورمەتەوە هێنایەوە و گوند و ناوچەکانی (قزلرەبات و قولای و خانەقین و عەلیاوە و بشیر و تازەخورماتوو)ی بۆ تەرخان کرد، تا خۆی و دەستوپێوەندەکانی لەسەری بژین.[٣٣]

لەدوای میرەکان سەرۆک هۆزەکان بەتایبەتی ئەوانەی پلەی (بەگ)یان هەبوو خاوەنداری گەورەی زەوی بوون و هەزاران دۆنمیان لەژێر دەستدا بوو. زۆربەی ڕۆڵەکانی هۆزەکەش وەرزێری ئەوان بوون. ئەمانە نموونەی دەرەبەگ بوون لەژێر پەردەی هۆزایەتی.[٣٤] ئەم سەرۆک هۆزانە سوودیان لەلاوازی دەوڵەت دەبینی کە نەیدەتوانی دەسەڵاتی بەسەر ناوچەکانی ئەم هۆزانە بسەپێنێ، بۆیە بڕە پارەیەکی دیاریکراویان دەدا بە دەوڵەت و خۆیان باجەکانیان لە ناوچەکانی خۆیان کۆ دەکردەوە، تا وای لێ هات خۆیان بەخاوەنی ئەم زەوییانە دانا.[٣٥] واتا سوودیان لە شێوازی (ئیلتیزام) دەبینی لە کۆکردنەوەی باج و پیتاکدا، بەتایبەتی لە سەردەمانی دوایی دەوڵەتی عوسمانی. هەندێ بەڵگەنامەی عوسمانی ئەوە ئاشکرا دەکەن کە سەرۆکەکانی هۆزی هەمەوەند لە ناوچەی بازیان و ئاغاکانی پشدەر لە ناوچەی پشدەر، بەم شێوەیە دەستیان بەسەر ڕووبەرێکی فراوانی زەویوزاردا گرتبوو.[٣٦]

بێجگە لەمانە خەڵکانێکی تر هەبوون کە خاوەنی زەوی بوون، ئەو جۆرە زەوییانەش پێیان دەگوترا موڵکی ڕووت (ملك صرف)، ئەمە زەوییەک بوو کە خاوەنەکەی مافی تەواوی هەبوو لە مامەڵەکردن لەگەڵیدا. تەنیا دەبوو لەبەرامبەریدا دەیەک یان خەراج بدات بە دەوڵەت.[٣٧] ئەم جۆرە زەوییانە کە بەشێکیان لەبنەڕەتدا لەزەویی دەرەبەگایەتییەوە ببوونە موڵکی تایبەت،[٣٨] لەڕووی ڕووبەر و فراوانییەوە جیاواز بوون. هەندێ موڵکداری گەورە هەبوون کە زەویوزاری فراوانیان هەبوو، بەتایبەتی بنەماڵە و خزمانی میرەکان و دەستوپێوەندە نزیکەکانیان. کە لەڕێی پەیوەندییان بە میرەوە یاخود وەرگرتنی بەخشین و دڵنەوایی کردنیان لەلایەن دەسەڵاتدارانی عوسمانییەوە ئەم زەوییانەیان دەستکەوتبوو. بۆ نموونە دوو ئامۆزای (ئەمین پاشا)ی میری مووش

لە باکووری کوردستان، لە دەوروبەری ئەخلات زەوی کشتوکاڵی پان و پۆڕ و ژمارەیەکی زۆر گوندیان هەبوو.[٣٩] شایانی باسە هەندێ جار لەگەڵ گۆڕانی میری دەسەلاتدار لە میرنشینەکەدا ئەم زەویوزارانەش دەستاودەستیان دەکرد و کەسانی نزیکی میرە نوێیەکە دەستیان بەسەر موڵك و زەوی دەستوپێوەندەکانی میری پێشوو دادەگرت، وەك ئەوەی لە میرنشینی باباندا ڕووی دەدا.[٤٠]

لەپاڵ ئەمانە هەندێ کەسایەتی و بنەماڵەی ئاینیش بەجۆرێك لەجۆرەکان ببوونە خاوەنی ڕووبەرێکی فراوانی زەوی و لەڕیزی گەورە دەرەبەگ و موڵکدارەکاندا بوون. لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەم هەندێ دەرەبەگ لە کوردستاندا (٨-١٠) گوندیان هەبوو. بەڵکو هی وا هەبوو خاوەنی (٣٠) گوند بوو.[٤١] وەك بنەماڵەی حەیدەری کە لە ناوچەی شارەزوور و هەریر (٣٠) گوندیان هەبوو و لەلایەن سوڵتان سلێمانی قانوونی و سوڵتانەکانی تر پێیان بەخشرابوو.[٤٢] وەکو نموونەیەکی تریش ئاماژە بەگوندی (کیراوی) دەکەین لە نزیك شارۆچکەی (خینیس) لە باکووری کوردستان، کە موڵکی (موراد بەگ)ی سەرداری ئەم شارۆچکەیە بوو.[٤٣] لە دەڤەری کەرکووکیش گوندەکانی تەرجیل و لەیلان و بشیر و تسعین موڵکی تاکەکەسی بوون.[٤٤]

هاوکات لەگەڵ ئەمانە زۆر موڵکداری بچووکیش هەبوون لە کوردستان، بۆ نموونە لە گوندێکی نزیك خینیس سێ بنەماڵە لە ساڵی ١٨٣٨ خاوەنی (٤٠) کێڵگە بوون لە گوندەکەدا. زۆرجار دەوڵەمەندانی دانیشتووانی شارەکانیش وەکو شاری وان، ڕەزوباغی تایبەت بەخۆیان لەگوندەکانی دەوروبەردا هەبوو.[٤٥]

هەندێ ڕووبەری زەویش لە کوردستاندا کرابووە موڵکی تایبەتی سوڵتان وەك لەزۆربەی ناوچەکانی تریشدا زەوی لەم جۆرە هەبوو. ئەمانە پێیان دەگوترا (خەواسی هومایۆن) یان (الاملاك السنیه). بۆ نموونە ناوچەکانی سەر بەمیرنشینی بابان دوای ڕووخانەوەی وەچەی بنەماڵەی چوارەم لەچارەگی کۆتایی سەدەی شازدەم، کرانە (خەواسی هومایۆن).[٤٦] ڕووبەری زەوییەکانی هومایۆن بەردەوام لە فراوانبووندا بوو، بەتایبەتی لە سەردەمی سوڵتانێکی وەکو عەبدولحەمیدی دووەم (١٨٧٦-١٩٠٩)،کە بەپێی گوتەی دیپلۆماتکارێکی فەرەنسی ئەو سەردەمە : "بەشێوازی دروست و نادروست موڵکێکی مەزنی بۆ خۆی پێکەوەنابوو".[٤٧] ئەم

سوڵتانە تەنیا لە ناوچەی ئاکرێ، زەوی کشتوکاڵی (٥٤) گوندی هەبوو، کە گوایا بەهۆی دەستدرێژی هۆزەکان چۆل ببوون. بەڵگەنامەیەکی (کۆشکی همایۆنی یەلدن) کە باسی گۆڕینی موڵکدارێتی ئەم زەوییانە بۆ (خەواسی همایۆن) دەکات، بیانووی ئەوە دەهێنێتەوە کە گوایا ئامانجیان جێنشینکردنی هۆزەکان و خەریککردنیانە بەکشتوکاڵکردن.[٤٨] ئەم سوڵتانە لە ناوچەکانی سەر بە موسڵ و هەولێر و سلێمانیش زەویوزاری زۆری هەبوو، بۆیە لە سەردەمی خۆیدا بە گەورەترین خاوەنداری زەوی دادەنرا لە کوردستاندا.[٤٩] شایانی باسە ئەم زەوییانەی سوڵتان و تەنانەت ئەو جووتیارانەی کاریشیان تێدا دەکرد ماف و جیاووکی تایبەتییان هەبوو.

ئەو زەوییانەی موڵکی کەسێکی دیاریکراو نەبوون لە دەوڵەتی عوسمانی بە زەوی دەوڵەت دادەنران و پێیان دەگوترا (زەوی میری). زۆر جار پارچەیەك لەم زەوییە بەهەندێ مەرجی دیاریکراو دەدرایە کەسێك کە سوودی لێ ببینێ.[٥٠] جیمس برانت لە دامێنی چیای بێنگۆل لە باکووری کوردستان ئاماژە بەوە دەکات کە زەویوزاری ئەم ناوچەیە موڵکی تایبەتی هیچ کەس نییە، بۆیە هەرگیز کڕین و فرۆشتنی لەسەر نییە و هەر کەسێك بیەوێ دەتوانێ پارچە زەوییەکی نەچێنراو دابچێنێ لەبەرامبەر دەیەکی بەروبوومی ئەم زەوییە کە دەبێ بیدا بە دەوڵەت. بەڵام هەر کاتێك وەبەرهێنانی زەوییەکەی فەرامۆش بکا لێی دەسەنرێتەوە.[٥١] هەندێ جار پارچەیەك لەم زەوییە بۆ یەکێ لە هۆزەکان تەرخان دەکرا و لەم ڕێگەیەوە هۆزەکە جێنشین دەکرا و لە هەمان کاتیشدا دەوڵەت سوودی لە داهاتی زەوییەکە دەبینی.[٥٢]

هەروەها لە کوردستان زەوی (وەقف)یش هەبوو. ئەمەش زەوییەکی کشتوکاڵی یان هەر جۆرە موڵکێك بوو کە خاوەنەکەی وەقفی دەکرد لەسەر شوێنێك یان دەزگایەکی ئایینی یان خزمەتگوزاری، بۆ ئەوەی داهاتەکەی بۆ ئەم شوێنە تەرخان بکرێ. بۆ نموونە هەموو زەویوزاری گوندی (گوم گوم)ی نزیك شارۆچکەی خینیس لە باکووری کوردستان وەقف کرابوو لەسەر مزگەوتەکەی ئەم گوندە بۆ کاری خێرو چاکەخوازی.[٥٣] هەندێ گوندی سەر بە کەرکووکیش وەقف کرابوون لەسەر هەردوو حەرەمی پیرۆز.[٥٤] ئەم جۆرە زەوییە هەر تەنیا لای

موسڵمانان باو نەبوو، بەڵکو پەرستگای ئایینەکانی تریش لە کوردستان زۆر جار زەویوزاری خۆیان هەبوو، کە بێگومان لەبنەڕەتدا لەسەریان وەقف کرابوو دواتر ببووە موڵکی ئەم پەرستگایانە، وەك گوندی (ئاکاڤانسك) لە کەناری دەریاچەی وان کە موڵکی دێرێکی ئەرمەنی بوو لە دەڤەرەکەدا.(٥٥) شایانی باسە، هەندێ جار ئەم زەوییانە بەهۆی تۆمار نەکردنیان لەتۆمارە فەرمییەکان، لەلایەن کەسانی دەستڕۆیشتوو دەستیان بەسەردا دەگیراو دەبوونە موڵکی تایبەت.(٥٦)

لە زۆربەی ناوچەکانیش بەتایبەتی لە گوندەکان هەندێ پارچە زەوی هەبوو وەك لەوەڕگا، کە هەموو دانیشتووانی گوندەکە دەیانتوانی سوودی لێ ببینن. ئەمانە زەوی (مشاع، یان/متروکە) واتە (بەربەرەڵڵا، یان/ جێهێڵراو) بوون.(٥٧) بێگومان هەندێ جۆری زەویش بەکەڵك کشتوکاڵ نەدەهات وەك ئەوەی بەردەڵان بوو یان بەیار و بێ خێر بوو. ئەمانە پێیان دەگوترا زەوی مردوو (موات). ئەمانەش موڵکی دەوڵەت بوون.(٥٨)

لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەمەوە بەهۆی پەرەسەندنی سەرمایەداری پیشەسازی، هەژمونی وڵاتانی ئەوروپی لە دەوڵەتی عوسمانیدا ڕوو لەزیادی بوو. بەڵام ئەمە نەبووە هۆی ڕیشەکێشکردنی پەیوەندییە دەرەبەگییەکان و دامەزراندنی پێگەکانی سەرمایەداری لە هەرێمەکانی ئەم دەوڵەتەدا. چونکە سەرمایەداری ئەوروپی ئەو هەرێمانەی بە بازاڕێکی ساغکردنەوەی کاڵا پیشەسازییەکانی دادەنا و لە هەمان کاتدا سەرچاوەیەکی گرنگی کەرەستەی خاویشیان پێکدەهێنا. ئەم گۆڕانکارییانە کوردستانیشی گرتەوە و لە سەدەی نۆزدەم بەروبوومی کشتوکاڵی ئەم وڵاتەش ڕووی کردە بازاڕی جیهانی و پەیوەندییە کاڵاییەکان تیایدا پەرەیان سەند. ئەمەش بووە هۆی هەڵپەکردنی سەرۆك هۆز و دەرەبەگ و کەسانی دەستڕۆیشتوو بۆ سەپاندنی خاوەندارێتی خۆیان بەسەر زەوی کشتوکاڵیدا.(٥٩)

هەر لەم ماوەیەدا کە هەندێ لە هۆزەکان وازیان لە ژیانی کۆچەری و شوانکارەیی هێنا و نیشتەجێبوون و کشتوکاڵیان هەڵبژارد، بایەخی زەوی زیاتر بوو. بۆیە سەرۆکی ئەم هۆزانەش کەوتنە هەوڵی دەستگرتن بەسەر زەوی و گۆڕینی بۆ موڵکی تایبەتی خۆیان.(٦٠) لەکاتێکدا پێشتر زەویوزاری هەر هۆزێك

موڵکی گشتی هەموو ئەندامانی هۆزەکە بوو. هیچ تاکێك داوای موڵکدارییەتی تایبەتی پارچە زەوییەکی نەدەکرد. لەڕاستیشدا ژیانی کۆچەری و نیمچە کۆچەری وای کردبوو ئەم داواکردنە شتێکی ئەستەم بێ. بەڵام هەر ئەندامێکی هۆزەکە باجێکی دەدایە سەرۆك هۆزەکە بۆ ئەوەی بە کاروباری سەرۆکایەتی هۆزەکەی ڕابگا.(٦١)

دەوڵەتی عوسمانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی موڵکدارێتی زەوی، لە ساڵی ١٨٥٨ (یاسای زەویوزار)ی دەرکرد. کە تیایدا جۆرەکانی زەوی وشێوازی موڵکدارێتییان دیاریکرا. لەم یاسایەدا پێنج جۆر زەویوزار دیاری کرا لە دەوڵەتی عوسمانیدا کە بریتی بوون لە: زەوی موڵك، زەوی میری، زەوی وەقف، زەوی جێهێڵراو، زەوی مردوو.(٦٢) لە ساڵی دواتریش (یاسای تاپۆ) دەرچوو بۆ دیاریکردنی شێوازەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ زەویوزاردا. لەمیانەی ئەمەدا ڕژێمێکی یاسایی دانرا بۆ تۆمارکردنی موڵکدارێتی زەویوزار لە (دەفتەری خاقانی)دا و بەخشینی بەڵگەنامەیەك کە پێی دەگوترا (سەنەدی خاقانی) بە خاوەنەکەی کە سنووری موڵکەکە و شوێنەکەی تێدا دەنووسرا.(٦٣)

بەڵام جووتیارانی ئاسایی و خاوەندارە بچووکەکانی زەوی بەهۆی نەزانی و بەدگومانی، نەیانتوانی سوود لەم یاسایە ببینن، بەڵکو زیانیشیان پێکەوت. چونکە لەلایەك تەنیا پیاوماقووڵ و دەوڵەمەندانی شارەکان و زەبربەدەستان توانییان ئەو زەوییە میرییانە بکڕن کە حکومەت بە مەرجی ئاسان و نرخی هەرزان لەم ماوەیەدا فرۆشتی. لەلایەکی تریش زۆربەی سەرۆك هۆز و ئاغا و شێخەکان ئەو زەوییانەیان بەناوی خۆیان تۆمارکرد کە لەژێر دەستیاندا بوو. لێرەشدا سوودیان لە هەژموون و دەستڕۆیشتنی خۆیان و بێ دەرەتانی جووتیاران بینی.(٦٤) بۆ نموونە بنەماڵەی شێخانی بەرزنجە بوونە خاوەنی نزیکەی (٦٠) گوند لە دەوروبەری سلێمانی. هەروەها ژمارەیەکی زۆری گوندەکانی کوردانی ئێزیدیش بوونە موڵکی دەوڵەمەندانی مووسڵ. ئەمە لەکاتێکدا بوو کە بەگوێرەی یاسای زەویوزار، نەدەبوو گوندەکان بەناوی کەسێکەوە تۆمار بکرێن.(٦٥) بێگومان لێرەدا گەندەڵی فەرمانبەرانی عوسمانی و فشارەکانی سەر جووتیارانیش کاریگەری

خۆیان هەبوو، وەك ئەوەی لەکرداری دەستبەسەرداگرتنی زەوییەکانی کوردە ئێزیدییەکاندا لەئارادا بوو.(٦٦)

لەئەنجامی ئەمەدا ژمارەی ئەو جووتیارانەی بێ زەوی بوون، بەرەبەرە لە زیادبووندا بوو. ئەم جووتیارانەش ناچار بوون زەوی موڵکدار و دەرەبەگەکان وەبەربێنن لەسەر بنەمای دابەشکردنی بەرهەم. بەمەش دەکەوتنە ژێر باری چەوسانەوەی دەرەبەگەکان و چەندین ئەرکی گرانیان بەسەردا دەسەپێنرا. یەکێك لە موڵکدارەکانی سلێمانی ساڵی ١٨٢٠ لەمیانەی ئاخاوتنی لەگەڵ (ریچ)دا دەڵێت: "ڕێگە بەدێهاتییەکان دەدەم زەوییەکەم دابچێنن بەکەیفی خۆیان ئنجا پشکی خۆمیان لێ وەردەگرم...لەگەڵ هەر شتێکی تر کە بتوانم لێیان بەدەست بێنم بەهەر شێوازو بیانوویەك بێ".(٦٧) ئەمەی ئەم موڵکدارە باسی دەکات پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی پێکدەهێنا لەم سەردەمەدا کە سەردەمی دەرەبەگایەتی بوو پڕ بە واتای وشەکە. ئەگەرچی ئەم پەیوەندییانە بەپێی کات و شوێن هەندێ گۆڕانیان بەسەردا دەهات، بەلاّم لە کرۆکدا هەر وەکو یەك بوون. بەگشتی خاوەن زەوییەکە کە ئەگەر ئاغا بووایە یان شێخ یان سەرۆك هۆز، نزیکەی پێنج یەکی بەرهەمی جووتیارەکەی دەبرد و ڕێژەیەکی لە مەڕوماڵاتی ئاژەڵدارەکانیش وەردەگرت. بە هەندێ بۆنە و بیانووی جۆراوجۆریش، وەکو ژنهێنان و خەرجی دیوەخان، بەناوی دیاری یان بەشداری باجی دەرەبەگایەتی تریشی دەسەند. ئەمە لەپاڵ ئەو ئەرکە زۆرانەی کە دەبوو جووتیارەکە بێ بەرامبەر بۆ دەرەبەگەکەی ئەنجام دابووایە.(٦٨) هەندێ لەم باج و ئەرکانە فەرمی بوون ڕەزامەندی دەوڵەتیان لەسەر بوو، بۆیە لە بەڵگەنامە عوسمانییەکانیش ئاماژەیان بۆ کراوە.(٦٩) بەلاّم هەندێکی تریان بەتێپەڕبوونی کات و سەردەم لەلایەن دەرەبەگەکانەوە زیاد کرابوون. بۆ نموونە بەرپرسێکی عوسمانی سەبارەت بەدەرەبەگەکانی ناوچەی کۆیە دەنووسێ: "خاوەنی هەر گوندێك هەرچۆنێکی بووێ کار بە خەڵکەکەی دەکات، بۆ زامنکردنی ئەمەش بەحکومەت هەڕەشەیان لێ دەکات".(٧٠) بەگشتی ئەم ستەمکارییانە هەلومەرجی جووتیارەکانی لە کۆیلایەتی نزیك کردبۆوە.

نابێ ئەوەش لەیاد بکەین کە لەم سەردەمەدا کرێکاری کشتوکاڵیش لە هەندێ ناوچە کاری پێدەکرا. بەلاَم هەلومەرجی کارکردن و شێوازی بەکرێگرتنیان لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەك و هەروەها بەپێی ماوە و وەرزەکانیشدا دەگۆڕا.(٧١) بۆ نموونە جیمس برانت ئاماژە بەوە دەکا کە کرێی بێستانچییەك لە گوندەکانی دەوروبەری وان پێنج لیرە بوو.(٧٢) بێگومان ئەمە بۆ وەرزێکی کارکردن بوو.

## سێیەم: پرۆسەی کشتوکاڵ و شارەزایی کورد لەم بوارەدا:

لە سەرەتادا ئاماژەمان بەوە دا کوردستان لە پێشەنگی ئەو وڵاتانەیە کە لە سەردەمێکی زووەوە کشتوکاڵیان تێدا کراوە. کەوایە جووتیارانی کوردستان لە کشتوکاڵکردندا ئەزموون و شارەزایی سەدان ساڵەی باپیرانیان بۆ مابۆوە. بۆیە جێگەی سەرنجە کە یەکێك لە گەڕیدە بیانییەکان لە ناوچەیەکی کوردستاندا دەڵێ: "کوردەکان بەگشتی لە جووتیاران نین"، چونکە لە بەشێکی گەورەی ساڵدا گوندەکانیان چۆڵ دەکەن و گەرمیان و کوێستان دەکەن(٧٣) بۆ لەوەڕاندنی مەڕوماڵاتیان. یەکێ لە کوردناسانیش ئاماژە بەوە دەکا کە کوردان بایەخێکی لاوەکی بە کشتوکاڵ دەدەن و بە پلە یەك لە ئاژەڵداریدا کارامەن. بەلاَم هەر خۆشی دواتر دەڵێ هەموو مێژوونووسان کۆکن لەسەر ئەوەی کە ڕژێمی باج و پیتاك کۆسپی سەرەکییە لەبەردەم بلاَوبوونەوەی کشتوکاڵ لەنێو کورددا.(٧٤)

سەرەڕای ئەوەش دەتوانین بڵێین ئەگەرچی هەلومەرجی کوردستان وای کردووە بەشێکی دانیشتووانەکەی، بەتایبەتی لە ناوچە شاخاوییەکان، ئاژەڵداری بکەنە سەرچاوەیەکی سەرەکی بەدەستهێنانی بژێوی ژیانیان. بەلاَم کشتوکاڵیش فەرامۆش نەکراوە و لە هەندێ ناوچە تەنیا پشت بەو کارە بەستراوە. زۆرجاریش کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بەیەکەوە ئنجا توانیویانە پێداویستییەکانی ژیانی کورد دابین بکەن. ئەمەش پێی دەگوترێ (ئابووری تێکەلاَو) کە لەزۆربەی ناوچەکانی کوردستان پەیڕەو دەکرا.(٧٥) بێگومان ئەمەش لەچوارچێوەی ئابووری خۆبژێوی یان پشت بەخۆبەستن (واتا: الاکتفاء الذاتي) بوو. کە لە ئەنجامی هەلومەرجی تۆبۆگرافی و ئاووهەوا، هەروەها زاڵبوونی پەیوەندییە دەرەبەگییەکان و دواکەوتوویی هۆیەکانی بەرهەمهێنان، لە کوردستان باو بوو.(٧٦)

لەڕاستیدا دانیشتووانی کوردستان هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆریان سەرف دەکرد لەپێناو دابینکردنی بژێوی ژیانیان. ئەگەر بێینە سەر کرداری کشتوکاڵکردن، لەنێو تێبینی و سەرنجی گەڕیدە و گەشتیارەکاندا چەندین ئاماژە و بەڵگەمان دەست دەکەوێ، کە دەیسەلمێنن جووتیارانی کوردستان لەم بوارەدا شارەزا بوون و زۆرجار لێهاتووییان پیشانداوە. لێرەدا دەقێك لە گەشتنامەکەی (جیمس برانت) ڕادەگوێزین کە سەبارەت بە چاندنی دانەوێڵە لە ناوچەیەکی باکووری کوردستان زانیاری باشمان پێدەدا. ناوبراو دەنووسێ: "ئەو دانەوێڵەیەی دێهاتییەکان خەریکی دروێنەکردنی بوون زۆر باش و پاك بوو. تێبینیم کرد کە گەنم لەم ناوچەیەدا بە ئامێری تایبەت دەچێندرێ، هەروەکو زانیم کە کشتوکاڵی زانستییانە و پەیڕەوکردنی شێوازی ورد لە کێڵاندا بەشێوەیەکی فراوان لەم بەشەی لادێدا پەیڕەو دەکرێ..هەوجاڕێکی دار کە لە کۆتاییەکەی چەند سەرێکی نووك تیژ هەیە و بە دوو گا ڕادەکێشرێ، چاڵێك هەڵدەکەنێ کە شەش ئینج دەبێ.. ئینجا منداڵێك دێ کە هەندێ تۆی هەڵگرتووە و بە ئاگاییەوە لەو درز و چاڵە هەڵکەندراوانە پەرتی دەکات. دواتر ئافرەتان باشترین درزەکان هەڵدەبژێرن بۆ دانانی تۆیەکان. دوای دروێنەکردنی گەنمەکە گژوگیا زیانبەخشەکان دەبڕنەوە و دەسووتێنن...لە هەندێکیانم پرسی بۆ ئەم شێوازە بەکاردێنن و لە کەیەوە پەیڕەوی دەکەن، پێم گوترا کە ئەوان لە باوانیانەوە بەمیرات بۆیان ماوەتەوە.. ئەوان پەیڕەوی دەکەن چونکە سوودیان لێ بینیوە و بەم شێوەیە دانەوێڵەی باش و زۆریان دەست دەکەوێ". لێرەدا ناوبراو سەرسامی خۆی لە هەمبەر کارامەیی جووتیارانی کورد ناشارێتەوە و ئەم شێوازە بە سستمێکی کشتوکاڵی پێشکەوتوو دادەنێ و دەڵێ: "تەنانەت لە وڵاتی ئێمەشدا واتە: [بریتانیا] ئەمە داهێنانێکە کە سەردەمێکی زۆر دوور نییە دەزانرێ".[٧٧]

بەڵگەیەکی تر لەسەر شارەزایی جووتیارانی کورد ئەوەیە کە بۆ هەندێ بەروبوومی کشتوکاڵی پەیینیان بەکاردەهێنا. بۆ نموونە لە دەڤەری سلێمانی مێو و تووتن پەیین دەکران.[٧٨] هەروەها لە داچاندنی بەروبوومەکان لەیەك زەویدا شێوازی بەرودوا پەیڕەو دەکرا، بەتایبەتی لە دەشتەکاندا. واتە زەوییان بە بەیاری جێ نەدەهێڵا و بەگوێرەی مانەوەی پیت و بەرەکەتی خاکەکە بەنۆرە

هەندێ جۆری دیاریکراوی بەروبوومیان لە کێڵگەیەکدا دەچاند. (ریچ) کە لـە سـاڵی ١٨٢٠دا باسی کشتوکاڵکردن دەکات لـە دەڤـەری سلێمانی، دەڵـێ: "گـەنم و جـۆ بەنۆرە لەیەك پارچە زەویدا ئەچێنرێن"، هەروەها دەڵێ: " لۆکـەش هـەرگیز نـابێ دوو جار لەسەریەك لە یەك زەویدا دووبارە بچێنرێ، بەزۆری لەگەڵ تووتندا نۆرەی پێ دەکەن...چەند ساڵێکیش لەسەریەك مەرەزە لەیەك زەویدا ناکەنـەوە" بـەڵکو دوای مەرەزەکە بۆ چاندنی دانەوێڵەی تر سوودی لێ دەبینن.(٧٩)

لێرەدا مەسەلەی ئاودێری پێویست بە هەڵوەستەیەك دەکات، چـونکە هەنـدێ لە گەڕیدەکان وەك خـاڵێکی نەگـەتیڤ ئاماژەیـان بـەوە داوە کـە لـە کوردسـتاندا کرداری ئاودێری بۆ دەغڵودان پەیڕەو ناکرێ.(٨٠) یەکێکیان ئەمـە بـەهۆکاری نزمـی ئاستی بەرهەمی کشتوکاڵی دادەنێ.(٨١) یەکێکی تـریش دەڵـێ ئـاودێری لـەم وڵاتـە بەشێوازێکی زۆر سـەرەتاییانە بـوو، ئـەوەتا (مـارك سـایکس) کـە بەکوردسـتاندا تێدەپـەڕێ، دەڵـێ: "هـەر بەرزاییـەك جۆگـەی ئـاوی خـۆی هەیـە بـەڵام زانـینی ئاودێری لای ئەوانە هێشتا هەروەکو سـەردەمە تاریکەکانـە".(٨٢) بـەڵام لەڕاسـتیدا ئاودێری لە کوردستان بەتەواوی فەرامۆش نـەکرابوو. ئـەوەتا (ریـچ) ئامـاژە بـەوە دەکا کە لە دەڤەری سلێمانی جـۆرە گـەنمێك هـەبوو کـە پێـی دەگـوترا (بـەهارە) چونکە لە بەهاردا دەچێنرا بەڵام پێویستی بە ئاودێری هەبوو، هەروەها بۆ لۆکەش بەگشتی ئاودێری دەستکردیان پەیڕەو دەکرد، مەگەر لە بەرزاییـیەکان بووایـە کـە لەم بارەدا بە دێم بـوو.(٨٣) تەنانـەت هەنـدێ گەڕیـدە و ڕۆژهەڵاتناسـان ئامـاژە بـە شــارەزایی کــورد دەکــەن لــە بــواری ئاودێریــدا، وەك (ڤاســیلی نیکیــتین)ی ڕۆژهەڵاتناسی فەرەنسی بەڕەچەڵەك ڕووسی، کە دەڵێ: "کورد هەروەکو کلدانییـە کۆنـەکان یـەکجار لێهـاتوون، دواناکـەون لـە ڕاکێـشانی جۆگـەی ئـاو بـۆ ئـاودێری زەوییــەکانیان".(٨٤) گەڕیدەیــەکی فەرەنــسیش لــە ســاڵی ١٨٩٥دا کــاتێ لــە جوولەمێرگەوە بەرەو ئامێدی دەچێت، تێبینی دەکـات "کـوردان لـە دەوروبـەری گوندەکانیان، بەشێوەیەکی سەرەتایی، بەڵام زۆر جیددی بەکشتوکاڵەوە خـەریکن تا لەنێو ئەم هەوراز و نشێوانەدا بەراو دروست بکەن، بـەهۆی چیلەبەرد کـە بـەرد لەسەریەك دادەنێن و خۆڵی وەپاڵ دەدەن زەوی دروست دەکـەن. لـەم بەراوانـەدا بــرنج و گەنمەشــامی و هــەرزن دەچــێنن". هــەر ئــەو گەڕیدەیــە دواتــر زۆر

بەسەرسامییەوە دەنووسێ: "دەگەینە گوندێکی کوردنشین بەناوی گوزارەك... ئاو بە وردبینییەکی وا ڕێکخراوە و بەهونەرێکی وا بەسەر باغەکاندا بەش دەکرێ، ئیدی لەوپەڕی گوندەکە رووبار پشکە ئاوێکی تێدا نامێنێ".[٨٥]

سەرەڕای ئەوەش دەبێ ئەوە بڵێین کە ئاودێری لە کوردستاندا بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی ئەورووپا بەپێوەری ئەو سەردەمە پێشکەوتوو نەبوو. چونکە بەشێوازی زانستییانەی هاوچەرخ بەڕێوە نەدەچوو. بەڵام هەندێ لەم ڕۆژئاواییانەی ئاگاداری هەلومەرجی کوردستان بوون، لەمەدا کورد بە کەمتەرخەم نازانن و حکومەتی عوسمانی تاوانبار دەکەن، وەك (مۆلتیکە) کە لەساڵی ١٨٣٨دا بە ئاخ هەڵکێشانەوە دەنووسێ: "وڵاتی کورد و ناوچەکانیان بەپیت و دەوڵەمەندە بە بەروبووم و سەرچاوەی ئابووری حکومەتە، لەکاتێکدا حکومەت هیچ پێداویستی و داواکارییەکانیان بۆ دابین ناکا...ئەم ئاوە زۆر و فرە پاك و ساردە هەڵدەقوڵێ و بێهوودە دەڕوا".[٨٦] بێگومان دیارە کە ئەنجامدانی پرۆژەی ئاودێری بەرفراوان و هاوچەرخ، بەتایبەتی بنیادنانی عەمبارەکانی ئاو و بەنداوەکان، کرداری گەورە و بەئەرك بوون بەجۆرێك تەنیا بەحکومەت دەکرا. کەچی ئەویش ئەم مەسەلانەی بەتەواوی فەرامۆش کردبوو.[٨٧]

دیارە ئەم کەرەستە و ئامێرە کشتوکاڵییانەی کە لەو سەردەمەدا لە کوردستان بەکار دەهێنران، ئەوانیش سەرەتایی بوون و هاوشێوەی وڵاتانی ڕۆژئاوا پەرەسەندنیان بەخۆوە نەبینیبوو. ئەندازیارێکی ئینگلیزی تەنانەت لە بیستەکانی سەدەی بیستەمدا باس لەوە دەکات کە لە ناوچەکانی هەولێر جووتیاران بە هەوجاڕێك زەوی دەکێڵن کە "باوکە بەرابییەکانی تەورات بەکاریان دەهێنا" بێگومان مەبەستی هەوجاڕی دار بوو کە جووتێك گا ڕایاندەکێشا و یەك گاسنی هەبوو، گاسنەکە هەندێ جار لە ئاسن دروست دەکرا.[٨٨] لە هەندێ ناوچەی کوردستانی باکووریش بۆ جووتکردن گا بەکاردەهات.[٨٩] بەڵام هەندێ جار کەر یان هێستر بەکاردەهێنرا بۆ ڕاکێشانی هەوجاڕەکە.[٩٠] بێگومان ئەمەش توانای کێڵانی بەرتەسك دەکرد و ئەرك و ماندووبوونێکی زۆری لە جووتیاران دەویست. بەتایبەتی ئەگەر هەوجاڕەکە یەك گاسنی هەبووایە و بەجووتێك گا ڕابکێشرابایە.

بـۆ دروێنــەکردنی دەغڵــودانیش داس بــەکاردەهێنرا و چــەند لوولەیــەکی بچووکیش لە پەنجەکان دەکران[٩١] بۆ ئەوەی گورزێکی گەورەتری خەرمانەکە بەدەست بگیرێ و بەهۆی داسەکە لە قەدەکەی بکرێتەوە. لەکاتی دروێنەکردن چەند پیاوێك لە تەنیشت یەکترەوە دەڕۆیشتن و بەریان لە دەغڵەکە دەگرت. ئەوەی دروێنەیان دەکرد لەدوای خۆیانەوە جێیان دەهێشت بۆ ئەوەی ژمارەیەك ئافرەت کە لەدوای ئەوانەوە دەڕۆیشتن، کۆی بکەنەوە.[٩٢] بۆیە ئافرەت و تەنانەت هەموو خێزانەکەش زۆرجار لەکرداری کشتوکاڵدا بەشدار دەبوون و ئەمەش گیانی تەبایی و هەرەوەزی لەنێویاندا بەهێز دەکرد.[٩٣] هەندێ جاریش لەنێو هەموو خەڵکی گوندەکەدا هەرەوەزی دەکرا بۆ کردارێکی کشتوکاڵی، وەك کۆکردنەوەی بەرهەمی لۆکە.[٩٤] کە ژمارەیەکی زۆری خەڵك پێویست بوو.

ئەو خەرمانەی دروێنە دەکرا جا چ گەنم بێ یان جۆ، لەهەندێ ناوچەی باکووری کوردستان بە عەرەبانە دەگوێزرایەوە و لەنزیك گوندەکە کۆ دەکرایەوە،[٩٥] بۆ ئەوەی دواتر بکوترێ و شەنەبا بکرێ تا دانەوێڵەکەی لێ جیابکرێتەوە.[٩٦] بەڵام دیارە ئەم کردارە لە هەموو شوێنێك بەم شێوەیە نەبوو، ئەوەتا وەکیلی قائمقامی کۆیە لەماوەی جەنگی یەکەمی جیهانی لە ڕاپۆرتێکیدا بۆ سەرووی خۆی باس لەوە دەکا کە خەڵکی ئەم دەڤەرە بەکارهێنانی عەرەبانە نازانن و بەروبوومە کشتوکاڵییەکانیان بە تەلیس لەسەر پشتی وڵاغ دەگوێزنەوە. بەپێی گوتەی ناوبراو، ئەوان بۆ دروێنەش داس بەکار ناهێنن و بەروبوومەکە لە ڕەگەوە هەڵدەکێشن. بەڵام بۆ کوتینەوەی خەرمانەکە، جەنجەڕ بەکاردەهێنن کە لە دار دروست کرابوو. ئەم ئامێرە بە وڵاغ ڕادەکێشرا و بەسەر خەرمانەکە دادەبرا بۆ ئەوەی بەهۆی جەنجەڕەکە و پێی وڵاغەکە، دانەوێڵەکە لە پووشەکە جیابکرێتەوە.[٩٧] ئەوەی لەم ڕاپۆرتەدا جێگەی ڕەخنەیە مەسەلەی بەکارنەهێنانی داسە لەم دەڤەرەدا، چونکە گومان لەوەدا نییە کە لە دێرزەمانەوە لە کوردستان داس بەکارهاتووە. بەڵام کاتێك کە بەهۆی کەمیی باران، قەدی گەنم و جۆ کورت دەبوو، نەدەتوانرا داس بەکاربهێنرێ و بە دەستەچن دروێنە دەکرا. لەوانەیە ناوبراویش باسی ئەم حاڵەتەی کردبێت.

لەبارەی داهاتی دانەوێڵەش (ئۆلیڤیێ)ی فەرەنسی سەبارەت بە ناوچەیەکی باکووری ڕۆژئاوای کوردستان دەڵێ: "کاتی باران لەبەهاردا بەردەوام دەبێت قەدی گەنم و جۆ زۆر درێژ دەبێ و یەك بۆ سی یان چل دەبڕن".[(٩٨)] بەڵام لەزانیاری گەڕیدەکانی تر بەگشتی تێبینی دەکرێت کە لەزۆربەی ناوچەکانی کوردستان داهاتی دانەوێڵە زۆر بەرز نەبووە. بۆنموونە لەباکووری کوردستاندا گەنم لە ساڵی بە باراندا (١٠-١٢) هێندەی خۆی بەدەست دەهێنا. لە وەرزی کەم بارانیشدا لە (٤-٥) هێندەی خۆی تێنەدەپەڕی.[(٩٩)] لە ناوچەی سلێمانیش گەنم یەك بۆ پێنج یان یەك بۆ دەی دەبڕی و بەدەگمەن دەگەیشتە یەك بۆ پازدە. جاری وەهاش هەبوو تەنیا یەك بۆ دووی بڕ دەکرد.[(١٠٠)] لە ناوچەی هەولێریش، گەنم لەباری ئاساییدا یەك بۆ دەی دەبڕی و لە ساڵانی هاتییشدا لە یەك و پازدە تێپەڕی نەدەکرد. لەکاتێکدا لە باشووری عیراق کە دەغڵودان ئاو دەدرا نزیکەی یەك بۆ بیستی بڕ دەکرد. بەڵام بەپێی گوتەی نیبور ئەم گەنمەی کە لە کوردستان بەدێمی بەرهەم دەهێنرا، هەرچەندە بەرهەمەکەی کەمتر بوو، بەڵام بە پێزتر و بە تامتر بوو.[(١٠١)] ئەگەر ئەوەش بزانین کە جووتیاران بەشێکی ئەم داهاتەیان وەك مافی موڵکانە دەدایە خاوەن زەوی و بەشێکیش وەکو باج دەدرایە دەوڵەت، ئەوا دەزانین کە ئەوان لە چ بارێکی ناهەمواردا ژیانیان بەسەر دەبرد.

## چوارەم: ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان لەسەر کشتوکاڵدا هەبوو:

**أ- هۆکارە سروشتییەکان:**

ئەو هۆکارە سروشتییانەی کە کاریگەرییان لەسەر کشتوکاڵ و بەروبوومە کشتوکاڵییەکانی کوردستان هەبوو، لەم سەردەمەدا زۆر بوون. بەڵام هەندێ لەم هۆکارانە ڕاستەوخۆ کاریگەرییان هەبوو، هەندێکی تریش بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەبوونە هۆی پێشکەوتن یان دواکەوتنی پرۆسەی کشتوکاڵ لەم وڵاتەدا. سەبارەت بەجۆری یەکەم دەبێ لەپێش هەموویاندا ئاماژە بەڕێژەی باران بارین بکەین، لەبەرئەوەی دەغڵودانی زۆربەی ناوچەکانی کوردستان پشتی بە باران دەبەست (وەك پێشتر بینیمان). بۆیە لەو ساڵانەی باران بەشێوەیەکی ئاسایی یان بەڕێژەی باشتر دەباری، بەروبوومی کشتوکاڵی باش دەبوو، یان

بەدەستەواژەیەکی تر بڵێین: ساڵێکی هات بوو. ئەوەتا (ئۆلیڤییێ)ی فەرەنسی سەبارەت بە هۆکارەکانی سەرگرتنی کشتوکاڵ لە ناوچەیەکی کوردستاندا دەڵێ: "کاتێ باران لە بەهاردا بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوام دەبێ، جۆ و گەنم بەرزتر دەبن، و سی یان چل بۆ هەر دەنکێکی چێنراو بەرهەم دێنن".(١٠٢)

بێگومان وشکەساڵی و نەبارینی باران یان کەمیی ڕێژەکەشی، دەبووە هۆی نەهاتی و زۆر جاریش گرانی و قاتوقڕی لێدەکەوتەوە. لە بەڵگەنامە و سەرچاوە مێژووییەکاندا بۆمان بەدیاردەکەوێ کە لەماوەی سەردەمی عوسمانیدا هەر چەند ساڵ جارێك ڕووداوێکی لەم جۆرە ڕووی دەدا و هەندێ جار کارەساتی گەورەی لێ پەیدا دەبوو.(١٠٣) بۆ نموونە لە ساڵی ١٦٨٩دا بەهۆی وشکەساڵی، گرانی و برسێتییەکی گەورە لە هەندێ ناوچەی کوردستان و بەغدا و موسڵ کەوتەوە. هەر ئەمەش بووە هۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و تاعوون و لە ئەنجامدا هەزاران کەس مردن.(١٠٤) هەروەها لە ساڵی ١٧٨٥ بێبارانی و ئنجا نەهاتی و گرانی بووە هۆی "پەرتەوازە بوونی ڕەعیەتەکان لە ناوچەکان، و دێهاتەکان وێران بوون، هەژاران پەراگەندە بوون...".(١٠٥) وشکەساڵی لە ساڵی (١٨٨٠)شدا بووە هۆی نەهاتی و برسێتییەکی گەورە لە ناوچەکانی باشووری کوردستان.(١٠٦) کەواتە باران لەو سەردەمەدا کاریگەری گرنگی هەبوو نەك تەنیا لەسەر کشتوکاڵ وەکو کردارێکی بەرهەمهێنان، بەڵکو بۆ بژێوی و چارەنووسی دانیشتووان و ئاوەدانی، ڕەهەندێکی هەستیاری وەرگرتبوو. بۆیە لە کۆتاییەکانی ئەو سەردەمەدا زۆر جار هەواڵی تایبەت بە باران لە ڕۆژنامە بڵاو دەکرایەوە و بایەخی پێدەدرا.(١٠٧)

کاریگەری کەش و هەوا لەسەر کشتوکاڵ تەنیا خۆی لە باران بارین و ڕێژەکەی نەدەنواند، بەڵکو هەندێ جار سەختی کەش و هەواش کاریگەری خراپی دەبوو. بەتایبەتی سەرماوسۆڵی لەڕادەبەدەر و بارینی تەزرە و کەوتنی بەفر و سەهۆڵبەندان، کە دەبوونە هۆی لەناوبردنی دەغڵودان و فەوتاندنی ڕەز و بێستانەکان. جیمس برانت لە ناوچەیەکی باکووری کوردستان دەنووسێ: "بەنرخترین بەروبووم داهاتی ڕەزەکانی مێوە بەڵام بەروبوومەکەی ڕووبەڕووی مەترسی دەبێتەوە چونکە زستانێکی ساردی ناوەختە لەوانەیە ببێتە هۆی هەڵوەرینی ترێیەکە بەر لە پێگەیشتنی".(١٠٨) هەندێ جار مەسەلەکە زۆر لەوە

ترسناکتر بوو، دیارترین نموونەش لەم بارەیەوە ئەو سەرما و سەهۆڵبەندانە بوو کە لە زستانی ساڵی ١٧٥٧ لە دیاربەکرەوە تا ناوچەکانی کوردستانی باشووری گرتەوە و زۆربەی بەروبوومە کشتوکاڵییەکانی لەناوبرد و کارەساتێکی گەورەی نایەوە.(١٠٩) ئەم سەرماوسۆڵە تەنانەت ناوچەیەکی گەرمێنی وەکو (توزخورماتوو)شی گرتەوە و زۆربەی ڕەزو باغەکانی فەوتاند.(١١٠) هەروەها لەساڵی ١٧٩٨ دەغڵودانی دەیان گوندی دەڤەری ئاکرێ لەناوچوو بەهۆی بارینی تەزرەوە، دەنکەکانی تەزرەکە ئەوەندە گەورە بوون تاڕادەیەك ئافرەتێك و هەندێ ئاژەڵ و پەلەوەریشی کوشت.(١١١)

بێگومان نابێ ئەوەش لەبیر بکەین کە ئاووهەوای هەر ناوچەیەك جۆری بەروبوومە کشتوکاڵییەکەی ئەو ناوچەیەی دیاری دەکرد. چونکە مەسەلەیەکی بەڵگە نەویستە کە هەر بەروبوومێك لە کەش و هەوایەکی دیاریکراودا گەشە دەکات و پێدەگا. هەروەها سروشتی خاکیش کاریگەری بەسەر کشتوکاڵەوە هەبوو. ڕاستە لە خاکی بێ کەڵك کشتوکاڵ لە بنەڕەتدا بوونی نابێت، بەڵام هەندێ جۆری خاك بۆ زۆربەی بەروبوومە کشتوکاڵییەکان نەدەگونجان و دەبوو هەندێ بەروبوومی دیاریکراویان تێدا بچێندرێ. ئەوەتا جیمس برانت سەبارەت بە گوندێکی نزیك مووش دەڵێ دانیشتووانەکەی زۆر هەژارن چونکە زەوییەکانیان بەردینە و ناتوانن گەنم و جۆی تێدا بچێنن، بەڵام دەتوانن تەنیا هەرزنی لێ بچێنن.(١١٢)

گرفتێکی تری کشتوکاڵ خۆی لە زیندەوەرە زیانبەخشەکان دەبینییەوە. بەتایبەتی کوللۆ، کە بەزۆری لە وەرزی پێگەیشتنی دەغڵودان پەیدا دەبوون و بە هەزارانیان لەشێوەی شەپۆلی دەریا شاڵاویان دەهێناو تەڕ و وشکیان دەخوارد. ئەم شاڵاوانەی کوللۆ بەزۆری ناوچەیەکی فراوانیان دەگرتەوە و هەزاران جووتیاریان لە بەری ڕەنجیان بێبەش دەکرد. ئۆلیڤیێ زۆر بەجوانی وەسفی ئەم دیمەنەمان بۆ دەکات و دەڵێ: "ئاسمان هەمووی پڕە، و لە هەموو لایەکانی، و لە بەرزاییەکی زۆر بەرز، بەبڕێکی یەکجار زۆر لەم زیندەوەرانە کە بە شێوەیەکی هێمن و ڕێك دەفڕن، بەڵام ژاوەژاویان زیاتر لە دابارینی باران دەچێت، ئاسمان تاریك دەکەن، و ڕووناکی خۆر بەشێوەیەکی بەرچاو کز دەکەن، لە ماوەیەکی

کەمدا سەربان و شەقامەکان و کێڵگەکان دادەپۆشرێن بەم زیندەوەرانە، لەماوەی نزیکەی دوو ڕۆژدا توانییان هەموو گەڵای ڕووەکەکان بخۆن".(١١٣)

لە ڕووداوەکانی سەردەمی عوسمانیدا تێبینی دەکەین کە لەنێوان ماوەیەك بۆ ماوەیەکی تر دەغڵودانی هەندێ لە ناوچەکانی کوردستان تووشی ئەم مەترسییە دەبوون و جووتیاران دەستەوەستان دەبوون لە بەرامبەریدا. ئەگەرچی هەندێ جار زیانەکانی کوللۆ بەشێوەیەکی ئەوتۆ نەبوون، وەك ئەوەی لە ساڵی ١٩٠٥ لە دەڤەری ئاکرێ ڕوویدا.(١١٤) بەڵام زۆربەی جار شاڵاوی کوللۆ زۆر ترسناك بوو بەجۆرێك گرانی و برسێتی لەدوای خۆی بەجێدەهێشت. وەکو شاڵاوەکەی ساڵی ١٧٩٥ کە هەندێ ناوچەی باشووری کوردستانی گرتەوە و قاتوقڕی و برسێتی لێ پەیدابوو.(١١٥) سێ ساڵ دواتریش ئەم کارەساتە هەندێ ناوچەی کوردستانی باکووری گرتەوە، لەنێویاندا سیواس و تۆقات و دیاربەکر و خەربوت. لەئەنجامدا زۆربەی دەغڵودانیان لەناوچوو.(١١٦) بێجگە لە کوللۆ، هەندێ زیندەوەری زیانبەخشی تریش تووشی کشتوکاڵ دەبوون، وەکو (سن) کە لە ساڵی ١٨٩٨ لە هەندێ ناوچەی ویلایەتی موسڵ بڵاوبۆوە و زیانی زۆری بە دەغڵودان گەیاند.(١١٧) جێگەی سەرنجە، لە کۆتاییەکانی ئەو سەردەمەدا زۆر جار دەسەڵاتدارانی دەوڵەت بە یارمەتی خەڵکی ناوچە تووشبووەکان، هەوڵیان دەدا ڕووبەڕووی مەترسی کوللۆ ببنەوە و دەکەوتنە قەڵاچۆکردنیان.(١١٨)

لەپاڵ ئەمانە هۆکاری ناڕاستەوخۆش هەبوو کە کاریگەری خراپی بەسەر کرداری کشتوکاڵدا بەجێدەهێشت. بەتایبەتی بڵاوبوونەوەی پەتا و نەخۆشییە ترسناکەکان، کە دەبوونە هۆی لەناوبردنی هەزاران کەس و لەئەنجامدا کێڵگە کشتوکاڵییەکان بێبەش دەبوون لە سەدان دەستی کارکەر. بەتایبەتی کاتێك ئەم کارەساتە گوند و دێهاتەکانی دەگرتەوە کە شوێنی نیشتەجێی جووتیاران بوون. بێگومان لەماوەی سەردەمی عوسمانیدا چەندین کارەساتی لەم جۆرە لە کوردستاندا ڕوویانداوە.(١١٩) بەڵام هەر بۆ نموونە ئاماژە بەو تاعوونە گەورەیە دەکەین کە لە ساڵانی ١٧٧١–١٧٧٢ دا زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی گرتەوە و هەزاران کەسی لەناوبرد. سەبارەت بە ناوچەی هەولێریش، یەکێ لەو مێژوونووسانەی هاوچەرخی ئەم ڕووداوە بووە، دەڵێ: "تاعوونەکە لە شاری

هەولێر و گوندەکانی توند کرد تا زۆربەیان لەناوچوون و کەمینـەیان مانـەوە".[١٢٠] بێگومان ئاساییە لە هەلومەرجی وادا کەس بـەری بـە کـشتوکاڵکردنەوە نـەبێت و کێڵگەکان فەرامۆش بکرێن.

**ب- هۆکاری مرۆیی:**

چەندین هۆکاری مرۆیی هەبوون کـە کاریگـەری خراپیـان بەسـەر کـشتوکاڵەوە هەبوو. بەتایبەتی نائارامی و کاولکـاری و تاڵانکـاری، کـە لەسـەردەمی عوسمانیـدا ناوچـەکانی کوردسـتان زۆرجـار بەدەسـتیانەوە دەیناڵانـد. بێگومـان کـشتوکاڵ کردارێکی بەرهەمهێنانی درێژخایەنە و پێویستی بەکاری بەردەوام هەیە، بۆیـە زۆر ئەسـتەمە کـە جووتیـاران لـە هەلومـەرجێکی نـاجێگیر و پـڕ مەترسـیدا بەتـەواوی خۆیانی بۆ تەرخان بکەن. هەروەها نەبوونی سەقامگیری سیاسی هانی جووتیـار و کشتیارانی نەدەدا کـە هـەموو تواناکانیـان بخەنـە گـەڕ بـۆ وەبـەرهێنانی کێڵگـەی کـشتوکاڵی بـەرفراوان، هەرچـەندە توانـای ئەوەشـیان هەبووایـە.[١٢١] یـەکێ لـە ئاغایانی سلێمانی لەمیانەی ئاخاوتنی لەگەڵ (ریچ) دا گەواهی لەسەر ئەم ڕاسـتییە دەدا و دەڵێ: "دڵنیانەبوونمان لـە موڵکـەکانمان بناغـەی وێرانـی مەملەکەتەکەیـە، ئێمەی ڕۆڵەی هۆزەکان ئەگەر دڵنیا نەبین لە خاوەنـدارێتی موڵکـەکانمان، هـەرگیز خۆمان بۆ کشتوکاڵ تەرخان ناکەین، و مەملەکـەت دەرفـەتی بووژانـەوەی نابێـت، نموونەی ئەوە من تەغارێکم تـۆ نـەکردووە چـونکە دڵنیـا نـیم کـە سـەرۆکەکەم لـە دەسـەڵات دەمـێنێ، و منـیش بەلایـەنی کـەم تـا وەرزی دروێنـەی داهـاتوو خاوەندارێتی زەوییەکەم دەکـەم".[١٢٢] گەڕیـدە و گەشـتیارە بیانییـەکان چـەندین سـەرنج و تێبـینی ترمـان لـەم بارەیـەوە دەدەنـێ. هـەر خـودی (ریـچ) سـەبارەت بەناوچەی (قەرەحەسـەن)ی دەوروبـەری کـەرکوك دەنووسـێ: "جـەنگی ڕابـردوو [مەبەسـتی جـەنگی عوسمـانی و قاجارییـە] و شـاڵاوە بەردەوامـەکانی کـوردان، دانیشتووانی ناوچەکەیان کەم کردۆتەوە و بڕستی کشتوکاڵییان نەهێشتووە".[١٢٣]

هەندێ لەم بیانییانە، سەرەڕای ڕەخنـەگرتن لـە کـارگێڕی عوسمـانی، ئۆبـاڵی ئەم نائارامییە دەخەنە ئەستۆی کورد خۆشیان، وەك (ئۆلیڤیێ) کـە لـە شـوێنێکدا دەڵێ: لەسایەی حوکمێکدا کـە هـانی کـشتوکاڵ و بازرگـانی بـدا، و خـەڵك زامـنی

ئاسایش و لەگەڵیشیدا موڵکداریتی تایبەتییان بکرێت، ئەم بەشەی میزۆپۆتامیا ئاوەدانتر و زۆر دەوڵەمەندتر دەبێ، بەڵام ولاتەکە کەوتۆتە بەر تالانی کوردەکان و عەرەبە کۆچەرەکان.(١٢٤) هەروەها (کارستن نیپور) و (جیمس برانت)یش بۆچوونێکی لەم جۆرەیان هەیە.(١٢٥) لەکاتێکدا (مۆلتیکە)ی ئەفسەری ئەڵمانی، ئەگەرچی لەپاڵ لەشکری عوسمانیدا لە جەنگیشدا بوو دژی کورد، بەڵام باسی ئەوە دەکا کە بەهۆی نائارامی و جەنگی بەردەوام، بێستان و کێڵگەکانی کوردان وێران بوون و ئەوان لەبەرامبەر زەویدا بێ هێز و توانا ماونەتەوە. دوای ئەوەی باسی فەرامۆشکردنی کشتوکاڵ و سوود نەبینین لە هۆکارەکانی گەشەسەندنی دەکات، لێرەدا حکومەت بە کەمتەرخەم دادەنێ و دەڵێ: "نابێ لە هەموو ئەمەدا لۆمە ئاراستەی کورد بکرێ چونکە ئەوان ئازاد نەبوون تا بتوانن سوود لە زەوییەکانیان وەربگرن". هەر لەوێ ئاماژە بەوە دەکات کە تەنانەت ڕێگاوبانیش دەستەبەر نەکراوە بۆ گواستنەوەی بەروبوومەکان.(١٢٦)

سەرەڕای ئەمەش ناتوانرێ چاوپۆشی لە دەستدرێژی هۆزەکان بۆ سەر دەغڵودانی جووتیاران بکرێ. بەڵگەنامەیەکی بریتانی ساڵی ١٨٨٠ ئاماژە بەوە دەکا کە دانیشتووانی چەند گوندێکی ناوچەکانی سەر بە ویلایەتی (وان)، هەرچەندە دەغڵودانێکی زۆریشیان هەیە بەڵام تووشی برسێتی بوون و ڕایانکردووە، لەبەرئەوەی هەندێ هۆزی کوردی ئەم ناوە دەستیان بەتالانکردن کردووە لەو گوندانە و تەنانەت "لەناو کێڵگەی دانەوێڵە هەراشەکاندا خێوەتیان هەڵدابوو، مەڕەکانیان تیایاندا دەلەوەڕاند". هەواڵدەرە بریتانییەکە دەڵێ: ئەگەر بەر لەمە نەگیرێ "ئەوا ئیمساڵ هیچ بەرهەمێك نابیت".(١٢٧)

لەڕاستیدا بەرپرسیارێتی حکومەت لێرەدا تەنیا بریتی نەبوو لە کەمتەرخەمی بەرامبەر کشتوکاڵ و دابین نەکردنی پشتیوانی و ئارامی بۆ جووتیاران، بەڵکو خودی سیاسەتەکانی حکومەت و هەڵسوکەوتی دەسەڵاتداران بەشێك بوون لەو مەترسییانەی کە دەهاتنە پێش کشتوکاڵ بەو پێیەی کردارێکە بۆ دابینکردنی بژێوی دانیشتووان. کە سەیری سەرچاوەکان دەکەین چەندین ئاماژەی مێژووییمان دەست دەکەوێ کە دەیسەلمێنن دەسەڵاتدارانی عوسمانی لەمیانەی ئەو هێرشانەی دەیانکردە سەر هەندێ ناوچەی کوردستان، زۆرجار دەستیان

نەدەپاراست لە وێرانکردنی کێڵگە و بێستانەکان و سووتاندنیان.[١٢٨] هەندێ جاریش دار و درەختەکانیان دەبڕییەوە و دەغڵودانەکانیان دروێنە دەکرد و بەتاڵانیان دەبرد.[١٢٩]

ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تریش ئەو باج و پیتاکە زۆرەی کە حکومەت لە کشتوکاڵ و بەروبوومە کشتوکاڵییەکانی وەردەگرت، باری سەرشانی جووتیارانی زۆر گران کردبوو و کاریگەری خراپی کردبووە سەر بژێوی ژیانیان. فەرمانبەرێکی عوسمانی لەساڵی ١٨٣٨دا خۆی دان بەوە دادەنێ کە بەهۆی ئەو باجە گرانەی والی دیاربەکر سەپاندوویەتی، خەڵك توانای دانی باجیان نەماوە و لەلێواری قاتوقڕی نزیك بوونەتەوە.[١٣٠] فەرمانبەرێکی ویلایەتی مووسڵیش لە ڕاپۆرتێکیدا کە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم بۆ بەرپرسە باڵاکانی ئەستانبۆڵی هەناردووە، ئاماژە بەوە دەکا کە گەندەڵی هەندێ لە بەرپرسان بەتایبەتی لە کۆکردنەوەی باجی دەیەك، یەکێك بووە لە هۆکارەکانی ڕوودانی کارەساتێکی مرۆیی لە ویلایەتەکە.[١٣١] لەهەندێ شوێن ڕێژەی باج بەردەوام لە زیادبووندا بوو، هەندێ جاریش دووبارە و چەندبارە وەردەگیرا.[١٣٢] هەروەها خراپیی هەڵسوکەوتی باجگرەکان و بەڵێندەرانی کۆکردنەوەی باج و زێدەڕۆیی کردنیان لەوەرگرتنی بڕی باجەکە، ئەوەندەی تر بارودۆخەکەی خراپتر کردبوو.[١٣٣] بێگومان چاوچنۆکی دەرەبەگ و هەندێ لە خاوەندارەکانی زەویش سەربار بوو، بۆ نموونە لەگوندێکی دەوروبەری مووش (جیمس برانت) ئاماژە بەوە دەکا کە پشکی بەگی ئەم ناوچەیە لە بەروبوومی کشتوکاڵی خەڵکی ئەم گوندە لە هەموو باجەکان قورسترە.[١٣٤] مەسەلەیەکی بەڵگەنەویستە کە ئەم بارودۆخە ناهەموارەی جووتیاران و گرانترکردنی باری سەرشانیان، ڕەنگدانەوەی خراپی دەبوو لەسەر کرداری کشتوکاڵ بەگشتی. بەتایبەتی کە ئەم هەلومەرجە وای کردبوو لەهەندێ شوێن جووتیاران بەناچاری گوندەکانیان چۆڵ بکەن و دەستبەرداری زەوییەکانیان ببن.[١٣٥] هەندێ جاریش یاخی دەبوون یان خۆیان لەباجدان دەدزییەوە، ئەمەش ناسەقامگیری زیاتری دروست دەکرد.[١٣٦]

نابێ ئەوەش لەیاد بکەین کە سەپاندنی یاسای سەربازگرتنی بەزۆری لە کوردستان لە چارەکی دووەمی سەدەی نۆزدەمدا، ناڕەزاییەکی زۆری لەنێو

کـوردان دروسـت کردبـوو.[١٣٧] هـەروەها دەبـووە هـۆی بێبەشـکردنی کێڵگـە کشتوکاڵییەکان لە هەزاران دەستی کارکەر.

لەکۆتاییـشدا، لەبەرئـەوەی کوردسـتان مەیـدانێکی سـەرەکی ململانێـی بـەردەوامی هـەردوو دەوڵـەتی عوسمـانی و ئێرانـی بـوو،[١٣٨] بۆیـە ئاسـاییە کـە بەیەکدادانەکانی ئەم دوو دەوڵەتە زۆرجار کاولکاری و تاڵانکاری بۆ ناوچەکانی ئەم وڵاتە و کێڵگە کشتوکاڵییەکانی هێنابێ. دیارترین نموونە لەم بارەیەوە هێرشەکانی (نادرشا)[١٣٩]یە بۆ ناوچەکانی باشووری کوردستان. لە هێرشـی یەکەمیـدا کـە لـە ساڵانی ١٧٣٢-١٧٣٣ دا ڕوویدا، چەندین گوند و دێهاتی سەر ڕێگای لەشکرەکەی تالان و وێران کران و دانیشتووانیان تێدا نەما.[١٤٠] لەهێرشی دووەمیش کە لەساڵی ١٧٤٣ دابـوو، چـەندین کێڵگـە و ڕەز و بێـستان سـووتان و خـاپوور کـران. ئەمـە سـەرباری چـەندین تالانکـاری و وێرانکـاری تـر کـە سـەربازانی نادرشـا لـە شـار و ناوچەکانی سەر ڕێگایان ئەنجامیاندا.[١٤١]

## پێنجەم: بەروبوومە کشتوکاڵییەکان:

تۆپۆگرافیای کوردستان لەلایەك و ڕژێمی دەرەبەگایـەتی کـە لـەم وڵاتـەدا زاڵ بوو لەلایەکی تر، وایان کردبوو کە کوردان لـە کـشتوکاڵ و بەرهەمهێنانـدا بـەزۆری ئـابووری خۆبـژێوی یـان ئـابووری بـەکاربردن (الاقتـصاد الاسـتهلاکي) پـەیڕەو بکـەن.[١٤٢] واتـە زۆربـەی ئـەو بەروبوومانـەی پێویـستیان بـوو خۆیـان بەرهـەمیان دەهێنا و زۆربەی ئەو بەروبوومانەی کە بەرهەمیان دەهێنا خۆیان بەکاریان دەبرد. بۆیە گەڕیدەیەکی بیانی کە دێتە دەڤەری سۆران دەڵێ: "ئەوان بۆ بەدەسـتهێنانی پێداویستییەکانیان جگە لە وڵاتی خۆیان پشت بەهیچ وڵاتێکی تر نابەستن. هەموو ئەوەی پێویستیانە لەوڵاتی خۆیان بەرهەم دێ".[١٤٣] بێگومان ئەمـەش هۆکـارێکی کاریگەر بـوو بـۆ ئـەوەی گـەلی کـورد بتـوانێ پارێزگـاری لـە بـوونی خـۆی بکـات، سەرەڕای ئەم هەموو نەهامەتییانەی بەدرێژایی مێژوو ڕووبەڕووی بوونەتەوە.[١٤٤]

لە ئەنجامی ئەمەدا جووتیارانی کوردستان هەرچەندە بـەپێی سروشـتی خـاك و ئاووهـەوا و هـەروەها کـات وسـەردەمیش زۆربـەی بەروبوومـە کـشتوکاڵییەکانیان دادەچاند، بەڵام زیـاتر بەروبوومـە خـۆراکی و بژێوییـەکانیان دەچـاند. بەتایبـەتی

دانەوێڵە و پاقلەمەنی، لە سەرووشیاندا گەنم و جۆ. گەنم کە ماددەیەکی خۆراکی سەرەکی بوو لە کوردستاندا و دەکرایە چەندین جۆری خۆراک،(١٤٥) لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا بەرێژەیەکی بەرچاو دەچێنرا.(١٤٦) بۆیە گەڕیدە بیانییەکان لە هەندێ شوێندا وەکو تێبینییەك ئەمەیان تۆمار کردووە. بۆ نموونە (ئۆلیڤیێ) لە کۆتایی سەدەی هەژدەمدا سەبارەت بە خەڵکی ماردین دەنووسێ: "بڕێکی یەکجار زۆر گەنم و جۆ دەچێنن". ناوبراو بۆ باکووری کوردستان بەگشتی هەمان تێبینی دەنووسێ.(١٤٧) هەروەها (نیبور)یش لەساڵی ١٧٦٦دا دەڵێ گوندەکانی ویلایەتی مووسڵ لە ساڵانی هاتیدا بڕێکی زۆر گەنم بەرهەم دێنن.(١٤٨) دیارە گەنمی هەندێ ناوچەش بەناوبانگ بوو، وەك هەردوو ناحیەی (گل) و (داودە) لە دەڤەری کەرکووك.(١٤٩) سەبارەت بە گەنمی مەلاتیەش، ئەولیا چەلەبی دەڵێ: "حەوت جۆرە گەنمی باشی هەیە کە وێنەیان مەگەر لە حۆراندا دەست بکەوێ".(١٥٠) ئەم هەمەجۆرییەی گەنم لە ناوچەی تری باکووری کوردستانیش هەبوو.(١٥١)

هەروەها (برنج)یش لە چەندین ناوچە دەچێنرا، وەك ناوچەکانی دیاربەکر و نسێبین و زاخۆ(١٥٢) و ئاکرێ(١٥٣) و ئامێدی(١٥٤) و بازیان(١٥٥) و شارەزوور و شنگار.(١٥٦) بەڵام دیارە برنجی هەندێ ناوچە ناوبانگی دەرکردبوو، وەکو ناوچەی قەرەحەسەن(١٥٧) و ئاکرێ و دەوروبەری.(١٥٨) بێگومان (گەنمەشامی)ش لەزۆر ناوچەی کوردستان بەرهەم دەهێنرا، وەك ناوچەکانی وان و کەرکووك و بادینان، هەروەك لە سەرچاوەکانی عوسمانیدا هاتووە.(١٥٩) هێنری بێندەری گەڕیدەی فەرەنسیش باس لەوە دەکات کە لە گوندەکانی سەر ڕێگای نێوان جوولەمێرگ و ئامێدی گەنمەشامی و (هەرزن)یش دەچێنن.(١٦٠) سەبارەت بە دەڤەری سلێمانیش ریچ لە ساڵی ١٨٢٠دا دەڵێ دوو جۆری گەنمەشامی دەچێنن، ئەوانیش (گەنمەشامی هیندی) و (گەنمەشامی سپی)ن. بێجگە لەمە ناوبراو ئاماژە بەچاندنی نیسك و نۆك و هەرزن و دوو جۆری ماش دەکات لەم ناوەدا، لەگەڵ کونجی.(١٦١) ئەم بەروبوومانەی دوایی بەرێژەی جیاجیا لە زۆربەی ناوچەکانی تری کوردستاندا دەهێنرانە بەر. وەك بادینان(١٦٢) و گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی مووسڵ(١٦٣) و ناوچەکانی سەر بە سنجەقی کەرکووك(١٦٤) و ناوچەکانی باکووری کوردستان، وەك نسێبین و موتەکی و مەرعش.(١٦٥) سەبارەت بەو ناوچەیەی دەکەوێتە نێوان

سێگۆشەی مووسڵ و نسێبین و ئۆرفە، (ئۆلیڤیێ) ئاماژە بەوە دەکات کە خەڵك دانەوێڵە و پاقلەمەنی جۆراوجۆر لەگەڵ کەمێك برنج و زۆر کونجی دەچێنن. هەروەها دەڵێ لە ماردینیش کونجی دەچێنرا.[١٦٦] دیارە پاقلەی مەلاتیەش بەناوبانگ بوو.[١٦٧]

بێجگە لەمە کوردستان دەوڵەمەند بوو بە بەروبوومی دارستان و ڕەزو باغی سەوزە و میوە. ئەم دەوڵەمەندییە دیارە لە ئاستێکدا بووە سەرنجی هەموو ئەو گەڕیدەو گەشتیارانەی ڕاکێشاوە کە سەردانی ئەم وڵاتەیان کردووە. بۆیە زۆربەیان لەبارەی ئەو ناوچانەی کە پێیدا تێپەڕیون چەندین زانیاری گرنگیان بۆ تۆمار کردووین و سەرسامی خۆیان لە هەمبەر دارستان و ڕەزو باغەکانی دەرخستووە. کە هەندێکیان سروشت بە کوردستانی بەخشیبوو، هەندێکیشیان کوردان بە هەوڵ و توانای خۆیان چاندبوویان. بۆ نموونە (مۆلتیکە) دەڵێ: "ئەم ناوچانە کە دەکەونە نێوان دیجلە و ئێران، کە نیشتیمانی کوردن، شاخەکانی داپۆشراوە بە داربەڕوو و مازوو و گوێز، یان دۆڵ و کەنار و ڕووبارەکانی کە بەداری زەیتوون و هەنجیر و هەنار و ترێ و داری بە بەری تر جوان بووە...".[١٦٨] (جیمس برانت)یش سەبارەت بە دەڤەری مووش دەنووسێ: "ئەو ڕەزی مێوانەی لەسەر پلیکانەی شاخەکان کراون چاو و دەروون دەگەشێننەوە و بەرهەمیان فرەیە..هەروەها بەرهەمی شفتی و گندۆرەیان زۆرە. ئەم وڵاتە وڵاتی میوەجاتە بۆیە هیچ جۆرێکی لێرە دەگمەن نییە". ناوبراو لە دەڤەری (وان)یش دەڵێ: "ئەو میوەجاتەی لێرە بەرهەمدێ یەکجار زۆرە".[١٦٩] (ئۆلیڤیێ)ش باسی دەوڵەمەندی ناوچەکانی باکووری کوردستان دەکا بە بەروبوومی میوە و دارستانی پڕ لە درەختی هەمەجۆر.[١٧٠] بەگوتەی (نیبور)، کوردستان ساڵانە بڕێکی زۆر بوندق و باوی و گوێزی هەناردۆتە دەرەوە.[١٧١] هەر تەنیا لە بادینان ڕێژەیەکی زۆر باوی و گوێز و سماق و بەڕوو بەرهەم دەهێنرا.[١٧٢]

لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەمدا کاتێ گەڕیدەیەکی فەرەنسی لە جزیرەوە بەرەو ئامێدی دەچێ، دەڵێ: "بەرزاییەکان بە دار بەڕوو داپۆشراون کە (مازوو)یان گرتووە لەگەڵ کەمێك بەڕوو". هەروەها دەڵێ "هەریەکە لەدانیشتووان پارچەیەك ڕەزی مێوی هەیە".[١٧٣] دەڤەری بادینان بەگشتی بە بەرهەمی میوەی

وەك هەنار و هەنجیر و توو و خۆخ و هەڵووژە و زەردەلوو و زەیتوون دەوڵەمەند بوو،[174] بۆیە بڕێکی زۆری لەو بەروبوومە دەنارد بۆ ناوچەکانی تر.[175] بەتایبەتی بۆ مووسڵ کە لەو دەڤەرەوە ئاروو (خیار) و هەنار[176] و ترێ و خۆخ و زەردەلوو و میوەی تریان بۆ دەهات.[177] گەڕیدەیەکی تریش لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەمدا زۆر سەرسام دەبێ بە ڕەزو باغەکانی (توزخورماتوو) کە بەوردی پەرژین کرابوون و بڕێکی زۆر خورما و زەردەلوو و ترێ و سێویان دەهێنایە بەر. هەر ئەو گەڕیدەیە ئاماژە بەچاکی و نایابی شفتی و گندۆرەی پردێ دەکات و هەروەها دەڵێ لە هەولێر هەندێك سێوی سوورمان کڕی.[178] بێگومان دیارە ئەم سێوە سوورە لە ناوچەکانی دەوروبەری هەولێر بەرهەم هاتووە. چونکە لەبەر دواکەوتوویی هۆیەکانی هاتوچۆ، نەدەکرا میوەی لەم جۆرە لە ناوچەیەکی دوورەوە بهێنرێت. بەهەمان شێوە هاتنەبەری خورما لە توزخورماتوو جێگەی گومان نییە. چونکە (ریچ) لە ساڵی ١٨٢٠دا دەڵێ دارخورما لە کفری و توزخورماتوو دەڕوێ، بەڵام تەنیا لەوەی دووەمیان بەر دەگرێ.[179] هەر لە توزخورماتوودا (ریچ) باسی ئەوە دەکا کە بەنێو بێستانەکانی هەنجیر و زەردەلوو و هەنار و زەیتووندا گوزەری کردووە.[180] ئۆلیڤییێش وەسفێکی لەم جۆرەی باغ و بێستانەکانی داقووق دەکات و هەروەها باسی زۆری دارخورما و پێگەیشتنی خورماکەی دەکات. سەبارەت بە (قەرەتەپە)ش دەڵێ دەورە دراوە بەباغ و بێستانی خورما و داری بە بەری تر.[181]

هەروەها دەڤەری شنگاریش ڕەزو باغی زۆر و میوەی نایابی هەبوو، گەڕیدەی عوسمانی (ئەولیا چەلەبی) کە لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدە دێتە دەڤەرەکە بە سەرسامییەوە دەنووسێ: "لەنێو ئەو ڕەقەن و بەردەلانەدا باخی وایان هەیە کە میوە خۆشەکانی هاوتای میوەی عێنتابن"، لەجێگایەکی تر دەڵێ: "ترێیان تا بڵێی خۆشە و لە دنیادا بێ وێنەیە...دار تووی زۆرە...".[182] جێگەی باسە (عێنتاب)یش شارێکی کوردستانی باکوورە و دیارە بە میوەی باش بەناوبانگ بووە. لە کۆتایی سەدەی هەژدەمدا گەڕیدەیەکی تر زۆر پەسنی هەنجیری شنگار دەکات و دەڵێ: "یەکجار نایابە". هەروەها باسی زۆری بەرهەمی هەڵووژە دەکات لەوێ و دەڵێ هەڵووژەی بەم شێوەیە گەورە و بەتامم نەبینیوە. بێجگە لەم دوو

میوەیە ئاماژە بەترێ و گوێزیش دەکات لە دەڤەرەکە.(١٨٣) لە کۆتایی سەدەی نۆزدەمیش ئەم دەڤەرە بەمیوەی وەکو ترێ و هەنجیر و هەنار و توو، دەوڵەمەند بووە.(١٨٤)

هەر سەبارەت بەم ناوچەیە تا دەگاتە نسێبین و ئۆرفە، (ئۆلیڤیێ)ی فەرەنسی دەڵێ: ترێ و زەیتوون و تووی باشی لێ بەرهەم دێ، ئەگەرچی بەرێژەیەکی زۆریش نەبێ. هەروەها خۆخ و زەردەلوو و باوی و هەنجیر و هەنار و هەڵووژە و هەرمێ بە باشی لێرە پێدەگا لەگەڵ چەندین بەروبوومی تر. ناوبراو ئاماژە بەوە دەکات کە لە دەوروبەری ماردینیش ڕەزی مێو و هەندێ داری فستق و چەندین داری باوی و گێلاس و خۆخ و هەرمێ و سێو و داری بە بەری تر هەبوون.(١٨٥) ناوچەکانی دەوروبەری ڕواندزیش لەساڵی ١٨٣٣دا "دارستانێکی چڕی ڕەز و باغ بوو کە هەموو جۆرە دارێکی بەبەری لەخۆدەگرت" بەپێی گوتەی یەکێ لە گەڕیدەکان.(١٨٦) سەبارەت بە بەرهەمی زەیتوون پێدەچێ گوندەکانی دەڤەری شێخان (وەك: قۆش، باشیکێ، باحزانی، ئێسفنی) لەپێش ناوچەکانی تری کوردستانەوە بن، بەتایبەتی لە سەدەی شازدەمدا.(١٨٧) دیارە ئەمەش لەبەرئەوە بوو کە ئێزیدییەکان ڕێژەیەکی زۆری ڕۆنی زەیتوونیان لە پەرستگای لالەش بەکاردەهێنا.

سەبارەت بەناوچەکانی دەوروبەری سلێمانی، (ریچ) لە ساڵی ١٨٢٠دا چەندین زانیاری گرنگمان لەمەڕ ڕەز و باغ و بەروبوومە سروشتییەکان بۆ تۆمار دەکات. هەر بۆ نموونە لەگوندی (گەڕەدێ)ی سەر بەناوچەی شارباژێڕدا، کە بەگوتەی ئەو هەموو بەروبوومی میوەجاتی سلێمانی دابین دەکات، باسی گەشتێك دەکات بەنێو "ڕیزە درەختی سوورە چنار و سنجوێ و گوێژ و بیی و ناو ڕەز و باغی هەڵووژە و خۆخ و توو و هەنجیردا"، دار زەیتوونێکی سەوز و جوانیش سەرنجی ڕاکێشاوە. هەروەها دەڵێ داری گەرچەك لەهەموو ناوچەکانی بابان دەڕوێندرێ.(١٨٨) ناوبراو بەدرێژایی ڕێگای ڕۆیشتنی بەرەو (سنە) لە چەندین شوێن باسی لەم جۆرەمان بۆ دەکات، بۆ نموونە لەشوێنێکی ڕۆژهەلاتی سلێمانی جوانی ڕێگاکە سەرنجی ڕادەکێشێ، بۆیە دەنووسێ "درەختی بەرووی زۆری لێ ڕوابوو، کە لەم شوێنەدا یەکجار گەورە بوون، هەروەها لەگەڵ داری سماق و بیی و ترێ کێویلە و هەنجیرە

كێوی تێكەڵ بوون". پێشتریش لەنێوان قەرەحەسەن و چەمچەماڵ، بەرێگایەكدا تێپەڕیوە كە پڕ بووە لە دار توو و هەنار و مێو و چەندین میوەی تر.[189] ناوچەكانی سەر بە میرنشینیی بابان لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەمیش دەوڵەمەند بوون بە دار بەڕوو و مازوو، هەروەها ترێ و هەنجیریان لێ دەڕوێنرا.[190] سەرباری ئەمانە (ریچ) باس لە هەوڵی چاندنی هەندێ بەروبوومی نوێ دەكات لە ناوچەكانی سلێمانی، وەك (كەتان) كە حاجییەك تۆیەكەی لە میسرەوە هێناوە و چاندوویانە. هەروەها (مەحموود پاشا)ی میری بابانیش هەندێ دار پرتەقاڵی (ئەشبیلی) و لیمۆی شیرینی لە بەغداوە هێناوە بۆ ئەوەی لە كۆشكێكی خۆیدا بیانڕوێنێ كە تازە دروستی كردبوو. بەڵام (ریچ) دەڵێ لە یەكەمین زستاندا ئەم درەختانە سەرما بردنی.[191] بەڵام دیارە دواتر ئەم جۆرە درەختانە لە سلێمانی و ناوچەكانی دەوروبەری ڕوێنراون، وەكو ناوچەی شارەزوور كە لە كۆتاییەكانی سەدەی نۆزدەم، لیمۆ و پرتەقاڵ (نارنج) تیایدا بەرهەم هاتوون.[192] هەروەها لە هەندێ ناوچەی تری كوردستانیش ئەم مزرەمەنییانە دەڕوێنران، وەكو داقووق[193] و توزخورماتوو.[194] هەروەها (كەتان)یش بەر لەم بەرواره و دواتریش لەزۆر ناوچەی كوردستان چێنراوە، وەكو لە دێرەكانی داهاتوو دەبینین.

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە كە لەنێو بەروبوومی سەوزەی كوردستان، چاومان بەهەندێ بەروبووم ناكەوێ بەتایبەتی تەماتە و پەتاتە. ڕاستە زۆرجار سەوزە بەگشتی باس كراوە و ناوی یەكە بەیەكەیان نەهاتووە، مەگەر گرنگەكانیان بێ وەكو پیاز،[195] بەڵام پێناچێ ئەم دوو بەروبوومە لەو سەردەمەدا لە كوردستان بەرهەمهێنرابن. چونكە ئەمانەش سەوزەی گرنگن ئەگەر هەبوونایە باس دەكران.

بێجگە لەمانەی باس كران لەنێو بەروبوومە كشتوكاڵییەكانی كوردستان چاومان بە هەندێ بەروبوومی دراویش دەكەوێت، بەتایبەتی توتن و پەمۆ و كەتان كە لە هەمان كاتدا دەتوانین بڵێین بەروبوومی پیشەسازیشن. توتن بەڕێژەیەكی دیار لەزۆربەی ناوچەكانی كوردستاندا دەچێنرا، بەتایبەتی لە ناوچەكانی باشووری كوردستان، وەكو شارەبان[196] و ناوچەی شاربازێڕ و هەندێ ناوچەی تری سەر بە میرنشینی بابان[197]. دەڤەری بادینانیش چەندین جۆر توتنی نایابی دەهێنایە بەر، كە هەندێكیان تەنیا میرانی كورد دەیانكێشا.[198]

بەپێی گوتەی گەڕیدەیەك، لەناوەڕاستی سەدەی حەڤدەم هەموو دەشتاییەکانی نێوان جزیرە و ئامێدی بە توتن چێنرابوون.(١٩٩) بێگومان لە هەندێ ناوچەی باکووری کوردستانیش توتن دەچێنرا، وەکو ناوچەی مووش.(٢٠٠) دیارە ڕێژەی بەرهەمی توتن لە کوردستان زۆر بەرز بوو، بۆیە دەنێردرایە هەرێم و ولاّتانی دەوروبەر. هەروەها توتنەکەش لەجۆری باش بوو بەتایبەتی توتنی بادینان کە ڕەواج و ناوبانگی هەبوو.(٢٠١) جێگەی سەرنجە، لەم سەردەمەدا زانایانی ئایینی لەبارەی توتن کێشان بۆچوونی جیاوازیان هەبوو، هەندێك بە حەلاّل و هەندێکی تریش بە حەرامیان دادەنا لەڕووی شەرعەوە.(٢٠٢) تا کار گەیشتە ئەوەی کە سولّتان مورادی چوارەم (١٦٢٣–١٦٤٠) توتن کێشان قەدەغە بکات و بەکوشتن سزای ئەو کەسانە بدات کە سەرپێچی دەکەن.(٢٠٣)

(پەمۆ)ش لە چەندین ناوچەی کوردستان دەهێنرایەبەر، بەتایبەتی لە ناوچەکانی باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان، وەك ماردین(٢٠٤) و مەلاّتیە.(٢٠٥)هەروەها لە ناوچەکانی میرنشینی بابان(٢٠٦) گوندەکانی دەوروبەری موسڵ(٢٠٧) و ئاکرێ(٢٠٨) و شنگاریش دەچێنرا.(٢٠٩) (کەتان)یش کە بەزۆری بۆ دروستکردنی پەت و کندڕی بەتین و هەروەها کوتاڵیش بەکاردەهات، لەچەندین ناوچە دەچێنرا، بەتایبەتی گوندەکانی ئێزیدییان لە دەڤەری شێخان، وەکو باعەدرێ و باحزانی و تەلکێف کە لە سەدەی شازدەمدا بەم بەرهەمە بەناوبانگ بوون.(٢١٠) لەزۆر ناوچەی باکووری کوردستانیش کەتان دەهاتەبەر، بەپێی گوتەی برانت خەڵکی ئەم ناوچانە ڕۆنی کەتانیان وەك سووتەمەنی بۆ چراکانیان بەکاردەهێنا.(٢١١)

لەپاڵ ئەمانە هەندێ بەرهەمی دارستانیش هەبوون کە دەتوانین لەگەڵ بەروبوومە دراوییەکان ئەژماریان بکەین، وەك مازوو و کەتیرە و گەزۆ و دار. لەبەرئەوەی هەموو ئەمانە کەمتر لەلایەن خەڵکی ناوچەکە بەکاردەبران و بەزۆری بەدراو دەفرۆشران. بەتایبەتی مازوو کە کالاّیەکی بازرگانی گرنگ بوو لەسەر ئاستی جیهاندا.(٢١٢) هەروەها کەتیرەش دەنێردرایە هەندێ ولاّتی ئەورووپی.(٢١٣) مازوو لە دار بەڕوو پەیدا دەبوو بۆیە لە ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان دەهاتەبەر، چونکە لەزۆربەی ئەم ناوچانە دار بەڕوو هەبوو، وەك پێشتر بینیمان. کەتیرەش کە لە قەدی هەندێ درەخت دەهاتەدەر و هەروەها (دار)یش لەزۆربەی

ناوچە شاخاوییەکان هەبوون کە دارستانیان لیٚ بوو، وەکو ناوچەکانی بابان (٢١٤) و هەروەها باکووری کوردستان.(٢١٥) دارەکان کە بەزۆری بۆ هەریٚمەکانی دەوروبەر دەنیٚردران، زیاتر بریتی بوون لە دار بەڕوو و ساج و گویٚزو سنۆبەر.(٢١٦) (گەزۆ)ش کە بەزۆری هەر لە ناوچەکانی بابان هەبوو، لەسەر گەڵای هەندیٚ درەخت دەکەوت و خەڵك کۆیان دەکردەوە بۆ ئەوەی جۆریٚك لە شیرینی تایبەتی لیٚ دروست بکەن.(٢١٧) لە هەندیٚ ناوچەی باکووری کوردستانیش گەزۆ چەند ساڵ جاریٚك لە درەختی بەڕوو دەستدەکەوت. لەم ناوچانە زۆرجار لەجیاتی شەکریش بەکاردەهات.(٢١٨)

## پوختەی توێژینەوە:

لـە سـەردەمی عوسمانیـدا، کـشتوکاڵ بڕبـڕەی پـشتی ئـابووری کوردسـتانی پێکـدەهێنا، ئەمــەش لەبەرئــەوەی دەوڵەمەنــد بــوو بەسەرچــاوەکانی ئــاو و کەشـوهەواییکی لـەبار و خـاکێکی بـەپیتی هـەبوو. لـە ئـەنجامی ئەمـەدا زەوی بەهۆکاری سەرەکی بەرهەمهێنان دادەنرا، بەتایبەتی کە کۆمەڵگەی کوردستان لەم سـەردەمەدا هێـشتا لـە قۆنـاغی دەرەبەگایەتیـدا بـوو. دەرەبەگـەکان ڕووبـەرێکی فراوانی زەویوزاریان لەبەردەستدا بوو، بەڵام چەندین جۆری تـری زەویـوزاریش لـە کوردستاندا هەبوون، کە ئەمانە بـوون: (مـوڵکی ڕووت، خەواسـی هومـایۆن، زەوی مــیری، زەوی وەقــف، زەوی مــردوو، زەوی گــشتی یــان بەربــەرەڵلا). زەوییــە دەرەبەگییەکانیش لەڕووی تیۆرییەوە هەر بە زەوی مـیری ئـەژمار دەکـران، بـەڵام لەگـەڵ لاوازبـوونی دەوڵـەت زیـاتر شـێوەی مـوڵکی ڕووتیـان وەرگرتبـوو. لـەپێناو چارەسەرکردنی کێشەکانی موڵکدارێتی زەوی، دەوڵەتی عوسمـانی لەسـاڵی ١٨٥٨ (یاسای زەویوزار)ی دەرکرد. بەڵام ئەم یاسایە زیاتر لە بەرژەوەندی دەوڵەمەنـد و دەستڕۆیشتووەکان پیـادەکرا و لەئەنجامـدا ژمـارەی ئـەو جووتیارانـەی بـێ زەوی بوون، بەرەبەرە زیاد بوو. لەدواییشدا تووشی چەوسانەوەی دەرەبەگەکان بوون.

لەلایەکی تر، هەرچەندە کەرەستە و ئامێرە کـشتوکاڵییەکان لـەو سـەردەمەدا دواکـەوتوو بـوون، بـەڵام بینیمـان جووتیـارانی کوردسـتان لـەکرداری کـشتوکاڵ و ڕەنێوهانینی بەروبوومـەکان و هەڵبەسـتنی جۆگـەکانی ئـاودێری شـارەزا و کارامـە بوون. سەرەڕای ئەمـەش چـەندین هۆکـاری تـر هـەبوون کـە کاریگـەری نـەرێنییان لەسەر کشتوکاڵدا هەبوو. هەندێ لەم هۆکارانە سروشتی بوون: وەك وشکەسـاڵی و کــەوتنی بــەفر و تــەزرە و ســەهۆڵبەندان. هــەروەها پەیــدابوونی زینــدەوەرە زیانبەخشەکان، بەتایبەتی کوللۆ. بڵاوبوونەوەی پەتا و نەخۆشییە ترسناکەکانیش ناڕاستەوخۆ دەبوونە هۆی دواکەوتنی کشتوکاڵ بەو پێیەی دەستی کارکەریان کەم دەکردەوە. هۆکارەکانی تـریش مرۆیـی بـوون: بەتایبـەتی پەیـدابوونی نائـارامی و شەڕ و تاڵان و کاولکـاری. لـەپاڵ کەمتەرخـەمی حکومـەت و سیاسـەت و ڕەفتـارە چەوتەکانی بەرپرسان.

لـــەم ســـەردەمەدا، کوردســـتان چـــەندین جـــۆری بـــەروبوومی کـــشتوکاڵی دەهێنایەبـەر. بـەڵام لەبەرئـەوەی لـەم وڵاتـە ئـابووری خۆبـژێوی بـاو بـوو، بۆیـە بەشێوەیەکی سەرەکی بەرهەمـە بژێوییـەکان دەچێنران، بەتایبـەتیش دانەوێڵـە و پاقلەمـەنی. وەك گـەنم و جـۆ و بـرنج و گەنمەشـامی و هـەرزن و نیـسك و نـۆك و کونجی و پاقلە. لەهەمان کاتدا زۆربەی ناوچەکانی کوردستان دەوڵەمەند بوون بـە بەروبوومی دارستان و ڕەزو باغی میوە و سەوزە. ئەم بەروبوومانەش لەڕووی جۆر و ڕێژەوە جێگەی پێداهەڵدانی زۆربەی گەڕیدە بیانییەکان بوون. هەروەها چەندین بەروبوومی دراویش بەڕێژەی بەرچاو لە کوردستان دەهاتنەبەر، بەتایبـەتی تـووتن و پەمۆ و کەتان و مازوو و کەتیرە و دار و گەزۆ. کە زۆربەیان دەنێردرانـە هـەرێم و وڵاتانی تر.

# پەراوێزەکان

(١) سليمان فائق بك، تاريخ بغداد، ت: موسى كاظم نورس، مطبعة المعارف، بغداد ١٩٦٢، ص١٧٣..

(٢) ساڵنامە: زاراوەیەکی عوسمانییە لە هەردوو وشەی (ساڵ) و (نامە) پێکهاتووە، کە لە کوردیشدا هەمان واتا دەبەخشێ واتە (نامە یان ڕاپۆرتی ساڵانە). ساڵنامەکان هەمەجۆر بوون، بەڵام ئەوانەی کە ویلایەتەکان دەریان دەکرد (کە ئێمە مەبەستمانە) زانیاریی کارگێڕی و ئابووری و ئاوەدانی و جوگرافی و مێژوویی گرنگییان لەمەڕ ویلایەتەکان دەخستە ڕوو. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: حسن دومان، البيبليوگرافيا والفهرس الموحد للسالنامات والنوسالات العثمانية، انقرة ١٩٩٩،ص٣٩ ومابعدها.

(٣) بۆ وردەکاری ئەم ڕووداوانە بڕوانە: هاممەر، دولت عثمانية تاريخي، مترجمي: محمد عطا، ج٤، استانبول ١٣٣٠ رومي، ص١٣٤-١٦٧.

(٤) محمد فريد بك المحامي، تاريخ الدولة العلية العثمانية، تحقيق: د.احسان حقي، دار النفائس، ط١٠، بيروت ٢٠٠٦، ص٢٢٢-٢٢٣، ٢٤٠، ٢٤٧.

(٥) بۆ وەستان لەسەر بارودۆخی کوردستان لە سەردەمی عوسمانیدا بڕوانە: د.سعدي عثمان هروتي، كوردستان والامبراطورية العثمانية/ دراسة في تطور سياسة الهيمنة العثمانية في كوردستان، مؤسسة موكرياني للنشر- اربيل، مطبعة خاني، دهوك ٢٠٠٨.

(٦) لەم بارەیەوە بڕوانە: طه باقر، مقدمة في تأريخ الحضارات القديمة، ج١/ الوجيز في تأريخ حضارة وادي الرافدين، ط٢، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد ١٩٨٦، ص١٩٥-١٩٨.

(٧) بۆ نموونە بڕوانە: سالنامەء ولايت موصل ١٣١٢هـ، مكتوبي ولايت سعادتلو صادق افندي معرفتيله ترتيب اولنمشدر، موصل ولايتي مطبعه سنده باصلمشدر، ص٢٨٥، ٢٩٨، ٣٠٠، شمس الدين سامي ، قاموس الاعلام، مهران مطبعه سي، مج٣، استانبول١٣٠٦ رومي/ ١٨٨٩م، ص٢٦٥٣، ٢٨٨٩.

(٨) فەیسەڵ دەباغ (وەرگێڕ)، کوردستان لە چاپکراوە عوسمانلییەکاندا، بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس، چ١، هەولێر ٢٠٠٤، ل١٢٨.

(٩) لەم بارەیەوە بڕوانە: د. عەبدوللا غەفور، جوگرافیای کوردستان، چ٢، دەزگای موکریانی، هەولێر ٢٠٠٠، ل٧٩ ودواتر .

(١٠) د.بدرخان السندي، المجتمع الكردي في المنظور الاستشراقي، ط١، دار ئاراس للطباعة والنشر، اربيل٢٠٠٢، ص٣٥٢-٣٥٣.

(١١) عەبدوللا غەفور، س. پ، ل ٣٠٠.

(١٢) كارستن نيبور، رحلة نيبور إلى العراق في القرن الثامن عشر، ت: د.محمود امين حسين، مراجعة وتعليق: سالم الآلوسي، بغداد ١٩٦٥، ص٩١.

(١٣) كلوديوس جيمس ريج، رحلة ريچ في العراق عام ١٨٢٠، ت: بهاء الدين نوري، ج١، بغداد ١٩٥١، ص٤١.

(١٤) رحلة المستر جيمس برانت الى المنطقة الكردية عام ١٨٣٨، ت: حسين احمد الجاف، بغداد١٩٨٩، ص١٣٨- ١٣٩.

(١٥) اوليفييه، رحلة أوليفييه الى العراق ١٧٩٤-١٧٩٦، ت: د. يوسف حبى، بغداد ١٩٨٨، ص١٢٩.

(١٦) رحلة نيبور...، ص٧٤.

(١٧) ميريلا غاليتي، التراث الكردي في مؤلفات الايطاليين، ت: د. يوسف حبي، (گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق – دەستەی کورد) مج(٨) ١٩٨١، ص٢٨٢.

(١٨) عبدالفتاح علي يحيى (ترجمة وتقديم)، الكورد وكوردستان في رسائل الفيلد مارشال هيلموت فون كارل مولتكة، مجلة (الاديب الكردي/ نووسەری کورد)، ع(٤) بغداد ، تموز ١٩٩٢، ص١٩، ٢٧.

(١٩) رحلة المستر جيمس برانت ....، ص٢٤.

(٢٠) لەم بارەیەوە بڕوانە: د.عماد الجواهري، ملاحظات عن الاقطاع وحيازة الاراضي في كردستان في العصور الاسلامية المتأخرة، ق٢، مجلة (كاروان)، ع(٣٤)، تموز١٩٨٥.

(٢١) أ. شاميلوف، حول مسألة الاقطاع بين الكورد، ت: د. كمال مظهر، ط٢، بغداد ١٩٨٤، ص٦٤.

(٢٢) لەبارەی ڕژێمی دەرەبەگایەتی عوسمانی بڕوانە: د. علي سلطان، تأريخ الدولة العثمانية، منشورات مكتبة طرابلس العلمية العالمية د.ت، ص ١٨١-١٨٢.

(٢٣) بڕوانە: ئەولیا چەلەبی، سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی/ کورد لە مێژووی دراوسێکاندا، و: ناکام، چ٢، بەغدا ١٩٧٨، ل٣٥، خليل علي مراد، تأريخ العراق الاداري والاقتصادي في العهد العثماني الثاني ١٦٣٨- ١٧٥٠/ ١٠٤٨-١١٦٤هـ، رسالة ماجستير، كلية الاداب جامعة بغداد/ ١٩٧٥، ص٣٠١-٣٠٢.

(٢٤) بڕوانە: د.عماد عبدالسلام رؤوف، دراسات وثائقية في تاريخ الكرد الحديث وحضارتهم، اربيل ٢٠٠٨، ص٧٤-٧٦.

(٢٥) بڕوانە: ئەولیا چەلەبی، س . پ، ل٣٦، ٢٠٨.

(٢٦) هـ. س، ل٣٥.

Ayni Ali Efendi, Osmanli Imparatorlugunda Eyalet Taksimati, Toprak Dagitmi ve Bunlarin Mali Gucleri, Ceviren: Hadiye Tuncer, Ankara 1964, S.13.

(٢٧) بڕوانە:
Ismail Hakki Uzuncarsili, Osmanli Devletinin Merkez ve Behriye Teskilati, Ankara 1984, S.110.

(٢٨) علي شاكر علي: ولاية الموصل في القرن السادس عشر/ دراسة في أوضاعها السياسية والإدارية والاقتصادية، اطروحة دكتوراه، كلية الآداب جامعة الموصل/ ١٩٩٢، ص٩٦.

(٢٩) كارستن نيبور، م . س، ص٧٥، لوتكسي ، تاريخ الاقطار العربية الحديث، ت: عفيفة البستاني، ط٧، بيروت،١٩٨٠، ص١٦.
Ismail Hakki Uzuncarsili, Buyuk Osmanli Tarihi, cilt 2, Ankara-1995, s.580.

(٣٠) بۆ نموونە بڕوانە: ياسين العمري، غاية المرام في تاريخ محاسن بغداد دارالسلام، مطبعة دار البصري ، بغداد ١٩٦٨، ص٩٣، د.سعدي عثمان حسين، كوردستان الجنوبية في القرنين السابع عشر والثامن عشر/ دراسة في علاقاتها السياسية والادارية والاقتصادية مع ايالتي بغداد والموصل، اربيل ٢٠٠٦، ص٣٦٣.

(٣١) رحلة المستر جيمس برانت ....، ص١٠٥.

(٣٢) یەکێکە لە میرە بەتواناکانی میرنشینی بابان، بەدامەزراندنی شاری سلێمانی (ساڵی ١٧٨٤) بەناوبانگە، لەبارەی ژیاننامەی بڕوانە: محمد امين زكي: مشاهير الكرد وكردستان، ج١، الآثار الكاملة للمؤلف، اعداد: رفيق صالح، السليمانية ٢٠٠٥، ص٦٨.

(٣٣) رسول حاوي الكركوكلي، دوحة الوزراء في تأريخ وقائع بغداد الزوراء، ت: موسى كاظم نورس، بيروت (ب.ت)، ص١٩٣.

(٣٤) عماد احمد الجواهري، تأريخ مشكلة الاراضي في العراق، بغداد ١٩٧٨، ص٧٨، لوتكسي ، م. س، ص١٦.

(٣٥) سي. جى، ادموندز، كرد وترك وعرب، ت: جرجيس فتح الله، بغداد ١٩٧١، ص١٧، د. شاكر خصباك، الاكراد/ دراسة جغرافية اثنوغرافية، مطبعة شفيق، بغداد ١٩٧٢، ص٢٤٩.

(٣٦) بڕوانە دەقی ئەم بەڵگەنامانە لە: د.خليل علي مراد (ترجمة وتعليق)، مختارات من كتاب الموصل وكركوك في الوثائق العثمانية، السليمانية ٢٠٠٥، ص١٣٩، ١٤٩.

(٣٧) عبدالرحمن شرف، فذلكة تاريخ دولت عثمانية، ط١٢، استانبول ١٣٢٦رومي-١٣٢٨هـ، ص٨٣، علي سلطان، م. س، ص١٨١.

(٣٨) ا. م .مينتيشاشڤيلی، کورد/ کورتەی پێوەندی کۆمەڵایەتی – ئابووریی ڕۆشنبیری و گوزەران، و: د. پ. عیزەدین مستەفا رەسووڵ، چ٢، دەزگای موکریانی، چاپخانەی خانی، دهۆك ٢٠٠٨، ل١٧٩.

(٣٩) رحلة المستر جيمس برانت ....، ص١٤٥.

(٤٠) **کلوديوس جيمس ريچ، م . س، ص٦٣.**

(٤١) **د. عەزیز شەمزینی، جووڵانەوەی ڕزگاری نیشتمانی کوردستان، و: فەرید ئەسەسەرد، چ٢، چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزو، (ب.ش) ١٩٨٥، ل٣٠.**

(٤٢) **ابراهيم فصيح بن صبغة الله الحيدري، عنوان المجد في بيان احوال بغداد والبصرة ونجد، بغداد١٩٦٢، ص٨٧.**

(٤٣) **رحلة المستر جيمس برانت ...، ص٢٤.**

(٤٤) **خليل علي مراد، تاريخ العراق...، ص٣٠٦.**

(٤٥) **رحلة المستر جيمس برانت ...، ص١٧، ١٢٣.**

(٤٦) **شرفخان البدليسي، شرفنامه، ت: محمد جميل الملا أحمد الروزبياني، ط٢، مؤسسة موكرياني، اربيل ٢٠٠١، ص٤٨٢-٤٨٣، هەروەها بڕوانە: عماد عبدالسلام رؤوف، م . س، ص١٠٧.**

(٤٧) **پيير دی ڤوصيل، الحياة في العراق بين اعوام ١٨١٤- ١٩١٤، ت: د. اكرم فاضل، دار الوراق للنشر- لندن ٢٠٠٦، ص٤٢.**

(٤٨) **بڕوانە: دەقی بەڵگەنامەی** (BOA. Irade Hususi, nr.37/ ra 1325) **لە:**

Osmanli Arşivi Daire Başkanliği: Musul – Kerkuk ile ilgili Arşiv Belgeleri (1525- 1919), Ankara – 1993,S619 -621.

(٤٩) **عماد الجواهري، ملاحظات عن الاقطاع...،ص١٤٧.**

(٥٠) **علي سلطان، م . س، ص١٨١.**

(٥١) **رحلة المستر جيمس برانت...، ص٢٠، هەروەها بڕوانە: الكرد في دائرة المعارف الاسلامية، ت: حميد ريبوار، منشورات رابطة كاوا، مطبعة اوفسيت هەولێر، أربيل ١٩٩٩، ص١١١.**

(٥٢) **بڕوانە چەند بەڵگەنامەیەکی عوسمانی لەم بارەیەوە، لە: عماد عبدالسلام رؤوف، م . س، ص٢٣٤- ٢٣٥.**

(٥٣) **رحلة المستر جيمس برانت ...، ص٢٢.**

(٥٤) **خليل علي مراد، تاريخ العراق...، ص٣٠٧-٣٠٨.**

(٥٥) **رحلة المستر جيمس برانت ...، ص١٠٤.**

(٥٦) **خليل علي مراد، مختارات من كتاب...، ص١٤٧.**

(٥٧) **الكورد في دائرة المعارف الاسلامية، ص١١١، دبليو.ای. ويگرام وادگار. تی. ای. ويگرام، م . س، ص٢٤٢.**

(٥٨) **الكورد في دائرة المعارف الاسلامية، ص١١١.**

(٥٩) **عەزیز شەمزینی، س . پ، ل٢٥، ٣٠، ٣٤، د. ابراهيم خليل أحمد، الحياة الاجتماعية في**

ولاية الموصل، مجلة (المؤرخ العربي)، ع (٣٩) س(١٥) ١٩٨٩، ص٢٥.

(٦٠) ا. م .مينتيشاشڤيلى، س . پ، ل١٧٩.

(٦١) شاكر خصباك، م . س، ص٢٤٩–٢٥٠، هادي رشيد الجاوشلي، الحياة الاجتماعية في كردستان، بغداد ١٩٧٠، ص١٢١.

(٦٢) بڕوانە دەقی یاساکە لە: الدستور/ أو مجموعة الانظمة العثمانية، ت: نوفل افندي نعمة الله نوفل، مراجعة الترجمة: خليل افندي الخوري، مج١، بيروت ١٣٠١هـ/ ١٨٨٣– ١٨٨٤م، ص١٤–٤٣.

(٦٣) بڕوانە دەقی یاسای تاپۆ لە: المصدر نفسه، ص٤٤ ومابعدها.

(٦٤) عماد الجواهري، ملاحظات عن الاقطاع...، ص١٤٦–١٤٧، شاكر خصباك، م . س، ص٢٥١.

(٦٥) ابراهيم خليل أحمد، م . س، ص٢٤.

(٦٦) لەم بارەیەوە بڕوانە: صديق الدملوجي، امارة بهدينان الكردية أو امارة العمادية، ط٢، مراجعة وتقديم: عبدالفتاح علي يحيى، اربيل ١٩٩٩،ص١١٤–١١٧.

(٦٧) كلوديوس جيمس ريچ، م . س، ص٦٧.

(٦٨) لەم بارەیەوە بڕوانە: باسيلي نيكيتين، الكرد/ دراسة سوسيولوجية وتاريخية، ت: د.نوري طالباني، ط١، دار سبيريز، مطبعة خاني، دهوك ٢٠٠٨، ص٢١٥– ٢١٧، هەروەها بڕوانە: سي. جى، ادموندز، م . س، ص١٧، ا. م. مينتيشاشڤيلى، س . پ، ل١٧٩.

(٦٩) بڕوانە: عماد احمد الجواهري، تأريخ مشكلة الاراضي...، ص٧٧.

(٧٠) بڕوانە دەقی ڕاپۆرتێکی ئەم بەرپرسە لە: د.خليل علي مراد، مختارات من كتاب ...، ص١٥٠.

(٧١) لەم بارەیەوە بڕوانە: هادي رشيد الجاوشلي، م . س، ١٢٠–١٢١.

(٧٢) رحلة المستر جيمس برانت...، ص١٢٣.

(٧٣) اوليفييه، م . س، ص١٢٦.

(٧٤) باسيلي نيكيتين، م . س، ص١٠٢– ١٠٣.

(٧٥) مارتين ڤان برونسن، ئاغا و شێخ و دەوڵەت، و: کوردۆ (سەروەت محەمەد ئەمین)، بنکەی چاپەمەنی ڕۆژ، سوید ١٩٩٦، ل٤٠، عەزیز شەمزینی، س . پ، ل٣٣.

(٧٦) عبدربه سكران ابراهيم الوائلي، اكراد العراق ١٨٥١–١٩١٤، اطروحة دكتوراه، كلية الاداب، جامعة القاهرة ١٩٨٧، ص٢٧، سعدي عثمان ، كوردستان الجنوبية...، ص٣٦٣.

(٧٧) رحلة المستر جيمس برانت...، ص١٣٨–١٣٩.

(٧٨) كلوديوس جيمس ريچ، م .س، ٩٣.
(٧٩) م . ن، ص٩٣.
(٨٠) رحلة المستر جيمس برانت ...، ص٢٤، ١٣٨، اوليفييه، م . س، ص١٢٩.
(٨١) اوليفييه، م . س، ص١٢٩.
(٨٢) بدرخان السندي، م . س، ص٣٥٥.
(٨٣) رحله ريچ...، ص٩٣.
(٨٤) الكرد...، ص١٠٢.
(٨٥) هێنری بێندەر، سەفەرنامەی هێنری بێندەر/ كوردستان ،میزۆپۆتامیا، ئێران، و: ئەبوبەكر خۆشناو، سلێمانی ٢٠٠٦، ل٢٣٤، ٢٣٨.
(٨٦) عبدالفتاح علي يحيى ، الكورد وكوردستان...، ص٢٧.
(٨٧) عماد احمد الجواهري، تأريخ مشكلة الاراضي...، ص٨٧.
(٨٨) أ. ام. هاملتون، طريق في كوردستان، ت: جرجيس فتح الله، ط٢، دار آراس للنشر، اربيل ١٩٩٩، ص٥٠.
(٨٩) رحلة المستر جيمس برانت ...، ص٦٦.
(٩٠) بدرخان السندي، م . س، ص٣٥٨.
(٩١) ئەمانە پێیان دەگوترا (قەیناغ)، هەرچی (داس)یشە ئەوا كێردێكی گەورەی نووك تیژی لەشێوەی نیوە بازنەیەك بوو كە دەسكێكی داری هەبوو.
(٩٢) لە ناوچەی دەشتی هەولێر بەم ئافرەتانە دەگوترا (گیشەكەر) چونكە ئەوەی هەڵیاندەگرتەوە پێی دەگوترا گیشە.
(٩٣) بدرخان السندي، م . س، ص٣٥٦، ٣٦٠.
(٩٤) كلوديوس جيمس ريچ، م . س، ص٢٣٥.
(٩٥) لەناوچەی دەشتی هەولێر بەمە دەگوترا جۆخین.
(٩٦) بڕوانە: رحلة المستر جيمس برانت ....، ص١٣٧.
(٩٧) بڕوانە دەقی ڕاپۆرتەكە لە: خليل علي مراد، مختارات من كتاب...، ص١٣٨. من خۆم لە ساڵانی حەفتاكان ئەم جەنجەڕەم لە دەشتی هەولێر بینیوە.
(٩٨) رحلة اوليفييه...، ص١٢٩.
(٩٩) رحلة المستر جيمس برانت ...، ص٢٤.
(١٠٠) كلوديوس جيمس ريچ، م . س، ص٩٣.
(١٠١) كارستن نيبور، م . س، ص٩٠-٩١.
(١٠٢) رحلة اوليفييه، ص١٢٩.

(١٠٣) بۆ هەندێ بەڵگەنامەی عوسمانی لەم بارەیەوە بڕوانە: Osmanli Arşivi Daire Başkanliği: A.G.E,S.540,576.
هەروەها بڕوانە: یاسین بن خیرالله الخطیب العمری، زبدة الاثار الجلیة في الحوادث الارضیة، انتخب زبدتە: د. داود الجلبي، تحقیق: عماد عبدالسلام رؤوف، مطبعة الاداب، النجف ١٩٧٤،ص٧٣، ١٥٤، ١٦٩.

(١٠٤) عباس العزاوي، تأريخ العراق بين احتلالين، مج٥، شركة التجارة والطباعة المحدودة، بغداد ١٩٥٢،ص١٢٩.

(١٠٥) محمد امين بن خيرالله الخطيب العمري، منهل الاولياء ومشرب الاصفياء من سادات الموصل الحدباء، ج١، تحقيق: سعيد الديوهجي، مطبعة الجمهورية، الموصل ١٩٦٧،ص١٩٤.

(١٠٦) پییر دی ڤوصیل، م . س، ص٨٣.

(١٠٧) بۆ نموونە بڕوانە: موصل (جريدة) ، نومرو (٧٤٢)، ٢محرم١٣٢٢ﻫ/١٩٠٤م، نومرو(٧٤٤)، ١٩ صفر ١٣٢٢ﻫ/ ١٩٠٤م، نومرو (٧٦٩)، ٢٩ شوال١٣٢٢ﻫ/١٩٠٤م.

(١٠٨) رحلة المستر جيمس برانت ....، ص١٢٤.

(١٠٩) دومنيكو لانزا، الموصل في القرن الثامن عشر حسب مذكرات دومنيكو لانزا، ت: القس روفائيل بيداود، ط٢، الموصل ١٩٥٣، ص٤٢-٤٣. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم ڕووداوە بڕوانە: د. سەعدی عوسمان هەروتی، تەنگژە ئابووری و تەندروستییەکانی کوردستان لە سەردەمی عوسمانیدا، (زانکۆ) گۆڤاری زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر، ژ (٤٢) ٢٠٠٩، ل١٠٤-١٠٦.

(١١٠) جعفر الخياط، مشاهدات الدكتور ايفز بين بغداد وكركوك والموصل، مجلة (الاقلام) ج(١٢)، س (٢) آب ١٩٦٦،ص٤١.

(١١١) ياسين بن خيرالله الخطيب العمري، غرائب الاثر في حوادث ربع القرن الثالث عشر، مطبعة ام الربيعين، الموصل ١٩٤٠، ص٤٦.

(١١٢) رحلة المستر جيمس برانت ....، ص٣٦.

(١١٣) رحلة اوليفييه....، ص١٣٤-١٣٥. دوای ئەمە ناوبراو زۆر بە وردی وەسفی شێوەی ئەم زیندەوەرە دەکات.

(١١٤) موصل (جريدة)، نومرو (٧٨٦) ٢٨ ربيع الاول ١٣٢٣ﻫـ / ١٩ مايس ١٣٢١ رومي (١٩٠٥م).

(١١٥) ياسين العمري، غرائب الاثر، ص٣٧، زبدة الاثار، ص١٧٦.

(١١٦) ياسين العمري، غرائب الاثر، ص٤٣، ٤٥.

(117) كاميران عبدالصمد احمد الدوسكي، بهدينان في اواخر العهد العثماني (١٨٧٦-١٩١٤)/ دراسة تاريخية، اربيل ٢٠٠٧، ص٣٤٢.

(118) موصل (جريده) ،نومرو(٧٤١)، ١٤محرم١٣٢٢هـ/١٣٢٠رومى ١٩٠٤م. موصل (جريده) ،نومرو(٧٨٥) ١٤ ربيع الاول ١٣٢٣هـ/٥ مايس ١٣٢١رومى ١٩٠٥م، ص٢. هەروەها بڕوانە تێبینییەكانی وەكیلی فەرماندەی جەندرمەی موسڵ لەسەر ڕاپۆرتی وەكیلی قائمقامی كۆیە سەبارەت بە ڕەوشی ناوچەكە لە ساڵانی ١٩١٦-١٩١٧ لە : د.خليل علي مراد، مختارات من كتاب ...، ص١٥٨.

(119) لەم بارەیەوە بڕوانە: سەعدی عوسمان هەروتی، تەنگژە ئابووری و تەندروستییەكانی كوردستان ...، ل١٠٢-١٠٤.

(120) ياسين العمري، زبدة الاثار، ص١٣٧.

(121) شاكر خصباك، م . س، ص٦٩، عبدربه سكران الوائلي، م . س، ص٥٣.

(122) كلوديوس جيمس ريچ، م . س، ص٦٧.

(123) م . ن، ص٣٥.

(124) رحلة اوليفييه...، ص١٢٩.

(125) بڕوانە: رحلة نيبور...، ص٨٩، رحلة المستر جيمس برانت...، ص١٢١.

(126) عبدالفتاح علي يحيى ، الكورد وكوردستان...، ص٢٦، ٢٧، ناوبراو لە شوێنێكی تریش ئاماژە بە كەمتەرخەمی حكومەت دەكا، بڕوانە: م . ن، ص٢٠.

(127) بڕوانە دەقی بەڵگەنامەكە لە: جەمال میرزا عەزیز (وەرگێڕ)، لە تاریكییەوە بۆ ڕووناكی/ بەڵگەنامەكانی شۆڕشی ١٨٨٠، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ١٩٩٩، ل٨.

(128) بۆ نموونە بڕوانە: رسول الكركوكلي، م . س، ص١٢٥، ٢٢٣.

(129) بڕوانە: عثمان بن سند الوائلي البصري، مطالع السعود بطيب اخبار الوالي داود/ تأريخ العراق من سنة ١١٨٨ الى سنة ١٢٤٢هـ (١٧٧٤-١٨٢٦م)، تحقيق: د. عماد عبدالسلام رؤوف وسهيلة عبدالمجيد القيسي، دار الحكمة للطباعة والنشر، الموصل ١٩٩١، ص٢٤٨، ياسين العمري، غاية المرام، ص١٨٣، ٢٠٢، زبدة الاثار، ص١٤٧، ١٧٢.

(130) رحلة المستر جيمس برانت ...، ص٤٦.

(131) بڕوانە دەقی ڕاپۆرتەكە لە: د. عثمان علي، الكرد في الوثائق العثمانية، مؤسسة موكرياني، اربيل ٢٠١٠، ص٩٥-٩٦.

(132) م . ن ، ص٥٩-٦٠، ٧٢-٧٣.

(133) عبدالفتاح علي يحيى ، الكورد وكوردستان...، ص٢٦، ٢٧. هەروەها بڕوانە: خليل علي مراد، مختارات من كتاب...، ص١٣٩.

(١٣٤) رحلة المستر جيمس برانت...، ص٢٥.

(١٣٥) لـەم بارەيـەوە بڕوانـە بەڵگەنامەيـەکی عوسمـانی سـاڵی ١٥٧٦ لـە: د.عمـاد عبدالـسلام رؤوف، م. س، ص١٠٧-١٠٨. هـەروەها بڕوانـە: جـيمس بيلـي فريـزر، رحلـة فريـزر الى بغداد في ١٨٣٤، ت: جعفر الخياط، ط١، مطبعة المعارف، بغداد١٩٦٤، ص١٥، ٥١.

(١٣٦) بڕوانە چەند بەڵگەنامەيەکی عوسمانی لەم بارەيەوە، لە: د.عماد عبدالسلام رؤوف، م. س، ص١٠٦، ١٠٩، ١١٠. خليل علي مراد، مختارات من كتاب...، ص١٣٨.

(١٣٧) بڕوانـە: عبـدالفتاح علـي يحيـى ، الکـورد وکوردسـتان...، ص٢٠، ٢٦، رحلـة المـستر جيمس برانت...، ص٣٨.

(١٣٨) لـەم بارەيـەوە بڕوانـە: سـعدي عثمـان هروتـي، کوردسـتان والامبراطوريـة العثمانيـة، ص١٦٠-١٧٠.

(١٣٩) نادرشا : دامەزرێنەری حوکمڕانی ئەفشاريە لە ئێران ، لەماوەی نێوان ١٧٣٠-١٧٤٧دا تاکـە دەسـەڵاتداری بـەتوانا بـوو لـەم وڵاتـەدا، ئەمـەش دوای ئـەوە بـوو کـە کۆتـايی بـەداگيرکاری ئـەفغانی هێنـا لـەم وڵاتـە، بـۆ زانيـاری زيـاتر بڕوانـە: مـيرزا مهـدی خـان استرابادی، جهانکشای نادری، تهران ١٣٣١هـ.

(١٤٠) بڕوانە زانيارييەکانی شايەتحاڵێکی ئەم ڕووداوە لە: نرسيس صائغيان، صفحة منسية من تأريخ نادر شاه، لغة العرب (مجلة)، ج(٥)، س(٧)، بغداد ١٩٢٩، ص ٣٨٠-٣٨٣.

(١٤١) بڕوانە: د. سيار کوکب علي الجميل، حصار الموصل/ الصراع الاقليمي واندحار نادر شـاه، مطبعـة الجمهـور، ط١، موصـل ١٩٩٠، ص١٤١- ١٤٢. بـۆ زانيـاری زيـاتر لـەبارەی هێرشـەکانی نادرشـا و کاريگـەرييان لـە کوردسـتانی باشـوور، بڕوانـە: سـعدي عثمـان ، کوردستان الجنوبية...، ص٣٠٣- ٣١٦.

(١٤٢) عبدربە سکران الوائلي، م . س، ص٢٧.

(١٤٣) جيمس بيلي فريزر، م. س، ص٢٠.

(١٤٤) بدرخان السندي، م . س، ص٣٥٢.

(١٤٥) هادي رشيد الجاوشلي، م . س، ص٩٨.

(١٤٦) بۆ نموونـە بڕوانـە: کلوديـوس جيمس ريـچ، م . س، ص٩٣، موصـل ولايـتي سـالنامەء رسميـسيدر(١٣٣٠هـ)، عزتلـو صـفوت بك معرفتيلـة ترتيـب و دردنجـي دفعـة اولـة رق، موصل مطبعە سندە اولنمشدر، ص٣٠٢، شمس الدين سامي، م . س، مج٣، ص٢٦٥٣، ٢٨٨٩، فەيسەل دەباغ، س . پ، ل١٥٤، ١٨١.

(١٤٧) رحلة اوليفييە...، ص٢٨، ١٢٥.

(١٤٨) رحلة نيبور...، ص١١٤.

(١٤٩) موصـل ولايـتي سـالنامة رسميـسيدر ١٣٢٥ هــ، عزتلـو صـفوت بـك معرفتيلـة ترتيـب و دردنجي دفعة اول رق ، موصل مطبعةسنده طبع اولنمشدر، ص٢١٤، د.عبدالفتاح علي البوتـاني، دراسـات ومباحـث في تـاريخ الكـورد والعـراق المعاصـر، دار سـپيريز للنـشر، مطبعة حجي هاشم، اربيل ٢٠٠٧، ص١١١.

(١٥٠) سياحەتنامەی ئەوليا چەلەبی، ل١٩.

(١٥١) بڕوانە: رحلة المستر جيمس برانت...، ص٦٦.

(١٥٢) فەیسەڵ دەباغ، س . پ، ل٧٦، ٧٧، ٨٤.

(١٥٣) ياسين العمري، غاية المرام، ص٩٦.

(١٥٤) سـالنامەء ولايـت موصـل (١٣١٠)هــ، مكتـوبي ولايـت سـعادتلو حـسن توفيـق افنـدي معرفتيله ترتيب اولنمشدر، ص ١٧٥. سالنامەء ولايت موصل ١٣١٢هـ، ص٢٧٦، هێنری بێندەر، س . پ، ل٢٣٤.

(١٥٥) كلوديوس جيمس ريچ، م . س، ص٤٣.

(١٥٦) شمس الدين سامی، م . س، مج٣، ص٢٦٥٣، ٢٨٨٩.

(١٥٧) موصل ولايتي سالنامۃء رسميسيدر(١٣٣٠هـ)، ص٢٤٨.

(١٥٨) كارستن نيبور، م . س، ص٧٦.

(١٥٩) فەیسەڵ دەباغ، س . پ، ل١٨٤، سالنامەء ولايت موصل ١٣١٢هـ، ص٣٠٠.

(١٦٠) سەفەرنامەی هێنری بێندەر، ل٢٣٤.

(١٦١) رحلـة ريـچ...، ص٤٤، ٩٣. ئـۆليڤیێ دەڵـێ لـە بـاكووری كوردسـتان لـە كـونجی ڕۆنـی خۆراكيـان دروسـت دەكـرد. (بڕوانـە: رحلـة اوليفييـە، ص١٢٥) بـەلاّم لەوانەيـە مەبەسـتی (تەعين) بێ كە ئێستاش وەكو خۆراك بەكاردێ.

(١٦٢) سالنامەء ولايت موصل ١٣١٢هـ، ص٢٨٢-٢٨٣.

(١٦٣) كارستن نيبور، م . س، ص١١٤.

(١٦٤) عبدالفتاح علي البوتاني، دراسات ومباحث...، ص١١١. شايانی باسـە لـەو سـەردەمەی ئێمە باسی دەكەين كە دەكاتە كۆتاييیەكانی سەدەی نۆزدە، سنجەقی كـەركووك زۆربـەی ناوچـەكانی هـەردوو پارێزگـای كـەركووك و هـەولێری ئێـستای دەگرتـەوە. لـەم بارەيـەوە بڕوانـــە: بـــەختيار ســـەعيد مـــەحمود شـــوانی، كـــەركوك لـــە ســـەدەی نۆزدەهەمـــدا/ لێكۆڵينەوەيەك لە بارودۆخی ڕامياری و ئابووری، سلێمانی ٢٠٠٩، ل٦٨.

(١٦٥) رحلـة المستر جيمس برانـت...، ص ١٢٣، فەیـسەڵ دەبـاغ، س . پ، ل٧٧، ١٥٤، ١٦٩. شايانی تێبينييە ئەم دوو سەرچاوەيە ناوی هەموو ئەم بەروبوومانـە نـاهێنن بـەلاّم دەڵـێن گشت جۆرەكانی دانەوێڵە.

(١٦٦) رحلة اوليفييه، ص٢٨، ١٢٩.

(١٦٧) ئەوليا چەلەبی، س . پ، ل١٩.

(١٦٨) عبدالفتاح علي يحيى ، الكورد وكوردستان...، ص١٩.

(١٦٩) رحلة المستر جيمس برانت...، ص٣٤، ١٠٩، ١١٣، ١٢٣.

(١٧٠) رحلة اوليفييه، ص١٢٥.

(١٧١) كارستن نيبور، م . س، ص١١٤.

(١٧٢) سالنامەء ولايت موصل ١٣١٢هـ، ص ٢٧٦. صديق الدملوجي، م . س، ص١١٢.

(١٧٣) جان باتيست تافرنييه، العراق في القرن السابع عشر كما رآه الرحالة الفرنسي تافرنييه، ت: بشير فرنسيس وكوركيس عواد، مطبعة المعارف، بغداد ١٩٤٤، ص١١٦-١١٧.

(١٧٤) سالنامەء ولايت موصل (١٣١٠)هـ، ص١٧٥. سالنامەء ولايت موصل ١٣١٢هـ، ص ٢٧٦.

(١٧٥) كارستن نيبور، م . س، ص٧٦.

(١٧٦) ياسين العمري، غاية المرام، ص٩٦.

(١٧٧) دومنيكو لانزا، م.س، ص١٥، لويس ساكو، الموصل حسب رحلة بادجر، مجلة (بين النهرين)، ع(٩-١٠)، س(٣)، الموصل ١٩٧٥، ص٦٦.

(١٧٨) جعفر الخياط، م . س، ص٤١، ٤٤، ٤٥.

(١٧٩) رحلة ريچ...، ص١٤.

(١٨٠) م . ن ، ص١٩.

(١٨١) رحلة اوليفييه...، ص٦٩، ٧١.

(١٨٢) ئەوليا چەلەبی، س . پ، ل٧٨، ٨٤.

(١٨٣) ابي طالب خان ، رحلة ابي طالب خان الى العراق واوروبە سنة ١٢١٣هـ/١٧٩٩م، ت: مصطفى جواد، بغداد، د.ت، ص٣٥٤.

(١٨٤) شمس الدين سامي، م . س، مج٣، ص٢٦٥٣.

(١٨٥) رحلة اوليفييه، ص٢٨، ١٢٩.

(١٨٦) جيمس بيلي فريزر، م . س، ص١٦.

(١٨٧) بڕوانە: علي شاكر علي، م . س، ص١٧٤.

(١٨٨) لە ناوچەكانی باكووری كوردستان ڕۆنی گەرچەكيان وەكو سووتەمەنی بەكاردەهێنا. بڕوانە: اوليفييه، م . س، ص١٢٥.

(١٨٩) رحلة ريچ...، ص٣٧، ٩٤، ١١٣-١١٤، ١١٧.

(١٩٠) كارستن نيبور، م . س، ص٧٤.

(١٩١) رحلة ريچ...، ص ٩٣-٩٤.

(١٩٢) سالنامەء ولايت موصل (١٣١٠)هـ، ص٢٠٦-٢٠٧، شمس الدين سامي، م . س، مج٣، ص٢٦٢٢، ٢٨٨٩.

(١٩٣) اوليفييە، م . س، ص٦٩، ١٢٩.

(١٩٤) كلوديوس جيمس ريچ، م . س، ص١٩.

(١٩٥) م . ن، ص٢٤٤.

(١٩٦) يعقوب سركيس، مباحث عراقية (في الجغرافية والتأريخ والآثار وخطط بغداد... الخ)، ق ٢، شركة التجارة والطباعة المحدودة، بغداد ١٩٤٨، ص١٦١..

(١٩٧) كلوديوس جيمس ريچ، م . س، ص٤٤، ٤٨، ١١٣. كارستن نيبور، م . س، ص٧٤.شمس الدين سامي، م . س، مج٣، ص٢٦٢٢، ٢٨٨٩.

(١٩٨) ياسين العمري، غاية المرام، ص٩٤.

(١٩٩) جان باتيست تافرنييە، م . س، ص١١٦-١١٧.

(٢٠٠) رحلة المستر جيمس برانت...، ص٣٣.

(٢٠١) جان باتيست تافرنييە، م . س، ص١١٧، يعقوب سركيس، م . س، ص١٥٠، ١٥١، ١٦٢.

(٢٠٢) احمد جودت، تأريخ جودت، از ترتيب جديد، ج١، مطبعة عثمانية، استانبول ١٣٠١، ص٤٠. ياسين العمري، غاية المرام، ص٩٥-٩٦.

(٢٠٣) احمد جودت، م . س، ص٤٠. يعقوب سركيس، م . س، ص١٦٣.

(٢٠٤) اوليفييە، م . س، ص٢٨، ١٢٥، ١٢٩. هەروەها بڕوانە: رحلة المستر جيمس برانت...، ص٦٦.

(٢٠٥) ئەوليا چەلەبی، س . پ، ل١٩.

(٢٠٦) كارستن نيبور، م . س، ص٧٤. كلوديوس جيمس ريچ، م . س، ص٤٤، ٤٨، ٢٣٥.

(٢٠٧) كارستن نيبور، م . س، ص١١٤. اوليفييە، م . س، ص٤٩.

(٢٠٨) ياسين العمري، غاية المرام، ص٩٦.

(٢٠٩) شمس الدين سامي، م . س، مج٣، ص٢٦٥٣.

(٢١٠) علي شاكر علي، م . س، ص١٧٤.

(٢١١) رحلة المستر جيمس برانت...، ص٢٤، ٦٦، ١٢٣.

(٢١٢) سەبارەت بە هەناردەكردنی مازوو بۆ وڵاتانی تر بڕوانە: دومنيكو لانزا، م.س، ص١٦. اوليفييە، م . س، ص٤٨. هەروەها:
Ralph Davis, English Imports From the Middle East, 1580-1780, in: M.A. Cook(ed.), Studies in the Economic History of the Middle East. Oxford univ. press, London 1970, p.202-204.

(٢١٣) اولیفییه، م . س، ص٤٨.

(٢١٤) کلودیوس جیمس ریچ، م . س، ص٧٢، ٩٩. شایانی باسە ناوچەکانی بابان وەکو زۆربەی ناوچە کوردییەکانی تر، چەندین جۆری بەروبوومی ڕووەکی تری هەبوو کە زۆربەیان سروشتی بوون، بۆیە بەپێویستی نازانین باسیان بکەین. بڕوانە: م . ن، ص١١، ٩٩-١٠٠.

(٢١٥) اولیفییه، م . س، ص ١٢٥، ١٥٧. رحلة المستر جیمس برانت...، ص٣٣، ٧٣.

(٢١٦) اولیفییه، م . س، ص١٥٧.

(٢١٧) کلودیوس جیمس ریچ، م . س، ص٩٩. اولیفییه، م . س، ص٤٨.

(٢١٨) بڕوانە: رحلة المستر جیمس برانت...، ص٣٤، ٧٣.

## لیستی سەرچاوەکان


### یەکەم/ بەڵگەمانەی بڵاوکراوە:

- –Ayni Ali Efendi, Osmanli Imparatorlugunda Eyalet Taksimati, Toprak Dagitmi ve Bunlarin Mali Gucleri, Ceviren: Hadiye Tuncer, Ankara 1964.
- Osmanli Arşivi Daire Başkanliği: Musul – Kerkuk ile ilgili Arşiv Belgeleri (1525- 1919), Ankara – 1993.
- جەمال میرزا عەزیز (وەرگێڕ)، لەتاریکییەوە بۆ رووناکی/ بەڵگەنامەکانی شۆڕشی ١٨٨٠، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ١٩٩٩.
- د.خليل علي مراد (ترجمة وتعليق)، مختارات من كتاب الموصل وكركوك في الوثائق العثمانية، السليمانية ٢٠٠٥.
- الدستور/ أو مجموعة الانظمة العثمانية، ت: نوفل افندي نعمة الله نوفل، مراجعة الترجمة: خليل افندي الخوري، مج١، بيروت ١٣٠١هـ/ ١٨٨٣– ١٨٨٤م.
- د. عثمان علي، الكرد في الوثائق العثمانية، مؤسسة موكرياني، اربيل ٢٠١٠.
- د.عماد عبدالسلام رؤوف، دراسات وثائقية في تاريخ الكرد الحديث وحضارتهم، مطبعة الثقافة، اربيل ٢٠٠٨.

### دووەم/ چاپکراوی حکومی:

- سالنامەء ولايت موصل (١٣١٠)هـ، مكتوبي ولايت سعادتلو حسن توفيق افندي معرفتيله ترتيب اولنمشدر.
- سالنامەء ولايت موصل ١٣١٢هـ، مكتوبي ولايت سعادتلو صادق افندي معرفتيله ترتيب اولنمشدر، موصل ولايتي مطبعهسنده باصلمشدر.
- موصل ولايتي سالنامه رسميسيدر ١٣٢٥ هـ، عزتلو صفوت بك معرفتيله ترتيب و دردنجي دفعه اوله رق، موصل مطبعهسنده طبع اولنمشدر.
- موصل ولايتي سالنامه رسميسيدر (١٣٣٠هـ)، عزتلو صفوت بك معرفتيله ترتيب و دردنجي دفعه اوله رق، موصل مطبعهسنده اولنمشدر.

### سێیەم/ هەفتەنامە:

- موصل ، ولايتك هفتده بر دفعه نشر اولنور جريده رسميه سيدر.
- نومرو (٧٤١)، ١٤محرم١٣٢٢هـ/١٣٢٠رومي ١٩٠٤م.

- نومرو (٧٤٢)، ٢محرم١٣٢٢ه/١٩٠٤م،
- نومرو (٧٤٤)، ١٩ صفر ١٣٢٢ه/ ١٩٠٤م،
- نومرو (٧٦٩)، ٢٩ شوال١٣٢٢ه/١٩٠٤م.
- نومرو (٧٨٥) ١٤ ربيع الاول ١٣٢٣هـ/٥ مايس ١٣٢١رومي ١٩٠٥م.
- نومرو (٧٨٦) ٢٨ ربيع الاول ١٣٢٣هـ / ١٩ مايس ١٣٢١ رومي (١٩٠٥م).

**چوارەم/ گەشتنامەکان:**


- **بە زمانی کوردی:**
- ئەولیا چەلەبی، کورد لە مێژووی دراوسێکانیدا (یان: سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی) و: ناکام، بەغدا ١٩٨٨.
- هێنری بێندەر، سەفەرنامەی هێنری بێندەر/ کوردستان ، میزۆپۆتامیا، ئێران، و:ئەبوبەکر خۆشناو، سلێمانی ٢٠٠٦.
- **ب- بە زمانی عەرەبی:**
- ام. هاملتون، طريق في كوردستان، ت: جرجيس فتح الله، ط٢، دار آراس للنشر، اربيل ١٩٩٩.
- ابي طالب خان، رحلة ابي طالب خان الى العراق وأوربه سنة ١٢١٣هـ/ ١٧٩٩م، ت: د. مصطفى جواد، مطبعة الايمان، بغداد (د.ت).
- أوليفييه، رحلة أوليفييه الى العراق ١٧٩٤-١٧٩٦، ت: د. يوسف حبى، مطبعة المجمع العلمي العراقي، بغداد ١٩٨٨.
- پيير دى ڤوصيل، الحياة في العراق بين اعوام ١٨١٤- ١٩١٤، ت: د. اكرم فاضل، دار الوراق للنشر- لندن ٢٠٠٦.
- جان باتيست تافرنييه، العراق في القرن السابع عشر كما رآه الرحالة الفرنسي تافرنييه، ت: بشير فرنسيس وكوركيس عواد، مطبعة المعارف، بغداد ١٩٤٤.
- جيمس بيلي فريزر، رحلة فريزر الى بغداد في ١٨٣٤، ت:جعفر الخياط، ط١، مطبعة المعارف، بغداد١٩٦٤.
- دومنيكو لانزا، الموصل في القرن الثامن عشر حسب مذكرات دومنيكو لانزا، ت: القس روفائيل بيداود، ط٢، الموصل ١٩٥٣.
- رحلة المستر جيمس برانت الى المنطقة الكردية عام ١٨٣٨ ، ت: حسين احمد الجاف ،مطبعة الجاحظ، بغداد ١٩٨٩.

- كارستن نيبور، رحلة نيبور إلى العراق في القرن الثامن عشر، ت: د.محمود امين حسين، مراجعة وتعليق: سالم الآلوسي، بغداد١٩٦٥.
- كلوديوس جيمس ريچ، رحلة ريچ في العراق عام ١٨٢٠، ت: بهاء الدين نوري، ج١، بغداد ١٩٥١.

## پێنجەم/ کتێبەکان:

- أ/ بەزمانی کوردی:

- ا. م. مینتیشاشڤیلی، کورد/ کورتەی پێوەندی کۆمەڵایەتی – ئابووریی ڕۆشنبیری و گوزەران، و: د. پ. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، چ٢، دەزگای موکریانی، چاپخانەی خانی، دهۆك ٢٠٠٨.
- بەختیار سەعید مەحمود شوانی، کەرکوك لە سەدەی نۆزدەهەمدا/ لێکۆڵینەوەیەك لە بارودۆخی ڕامیاری و ئابووری، سلێمانی ٢٠٠٩.
- د. عەبدوڵلا غەفوور، جوگرافیای کوردستان، چ٢، دەزگای موکریانی، هەولێر ٢٠٠٠.
- د. عەزیز شەمزینی، جووڵانەوەی ڕزگاری نیشتمانی کوردستان، و: فەرید ئەسەسەرد، چ٢، چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزو، (ب.ش) ١٩٨٥.
- فەیسەڵ دەباغ (وەرگێڕ)، کوردستان لە چاپکراوە عوسمانلییەکاندا، بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس، چ١، هەولێر ٢٠٠٤.
- مارتین ڤان برونسن، ئاغا و شێخ و دەوڵەت، و: کوردۆ (سەروەت محەمەد ئەمین)، بنکەی چاپەمەنی ڕۆژ، سوید ١٩٩٦.

- ب/ بەزمانی عەرەبی:

- شاميلوف، حول مسألة الاقطاع بين الكورد، ت: د. كمال مظهر، ط٢، بغداد ١٩٨٤.
- ابراهيم فصيح بن صبغة الله الحيدري، عنوان المجد في بيان احوال بغداد والبصرة ونجد، بغداد ١٩٦٢.
- باسيلي نيكيتين، الكرد/ دراسة سوسيولوجية وتاريخية، ت: د.نوري طالباني، ط١، دار سبيريز، مطبعة خاني، دهوك ٢٠٠٨.
- د.بدرخان السندي، المجتمع الكردي في المنظور الاستشراقي، ط١، دار ئاراس للطباعة والنشر، اربيل ٢٠٠٢.

- –حسن دومان، الببليوگرافيا والفهرس الموحد للسالنامات والنوسالات العثمانية، انقرة ١٩٩٩.
- رسول حاوي الكركوكلي، دوحة الوزراء في تأريخ وقائع بغداد الزوراء، ت: موسى كاظم نورس، مطبعة كرم، بيروت (د.ت).
- د.سعدي عثمان حسين، كوردستان الجنوبية في القرنين السابع عشر والثامن عشر/ دراسة في علاقاتها السياسية والادارية والاقتصادية مع ايالتي بغداد والموصل، اربيل ٢٠٠٦.
- ــــــــــــــــ، كوردستان والامبراطورية العثمانية/ دراسة في تطور سياسة الهيمنة العثمانية في كوردستان، مؤسسة موكرياني للنشر– اربيل، مطبعة خاني، دهوك ٢٠٠٨.
- سليمان فائق بك، تاريخ بغداد، ت: موسى كاظم نورس، مطبعة المعارف، بغداد ١٩٦٢.
- سي. جى، ادموندز، كرد وترك وعرب، ت: جرجيس فتح الله، بغداد ١٩٧١.
- د. سيار كوكب علي الجميل، حصار الموصل/ الصراع الاقليمي واندحار نادر شاه، مطبعة الجمهور، ط١، موصل ١٩٩٠.
- د. شاكر خصباك، الاكراد/ دراسة جغرافية اثنوغرافية، مطبعة شفيق، بغداد ١٩٧٢.
- شرفخان البدليسي، شرفنامه، ت: محمد جميل الملا أحمد الروزبياني، ط٢، مؤسسة موكرياني، اربيل٢٠٠١.
- صديق الدملوجي، امارة بهدينان الكردية أو امارة العمادية، ط٢، مراجعة وتقديم: عبدالفتاح علي يحيى، اربيل ١٩٩٩.
- طه باقر، مقدمة في تأريخ الحضارات القديمة، ج١/ الوجيز في تأريخ حضارة وادي الرافدين، ط٢، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد ١٩٨٦.
- عباس العزاوي، تأريخ العراق بين احتلالين، شركة التجارة والطباعة المحدودة، مج٥، بغداد ١٩٥٢.
- د.عبدالفتاح علي البوتاني، دراسات ومباحث في تاريخ الكورد والعراق المعاصر، دار سپيريز للنشر، مطبعة حاجي هاشم، اربيل ٢٠٠٧.
- عثمان بن سند الوائلي البصري، مطالع السعود بطيب اخبار الوالي داود/ تأريخ العراق من سنة ١١٨٨ الى سنة ١٢٤٢هـ (١٧٧٤–١٨٢٦م)، تحقيق: د. عماد عبدالسلام رؤوف وسهيلة عبدالمجيد القيسى، دار الحكمة للطباعة والنشر، الموصل ١٩٩١.

- د.علي سلطان، تأريخ الدولة العثمانية، منشورات مكتبة طرابلس العلمية العالمية، بيروت، د.ت.
- عماد احمد الجواهري، تأريخ مشكلة الاراضي في العراق، بغداد ١٩٧٨.
- كاميران عبدالصمد احمد الدوسكي، بهدينان في اواخر العهد العثماني (١٨٧٦-١٩١٤)/ دراسة تاريخية، اربيل ٢٠٠٧.
- الكرد في دائرة المعارف الاسلامية، ت: حميد ريبوار، منشورات رابطة كاوا، مطبعة اوفسيت هەولێر، أربيل ١٩٩٩.
- لوتكسي ، تاريخ الاقطار العربية الحديث، ت: عفيفة البستاني، ط٧، بيروت، ١٩٨٠.
- محمد امين بن خيرالله الخطيب العمري، منهل الاولياء ومشرب الاصفياء من سادات الموصل الحدباء، ج١، تحقيق: سعيد الديوەجي، مطبعة الجمهورية، الموصل ١٩٦٧.
- محمد امين زكي: مشاهير الكرد وكردستان، ج١، الآثار الكاملة للمؤلف، اعداد: رفيق صالح، السليمانية ٢٠٠٥.
- محمد فريد بك المحامي، تاريخ الدولة العلية العثمانية، تحقيق: د.احسان حقي، دار النفائس، ط١٠، بيروت ٢٠٠٦.
- هادي رشيد الجاوشلي، الحياة الاجتماعية في كوردستان، مطبعة الجاحظ، بغداد ١٩٧٠.
- ياسين بن خيرالله الخطيب العمري، زبدة الاثار الجلية في الحوادث الارضية، انتخب زبدته: د. داود الجلبي، تحقيق: عماد عبدالسلام رؤوف، مطبعة الاداب، النجف ١٩٧٤.
- ـــــــــــــــــ، غاية المرام في تأريخ محاسن بغداد دار السلام، دار منشورات البصري، مطبعة دار البصري، بغداد ١٩٦٨.
- ـــــــــــــــــ، غرائب الاثر في حوادث ربع القرن الثالث عشر، مطبعة أم الربيعين، الموصل ١٩٤٠.
- يعقوب سركيس، مباحث عراقية (في الجغرافية والتأريخ والآثار وخطط بغداد... الخ)، ق ٢، شركة التجارة والطباعة المحدودة، بغداد ١٩٤٨.

### ج/ بە زمانی تورکی:

- Ismail Hakki Uzuncarsili, Osmanli Tarihi, cilt 2, Ankara-1995.
- Ismail Hakki Uzuncarsili, Osmanli Devletinin Merkez ve Behriye Teskilati, Ankara 1984.

- احمد جودت، تأريخ جودت، از ترتيب جديد، ج١، مطبعة عثمانية، استانبول ١٣٠١.
- شمس الدين سامي ، قاموس الاعلام، مهران مطبعه سي، مج٣، استانبول ١٣٠٦ رومي/ ١٨٨٩م.
- عبدالرحمن شرف، فذلكة تاريخ دولت عثمانية، ط١٢، استانبول ١٣٢٦رومي-١٣٢٨هـ.
- هاممەر، دولت عثمانية تاريخي، مترجمي: محمد عطا، ج٤، استانبول ١٣٣٠ رومي.

### د/ بە زمانی ئینگلیزی:

- Ralph Davis, English Imports From the Middle East, 1580-1780, in: M.A. Cook(ed.), Studies in the Economic History of the Middle East. Oxford univ. press, London 1970.

### شەشەم: نامەی زانکۆیی بڵاونەکراوە:

- خليل علي مراد، تأريخ العراق الاداري والاقتصادي في العهد العثماني الثاني ١٦٣٨-١٧٥٠/ ١٠٤٨-١١٦٤هـ، رسالة ماجستير، كلية الاداب جامعة بغداد/ ١٩٧٥.
- عبدربه سكران ابراهيم الوائلي، اكراد العراق ١٨٥١-١٩١٤، اطروحة دكتوراه، كلية الاداب، جامعة القاهرة ١٩٨٧.
- علي شاكر علي، ولاية الموصل في القرن السادس عشر/ دراسة في أوضاعها السياسية والادارية والاقتصادية، اطروحة دكتوراه، كلية الاداب جامعة الموصل/ ١٩٩٢.

### حەفتەم: وتار و توێژینەوە:

#### أ/ بە زمانی کوردی:

- د. سەعدی عوسمان هەروتی، تەنگژە ئابووری و تەندروستییەکانی کوردستان لە سەردەمی عوسمانیدا، (زانکۆ) گۆڤاری زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، ژ (٤٢) ٢٠٠٩.

#### ب/ بە زمانی عەرەبی:

- د. ابراهيم خليل أحمد، الحياة الاجتماعية في ولاية الموصل، مجلة (المؤرخ العربي)، ع (٣٩) س(١٥) ١٩٨٩.

- جعفر الخياط، مشاهدات الدكتور ايفز بين بغداد وكركوك والموصل، الاقلام (مجلة) ج(١٢) س(٢) آب ١٩٦٦، بغداد.
- عبدالفتاح علي يحيى (ترجمة وتقديم)، الكورد وكوردستان في رسائل الفيلد مارشال هيلموت فون كارل مولتكة، (الاديب الكردي/ نووسەری كورد) مجلة، ع(٤) بغداد ، تموز ١٩٩٢.
- د.عماد الجواهري، ملاحظات عن الاقطاع وحيازة الاراضي في كردستان في العصور الاسلامية المتأخرة، ق٢، مجلة (كاروان)، ع(٣٤)، تموز ١٩٨٥.
- لويس ساكو، الموصل حسب رحلة بادجر، مجلة (بين النهرين)، ع(٩-١٠)، س(٣)، الموصل ١٩٧٥.
- ميريلا غاليتي، التراث الكردي في مؤلفات الايطاليين، ت: د. يوسف حبي، (گۆڤاری كۆڕی زانیاری عێراق - دەستەی كورد) مج(٨) ١٩٨١.

نرسيس صائغيان، صفحة منسية من تأريخ نادر شاه، لغة العرب (مجلة)، ج(٥)، س(٧)، بغداد ١٩٢٩.

## ملخص البحث باللغة العربية:
## الزراعة والمحاصيل الزراعية في كردستان خلال العهد العثماني

كانت الزراعة تشكل عماد الحياة الاقتصادية في كردستان خلال العهد العثماني، وذلك لغناها بالمصادر المائية وتمتعها بمناخ مناسب وتربة خصبة. ونتيجةً لذلك كانت الارض تعدّ وسيلة الانتاج الرئيسة. وخاصةً وأن المجتمع الكردي كان لايزال في مرحلة الانتاج الاقطاعي. حيث كان الاقطاعيون يستحوذون على مساحات واسعة من اراضي كردستان، ولكن البلاد كانت تحتوِ اصنافاً اخرى من الاراضي، وهي: ملك صرف، خواص الهمايون، اراضي اميرية، اراضي الوقف، اراضي موات، اراضي متروكة او مشاع. وقد اصدرت الدولة العثمانية (قانون الاراضي) في عام ١٨٥٨ لمعالجة مشاكل ملكية الاراضي، ولكن تطبيق هذا القانون أدى الى حرمان اعداد اخرى من الفلاحين من الاراضي، فتعرضوا لأضطهاد الاقطاعيين المتزايد.

ومن جهة اخرى فقد لاحظنا بأن الفلاحين، رغم تخلف ادواتهم الزراعية، كانوا مهرة في مجال الزراعة، ولكن عوامل اخرى كانت تؤثر سلباً في هذا المجال. وكان البعض من هذه العوامل طبيعية: مثل القحط وتساقط الثلوج والبرد والتجمد. وكذلك الحشرات الضارة، وخاصة الجراد. اما تفشي الاوبئة والامراض الفتاكة، فكانت تؤدي الى تأخر العملية الزراعية من خلال قضائها على عدد كبير من الايدي العاملة. اما العوامل الاخرى فكانت بشرية: وتتمثل في نشوب الفوضى ووقوع الحرب واعمال النهب والتخريب. وذلك الى جانب السياسات الحكومية المتسمة بالتعسف والاهمال.

كانت كردستان تنتج مختلف انواع المحاصيل في ذلك العهد. ولكن سيادة نظام الاكتفاء الذاتي في تلك البلاد قد أدى بالفلاحين الى زراعة المحاصيل المعاشية بصورة رئيسة. وخاصةً الحبوب والبقوليات، كالقمح والشعير والذرة والدخن والعدس والحمص والسمسم والباقلاء. كما كانت المناطق الكردية غنية بمنتوجات الغابات وبساتين الفاكهة والخضروات. وكانت تلك المحاصيل من الوفرة والجودة بحيث اثار اعجاب معظم الرحالة الاجانب. كما كانت هناك نسب كبيرة من المحاصيل النقدية ايضاً، وخاصةً التبغ والقطن والكتان والعفص والصمغ والخشبّ. ويتم تصدير معظم تلك المحاصيل الى الاقاليم والبلدان الاخرى.

## Abstract
## Agriculture and agricultural crops in Kurdistan During the Ottoman era

Agriculture was a mainstay of economic life in Kurdistan during the Ottoman era, and that of the rich water resources and their suitable climate and fertile soil. As a result, the land was considered the main means of production. Notably, the Kurdish community was still in the feudal stage. The feudatories possessed vast areas of land in Kurdistan, but the country contained other kinds of land, namely: freehold property, government lands, Alhumayon properties, endowment lands, dead terrain, and communal lands. The Ottoman Empire issued The Agrarian Law in 1858 to treat the problems of land ownership, but the application of this law led to depriving the peasants of other lands.

On the other hand, we concluded that the peasants, despite the failure of their agricultural instruments, they were skilled in agriculture, but other factors had a negative impact in this regard. Some of these were natural factors, such as drought and snow, cold and freezing in addition to harmful insects, especially locusts. Also the spread of deadly epidemics and diseases led to a delay in the agricultural process by corroding a large number of manpower. The other factors were human: the outbreak in the occurrence of chaos and war and the looting and sabotage. As well as government policies characterized by arbitrariness and neglect.

The Kurdistan produced various kinds of crops in that time. But the system of self-sufficiency in the country had led farmers to plant crops, particularly cereals, legumes, such as wheat, barley, maize, millet, lentils, chickpeas, sesame and beans. As the Kurdish areas was rich with products of forests and groves of fruit and vegetables. It was the abundance of crops and quality so that the effects of most admired foreign travelers. There were also large proportions of cash crops as well, especially tobacco, cotton, linen and tannins, gum and wood. Is exported and most of those crops to the provinces and other countries.

# ڕێبازی مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی لە نووسینی مێژووی کورد دا


**پ.ی.د.حەکیم ئەحمەد مام بەکر**
**زانکۆی سەلاحەدین / هەولێر**

**م.ی.ڕەسول محەمەد ڕەسول**
**زانکۆی سۆران**


## پێشەکی.......

مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی (١٩١٣-٢٠٠١ز.) یەکێکە لەو نووسەر و توێژەرانەی هەر لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمەوە بە قەڵەمە بە بڕشتەکەی خزمەتێکی دیاری بەمێژووی کورد و کوردستان کردووە، بە نووسینەکانی مێژوونووسیی کوردی دەوڵەمەند کرد، وە لەدیارترین بەرهەمەکانی لە بواری مێژووی کوردی سەردەمی ئیسلام : مێژووی حەسنەوی و عەییاری، چوار دەوڵەتی کورد، ولاتەکەت باشتر بناسە و (مدن كردية قديمة). جێگەی ئاماژەیە ڕۆژبەیانی لە سۆنگەی هەستکردن بە بەرپرسیارییەتی مێژوویی و نەتەوەییەوە.چالاکانە کاری کردووە چەندەها بیرو بۆچوونی تازەی لەم بارەیەوە خستۆتە ڕوو کە شایانی هەڵوەستە لەسەر کردنن.

ئەم توێژینەوەیە تەرخان کراوە بۆ خستنەڕوو و شیکردنەوەی میتۆدی ڕۆژبەیانی لە بواری مێژوونووسیی کوردی لە سەردەمی ئیسلامدا، لە سێ تەوەرە پێک هاتووە: لە تەوەری یەکەمدا پەیڕەو و شێوازی نووسینی مێژوو لە بەرهەمەکانیدا باسی لێوە کراوە، کە چەند لایەنێك دەگرێتەوە وەکو: چۆنیەتی چەسپاندنی ناونیشانی بابەتە مێژووییەکان، و وردبینی لە گواستنەوەی ڕیوایەتەکان، و نموونە هێنانەوە بەدەقی ئاینی و ئەدەبی و.....هتد

لە تەوەرەی دووەمیشدا، هەوڵی هەڵسەنگاندنی کار و بەرهەمەکانی ڕۆژبەیانی تایبەت بە شار و هۆز و میرنشینە کوردییەکان دراوە.

هەرچی تەوەرەی سێیەم و کۆتاییشە، تایبەت کراوە بەتیشك خستنە سەر گرینگترین ئەم سەرچاوە و ژێدەرانەی کە ڕۆژبەیانی لە نووسینە مێژووییەکانی سوودی لێ بینیون، هەر لە سەرچاوە مێژووییە ڕەسەنەکان و سەرچاوە جوگرافییە ڕەسەنەکان و گەشتنامەکانەوە تا دەگاتە سەرچاوە تازەکان کە بە زمانەکانی عەرەبی و فارسی و تورکی و کوردی و ئەورووپییەکان نووسراون. لە کۆتاییشدا بەکورتی گرینگترین ئەنجامەکان لە چەند خاڵێکی کورتدا چەسپێنراون.

## تەوەرەی یەکەم
## شێوازی مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی لە نووسینی مێژوودا:

دەتوانین شێوازی نووسینی مێژوو لای ڕۆژبەیانی بۆ چەند خاڵێك پۆلێن بکەین، کە ئەمانەن:

**یەکەم: چەسپاندنی ناوونیشانی بابەتەکان:**

ڕۆژبەیانی بەرهەمەکانی لەژێر چەند ناوونیشانێك نووسیوەتەوە و هەریەکێکیشیانی پۆلێنی چەند لق و پۆپێك کردووە، وەکو ئەو ناوونیشانەی، کە لە کتێبی (مدن كردية قديمة)دا مێژوو و جوگرافیا و ناودارانی ئاینی و ئەدیبانی بەناونیشانەکەدا لکاندووە، ئەوەتا لە مێژووی داقووقدا بە پێشەکییەك دەستی پێکردووە، دواتر بنج و بناوانی ناوی شارەکە و پێگەی جوگرافی دیاری کردووە و ڕووداوە مێژووییەکانی لە سەردەمە جیاجیاکانی (کۆن، ناوەڕاست (ئیسلامی)، نوێ) تا ئەو کاتەی لە نووسینی مێژووی شارەکە بووەتەوە، کە ساڵی (١٩٥٤ز.) بووە، تۆمار کردووە[1] و بە هەمان شێواز و ڕێباز مێژووی شارە کوردییەکانی تری نووسیوە.

دەربارەی میرنشینە کوردییەکان، ئەوا شوێنی دەسەڵات و پێگەی فەرمانڕەوایەتیانی دیاری کردووە، بەڵام سنووری جوگرافیای میرنشینە کوردییەکان لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر جیاوازی تێ کەوتووە و بە پێی بارودۆخی ناوچەکە و دەسەڵاتی میرەکە سنوورەکەیان فراوان و بەرتەسك بووەتەوە، بە نموونە میر (بەدر بن حەسەنوەیهی ٣٦٩-٤٠٥هـ/٩٧٩-١٠١٤م) لە

ساڵی (٣٧٧ك/٩٨٧ز) بەدواوە دەسەڵات و هێز و توانای بەسەر هەرێمی چیا و دەوروبەریدا شكاوەتەوە[٢]، كەچی لە سەردەمی میر (تاهر بن هلال بن بەدر ٤٠٥-٤٠٦هـ/١٠١٤-١٠١٥ز) سنووری دەسەڵاتی میرنشینی بەرتەسك بۆتەوە، تەنها دەسەڵاتی بەسەر هەردوو ناوچەی شارەزوور و دینەوەر هەبووە[٣].

**دووەم: ڕاستكردنەوەی ریوایەتە مێژووییەكان:**

**أ- ڕوونكردنەوەی ڕۆژبەیانی دەربارەی سەرهەڵدانی ناوی كوردستان[٤]:**

ڕۆژبەیانی دەربارەی بەكارهاتنی زاراوەی كوردستان لە سەرچاوە مێژووییەكاندا بەدواداچوونی كردووە و هەڵەكانی ڕاست كردۆتەوە، سەرنج و تێبینیی خۆی لەسەر چەند مێژوونووسێك دەربڕیوە، كە تووشی هەڵە هاتوون[٥] و بەم جۆرەی خوارەوەی لێكداوەتەوە:

١- بەر لە سەدەی شەشەمی كۆچی/ دوانزەی زاینییەوە، باس لە كوردستان كراوە، بەڵام بەناوی تر وەكو وڵاتی كوردان (دار الأكراد)[٦] وە هەروەها هاوینەهەواری كوردان (مصايف الأكراد ومشاتيهم)[٧] دواتر بە گواستنەوەی لە كتێبی (ديوان لغات الترك)، كە نووسەرەكەی (مەحموود بن حسێن بن محەمەد كاشغری)یە، لە سەدەی پێنجەمی كۆچی/ یانزەهەمی زاینی بە وڵاتی كوردان (بلاد الأكراد) نەخشەیەكی تایبەتی بۆ ئەم مەبەستە كێشاوە[٨].

٢- ڕۆژبەیانی هەڵەی ئەو مێژوونووسانەی ڕاست كردۆتەوە، كە (سلێمان شاه)یان لە ساڵانی (٥٥٥-٥٥٦ك/١١٦٠-١١٦١ز) كردووە بە مەلیكی كوردستان و قەڵای بەهاری كردبێتە پایتەختی خۆی چونكە:

یەكەم: هەرگیز (سلێمان شاه) برازای سوڵتان سەنجەری سەلجووقی، نازناوی (ئەبوە) یان (ئەبو) یا (ئیوە) یا (ئیوانی) نەبووە[٩]، بەڵكو نازناوی(موعزئەلدین ئەبولحارس) بووەو لە ساڵی ٥٥٥ك/١١٦٠ز پاش مردنی (سوڵتان محەمەد) دەبێتە سوڵتان و بۆ ماوەی هەشت مانگ حوكم دەكات و لە ساڵی (٥٥٦ك/١١٦١ز) لە

هەمەدان دەخرێتە زیندان، چونکە مەی خۆر و بەدڕەوشت بووە هەر لە زینـدانیش سەر دەنێتەوە[10].

دووەم: (سـلێمان شـاە کـوڕی پەرچـەمی ئیـوائی یـان ئیـواهی) تورکمانـە و خوشکێکی خۆی داوە بـە(بـەدرەدین لۆلـۆی) فـەرمانڕەوای مووسـڵ و لـە هێرشـی هۆلاکۆ بۆ سەر بەغدا لـە سـاڵی (٦٥٦ک/١٢٥٨ز) کـوژراوە و سـەرەکەی بـەدیاری نـاردووە بـۆ (بـەدرەدین لۆلـۆ)، تـا لـە نـاو شـاری مووسـڵ هەڵیبواسـێت[11] بـەڵام (سلێمان شاە ی کوردی) جیاوازە و ئەویش بەهۆی هێرشی هۆلاکۆ بۆ سـەر بەغـدا لــە ســاڵی (٦٥٦ک/١٢٥٨ز) کــوژراوە و مــاڵ و منــداڵی ســپێردرایە (بــەدرەدین مەسعوود[12])[13].

**ب– وەرگێڕان و سەرنجدانی کتێبی (وڵاتگیری ڕەشە خاکی عێراق):**

ڕۆژبەیانی ئـەم کتێبـەی لـە زمـانی فارسـییەوە[14] وەرگێڕاوەتـە سـەر زمـانی کوردی، گوایە ئەم کتێبە (واقدی)[15] لـە ژێـر ناونیـشانی (فتوحـات سـواد العـراق) نووسیویەتی و لە کاتی وەرگێڕانەکەیدا ڕۆژبەیانی زۆر بە وردی لێی کۆڵیوەتـەوە و کۆمەڵێك ڕوونکردنەوەی زانستی لە پەراوێزەکاندا دەرخستووە.

هــەروەها ئــەو کتێبــە لــە لایــەن (مــەلا ڕەئــووف ســەلیم حــەوێزی)یــەوە بــە هەڵبەست کراوە بە کوردی[16].

ناوەڕۆکی کتێبەکە یەکانگیر نییە لەگـەڵ سەرچـاوە ڕەسـەنەکانی فتووحـاتی ئیسلامی لە ناوچە کوردنشینەکاندا[17]، ئەم کتێبـە بـە شـێوەیەکی دەسـتنووس و هەڵبەستراو ساڵەهای سـاڵ لـە حـوجرە و دیوەخانەکانـدا خوێندراوەتـەوە، بـەڵام کـەس نازانـێ کـێ نووسـیویەتی؟ کـەی نووسـراوە؟ چـۆن کەوتۆتـە کتێبخانـەی بنەماڵەی مـەلا صـەمەدی مەرگـەیی؟ ناکرێـت وشـەی (سـواد العـراق) بـۆ زۆربـەی ناوچەکانی کوردنشین لەو سەردەمەدا بەکاربێت و ئەگەرچی لە شـێوەی داڕشـتندا لە(فتوح الشام)ەکەی (واقدی) دەچێت، بەڵام باوەڕ ناکرێ (واقدی)، کـە خـۆی لـە بنەڕەتدا خەڵکی شاری مەدینە[18]یە نەزانێت، کـە زۆربـەی سـەحابەکان لـە شـاری مەدینەدا مردوون و ناوچە کوردنشینەکانیان نەدیتووە[19]، نموونەی ئەو سـەحابانە

(خالید بن وەلید)ە[٢٠]، کە گوایە لە ساڵی (٢٥ك/٦٤٥ز) بە فەرمانی خەلیفە (عومەری کوڕی خەتاب ١٣-٢٣هـ/٦٣٤-٦٤٣ز) خۆی و سوپاکەی کە چوار هەزار سوار بووە، لە شامەوە بەرەو شاری مووسڵ و لەوێشەوە بەرەو هەولێر بەڕێ کەوتوونە، کە شاری هەولێر ئەو ڕۆژگارە لە ژێر فەرماندەیی قەشەیەکی سەر بە ڕۆمی قوستەنتینییە بووە، کە ناوی (جاتلیس) بووە، جاڕی شەڕی داوە و بەرەنگاری چەند ڕۆژێك درێژەی کێشاوە، کە لە ئەنجامدا هەولێر دەگیرێت و (جاتلیس)یش بە دەستی (زەررار بن ئەزوەر) دەکوژرێت[٢١].

لێرەدا ناتوانرێت باوەڕ بەم زانیارییانە بکرێت لەبەر ئەم هۆیانە:

١- (خالید بن وەلید) لە ساڵی (١٤ك/٦٣٥ز) لە لایەن خەلیفەی دووەم لەکار لادراوە و پەیوەندی بە سوپای ئیسلامەوە نەماوە، یان لە ساڵی (١٧ك/٦٣٨ز) لادراوە و ڕێی پێ نەدراوە پێشڕەوی سوپا بکات[٢٢].

٢- بەر لە ساڵی ٢٥ك/٦٤٥ز، شاری مووسڵ لە ساڵی (١٦ك/٦٣٧ز) لە لایەن (عەبدوڵڵا کوڕی ئەلموعتەم) بە فەرمانی خەلیفە (عومەر کوڕی خەتاب)[٢٣]، یان لە ساڵی (٢٠ك/٦٤٠ز) لەلایەن (عوتبە بن فەرقەد) بە فەرمانی هەمان خەلیفە فەتح کراوە[٢٤]، بەڵام لەهیچ سەرچاوەیەك ناوی فەتحکردنی هەولێر نەهاتووە.

٣- ساڵی (٢١ك/٦٤١ز) (خالید بن وەلید) مردووە، ساڵی (٢٣ك/٦٤٣ز) خەلیفە (عومەر بن خەتاب)یش بە دەستی (ئەبو لۆلۆە) شەهید کراوە[٢٥]، کەچی بە پێی ئەو زانیارییانە لە ساڵی (٢٥ك/٦٤٥ز) هەردوو ناوبراو لە ژیاندا ماون!!

٤- ناوی قەشە (جاتلیس) لە هیچ سەرچاوەیەکی ڕەسەن دەست ناکەوێت.

ڕۆژبەیانی بە هیچ شێوەیەك متمانە بەو زانیارییانە ناکات، کە لە تەواوی کتێبەکەدا هاتووەو دەڵێت: (ئەم سیپارەیە هەر لە بنەڕەتدا بەدەست هەڵبەستی دەزانم، لام وایە مەلایەکی کورد، لە سەدەکانی ئەم دواییەدا بە یادی گۆڕستانی (صەحابە) و (کافران)ەوە ئەم یادگارەی بۆ ڕۆژی قیامەتی خۆی هەڵبەستووە)[٢٦].

سێیەم: وردبینی (الدقة):

هونەری مێژوو، یەکێکە لەو هونەرانەی کە لە نێوان نەتەوە و وەچە جیاوازەکاندا دەستاودەستی پێدەکرێت، بارگە و بارخانەکانی گەشتیار و گەڕیدەکان دەپێچێتەوە، تێگەیشتنی وشیار و گەمژەکان بەرز دەکاتەوە، کێبڕکێ دەخاتە نێو دەسەڵاتدارەکانەوە، زانا و نەفامەکان یەکسانن لە تێگەیشتنیدا، لە ڕووکەشییەکەیدا هیچ شتێك لە هەواڵی ڕۆژگار و وڵاتان زیاد ناکات، ئەوانەی لە سەدەکانی پێشوودا بوونە، هەواڵی سەردەمی خۆیان دەڕازێننەوە، نموونە بەکردەوەکانیان دەهێنرێتەوە، چۆنیەتی گۆڕانی بارودۆخەکانمان پیشان دەدات و هەواڵی بەرفراوانبوونی چوارچێوەی هەر دەوڵەتێك لەو ساتەی زەوی ئاوەدان دەکەنەوە تاوەکو پووکانەوەو لەناوچوونیان دەدات، بەڵام دیوی ناوەوەی بریتییە لە تەماشاکردن و شیکردنەوەی گەردوون و بوونەوەرەکانی بەشێوەیەکی زۆر ورد، زانیاری بە چۆنیەتی ڕوودانی ڕووداوەکان و هۆکارەکانی زۆر قووڵە، لەبەر ئەوە مێژوو زانستێکی بنچینەییە لە ڕووی دانایی و ڕەسەنایەتییەوە، وە شایەنی ئەوەیە بە زانستێکی دروست و زیندوو دابندرێت[٢٧].

ڕۆژبەیانی لە نووسینی مێژوودا وردبین و بەئاگا بووە، ئەوەتا کاتێك زانیارییێك پێشکەش دەکات بۆ تێروتەسەلی بابەتەکە خوێنەر دەگێڕێتەوە سەر بەرهەمێکی تری، بە نموونە لە ساڵی (٣٨٧ك/٩٩٧ز) کە (موقەللەد ئەلعوقەیلی) شاڵاوی کردۆتە سەر (داقووق)، بەڵام فەرمانڕەوای شارەکە (جبرائیل بن محەمەد) ڕێگای نەداوە داگیری بکات، ڕۆژبەیانی، کە ئەم هەواڵەی لە بەرهەمێکی تردا زیاتر باس کردووە، خوێنەر دەنێرێتە سەر ئەو بەرهەمە کە دەڵێت: ((بۆ تێروتەسەلی ئەم باسە سەرنجی لاپەڕە (٣٨٥-٣٨٧)، لە گۆڤاری کۆڕی زانیاری بەرگی (١٠) بدە، کە سیپارەی داقووقی تێدایە))[٢٨].

ڕۆژبەیانی لە خوێندنەوەی بەرهەمی نووسەرانیش سەرنج و دیقەتی وردی داون و پەردەی لەسەر لایەنە شاراوەکانی هەڵداوەتەوە و بە گومانەوە لە بنج و بناوانی سەرچاوەی زانیارییەکانی کۆڵیوەتەوە، ئەوەتا خۆی بەسەرهاتێك دەگێڕێتەوە لەو کاتەی لە ژیانی پەناهەندەیی لە ئێران بووە لە ساڵی (١٩٦٨ز.) کتێبێك بە ناوی (کوردو کوردستان و دودمان ئاریانی) واتە (کوردو کوردستان و

خێزانە ئێرانییەکان) بە قەبارەی چوار سەد لاپەڕە و هەشت بەش لە لایەن ئەفسەرێکی خانەنشینکراو کە ناوی (مزەفەر زەنگەنە) بووە، بە زمانی فارسی چاپ کراوەو بڵاو بۆتەوە[٢٩]. ڕۆژبەیانی دوای خوێندنەوەی کتێبەکە و بەراوردکردنی لەگەڵ کتێبی (کوردو کوردستان)ی (محەمەدئەمین زەکی بەگ) ڕێك بۆی دەرکەوتووە، کە ئەم بەرهەمە دانراو نییە بەڵکو ڕێك ئەو کتێبەیە کە لەگەڵی بەراورد کردووە بە شێوەیەکی سەقەت و پڕ لە هەڵە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فارسی و ئەو کەسەی کە کاری وەرگێڕانەکەی بە پارە بۆ سەرلەشکر (مزەفەر زەنگەنە) ئەنجامداوە، ناوی (صەفی بۆرەکەیی) بووە، کە خەڵکی کەرکووك بووە، ڕۆژبەیانی زۆر بوێرانە ڕەخنەی لە نووسەرەکە گرتووە و پێی ڕاگەیاندووە، کە ئەم کتێبە دانراو نییە، بەڵکو وەرگێڕانێکی نادروستی (کوردو کوردستان)ی (زەکی بەگ)ە، تۆ کتێبەکەت نەنووسیوە، بەڵکو کەسانێك بە پارە بۆیان ئامادە کردوویت[٣٠].

ڕۆژبەیانی لە کۆتایی کارەکەیدا دەڵێت: ((کورد ڕۆڵەی وشیاری خۆی هەیە بۆ مێژوو، پێویستی بەم... ساواك و سازمانی ئەمنیەتی ئەم وڵات و ئەو وڵات نییە، نابێت مێژووی بۆ بنووسنەوە))[٣١].

**چوارەم: دووبارەبوونەوە (التكرار):**

ڕۆژبەیانی زۆرجار زانیارییەکی باس کردووە لە چەند بەرهەمێکیدا ڕەنگی داوەتەوە و وەکو دیاردە خۆی دووبارە کردۆتەوە، ئەوەتا مردنی (حەسەنوەیهی بەرزیکانی)ی لە ساڵی (٣٦٩ك/٩٧٩ز) لە چەند بەرهەمێکیدا تۆمار کردووە[٣٢]، ڕەنگە بەکارهێنانی ئەو زانیارییە بۆ چەند هۆکارێك بگەڕێتەوە وەکو:

أ- (دینەوەر) شارێکی گرنگی هەرێمی چیا بووە و تەنانەت پایتەختی میرنشینی حەسەنوەیهی بووە و لە هەمان کاتدا یەکێکە لەو شارە کوردییانەی بە تێروتەسەلی لە کتێبی (مدن كردية قديمة) باسی کردووە.

ب- ناکرێت لە باسکردنی میرنشینی حەسەنوەیهیدا باسی ئەم میرە نەکرێت، کە دامەزرێنەری میرنشینەکەیە.

هەروەها هەندێك جار ڕۆژبەیانی یەك زانیاری لە دوو شوێنی یەك کتێبدا بڵاوکردۆتەوە، بۆ نموونە بە وەرگرتن لە کتێبی (الجامع المختصر)ی (ابن الساعي) دەقێکی دەرهێناوە، کە باس لە ڕووداوێك دەکات، لە ساڵی (٦٠١ك/١٢٠٤ن)دا خەلیفەی عەبباسی (ئەلناسر لدینئەڵلا ٥٧٥-٦٢٢هـ/١١٧٩-١٢٢٥م) فەرمانڕەوای (داقووق) (معین ئەلدین بن ئابە بن عەبدوڵلا ئەلترکی ئەلناسری)ی گرت و دوای لێپرسینەوە لە لایەن وەزیری خەلیفە(ئەبولحەسەن ناسر بن مەهدی)، دواتر دەدرێتە دەست (سەیفەدین توغرل)ی فەرمانڕەوای بندنیجین (مەندلی)، کە برای (معین ئەلدین) بوو و لە لای ئەو دەخرێتە زیندان[٣٣]، بۆیە ڕووداوەکەی دووبارە کردۆتەوە چونکە پەیوەندیدار بووە بە هەردوو شارەکە.

**پێنجەم: نموونەی بە دەقی ئاینی و ئەدەبی هێناوەتەوە:**

هەرچەندە مێژوو وەك لایەنێکی مەعریفی دەکەوێتە چوارچێوەی زانستییەوە، بەڵام لە کاتی نووسینی مێژوودا زۆر جار توێژەر یاخود نووسەر شێوازی ئەدەبی لە دەربڕینەکانیدا بەکار دەهێنێت و پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی چەند دەقی جیاجیا بۆ دەوڵەمەندکردنی بابەتەکەی، ئەمەش کارێکی ئاساییە ئەگەر لە سنوور دەرنەچێت.

دیارە ڕۆژبەیانیش لە نووسینە مێژووییەکانیدا زۆر جار چەندەها دەقی ئایینی (ئایەتی قورئان)و ئەدەبی (شیعر، چیرۆك، پەند)ی بە نموونە هێناوەتەوە، ئەوەتا زۆربەی بەرهەمەکانی بە ناوی خوای گەورە یان (بسم الله الرحمن الرحيم) دەستی پێکردووە[٣٤]، هەروەها هەندێك جار ئایەتی قورئانی بەکارهێناوە وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَدْعُو مِن دُونِ اللَّهِ مَا لَا يَضُرُّهُ وَمَا لَا يَنفَعُهُ ذَٰلِكَ هُوَ الضَّلَالُ الْبَعِيدُ﴾[٣٥] ڕۆژبەیانی ئەم ئایەتەی دەربارەی ئەو کەسانە هێناوەتەوە، کە لە (داقووق)دا سەردانی مەزارگەی (ئیمام زەینولعابدین) ناودارێك دەکەن، تاوەکو لەو شوێنە پیرۆزەدا داوا و نزا لە خوای گەورە بکەن و لە ڕێگای ئەو مەزارگەیەوە شیفایان بۆ بێت، ڕۆژبەیانی بە هێنانەوەی ئایەتی قورئان خەڵکەکەی بە سادە و هەژار وەسف کردوون[٣٦].

هەندێك جار دەربڕینەكانی لەسەر شێوازی ئایەتی قورئان بووە، چونكە ئەو كەسایەتییەكی ئاینی بووە توانیویەتی سوود لەم بوارە وەرگرێت، ئەوەتا لە پێشكەشكردنی بەرهەمێكی بە باوكی بەم ڕستەیە دەستپێدەكات: ((إلى من لايخاف في الحق لومة لائم))[٣٧] هەروەها ڕۆژبەیانی دەڵێت: ((وكفى الله المؤمنين شر الدجالين المشعوذين))[٣٨].

دەربارەی دەقە ئەدەبییەكان، بۆ نموونە زۆرجار ڕۆژبەیانی لە باسكردنی ڕووداوێكی مێژووییدا یاخود ساغكردنەوەی بەرهەمێكی مێژووییدا پەند و شیعری بە زمانەكانی كوردی و عەرەبی و فارسی بەكارهێناوە، بە نموونە لە ڕاستكردنەوەی ڕیوایەتی سەرهەڵدانی وشەی كوردستان، وەكو بەركوڵێك ڕەخنە لە وتارێكی وەرگێڕدراوی (شوكر مستەفا) دەگرێت، كە بەشی دووەمی كتێبی (مێژووی كورد لە سەدەی شازدەیەم)ە، كە بە زمانی توركی ئازەربایجانی نووسراوە، ئەو ڕەخنەی زۆری لەسەر ئەم كتێبە هەیە و بۆ دەرفەتێكی تر جێی دەهێڵێت و دەڵێت: ((كەنگر و ماستیش بە وەعدی خۆی))[٣٩] هەروەها لە دزینی كتێبی (كوردو كوردستان)ی (محەمەدئەمین زەكی بەگ)، كە سەرلەشكرێكی فارس ئەم كارەی بە هاوكاری (صەفی بۆرەكەیی) كوردناوێك وەرگێڕاوە بە ناوی خۆی بڵاوی كردۆتەوە و ڕۆژبەیانی ئەم پەندە فارسییەیان بۆ دەهێنێتەوە: ((كار هەر بز نیست خەرمەن كوفتەن)) واتە ((خەرمان كوتان كاری بزن نییە كاری گای پیرە))[٤٠].

ڕۆژبەیانی لە نووسینی مێژوودا بایەخێكی زۆری بە شیعر داوە و چەندان نموونەی بە شیعر هێناوەتەوە، ئەوەتا كاتێك خەلیفەی عەبباسی(موعتەسەم بیللا٦٤٠–٦٥٦ك/١٢٤٢–١٢٥٨ز) پایەی (سلێمان شاە)ی كوردی بەرز دەكاتەوە لە ڕیزی سوپا سالار (موجاهید ئەلدین) و (موئەییەدلدین ئەلعەلقەمی)ی وەزیر، چونكە ئەو كاتە مەترسی مەغۆل لە ئارادا بووە، ڕۆژبەیانی ئەم دێرە شیعرەی مەحوی بە نموونە هێناوەتەوە:

**فەلەك هەرگا كەسێكی هەڵبڕی وەعدەی هیلاكەتیە**
**كە مل بۆ گەینە پەت بێتن كورسی و ئەسكەمل چی بكا[٤١]؟**

هەروەها لە باسکردنی عێلی گاوان دا ڕۆژبەیانی چەند دێرە شیعرێکی شاعیرە عەرەبەکانی هێناوەتەوە، لەوانە هەڵنان و پێداهەڵگوتنی میر (ئیسماعیل بن عەنتەر بن ئەبی ئەلعەسکەر ئەلجاوانی)[٤٢] لە لایەن شاعیر (سەعدی بن محەمەد بن ئەلسەیف حەیسە بەیس) شیعری بۆ هۆنراوەتەوەو ڕۆژبەیانی لێی گواستۆتەوە کە دەڵێت:

**إذا قلقت بيض السيوف ظماءةً**
**سـقاها فـرواها مـن الهـام عنـترُ**
**ولـم ارد العبسيَّ لكن سـميُّهُ**
**ومـن هـو أولى بالثناء وأجـدرُ**
**فإن فخرت عبس بفارس رعبها**
**فإن بنى الجـاوان أعـلى أفخـر**
**فتىً هو للعافي من الجود مورد**
**وللخائف الجاني من الخوف مُصدرُ**

واتە: ((هەرکات شمشێر سپی پەرۆش بوو، لە تینووانا لە خوێنی کەللەسەر ئاوی ئەدا عەنتەر و تێر ئاوی ئەکا مەبەستم عەنتەری عەبسی نییە و، هاوناوی ئەوە کە شایستەترە بە ستایش و هەڵنان، ئەگەر عەبس شانازی کردووە بە شاسواری خۆیەوە کە ناوی عەنتەر بووە لە ڕاستییا جاوانەکان لەوە پتر هەقی شانازییان هەیە، ئەو کوڕێکە بۆ نەداران سەرچاوەیە و بۆ ترساوی تاوانکار، لە ترسی ڕزگارکەرە)).

یاخود لە پارچە هەڵبەستێکی تر دەڵێت:

**وإني وإن استيْتُ سـيد دارم**
**أناضلُ عن أحسابهم وأقاعُ**
**لمنثنٍ على (الجاوان) من أجلِ (عنتر)**
**ثـناءً إذا كتمتُهُ فهو ذائعُ**

واتە: ((من گەرچی سەرۆکی عێلـی (دارم)ی عـەرەبیم و بـەرگری لـە نـەژادیان دەکەم، بەڵام لەبەر خاتری عەنتەر بە جاوان هەڵئەنێم...))[٤٣].

هەروەها کاتێك وەسفی سەرلەشکر (مزەفەر زەنگەنە)ی بەناو خـاوەنی کـورد و کوردسـتانەکەی (محەمەدئـەمین زەکـی بـەگ) دەکـات ئـەم شـیعرە فارسـییە دەهێنێتەوە:

**رنج گل بلبل کشیدو بوی گل راباد بورد**
**بیهستون را عیشق کندو شهرتش فرهاد برد**

واتە: ((بولبول بەسەر گوڵەوە تا سبەینێ ئەجووکێنێ و زەمزەمە ئەکات، کـە ئەپشکوێ بۆنە خۆشەکەی بەر بـا ئەکـەوێ، بـەردە نووسـەکانی چـیای بێـستوون شەیدایی هەڵی کەند و شورەت و ناوبانگی کارەکەش بۆ فەرهاد مایەوە))[٤٤].

هەروەها لە باسکردنی ڕووخانی بەغدا لە ساڵی (٦٥٦ك/١٢٥٨ز) ئەو شیعرەی شاعیر سەعدی شیرازی بە نموونە هێناوەتەوە کە دەڵێت:

**حبست بجُفنَيَّ المدامع لاتجرى**
**فكما طغى الماءُ استطال على السكر**
**سقيم صبا بغداد بعد خرابها**
**تمنّيتُ لــو كـانت تمُرُّ على قَبْري**[٤٥]

**شەشەم: بەکارهێنانی ساڵنامەی کۆچی و یەکسانکردنی بە زایینی:**

یـەکێك لـە بنـەماکانی نووسـینەوەی مێـژوو کاتـە، کـە بـە پرسـێکی گـرنگ و زیندەگی مێـژوونووس هـەژمار دەکرێـت، ئـەویش ڕێککـردن و پێوانـەکردنی کاتـە، مێژوو لە شارستانیەتە جیاجیاکـانی جیهـان بـە چـەند پێوانەیـەکی جیـاواز تۆمـار کراوە، پێویستە لەسەر مێژوونووس ئەو ساڵانە لە ساڵنامەیەکەوە بـۆ یـەکێکی تـر بگۆڕێت[٤٦].

نووسینەوەی مێژووی ئیسلامی لە ساڵی (١ك/٦٢٢ز) دەست پێدەکات و هەڵبژاردنی ئەو ڕۆژگارەش لە لایەن خەلیفەی دووەمی موسڵمانان (عومەر کوڕی خەتاب) (١٣-٢٣ك/٦٣٤-٦٤٣ز) بۆ کۆچکردنی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) لە مەککەوە بۆ مەدینە دەگەڕێتەوە[٤٧].

ڕۆژبەیانی لە ڕۆژگارێك مێژووی کوردی ئیسلامی نووسیوەتەوە، کە ساڵنامەی زایینی بە شێوەیەکی فەرمی کاری پێ کراوە، واتە سەدەی سیانزەهەمی کۆچی/بیستەمی زایینی.

ڕۆژبەیانی دەربارەی وشەی (زایینی) پێی وایە، کە وشەکە پڕ بە پڕی وشەی (میلاد)ی نییە، کە دەکاتە لەدایکبوونی (مەسیح)، وشەی (زایینیش) نابێت بدرێتە پاڵ پیاو، بەڵکو بۆ ئافرەت بەکاردێت، لەبەر ئەوە (هاتنە دنیای مەسیح)ی بەکارهێناوە و بە دروشمەکانی (ها.د.م)[٤٨]، بەڵام هێماکان درێژبڕن.

ڕۆژبەیانی لە نووسینەوەی مێژوودا، ساڵنامەی جیاجیای بەکارهێناوە، ئەوەتا لە پەراوێزەکانی شەرەفنامەدا هەندێك جار ساڵنامەی کۆچی بەکارهێناوە، بەبێ ئەوەی یەکسانی بکات لەگەڵ ساڵنامەی زاینیدا، وەکو لە پێناسەکردنی (ئیمام شافیعی)دا ساڵی لەدایکبوون و مردنی بە کۆچی تۆمار کردووە، کە دەکاتە (١٥٠-٢٠٤ك)[٤٩]، هەندێك جاریش تەنها ساڵی زایینی لە تۆمارکردنی ڕووداوە مێژووییەکاندا بەکارهێناوە، بە تایبەت لە سەدەی بیستەم، ئەوەتا لە مێژووی ئاکرێ ساڵەکانی (١٩٢٥، ١٩٤٧، ١٩٥٥)ی بەکارهێناوە[٥٠]، بەبێ ئەوەی بەرامبەریان بکات لەگەڵ ساڵنامەی کۆچی، بەڵام ئەو کاتانەی کە لە ئێران بووە (١٩٦٤-١٩٧٩ز) هەندێك زانیاری بەپێی ساڵنامەی فارسی (هەتاوی کۆچی)[٥١] تۆمار کردووە، بە نموونە ئەو زانیارییانەی کە لە مێژووی ڕەزائیە (ئورمیە)ی پێشکەش کردووە، بەشێکیان بە ساڵنامەی فارسییە، وەکو (١٣١٦، ١٣٤٥)، کە وردەکارییەکانی سەرژمێری شارەکەی لەم دوو ساڵەدا داوە[٥٢].

ڕۆژبەیانی لە بەرانبەرکردنی ساڵنامەکانی کۆچی و زاینیدا هەندێك جار بە هەڵەدا چووە وەکو(٢١ك/٦٦٣ز، ٢٢ك/٦٦٣ز، ٢٥ك/٦٩٦ز، ٣٣ك/٦٧٥ز، ١٢٩ك/٧٣٤ز، ١٣٢ك/٧٣٧ز، ١٣٦ك/٧٤١ز، ٢٠٩ك/٨٢٦ز، ٥٠٠ك/١١٥١ز)[٥٣] بەڵام ڕاستیی ساڵە بەرانبەرەکان بەم شێوەیە: (٢١ك/٦٤١ز، ٢٢ك/٦٤٢ز، ٢٥ك/٦٤٥ز،

٣٣ك/٦٥٣ز، ١٢٩ك/٧٤٦ز، ١٣٢ك/٧٤٩ز، ١٣٦ك/٧٥٣ز، ٢٠٩ك/٨٢٤ز، ٥٠٠ك/١١٠٦ز)[٥٤].

لە گواستنەوەی ساڵی ڕووداوەكان لە سەرچاوە بنەڕەتییەكاندا، هەندێك جار تووشی هەڵە بووە، بە نموونە (٤٤٣ك/١٠٥١ز، ٣٥٧ك/٩٦٧ز)[٥٥] بەڵام ڕاستی ڕووداوەكان كەوتوونەتە ئەم ساڵانە (٤٤٢ك/١٠٥٠ز[٥٦]، ٣٩٧ك/١٠٠٦ز)[٥٧].

**حەوتەم: پاشگەزبوونەوە لە تۆماركردنی ڕیوایەتە مێژووییەكان:**

ڕۆژبەیانی هەندێك جار پەشیمان بووەتەوە لەو نووسینانەی كە بە هەڵە تۆماری كردوون ئەمەش بۆ چەند هۆكارێك دەگەڕێتەوە:

١- وەرگرتنی زانیاری لە سەرچاوە لاوەكییەكان (المراجع) و لەسەر هەڵەی ئەوان ڕۆیشتووە، ئەوەتا هەمان هەڵەی (محەمەد ئەمین زەكی)ی دووبارە كردۆتەوە، بەوەی میر (حوسێن بەرزیكانی)ی كردووە بە برای (ونداد) و (غانم)[٥٨]، كە سەرپەرشتی تیرەی عەیشانیان دەكرد و لە ڕاستیدا براكانی هاوسەری میر (حوسێنی بەرزیكانی) بوون[٥٩].

دەربارەی ڕەگ و ڕیشەی سەرهەڵدانی میرنشینی حەسەنوەیهی پشتی بە زانیارییەكانی (حوسێن حوزنی موكریانی) بەستووە و دەڵێت: ((میر حوسێنی بەرزیكانی سەرۆكی عێلەكانی شارەزوور، كە پیاوێكی جوامێر و دلێر بووە و ناوبانگی ئازایی خۆی گەیاندووە بە خەلیفەی عەباسی (ئەلموتەقی بیللا ٣٢٩-٣٣٣هـ/٩٤٠-٩٤٤م)، توانیویەتی لە ساڵی (٣٣٠ك/٩٤١ز) كۆمەڵێك شار و قەڵا داگیر بكات و لە (دینەوەر) و (شارەزوور)ا بناغەی دەوڵەتێ دابمەزرێنی...))[٦٠]. بەڵام ئەو زانیارییانەی حوزنی لەگەڵ سەرچاوە بنەڕەتییەكان یەك ناگرێتەوە.

٢- ڕۆژبەیانی بە تێپەڕبوونی كات و بەتەمەنداچوون و دیتنی سەرچاوە بنەڕەتییەكان، لەو زانیارییانەی كە لە خاڵی یەكەمدا لە حوزنی وەرگرتوون پەشیمان بۆتەوە و پاساویش بۆ حوزنی دێنێتەوە كە دەڵێت: ((من خۆم لە هیچ سەرچاوەییێكا بەو چوار زبانەی كە شارەزام، لە كتێبەكانی جێگەی گومانا نەم-دۆزیوەتەوە، ئەشێ حوسەین حوزنی هەندێ سەرچاوەی كۆنی فارسی

دەسنووسی لەلا بووبێت...))[٦١]، یاخود لە کتێبی خۆرهەڵاتناسەکان وەری گرتبێت[٦٢].

٣- چاپ نەبوونی هەندێ سەرچاوەی ڕەسەن (المصادر) لە سەرەتای دەستکردنی ڕۆژبەیانی بە نووسینی مێژوو، ئەوەتا لە دیاریکردنی شوێنی مردنی (ئەبولشۆك محەمەد بن عەننان) لە ساڵی (٤٣٧ك/١٠٤٥ز)، بەهەڵەداچووە کە هەر بە لێکدانەوەی خۆی قەڵای (سیروان)ی کردووە بە قەڵای (شێروان)ی نزیك کەلار[٦٣]، کە مێژووی دروستکردنی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی عوسمانییەکان[٦٤]، لە ڕاستیدا (سیروان) لە نزیك (صەیمەرە)یە لە لوڕستان[٦٥]، ڕۆژبەیانی دان بە هەڵەی خۆی دادەنێت و دەڵێت: (((صەیمەرە) کە ناوەندی هەرێمی میهرگان کوچکە. بەم ناساندنەی (یەعقوبی) بۆمان ڕوون ئەبێتەوە کە پشتکۆ دوو هەرێم بووە: ماە سەبزان و میهرگان کوچك، بەداخەوە ئەم سەرچاوەیە و زۆر سەرچاوەی تری لەو کاتەدا کە من شەرەفنامەم تەرجمە کرد لە بەردەسا نەبوون و هەندێکیان هەر چاپ نەبووبوون، ئێمە بە هەڵەداچووین وامان زانی (سیروان) هەر ئەو (شیروانە)یە کە بەسەر ئاوی سیروانەوەیە، کە هەڵەکەی من هەر پەیڕەوی هەڵەی خەڵك بووە))[٦٦].

## تەوەرەی دووەم
## هەڵسەنگاندنی بەرهەم و کارەکانی

**یەکەم: شارە کوردییەکان و کتێبی وڵاتەکەت باشتر بناسە:**

شار دیاردەیەکی جوگرافیی جیایە لە دیاردەکانی سەر ڕووی زەوی، کە گرنگترین بیناسازی مرۆیی لەسەر بنیاد نراوە، تاوەکو مرۆڤ لێی بگیرسێتەوە، لە سەردەمە مێژووییەکاندا مەڵبەندی گەشانەوەی شارستانیەتییەکان بووە[٦٧].

ڕۆژبەیانی لە نووسینی مێژووی شارە کوردییەکان و دیاریکردنی پێگەی جوگرافیاکەیان لاسایی گەڕیدە و وڵاتناسە ئیسلامییەکانی کردۆتەوە و هەمان ڕێچکەی ئەوانی گرتۆتەبەر لە تۆمارکردنی زانیاریی جوگرافی و مێژووییەکاندا و دەکرێ دەستنیشانی ڕێچکەی ڕۆژبەیانی لە چەند خاڵێکدا بکەین، کە ئەمانەن:

أ- کۆکردنەوە و ڕێکخستنی ئەو هەواڵ و زانیارییانەی، کە مێژوونووس و گەڕیدە موسڵمانەکان لە سەرچاوەکانیان بە پچڕپچڕی و پەرش و بڵاوی لەسەر شارە کوردییە پەراوێزخراوەکان تۆماریان کردووە(٦٨).

ب- لە ڕێکخستنی ناوی شارە کوردییەکان دوو ڕێگای پەیڕەو کردووە ئەوەی یەکەمیان تۆمارکردنی زانیاریی شارەکان بە پێی کاتی نووسینی زانیارییەکە، کە لە کتێبی (مدن کردیة قدیمة)دا ڕەنگی داوەتەوە(٦٩)، بەڵام دووەمیان لە کتێبی (وڵاتەکەت باشتر بناسە) بە پێی پیتەکانی ئەلف و بێی کوردی، زنجیرەی ناوی شار و شارۆچکە کوردییەکانی تۆمار کردووە، ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت لە دۆزینەوەی ئەو زانیارییانەی کە لەسەر شارێکدا بمانەوێت، کە لەم کتێبەدا دەست بکەوێت.

جـ- چوونە نێو بنج و بناوانی ناوی شارە کوردییەکان و هێنانەوەی بیروڕای شارەزایان لەم بارەیەوە و دواجار بیر و بۆچوونی خۆی لەسەر ڕەچەڵەکی ناوی زۆربەی شارەکان دەربڕیوە.

د- خستنەڕووی کات و سەردەمی فەتحکردنی شارە کوردییەکان و کێ فەتحی کردووە و چۆن و هەڵوێستی خەڵکەکە لە بەرگریکردن یان خۆبەدەستەوەداندا، بەرامبەر سەرانە (الجزیة) و ( الفيء) موسوڵمان بوون.

هـ- ناوهێنان و ڕیزبەندکردنی زۆربەی ناودارانی هەر شارێك وەکو زانا و ئەدیب و شاعیر و مێژوونووس...هتد، وێڕای ئاماژەکردن بە بەرهەمەکانیان.

و- ڕۆژبەیانی لە لایەکەوە کەوتۆتە ستایشکردنی ڕۆشنبیران، کە هانیان داوە لەسەر نووسینی جوگرافیا و مێژووی شارە کوردییەکان و لە لایەکی تریشەوە گازەندەش لە بارودۆخی سەردەمەکەی خۆی دەکات، کە ناتوانێت گوزارشت لە تەواوی بۆچوونەکانی بکات، کە دەڵێت: ((لەمەوبەر بەڵێنەکەم بەجێ هێنابوو دەربارەی داقوقا (طاوغ) و بەندەنیجین(مەندەلی) و حەلەوان و دینەوەر، سەرو سێپارەیێکم نووسیبوو. ئەو سێپارەیانە بەدڵی زۆربەی خوێنەرەوەکان و مێژووزانەکان بوون و لەگەلێ مێژوونووس و ئەدیب و نووسەرانەوە بەنامە و باڵابڕین پەسەندم بۆ هاتبوو. تا ئێستاش کاتی ئەوەیە جارێکی تری بەڵێنەکەم بەجێ بهێنم و دەربارەی (خانەقین) ئەم سێپارە بچووکە بخەمە بەردەس،

هەرچەندە ئەمڕۆ لەبەر ناهەمواری ڕێ نادا کە مرۆڤ بە پێی خواستی دڵی خۆی دەربارەی شارەکە و هەرێمەکە بنووسێت و بگاتە بنەچە و بنەڕەتی هەموو زانیاری و باس و هەواڵێ، بەڵام هەروەك وتراوە: (مشتێ نموونەی خەروارێکە) و (ئەگەر دەستت نەگەییە میوەی سەر پۆپە، هی سەر چڵەکان لەدەست مەدە) جا ئێمەش بەمەندە واز دەهێنین کە بۆمان دەلوێ))[٧٠].

**دووەم: هۆزە کوردییەکان:**

خێزان بە بنچینە و دروستکەری هۆز یان خێڵ دادەنرێت و هۆزیش بریتییە لە کۆمەڵە خەڵکێك کە بە هۆی خزمایەتی و خوێنەوە لە ژێر چەتری سەرۆکێك یەك دەگرنەوە بە مەبەستی پاراستنی ماڵ و گیانیان لە هەڕەشە و مەترسی و هێرشی خەڵکانی تر و مانەوەی داب و نەریتی کۆمەڵایەتییان[٧١]، جوگرافیای کوردستان یارمەتیدەر بووە بۆ ئەوەی کۆمەڵە خەڵکێك یەك بگرن و ببن بە هۆز، چونکە زەوییەکەی چیایی سەختە و ڕێگای تەنگ و کەش و هەوایەکەی گونجاوە[٧٢].

لە نێو گەلی عەرەبدا جۆرێك جیاوازی لە نێوان هۆز (القبیلة) لەگەڵ خێڵ (العشیرة) دەکرێت، کە تاکەکانی هۆز دەگەڕێنەوە بۆ یەك باب و لەسەر بنەمای خوێن یەکیان گرتووە[٧٣]، بەڵام خێڵ لە کۆمەڵە خەڵکێك پێکهاتووە، کە پەیوەندیی خزمایەتی بەیەکی گرێداون و مەرج نییە لەیەك خوێن بن[٧٤].

ئەو ناو لێنان و پۆلینکردنانەی لە سەرچاوە عەرەبییەکان بۆ هۆزەکانیان کراوە وەکو (هۆز، عەشیرەت، تایەفە، کۆمەڵە، قەوم، نەوە) بۆ کورد ناگونجێ، بۆ نموونە لە هەندێ سەرچاوەدا بە هەزبانییەکان وتراوە هۆز، لە هەندێکی تر بە (عەشیرەت) ناوزەند کراون[٧٥]، پەیوەندی تاکەکانی هەر هۆز یان عەشیرەتێکی کوردی لەسەر بنەمای خاك و خۆشەویستی بنیات نراوە، بە پێچەوانەی عەرەبەکان، کە بە هۆی خوێن و باوکەوە یەك دەگرنەوە[٧٦].

لە نێو کۆمەڵگای کوردیدا ناوزەندکردنی عەشیرەت بۆ سەرۆکەکەی دەگەڕێتەوە، وەکو هۆزی مەحموودی بۆ شێخ مەحموودی یەکەم دامەزرێنەری میرنشینی (مەحموودی)[٧٧]، هەندێك جاریش بۆ ئەو شوێنەی کە لێی نیشتەجێ

بوون، وەكو هۆزی (ئاروخ) بۆ قەلای ئاروخ و هۆزی (بەرۆژ) بۆ ناوچەی (بەرۆژ)[٧٨].

(ئەلمەسعوودی ت ٣٤٦هـ/٩٥٧م) چەندان ڕا و بۆچونی سەبارەت بە وەچەی كورد خستۆتە ڕوو، كە هەندێكیان ئەفسانەیین، هەندێكیشیان ڕەچەڵەكێكی عەرەبی یان فارسی بۆ هەڵدەبەستێت، بۆ نموونە جارێك كردوونی بە نەوەی جنۆكە[٧٩] و جارێكی تر هۆزە كوردییەكانی وەك (هەزبانی و سورات و جاوانی و...هتد)ی گێڕڕاونەتەوە سەر (مضر بن نزار)ی عەرەب[٨٠] و (كرد بن اسفندیار بن منوشهر)ی فارس[٨١].

لێرەدا دەتوانین باوەڕ بەم مێژوونووسە نەكەین لەبەر ئەو هۆیانە:

١- چونكە پێكهاتەی لەشی مرۆڤ لە قوڕ دروست كراوە، بەڵام جنۆكە لە ئاگر دروست كراوە و بە پێی دەقی ئایینی تەواو لە یەكتر جیاوازن، كە خوای گەورە لە قورئان دەفەرموێت: ﴿خَلَقَ الْإِنسَانَ مِن صَلْصَالٍ كَالْفَخَّارِ ۝ وَخَلَقَ الْجَانَّ مِن مَّارِجٍ مِّن نَّارٍ﴾[٨٢].

٢- (ئەلمەسعوودی) لەگەڵ خودی خۆی تێك گیراوە و چەند ریوایەتێكی مێژوویی جیاواز، لە یەكتر تۆمار كردووە، بێ لێكدانەوەی ئەو بۆچوونە دژ بەیەكانە.

٣- ناكرێت گەلێكی ملیۆنەها كەس ببردرێتەوە سەر چەند كەسێك، كە چەندین سەدە بەر لە نووسینی كتێبە مێژووییەكاندا ژیاون[٨٣].

ڕۆژبەیانی زۆر بوێرانە و بێ سڵەمینەوە پەنجەی گومانی خستۆتە سەر ئەو هۆزە كوردییانەی كە خۆیان بردۆتەوە سەر نەتەوەیەكی تر، جا چ عەرەب یان فارس یان تورك، ئەوەتا لەو بارەیەوە دەڵێت: ((هەر عێلی كورد خۆی دەكا بە تورك، بە فارس، بە عەرەب، هەر بنەماڵەیە خۆ ئەكات بە سەیدا، بە ئەمەوی، بە عەبباسی، بە خالدی، بە بەنی ئەسەد، بە قەیسی، بە موزەری (مضري)... تاد، لەمەوبەریش خۆیان ئەكرد بە ساسانی، كەیانی، مەلەكشاهی، سەلجووقی...من كە زوبان و قەڵەمەكەی خۆم تەرخان كردووە بۆ بەرەنگاری پڕوپووچی (خەرافات)ی

ناو کوردەواری، ئەم نەژادە ناڕاستەکانی پانە ئەسرمەوە، باکم نییە خەڵك تووڕە دەبن یانە نەء، ئەمە خزمەتێکە هەزاران ساڵی دی ئەمێنێتەوە، کە وشیاری نەتەوەیی لە کوردستانا بڵاو بووەوە، ئەو حەلە (کاتە) دەزانن من چ خزمەتێکم بەم گەلی کوردە کردووە، مێژوو تەرازووی دادوەریی ڕاست و ناڕاستییە))[٨٤].

ڕۆژبەیانی دەربارەی ئەو هۆزانەی کە بە زنجیرە (الشجرە)ی نادروست خۆیان دەگێڕنەوە سەر پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) لە (فاطمە)ی کچیدا، بە زنجیرەی چل پشتی یەك لەدوای یەك هاتوون، ئەوانیش بریتین لە ساداتی بەرزنجی. ئەو بۆ سەلماندنی نادروستی ئەو زنجیرە نەوەیە بەڵگەی بیرکارییانەی بەکارهێناوە، ماوەی ژیانی هەر نەوەیەکی بە(٢٥-٣٠)ساڵ هەژمار کردووە و کەواتە دەردەکەوێت (٤٠×٣٠=١٢٠٠) ساڵ بۆ تەواوکردنی دوو سەدەی تر پێویستی بە چەند نەوەیەکی تر دەکات و لە کوێن؟!![٨٥].

ڕۆژبەیانی هۆکارەکانی خۆهەڵواسین و خۆبەستنەوەی ئەو هۆزە کوردییانەی بە بێگانە زۆربە وردی دیاری کردووە و بۆ چەند خاڵێکی گەڕاندۆتەوە کە ئەمانەن:

١- ئەو هۆزە کوردییانەی خۆیان گێڕاوەتەوە سەر بنەماڵەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) یان عومەری و ئومەوی و عەبباسی، هەست بە کەمیی خۆیان دەکەن و خۆیان پێ بچووك و بنەماڵەی دەروون نزمن، بۆیە خۆیان بە ناڕاستی بەو و بەم بەستۆتەوە[٨٦]، ئەوەتا بنەماڵەی هەکاری وەچەی خۆیان دەگێڕنەوە سەر خەلیفەکانی عەبباسی[٨٧]، بەڵام بەهۆی هێرشی مەغۆلەوە بنەماڵەی عەبباسییەکان لە لایەن هۆلاکۆوە وەچەیان کۆر و قڕ دەکرێت و لە ساڵی (٦٥٦ك/١٢٥٨ز)دا گشتیان دەکوژرێن[٨٨].

٢- حەز و ئارەزووی کورد لە ئازایەتی و قارەمانییەتی، وەکو گەلانی تر وەچەی خۆیان گەڕاندۆتەوە سەر (خالید کوڕی وەلید) و (سەلاحەدینی ئەیوبی)، چونکە سەرسامی پاڵەوانیەتیی ئەو کەسایەتییانەن[٨٩].

٣- حەزکردن لە ناوبانگ و خۆجیاکردنەوەیان لە هۆز و بنەماڵەکانی تر و وا خۆیان دەردەخەن، کە باوباپیریان خانەدان و دەسەڵاتدار و پیرۆزن، بۆیە ئەم پیرۆزییەیان بۆ ماوەتەوە جا چ ساسانی بن یان ئەمەوی و عەبباسی و صەفەوی و هەر عەشیرەتێکی تر بەبێ بنەما و بەڵگەی مێژوویی[٩٠].

٤– ئەو خۆهەڵواسینە بە بنەماڵە ئاینی و دەسەڵاتدارەکان بۆ خۆبردنە پێش لە دەسەڵات و خۆ خۆشەویستکردن و سوود وەرگرتن بە پلەوپایە و بازرگانیکردن بە ڕەشوڕووت بووە لەبەرئەوەی ئەوان (ئەولادی پێغەمبەر (درووودی خوای لەسەر بێت)ن[٩١].

٥– توێژەری تر دەربارەی بەستنەوەی نەژادی کورد بە عەرەبەوە بەکارێکی پڕوپووچ و گوماناوی نادروست هەژمار دەکات، وەك دەڵێت: ((گومان لەوەدا نییە کە بەستنی کورد بە ڕەگەزەکانی عەرەبەوە بۆتە کارێکی... بێهوودە لای ئەوانەی کە لێکۆڵەرەوەن و نەتەوە و ڕەچەڵەك لە بێژنگ ئەدەن، هۆی ئەم جۆرە کارەیان لە دیدی منا تەنها بۆ چەسپاندنی برایەتییانە لە نەژاددا، هەروەك برایەتییان لە ئاینا لەبەر ئەوەیە کە زۆربەیان لەبەر فرە تێکەڵاوی کورد و عەرەب، لایان مەخابنە، کورد لە بنەڕەتێکی کۆنی عەرەب نەبن جا نەژاد نووسەکان ئەم جۆرە پێکەوە –گلانەیان– هەڵبەستووە))[٩٢].

بەڵام ڕۆژبەیانی خۆیشی لە ڕەگ و ڕیشەی هۆزی خۆیدا تا ڕادەیەك بایەخی بە پیرۆزکردن و بەرزڕاگرتنی داوە و ناوی چەند ناودارێکی مێژوویی بردووە، کە هەڵگری نازناوی (ڕۆژبهانی)ن، بەڵام خۆیشی وای دانەناوە کە ئەوانە هەموویان لەم هۆزەبن، بەڵکو بە بیرو بۆچوونی ئەو بە پشتبەستن بە(ئیبن مەسکەوەیهی– ت ٤٢١هـ/١٠٣٠م) خاوەنی کتێبی (تجارب الأمم) و (ئیبن ئەلئەسیر– ٦٣٠هـ/١٢٣٢م) هۆزی ڕۆژبەیانی لە کوردە دەیلەمییەکانن و زمانی دەیلەمیش، جۆرێکە لە زاری گۆرانی، بەڵام ڕوون نییە کە وشەی (روزبهان) بۆ سەرکردەیەکی سیاسی یان روحی دەگەڕێتەوە[٩٣]. ئەو کەسەش ناوی (روزبهان بن و ندار خرشید الدیلمی) بوو، کە لە ساڵی (٣٤٥ك/٩٥٦ز) خۆی و هەردوو برایەکەی (بلکا) لە (شیراز) و (أسفار) لە (أهواز) لە دژی (موعز ئەلدەولە)ی بوەیهی ڕاپەڕین، بەڵام لە ئەنجامدا تێکشکان[٩٤] و هێزەکانیان پەرت و بڵاوەیان کرد بۆ دەرەوەی سنووری دەسەڵاتی بوەیهی[٩٥].

دەتوانین بیرو بۆچوونەکانی بەم شێوەیە ڕاڤە بکەین:

أ- وا بزانم جگە لە ڕۆژبەیانی هیچ سەرچاوەیەکی بنەڕەتی و نوێ باس لە کوردبوونی بوەیهی و دەیلەمییەکان ناکەن، بەڵکو نەتەوەیەکی سەربەخۆن و لە دێرزەمانەوە لە ناوچەکانی ئەصفەهان و هەمەداندا نیشتەجێ بووینە[٩٦].

ب- هۆزی (روزبهانی)، کە نیشتەجێی ناوچەکانی هەرێمی فارس و شاری شیراز و دەوروبەرن، دەگەڕێتەوە سەر (دەیلەمییەکان)[٩٧] بەڵام ناکرێت بەهەمان شێوە ڕۆژبەیانییەکانی کوردستانی عێراق بگەڕێنینەوە سەر (دەیلەمییەکان).

جـ- هیچ سەرچاوەیەك باس لە کوردبوونی زمانی (دەیلەمییەکان) ناکات جا زاری گۆرانی بێت یاخود زار و شێوازێکی تر.

**سێیەم: میرنشینە کوردییەکان:**

ڕۆژبەیانی مێژووی چەند میرنشینێکی کوردی ئیسلامی لە هەرێمە جیاجیاکانی کوردنشین بە گشتی و میرنشینەکانی هەرێمی چیا بە تایبەتی زیندوو کردۆتەوە، و مێژووی میرنشینە کوردییەکانی لە چوارچێوەی مێژووی شارە کوردییەکاندا دۆزیوەتەوە. دەتوانین بەم خاڵانە هەڵسەنگاندن بۆ زانیارییە مێژووییەکانی ڕۆژبەیانی دەربارەی میرنشینە کوردییەکان بکەین:

١- ڕێکخستن و ریزبەندکردنی میرنشینە کوردییەکان لەسەر بنەمای کات، واتە کام میرنشین لە پێش ئەوەی تر سەری هەڵدابێت بەشی پێشەوەی بەرهەمەکانی ڕۆژبەیانیی داپۆشیوە[٩٨]، بەمەش ڕێچکەی مێژوونووسانی پێش خۆی گرتۆتەبەر[٩٩].

٢- زاراوەی دەوڵەتی بەکارهێناوە بۆ هەندێك میرنشین و دەسەڵاتداری ناوچەیی لە هەرێمە کوردنشینەکان، لە کاتێکدا بە پێی هەموو بنەما و مەرج و پێوەرە زانستییەکان[١٠٠] ناکرێت وشەی دەوڵەت بەسەریاندا بچەسپێندرێت[١٠١].

٣- لە دەستپێکردن و کۆتایی پێهاتنی میرنشینەکان و دیاریکردنی ماوەی فەرمانڕەوایەتییان هەندێك جار تووشی هەڵە هاتووە، تەنانەت خودی خۆشی زانیاریی جیاواز و دژیەك و لەیەکنەچووی داوە جارێکی تر، وەکو میرنشینی حەسەنوەیهی جارێك (٣٢٠-٤٣٨ك/٩٣٢-١٠٤٦ن)[١٠٢] و (٣٥٠-٤٣٩ك/ ٩٦١-

١٠٤٧ن)[١٠٣]ی بەكارهێناوە، بەڵام ڕاستییەكەی دەوروبەری (٣٤٨-٤٠٦ك/٩٥٩-١٠١٥ن)[١٠٤] بەماوەی حوكمی میرنشینی حەسەنوەیهی دادەنرێت.

دەربارەی سەرهەڵدان و كۆتاییهاتنی میرنشینی عەننازی جارێك ساڵی (٣٨٠-٥٠٠ك/٩٩٠-١١٠٦ن)[١٠٥] داناوە و دواتر ڕاستی كردۆتەوە بۆ ساڵی (٣٨١-٥١١ك/٩٩١-١١١٧ن)[١٠٦].

٤- زاڵبوونی هەستی نەتەوەیی لە بە كوردكردنی هەندێك لە بەرهەمەكانی، كە گومان لە كوردبوونیان دەكرێت، ئەوەتا فەرمانڕەوایەتی شاهێنی (ئەلبەتیحە) (٣٣٨-٤٠٩ك/٩٤٩-١٠١٨ن) لە ناوچەكانی (واسط) واتە ناوچەی (كووت) و هەوارنشینەكانی ناوەڕاستی عێراق نیشتەجێ بوون و دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ناوچەكەدا سەپاندووە[١٠٧].

ڕۆژبەیانی ئەو بنەماڵەی بە كورد داناون، بەبێ پشتبەستن بە هیچ سەرچاوەیەكی ڕەسەن لە سەلماندنی كوردبوونیان، تەنها بەڵگەكانی بریتین لەمانە:

أ- نزیكی وشەی هەوراو لە (أهوار) كە بەواتای (زەلكاو) دێت و عەرەب لە سەردەمی ئەمەوی و عەبباسی (بطيحة/ بطائح)یان بەكارهێناوە، بەڵام دواتر وشەی (هور)ەی كوردییان بەكارهێناوە[١٠٨].

ب- ڕۆژبەیانی لە بە كوردكردنی ئەم بنەماڵە فەرمانڕەوایەدا پشتی بە دوو ڕۆژهەڵاتناس بەستووە، كە ئەوانیشی لەبەردەست نەبووە، كە دەڵێت: ((ماڵی (زەمباوەر) نووسەری (معجم الأنساب) و (ئیستانلی لین پول) نووسەری (دول الاسلام) ئاوابێ، كە ئەم باسانەیان بۆمان ڕوون كردۆتەوە. گەرچی ئێستە من ئەم سەرچاوانەشم نەماوەو لە بیرم نییە حوسەین حوزنی لەم بارەوە هیچی نووسیبێ))[١٠٩] بەڵام ئەم بنەماڵەیە لەو سەرچاوانەی ڕۆژبەیانی ناوی بردوون بەم شێوەیە:

١- ڕۆژهەڵاتناس (زەمباوەر) بە یەكێك لە بنەماڵە فەرمانڕەوایەكانی مێژووی ئیسلامی هەژمار كردوون، بە ناوی (البطيحة)[١١٠] بەڵام بە هیچ شێوەیەك ناڵێت كورد بوون.

٢- هەرچی ڕۆژهەلاتناس (ستانلی لین پول)ە، ئەوا ناوی ئەم بنەماڵە فەرمانڕەوایەی لە کتێبی (دول الأسلام)دا نەبردووە.

٣- ڕۆژبەیانی ستایشی هەردوو ڕۆژهەلاتناسی ناوبراوی کردووە، بەبێ ئەوەی ئەوکاتەی بابەتەکەی نووسیوە کتێبەکانی ئەوانی لا بووبێت، تاوەکو ڕاست و دروستیی زانیارییەکان بۆ خۆی و خوێنەرەکانی دووپات بکاتەوە، کەواتە کارەکەی لەسەر بنەمای گومان بنیات ناوە.

٤- دواجار ناوی مێژوونووسێکی کوردی بردووە، ئەویش (حوسێن حوزنی موکریانی)یە، کە بەرهەمەکانی ئەویشی خستۆتە چوارچێوەی گومان و لەبیرنەبوون دەربارەی ئەم بنەماڵەیە، بەبێ گومانیش لەم بارەیەوە هیچی نەنووسیوە.

کەواتە دەتوانین بڵێین بۆچوونەکانی ڕۆژبەیانی لە بارەی کوردبوونی ئەم بنەماڵەیەدا لەسەر بنەمایەکی زانستی بنیاد نەنراوە، بەڵکو لەم کارەیدا تەنها هەستێکی نەتەوەیی پاڵی پێوەناوە.

٥- بێدەنگبوون و باس نەکردنی هیچ زانیارییەك لە ڕووداوی چەندین ساڵ لە مێژووی میرنشینە کوردییەکان، چەند جار دیاردەی دروستبوونی بۆشایی و کەلێن تێکەوتنی زانیارییەکان و بەدواییەکدا هاتنی ساڵی دوور لەیەکتر لە باسکردنی میرە کوردەکان هەبووە، بە نموونە، کاتێك دێتە سەر ئەو ڕووداو و گۆڕانکارییانەی کە لە سەردەمی میر (بەدر بن حەسەنوەیهی) ڕوویانداوە، تەنها ئەم ساڵانەی یاداشت کردووە (٣٦٩، ٣٧٢، ٣٧٧، ٣٧٩، ٣٨٠، ٣٨٦، ٣٨٨، ٣٨٩، ٣٩٣، ٣٩٧، ٣٩٨، ٤٠٠، ٤٠١، ٤٠٤، ٤٠٥ك/ ٩٧٩، ٩٨٢، ٩٨٧، ٩٨٩، ٩٩٠، ٩٩٦، ٩٩٨، ٩٩٨، ١٠٠٢، ١٠٠٦، ١٠٠٧، ١٠٠٩، ١٠١٠، ١٠١٣، ١٠١٤ز)[111] ڕەنگە هۆکاری ئەم بێدەنگییەش بۆ دوو هۆکار بگەڕێتەوە:

أ- بێدەنگبوون و باس نەکردنی هیچ ڕووداوێك لەو سەرچاوە ڕەسەنانەی کە مێژووی ئەو سەردەمەیان تۆمار کردووە.

ب- دەست نەکەوتن و نەدۆزینەوەی تەواوی سەرچاوەکانی پەیوەندیدار بە باسەکە لە لایەن ڕۆژبەیانییەوە.

## تەوەرەی سێیەم
## ئەو سەرچاوانەی کە ڕۆژبەیانی لە نووسینی مێژوودا بەکاری هێناون

**یەکەم/ سەرچاوە بنەڕەتییەکان (المصادر):**

مەبەست لە سەرچاوە بنەڕەتییەکان (المصادر) ئەو سەرچاوانەن کە خاوەنەکانیان خۆیان ڕووداوەکانیان بینیوە و تۆماریان کردووە، یان پشتیان بەوانە بەستووە، کە شایەتحاڵی ڕووداوەکان بوون، هەروەها بەڵگەنامە ڕەسەنەکانیش بە سەرچاوەی بنەڕەتی (المصادر) دادەنرێت(١١٢).

لێکۆڵینەوەی مێژوویی پێویستی بە سەرچاوەی هەمەچەشن و جۆراوجۆر هەیە بۆ ئەوەی زانیاری گرنگ بە دەست بهێنرێت، ڕۆژبەیانی لە کتێبە دانراوەکانیدا چەندین سەرچاوەی جۆراوجۆری بەکارهێناوە و ڕەنج و ماندووبوونێکی زۆریشی بۆ ئەو مەبەستە کێشاوە.

دەتوانین سەرچاوە سەرەکییەکان بەم شێوەیە دابەش بکەین:

**أ- کتێبەکانی جوگرافیناس و گەڕیدەکان:**

لە مێژووی ئیسلامیدا کۆمەڵێك جوگرافیناس و گەڕیدە دەرکەوتوون، لەوانە (ئیبن خردازبە، ئەلیەعقووبی، ئەلمەسعوودی، ئەلئەستوخری، ئیبن حەوقەل، ئەلمەقدسی، یاقووت ئەلحەمەوی...الخ) بەرهەمی ئەو وڵاتناس و گەڕیدانە کەم و زۆر ڕەنگی داوەتەوە لەسەر بەرهەمەکانی ڕۆژبەیانیدا، ئەمەش لە بواری دیاریکردنی پێگەی جوگرافیی شارەکان و بنج و بناوانی ناویان و ئەو چیرۆك و شیعرانەی لە لایەن ئەدیب و شاعیرانەوە بۆیان هۆنرابێتەوە و کەشوهەوای شوێنەکە و دەرخستنی ڕێگاوبانە بازرگانی و سەربازییەکان و...هتد.

دەتوانین بەم شێوەیە خۆیان و بەرهەمەکانیان بناسین:

١- ئەلیەعقووبی، ئەحمەد بن یەعقووب بن جەعفەر بن وەهەب بن وازح، لە بەغدا لەدایك بووە، تەمەنی گەنجیەتی لە خۆراسان لە خزمەتی میرنشینی تاهیری گوزەراندووە، هاوچەرخی (ئیبن خردازبە) بووە، گەشتی هیندی کردووە، دواتر چووەتە فەلەستین و میسر، لەوێ کتێبێکی جوگرافیایی گرنگی داناوە بەناوی

(کتاب البلدان)، کە مێژووی نووسینەکەی بۆ ساڵی (٢٧٨ك/٨٩١ز.) دەگەڕێتەوە، لە ساڵی (٢٩٢ك/٩٠٤ز.) کۆچی دوایی کردووە[١١٣].

گرنگیی ئەو گەڕیدەیە خۆی لە دوو سەر دەبینێتەوە:

أ- دەتوانرێت لە ڕیزی پێشەوەی گەڕیدە ئیسلامییەکان هەژمار بکرێت، کە زانیاری گەشتەکەی تۆمار کردبێت.

ب- وردبین بووە لە دیاریکردن و وەسفکردنی ئەو شار و شوێنانەی کە بینیویەتی، وەکو شارە کوردییەکانی (سەیمەرە، سیروان، حەلەوان، دینەوەر...تد).

٢- ئیبن خردازبە، ئەبولقاسم عوبەیدللا بن عەبدوڵلا (ت ٣٠٠هـ/٩١٣م)، بە ڕەچەڵەك فارسە و لەگەڵ باوکی هاتۆتە بەغدا و لە کۆشکی خەلیفە (ئەلموعتەمید ٢٥٦-٢٧٩ك/٨٦٩-٨٩٢ز)دا ژیاوە، کاری سەرپەرشتیکردن و نامەبەری (البرید)ی لە ناوچەکانی هەرێمی چیا پێ سپێردراوە و توانیویەتی سوود لەو پێگەیەی ببینێت بۆ دانانی کتێبی (المسالك والممالك)، لەم سەرچاوەیەدا بە هاوشێوەی شارەکانی تر گرنگی بە شارە کوردییەکان داوەو دووری نێوان شارەکان و ئەو ڕێگاوبانانەی دیاری کردووە کە شوێنەکان بە یەکتر دەبەستنەوە[١١٤].

(ئیبن خردازبە) لە پێشکەشکردنی زانیارییەکانیدا شێوازێکی پەرتەوازە و وشکی بەکارهێناوە هەروەها لاواز بووە لە دابەشکردنی مادە و بابەتەکان[١١٥].

٣- ئەلمەسعوودی، ئەبولحەسەن عەلی بن ئەلحسێن بن عەلی[١١٦]، لە شاری بابل لە وڵاتی عێراقدا لەدایك بووە[١١٧]، بە مەبەستی وەرگرتنی زانست و زانیاری و گەواهیدان لەسەر ڕووداوەکان سەردانی زۆر هەرێم و وڵاتی جیاجیای کردووە، دواجار چووەتە وڵاتی میسر لە ساڵی (٣٤٥ك/٩٥٦ز)، لە شاری (فوستات) جێگیر بووە، بۆ ساڵی دواتر (٣٤٦ك/٩٥٧ز) کۆچی دوایی کردووە[١١٨].

لە گرنگترین بەرهەمەکانی، کە لە بەردەستدان، بریتین لە هەردوو کتێبی (مروج الذهب ومعادن الجوهر) و (التنبیه والأشراف) لە کتێبی یەکەمیدا مادەکەی کۆکراوەتەوە لە لێکۆڵینەوەی مێژوویی و جوگراف، وەکو چیرۆکی دروستبوونی گەردوون و سروشتی زەوی و لێکۆڵینەوە لەو گەلانەی کە موسڵمانی ناعەرەبن

(ئەلعەجەم)، بەڵام کتێبی دووەمی تەرخان کردووە بۆ بیرو بۆچوونی خۆی دەربارەی فەلسەفەی مێژوو و گەردوون و گرنگیدان بە وەسفکردنی وڵاتە جیاوازەکان[١١٩].

ڕۆژبەیانی بە بۆچوون و ڕایەکانی (ئەلمەسعوودی) ڕازی نەبووە، بە تایبەتی دەربارەی ڕەچەڵەکی کورد و بەرپەرچی زانستییانەی داوەتەوە[١٢٠].

٤- یاقووت ئەلحەمەوی، شەهابەدین ئەبوعەبدوڵلا بن عەبدوڵلا ئەلڕۆمی، لە ساڵی (٥٧٥ك/١١٧٩ز) لە وڵاتی ڕۆم لە دایك بووە، لە ساڵی (٦٢٦ك/١٢٢٨ز) لە شاری حەلەب کۆچی دوایی کردووە، کاری بازرگانی لە خزمەت خاوەنەکەی (عەسکەر ئەلحەمەوی) کردووە، کە خەڵکی بەغدایە و گەشتی بۆ دوورگەی (کیش) لە کەنداوی عەرەب کردووە، دواتر چووەتە خوراسان و ماوەیەکی زۆر لە شاری (مەرو) ماوەتەوە، دواتر چووەتە شام و مووسڵ و هەولێر[١٢١].

گرنگترین بەرهەمەکانی بریتین لە:

١- إرشاد الألباء إلى معرفة الادباء.

٢- معجم البلدان.

٣- معجم الشعراء.

٤- معجم الادباء.

٥- المشترك وضعاً والمختلف صقعاً.

٦- المبدأ والمال.

٧- الدول.

٨- مجموع كلام أبي علي الفارسي.

٩- عنوان كتاب الأغاني.

١٠- أخبار المتنبي.

١١- المقتضب في النسب[١٢٢].

بەڵام گرنگترین بەرهەمەکانی (یاقووت)، کە ناوبانگی پێ دەرکردبێت (معجم البلدان) و (معجم الادباء)ە، چونکە پڕن لە زانیاریی جیاواز، دەربارەی زانستەکانی (جوگرافیا، مێژوو، ئایین، ئەدەب، زمانەوانی)، هەروەها یاقوت لە نووسینەکانیدا،

پشتی بە کۆمەڵێك سەرچاوە بەستووە، کە زۆربەیان بەدەست ئێمە نەگەیشتوون[123].

ئەوەی سەرنج دەدرێت لە بەرهەمەکانی ڕۆژبەیانیدا بە شێوەیەکی سەرەکی سوودی لە کتێبی (معجم البلدان)ی (یاقوت) وەرگرتووە.

**ب – سەرچاوە مێژووییەکان:**

١– ئیبن ئەلئەسیر، عەلی ئیبن ئەبی ئەلکەرەم محەمەد بن محەمەد بن عەبدولکەریم بن عەبدولواحید ئەلشیبانی، نازناوی (عزەدین)ە و بە (ئیبن ئەلئەسیر ئەلجزری)[124] ناسراوە، لە ساڵی (٥٥٥ك/١١٦٠ز) لە جزیرە لەدایك بووە، دواتر لەگەڵ خانەوادەکەی چووەتە شاری موسڵ و چەند جار سەردانی بەغدای کردووە، گەشتی بۆ شام و قودس کردووە و گەڕاوەتەوە مووسڵ و لە ساڵی (٦٣٠ك/١٢٣٢ز) هەر لەو شارە کۆچی دوایی کردووە[125].

لەبەر ئەوەی لە خانەوادەیەکی دەوڵەمەند بووە، توانیویەتی سوود لە کات وەربگرێت تاوەکو مێژوو بنووسێتەوە[126]، بۆ خۆی لە باسکردنی گوندێکی جەزیرە کە ناوی (ئەلعەقیمە)یە دەڵێت: ((لەم گوندەدا کۆمەڵێك بیستانی ئێمەی لێیە))[127].

گرنگترین بەرهەمەکانی بریتین لە (الكامل في التاريخ) و (أسد الغابة في معرفة الصحابة) و(اللباب في تهذيب الانساب) و(التاريخ الباهر في الدولة الأتابكية بالموصل)[128].

ڕۆژبەیانی بەشی شێری زانیارییەکانی لە کتێبی (الكامل في التاريخ)ی (ابن الأثير) وەرگرتووە، تەنانەت لە فەرمانڕەوایی شاهێنی (ئەلبەتیحە)، تەنها سەرچاوەی ناوبراوی بەکارهێناوە[129].

٢– دانەرێکی نادیار (مؤلف مجهول)، کە خاوەنی کتێبی (مجمل التواريخ والقصص)ە، کە نووسەرەکەی خەڵکی (ئەسەد ئاباد)[130]ە و لە ساڵی (٥٢٠ك/١١٢٦ز) کتێبەکەی داناوە، گرنگی ئەم سەرچاوەیە بۆ مێژووی هەردوو میرنشینی حەسەنوەیهی و عەننازی خۆی لە دوو خاڵ دەبینێتەوە:

یەکەم: دانانی کتێبەکە لە ڕووی کاتەوە نزیکە لە ماوەی بوونی هەردوو میرنشینەکە، بەتایبەتی عەننازی.

دووەم: دانەر خەڵکی هەمان ئەو شوێنەیە کە ئەو میرنشینانە تێیدا سەریان هەڵداوە[١٣١].

٣- حەمەدوڵلا مستەوفی قەزوینی، ئەبوبەکر بن محەمەد بن نەسر، لە ساڵی (٧٥٠ک/١٣٤٩ز) کۆچی دوایی کردووە، بەرهەمەکانی خۆی لە دوو لایەن دەبینێتەوە، یەکەمیان کتێبی (تاریخ گزیدە)یە، کە لە ساڵی (٧٣٠ک/١٣٢٩ز) لە نووسینی بووەتەوە[١٣٢]، ئەم بەرهەمەی دەچێتە چوارچێوەی بواری مێژوویی، ڕۆژبەیانی سوودی لێ وەرگرتووە بە تایبەتی دەربارەی دەرکەوتنی زاراوەی کوردستان چەند دەقێکی لەم کتێبە بەراورد کردووە لەگەڵ کتێبی (بلدان الخلافة الشرقیة)ی ڕۆژهەڵاتناس (کی لیسترنج)، کە بە هەڵە زانیارییەکانی گواستۆتەوە[١٣٣].

دەربارەی بەرهەمی دووەمی ئەم دانەرە تایبەتە بە دیاریکردن و ناساندنی جوگرافیای ئێران و وڵاتی نێوان دوو زێ (میزۆپۆتامیا)، ئەویش کتێبی (نزهة القلوب)ە، کە لە ساڵی (٧٤٠ک/١٣٣٩ز) لە دانانی بووەتەوە[١٣٤].

گرنگی ئەم سەرچاوەیە بۆ مێژووی کورد، خۆی لە دوو لایەن دەبینێتەوە:

أ- وەسفکردنی چەند شار و ناوچەیەکی کوردی، کە لە سەردەمی خۆی هەبوونە، یانیش بەهۆی ڕووداوی سروشتی و مرۆیی وێران بوون.

ب- بۆ یەکەم جار ناوی (کوردستان) لەم سەرچاوەیەدا چەند جار دووبارە بووەتەوە[١٣٥].

٤- بدلیسی، شەرەف خان کوڕی شەمسەدین لە ساڵی(٩٤٩ک/١٥٤٢ز) لە شارۆچکەی (گروهرد)ی سەر بە شاری (قوم) لە ئێران لەدایك بووە[١٣٦].

بەرهەمی ئەم مێژوونووسە (شەرەفنامە)یە، کە بە زمانی فارسی نووسیویەتی و لە ساڵی (١٠٠٥ک/١٥٩٦ز) کۆتایی پێ هێناوە[١٣٧]، گرنگیی کتێبەکە لەوەدایە، کە بە نۆبەرەی ئینسکلۆپیدیای کورد[١٣٨] لە بواری مێژووی میرنشین و دەسەڵاتە

کوردییەکان لە سەرجەم بوارەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی هەژمار دەکرێت ئەگەرچی بە شێوەیەکی پوختیش بێت[١٣٩].

ڕۆژبەیانی، کە ئەم سەرچاوەی لە فارسییەوە وەرگێڕاوەتە سەر عەرەبی، گەلێ پەراوێزی بۆ داناوە و چەند هەڵەیەکی ڕاست کردۆتەوە و گەڕاوەتەوە سەر ئەو سەرچاوە ڕەسەنانەی کە (شەرەفخان) سوودی لێیان وەرگرتووە[١٤٠].

**دووەم: سەرچاوە لاوەکییەکان (المراجع):**

سەرچاوە لاوەکییەکان (المراجع) ئەو سەرچاوانەن کەوا زانیارییەکانیان لە سەرچاوە بنەڕەتییەکانەوە گواستۆتەوە و خۆیان گەواهیدەر (شهود عیان)ەکانیان نەبینیون[١٤١].

ڕۆژبەیانی کۆمەڵێك سەرچاوەی لاوەکی بەکارهێناوە، کە بە زمانی جیاجیا نووسراون، لەوانە کتێبی (خلاصەیەکی تاریخی کوردو کوردستان)ی (محەمەد ئەمین زەکی) و بەرهەمەکانی[١٤٢] (حوسێن حوزنی موکریانی)، دەتوانین بڵێین، کە ئەم دوو مێژوونووسە سوود و کەڵکێکی زۆریان گەیاندووە بە ڕۆژبەیانی، ئەگەرچی سەرنج و تێبینییەکی زۆریش خراوەتە سەر زانیارییەکانیشیان بە هۆی ناتەواوی لە گواستنەوەی هەواڵ و ڕووداوەکانی مێژووی کورد لە سەردەمی ئیسلامدا.

هەروەها لە سەرچاوە عەرەبییەکانی سەردەمی خۆی پشتی بە بەرهەمەکانی (عەباس ئەلعەزاوی) بەستووە، وەکو کتێبی (تاريخ العراق بين الأحتلالين) و کتێبی (عشائر العراق)، هەروەها لە فارسییەکانیش گەڕاوەتەوە سەر بەرهەمەکانی(ئەحمەد کسرەوی)، لەساڵی (١٩٤٥ز) مردووە، بە تایبەتی کتێبی (شهر یاران گمنام)، هەروەها گەڕاوەتەوە سەر کتێبی (تاریخ دوهزار و پانصد سالەای ایران)ی (عەباس پروێز).

هەروەها سوود و کەڵکی لە بەرهەمەکانی ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسی (ڤلادیمێر مینۆرسکی) وەرگرتووە.

یەکێك لە سەرچاوە تورکییەکان کە ڕۆژبەیانی کەڵکی لێ وەرگرتووە، (قاموس الأعلام)ە کە فەرهەنگێك و ئینسکلۆپیدیایێکە، بە زمانی تورکی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم لە لایەن (شەمسەدین سامی) دانراوە، ئەم نووسەرە

بەرەچەڵەك ئەلبانییە و لە ساڵی (١٨٥٠ز.) لە شاری (فاشر) لە ئەلبانیا لەدایك بووە و لە ساڵی (١٩٠٤ز.) لە ئەستەنبوڵ مردووە.

ئەم فەرهەنگە لە شەش بەرگ پێکهاتووە، سەرجەمی لاپەڕەکانی چوار هەزار و هەشت سەد لاپەڕەیە و لە ساڵی (١٨٩٨ز.) لە ئەستەنبوڵ چاپ کراوە[١٤٣].

ڕۆژبەیانی کەڵك و سوودی لەم سەرچاوەیە وەرگرتووە، بە تایبەتیش لە سەرژمێری دانیشتوانی شارە کوردییەکان و دیاریکردنی پێگە و شوێنی کارگێڕییان و ناساندنی ناودارە کوردەکان.

## ئەنجام

دەتوانین گرینگترین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە لەم چەند خالأنەی خوارەوەدا کورت بکەینەوە :

١- ڕۆژبەیانی لە بارودۆخێکدا مێژووی کوردی نووسیوە، کە گەلەکەی پێویستی بە نوێبوونەوە و بەخۆداچوونەوە هەبووە، بۆیە ئەو بەم کارە هەڵساوە تاوەکو بەشێك لە ناخۆشی و ناهەمواریی گەلی کورد لاببات، ئەمەش لە ڕێگای وشیارکردنەوەی کورد و گەلانی تر بە نووسینی مێژوو و تێگەیشتن لە ڕابردوو.

٢- ئەگەرچی ڕۆژبەیانی زۆربەی هەرە زۆری ژیانی خۆی لەژێر دەسەڵاتی داگیرکەرانی کورد و زیندان بردۆتە سەر، بەڵام هەرگیز نەبۆتە پاشکۆ بۆ هیچ داگیرکارێك و مەرایی نەکردووە بۆ هیچ دەسەڵاتدارێك، ئەگەرچی هەندێك جار پۆستی لە لایەن ئەم دەسەڵاتدارانە پێدراوە.

٣- ڕۆژبەیانی لە نووسینی مێژوودا ڕاستییەکانی دەرخستووە و ئەوەی زانیویەتی دەری بڕیوە، بوێرانە و بێ سڵەمینەوە پەنجەی خستۆتە سەر بنج و بناوانی خۆهەڵواسینی هەر بنەماڵەیەکی کوردی بەم نەتەوە و بەو نەتەوە و دیاریکردنی هۆکارەکانی ئەو خۆبەستنەوەیە، لەوانەیە هەر ئەمەش بووبێتە هۆی لەناوچوون و گیان بەخشینی.

٤- ڕۆژبەیانی هەوڵی داوە مێژووی فەرامۆشکردنی کورد لە چاخەکانی ناوەڕاست (سەردەمی ئیسلامی) دەربخات، جا ئەو مێژووەش جۆراوجۆر و هەمەچەشن بووە، شار و هۆز و میرنشین و ناودارەکانی لەخۆ گرتووە، بەڵام هەندێك جار بەهۆی زاڵبوونی هەستی نەتەوایەتی تووشی زێدەڕۆیی یان بە کوردکردنی بەشێك لە مێژووی گەلانی تر هاتووە.

٥- ڕۆژبەیانی وەکو کەسایەتییەکی مەیدانی، مێژووی ئەو شوێنەی نووسیوە، کە لێی ژیاوە، وەکو (داقووق لە مێژوودا)، (مەندەلی لە مێژوودا) کتێبی (وڵاتەکەت باشتر بناسە)..

## پەراوێزەكان:

(١) مدن كردية قديمة، ص ص١-٤٤.
(٢) ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٧، ص٢٩٩.
(٣) المصدر نفسه، ج٧، ص ص٤٢١-٤٢٨؛ مرعي: الإمارات الكردية في العصر العباسي الثاني، ص٢١٦؛ ڕۆژبەیانی: مێژووی حەسەنوەیهی و عەییاری، ل٩٩.
(٤) للمزيد من التفاصيل حول ظهور تسمية (كوردستان) ينظر(توفيق، زرار صديق: كردستان في القرن الثامن الهجري، مطبعة وزارة الثقافة، أربيل-٢٠٠١، ص ص٣٧-٤١.
(٥) دەربارەی ڕەچەڵەكی وشەی كوردستان، بە بیروبۆچوونی ئەم مێژوونووسانە لە ناوەڕاستی سەدەی شەشەمی كۆچی/ دوانزەی زاینی، سولتان سەنجەری سەلجووقی بەشێكی لە ڕۆژئاوای هەرێمی چیا، لە دەوروبەری كرمانشاھ دابڕی و ناوی لێ نا كوردستان و برازاكەی خۆی (سلێمان شاه) ناسراو بە(أبوه، أیوه) و ئەم (سلێمان شاه) بوو بە جێگرەوەی مامی لە نێوان ساڵانی (٥٥٤-٥٥٦ك/١١٥٩-١١٦١ز) لەسەر بنەماڵەی سەلجووقی و كوردستان لەو سەردەمەدا گەشەسەندنێكی زۆری بەخۆیەوە بینی و قەڵای (بەهار)ی كردە پایتەختی خۆی. لسترنج: بلدان الخلافة الشرقية، ص ص٢٢٧-٢٢٨؛ زكي: خلاصەیەكی تاریخی كورد و كوردستان، ج١، ل ل٩-١١، ئیسكەندەر، شەمسی محەمەد: مێژووی كورد لە سەدەی ١٦هەمدا (شەرەفنامە)ی شەرەفخانی بەدلیسی وەك سەرچاوەیێكی مێژووی نەتەوەی كورد، وەرگێڕ شوكور مستەفا لە توركی ئازەرییەوە، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، (هەولێر: ١٩٩٨)، ل٦٣.
(٦) اليعقوبي: البلدان، ص٦.
(٧) ابن حوقل: صورة الأرض، ص٣٥٦.
(٨) ڕۆژبەیانی: سولتان سەنجەری سەلجووقی كوردستان سلێمان شاه ئەبوە، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژ(١١٨)، حوزەیرانی-١٩٨٨، ل٢٣.
(٩) ڕۆژبەیانی: سولتان سەنجەری سەلجووقی، ل٢٣.
(١٠) ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٩، ص ص١٩١-١٩٧.
(١١) ڕۆژبەیانی: سولتان سەنجەری سەلجووقی، ل٢٤.
(١٢) بەدرەدین مەسعوود، میری لوڕستانی بچووك بوو لە نێوان ساڵانی (٦٤٢-٦٥٨ك/١٢٤٤-١٢٥٩ز). البدليسي: شرفنامة، ط٢، (اربيل: ٢٠٠١)، ص ص١٥٤-١٥٥.

(١٣) المصدر نفسه، ص١٥٤؛ حمدالله مستوفي: تاريخ گزيده، ص٥٥٧.
(١٤) کتێبەکە خۆی بە عەرەبی نووسراوە و لە لایەن (مەلا عەزیز واعظي) کراوە بە فارسی، سەرنج و تێبینییەکانی (ڕۆژبەیانی) لە کتێبی ولاتگیری ڕەشەخاکی عێراق، وەرگێڕانی ڕۆژبەیانی، چاپخانەی ڕۆشنبیری، چاپی دووەم، (هەولێر: ٢٠٠٥)، ل١٠.
(١٥) واقدی ناوی(محەمەد بن عومەر)ە لە ساڵی (١٣٠ك/٧٤٧ز) لە مەدینە لەدایك بووە و لە سەردەمی خەلیفە هارونە ڕەشید بووە بە قازی لە ڕۆژئاوای بەغدا و لە ساڵی (٢٠٧ك/٨٢٢ز) هەر لە بەغدا دەمرێت. ابن خلكان: وفيات الأعيان، ج٤، ص ص٣٤٨-٣٥١.
(١٦) بڕوانە: حەوێزی، مەلاڕەئووف سەلیم: کوردستان و ئایینی ئیسلام، چاپخانەی جامعة، (بغداد: ١٩٧٩).
(١٧) پێشەکی (عبدالعزيزي واعظي) لە ولاتگیری ڕەشە خاکی عێراقدا، ل١٩.
(١٨) ڕۆژبەیانی بەهەڵە نووسیویە لە مەککە لەدایك بووە، ولاتگیری ڕەشەخاکی عێراق، ل٨.
(١٩) هەمان سەرچاوە و لاپەڕە.
(٢٠) (خالد بن وليد بن المغيرة) لە ساڵی (٧ك/٦٢٨ز) موسڵمان بووە، لە ساڵی (٨ك/٦٢٩ز) لە شەڕی (مؤتة)دا بەشداری کردووە و ئازایەتی پیشانداوە، بۆیە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) ناوی ناوە شمشێری هەڵکێشراوی خوا (سيف الله المسلول)، لە ساڵی(١٢ك/٦٣٣ز) لە لایەن خەلیفەی یەکەم (ئەبوبەکری صدیق) نێردراوە بۆ فەتحکردنی عێراقی عەرەبی لە ساڵی (١٣ك/٦٣٤ز) سەرکەوتووە و ئەبوبەکری صدیق ڕێی پێداوە یارمەتی (ئەبوعوبەیدە کوڕی جەڕاح) بدات بۆ فەتحکردنی شام، لە ساڵی (١٤ك/٦٣٥ز) لە لایەن (عومەر کوڕی خەتاب) خەلیفەی دووەم لە والییەتی شام لادراوە، لە ساڵی (٢١ك/٦٤١ز) لە شاری (حمص) لە شام دەمرێت. ابن حجر: الإصابة في تمييز الصحابة، مج١، ص ص٤٦٩-٤٧٢، سەرنجەکانی ڕۆژبەیانی لەسەر ولاتگیری ڕەشەخاکی عێراق، ل٢٦.
(٢١) ولاتگیری ڕەشەخاکی عێراق، ل٣٢.
(٢٢) الأزدي: تاريخ الموصل، مج١، ص٤٩.
(٢٣) المصدر نفسه، مج١، ص٤٥.
(٢٤) البلاذري: فتوح البلدان، ص١٩٩.
(٢٥) الأزدي: تاريخ الموصل، مج١، ص٥٤.
(٢٦) سەرنجەکانی ڕۆژبەیانی لەسەر ولاتگیری ڕەشەخاکی عێراق، ل٥٠.

(٢٧) ابن خلدون: مقدمة ابن خلدون، تحقيق حامد أحمد طاهر، دار الفجر للتراث، (القاهرة: ١٤٢٥هـ/٢٠٠٤م)، ص١٢.
(٢٨) مێژووی حەسەنوەیهی و عەییاری، ل١٩١.
(٢٩) (دودمان ئاريائی) و مێژووی كورد و كوردستانەكەی ئەمین زەكی بەگ، گۆڤاری ڕۆشنبری نوێ، ژمارە (١٣٢) ساڵی ١٩٩٣، ل٢٥.
(٣٠) (دودمان ئاريائی) و...، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٣٢)، ساڵی ١٩٩٣، ل ل٢٥–٢٨.
(٣١) هەمان سەرچاوە، ل٢٨.
(٣٢) وڵاتەكەت باشتر بناسە، ل٢٥٧؛ مێژووی حەسەنوەیهی و عەییاری، ل٥٨؛ مدن كردية قديمة، ص٢١٦.
(٣٣) مدن كردية قديمة، ص ص١٢، ٩٨.
(٣٤) چوار دەوڵەتی كورد، ل٥؛ مدن كردية قديمة، ص١؛ مقدمة الجزء الثاني من كتاب (اثران تاريخيان عن الكرد) مطبعة المجمع العلمي، (بغداد: ١٤١٦هـ/١٩٩٥م)، ص٦٣.
(٣٥) السورة الحج: الآية ١٢.
(٣٦) مدن كردية قديمة، ص٤٠.
(٣٧) تعليقات الروزبياني على كتاب (بغداد الجنة العامرة، معرب من اوليا چلبي (سياحتنامەی سی ٢– قاموس الاعلام (بغداد)، دار الكتب، (بغداد: ١٤١٩هـ/١٩٩٨م)، ص ب، بەڵام لە قورئاندا خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿ولايخافون لومة لائم﴾ السورة المائدة: الاية ٥٤.
(٣٨) مدن كردية قديمة، ص٣٩؛ بەڵام خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿وكفى الله المؤمنين القتال﴾ السورة الأحزاب: الآية ٢٥.
(٣٩) ڕۆژبەیانی: سوڵتان سەنجەری سەلجووقی –كوردستان– سلێمان شاه ئەبوە، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١١٨)، حوزەیرانی ١٩٩٨، ل٢٢.
(٤٠) ڕۆژبەیانی: دودمان ئاريائی و مێژووی كورد و كوردستانی ئەمین زەكی بەگ، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٣٢) ساڵی ١٩٩٣، ل٢٤.
(٤١) وڵاتەكەت باشتر بناسە، ل٦٨. بەڵام شیعرەكە وەك خۆی بەم شێوەیەیە:

**فەلەك هەرگا كەسێكی هەڵبڕی، وەقتی هیلاكەتیە**
**كە سەر بۆ گەینە پەت بێ، بێ لەسەر كورسی و ئەسكەمل چی بكا؟**

باڵخی، مەلا محەممەدی كوڕی مەلا عوثمان (١٩٠٦ز) مردووە: دیوانی مەحوی، لێكدانەوە و لێكۆڵینەوەی مەلا عەبدولكەریمی مودەڕیس و محەمەدی مەلا كەریم، انتشارات كردستان، (سنندج: ١٣٨٣هـ.ش/٢٠٠٣م)، ل١٥.

(٤٢) زانیاری لەسەر ئەم میرە نادیارە، تەنها چەند دێرە شیعرێکی شاعیرانی بۆ هۆنراوەتەوە. عەبدولکەریم: الکورد الجاوانیون، ص٥٢.
(٤٣) ولاتەکەت باشتر بناسە، ل ل١٥٩-١٦٠.
(٤٤) ڕۆژبەیانی: دودمان ئاریائی و مێژووی کورد و کوردستانی ئەمین زەکی بەگ، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٣٢) ساڵی ١٩٩٢، ل٢٥.
(٤٥) ڕۆژبەیانی: ولاتەکەت باشتر بناسە، ل٤٧٢.
(٤٦) جوتشلك: کیف نفهم التاریخ، ص١٥١.
(٤٧) ابن الأثیر: الکامل في التاریخ، ج١، ص٢٧.
(٤٨) سەرنجێکی سیپارەی (شوکری فەزلی)، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ساڵی ١٩٩٣، ژمارە(١٣٠)، ل٥١.
(٤٩) تعلیقات الروژبیاني علی الشرفنامة، (بغداد: ١٩٥٣)، ص٢٢.
(٥٠) الروژبیاني: مدن کردیة قدیمة، ص ص٢٨٠-٢٨١.
(٥١) ساڵنامەی فارسی بریتییە لە هەژمارکردنی ساڵەکان لەکاتی کۆچکردنی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) لە مەککەوە بۆ مەدینە، واتە ساڵی (٦٢٢ك) بەدواوە، هەژمارکردنەکەش بە هەتاوییە بۆ نموونە ٦٢٢+ ١٣٢٧=١٩٤٩ز. دەردەچێت.
(٥٢) ڕۆژبەیانی: ولاتەکەت باشتر بناسە، ل٢٩٢.
(٥٣) فەرمانڕەوایی موکریان، ل ل٢٣-٢٨.
(٥٤) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی یەکسانکردنی ساڵنامەکانی کۆچی و زاینی بڕوانە (گرێنفل، گ.س.فریمان: ڕۆژ ژمێرەکانی کۆچی و زاینی، وەرگێڕانی لە فەرەنسیەوە، نەجاتی عەبدوڵڵا، بنکەی ژین، چاپخانەی شڤان، (سلێمانی: ٢٠٠٤)، ل ل٢٧-٧٦.
(٥٥) الروژبیاني: مدن کردیة قدیمة، ص ص٢٤٧،٩.
(٥٦) ابن الأثیر: الکامل في التاریخ، ج٨، ص ص٦١-٦٢.
(٥٧) المصدر نفسه، ج٧، ص ص٨٧-٨٨.
(٥٨) تعلیقات الروژبیاني علی الشرفنامة، ط١، (بغداد: ١٩٥٣)، ص٣٤؛ خلاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، جلد ٢، ل٩٤؛ (ڕۆژبەیانی) لە مێژووی حەسەنوەیهی و عەییاری، پەشیمان بووەتەوە و دەڵێت: ((ونداد و غانم کراون بە برای (حەسەنوەیهی) لە ڕاستیدا خاڵی ئەون و برای دایکی))، ل٥٠.
(٥٩) ابن الأثیر: الکامل في التاریخ، ج٧، ص٢٦٥.
(٦٠) تعلیقات الروژبیانی علی شرفنامه، (بغداد: ١٩٥٣)، ص٣٤؛ حوزنی، سەرجەمی بەرهەمی حوسین حوزنی، بەرگی١، ل١٣٠.

(٦١) مێژووی حەسەنوەیهی و عەییاری، ل٥١.
(٦٢) هەمان سەرچاوە، ل٥٧.
(٦٣) تعليقات الروژبياني على الشرفنامة، (بغداد: ١٩٥٣)، ص٤٠.
(٦٤) النقشبندي: توضيحات واضافات لمقال امارة بني عيار وحكومتهم، مجلة نوروز العراق، العدد (٩)، ١٩٨٩، ص١٣.
(٦٥) اليعقوبي: البلدان، ص٣٤.
(٦٦) مێژووی حەسەنوەیهی و عەییاری، ل ل١٦١-١٦٢.
(٦٧) عبوش، فرهاد حاجي: المدينة الكوردية من القرن ٤-٧هـ/١٠-١٣م، مطبعة وزارة التربية، (أربيل: ٢٠٠٤)، ص١٩.
(٦٨) الروژبياني: مدن كردية قديمة، ص٢٣٩.
(٦٩) ئەوەتا مێژووی نووسینی (داقووق) بۆ ساڵی ١٩٥٤ز دەگەڕێتەوە لە دوای ئەویش بندنيجين (مەندەلی) دێت، كە لە ساڵی ١٩٥٧ز نووسیوە.
(٧٠) خانەقین لە مێژوودا، گۆڤاری كۆڕی زانیاری عێراق- دەستەی كورد، بەرگی ١٨-١٩، (بەغدا: ١٩٨٨)، ل٣٣١.
(٧١) الوردي، علي: اللمحات الأجتماعية في تاريخ العراق الحديث، دار الراشد، (بيروت: ١٤٢٦هـ/٢٠٠٥م)، ج١، ص٣١؛ اليوزبكي: دراسات في النظم العربية والاسلامية، ص١٦٥.
(٧٢) خصباك، شاكر: الأكراد، الدار العربية، (بيروت: ١٤٢٦هـ/٢٠٠٥م)، ص٣٤٨.
(٧٣) ابن منظور، ابوالفضل جمال الدين محمد بن مكرم الافريقي المصري: لسان العرب، دار الصادر، (بيروت: ١٤١٤هـ/١٩٩٤م)، مج١١، ص٥٤١؛ پۆلادیان، ئارشاك: كورد لە سەدەی حەوتەمەوە تا سەدەی دەیەم، وەرگێڕانی جەلیل كاكەوەیس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، (هەولێر: ٢٠٠٥)، ل١٣٦.
(٧٤) ابن منظور: لسان العرب، مج٤، ص٥٧٤؛ پۆلادیان: كورد، ل١٣٦.
(٧٥) پۆلادیان: كورد، ل١٣٦؛ العزاوي، عباس: عشائر العراق، (بغداد: ١٩٤٧)، ج٢، ص١٣.
(٧٦) العزاوي: عشائر العراق، ج٢، ص١٣؛ خصباك: الأكراد، ص٣٤٦.
(٧٧) البدليسي: الشرفنامة، ترجمة ملاجميل بندي رۆژبيانى، (بغداد: ١٩٥١)، ص٣١٤.
(٧٨) المصدر نفسه، ص١٤٩.
(٧٩) المسعودي: المروج الذهب، مج١، ج٢، ص٤٣٥.
(٨٠) المصدر نفسه، مج١، ج٢، ص٤٣٦.

(٨١) المسعودي: التنبيه والأشراف، ص٩٤.

(٨٢) الرحمن: الآية ١٤-١٥.

(٨٣) سەرنجەکانی ڕۆژبەیانی لەسەر کتێبی (عێلی جاوان دانراوی مستەفا جەواد)، ل١٦.

(٨٤) ڕۆژبەیانی: چوار دەوڵەتی کورد، ل ل٥٧-٥٨.

(٨٥) تعليقات الروژبياني على كتاب (أصل الأسرة السنوية الموجودين في العراق، للمؤلف آية الله مردوخ، مطبعة وزارة الثقافة، (اربيل: ٢٠٠٠)، ص ص٤-٥.

(٨٦) تعليقات الروژبياني على (شرفنامه)، (اربيل: ٢٠٠١)، ص٢٣٣.

(٨٧) البدليسي: شرفنامة، اربيل-٢٠٠١، ص٢٣٣.

(٨٨) ابن كثير: البداية والنهاية، ج١٣، ص٢٠٥.

(٨٩) تعليقات الروژبياني على كتاب (اصل الأسرة السنوية)، ص٤؛ تعليقات الروژبياني على الشرفنامة، (اربيل:٢٠٠١)، ص٢٦٩.

(٩٠) تعليقات الروژبياني على كتاب (أصل الأسرة السنوية)، ص٤.

(٩١) تعليقات الروژبياني على كتاب (أصل الأسرة السنوية)، ص٤؛ ڕۆژبەیانی: چوار دەوڵەتی کورد، ل١٢؛ جەواد: عێلی جاوان، وەرگێڕانی ڕۆژبەیانی، ل١٣؛ لشكري، حيدر: الكرد في المعرفة التاريخية الاسلامية، مطبعة وزارة التربية، (اربيل: ٢٠٠٤)، ص٩٧.

(٩٢) جەواد: عێلی جاوان، ل١٧.

(٩٣) نبذة عن العشيرة الروزبيانية، ص ص٢٤-٢٧.

(٩٤) ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٧، ص ص١٥١-١٥٢.

(٩٥) الروژبياني: نبذة عن العشيرة الروزبيانية، ص٢٧.

(٩٦) دهخدا، علي أكبر: لغت نامة، (تهران: ١٣٥١هـ.ش/١٩٧٣م)، ج٢٥، ص ص٤٩٥-٤٩٦.

(٩٧) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی (ڕۆژبەیانی دیلمی) بڕوانە: (بقلي شيرازي، شرف الدين ابراهيم عبداللطيف شمس روزبهان: روزبهان نامه، بكوشش محمد تقى دانش پژوه، چاپخانه بهمن، (تهران: ١٣٤٧هـ.ش/١٩٦٩م).

(٩٨) بڕوانە: (مێژووی حەسەنوەیهی و عەییاری؛ چوار دەوڵەتی کورد).

(٩٩) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (ابن العبري، أبوالفرج جمال الدين بن الشماس تاج الدين الملطي: تاريخ مختصر الدول، مطبعة الكاثولوكية، (بيروت: ١٩٨٥)؛ النجار، مصطفى أحمد: شرفخان البدليسي ومنهجه التاريخي من خلال كتابه شرفنامة، مطبعة حجي هاشم، (اربيل: ٢٠٠٧)، ص ص٨٨-٩٥.

(١٠٠) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (طعیمة، صابر: الدولة والسلطة في الأسلام، مكتبة مدبولي، (القاهرة: ٢٠٠٥م).

(١٠١) بڕوانە: (ڕۆژبەیانی: چوار دەوڵەتی كورد).

(١٠٢) الروژبیاني: مدن كردیة قدیمة، ص٢١٦.

(١٠٣) ڕۆژبەیانی: مێژووی حەسەنوەیهی و عەییاری، ل ل٥٢، ١٠٣.

(١٠٤) زامباور: معجم الأنساب والأسرات الحاكمة في التاريخ الاسلامي، ترجمة زكي محمد حسن، مطبعة فؤاد الأول، (القاهرة: ١٩٥١)، ج٢، ص٣٢١؛ بول، ستانلي لين: الدول الاسلامية، ج١، ص ص٢٨١-٢٨٢؛ النقشبندي: الكرد في الدينور وشهرزور، ص١٢٦.

(١٠٥) الروژبیاني: مدن كردیة قدیمة، ص٢١٧.

(١٠٦) دەربارەی دەستپێكردنی میرنشینەكە (ئیبن ئەلئەسیر) لە كاتی مردنی (ئەبولفەتح محەمەد بن عەنناز) لە ساڵی (٤٠١ك/١٠١٠ز)، ئاماژە بە ماوەی حوكمڕانی ئەم میرە دەكات، كە بیست ساڵە واتە لە (٣٨١ك/٩٩١ز) یەوە، الكامل في التاريخ، ج٧، ص٤٠٦. هەمان مێژوونووس لە ساڵی(٥٠٠ك/١١٠٦ز) باس لە هاتنی میر (ئەبومەنسوور بن بەدر) بۆ سەر میرنشینەكە دەكات و ماوەی حوكمڕانی میرنشینی (عەنناز) بە سەدو سی ساڵ هەژمار دەكات، كەواتە دوا ساڵ (٥١١ك/١١١٧ز) بووە، الكامل في التاريخ، ج٨، ص٣٦٦؛ ڕۆژبەیانی: میرنشینی حەسەنوەیهی و عەییاری، ل ل١٨٩-٢٣٦؛ النقشبندي: الكرد في الدينور وشهرزور، ص١٩٥.

(١٠٧) ڕۆژبەیانی: چوار دەوڵەتی كورد، ل ل٥٣-٧١.

(١٠٨) هەمان سەرچاوە، ل٥٣.

(١٠٩) چوار دەوڵەتی كورد، ل٥٧.

(١١٠) معجم الأنساب والأسرات الحاكمة في التاريخ الاسلامي، ج٢، ص ص٢٠٨-٢٠٩.

(١١١) بڕوانە: ڕۆژبەیانی: مێژووی حەسەنوەیهی و عەییاری، ل ل٦٠-٩٠)

(١١٢) الضامن، منذر: اساسيات البحث العلمي، دار المسيرة، (عمان: ٢٠٠٧)، ص١٣٢؛ جوتشلك: كيف نفهم التاريخ، ص٦٩.

(١١٣) بروكلمان: تاريخ الأدب العربي، تعريب عبدالحليم النجار، دار المعارف، (مصر: ١٩٧٤)، ج٢، ص٢٣٦؛ المسري، حسين علي: تجارة العراق في العصر العباسي، (الكويت: ١٤٠٢هـ/١٩٨٢م)، ص٢٢.

(١١٤) المسري: تجارة العراق في العصر العباسي، ص٢٣.

(١١٥) كراتشكوفسكي، اغناطيوس: تاريخ الأدب الجغرافي العربي، ت: صلاح الدين عثمان، مراجعة ايغور بليايف، (موسكوفا: ١٩٥٧)، ج١، ص١٥٨.

(١١٦) التنبيه والأشراف، ص١٧؛ ابن النديم، أبوالفرج محمد بن أبي يعقوب اسحاق: الفهرست، تحقيق: يوسف علي طويل، دار الكتب العلمية، ط٣، (بيروت: ١٤٢٢هـ/٢٠٠٢م)، ص٢٤٨.

(١١٧) المسعودي: مروج الذهب، مج١، ج١، ص٣٨٢. بەڵام (ابن النديم) بە هەڵە دەڵێت خەڵکی مەغریبە. الفهرست، ص٢٤٨.

(١١٨) ياقوت الحموي: معجم الأدباء، دار الفكر(د.م)، ١٤٠٠هـ/١٩٨٠م، مج٧، ج١٣، ص ص٩٠-٩١؛ العزاوي، عبدالرحمن حسين: المسعودي مؤرخاً، مطبعة الجامعة، (بغداد: ١٤٠٢هـ/١٩٨١م)، ص١٤.

(١١٩) سالم، عبدالعزيز: مناهج البحث في التاريخ الاسلامي والاثار الاسلامية، مؤسسة شباب الجامعة، (الأسكندرية: ٢٠٠٦)، ص٩٨.

(١٢٠) بگەڕێوە سەر تەوەرەی یەکەم لەم بەشەدا.

(١٢١) ابن خلكان: وفيات الأعيان، ج٦، ص ص١٢٧-١٢٩.

(١٢٢) المصدر نفسه، ج٦، ص ص١٢٨-١٢٩.

(١٢٣) ئەمین، نەبەز مەجید: یاقوتی حەمەوی، (سلێمانی:٢٠٠٢)، ل١٥.

(١٢٤) بۆ جەزیرەی (ئیبن عومەر) دەگەڕێتەوە، کە شارۆچکەیەکە دەکەوێتە سەرووی مووسڵ. ياقوت الحموي: معجم البلدان، مج٢، ج١، ص٥٧.

(١٢٥) ابن خلكان: وفيات الأعيان، ج٣، ص ص٣٤٨-٣٤٩.

(١٢٦) آميدي، كرڤان محمد أحمد: الكرد في كتابات المؤرخ ابن الأثير الجزري، مطبعة حجي يحيى، (اربيل: ٢٠٠٦)، ص٣٧.

(١٢٧) ابن الأثير: التاريخ الباهر في الدولة الأتابكية بالموصل، تحقيق عبدالقادر أحمد طليمات، دار الكتب الحديثة، (القاهرة: ١٩٦٣)، ص١٤٧.

(١٢٨) آميدي: الكرد في كتابات المؤرخ ابن الأثير الجزري، ص ص٤٦-٥٠.

(١٢٩) بڕوانە: (چوار دەوڵەتی کورد، پەراوێزەکانی فەرمانڕەوای شاهێنی، ل ل٧١-٧٢).

(١٣٠) ئەسەد ئاباد: شارێکی هەرێمی چیایە، کە دەکەوێتە نزیك هەمەدان. ياقوت الحموي: معجم البلدان، مج١، ج١، ص١٤٥.

(١٣١) النقشبندي: توضيحات واضافات لمقال امارة بني عيار وحكومتهم، نوروز العراق، العدد (٧)، كانون الثاني-١٩٩٨م، القسم الأول، ص١٢.

(١٣٢) عبدالحسين نوائي تاريخ گزيده، مقدمه المحقق، چاپخانه سپهر، (تهران: ١٣٦٢هـ.ش/١٩٨٤ز)، ص ط-ى.

(١٣٣) بگەڕێوە سەر تەوەرەی یەکەم لەم بەشەدا.

(١٣٤) نزهة القلوب، مقدمة لسترانج، چاپخانە حيدري، (تهران: ١٣٣٦هـ.ش/١٩٥٨ز)، ص٩.
(١٣٥) حمدالله مستوفي: نزهة القلوب، ص ص٢٣، ٢٩، ٥١، ٨٥، ٩٨، ١١٧، ١٢٠، ١٢٧، ١٣٠.
(١٣٦) بدليسی: شەرەفنامە، وەرگێڕانی هەژار، دەزگای ئاراس، چاپی سێیەم، (هەولێر: ٢٠٠٦)، ل ل٥٤٧-٥٤٨؛ روحاني، بابا مردوخ: تاريخ مشاهير كرد، سروش، (تهران: ١٣٨٢هـ.ش)، جلد١، ص ص١٦٦-١٦٧.
(١٣٧) زكي، محمد أمين: مشاهير الكرد وكردستان، مطبعة شڤان، (السليمانية: ٢٠٠٥)، ج٢، ص٢٣٧.
(١٣٨) مينورسكي، ظ.ف: الأكراد ملاحظات وانطباعات، ت: معروف خزندار، دار الكتاب، (بغداد: ١٩٦٨)، ص٢٥.
(١٣٩) النجار: شرفخان البدليسی، ص١٥٧؛ رەسول عيزەدين مستەفا: شەرەفخانی بەدليسی پاش (٤٠٠) ساڵ، گۆڤاری هەزارمێرد، ژمارە (٣)، (سلێمانی: ١٩٩٨)، ل ل١٨-٢٢.
(١٤٠) ئەحمەد: مێژوو، ل ل١٨٤-١٨٥.
(١٤١) منذر: اساسيات البحث العلمي، ص١٣٢؛ جوتشلك: كيف نفهم التأريخ، ص٦٩.
(١٤٢) بڕوانە سەرجەمی بەرهەمەکانی حوسێن حوزنی موکریانی.
(١٤٣) شەریف، جەلیل محەمەد: ناودارانی کورد لە (قاموس الأعلام)دا پێداچوونەوەی: جەمیل ڕۆژبەیانی، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٢٦)، هاوینی-١٩٩٠، ل١٢٨.

## لیستی سەرچاوەکان


القرآن الكريم

أ- سەرچاوە بنەرەتییەکانی عەرەبی:

ابن الاثير، عزالدين ابي الحسن علي بن ابي الكرم الجزري (ت ٦٣٠هـ/١٢٣٢م).

١- التاريخ الباهر في الدولة الأتابكية بالموصل، تحقيق عبدالقادر أحمد طليمات، دار الكتب الحديثة، القاهرة: ١٩٦٣م.

٢- الكامل في التاريخ، مطبعة العصرية، بيروت: ٢٠٠٨م.

الأزدي، أبو زكريا يزيد بن محمد بن إياس (ت ٣٣٤هـ/٩٤٥م).

٣- تاريخ الموصل، دار الكتب العلمية، ط١، بيروت: ٢٠٠٦م/١٤٢٧هـ.

البدليسي، الأمير شرف بن شمس الدين (ت بعد ١٠٠٥هـ/١٥٩٦م).

٤- شرفنامة، ترجمة جميل الملا أحمد الروذبياني، ط١، مطبعة النجاح، بغداد- ١٩٥٣ و ط٢ مؤسسة موكرياني للطباعة والنشر، اربيل:٢٠٠١م وكذلك ط٣ دار المدى، دمشق:٢٠٠٧م.

ابن خلدون، عبدالرحمن بن محمد بن محمد (ت ٨٠٨هـ/١٤٠٦م).

٥- العبر وديوان المبتدأ والخبر في أخبار العرب والعجم والبربر ومن عاصرهم من ذوي السلطان الأكبر، دار الكتاب اللبناني ومكتبة المدرسة، بيروت: ١٩٨٦م.

٦- مقدمة ابن خلدون، تحقيق حامد أحمد طاهر، دار الفجر للتراث، القاهرة: ١٤٢٥هـ/٢٠٠٤م.

ابن خلكان، أبوالعباس شمس الدين احمد بن محمد بن أبي كبر (ت ٦٨١هـ/١٢٨٢م).

٧- وفيات الأعيان وأنباء أبناء الزمان، تحقيق احسان عباس، دار صادر، ط٤، بيروت: ٢٠٠٥م).

ابن كثير، عمادالدين أبوالفداء اسماعيل بن عمر القريشي (ت ٧٧٤هـ/١٣٧٢م).

٨- البداية والنهاية، مكتبة المعارف، بيروت: ١٤٠٨هـ/١٩٨٨م.

المسعودي، ابوالحسن علي بن الحسين بن علي (ت ٣٤٦هـ/٩٥٧م).

٩- التنبيه والأشراف، دار مكتبة الهلال، بيروت: ١٩٨١م.

١٠– مروج الذهب ومعادن الجوهر، دار الكتاب العالمي، بيروت: ١٩٨٩م.
ابـن منظـور، أبـي الفـضل جمـال الـدين محمـد بـن مكـرم الأفريقـي المـصري (ت ٧١١هـ/١٣١١م).
١١– لسان العرب، دار الصادر، بيروت: ١٤١٤هـ/١٩٩٤م.
ابن النديم، ابوالفرج محمد بن ابي يعقوب اسحاق (ت ٣٨٠هـ/٩٩٠م).
١٢– الفهرسـت، تحقيـق يوسـف علـي طويـل، دار الكتـب العلميـة، ط٣، بـيروت: ١٤٢٢هـ/٢٠٠٢م.
ياقوت الحموي، شهاب الدين بن عبدالله الرومي البغدادي (ت ٦٢٦هـ/١٢٢٨م).
١٣– معجم البلدان، تحقيق محمد عبدالرحمن المرعـشي، دار احيـاء الـتراث العربـي، بيروت: ١٩٩٦م.
اليعقوبي، أحمد بن واضح الكتاب (ت ٢٩٢هـ/٩٠٤م).
١٤– البلدان، ط٣، مط الحيدرية، النجف: ١٣٧٧هـ/١٩٥٧م.

**ب . سەرچاوە فارسييەكان:**
حمدالله مستوفي، أبوبكر بن محمد بن نصر (٧٥٠هـ/١٣٤٩م):
١٥– تاريخ گزيده، تـأليف درسـنهء (٧٣٠هـ)، بأهتمـام دكـتر عبدالحسين نـوائي، چاپ دوم، تهران: ١٣٦٢هـ.ش/١٩٨٤م.
١٦– نزهة القلـوب في المـسالك والممالـك، بكوشـش محمـد دبـير سـياقي، كتابخانـه طهوي، تهران: ١٣٣٦هـ.ش/١٩٥٨م.
دهخدا، علي أكبر (١٢٥٨–١٣٣٤هـ.ش/١٨٧٩–١٩٥٦م):
١٧– لغت نامة، تهران: ١٣٥١هـ.ش/١٩٧٣م.
روحاني، بابا مردوخ:
١٨– تاريخ مشاهير كرد، سروش، تهران: ١٣٨٢هـ.ش/٢٠٠٤م.

**ج– سەرچاوە لاوەكييەكانى عەرەبى (المراجع العربية):**
آميدي، كرڤان محمد أحمد.
١– الكرد في كتابات المؤرخ ابن الأثير الجزري، مط حجي هاشم، ط١، اربيل: ٢٠٠٦م

بروكلمان، كارل:
٢- تاريخ الأدب العربي، تعريب عبدالحليم النجار، دار المعارف، مصر: ١٩٧٤م.
بول، ستانلي لين:
٣- الدول الاسلامية، نقله من التركية إلى العربية، محمد صبحي فرزات، مط الملاح، دمشق: ١٣٩٤هـ/١٩٧٤م.
توفيق، زرار صديق:
٤- القبائل والزعامات القبلية الكردية في العصر الوسيط، مط مؤسسة ئاراس، اربيل: ٢٠٠٧م.
٥- كردستان في القرن الثامن الهجري، مط وزارة الثقافة، مؤسسة موكرياني للطباعة والنشر، اربيل: ٢٠٠١م.
جواد، مصطفى:
٦- جاوان القبيلة الكردية المنسية ومشاهير الجاوانيين، مط المجمع العلمي الكردي، بغداد: ١٩٧٣م.
جوتشلك، لويس:
٧- كيف نفهم التاريخ مدخل إلى تطبيق المنهج التاريخي: ترجمة عائدة سليمان عارف وأحمد مصطفى أبوحاكمة، دار الكتاب العربي ومؤسسة فرنكلين للطباعة والنشر، بيروت ونيويورك: ١٩٦٦م.
خصباك، شاكر:
٨- الأكراد، الدار العربية، بيروت: ١٤٢٦هـ/٢٠٠٥م.
الروزبياني، محمد جميل الملا أحمد:
٩- داقوق في التاريخ، مط وزارة الثقافة، السليمانية: ٢٠٠٤م.
١٠- مدن كردية قديمة، تاريخها، جغرافيتها، رجالها، علماؤها، ادباؤها، مط(هەوال)، السليمانية: ١٩٩٩م.
١١- نبذة عن العشيرة الروزبيانية (الروزبهانية) والمعروفين من الروزبيانيين في الكتب التاريخية، ط٢، مط الثقافة، اربيل:٢٠٠١م.
زامباور:

١٢- معجم الأنساب والأسرات الحاكمة في التاريخ الأسلامي، ترجمة زكي محمد حسن، مط فؤاد الأول، القاهرة: ١٩٥١م.
زكي بك، محمد أمين:
١٣- تاريخ السليمانية وانحائها، ترجمة محمد جميل بندي الروزبياني، مط وزارة الثقافة، ط٢، السليمانية: ٢٠٠٢م.
١٤- مشاهير الكرد وكردستان، مط شڤان، السليمانية: ٢٠٠٥م.
سالم، عبدالعزيز:
١٥- مناهج البحث في التاريخ الاسلامي والآثار الاسلامية، مؤسسة شباب الجامعة، الاسكندرية: ٢٠٠٦م.
الضامن، منذر:
١٦- اساسيات البحث العلمي، دار المسيرة، عمان: ٢٠٠٧م.
طعيمة، صابر:
١٧- الدولة والسلطة في الأسلام، مكتبة مدبولي، ط١، القاهرة: ٢٠٠٥م.
عبوش، فرهاد حاجي:
١٨- المدينة الكوردية من القرن ٤-٧هـ/١٠-١٣م، مط وزارة التربية، اربيل: ٢٠٠٤م.
عثمان، حسن:
١٩- منهج البحث التاريخي، ط١١، دار المعارف، القاهرة: ١٩٩٣م.
العزاوي، عباس:
٢٠- عشائر العراق، مط المعارف، بغداد: ١٣٦٦هـ/١٩٤٧م.
العزاوي، عبدالرحمن حسين:
٢١- المسعودي مؤرخاً، مط الجامعة، بغداد: ١٤٠٢هـ/١٩٨١م.
كراتشكوفسكي، اغناطيوس:
٢٢- تاريخ الأدب الجغرافي العربي، ترجمة صلاح الدين عثمان، مراجعة ايغور بليايف، موسكوفا:١٩٥٧م.
لسترنج، كي:
٢٣- بلدان الخلافة الشرقية، يتناول صفة العراق والجزيرة وايران وأقاليم آسيا الوسطى، ترجمة بشير فرنسيس وكوركيس عواد، مط الرابطة، بغداد: ١٩٥٤م.

مردوخ، آية الله:
٢٤- اصل الأسرة السنوية الموجودين في العراق، ترجمة محمد جميل الروزبياني، مط وزارة الثقافة، اربيل: ٢٠٠٠م.
مرعي، فرست:
٢٥- الأمارات الكردية في العصر العباسي الثاني (٣٥٠-٥١١هـ/٩٦٠-١١١٧م)، مط وزارة التربية، اربيل: ٢٠٠٥.
المسري، حسين علي:
٢٦- تجارة العراق في العصر العباسي، الكويت: ١٤٠٢هـ/١٩٨٢م.
مينورسكي، ڤ.ف:
٢٧- الأكراد ملاحظات وانطباعات، ترجمة معروف خزندار، دار الكتاب، بغداد: ١٩٦٨م.
الوردي، علي:
٢٨- لمحات اجتماعية من تاريخ العراق الحديث، دار الراشد، بيروت: ١٤٢٦هـ/٢٠٠٥م.

## د- سەرچاوە بنەڕەتی و لاوەکییە کوردییەکان:

ئەمین، نەبەز مەجید:
١- یاقوتی حەمەوی، سلێمانی: ٢٠٠٢ز.
ئیسکەندەر، شەمسی محەمەد:
٢- مێژووی کورد لە سەدەی (١٦)هەمدا (شەرەفنامە)ی شەرەفخانی بدلیسی وەکو سەرچاوەیێکی مێژوویی نەتەوەی کورد، وەرگێڕ شوکور مستەفا لە تورکی ئازەرییەوە، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر: ١٩٩٨ز.
بالخی، مەلا محەمەدی کوڕی مەلا عوسمان سالّی (١٩٠٦ز) مردووە:
٣- دیوانی مەحوی، لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و محەمەدی مەلا کەریم، انتشارات کردستان، سنندج: ١٣٨٣هـ.ش/٢٠٠٣م.
بدلیسی، میر شەرەفخان کوڕی شەمسەدین لە دوای سالّی (١٠٠٥ك/١٥٩٦ز) مردووە:

٤– شەرەفنامە، وەرگێڕانی هەژار، دەزگای ئاراس، چاپی سێیەم، هەولێر: ٢٠٠٦ز.
پۆلادیان، ئارشاك:
٥– كورد لە سەدەی حەوتەمەوە تا سەدەی دەیەم، وەرگێڕانی جەلیل كاكەوەیس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر: ٢٠٠٥ز.
جەواد، مستەفا:
٦– عێلی جاوان عێلی لەبیربراوە و ناودارانی لەبیرنەماوە، وەرگێڕانی جەمیل ڕۆژبەیانی، سەردەم، سلێمانی: ٢٠٠١ز.
حەوێزی، مەلا ڕەئووف سەلیم:
٧– كوردستان و ئایینی ئیسلام، چاپخانەی جامعە بغداد: ١٩٧٩.
حوزنی، حوسێن:
٨– سەرجەمی بەرهەمی حوسێن حوزنی، بە سەرپەرشتی كوردستان موكریانی، ئاراس، هەولێر:٢٠٠٧ز.
دانەری نادیار:
٩– وڵاتگیری ڕەشەخاكی عێراق، وەرگێڕانی مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی، چاپخانەی رۆشنبیری، چاپی دووەم، هەولێر: ٢٠٠٥ز.
ڕۆژبەیانی، مەلا جەمیل:
١٠– چەپكێ ڕەخنە لە كتێبی ئوستاد، چاپخانەی تیشك، كەركووك: ٢٠٠٥ز.
١١– چوار دەوڵەتی كورد چوار دەوڵەتی فەرامۆشكراوی نەناسراو دونبلی، شاهێنی، شوانكارە، مینەتشاهی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر: ٢٠٠٠ز.
١٢– فەرمانڕەوایی موكریان، دار الحرية للطباعة، بەغداد: ١٩٩٢ز.
١٣– مێژووی حەسەنوەیهی و عەییاری، دار الحرية للطباعة، بغداد: ١٤١٦ك/١٩٩٦ز.
١٤– وڵاتەكەت باشتر بناسە، دەزگای ئاراس، هەولێر: ٢٠٠٤.
زەكی، محەمەد ئەمین:
١٥– خلاصەیەكی تاریخی كورد و كوردستان، بەغداد: ١٣٥٠هـ/١٩٣١م.

**هـ- لێکۆڵینەوە و وتارەکان:**

النقشبندي، حسام الدين علي غالب:
١- توضيحات واضافات لمقال (امارة بني عيار وحكومتهم) مجلة نوروز العراق، العدد (٧)، ج١، كانون الثاني-١٩٨٨م.
٢- توضيحات واضافات لمقال (امارة بني عيار وحكومتهم)، العدد (٨)، ج٢، آذار-١٩٨٩م.
٣- توضيحات واضافات لمقال (امارة بني عيار وحكومتهم)، العدد (٩)، ج٣، نيسان-١٩٨٩م.
٤- ملاحظات حول جاوان القبيلة الكردية المنسية ومشاهير الجاوانيين، مجلة المجمع العلمي الكردي، مج٢، ج٢، بغداد: ١٩٧٤.
ڕۆژبەیانی، مەلا جەمیل:
٥- خانەقین لە مێژوودا، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق - دەستەی کورد، بەرگی (١٨-١٩)، بەغدا - ١٩٨٨ز.
٦- جاوان ئەم قەبیلە لە کوێ ژیاوە؟ چی بەسەرهاتووە؟ ناوەکەی (جاڤان)ە یان (گاوان)؟ گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١١١)، ئەیلولی- ١٩٨٦ز.
٧- (دودمان ئاریائی) و مێژووی کورد و کوردستانەکەی ئەمین زەکی بەگ، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (٣٢٥)، ساڵی ١٩٩٣ز.

**الملخص**

يعد (ملا جميل الروزبياني ) احد الكتاب والباحثين الذين برزوا منذ النصف الاول من القرن المنصرم ، والذي أسدى بكتاباته التاريخية خدمة كبيرة لتاريخ الكرد وكردستان، وساهم في اثراء حركة التدوين التاريخي الكردي. ومن ابرز نتاجاته في مجال تاريخ الكرد الاسلامي: مدن كردية قديمة، مێژووی حەسنەوی و عەییاری، چوار دەوڵەتی كورد، ولاّتەكەت باشتر بناسە، بالاضافة الى ملاحظاته وانطباعاته الهامة والكثيرة والتي ثبتها خلال ترجمته لكتاب الشرفنامة. ومما يجدر ذكره فان الروزبياني وانطلاقا من شعوره بالمسؤولية القومية والتاريخية تجاه أمته، فقد عمل بجد واخلاص مما مكنه من اثارة العديد من التوجهات والآراء الجديدة بشأن قضايا عدة تخص تاريخ الكرد خلال العصر الاسلامي، وهي بحق جديرة بأخذها مأخذ الجدَ والتمعن.

ومن هذا المنطلق فقد خصص هذا البحث لعرض وتحليل منهج الروزبياني في كتابة تاريخ الكرد في العصر الاسلامي. ويتألف من ثلاثة مباحث: خصى المبحث الاول لعرض سمات منهجه في الكتابة التاريخية، كالدقة والتكرار والاستشهاد بالنصوص القرآنية والادبية وغيرها...

وفي المبحث الثاني تم تقييم اعماله ونتاجاته في هذا المجال والخاصة بالمدن الكردية والقبائل والطوائف الكردية والامارات الكردية. أما المبحث الثالث والاخير فقد خصص لالقاء الضوء على المصادر والمراجع التي رجع اليها الروزبياني في طروحاته والتي تنوعت بين تاريخية وجغرافية وأدبية رصينة والتى كتبت بالعربية والفارسية والتركية، بالاضافة الى مراجع حديثة وكتابات بعض المستشرقين، وختاماً تم تلخيص اهم ماتوصل اليه البحث من استنتاجات في نقاط محددة.

# Abstract

Mullah Jameel Rozhbayani is considered one of the writers and researchers who became prominent since the first half of the past century, and who rendered a great service to the history of Kurds and Kurdistan by his historical writings. Rozhbayani also contributed to enriching the movement of the Kurdish historiography. His most outstanding works in the field of the Islamic history of Kurds are: Ancients Kurdish Cities, The History of Hasnawi and Ayyari, The Four Kurdish States, and Know Your Country Better, in addition to his many and important observations and impressions that he confirmed through translating the book Sharafnama. It is worth mentioning that from the prospective of feeling the national and historical responsibility towards his nation, Rozhbayani worked hard and sincerely; therefore, he raised many new attitudes and ideas concerning issues related to the history of Kurds during the Islamic period. Those attitudes and ideas are seriously and deeply worth studying.

This research is devoted to displaying and analyzing Rozhbayani's method in writing the Kurdish history in the Islamic period. The study consists of three sections. The first one is concerned with displaying features of his method in the historical writing like accuracy, repetition, citing Koranic and literary texts, etc. The second section evaluates his works that are pertinent to Kurdish cities, Kurdish tribes and sects, and Kurdish emirates. The third section deals with shedding light on resources that Rozhbayani consulted in raising his firm historical, geographical, and literary questions which were written in Arabic, Persian, and Turkish in addition to modern resources, and writings of some orientalists. Finally, the most important conclusions the research reached are summarized.

# هەولێر لە ماوەی یەکەم حوکمڕانیی بەعسدا
## ٨ی شوبات ١٩٦٣-١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣
### (توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە)

**د. مەهدی محەمەد قادر**
**کۆلێژی ئاداب ـ بەشی مێژوو**

## پێشەکی

بارودۆخی سیاسی شاری هەولێر، لە ماوەی نێوان (٨ی شوباتی ١٩٦٣ ــ ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣)دا ، کە بە ماوەیەکی زۆر گرنگ لە مێژووی سیاسی عێراق و باشووری کوردستان دادەندرێت، بە ڕەوشێکی مەترسیدار و ترسناک تێپەڕیە، هەولێر یەکێك بووە لەم شارانەی کە بەدەر نەبووە لەم گۆڕانکاریانەی کە ئەوسا سەرانسەری عێراق بەخۆوەی بینیوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی بەعسییەکان حوکمڕانییان لە ڕێگای کودەتایەکی سەربازی گرتە دەست و کۆتایی بە سەردەمی حوکمڕانی عەبدولکەریم قاسم هات، ئەم ڕەوشە سیاسییەش تا کۆتایی یەکەم سەردەمی حوکمی بەعسییەکان، لە١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣، بەردەوام بوو.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە، لەوەدایە کە دەربارەی ڕەوشی سیاسی ئەم ماوەیی شاری هەولێرە، ئەمەش مەغزا و تایبەتمەندی خۆی هەیە، چونکە ئەم توێژینەوەیە بە یەکەم کاری ئەکادیمی دادەندرێت لەسەر ڕەوشی سیاسی ئەم شارە و لەم ماوە مێژووییەدا، هەڵبەت بۆ ماوەیەکی زۆر بواری نووسینی ئەم جۆرە توێژینەوانە بە شێوەیەکی بابەتییانە و بە پشتبەستن بە سەرچاوە ڕەسەنەکان و دیدەنی ئەوانەی لە ڕووداوەکاندا بەشدار بوون کارێکی مەحاڵ بوو، بەڵام دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١، بە هۆی ئەو گۆڕانکارییانەی کە باشووری کوردستان بەخۆوەی بینی، ئەم دەرفەتەش ڕەخسا، کەچی تا ئەمڕۆش ئەم بابەتە بە پێی پێویست نەچوویتە ئەجیندای پرۆژەکانی باس و توێژینەوە زانستییەکان .

توێژینەوەکە لە پێشەکی و دەروازەیەك و سێ تەوەر و ئەنجامەکەی پێك هاتووە، دەروازەکە کورتەیەکە دەربارەی بارودۆخی سیاسی شاری هەولێر لە سەردەمی حوکمڕانی عەبدولکەریم قاسم ١٤ ی تەمموزی ١٩٥٨ ــ ٨ ی شوباتی ١٩٦٣، تەوەری یەکەم پێکهاتووە لە هەڵوێستی شاری هەولێر لە کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣، ئەویش بە ئاماژەکردن بۆ ئەو هەوڵانەی لە شارەکە دراوە بۆ بەرپەچدانەوەی کودەتاکە، تەوەری دووەمیش بریتییە لە سیاسەتی حکومەت لە شاری هەولێر بە تیشك خستنە سەر ئەو توندوتیژییانەی کە هێزەکانی حەرەس قەومی لە شارەکە ئەنجامیان داوە، هەروەها باس لەو هەوڵانەش کراوە کە بۆ لەناوبردنی نیشتمانپەروەران و نەتەوەخوازان لە شارەکە دراوە. هەرچی تەوەری سێیەمە پێکهاتووە لە ڕۆڵ و هەڵوێستی هەولێر لە پەیوەندییەکانی نێوان حکومەت و سەرکردایەتی شۆڕش لە باشووری کوردستان لە ماوەی دانوستانەکان و دواتریش لە کاتی دەستپێکردنەوەی شەڕ لە ١٠ ی حوزەیرانی ١٩٦٣.

ئەم سەرچاوانەی کە بۆ نووسینی ئەم توێژینەوەیە سوودیان لێ وەرگیراوە ، زیاتریان بەڵگەنامەن، کە بەشێکیان بڵاونەکراونەتەوە، بە تایبەتی ئەوانەیان کە تایبەتن بە دام و دەزگا ئەمنییەکانی عێراق، لە پاڵیشیانەوە بەڵگەنامە بڵاوکراوەکانیش تا ڕادەیەك سوودیان لێ وەرگیراوە، هەروەها کتێبەکان، بە تایبەتی بەرگی سێیەمی کتێبی (بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد ) ی مسعود بارزانی، کە تایبەتە بە شۆڕشی ئەیلول، سوودی زۆری لێ وەرگیراوە، هەروەها کتێبی (الحركة القومية الكوردية في كوردستان العراق ٨ شباط ١٩٦٣ ــ ١٧ تموز ١٩٦٨)ی شێرزاد زەکەریایە، هەرچەندە لەسەر کوردستانی عێراقە و کەمتر باسی ڕووداوەکانی شاری هەولێر دەکات، سوودی خۆی بۆ لێکۆڵینەوەکە هەبووە، هەروەها یاداشتەکانی هەر یەك لە: موحسین دزەیی و نەجمەدین مامۆ و کەریم ئەحمەد و خورشید شێرە و سەید کاکە، کە لەم ماوەیە لە ناو شاری هەولێر ژیاون و لە نزیکەوە ئاگاداری ڕووداوەکانن، سوودیان لێ وەرگیراوە، ئەوە بە چاوپۆشین لە نووسینەوەی ئەم یاداشتانە زۆر بابەتی گرنگیش هەیە فەرامۆش کراوە کە تایبەتە بە شاری هەولێر، لەوە دەچێت ئەمەش پەیوەندی بەخودی ئەوانەوە نەبووبێت، بەڵام ورووژاندنیان بۆ مێژووی ئەم شارە زۆر گرنگن.

چـاوپێکەوتنەکانیش، کـە هەنـدێکیان پێـشتر لـە سەرچـاوەکاندا ئاماژەیـان بـۆ نـەکراوە، توێـژەر ڕاسـتەوخۆ لەگـەڵ پەیوەنـدداڕانی ئـەنجامی داون زانیـاری زۆر گرنگیان لێ بەدەست هاتووە، ، ئەم چاوپێکەوتنانەش بەشـێکیان کـە توێـژەر لـە کـاتی ئامـادەکردنی ماسـتەرنامەکەیدا ئـەنجامی داوە، وەك: چـاوپێکەوتن لەگـەڵ هەریەك لە مستەفا عەبدوڵلا و مەجید عەبدولڕەزاق ناسراو بـە(مـام قـادر)، ئـەوانی دیکـەیش لـە کـاتی ئامـادەکردنی ئـەو توێژینەوەیـە ئـەنجام دراون، بـە نموونـە چاوپێکەوتنەکان لەگەڵ هـەر یـەك لـە خورشـید شـێرە، کـەریم ئەحمـەد، عـەزیز محەمەد، سامیە شاکر، ممتاز حەیدەری، تەحسین محەمـەد، .... هتـد. سـوودیان لێ وەرگیراوە. لە کۆتاییدا پێمان وایە دەکرێت ئەم توێژینەوەیـە بـە یەکـەم کـاری ئەکادیمی تایبەت بە مێژووی ئەم شارە لەم ماوەدا دابندرێت.

## دەروازە

دوای سەرنەکەوتنی چەندین هەوڵ، لەلایەن ڕێکخراوی ئەفسەرە ئازادیخوازەکان، بۆ لەناوبردنی ڕژێمی شاهانە لە عێراق، لە بەرەبەیانی ڕۆژی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ کۆتایی بە دەسەڵاتی ئەم ڕژێمە هات[١]، کاردانەوەی ئەم ڕووداوە گرنگە لەسەر ئاستی ناوەخۆ و دەرەوە جێگای بایەخێکی گەورە بوو، دوای بڵاوکردنەوەی بەیانی ژمارە (١) لە لایەن عەقید عەبدولسەلام عارف (١٩٢١ - ١٩٦٦) کە ڕابوونی کۆماری عێراقی ڕاگەیاند[٢]، گەلی کورد لە باشووری کوردستان لە ڕێگای خۆپیشاندانە جەماوەرییەکان پێشوازییەکی گەورەی لەم شۆڕشە کرد[٣]، لە سەر ئاستی سەربازیش ئەو ئەفسەرە کوردانەی کە لە ڕیزی ڕێکخراوی ئەفسەرە ئازادیخوازەکان بوون ڕۆڵی گرنگیان لە سەرخستنی ئەم شۆڕشەدا بینی، لەوانە: موقەدەم فەتاح شالی و عەقید عادل جەلال و ڕەئیس مستەفا عەبدوڵلا[٤].

شاری هەولێر پشتگیرییەکی جەماوەری فراوانی لەم شۆڕشە کرد، هەر وەك عەونی یوسف ( ١٩٠٨ ـ ١٩٨٨ ) دەربارەی ڕۆژی ١٤ی تەمموز لە شاری هەولێر دەڵێت : **"پەیوەندیم بە نوێنەرانی هێزە نشتیمانیەکان لە هەولێر کرد بۆ سازکردنی خۆپیشاندانێکی فراوانی جەماوەری وەك پاڵپشتی بۆ شۆڕش"** [٥]، دوای ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی عێراق پاڵپشتی خۆیان بۆ شۆڕش ڕاگەیاند، کەوتنە هاندان و پشتگیریکردن لە جەماوەری ئەم شارە، دەتوانین بڵێین بۆ یەکەمین جار بوو حزبی شیوعی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان، شان بە شانی جەماوەری هەولێر، لە شەقامەکانی ناو شاردا بە شێوەیەکی ئاشکرا هوتاف بۆ سەرکەوتنی شۆڕش و ڕووخانی ڕژێمی شاهانە لێبدەن[٦].

شۆڕشی ١٤ی تەمموز وەرچەرخانێکی گەورەی ژیانی سیاسی بوو لە تەواوی عێراقدا، خەڵکی هەولێریش وەك سەرجەم شارەکانی تر، هیوایەکی گەورەیان بەم شۆڕشە هەبوو بە تایبەتی دوای ئەوەی لە ٢٧ی تەمموزی ١٩٥٨ لە دەستووری کاتیدا لە مادەی سێیەمین بۆ یەکەمین جار داننرا کە هەردوو نەتەوەی کورد و عەرەب هاوبەشن لەم نیشتمانە[٧]، هەروەها لە ٨ی ئابی ١٩٥٨ عەبدولسەلام عارف بە یاوەری شاندێك سەردانی شاری هەولێری کرد و لە یاریگای کارگێڕی

خۆجێیی (الادارة المحلية) وتارێکی پێشکەش بە جەماوەری ئەم شارە کرد، تێیدا ئاماژەی بۆ کۆتایی هاتنی سەردەمی تاکڕەوی لە دەسەڵاتدا کرد و سەرکردەکانی شۆڕشی بە خزمەتکاری گەل وەسف کرد[٨].لە رووی کرداریشەوە لە٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٨ عەبدولکەریم قاسم (١٩١٤ ــ١٩٦٣) سەرۆك وەزیرانی عێراق پێشوازی لە گەڕانەوەی مستەفا بارزانی (١٩٠٣ - ١٩٧٩) لە یەکێتی سۆڤیەت کرد[٩] شاندی شاری هەولێر بە سەرۆکایەتی عەبدوڵلا ئیسماعیل (١٩٢٧ ــ ٢٠٠٠ ) لە شاری بەغدا بەشدارییان لە پێشوازی مستەفا بارزانی کرد و لە ٢٢ی هەمان مانگ گەیشتە شاری هەولێر و بە هەمان شێوە پێشوازییەکی گەرمی لێ کرا[١٠].

ڕەوشی سیاسی شاری هەولێر لە نێوان ساڵانی ١٩٥٨ ــ ١٩٦١ بە ماوەیەکی ئارامی سیاسی تێدەپەڕێت بە تایبەتی دوای ئەوەی بە پێی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٦٠ مۆڵەتی کارکردنی ئاشکرا بە پارتە سیاسییەکان درا[١١]، ئەوە بوو پارتی دیموکراتی کوردستان لە٨ی شوباتی ١٩٦٠مۆڵەتی کارکردنی ئاشکرای لە وەزارەتی ناوەخۆ وەرگرت[١٢]، بەڵام سەبارەت بە حزبی شیوعی عێراق داواکەی لەلایەن وەزارەتی ناوەخۆ ڕەت کرایەوە و بە مەبەستی پارچەکردنی ئەم حزبەش مۆڵەتی کارکردنی ئاشکرا، بە هەمان ناو، درایە ئەو کۆمەڵەیەی کە داود سایغ سەرکردایەتی دەکرد کە خۆی یەکێك بوو لە لادەرەکانی حزبی شیوعی، لایەنگرانی لە هەولێر لە ئاستێکی زۆر کەمدا بووە بەڵام هەر یەك لە مەلا عومەر سۆفی و جەبار حەسەن سەر بەم کۆمەڵە بوون[١٣].

هەولێر دوای دەستپێکردنی شۆڕشی کوردستان (شۆڕشی ئەیلول)، لە ١١ی ئەیلولی ١٩٦١، یەکێك لەم شارە سەرەکییانە بووە پشتگیری ئەم شۆڕشەی کردووە[١٤]، بەڵام خراپی پەیوەندییەکانی نێوان (پارتی و شیوعی) بەهۆی هەڵوێستەکانی حزبی شیوعی بەرامبەر شۆڕشی کورد و سووربوونی لەسەر پشتگیریکردنی عەبدولکەریم قاسم، دووبەرەکی لەناو خەڵکی هەولێر دروست کرد کە بووە فاکتەرێك حکومەت سوود لەم پەیوەندییە نائاساییە ببینێت بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی لە دژایەتیکردنی بزووتنەوەی نیشتمانی و نەتەوەیی لە هەولێر[١٥]. ڕەفتارەکانی موتەسەریفی هەولێر بەدرەدین عەلی نموونەی ئەم ڕاستییە بوون، هەر بۆیە دوای ئەوەی کە لە نیسانی ١٩٦٢ لێژنەیەك لە (محەمەد

حەسەن دزەیی ـ سەرۆك و بە ئەندامێتی محەمەد شەهاب دەباغ، شێخیل حەسەن هیدۆش، ئیسماعیل یەعقوبی، سعاد نافع، موحسن محەمەدئەمین دزەیی، شەریف محەمەد ) بۆ دروستکردنی پەیکەرێك بۆ زەعیم عەبدولکەریم قاسم لە شاری هەولێر پێك دەهێنرێت[١٦] لەکاتی تەواوبوونی پەیکەرەکە لە سەر رێگای کەرکووك ـ هەولێر لە ١٤ی تەمموزی ١٩٦٢ پەردەی لەسەر لادەبردرێت[١٧] لە ئێوارەی هەمان رۆژدا بەم بۆنەیە ئاهەنگێك لە یانەی ئازادی بەڕێوەدەچێت کە هەر یەك لە بەدرەدین عەلی و حەسەن ئەلقەیسی جێگری موتەسەڕیف و ئەحمەد حەمەدئەمین دزەیی و موحسن دزەیی و ئیبراهیم عەلی دزەیی و مەجید جوکل دزەیی ئامادە دەبن لە کاتی ئاهەنگەکەدا هەوڵی کوشتنی موتەسەڕیف بەدرەدین عەلی دەدرێت بەڵام پیلانەکە سەرناکەوێت[١٨]. بەم جۆرە ڕەوشی سیاسی شاری هەولێر تا ٨ی شوباتی ١٩٦٣ هیچ گۆڕانێکی گرنگی بەخۆوە نەبینی و بە هەمان شێوە مایەوە.

**تەوەری یەکەم : هەڵوێستی شاری هەولێر لە کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ .**

دوای سەرکەوتنی هاوپەیمانێتی ( بەعس و ناسرییەکان )، لە ڕێگای کودەتایەکی سەربازی، لە رۆژی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ کۆتایی بە فەرمانڕەوایی عەبدولکەریم قاسم هات[١٩]، ئەوە بوو ئەنجومەنی نیشتیمانی سەرکردایەتی شۆڕش، کە بەعسییەکان زۆرینەیان پێکدەهێنا، دەسەڵاتی حوکمڕانییان لە عێراق گرتە دەست[٢٠]، لە ٩ی شوباتدا حکومەتێکی کاتی بە سەرۆکایەتی ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر (١٩١٤ ـ ١٩٨٢ ) پێکهێندرا، تیایدا هەر یەك لە بابا عەلی شێخ مەحموود (١٩١٢ ـ ١٩٩٦ ) بە وەزیری کشتوکاڵ و فوئاد عارف (١٩١٣ ــ ٢٠١٠) بە وەزیری دەوڵەت، وەك کورد، بەشدارییان پی کرا[٢١]، عەبدولسەلام عارف، دوای بەرزکردنەوەی پلەی سەربازییەکەی بە بڕیارێك لە لایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە عەقید روکنەوە بۆ موشیر روکن، بە سەرۆك کۆماری عێراق هەڵبژێردرا[٢٢].

ڕەوشی سیاسی عێراق، دوای سەرکەوتنی ئەم کودەتایە و گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن بەعسییەکانەوە، پێی نایە سەردەمێکی مەترسیدار، چونکە هەر لە رۆژی یەکەمدا، وەك ئامانجێکی نەخشە بۆکێشراو، کەوتنە هەوڵی پاکتاوکردنی

نـەیارەکانیان لـە تـەواوی عێـراق بـە تایبـەتی لایـەنگرانی عەبدولکـەریم قاسـم و لێپرسـراو و ئەنـدام و لایـەنگرانی سـەر بـە حیزبـی شـیوعی عێـراق، کـە ئەمـەش ڕەوشـێکی توندوتیـژ و ترسـناکی لـە هـەموو شـارەکان هێنـا کایـەوە، ئـەم بارودۆخەش، دوای دەرکردنی بەیانی ژمارە (١٣) لەلایـەن ئەنجومـەنی نیشتیمانی سـەرکردایەتی شـۆڕش، بەتـەواوی تێکدەچێت [٢٣]، دەکرێـت بڵـێین، هـەر چـەندە پاشخانێکی ناتەندروست لە پەیوەندییەکانی نێوان حیزبی شیوعی عێراق و پـارتی بەعسی عەرەبی سوسیالیست لە سەردەمی حوکمڕانی عەبدولکەریم قاسـم هـەبوو، هەڵوێـستی حیزبـی شـیوعی، کـە لـە بەیاننامـەی ژمـارە (١) و (٢) ی ڕۆژی ٨ی شـــوباتدا لـــە دژی کودەتاکـــە بڵاوکرایـــەوە، کاردانـــەوەی خراپـــی لەســـەر کودەتاچییەکان بینی لە ڕەفتارکردنیان بەرامبەر بـە ئەنـدام و لایـەنگرانی حیزبـی شیوعی دوای ئەوەی دەسەڵاتیان چەسپا ئەوەندەی دیکە ڕەوشەکەی ئـاڵۆز کـرد، هەر بۆیە دەتوانین بڵێین حیزبی شیوعی دەیتوانی بەشێوازێکی تـر مامەڵـە لەگـەڵ ڕووداوەکە بکـات کـە ببێتـە ڕێگایـەك بـۆ ڕزگـارکردنی ژمارەیـەکی زۆری ئەنـدام و لایەنگرانی بە پێچەوانەی ئەم بارودۆخەی ڕووی دا کـە ژمارەیـەکی زۆریـان لەسـەر دەستی کودەتاچییەکان لـەناوبردران[٢٤]، چـونکە دوای دەرکردنـی بـەیانی ژمـارە (١٣) هێزەکـانی سـەر بـە کودەتاچـییەکان، بـە تایبـەتی هێزەکـانی (حـەرەس قەومی)[٢٥] ، ئەو دەسەڵاتەیان پێدرابوو بەبێ دادگاییکردن هەر کەسێك کـە سـەر بـە حیزبـی شـیوعی بێـت لـە هـەر شـوێنێك دەسـتگیر کـرا لـە هـەمان شـوێن بکوژرێت[٢٦].

شـاری هـەولێر، بـەهۆی ڕەوشـی سیاسـی باشـووری کوردسـتان (شۆڕشـی ئەیلول) و ململانێی نێوان حیزبی شیوعی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان لـە لایەك و پێکهاتەی نەتەوەیی لە لایەکی دیکە ، یەك هەڵوێستی بەرامبەر کودەتاکـە نـەبوو، چـونکە بەشـێك لـە خـەڵکی ئـەم شـارە پاڵپـشتی شۆڕشـی نەتـەوەیی کوردسـتانیان، بـە سـەرکردایەتی مستەفا بـارزانی، دەکـرد و هـەمان هەڵوێـستی ئەندام و لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستانیان نواند، کە پشتگیریکردن بوو لە کۆتـایی پێهێنـانی حـوکمڕانی عەبدولکـەریم قاسـم، هـەر بۆیـە سـەرکردایەتی شۆڕشیش، لە هەمان ڕۆژدا، ئاگربەستی بەرامبەر حکومەت ڕاگەیاند[٢٧] ، لە شاری

بەغداش بەمەبەستی پشتگیری لە کودەتاکە فوئاد عارف لە ڕێگای شەوکەت عەقراوی پەیوەندی بە سالح یوسفی کرد و بە ناوی پارتی دیموکراتی کوردستان بروسکەیەکی پشتگیرییان ئاراستەی سەرکردایەتی کودەتاکە کرد[٢٨]، بەڵام ئەوانەی کە هەر لە سەرەتای کودەتاکە لە هەولێر دژی وەستانەوە دوو ئاراستە بوون، **یەکەمیان:** ئەوانەی کە سەر بە لقی کوردی ـ حیزبی شیوعی عێراق بوون و لە ڕێکخستنەکاندا کاریان دەکرد. **دووەمیان:** ئەوانەی لایەنگری عەبدولکەریم قاسم بوون بە بێ ئەوەی پەیوەندی ڕێکخستنیان لەگەڵ حیزبی شیوعیدا هەبێت[٢٩] . هەروەها لە رووی پێکهاتەی نەتەوەییەوە، کە فاکتەرێکی تر بوو بۆ دروست نەبوونی یەك هەڵوێستی لەم شارە، دەگەڕێتەوە بۆ هەڵوێستی بەشێك لە تورکمانەکانی ئەم شارە کە بە دڵسۆزییەوە پاڵپشتی کودەتاکەیان کرد و لە دژی حیزبی شیوعی و لایەنگرانی عەبدولکەریم قاسم وەستانەوە، دەکرێت بڵێین هۆکاری ئەم هەڵوێستەش دەگەڕێتەوە بۆ هەندێ ڕووداوی سەردەمی عەبدولکەریم قاسم بەرامبەر بە تورکمانەکانی شاری کەرکووك کە لە ١٤ی تەمموزی ١٩٥٩ ڕووی دابوو[٣٠] .

هەر چەندە دابەشبوونی هەڵوێستی سیاسی و پێکهاتەی نەتەوەیی، لە ناو هەولێر، لە سەرەتای کودەتاکە دەرکەوت، بەڵام لایەنگرانی عەبدولکەریم قاسم، لە سەرووی هەمووانەوەش ئەندام و لایەنگرانی حیزبی شیوعی، هەڵوێستێکی ئاشکرایان لە دژایەتیکردنی کودەتاکە دەرخست، دوای بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی یەکەمی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی شیوعی، لە لایەن سکرتێری حیزب حسێن ئەحمەد ڕەزا ناسراو بە سەلام عادل ( ١٩٢٢ ـ ١٩٦٣ ) لە شاری بەغدا دەربارەی کودەتاکە و بانگەشەکردن بۆ وەستان لە دژی ئەم پیلانە، هەروەها دواتریش لە دوای نیوەڕۆی هەمان ڕۆژدا بەیاننامەی دووەمی ئاراستەی سەرجەم گەلانی عێراق کرد کە لە بەشێکیدا دەڵێت :

**" ... شاری بەغدا و تەواوی وڵات لە ژێر دەسەڵاتی جەماوەری میللی دایە ... داوا لە جەماوەر دەکەین کە چەك هەڵگرن بۆ هێرش کردنە سەر کودەتاچییەکان لە بەغدا و هەموو شارەکانی عێراق و دەست بەسەر چەکەکان بگرن لە بنکە پۆلیسەکان ... "[٣١].**

هاوکات لەگەڵ ئەم پەرەسەندنانە، ڕێکخستنەکانی حیزبی شیوعی لە شاری هەولێر، لە هەمان ڕۆژدا، کەوتنە جێبەجێکردنی بەیاننامەکانی حیزب بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کودەتاکە، لە کۆبوونەوەیەکی لەناکاوی لیژنەی ناوەخۆ(اللجنة المحلية)ی شاری هەولێر بە سەرۆکایەتی (عەبدولسەتار خزەیر) ئەندامی لیژنەی ناوەندی حیزب و سەرپەرشتیاری ڕێکخستنی سەربازی حیزب لە شاری هەولێر، بە ئامادەبوونی نەجمەدین مامۆ لێپرسراوی لیژنەی ناوەخۆی هەولێر لە ماڵی تۆفیق ئەحمەد ناسراو بە(هەژار ) چەند بڕیارێك درا و ڕێکخراوەکانی حیزب لە ناوەوە و دەرەوەی هەولێر لێی ئاگادار کرانەوە کە بریتی بوون لە:

١ / ڕێکخراوەکانی حیزب سەرکردایەتی جەماوەر بکەن و بە هەموو جۆرە چەکێك لە دژیان بوەستن و هەر شوێنێك کرا دەستی بەسەردا بگیرێت .

٢ / خۆپیشاندان لە گەڕەکەکان و شەقامە گشتییەکانی هەولێر بەڕێوە ببەن و داوا لە سەربازەکانی سەربازگەی هەولێر بکرێت پاڵپشتی کودەتاکە نەکەن .

٣ / بەستنی پەیوەندی لەگەڵ هەڤاڵانی پارتی دیموکراتی کوردستان و هاوکاری یەکتر بکەن .

٤ / هاندانی جەماوەر بۆ پابەند نەبوونیان بە قەدەغەکردنی هاتوچۆ ( منع التجول).

٥ / پەیوەندیکردن بە دۆست و لایەنگرانی حیزبی شیوعی لە سەربازگەی هەولێر بۆ ئەوەی دەست بەسەر چەکەکان دابگرن و هاوکاری جەماوەری شارەکە بکەن[٣٢].

هەر وەك لە بڕیارەکانی کۆبوونەوەکە دەردەکەوێت هەوڵدراوە کە هێزی جەماوەری شارەکە لە دژی کودەتاکە بەکاربهێندرێت ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە توانای سەربازی حیزب لە ناو شارەکە لە ئاستێکی زۆر نزمدا بووە لە ئاستی ئەوەدا نەبوو ڕووبەڕووی ڕەوشەکە ببێتەوە چونکە سەربازگەی شارەکە پەیوەندییان بە کودەتاکەوە کرد، لە لایەکی تر هەوڵدراوە یەك هەڵوێستی لە نێوان جەماوەری هەردوو حزب (شیوعی و پارتی) بەرجەستە بکرێت، بەڵام لەمەشدا سەرکەوتوو نەبوون چونکە تێڕوانینی هەردوولا، لەمەڕ کودەتاکە، پێچەوانەی یەکتر بوو.

سەرەڕای ئەم ڕەوشە خراپەی لە شارەکەدا لەئارادا بوو بەڵام شاری هەولێر یەکێك بوو لەم شارانەی کە دژی کودەتاکە وەستایەوە و یەکەمین هەوڵیش دوای کۆبوونەوەی دووەمی کۆمیتەی ناوەخۆ هەولێر، کە لە ماڵی کەمال شەعبی لە (گەڕەکی سەیداوە)[٣٣] بەسترا، بڕیاردرا، کە دەستبگرن بەسەر بنکەی پۆلیسی گەڕەکەکە، ئەوەش دوای ئەوەی ڕێکخستنەکانی حیزبی شیوعی پەیوەندییان بە یەکێك لە پۆلیسەکانی ئەم بنکەیە کرد و بەڵێنی ئەوەی پێدابوون کە چەکەکانی ناو بنکەکە بە جەماوەر بدات[٣٤]، بەڵام دوای ئەوەی ژمارەیەك لە جەماوەری حیزبی شیوعی، لەسەر داوای لێژنەی ناوەخۆی هەولێر، لە مەیدانی ئەم گەڕەکە کۆبوونەوە و نەجمەدین مامۆی لێپرسراوی لێژنەی ناوەخۆ، لە شوێنی کۆبوونەوەکە، وتارێکی لە دژی کودەتا و سەرکردە و ئامانجەکانیان پێشکەش بە جەماوەرەکە کرد، لە هەمان کاتدا شانەیەکی چەکداریان بۆ پاراستنی کۆبوونەوەکە لە هەر ئەگەرێکی هێرشکردنە سەریان پێك هێنا[٣٥] کە پێك هاتبوون لە ( ئەحمەد جۆلاً، نادر کۆیی، واحید سلێمان ناسراو بە واحیدە شەل، حاجی جەمال مەخموری، سلێمان موورتکەیی، تاهیر عوسمان)[٣٦] دوای پێشکەشکردنی وتارەکە لە سێ لاوە هێرش کرایە سەر بنکەی پۆلیسخانەکە، هەر چەندە دەرگای پۆلیسخانەکە بەڕووی جەماوەرەکە دادەخرێت و بنکەی سەرەکی پۆلیسی هەولێر لە ڕەوشەکە ئاگادار دەکرێتەوە بۆ بەهانا هاتنیان، بەڵام جەماوەرەکە لە خۆپیشاندانەکە بەردەوام دەبن و هێڵی تەلەفۆنی بنکەکە دەپچڕێنن و داوا دەکەن پۆلیسەکان خۆیان بەدەستەوە بدەن و هوتاف دژی کودەتاکە و سەرکردەکان لێدەدەن، بە هۆی گەیشتنی چەند ئوتومبێلێکی پۆلیس، کە زۆربەیان عەرەب بوون، بۆ شوێنەکە بەرپرسێکی پۆلیس لە یەکێك لە ئوتومبێلەکان روو لە جەماوەرەکە دەکات و هەواڵی ڕووخانی عەبدولکەریم قاسم ڕادەگەیەنێت و داوا دەکات بڵاوەی لێبکەن، بەڵام بەهۆی سووربوونی جەماوەرەکە لەسەر هەڵوێستەکەیان دەبێتە هۆی رووبەڕوو بوونەوەی جەماوەر و هێزەکانی پۆلیس و ئەحمەد جۆلاً کە یەکێك بوو لە ئەندامانی حیزبی شیوعی و تەها کۆیی و یەك پۆلیسێکیش بریندار دەبن، دواتر لە ڕێگای هێزەوە کۆتایی بە خۆپیشاندانەکە دێت[٣٧].

لە لایەکی تر، هەر لە هەمان ڕۆژدا، جەماوەر و بنکەی پۆلیسی سوپای ناو شار رووبەڕووی یەکتر دەبنەوە دوای ئەوەی بڕیار درا دەست بەسەر بنکەی پۆلیسی خانەقا دابگیرێت کە ئەو کات معاونی پۆلیس ئیبراهیم ئەفەندی بەرپرسی بنکەکە بوو و چەند شەقامێکی ناو شار دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی جەماوەر و فەرمانی قەدەغەکردنی هاتوچۆیان پێشێل کرد، لایەنگرانی حیزبی شیوعی لە چاوەڕوانی پاڵپشتی هێزی سەربازی سەربازگەی هەولێر بوون کە بگاتە ناو شار و پاڵپشتی جەماوەرەکە بکات، بەڵام ئەوانەی سەر بە کودەتاچییەکان بوون هەر زوو دەستیان بەسەر چەکەکان داگرت و لەم کاتەش کە ژمارەیەك لە لایەنگرانی حیزبی شیوعی و عەبدولکەریم قاسم لەناو سەربازگەی هەولێر خۆپیشاندانێك لە دژی کودەتاکە ئەنجام دەدەن رووبەڕوویان دەبنەوە و دەستگیر دەکرێن[٣٨]، هەر لە درێژەی هەوڵەکان، بۆ بەرپەرچدانەوەی کودەتاکە، لە ناحیەی عینکاوەش بەشێکی زۆر لە دانیشتوانەکەی هەڵوێستی بوێرانە پیشان دەدەن و دژی کودەتاکە دەوەستنەوە، بەڵام حکومەت لە ڕێگای هێزەوە، بە گەیشتنی چەند تانك و زرێپۆشێك، کۆتایی بە خۆپیشاندانەکە دەهێنێ و هاتوچۆی تێدا قەدەغە دەکات و لە هەمان کاتدا داوا دەکەن ئەوانەی چەکدارن چەکەکانیان بە هێزە سەربازییەکان بدەن بەرامبەر پاراستنی گیانیان پیاوانی ئاینی ڕۆڵی گەورەیان بینی لە پاراستنی بەشێکی زۆری خەلکەکە کە سەر بە ڕێکخستنەکانی حیزبی شیوعی بوون[٣٩]. کەریم ئەحمەد سەبارەت بە رووداوەکانی رۆژی ٨ی شوبات لە هەولێر لە یاداشتەکانیدا دەڵێت :

**" ... من لەگەڵ عەزیز محەمەد و عومەر شێخ عەلی لە شاری کەرکوك بووین، دوای روودانی کودەتایەکە کە هاتمە شاری هەولێر بینیم بەرهەڵستی کودەتاچییەکان لە شارەکە بەردەوام بوو بەڵام لاواز بوو چونکە سوپا و ئیدارەی شارەکە لایەنگری کودەتایەکەیان کرد. کۆبوونەوەیەکم لەگەڵ مەکتەبی ناوەخۆی هەولێر ئەنجامدا و داوام لێ کردن کە لە ناو هەولێر بچنە دەرەوەی شار بۆ گوندەکانی دەوروبەر و گوندی مورتکە وەك شوێنی کۆبوونەوەمان دیاری کرد "** [٤٠].

لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت بەرگریکردن دژی کودەتاکە، تا گەیشتنی کەریم ئەحمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی بۆ شاری هەولێر، بەردەوام بووە، بەڵام بە شێوەیەکی لاواز بووە، هەر بۆیە دوای هەڵسەنگاندنێکی دروست بۆ ڕەوشەکە، لە لایەن ناوبراوەوە، بە مەبەستی دەستگیرنەکردنیان داوا لە ئەندام و بەرپرسانی شارەکە دەکات ناو شاری هەولێر بەجێ بهێڵن و روو لە گوندەکانی دەرەوەی شار بکەن، چونکە ئەو هەڵوێستەی هێزەکانی پۆلیس و سەرباز لە بەیانی ٨ی شوبات هەیانبوو لە دوای نیوەڕۆی هەمان رۆژ بە تەواوی گۆڕا و زۆر توندتر کەوتنە مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵکی بەرهەڵست، ئەمەش دەگەڕایەوە بۆ ڕەوشی رووداوەکان لە شاری بەغدا کە دوای نیوەڕۆ بە تەواوی کودەتاچییەکان دەسەڵاتیان بەسەر شاری بەغدا گرت .

سەرەڕای جموجۆڵە جەماوەرییەکان لە دژی کودەتاکە لێژنەی ناوەخۆی هەولێری حیزبی شیوعی لە رۆژی ١٠ی شوبات چەند بازنەیەکی چەکداری ڕێکدەخات کە بەشێکیان ئەو ئەندامانەی حزب بوون کە دانیشتووی گوندەکانی دەوروبەری هەولێر بوون و نەخشەی هێرشکردنە سەر چەند بنکەیەکی پۆلیس دادەڕێژرێت لەوانە بنکەی پۆلیسی سەیداوە سەرپەرشتییەکەی بە محەمەد میرخان و بنکەی پۆلیسخانەی پارێزگا و ماڵی بەڕێوەبەری پۆلیس بە نەجمەدین مامۆ و بنکەی پۆلیسی ئازادی بە تۆفیق ئەحمەد، ناسراو بە هەژار، دەسپێردرێت، لە شەوی ١٠ لەسەر ١١ی شوبات بە شێوەی تیپی بچووك، کە ژمارەیان نزیکەی ٦٥ کەس دەبوو، خۆیان گەیاندە شوێنە دیاریکراوەکان، هێرشەکان بۆ سەر خاڵە دیاریکراوەکان لە کاتژمێر ١٠ی شەو تا کاتژمێر ٣ی دوای نیوەشەو بەردەوام دەبێت، بەڵام بە هۆی بەرگریکردنی بنکەکان و هاتنی هێزە سەربازییەکان و ئابلۆقەدانی گەڕەکەکانی ئازادی و ئیسکان و سەیداوە و ڕۆناکی هێزەکان پاشەکشە دەکەن(٤١) .

ئەم هەوڵە دواچالاکی بووە لەناو شاری هەولێر لە رووی کودەتاکە، چونکە دواتر ڕەوشی شارەکە، لە رووی سیاسی و سەربازییەوە بە تەواوی دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی هێزی کودەتاچییەکان، ئەندامانی سەر بە ڕێکخستنەکانی حیزبی شیوعی لە ناو هەولێر لەسەر ڕێنمایی و بڕیاری حیزب لە ناوەوەی هەولێر

پاشەکشە دەکەن و خۆیان دەگەیەننە گوندی مورتکەی گەورە و قەرەچناغە و سابلاغۆك، کە ئەم گوندانە بوونە شوێنی بەیەکگەیشتنی هەموو ئەندامانیان لە ناوچەکانی هەولێر و دەوروبەری، بەڵام بۆ کاری نهێنی ناو شار یەکێك لە ئەندامانی لێژنەی ناوەخۆی هەولێر، بە ناوی ساڵح کاوانی، لەسەر داوای حیزب لەناو شار دەمێنێتەوە و ڕۆڵێکی گەورەی لە شاردنەوە و ناردنە دەرەوەی ئەندامەکانیان لە هەولێر بۆ ناوچە ئازادکراوەکان دەبینی، بەڵام دواتر بەهۆی ئاشکرابوونی کە یەکێکە لە ئەندامانی سەر بە حیزبی شیوعی و بە نهێنی لە ناوەوەی شار کاردەکات لە لایەن هێزەکانی حەرەس قەومی لە کۆتاییەکانی ئاداری ۱۹٦۳ دەکوژرێت[٤٢] .

جێگای ئاماژەیە چەند ئافرەتێکی شاری هەولێریش، لەوانە نەجیبە خەلیل و وەزیرە محەمەد عەبدوڵلا و سامیە شاکر، لەنێو ئەم ڕەوشە مەترسیدارەدا، ڕۆڵی شێرانە دەبینن لە شاردنەوە و ڕەوانەکردنی ئەو کەسانەی ویستوویانە بەهۆی هەڕەشە و فشاری هێزی کودەتاچییەکان شارەکە بەجێ بهێڵن، هەروەها لە کۆکردنەوەی ئازووقە و جلوبەرگ بۆ ئەوانەی چووبوونە دەرەوەی شار. ئەوانە لەبەر ئەوەی لە هەڵمەتی دەستگیرکردنی ئەندام و لایەنگرانی حیزبی شیوعی دەستگیر ناکرێن دەتوانن لە ڕێگای پەیوەندییە نهێنییەکانیان بە شانەکانی حیزب لە دەرەوەی هەولێر ژمارەیەك لە خەڵکی ئەم شارە ڕزگار بکەن[٤٣]. هەروەها چەند ئافرەتێکی تریش، سەرەڕای ئەم ڕەوشە توند و تیژەی لە شارەکەدا هەبوو، ڕۆڵیان لە بەیەکەوەبەستنی ئەڵقە پەیوەندییە نهێنییەکان لەناو شاری هەولێر بینیوە، لەوانە سوڵتانەی خێزانی عەبدوڵلا زێباری[٤٤] و بەسێ خان خێزانی مەلا نەفتە و (مامز و زوهری) خوشکی مەلا خدر، نموونەی ئەو ئافرەتانەن کە دواتر پەیوەندییان بە ژیانی پێشمەرگایەتی کردووە[٤٥]. جێگای ئاماژەیە لە کاتی ڕووبەڕوو بوونەوەی جەماوەر و هێزی پۆلیس ئافرەتێك بە ناوی (مسێ خان ) بەڕووی پۆلیسێك دەوەستێت و لە زەوی دەدات و چەکەکەی لێ دەستێنێت[٤٦].
جێگای ئاماژەیە چەند ماڵێك لە ناو هەولێر ببوونە شوێنی حەشاردانی ئەوانەی داواکراو بوون لەلایەن حکومەتەوە، لەوانە ماڵی عیزەدین موزەمید لە قەڵات و ماڵی عەبدوڵلا زێباری (ئەفسەری خانەنشین کراو)، کە سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، لە گەڕەکی تەیراوە کە ماڵەکەی لە گومانەوە دوور بوو بە هۆی

بوونی دانوستاندنەکانی ئەو کاتی نێوان حکومەت و سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان[٤٧].

هەر چەندە کودەتاچییەکان توانییان جومگە سەرەکییەکانی دەسەلات، لە رووی سیاسی و سەربازی، لە ناو شاری هەولێر بخەنە ژێر دەسەلاتیان دواتر لە ڕێگای تۆقاندن و هەڕەشە و مەترسی و کوشتندا رووبەڕووی خەلکی ئەم شارە ببنەوە بەلام هەولێر بوو بە یەکێك لەو شارانەی کە شان بە شانی شاری بەغدا لە رووی کودەتاکە وەستایەوە.

## تەوەری دووەم : سیاسەتی حکومەت، دوای کودەتای ٨ی شوبات ١٩٦٣، لە شاری هەولێر

دوای سەرنەکەوتنی نەیارانی کودەتاکە لە شاری هەولێر، هێزەکانی حکومەت ،بە پالپشتی حەرەس قەومی، توانییان دەست بگرن بەسەر تەواوی شارەکە، بەمەبەستی چەسپاندنی تەواوی دەسەلات یەکێك لە دیارترین ئەو سیاسەتانەی حکومەت کەوتە پەیڕەوکردنی بریتی بوو لە نەهێشتنی ئەوانەی سەر بە عەبدولکەریم قاسم و حیزبی شیوعی بوون، چونکە بە دوژمنێکی سەرسەختیان دادەنا و لەناوبردنیان بە هۆکارێکی سەرەکی سەرکەوتنی کودەتاکە و چەسپاندنی دەسەلاتیان لێکدەدایەوە، بۆ جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتەش بەهۆی نەبوونی متمانەی تەواویان بە سوپای عێراق بەهۆی کەمی ئەفسەر و لایەنگرانیان تێیدا هێزێکیان بەناوی (حەرەس قەومی) پێك هێنا کە عەزیز سادق ئەلعبادی بە لێپرسراوی یەکەمی ئەم هێزە دامەزرێندرا[٤٨].

پەیوەندیکردنی خەلکی هەولێر بەم هێزە لە ئاستێکی زۆر نزمدا دەردەکەوت، چونکە هیچ کوردێك نەبوو بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بچێتە ڕیزی هێزەکانی حەرەس قەومی و پلەو لێپرسراوێتی هەبێت، بەلام چەند کەسانێك لە تورکمانەکانی هەولێر چوونە ڕیزی ئەم هێزە و پلەی لێپرسراوێتییان وەرگرت، لەوانە: محەمەد عەبدوللەتیف چەخماخچی و هەمزە عوسمان و یاسین قەساب لە دیارترینیان بوون[٤٩].

دوای ئەوەی بە پێی فەرمانێکی سەربازی کە لە لایەن حاکمی سەربازی گشتی زەعیم رەشید موسلیح لە ٢٣ ی ئاداری ١٩٦٣ ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی

هەولێر کرا بە مەبەستی پشکنینی شارەکە داوا دەکات کە دادوەری لێکۆڵینەوە فەرمان بە پشکنینی هەموو ئەو شوێنانە بدات کە جێگای گومانن لە بوونی چەك و کەسانی دژ بە شۆڕش و دەستگیرکراوەکان ڕەوانەی دادگا بکرێن[٥٠]. ئەم فەرمانە سەربازییە هەر چەندە خۆی لە چوارچێوەیەکی یاسایی دەردەخست کە لە ڕێگای دادگاوە لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەو کەسانە بکرێت کە دەستگیر دەکرێن بەڵام بە پێچەوانەوە ئەو لایەنەی کە ئەم ئەرکەی گرتە ئەستۆ، وەك لە هەموو شارەکانی تر، هێزەکانی حەرەس قەومی بوون کە شوێنی هێزەکانی پۆلیس و سەرباز و ئەمنی ناوەخۆی شارەکەیان گرتبۆوە[٥١] .

یەکێك لە دیارترین ئەو هەڵمەتانەی لە شاری هەولێر پیادە کرا گرتنی هاوڵاتیانی ئەم شارە بوو، لە دیارترین ئەوانەش کە دەستگیرکران: لەتیف سەلیم خدر، جەمال عەبدوڵلا عەزیز، بیلال سەعید جامباز، شەریف جامباز، فائق نادر، سەلاح سەعید خدر، شێخ محەمەد محەمەد ناسراو بە (شێخە شەل)[٥٢] ، فائق جەمیل، عەلی عەبدولغەفوور ناسراو بە (عەلی ئەفەندی)، محێدین ئاغۆك مام کاکی، عەبدولسەتار عەبدولجەبار، عەبدولغەنی عەبدولجەبار، حاجی زەکەریا مەلا ئەمین، ڕەشاد ئەحمەد ئیبراهیم، حاجی ڕەفعەت پایسکلچی، مەولوود خورشید دەلال، حاجی سابیر قیرژەیی، سوار چایەچی، محەمەد سائق ناسراو بە(محەمەد چاوجوان)، بورهان عوسمان ئەلیاس، ڕەمزی سەعید ئاغا سەید ئاغا، عادل محەمەد عەبدوڵلا، عەساف عەبدولسەمەد، عەبدوڵلا عەبدولسەمەد، ڕەحمان شەل، محەمەد خەلیل سەعید، سلێمان شاکر، مەلا نیعمەت، عەبدولمنعم عەزیز، محەمەد شێروانی، بورهان حاجی عوسمان، حەسەن تەها، ساکینە سلێمان، خەیریە نادر) بوون[٥٣]. بە پێی وتەی چەند کەسانێك، کە خەڵکی شاری هەولێرن و هاوکاتی ڕووداوەکانی شوباتی ١٩٦٣ لە شارەکە بوونە، دەڵێن:

**" دوای ئەوەی حەرەس قەومی هاتنە هەولێر و دەستیان بە گرتنی خەڵك کرد قوتابخانە و نەخۆشخانەکان ببوونە شوێنی گیراوەکان چونکە لەبەر زۆری ژمارەی گیراوەکان بەندیخانەکانی هەولێر بەشی هەموو گیراوەکانی نەدەکرد "[٥٤].**

لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە لە سەرەتای هەڵمەتەکانی گرتنـدا خەڵکێکی زۆر لە بێ تاوانیش دەستگیر کراون، بەڵام دەتوانین بڵێین زۆربەی ئەو کەسانەی رووبەڕووی گرتن و ئەشکەنجەدان بوونەوە لە دوو جۆر بوون، **یەکەمیان** : ئەوانەی سەر بە رژێمی عەبدولکەریم قاسم و لایەنگری بوون بەبێ ئەوەی لە ڕێکخستنەکانی حیزبی شیوعی بووبن و **دووەمیان:** ئەوانەی سەر بە ڕێکخستن و لایەنگرانی حیزبی شیوعی بوون تەنانەت ئەو کەسانەی کە بە شیوعیش ناسرابوون بەڵام لە ڕاستیدا پەیوەندی ڕێکخراوەیان نەبووە هەمان هەڵوێست بەرامبەریان وەردەگیرێت و دوچاری گرتن دەبنەوە، بەڵام پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بکرێت کە پشکی شێر لە گرتن و کوشتن و ئەشکەنجەدان بەر ئەندام و لایەنگرانی حیزبی شیوعی کەوت[٥٥]. دەکرێت بڵێین ئەم شێوازە گشتگیرییەی کە لە گرتن و تۆقاندن شاری هەولێری گرتەوە دەگەڕایەوە بۆ دوو هۆکاری سەرەکی، **یەکەمیان:** بوونی ژمارەیەکی زۆر لە لایەنگرانی حیزبی شیوعی لە شارەکە، **دووەمیان:** بۆ ئەوەی تەواوی دانیشتوانەکەی چاوترسێن بکەن بۆ ئەوەی هەوڵی هیچ جموجۆڵێك لە دژی دەسەڵاتی تازە نەدرێت چونکە هەولێر یەکێك بوو لەو شارانەی لە سەرەتادا لە دژی کودەتاکە وەستایەوە .

پێکهاتەی هێزەکانی حەرەس قەومی لە شاری هەولێر لە رووی ژمارەوە کەم بوو بەڵام ئەوانەی هەبوون زۆربەیان سەر بە نەتەوەپەرستانی عەرەب و بەعسییەکان ( عەرەب و نەتەوەکانی تر ) بوون، هەر بۆیە فەرماندەی ئەم هێزە لەگەڵ فەرماندەی هەمان هێز لە شاری موسڵ، بە فەرمانی سەرکردایەتی هێزەکانی حەرەس قەومی لە ناوچەکانی باکور، یەکدەخرێت و ئامریەی حەرەس قەومی لە موسڵ ڕاستەوخۆ کاروباری ئەم هێزە لە شاری هەولێر بەڕێوەدەبات و نازم مەحموود ئەلزوبەیدی دەبێتە لێپرسراوی هەردوو هێز لە موسڵ و هەولێر[٥٦] . دەکرێت بڵێین یەکخستنی هێزەکانی حەرەس قەومی هەردوو شاری هەولێر و موسڵ لەیەك بازنەی بڕیاردان کە لە موسڵ فەرمانی بۆ دەردەچوو ڕەوشی شارەکەی زیاتر بەرەو مەترسی برد، چونکە بەم پێیە بۆ هێزەکانی موسڵ هەبوو کە بێنە ناو شاری هەولێر و ناوچەکانی دەوروبەری، ئەم ڕاستییەش لە

ڕووداوەکانی گوندەکانی دەوروبەری هەولێر بە ڕوونی دەردەکەوێت کە ڕووبەڕووی هێرش و تالآن و کوشتن و گرتنێکی زۆر بوونەوە .

هێزەکانی حەرەس قەومی، دوای ئەم بڕیارە، وەك بەشێك لە هێزەکانی موسڵ مامەڵەی لەگەڵدا دەکرا، بە تایبەتی دوای ئەوەی سەرکردایەتی گشتی هێزەکانی حەرەس قەومی، بە نووسراوێکی فەرمی بە ئیمزای سەرکردەی گشتی هێزەکانی حەرەس قەومی لە عێراق موقەدەم مونزر تۆفیق ئەلوەنداوی، موتەسەریفی موسڵ (مەدحەت ئیبراهیم جومعە)[٥٧] وەك سەرکردەی گشتی حەرەس قەومی لە موسڵ دیاری دەکات و سەرجەم دەسەڵاتەکانی پێ دەسپێرێت[٥٨]، بە هەمان شێوە دەسەڵاتی بڕیاردانی لە شاری هەولێریش دەبێت . هەر بۆیە بەمەبەستی فراوانکردنی بنکەی ئەم هێزانە لە هەولێر نووسراوێکی فەرمی ئاراستەی فەرماندەی هێزی حەرەس قەومی لە شاری هەولێر دەکات کە تێیدا ئاماژە بۆ دامەزراندنی هەمان هێز دەکات لەم ناوچانەی کە تێیدا دانەمەزراوە وەك ناحیە و قەزاکانی سەر بە لیوای هەولێر و لە هەمان نووسراودا هاتووە کە هەوڵ بدرێت سوود لەم کەسانە وەربگیرێت کە دژی دەسەڵاتی عەبدولکەریم قاسم بوونە و لایەنگری کودەتاکەیان کردووە[٥٩].

لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە هەر چەندە هەموو کەسێك مەرج نەبوو لەم هێزە جێگای ببێتەوە ئەگەر متمانەیەك نەبێت لەسەر ئەوەی کە پاڵپشتی کودەتاکەی کردووە یان بە لایەنی کەم پاشخانێکی لە دژایەتی کردنی حوکمڕانی عەبدولکەریم قاسم هەبێت کە ئەم هەڵوێستەش زیاتر لەناو هەندێك لە تورکمانەکان بەرجەستە دەبوو، لەلایەکی تر کەمی ژمارەی ئەم هێزانە ئەوەشمان بۆ دەردەخات، کە زۆرینەی خەڵکی ئەم شارە ئەگەر پاڵپشتی عەبدولکەریم قاسم و حیزبی شیوعیش نەبووبن، ئامادەش نەبوونە دژایەتییان بکەن و بێنە ناو ئەم هێزانە .

جێگای ئاماژەیە خەڵکی ئەم شارە هەر تەنها ئەوانەیان کە لەناو شاری هەولێر بوون ڕووبەڕووی گرتن و ئەشکەنجە نەبوونەوە، بەڵکو دوای ڕوودانی کودەتاکە، ئەوانەشیان کە لە دەرەوەی هەولێربوون، لەسەر دەستی هێزەکانی کودەتاچییەکان، دەستگیر دەکرێن، بە نموونە لە شاری بەغدا هادی چاوشلی

(١٩٢٦ ـــ ١٩٩٦)[٦٠]، هـەروەها هـەر یـەك لـە محەمـەد حوسـێن مـەلا و ئـەنوەر حەمـەدەمین دزەیـی، دوای دەسـتگیرکردنیان، رووبـەڕووی ئەشـکەنجەدانێکی زۆر دەبنـەوە، بـەڵام دوای ئـەوەی ئەحمـەد حەمەدئـەمین دزەیـی، لـە ڕێگـای زەیـد ئەحمـەد عوسمـان (١٩٢٢ ـ ١٩٧٩) کـە یەکێکـە لـە کەسـایەتییە کۆمەڵایـەتی و ڕۆشنبیرییەکانی هەولێر، پەیوەندی بە قاسم حەمودی، خاوەنی ڕۆژنامەی (الحریـة البغدادیــة)، دەکــات و دەتوانێــت ســۆراخیان بکــات و ئەشــکەنجەکەیان کــەم بکرێتەوە[٦١]، سالّح حەیدەری (١٩٢٢ ـــ ٢٠٠١) ش، دوای دەسـتگیرکردنی، یـەکێك لـە هاوسـێکانی، کـە پەیوەنـدی بـە بەعسییەکانەوە هـەبووە، وەك هەڵوێـستێکی مرۆڤانە ڕزگاری دەکات و خۆی دەگەیەنێتەوە هەولێر[٦٢]، هەروەها تاهیر شـەهباز حەیدەری لە ناوچەی کازمیە[٦٣] و عەبدولباقی محەمـەد چـەلەبی و جـەلال شـەریف عومەر، پیربالّ مەحموود دەستگیر کـران[٦٤]، جێگـای ئاماژەیـە چـەند کەسـێك لـە خـەڵکی ئـەم شـارە بوونـە قوربـانی دەسـتی هێزەکـانی حـەرەس قـەومی، لەوانـە موهیـب حەیـدەری (١٩٣٣ ـــ ١٩٦٣) نـافع یـونس (١٩١٧ ـــ ١٩٦٣) و جـەمال حەیدەری (١٩٢٦ ـ ١٩٦٣)[٦٥] و کەمال عوسمان کە لـە کەسـایەتییە ناسـراوەکانی شـاری هـەولێرن لـە شـاری بەغـدا لـە سـێدارە دران[٦٦] و ئیـبراهیم محەمـەد عـەلی مــەخموری لەســەر ڕێگــای بەغــدا ـ حیللــە زینــدە بەچــاڵ دەکرێــت[٦٧] و لــە ئافرەتەکانیش نازەنین حەیدەری دەستگیر دەکرێت[٦٨]، جەمشید حەیـدەری، کـە لە شاری بەغدا بە برینـداری ڕزگـاری دەبێـت و لـە ڕۆژی نـەورۆزدا دەگاتـە شـاری هەولێر، لەم بارەیەوە دەڵێت :

**" بۆیە ڕۆژی نەورۆزم دیاری کرد بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی نـەهێنی بگەڕێمەوە ناو هەولێر چونکە حکومەت لەم ڕۆژە سەرقاڵی تـەواوی جموجۆڵەکانی ناو شار بوو بە هۆی نەورۆزەوە بۆ ئەوەی چاودێری ئەم ڕۆژە بکات بازگەکان جۆرێك لە هێمنی بەخۆوە دەبینی لە هات و چۆدا ... لە ئێـوارەی ٢١ی ئـاداری ١٩٦٣ گەیـشتمە نـاو هـەولێر ڕەوشەکە تا ڕادەیەك ئاسایی بوو "[٦٩].**

لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئـەوە بکرێـت کـە حکومـەت لـە ڕووی کارگێڕییـەوە هەمان ئەو سیاسەتەی پەیڕەو کرد کە لە هەموو ناوچە کوردییـەکانی تـردا هـەبوو

کە بریتی بوو لە دانانی کەسانی دڵسۆز بۆ ڕژێمی تازە لە پۆستە کارگێڕییەکان و گرنگترینیان پۆستی موتەسەڕیف، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە هیچ گۆڕانێك لەم پۆستە رووی نەدا بەڵکو بەدرەدین عەلی وەك موتەسەڕیفی هەولێر مایەوە هەر چەندە یەکێك بوو لە دڵسۆزەکانی عەبدولکەریم قاسم بەڵام مانەوەی لەم پۆستە دوای کودەتای ٨ی شوبات دەتوانین بڵێین بۆ دوو هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە، **یەکەمیان**: هەوڵەکانی جێگری موتەسەڕیفی هەولێر عەبدوڵلا عەبدوڵلەتیف کە یەکێك بوو لە لایەنگرانی کودەتاکە دوای ئەوەی لە ٩ی شوبات لە سەر داوای عەبدولسەلام عارف سەردانی شاری بەغدای کرد وەك نێوەندێك لە نێوان حکومەت و بەدرەدین عەلی هەوڵی مانەوەی دا [٧٠]، **دووەمیان**: کەسایەتی بەدرەدین عەلی کە بە یەکێك لە دڵسۆزترین ئەو کەسانە دادەندرا کە بە دژایەتی شۆڕشی کوردستان ناسرابوو بە بەڵگەی ئەو کارانەی کە لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسمدا لە دژی خەڵکی هەولێر ئەنجامی دابوو[٧١] بۆ نموونە لە کۆتاییەکانی ١٩٦٢، لە سەردەمی حوکمڕانی عەبدولکەریم قاسم، لەسەر داوای بەدرەدین عەلی ژمارەیەك لە مامۆستایانی شاری هەولێر/ بە هۆی هەڵوێستیانەوە لەلایەن وەزارەتی پەروەردە فەرمانی گواستنەوەیان بۆ شارەکانی باشوور دەردەچێت، لەوانە: (جەلال شەریف، حەیدەر عوسمان، شەفیق سابیر، ئەنوەر سلێمان، جەلیل عەبدوڵلا، مووسا خەلیل، عەبدولقادر بەکر، بوترس گۆرگیس) بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە بەهەمان شێوە دوای کودەتای ٨ی شوباتیش بەهۆی هەڵوێستی بەدرەدین عەلی ڕێگای گەڕانەوەیان بۆ شاری هەولێر پێ نادرێت[٧٢]. هەر بۆیە دەتوانین بڵێین ئەم هۆکارە شانسی هێشتنەوەی زیاتر کرد . هەر چەندە دەزگای پۆلیس لە شارەکە لە رووی سەربازی و سیاسی بایەخدار بوو بەڵام بەهۆی لایەنگری بەڕێوەبەری پۆلیس عەقید بەشیر ئەحمەد سلێمان بۆ کودەتاکە لە پۆستەکەی خۆی مایەوە[٧٣].

دەربارەی دام و دەزگاکانی تر، وەك (تەندروستی و پەروەردە و پۆستە و گەیاندن و نفوس ... ئەوانی تر ) گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ رووی نەداوە، چونکە لە رووی سیاسییەوە کەم بایەخ بوون، بۆ نموونە سەرۆکایەتی فەرمانگەی شارەوانی هەر لەلایەن (عەبدولوەهاب حاجی حەسەن)[٧٤] تا ١ی تشرینی یەکەم ١٩٦٣

مایەوە و دواتر محەمەد شەهابەدین دەباغ دەبێتە سەرۆکی شارەوانی تا ٣١ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٨ لەم پۆستە دەمێنێتەوە[٧٥]. هەروەها سەبارەت بە فەرمانگەکانی تریش بە هەمان شێوە. بەم جۆرە بارودۆخی شاری هەولێر تا ڕوودانی کودەتای ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ بەسەر بەعسییەکان لەنێو ئەم ڕەوشەدا مایەوە[٧٦].

## تەوەری سێیەم : هەولێر و پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی کودەتا و شۆڕشی کوردستان

دوای دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلول، لە ١١ی ئەیلولی ١٩٦١، لە دژی حوکمڕانی عەبدولکەریم قاسم، هیچ دانوستاندنێك لە نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان و حکومەتی عێراق ئەنجام نەدرا [٧٧]، پارتی دیموکراتی کوردستان، پێش ڕوودانی کودەتای ٨ی شوبات، لە ڕێگای ئیبراهیم ئەحمەد و تاهیر یەحیا، بە نێوەندیی مولازم کەریم قەرەنی، ئاگاداری پەرەسەندنەکان بوو، دوای سەرکەوتنی کودەتاکە، کە کۆتایی بە حوکمڕانی عەبدولکەریم قاسم هات، لە ئێوارەی هەمان ڕۆژدا شەڕی کوردیش دژ بە حکومەتی عێراق ڕاگیرا و دانوستانەکان لە ١٨ی شوباتدا بە گەیشتنی شاندی کوردی بۆ بەغدا دەستی پێکرد[٧٨].

ڕەوشی سیاسی لە ناو شاری هەولێر لەو کاتەدا لە بارێکی خراپدا بوو، بەڵام هەڵوێستەکان، سەبارەت بە دانوستاندنەکە، پێچەوانەی یەکتر بوون، چونکە ئەوانەی ئەندام و لایەنگری پارتی دیموکراتی کوردستان بوون لە ڕوانگەی هەوڵەکان بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی کورد لە چوارچێوەی ئۆتۆنۆمی پاڵپشتیان لە دانوستانەکان دەکرد[٧٩]، لە لایەکی تر ئەوانەی ئەندام و لایەنگری حیزبی شیوعی عێراق بوون هەڵوێستیان بریتی بوو لە بەردەوامبوون لەسەر دژایەتیکردنی کودەتاکە[٨٠]، چونکە بەهۆی دەستپێکردنی دانوستانەکان و نەهێشتنی شەڕ لە کوردستان حکومەت دەرفەتی زیاتری بۆ دەڕەخسێت بۆ بنبڕکردنی نەیارەکانی لە ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق بە تایبەتی ئەوانەی سەر بە حیزبی شیوعی و لایەنگری عەبدولکەریم قاسم بوون [٨١]. بەڵام سەبارەت بە ڕای گشتی خەڵکی شارەکە، بە تایبەتی ئەوانەی دوور بوون لە کاری سیاسی، بەهۆی ئەو نەریتە پارێزییەی کە خەڵکی ناو شاری هەولێر پێی ناسراون، لەگەڵ دانوستانەکان بوون بۆ ئەوەی ببێتە دەرفەتێك بۆ نەهێشتنی ئەو ڕەوشە توند و تیژەی کە تەواوی شارەکەی گرتبۆوە[٨٢] .

حکومەت هەڵوێستێکی دۆستانەی نەبوو لە سەر داواکارییەکانی کورد ئەمەش بووە هۆی ئەوەی دانوستانەکان هیچ دەرەنجامێکی لێ نەکەوێتەوە بە بەڵگەی ئەوەی دوای ڕاگەیاندنی هەڵوێستی پشتگیری پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ

کودەتاکە هەر لە مانگی شوباتی ١٩٦٣ کاربەدەستانی هەولێر، بە مەبەستی ڕاکێشانی سەرۆك هۆزەکانی هەولێر و دەوروبەری، کۆبوونەوەیەکی فراوانی لە میوانخانەی سەلاحەدین لە هاوینەهەوای سەلاحەدین بەسترا کە ئامادەبووان بەشێکیان چەکداری حکومەت بوون، هەر یەك لە موحسین دزەیی و ئەحمەد حەمەدەمین دزەیی، لەسەر داوای مستەفا بارزانی، ئامادەی ئەم کۆبوونەوەیە بوون بۆ ئەوەی سەرنجی سەرۆك هۆزەکان بەلای شۆڕشدا ڕابکێشن و پاڵپشتییان بۆ شۆڕش مسۆگەر بکەن بۆ ئەوەی لە کاتی سەرنەکەوتنی وتووێژەکان یارمەتی شۆڕش بدەن لەم هەوڵە بەڵێن لە هەندێك لە ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە وەرگیرا، لەوانە فەتاح هەرکی و ئەسعەد فەتاح هەرکی و عوسمان میران[٨٣]، موتەسەرریفی هەولێر، بەدرەدین عەلی، ڕۆڵێکی دیاری لە بەستنی ئەم کۆبوونەوەیە هەبوو کە ئامانجی هەوڵدان بوو بۆ نزیککردنەوەی سەرۆك هۆزەکان لە حکومەت و پاڵپشتی نەکردنیان بۆ شۆڕشی کوردستان[٨٤]. لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان و حکومەتی عێراق بڕوایان بە دانوستانەکەیان نەبوو، بۆیە پێش دەرکەوتنی دەرەنجامەکان کەوتبوونە کۆکردنەوەی لایەنگرەکانیان .

دوای ئەوەی دانوستانەکانی نێوان شاندی حکومەت، کە بە سەرۆکایەتی تاهیر یەحیای سەرۆکی ئەرکانی سوپا بوو، لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان لە ٥ی ئادار ١٩٦٣ هیچ ئەنجامێکی نابێ، حکومەت شاندێکی دیکەی میللی، بە هاوبەشی زەید ئەحمەد عوسمان، کە یەکێك بوو لە کەسایەتییەکانی شاری هەولێر و لە بنەماڵەی موفتییەکان بوو، ڕەوانەی لای مستەفا بارزانی کرد، بەڵام ئەم هەوڵەش بێ ئاکام مایەوە[٨٥]، حکومەتی عێراق لە ١١ی ئاداری ١٩٦٣ بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە دەربارەی داخوازییەکانی کورد[٨٦] کە تێیدا مەبەستەکانی بە روونی دەردەکەوێت لە دوورکەوتنەوەی لە جێبەجێکردنی داواکارییە ڕاستەقینەکانی کورد، هەر بۆیە سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان، بە مەبەستی ڕاوێژکردن دەربارەی چارەنووسی وتووێژەکان، لەگەڵ نشتیمانپەروەران و ڕۆشنبیران و سەرجەم چینەکان، بە جیاوازی ئاینی و نەتەوەیەوە، بڕیاری بەستنی کۆبوونەوەیەکی فراوان لە قەزای کۆیە درا، کە لە ١٨ ــ ٢٢ی ئاداری

١٩٦٣ی بەسترا و بە (کۆنگرەی کۆیە) ناسراوە [٨٧]، ژمارەیەکی زۆر لە سەرۆك هۆزەکان و رۆشنبیران و سەرکردە سەربازییەکان، شان بە شانی سەرجەم چینەکانی دیکەی کۆمەڵگای کوردی، لە کرێکار و جووتیار و سیاسەتمەدار، هەروەها شاندی تورکمان و ئاشووری و کلدانەکان و ئێزیدییەکان، تێیدا بەشدار بوون، بۆ نموونە (شێخ تەحسین سەعید بەگ، شێخ جەلال بەگ، کامەران موکری، ئەحمەد تۆفیق ـ سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ئیبراهیم بەگ نەفتچی، مەجید حەسەن، حەسەن ئاوچی، موزهیر ئەلتکریتی بەشداری ئەم کۆبوونەوەیان کرد[٨٨]، دەربارەی بەشداربوونی هەولێر لەم کۆبوونەوەیە هەر یەك لە ئەحمەد حەمەدەمین دزەیی، موحسین دزەیی، ساڵح شێرە، هەڤاڵ ئازاد ناسراو بە ئازاد بەنزینخانە، ئەحمەد شەریف بەشدارییان تێدا کرد و پاڵپشتی ئەو پرۆژەیەیان کرد کە بۆ حکومەت ئامادەکرا، بەڵام حکومەت ئامادەی ئەوەش نەبوو کە گفتوگۆی پرۆژەکە بکات[٨٩].

ڕەوشی هەولێر، لە کاتی دانوستاندنەکان، بەڕادەیەکی کەم هێمنییەکی بەخۆوە بینی، بەڵام چاودێری هێزەکانی پۆلیس و حەرەس قەومی لەسەر ئەندام و لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستان و جموجۆڵە نهێنییەکانی حیزبی شیوعی لەناوەوەی شارەکە بەردەوام بوو ، ئەم ڕەوشەش دوای ئەوەی وەزیری بەرگری ساڵح مەهدی عەمماش بڕیاری دانانی سەربازگەیەکی لە دەوروبەری هەولێردا بۆ ئەوەی ئەو دانیشتوانەی کە نیشتەجێی گوندەکانن لە کاتی ناچارکردنیان لە لایەن حکومەتەوە بۆ جێهێشتنی گوندەکانیان بەهۆی شەڕەوە تێیدا نیشتەجێ بکات و ئەم کارەش ڕەوشەکەی بەرەو گرژی زیاتر برد[٩٠]، موحسین دزەیی دەربارەی بارودۆخی هەولێر لەم ماوەیەدا، کە وتوویژەکان بەرەو کۆتایی دەچوو، لە یاداشتەکانیدا دەڵێت :

**" ڕەوشەکە زۆر خراپ بوو بە شێوەیەکی گشتی ئەوانەی سەر بە حەرەس قەومی بوون دەهاتنە شەقام و کۆڵانەکان و دەستدرێژییان بۆ سەر خەڵکەکە دەکرد و هەڕەشەیان لێ دەکردن لە ئەنجامی ئەم بارودۆخە هەولێرم بەجێهێشت و هەر کەسێك کە چالاکی هەبوایە یان**

**ئەندامێکی ناسراو بوایە لە پارتی دیموکراتی کوردستان روویان لە ناوچەکانی شۆڕش دەکرد ... "[٩١] .**

لەلایەکی تر، هەر لەم ماوەیەدا، بەندکراوەکان ڕووبەڕووی مەترسی زیاتر دەبنەوە بە تایبەتی دوای ئەوەی لە ٨ی ئایاری ١٩٦٣ بە نووسراوێکی فەرمی وەزارەتی داد ـ سەرۆکایەتی داواکاری گشتی، بە پاڵپشت بە برووسکەی حاکمی سەربازی گشتی، نووسراوێك ئاراستەی فەرمانگەی دادگای هەولێر دەکات دەربارەی لێکۆڵینەوە لەگەڵ گیراوەکان و داوا دەکات ماوەی گرتنەکەیان درێژ بکرێتەوە بە نووسراوی دادوەر و بۆ هیچ دادوەرێك نییە هیچ کەسێك ئازاد بکات[٩٢]، لێرەدا ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە حکومەت دوای ئەوەی مەرامەکانی بە تەواوی دەردەکەوێت لە هەوڵەکانی بۆ نەگەیشتن بە هیچ رێکەوتنێك لەگەڵ کورد رەوشەکە ئاڵۆزتر دەبێت، جێگای ئاماژەیە هەر لە میانی دانوستانەکان چەند کەسێك لە هەولێر کەوتنە کاری سیخوڕی بۆ دەزگا ئەمنییەکان، دیارترینیان عەریف خدر بووە کە هاوکاری هێزە ئەمنییەکانی شارەکەی دەکرد[٩٣]، بەرامبەر ئەمەش هەر چەندە چەند کەسێك کە سەر بە دەزگا پۆلیس و ئەمنییەکان بوون بەڵام یارمەتی خەڵکی ئەم شارە دەدەن و چەند کەس لە گرتن ڕزگار دەکەن لەوانە: ئەفسەری پۆلیس عەبدولسەلام شوکور و جەلال عەبدۆك موختار[٩٤] و محەمەد ئیسماعیل و عەبدوڵلا سوارە ناسراو بە عەبدوڵلا تەتەر[٩٥]. سامیە شاکر کە بە شێوەیەکی نهێنی لەناو شار مابۆوە و ئەندامی لێژنەی ناوەخۆی هەولێری حیزبی شیوعی بوو دەربارەی ئەوانەی یارمەتی خەڵکی هەولێریان داوە دەڵێت :

**" ئافرەتێکی عەرەبیش، بە ناوی منیرە ساعاتی، کە خەڵکی موسڵ بوو لەناو هەولێر مامۆستا بوو لەبەر ئەوەی خێزانی بەڕێوەبەری دادگای سەربازی هەولێر بوو ڕۆڵی هەبووە لە رێگاگرتن لە دەستگیرکردنی چەند مامۆستایەکی ئافرەت لە ناو شاری هەولێر کە پەیوەندیان بە حیزبی شیوعی هەبووە[٩٦].**

دوای کۆتایی هاتنی دانوستانەکان لە ٩ی حوزەیران لە شاری کەرکووك شاندی کوردی کە لە شاری بەغدا دەگەڕایەوە دەستگیر کران و بڕیاری

قەدەغـەکردنی هاتوچـۆ لـە شـارەکانی کوردسـتان درا[٩٧] دەزگـا ئەمنییـەکان هەڵمـەتێکی فراوانیـان لـەناو شـاری هـەولێر دەسـت پێکـرد بـۆ دەسـتگیرکردنی ئەوانـەی جێگـای گومـانی حکومـەت بـوون، بـە تایبـەتی ئەوانـەی سـەر بـە ڕێکخـستنەکانی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان بـوون [٩٨]. ئـەم ڕەوشـە ئـاڵۆز و مەترسـیدارە تـەنها لـە نـاو شـاری هـەولێر پیـادە نـەدەکرا بـەڵکو لـە گونـدەکانی دەوروبـەری هـەولێریش، بـە تایبـەتی ئـەو گوندانـەی دەکەوتنـە دەشـتی هـەولێر، ڕووبەڕووی هێرشی حەرەس قەومی و هۆزە عەرەبەکان بوونـەوە و چـەندین گونـد سووتێندرا و چەند کەس دەستگیر کـران، بـە تایبـەتی لـە گونـدەکانی دەربەنـد و جاستان و بیرەبات و تیکالۆ و جانە و سێبیران و خۆشاو و دارەخورمـا و کەنـدار و قازیخانــە و عــاڵلا و سـۆربەش و چـەندانی تـر[٩٩]. هاوکـات لەگـەڵ جێهێـشتنی دانیشتوانی لـە هەنـدێ گونـدی سـەر بـە لیـوای هـەولێر، بـە تایبـەتی گونـدەکانی ناوچەی کەندێناوە و مەخمور، بەشـێك لـە هـۆزە عەرەبییـەکان هاتنـە ناوچـەکە و تێیدا نیشتەجێ بوون بۆیە دەکرێت بوترێت دوای کودەتای ٨ی شوبات سـەرەتای قۆناغێکی نوێی بەعەرەبکردنی دەوروبەری هەولێر دەستی پێکرد .

دوای ڕاگەیاندنی شەڕ، لە لایەن حکومـەتی عێـراق، لـە ١٠ی حـوزەیرانی ١٩٦٣ فەرمان بـە سـەرجەم هێـزە سـەربازییەکان درا، بـە مەبەسـتی خۆئامـادەکردن بـۆ هێرشێکی سەرانسەری و جاڕی خڕکردنەوەی گشتی لە شـارەکان درا، لـەم کاتـەدا بەدرەدین عەلی موتەسـەڕیفی هـەولێر ڕۆڵێکـی گـەورەی بینـی لـە سـەرکوتکردن و ڕاوەدوونان و گرتنی لایـەنگرانی شـۆڕش و ئەنـدامانی پـارتی و نیـشتمانپەروەرانی هەولێر و جۆرەها سـزای بەسـەردا سـەپاندن[١٠٠]، چـونکە لـە کـاتی دانوسـتانەکان دەستی پێکرد ژمارەیەکی زۆر لە ڕێکخستنە نهێنییەکان ئاشکرا بـوون، هـەر بۆیـە دوای دەسـتپێکردنەوەی شـەڕ ڕۆژانـە خـەڵکی ناوچـەکانی هـەولێر و دەوروبـەری پەیوەندییان بە شۆڕشی کوردستان دەکرد[١٠١].

شاری هـەولێر یـەکێك لـە ناوچـە گرنگـەکان بـوو بـۆ ڕێڕەوکردنـی هێزەکـانی حکومەت بۆ سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش هەر بۆیـە لـە ١١ی حـوزەیران ١٩٦٣ سـەرۆك کۆمـار عەبدولـسەلام عـارف، بـە یـاوەری وەزیـری بـەرگری سـالح مەهدی عەمماش، سـەردانی شـاری هـەولێریان کـرد و ئـەوەی ڕاگەیانـد کـە خـۆی

سەرپەرشتی شەڕەکانی ئەم ناوچەیە دەکات و لە هەمان کاتدا ئەوەشیان ڕاگەیاند کە بڕیاری کوشتن بەسەر هەموو ئەوانە دەسەپێندرێت کە یارمەتی شۆڕشی کوردستان دەدەن[١٠٢]. لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ڕۆڵی ئەو کوردانەش بکرێت کە چەکی حکومەتیان بە رووی شۆڕشی کوردستان هەلگرتبوو بەلام دەتوانین بلێین لە رووی هەلوێستەوە پێچەوانەی یەکتر بوون بەشێکیان بە نهێنی پالپشتییان لە شۆڕشی کوردستان دەکرد و یارمەتییان دەدا و خاوەنی ئەو بەلێنە بوون کە پێشتر لە کۆبوونەوەی سەلاحەدین دابوویان، لەوانە، ئەسعەد فەتاح هەرکی کە ڕۆڵی گرنگی هەبوو لە یارمەتیدانی پێشمەرگەکانی شۆڕش بۆ هاتنە ناو هەولێر و بلاوکردنەوەی بەیاننامە و تەنانەت چارەسەرکردنی بریندارەکان دوای ئەوەی بە چەکداری حکومەت ناونووسی دەکردن لە لای خۆیەوە[١٠٣]، بەلام بەشێکی تریان لە دژی شۆڕش وەستان، بۆ نموونە محەمەدی سابیر ئاغا ناسراو بە (حەمەی سابیری)، هادی ئاغای پوونگینە[١٠٤] بەلام ئەوەی جێگای ئاماژەیە هەلوێستی ئاغاکان و سەرۆك هۆزەکانی ناوەوەی هەولێر پێچەوانەی ئاغاکانی دەوروبەری هەولێر بوو کە هیچیان چەکی حکومەتیان هەلنەگرت .

سەبارەت بە هەلوێستی حیزبی شیوعی لە هەلگیرسانەوەی شەڕ لە نێوان حکومەت و شۆڕشی کوردستان، دوای ئەو شکستەی لە ٨ی شوباتدا رووبەڕووی هاتن و ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردە و کادیرە لێهاتووەکانیان لەناوبردران دەستیان کردبوو بە بووژانەوە و خۆڕێکخستنەوە کە هەولێرییەکان لەم بوارەدا لە کوردستان و ناوچەکانی تر لە عێراقدا ڕۆڵی گەورەیان بینیوە، لە شاری بەغدا. جەمال حەیدەری (١٩٢٦ ـ ١٩٦٣ ) توانی ڕێکخستنەکانی حزب بنیات بنێتەوە و لە ١١ی ئاداری ١٩٦٣ یەکەمین بەیاننامەی حیزبی بە ناوی کۆمیتەی ناوەندی دوای کودەتای ٨ی شوبات بلاوکردەوە[١٠٥]، دوای هەلگیرسانەوەی شەڕیش پالپشتی شۆڕشی کوردستانی ڕاگەیاند و ئەم هەلوێستەش لە ١١ی حوزەیران لە بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندی بە ئیمزای جەمال حەیدەری بلاوکرایەوە کە تێیدا داوا دەکات بە هەموو توانایەك پشتگیری لە شۆڕشی ئەیلول بکرێت[١٠٦]. سەبارەت بە ڕێکخستنەکانی کوردستانیش هەر یەك (عەزیز محەمەد، عادل سەلیم، تۆفیق ئەحمەد، کەریم ئەحمەد، تەحسین محەمەد (ئەبو دلشاد)، مەجید عەبدولڕەزاق

ناسراو بە مام قادر ) ڕۆڵێکی گەورەیان بینی لە ڕێکخستنەوەی لقی کوردی ـــ حیزبی شیوعی عێراق بە تایبەتی ڕێکخستنەکانی ناو شاری هەولێر[١٠٧]، بەڵام سەبارەت بەو کەسانەی لە ناوەوەی هەولێر مانەوە و ڕۆڵی گرنگیان گێڕا لە بەردەوامی بووژانەوەی ڕێکخستنە نهێنییەکانی شاری هەولێر و کاروبارەکانیان بەڕێوە دەبرد ( کانەبی محەمەد ساڵح ناسراو بە کانەبی گەورە، عەبدوڵلا تۆفیق، تاهیر مستەفا، سەید عەبدولڕەزاق، سەید محەمەد، مەحمود عەدۆ، حەسەن تەها، جەبار حەسەن، سەلاّح سەعید، عەبدولرەحمان ئاودەل، عەبدولرەحمان مەحمود، محەمەد خەلیل، سامیە شاکر ) لە دیارترینیان بوون[١٠٨].

جێگای ئاماژەیە ژمارەیەك لە ڕۆشنبیرانی هەولێر، کە لەناو ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی شیوعی عێراق بوون، پەیوەندییان بە شۆڕشی کوردستانەوە کرد، لە بواری جیا جیادا ڕۆڵی دیاریان بینیوە بۆ نموونە هەر یەك لە بارزان مەلا خالید، ئەحمەد دەشتی، ساڵح حەیدەری (١٩٢٢ ـــ ٢٠٠١ ) و عومەر دزەیی و عەبدولخالق مەعرووف ( ١٩٣٥ ـــ ١٩٨٥) لە دوای کردنەوەی ئیستگەی دەنگی کوردستان لە٢٠ی ئابی ١٩٦٣ ڕۆڵی پڕ بایەخیان گێڕاوە[١٠٩]، هەروەها مومتاز حەیدەری یەکێك بووە لەوکەسانەی کە لە کاتی دانانی بنکەیەك لە گردۆڵکەکانی خۆرنەوازان ڕۆژانە هەواڵەکان لە ڕێگای دەستنووسەوە تۆمار دەکات و بۆ ئامادەبووانی دەخوێنێتەوە، ئەم کارەش تا ئابی ١٩٦٣ بەردەوام بووە، بەڵام دواتر بنکەیەکی ڕاگەیاندن لە ئاوەگرد دادەمەزرێنن جارێکی تر ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان دەردەچێتەوە[١١٠].

دەتوانین بڵێین هەولێرییەکان هەر چەندە لە یارمەتیدانی شۆڕشی کوردستان درێغییان نەکردووە، بەڵام لە رووی بەشدارییان لە خەباتی پێشمەرگایەتی لە ئاستێکی زۆر کەمدا دەردەکەون بە پێچەوانەی دانیشتوانی دەوروبەری هەولێر کە ڕێژەی بەشداربوونیان لە ئاستێکی زۆر بەرزدا دەردەکەوێت، هۆکاری ئەمەش دەگەڕایەوە بۆ بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری خەڵکی ئەم شارە کە تاڕادەیەکی زۆر پارێزەر بوون ڕێگایان نەدەدا بە ڕۆڵەکانیان تێکەڵ بە ژیانی پێشمەرگایەتی ببن هەروەها مەترسییەکانی حکومەتیش کاریگەری تایبەتی هەبوو، بۆ نموونە مەئموون هاشم دەباغ، کە سەر بە بنەماڵەی دەباغەکانی هەولێرە و ئەندامی

یەکێتی قوتابیانی کوردستان بووە[١١١] لە پۆلی سێیەمی کۆلێژ لە زانکۆی بەغدا لە ژێر فشاری حکومەت پەیوەندی بە ریزەکانی پێشمەرگە دەکات، بەڵام (هاشم دەباغ) ی باوکی بەرامبەر ئەم کارە لە لایەن بەدرەدین عەلی موتەسەریفی هەولێر دەستگیر دەکرێت[١١٢].

هەندێك لە کەسایەتییەکانی شاری هەولێر، لەناوەوەی شاردا، یارمەتی شۆڕشیان دەدا، لەوانە دکتۆر عەبدولرەزاق دەباغ لە بواری پزیشکیدا ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕاوە و چەند جارێك بە شێوەی نهێنی دەچێتە ناوچە ئازادکراوەکان بۆ چارەسەرکردنی بریندارەکانی شۆڕش، هەروەها کەسانی تر لە رووی داراییەوە یارمەتییان بۆ شۆڕش لە ناوەوەی هەولێر کۆدەکردەوە کە توانیویانە مانگانە بڕێك پارە بۆ یارمەتی شۆڕش کۆبکەنەوە، لەوانە عەبدوڵلا خەیات و مستەفا عوزێری و ئیسماعیل یەعقووبی[١١٣]. لە بەرامبەریشدا حکومەت بەخشین و یارمەتی دارایی لە خەڵکی هەولێر وەرگرتووە بۆ هێزە سەربازەکان بە تایبەتی ئەوانەی لە شەڕەکاندا بریندار بوونە و لە نەخۆشخانەکان بۆ چارەسەری مابوونەوە، بۆ نموونە بە پێی بەڵگەنامەیەکی وەزارەتی ناوەخۆی عێراق لە مانگی تەمموزی ١٩٦٣ موتەسەرفی هەولێر لیژنەیەکی تایبەت پێکدەهێنێت کە هەر یەك لە ساڵح حەسەن خۆشناو، یاریدەری تێبینەر لە موتەسەرفیەتی هەولێر و عەزیز سادق ئەلعبادی لێپرسراوی هێزی حەرەس قەومی لە هەولێر و ئیبراهیم جاسم ـ سەرۆکی کۆمەڵەی جووتیارانی هەولێر و مەجید عەلوان ـــ نوێنەری یەکێتی گشتی سەندیکای کرێکاران و عەدنان بەشیر ـ نوێنەری یەکێتی نیشتیمانی قوتابیان لە هەولێر[١١٤]، هەڵمەتێکی کۆکردنەوەی پارە لەناو هەولێر ئەنجام دەدەن بۆ یارمەتیدانی سەربازە بریندارەکان و لەم هەڵمەتەدا بڕی ٦٠٠٠ دینار کۆدەکرێتەوە و موتەسەرفی هەولێر بە نووسراوێکی نهێنی وەزارەتی ناوەخۆی لەم هەڵمەتەدا ئاگادار دەکاتەوە[١١٥]. بەم جۆرە سەردەمێکی تازە، دوای کودەتای ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ بەسەر بەعسییەکان دا، لە ژیانی سیاسیی عێراق و باشووری کوردستان بەگشتی و شاری هەولێر بە تایبەتی دەست پێدەکات .

## دەرەنجام

له ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا دەگەینە ئەم خاڵانەی خوارەوە :

١ / هەولێر یەکێکە لەو شارانەی هەر لە سەرەتاوە دژی کودەتاکە وەستاوەتەوە، لایەنی سەرەکیش، لە دژایەتی کودەتاکە، ڕێکخستنەکانی حیزبی شیوعی بووە، بە پێچەوانەی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لایەنگری ڕووخانی حوکمڕانی عەبدولکەریم قاسم بوون، ئەم دابەشبوونە سیاسییەی، لەمەڕ کودەتاکە، لە نێوان پارتی و حزبی شیوعی نەبوونی یەك هەڵوێستی هەولێری لێکەوتەوە، بەڵام پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە پێکهاتەی نەتەوەیی ناو شاری هەولێر فاکتەرێکی تر بووە لە نەبوونی یەك هەڵویستی شارەکە .

٢ / سەرچاوەی تێکچوونی ڕەوشی سیاسی ناو هەولێر بریتی بوون لەو هێزانەی کە بە حەرەس قەومی ناسراون، بە تایبەتی دوای ئەوەی چەند کەسێکی شارەکە پاڵپشتییان کردن چونکە شارەزاییان لە ناونیشانی ئەو کەسانە هەبوو کە سەر بە پارتە سیاسییەکان بە تایبەتی حیزبی شیوعی بوون .

٣ / خەڵکی ڕەسەنی هەولێر، بە هەڵگرتنی چەك لە دژی هاوڵاتیان و دواتریش لە دژی شۆڕشی کوردستان، پاڵپشتی کودەتاکەیان نەکرد، ئەم هەڵوێستەشیان لەلایان وەکو نەریتێك ماوەتەوە، کە بە پێچەوانەی هەندێك لە ئاغاکانی دەوروبەری هەولێرە و چەکیان بە ڕووی هاوڵاتیان و شۆڕشی کوردستان هەڵگرتووە و چەندین تاوانیان ئەنجام داوە .

٤ / ، دوای ئەوەی کە حیزبی شیوعی لە عێراق و کوردستان، لە دوای کودەتای ٨ی شوبات لەسەر دەستی بەعسییەکان دووچاری شکستی گەورە هاتن، هەولێرییەکان ڕۆڵێکی گەورەیان لە بنیادنانەوەی ڕێکخستنەکانی بینیوە.

٥ / ئافرەت لە شاری هەولێر، هەر چەندە ڕەوشی شارەکەیان لە ئاستێکی پر مەترسیدار بووە، لە یارمەتیدانی لێقەوماوان و شاردنەوە و ڕەوانەکردنیان بۆ دەرەوەی شار، ڕۆڵێکی شێرانەیان هەبووە، ئەمەش ئاستی هۆشیاری و بەرپرسێتی نیشتمانی و نەتەوەیی ئەم ئافرەتانە دەردەخات .

٦ / ڕێژەی خەڵکی هەولێر، هەر چەندە پاڵپشتی شۆڕشی کوردستانیان کردووە و لە زۆر لایەنەوە یارمەتییان داوە، لە ڕیزەکانی ژیانی پێشمەرگایەتی لە ئاستێکی زۆر نزمدا دەردەکەوێت، ئەوەش بە پێچەوانەی ناوچەکانی دەوروبەری هەولێر، بە تایبەتی دەشتی هەولێر، بووە کە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ئەم ناوچانە پەیوەندییان بە شۆڕشی کوردستانەوە کردووە، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە هەستی نەتەوەیی لە ناوچەکانی دەوروبەری هەولێر وەك ناوەوەی هەولێر نەبووە، کە پێکهاتە نەتەوەیی و بەرژەوەندییە ئابووری و پێگە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵی گەورەی تێدا بینیوە .

٧ / شاری هەولێر، بە بەراورد لەگەڵ شوێنەکانی تر لە کوردستان و عێراق بێجگە لە شاری بەغدا، یەکێکە لەو شارانە، دەرەنجامی سیاسەتی بەعسییەکان، قوربانی زۆری داوە.

## پەراوێزەکان:

(١) بۆ زانیاری زیاتر، دەربارەی چۆنیەتی ئەنجامدانی شۆڕشەکە، بڕوانە: لیث عبدالحسن الزبيدي، ثورة ١٤تموز ١٩٥٨ في العراق،ط (٢)، من منشورات مكتبة اليقظة العربية، بغداد، ١٩٨١، ص١٧٧ ـ ١٩٣ .

(٢) احمد فوزی، عبدالسلام محمد عارف ـ سيرته ـ محاكمته ـ مصرعه، بغداد، ١٩٨٩، ص ١٥.

(٣) بۆ زانیاری زیاتر، دەربارەی هەڵوێستی گەلی کورد لە باشووری کوردستان، بڕوانە: مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد ١٩٥٨ ــ ١٩٦١، و: سەعید ناکام، چاپخانەی خەبات، دهۆك، ١٩٩٨، ل ٢٣.

(٤) طارق ابراهيم شريف، شخصيات تتذكر، ج(٢)، من منشورات المركز الثقافي ـ جامعة صلاح الدين، اربيل، ١٩٩١، ص٢٢؛ خالید شێخ عەبدولڕەحمان قەرەداغی، رەئیس مستەفا عەبدوڵلا، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ٧٥ ــ ٧٧ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ مستەفا عەبدوڵلا ناسراو بە( رەئیس مستەفا)، لە ٢٣ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٢.

(٥) طارق ابراهيم شريف، شخصيات تتذكر، ج(١)، اربيل، ١٩٨٨، ص٧٤.

(٦) فاتح رەسوڵ، بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپ لە کوردستان، چ(٢)، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ٣٣١ ؛ شوان محەمەد ئەمین تەها خۆشناو، هەولێر لە نێوان ساڵانی ١٩٥٨ ــ ١٩٦٣، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین ــ هەولێر، ٢٠٠٩، ل٤٣ .

(٧) شورش حسن عمر، حقوق الشعب الكردي في الدساتير العراقية، من منشورات مركز للدراسات الأستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٥، ص١٦٩ .

(٨) شوان محەمەد ئەمین، سەرچاوەی پێشووو، ل٤٧ .

(٩) مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشووو، ل ٤٤ .

(١٠) شوان محەمەد ئەمین، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٢ .

(١١) محمد كاظم علي، العراق في عهد عبدالكريم قاسم ـ دراسة في القوى السياسية والصراع الايدولوجي ١٩٥٨ــ١٩٦٣، بغداد، ١٩٨٩، ص١٣٣. دەربارەی دەقی یاساکە بڕوانە: الوقائع العراقية "جريدة"، ع(٢٨٣)، ١٩٦٠/١/٢ .

(١٢) شكيب عقراوي، سنوات المحنة في كردستان ـ اهم الحوادث السياسية والعسكرية في كردستان والعراق من ١٩٥٨ الى ١٩٨٠، ط(٢)، مطبعة مناره، اربيل، ٢٠٠٦، ص٣١ .

(١٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ کەریم ئەحمەد، لە ٢٣ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٠؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ عەزیز محەمەد، لە ٢ی تشرینی دووەمی ٢٠١٠؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ توفیق فەتاح تۆفیق ناسراو بە(مەلا حەسەن)، لە ٢٥ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٢.

(١٤) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی هەڵوێستی هەولێر لە شۆڕشی ئەیلول، بڕوانە: شوان محەمەد ئەمین، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٤ ــ ١١٩ .

(١٥) دەربارەی پەیوەندییەکانی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی عێراق، بڕوانە: هەمان سەرچاوە، ل٧٧ ـ ٨٥ ؛ پارتی دیموکراتی کوردستان، هەڵوێستی حیزبە سیاسییەکانی عێراق لەمەڕ کێشەی کورد ١٩٤٦ ــ ١٩٧٠، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ١٩٩٧، ل٩٤ــ٩٦.

(١٦) د.ك.و.ع، الوحدة الوثائقية، متصرفية لواء اربيل، رقم الوثيقة: ٦٠٠٠ / ٢٠، الموضوع: تشكيل لجنة لأقامة النصب التذكاري لسيادة الزعيم، تاريخ ١٧ / ٤/ ١٩٦٢.

(١٧) ئەم شوێنە تا ئەمڕۆش لەناو خەڵکی هەولێر بە (فلکەی زەعیم یان هەیکەلی زەعیم) ناسراوە.

(١٨) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: محسن دزەیی، احداث عاصرتها، حاورە: طارق ابراهیم شریف، ج(١)، مطبعة وزارة التربية، اربيل، ٢٠٠١، ص٢٠٠.

(١٩) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ڕووداني كودەتاكە و چارەنووسی عەبدولکەریم قاسم، بڕوانە: احمد فوزی، عبدالكريم قاسم وساعاته الاخيرة، الدار العربية للطباعة، بغداد، ١٩٨٩، ص ١٤٤ ـ ١٥٥، ١٦٤ ـ ١٧١. ڕادیۆی بەغدا لە کاتی خوێندنەوەی بەیانەکانی کودەتاکە چەند جارێك ئەم دێرە هۆنراوەی شاعیری تونسی ئەبو قاسم ئەلشابی دەخوێندەوە کە دەڵێت :

اذا الشعب يوما اراد الحياة فلابد ان يستجيب القدر

ولابد لليل ان ينجلي ولابد للقيد ان ينكسر

بڕوانە دەقی بەیانەکان لە: المصدر نفسه، ص ١٤٩ ـ ١٥٤ .

فوئاد عارف لە یاداشتەکانیدا سەبارەت بە ڕۆژی ٩ی شوبات و کوشتنی عەبدولکەریم قاسم دەڵێت:

**" ... لە بەیانی ڕۆژی ٩ی شوباتی ١٩٦٣ ئوتومبێلێك بە شوێنمدا هات بۆ گەیاندنم بۆ ئیستگە و پێی وتم عەبدولکەریم قاسم خۆی بە دەستەوە داوە و لە سێدارە دەدرێت. پێم وت ناتوانم ئەم دیمەنە ببینم و داوای لێبوردنم کرد و لە ماڵەوە مامەوە ". بڕوانە** : فؤاد عارف، مذكرات فؤاد عارف، تقديم وتعليق: د.كمال مظهر احمد، من منشورات ئاراس ــ رقم (٨٥٣)، اربيل، ٢٠٠٩، ص ١٩٥ ــ ١٩٦ .

(٢٠) سعد ناجي جواد، العراق والمسألة الكردية ١٩٥٨ ـ ١٩٧٠، لندن، ١٩٩٠، ص ٧٥ ــ ٧٦. ئەم کودەتایە لە زۆربەی نووسین و ئەدەبیاتی حزبی بەعسدا بە بووکی شۆڕشان (عروس الثورات) و هەندێ جار بە (شۆڕشی ١٤ی رەمەزان)یش ناوی هاتووە، چونکە لە مانگی رەمەزاندا ڕوویداوە. هادی حسن العلوي، محاولات القضاء على عبدالكريم قاسم، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٩٠، ص ٦٥ .

(٢١) بڕوانە پێکهاتەی وەزارەتەکە لە: احمد فوزی، المصدر السابق، ص١٦٢ .

(٢٢) پلەی موشیر یەکێکە لە پلە سەربازییەکان، تا رۆژی ٨ی شوبات ١٩٦٣ هیچ ئەفسەرێکی عێراق بەم پلەیە نەگەیشتووە، بەڵام بە فەرمانی ژمارە (٢)ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە ٨ی شوبات ١٩٦٣ عەبدولسەلام عارف پلەی موشیر روکنی پێدەدرێت کە ئەمەش پێچەوانەی یاساکانی بەرزکردنەوەی پلەی سەربازییە لە سوپای عێراقدا. بڕوانە: طالب الحسن، اغتيال الحقيقة عبدالسلام عارف واشكالية في تاريخه السياسي، مطبعة العربية، بغداد، ٢٠٠٤، ص ٦١ ــ ٦٢ .

(٢٣) بهاءالدين نوري، في تقييم سياسة الحزب الشيوعى العراقي في سنين ١٩٥٨ــ ١٩٩١ ـ مأزق الحركة الشيوعية في العراق، ط(٤)، العراق، ١٩٩١، ص١٤ـ١٥.

(٢٤) بڕوانە دەقی هەردوو بەیاننامەکە لە: سمير عبدالكريم، اضواء على الحركة الشيوعية في العراق ٨ شباط ١٩٦٣ ـ ١٨ تشرين الثاني ١٩٦٣، قدم له: د.صلاح محمد، ج(٣)، دار المرصاد، بيروت، د.س، ص ٣٥، ٣٨ .

(٢٥) بریتییە لە هێزێکی حیزبیی چەکدار، کە سەر بە بەعسییەکان بوو، ئەوانە جلوبەرگێکی تایبەتییان لەبەر دەکرد بۆ ئەوەی لە هێزی پۆلیس و سوپا جیابکرێنەوە، ئەو هێزە لە نێوان ٨ی شوبات تا ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ تاوانی زۆریان لە سەرانسەری عێراقدا لە دژی سەرجەم گەلانی عێراق ئەنجامدا، هەر بۆیە ئەم ماوەیە لە مێژووی عێراق بە سەردەمی حەرەس قەومی ناسراوە. مسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد ـ شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١ ــ ١٩٧٥، بەرگی (٣)، بەشی (١)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤، ل ١١١ ــ ١١٢ ؛ صالح حسين الجبوري، ثورة ٨ شباط ١٩٦٣ في العراق ـ نهاية حكم عبدالكريم قاسم، بغداد، ١٩٩٠، ص ١٤٥ .

(٢٦) حامد مصطفى مقصود، مدارات الاخوة الأعداء ـ ثورة ١٤ تموز ـ الخلفيات، الوقائع وسيرة ذاتية، مطبعة وزارة التربية، أربيل، ٢٠٠٢، ص٣٣٣؛ صلاح الخرسان، صفحات من تاريخ الحركة الشيوعية في العراق، دار الفرات للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٩٣، ص ١٢٠ .

(٢٧) شيرزاد زكريا محمد، الحركة القومية الكوردية في كوردستان العراق ٨ شباط ١٩٦٣ ـ ١٧ تموز ١٩٦٨، مطبعة وزارة التربية، اربيل، ٢٠٠٦، ص ٧٨.

(٢٨) ئـەم برووسـکەیە چـەند جارێـك لـە ئیـستگەی بەغـدا، لـە ڕۆژانـی ٨ و ٩ی شـوبات، خوێندراوەتەوە. چاوپێکەوتن لەگەڵ فوئاد عارف، لە ١٩ی ئابی ٢٠٠٩ ؛ پـارتی دیمـوکراتی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٣ .

(٢٩) چاوپێکەوتن لەگەڵ جەلال خۆشناو، لـە ١٨ی ئـەیلولی ٢٠١١ ؛ چـاوپێکەوتن لەگـەڵ سـامیە شاکر، لە ٤ی تشرینی دووەمی ٢٠١١ .

(٣٠) بـۆ زانیـاری زیـاتر، دەربـارەی ڕووداوەکـانی ١٤ی تـەمموزی ١٩٥٩ لـە کـەرکووك، بڕوانـە: عبدالفتاح علي البوتاني، العراق ـ التطورات السياسية الداخلية ١٤ تموز ١٩٥٨ ــ ٨ شباط ١٩٦٣، دار الزمـان للطباعـة والنـشر، دمـشق، ٢٠٠٨، ص ٤١٥ ــ ٤٢٧؛ مـارف خەزنـەدار، ڕۆژگاری من، دروست بوون ١٩٤٩ ـ ١٩٦٠، بەرگ (٢)، چـاپخانەی حـاجی هاشـم، هـەولێر، ٢٠٠٩، ل٢٧٩ ـ ٢٨٤ .

(٣١) بڕوانە دەقی بەیاننامەکە لە : سمير عبدالكريم، المصدر السابق، ص ٣٨ .

(٣٢) نەجمەدین مامۆ، بیرەوەرییەکانی نەجمەدین مامۆ هەریری، پێداچوونەوەی: سلێمان شـێخ محەمەد، بەرگی (١)، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٢٣٠ .

(٣٣) مێژووی دروستکردنی ئەم گەڕەکە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی چلەکان و سەرەتای پـەنجاکانی سـەدەی بیـستەم، ناوەکەیـشی دەگەڕێتـەوە لـە نـاوی سـەید عەبـدولقادر سـەید عـەزیز هەرەجەیی، کە لە کۆتایی چلەکان لـەم گەڕەکـە ژیاوە،هـاتووە، کـاتێ خـاوەن موڵکـەکان زەوییەکانیان لەم گەڕەکە بە نرخێکی هەرزان فرۆشتوە، خەڵکی هەژاریش توانای کڕینیـان هەبووە، بۆیە زۆربەی دانیشتوانەکەی لە چینی هەژاری شارەکە بوون. شـارەوانی هـەولێر، هەولێر لە یادی سەد ساڵەی دامەزراندنی شارەوانی هەولێر ١٨٨٥ــ١٩٨٥، سەرپـەرشـتی و ڕێکخستنی: تەحسین چیچۆ و شێرزاد قادر، چ(١)، چاپخانەی علاء، بەغدا، ١٩٨٥، ل١٣٤ .

(٣٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ جەلال خۆشناو، لە ١٨ی ئـەیلولی ٢٠١١؛ چـاوپێکەوتن لەگـەڵ محەمـەد عومـەر سـەیداوەیی، لـە ١٨ی ئـەیلولی ٢٠٠٢؛ چـاوپێکەوتن لەگـەڵ مەجیـد عەبـدولڕەزاق مەحموود ناسـراو بـە(مـام قـادر)، لـە ١٠ی تـشرینی دووەمـی ٢٠٠٢ ؛ چـاوپێکەوتن لەگـەڵ تەحسین محەمەد خەلیل ناسراو بە (ئەبو دلشاد)، لە ٢٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠١١ .

(٣٥) نەجمەدین مامۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٢ .

(٣٦) چـاوپێکەوتن لەگـەڵ سـلێمان موورتکـەیی، لـە ٢٦ی ئـەیلولی ٢٠١١؛ چـاوپێکەوتن لەگـەڵ عوسمان ئەحمەد جۆلا، لە ١٨ی تشرینی دووەمی ٢٠١١.

(٣٧) نەجمەدین مامۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣١ ـ ٢٣٢ .

(٣٨) چاوپێکەوتن لەگەڵ (ئەبو دلشاد)، لە ٢٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠١١.

(٣٩) چاوپێکەوتن لەگەڵ یوسف حەنا یوسف ناسراو بە (ئەبو حیکمەت)، لە ٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٢.

(٤٠) المسیرة ـ صفحات من مذکرات کریم احمد، مطبعة شهاب، اربیل، ٢٠٠٦، ص ١٦٣ ـ ١٦٤.

(٤١) نەجمەدین مامۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٤ ـ ٢٣٥ .

(٤٢) نەجمەدین مامۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٣ .

(٤٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ مومتاز حەیدەری، لە ٢٣ ی ئابی ٢٠١١ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ سامیە شاکر، لە ٤ی تشرینی دووەمی ٢٠١١ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ مام قادر، لە ١٠ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٢؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ نیشتیمان بشیر محەمەد (دوکتۆرە)، لە ٢٣ ی ئەیلولی ٢٠١١.

(٤٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ جەمشید حەیدەری (دکتۆر)، لە ١٠ی تشرینی دووەمی ٢٠١١.

(٤٥) چاوپێکەوتن لەگەڵ سامیە شاکر، لە ٤ی تشرینی دووەمی ٢٠١١.

(٤٦) نەجمەدین مامۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٣ .

(٤٧) جەمشید حەیدەری، چەند لاپەرەیەك لە بیرەوەرییەکانم ١٩٤٩ ـــ ١٩٦٣، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٣، ل٣٣ .

(٤٨) د.ك.و.ع، الوحدة الوثائقیة، رقم الوثیقة: ١٢٣، آمریة حرس القومي في اربیل، الموضوع: الحاق آمریة حرس في اربیل بآمریة موصل، ١٩٦٣/٥/١٦.

(٤٩) چاوپێکەوتن لەگەڵ موحسین محەمەد حسێن (دوکتۆر)، لە ١٩ ی ئەیلولی ٢٠١١ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەرسن موسا رەشید (دوکتۆر) ، لە ٢٧ ی تشرینی یەکەمی ٢٠١١.

(٥٠) د.ك.و.ع، الوحدة الوثائقیة، وزارة العدل، رئاسة الادعاء العام، رقم الوثیقة: م.ع/١٩/٦٣/٣٥٩، الموضوع: برقیة حاکم العسکري العام، دعوة الى نواب المدعى العام کافة لغرض التحقیق، تاریخ ٢٣ /١٩٦٣/٢ .

(٥١) علی کریم سعید، عراق ٨ شباط ١٩٦٣ ـــ من حوار المفاهیم الى حوار الدم ـ مراجعات في ذاکرة طالب الشبیب، دار الکنوز الادبیة، بیروت، ١٩٩٩، ص١٧٢ .

(٥٢) شێخەشەل (١٩٢٣ ـ ٢٠٠٢ ): یەکێك بووە لە ئەندامەکانی حزبی شیوعی، ڕۆڵی دیاری لە سەردەمی پاشایەتی بینیوە، لە کاتی دەستگیرکردنی لە ساڵی ١٩٦٣ لەلایەن حەرەس قەومییەکانەوە چەند پرسیاری لێ دەکرێت، خۆی لەم بارەیەوە دەڵێت:" کاتێ حەرەس قەومی لە ساڵی ١٩٦٣ منیان گرت و لێمیان پرسی کێ فەرمانی دروستکردنی کۆتری ئاشتی داوە، منیش لە وەڵامدا گوتم موتەسەڕیفی پێشوو (عەلائەدین مەحمود )، دواتر پرسیاری ئەو دروشمەیان لێ کردم کە دوای شۆڕشی ١٤ی تەمموز لە ناو شاری هەولێر زۆر باو بووە کە بریتی بوو لە( بژی گەل ڕۆڵەی گەل ... مام رەحمان و شێخەشەل ) کە ئەم

دروشمە لە جیاتی (بژی گەل ڕۆڵەی گەل ... عەبدولکەریم قاسم) دەوترایەوە . تاریق جامباز، شێخەشەل ئەو کەسایەتییە هەولێرییەی بوێر ژیا و بە کەسەرەوە مرد، هەولێر " گۆڤار"، ژ(١٧)، ٢٠٠٦، ل١٧ .

(٥٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ تاریق جامباز، لە ٢٨ ی تشرینی یەکەمی ٢٠١١؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ ممتاز حەیدەری، لە ٢٣ ی ئابی ٢٠١١؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ موحسین محەمەد حسێن، لە ١٩ ی ئەیلولی ٢٠١١؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ سامیە شاکر، لە ٤ی تشرینی دووەمی ٢٠١١.

(٥٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ نورەدین دەباغ، لە ٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠١١ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ جەلیل عەبدوڵلا، لە ٦ی تشرینی یەکەمی ٢٠١١؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ موحسین محەمەد حسێن، لە ١٩ ی ئەیلولی ٢٠١١ .

(٥٥) صلاح الخرسان، صفحات من تاريخ العراق السياسي الحديث - الحركات الماركسية ١٩٢٠-١٩٩٠، مؤسسة العارف للمطبوعات، بيروت، ٢٠٠١، ص ١١٥.

(٥٦) د.ك.و.ع، الوحدة الوثائقية، رقم الوثيقة : س / ٤ / ٦٧٦، من آمرية الحرس القومي — كركوك ، الموضوع : الحاق الحرس القومي في اربيل بلواء الموصل، ١٩٦٣/٤/٢٩ .

(٥٧) یەکێك بووە لە ئەندامانی لێژنەی ئەشکەنجەدانی گیراوەکان لە شاری بەغدا و چەندین تاوانی دەرحەق بە ئەندامانی حزبی شیوعی و کەسایەتییە نیشتمانییەکان ئەنجام داوە. بڕوانە: ثمينة ناجي يوسف ونزار خالد، سلام عادل سيرة مناضل، ج(٢)، دار المدى للثقافة والنشر، دمشق، ص ٣٩٥ .

(٥٨) د.ك.و.ع، الوحدة الوثائقية، رقم الوثيقة: س / ٢٣٦، من قيادة العامة لقوات حرس القومي، الموضوع: تخويل الصلاحية، ١٩٦٣/٥/٣٠.

(٥٩) د.ك.و.ع، الوحدة الوثائقية، رقم الوثيقة : س / ٢، من قيادة العامة لقوات حرس القومى الموصل الى آمرية حرس قومي في اربيل، الموضوع: تشكيل حرس قومي، ١٩٦٣/٦/٥ .

(٦٠) یەکێکە لە کەسایەتییەکانی شاری هەولێر، لە سەردەمی حوکمڕانی عەبدولکەریم قاسم وەکیلی وەزارەتی ناوەخۆ بوو. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: طارق ابراهيم شريف، ذكريات هادى الجاوشلي مع ملوك ورؤساء ورجالات العراق في العهدين الملكي والجمهوري، الدار العربية للموسوعات، بيروت، ٢٠١١ ، ص ٣٨ . دەربارەی چۆنیەتی دەستگیرکردنی بڕوانە: طارق جامباز، القانوني هادي الجاوشلي مواقف كوردية مجهولة، من مطبوعات (مجلة یاساپارێزی ) - رقم ١٣، اربيل، ٢٠٠٥، ص٤١ .

(٦١) محسن دزەيی، المصدر السابق، ج(٢)، ص ٢٢ .

(٦٢) صالح حيدری، مختارات من مذكرات صالح الحيدری، مطبعة رنج، السليمانية، ٢٠٠٤، ص ٣٣٢ ؛ برهان حاتم عثمان، ساڵح حەیدەری ١٩٢٢ ـ ٢٠٠١ ـ ڕۆڵی سیاسی و ڕووناکبیری، نامەی ماستەر (بلاونەکراوە)، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین ـ هەولێر، ٢٠١٠، ل٧٥ .

(٦٣) کەمال مەزهەر، کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حوکمەتی بەریتانیا، ئا : عەبدوڵلاّ زەنگەنە، شەهلا تاهیر حەیدەری، بەرگی (١)، چاپخانەی گرین گالۆری، لوبنان، ٢٠٠٨ ، ل ٣٧٩ .

(٦٤) سەید مەولود بێخاڵی، هەولێرم وا دیوە و بیستووە، بەرگی (٣)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥، ل ٢٢٧، ٢٩٦، ٣١٩ .

(٦٥) دوای دەستگیرکردنی عەزیز ئەحمەد ئەلشێخ لە ٨ی نیسانی ١٩٦٣ سەرکردایەتی مەڵبەندی ڕێکخستن دەکەوێتە ئەستۆی، بەلاّم ئەوەی جێگای سەرنجە ڕووداوی حەسەن سەریع یەکێك بوو لەم فاکتەرانەی بووە هۆی ئاشکرا کردنی شوێنی حەوانەوە و کارکردنی جەمال حەیدەری لە شاری بەغدا، هەر چەندە لەو کاتەی هادی هاشم ئەلئەعزەمی، کە یەکێك بوو لەوانەی پەیوەندی بە بزوتنەوەکەوە هەبوو دەستگیر دەکرێت بەلاّم شوێنی جەمال حەیدەری ئاشکرا ناکات دەرەنجام دەکوژرێت بەلاّم دوای داننان بە زانیارییە نهێنییەکان لەلایەن حەمدی ئەیوب لێپرسراوی ناوچەی بەغدا لە کاتی دەستگیرکردنیدا شوێنەکەی دەدۆزرێتەوە و لە ١٩ تەمموزی ١٩٦٣ دەستگیر دەکرێت و لە ٢٠ی تەمموز لە (قەسر ئەلنهایە) لە ژێر ئەشکەنجەدا دەمرێت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : هاني الفكيكي، اوكار الهزيمة ـ تجربتي في حزب البعث العراقي، ط(٢)، مؤسسة المنار للطباعة والنشر، لندن، ١٩٩٢، ص ٢٥٨ ؛ سمير عبدالكريم، المصدر السابق، ص ٧٩ ـ ٨٠ .

(٦٦) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی سیاسەتی حکومەت بەرامبەر شیوعییەکان بڕوانە: مەجید عەبدولڕەزاق مەحمود (مام قادر)، مذكرات، كتب في افغانستان ١٩٨٨ ـ ١٩٨٩، ص ٨٠ ـ ٨٣ .( غير منشور بحوزة باحث ) .

(٦٧) عبدالله عثمان مخموري، ابراهيم محمد علي مخموري ـ سيرة بطل ومناضل، مطبعة ازادي، اربيل، ٢٠١١، ص١٦ ـ ١٧ .

(٦٨) چاوپێکەوتن لەگەڵ مومتاز حەیدەری، لە ٢٩ ی تشرینی یەکەمی ٢٠١١ .

(٦٩) جەمشید حەیدەری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢ .

(٧٠) محسن دزەیی، المصدر السابق، ص٢٠٢ .

(٧١) مسعود بارزانی، بارزانی و ...، شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١ ـ ١٩٧٥، ل١٢٢ .

(٧٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ جەلیل عەبدوڵلا، لە ٦ی تشرینی یەکەمی ٢٠١١ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ حەیدەر عوسمان، لە ٢٧ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٢ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ عەلی جوکل بەریە، لە ٢٣ی ئابی ٢٠٠٣ .

(٧٣) مەولوود قادر بێخاڵی، بەڕێوەبەرەکانی پۆلیسی هەولێر لە ماوەی ٨٣ ساڵدا، ئینسکلوپیدیای هەولێر، چاپخانەی گرین ـ گالۆری، لوبنان، ٢٠٠٩، ب(٦)، ل ٢٦٣١ .

(٧٤) یەکێك لە دیارترین ئەو کارانەی کە شارەوانی هەولێر، لە سەردەمی عەبدولوەهاب حەسەن، کردوویەتی تێکدانی کۆتری ئاشتی بووە کە شوێنەکەی لەگەڵ زەویدا یەکدەخات . تاریق جامباز، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧ .

(٧٥) مەولوود قادر بێخاڵی، سەرۆك شارەوانییەکانی هەولێر لە ماوەی ١٢٠ ساڵدا، بەرگی (٦)، ئینسکلوپیدیای هەولێر، ب(٦)، ل٢٦٣٠ ؛ مەولوود قادر بێخاڵی، پارێزگارەکانی پارێزگای هەولێر لە ماوەی ٨٢ ساڵدا، ئینسکلوپیدیای هەولێر، ب(٦)، ل ٢٦٣٧ .

(٧٦) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٣ ـ ١٦١ ؛ احمد دلَزار، لمحات من تاریخ الحزب الشیوعی العراقي، من منشورات طریق الشعب، مطبعة الثقافة، اربیل،٢٠٠٢، ص ٣٩ ـ ٤١ .

(٧٧) دەربارەی چۆنیەتی سەرهەڵدانی شۆڕشەکە بڕوانە: مسعود بارزانی، بارزانی و ....، شۆڕشی ئەیلول، ل٣٥ ـ ٣٧ .

(٧٨) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: واحید عومەر محێدین، دانوستانەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی کورد و حکومەتەکانی عێراق ١٩٢١ ــ ١٩٦٨، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ١٢٥ ـ ١٣١ .

(٧٩) فەرەیدوون عەبدولڕەحیم عەبدوڵلا، بارودۆخی سیاسیی کوردستان ـ عێراق ١١ی مارتی ١٩٧٠ ـ ١١ی مارتی ١٩٧٤، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٢٥ ـ ٢٦ .

(٨٠) چاوپێکەوتن لەگەڵ مام قادر، لە ١٠ ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٢ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ سامیە شاکر، لە ٤ی تشرینی دووەمی ٢٠١١ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ یوسف حنا (ئەبو حیکمەت)، لە ٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٢.

(٨١) کاوس قفطان، الحركة القومية التحررية الكردية في كردستان العراق ١٩٥٨ ــ ١٩٦٤، مطبعة وزارة الثقافة، السليمانية،٢٠٠٤، ص ١٨ .

(٨٢) شیرزاد زکریا، المصدر السابق، ص ٧٥ .

(٨٣) محسن دزەیی، المصدر السابق، ج(١)، ص ٢٠٢ .

(٨٤) محسن دزەیی، المصدر السابق،ج(١)، ص ٢٠٣ .

(٨٥) شاندەکە پێك هاتبوون لە: محەمەد رەزا شەبیبی، فایق سامەرائی، حوسێن جەمیل، فەیسەڵ حەبیب خەیزەران، عەبدولعەزیز دووری. مسعود بارزانی، بارزانی و ...، شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١ ـ ١٩٧٥، ل ١٠٥ .

(٨٦) بڕوانە دەقی بەیاننامەکە لە: هەمان سەرچاوە، ل ١٠٧ .

(٨٧) هەمان سەرچاوە، ل ١٠٨ .

(٨٨) شیلان تاهیر سالْح، کۆیە لە نێوان سالاْنی ١٩٥٨ ـ ١٩٧٥، نامەی ماستەر (بلاْونەکراوە)، کۆلێژی زانستە کۆمەلاْیەتییەکان، زانکۆی کۆیە، ٢٠٠٨، ل ٧٥ ــ ٧٦ ؛ کافی محمد النبوي، سيرة ودور، مطبعة وزارة الثقافة، اربيل،٢٠٠١، ص ١٤٦ .

(٨٩) بڕوانە تەواوی پڕۆژەکە لە: مسعود بارزانی، بارزانی و ....، شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١ ــ ١٩٧٥، ل ٣٠٥ ـ ٣١٠ .

(٩٠) شيرزاد زكريا محمد، المصدر السابق، ص ١١٠ ـ ١١١ .

(٩١) محسن دزەيي، احداث عاصرتها ١٩٦١ ـ ١٩٧٥، ج(٢)، مطبعة وزارة التربية، اربيل، ٢٠٠٢، ص ٢٧ .

(٩٢) د.ك.و.ع، الوحدة الوثائقية، وزارة العدل رئاسة الادعاء العام، رقم الوثيقة : م.ع/٩٢٠/٦٣/١٢، الموضوع: ارسال برقية حاكم العسكري العام الى نواب المدعي العام كافة، ٨ /١٩٦٣/٥ .

(٩٣) سەید کاکە، بیرەوەری پێشمەرگەیەك، چ(٢)، چاپخانەی زانکۆی سەلاْحەدین، هەولێر، ٢٠٠٠، ل ٣٥ .

(٩٤) محسن دزەيي، المصدر السابق، ج(٢)، ص ٢٧، ٢٩ .

(٩٥) چاوپێکەوتن لەگەلْ خورشید شێرە، لە ٢٢ ی تشرینی یەکەمی ٢٠١١ .

(٩٦) چاوپێکەوتن لەگەلْ سامیە شاکر، لە ٤ی تشرینی دووەمی ٢٠١١ .

(٩٧) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: شيرزاد زكريا، المصدر السابق، ص ١١٣ ـ ١١٩ .

(٩٨) عبدالكريم فندی، فصول من ثورة أيلول في كردستان العراق، دهوك، ١٩٩٥، ص ٥٧ .

(٩٩) یوسف سالْح ئیسماعیل، ڕاگواستن لە ناحیەی کەندێناوە، هەولێر "گۆڤار"، ژ(١٢)، ٢٠٠١، ل٧٠ . بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ناوی ئەو گوندانەی سەر بە هەموو لیوای هەولێر بوون لە لایەن حەرەس قەومی و بەعسییەکان سووتێندراون بڕوانە : مسعود بارزانی، بارزانی و ....، شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١ ـ ١٩٧٥، ل٤٣٦ .

(١٠٠) یەکێك لەو کەسانەی زۆر بە دەستیەوە تووشی ئەشکەنجەدان و ئازار دەبێت، دی لاە کەوتە سۆراخکردنی، دوای ئەوەی بۆی دەرکەوت کە دوای خانەنشین کردنی لە شاری بەغدا نیشتەجێیە، لەبەر دەرگای مالْەکەیدا هێرشی دەکاتە سەری و دەیکوژێت . مسعود بارزانی، بارزانی و ....، شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١ ـ ١٩٧٥، ل ١٢٢ .

(١٠١) خورشید شێرە، خەبات و خوێن ـ بیرەوەرییەکانی سالاْنی خەباتی پێشمەرگایەتی، چ(٢)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٨، ل١١٤ .

(١٠٢) عبدالفتاح علي البوتاني، الحركة القومية الكوردية التحررية ـ دراسات و وثائق، مطبعة وزارة التربية، اربيل، ٢٠٠٤، ص ٣٤٣ .

(١٠٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ خورشید شێرە، لە ٢٢ ی تشرینی یەکەمی ٢٠١١ .

(١٠٤) شیرزاد زکریا، المصدر السابق، ص ٣٨٣ . حەمەی سابیری: لە بۆسەیەکی پێشمەرگەکانی دەشتی هەولێر لە سەر ڕێگەی هەولێر ـ کەرکووك دەکوژرێت . بڕوانە : مسعود بارزانی، بارزانی و ....، شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١ ـ ١٩٧٥، ل ٢٤٦ ـ ٢٤٧ .

(١٠٥) سەروەر عەبدولرەحمان عومەر، پارتی کۆمۆنیستی عێراق و مەسەلەی کورد١٩٣٤ ـ ١٩٧٥، تێزی دکتۆرا (بڵاونەکراوە)، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٢٠٨ .

(١٠٦) بيان اللجنة المركزية للحزب الشيوعى العراقي فى ١١ حزيران ١٩٦٣ . لە هەمان سەرچاوە وەرگیراوە ، ل ٢٠٩ .

(١٠٧) چاوپێکەوتن لەگەڵ کەریم ئەحمەد، لە ١٠ی کانوونی دووەمی ٢٠١١ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ مام قادر، لە ١٠ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٢ ؛ صلاح الخرسان، صفحات من تاريخ ....، ص ١١٨ . لە یەکەمین هەڵبژاردنەوەی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی عێراق، لە دوای کودەتای ٨ی شوبات لە ساڵی ١٩٦٤ لە براغی پایتەختی چیکوسلوفاکیا بەڕێوەچوو، عەزیز محەمەد بە سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا . المصدر نفسه، ص ١٢٠ ـ ١٢١ .

(١٠٨) چاوپێکەوتن لەگەڵ مومتاز حەیدەری، لە ٢٩ ی تشرینی یەکەمی ٢٠١١ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ حەسەن تەها، لە ١١ ی ئەیلولی ٢٠١١ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ تەحسین محەمەد ناسراو بە (ئەبو دلشاد)، لە ٢٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠١١ .

(١٠٩) ئازاد عوبێد ساڵح، کاریگەری شۆڕشی ئەیلوول لەسەر ڕۆژنامەوانیی کوردی ١٩٦١ ـ ١٩٧٥، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٧، ل ٩٧ ؛ خەبات "جریدة " ع (٨٧٠)، ١٧ / ٤ / ١٩٩٨ .

(١١٠) ئازاد عوبێد ساڵح، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٥ .

(١١١) ماجد حسن علي، الحركة الطلابية الكوردية في العراق ١٩٢٦ ـ ١٩٧٠، رسالة ماجستير(غير منشور)، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين ـ اربيل، ٢٠٠٨، ص ١٠٤ .

(١١٢) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ژیان و خەباتی مەئموون دەباغ بڕوانە: ئازاد عوبێد ساڵح، خەباتی سیاسی و پێشمەرگایەتی شەهید مەئموون دەباغ ١٩٣٦ ـ ١٩٦٣، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٩، ل١٥، ٥٣ .

(١١٣) سەید مەولوود بێخاڵی، هەولێرم وا ....، بەرگی (٣)، ل١٩٣ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ خورشید شێرە، لە ٢٢ ی تشرینی یەکەمی ٢٠١١ .

(١١٤) د.ك.و.ع، الوحدة الوثائقية، متصرفية لواء اربيل، رقم الوثيقة: ٦٧٤٠ / ٣٨، الموضوع : بيان بأذن تشكيل اللجنة لجمع التبرعات و الهدايا، ٣ /١٩٦٣/٧ .

(١١٥) د.ك.و.ع، الوحدة الوثائقية، متصرفية لواء اربيل، رقم الوثيقة: س / ٧٩٦٠ / ٣٨، الموضوع: مبلغ جمع التبرعات في اربيل، ٢ /١٩٦٣/٨ .

## سەرچاوەکان

### أ- بەڵگەنامەکان

### . بڵاونەکراوەکان


- د.ك.و.ع، الوحدة الوثائقية، متصرفية لواء اربيل، رقم الوثيقة : ٦٠٠٠، الموضوع: تشكيل لجنة لأقامة النصب التذكاري لسيادة الزعيم، تاريخ ١٧ / ٤ / ١٩٦٢.
- د.ك.و.ع، الوحدة الوثائقية، وزارة العدل، رئاسة الادعاء العام، رقم الوثيقة: م.ع/١٩/٦٣/٣٥٩، الموضوع: برقية حاكم العسكري العام، دعوة الى نواب المدعي العام كافة لغرض التحقيق، تاريخ ٢٣ /١٩٦٣/٢.
- د.ك.و.ع، الوحدة الوثائقية، رقم الوثيقة: س / ٤ / ٦٧٦، من آمرية الحرس القومي ـ كركوك، الموضوع: الحاق الحرس القومي في اربيل بلواء الموصل، ١٩٦٣/٤/٢٩.
- د.ك.و.ع، الوحدة الوثائقية، رقم الوثيقة : ١٢٣، آمرية حرس القومي في اربيل، الموضوع: الحاق آمرية حرس في اربيل بآمرية الموصل، ١٩٦٣/٥/١٦.
- د.ك.و.ع، الوحدة الوثائقية، رقم الوثيقة: س / ٢٣٦، من قيادة العامة لقوات حرس القومي ، الموضوع: تخويل الصلاحية، ١٩٦٣/٥/٣٠ .
- د.ك.و.ع، الوحدة الوثائقية، وزارة العدل رئاسة الادعاء العام، رقم الوثيقة: م.ع/١٢/٦٣/٩٢٠، الموضوع: ارسال برقية حاكم العسكري العام الى نواب المدعي العام كافة، تاريخ ٨ /١٩٦٣/٥.
- د.ك.و.ع، الوحدة الوثائقية، رقم الوثيقة : س / ٢، من قيادة العامة لقوات حرس القومي الموصل الى آمرية الحرس القومي في اربيل، الموضوع : تشكيل حرس القومي، ١٩٦٣/٦/٥.
- د.ك.و.ع، الوحدة الوثائقية، متصرفية لواء اربيل، رقم الوثيقة: ٦٧٤٠ / ٣٨، الموضوع : تشكيل اللجنة لجمع التبرعات والهدايا، ١٩٦٣/٧/٣.
- د.ك.و.ع، الوحدة الوثائقية، متصرفية لواء اربيل، رقم الوثيقة: س / ٧٩٦٠ / ٣٨، الموضوع: مبلغ جمع التبرعات في اربيل، ٢ /١٩٦٣/٨ .


### ب- بڵاوکراوەکان


- بيان اللجنة المركزية للحزب الشيوعي العراقي فى ١١ حزيران ١٩٦٣.
- بيان رقم (١٣) صادر من مجلس الوطني لقيادة الثورة.


### . چاوپێکەوتنەکان


- ئەرسن موسا رەشید، لە ٢٧ ی تشرینی یەکەمی ٢٠١١.
- تاریق جامباز، لە ٢٨ ی تشرینی یەکەمی ٢٠١١.
- تەحسین محەمەد خەلیل ناسراو بە(ئەبو دلشاد)، لە ٢٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠١١.

- تۆفیق فەتاح تۆفیق ناسراو بە (مەلا حەسەن)، لە ٢٥ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٢.
- جەمشید حەیدەری، لە ١٠ ی تشرینی دووەمی ٢٠١١.
- جەلال خۆشناو، لە ١٨ی ئەیلولی ٢٠١١.
- جەلیل عەبدوڵلا، لە ٦ی تشرینی یەکەمی ٢٠١١.
- حەسەن تەها، لە ١١ ی ئەیلولی ٢٠١١.
- حەیدەر عوسمان، لە ٢٧ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٢.
- خورشید شێرە، لە ٢٢ ی تشرینی یەکەمی ٢٠١١.
- سامیە شاکر، لە ٤ی تشرینی دووەمی ٢٠١١.
- سلێمان موورتکەیی، لە ٢٦ی ئەیلولی ٢٠١١.
- عوسمان ئەحمەد جۆلا، لە ١٨ی تشرینی دووەمی ٢٠١١.
- عەزیز محەمەد، لە ٢ی تشرینی دووەمی ٢٠١٠.
- عەلی جوکل بەریە، لە ٢٣ی ئابی ٢٠٠٣.
- فوئاد عارف، لە ١٩ی ئابی ٢٠٠٩.
- کەریم ئەحمەد، ٢٣ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٠.
- مەجید عەبدولڕەزاق مەحموود (مام قادر )، لە ١٠ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٢.
- موحسین محەمەد حوسێن، لە ١٩ ی ئەیلولی ٢٠١١.
- مستەفا عەبدوڵلا( رەئیس مستەفا)، لە ٢٣ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٢.
- مومتاز حەیدەری، لە ٢٣ ی ئابی ٢٠١١.
- نورەدین دەباغ ، لە ٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠١١.
- نیشتیمان بەشیر محەمەد، لە ٢٣ ی ئەیلولی ٢٠١١.
- یوسف حەنا یوسف ناسراو بە (ئەبو حیکمەت)، لە ٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٢.

## کتێبەکان

### ١- بە زمانی کوردی

- ئازاد عوبێد سالح، کاریگەری شۆڕشی ئەیلوول لەسەر رۆژنامەوانیی کوردی ١٩٦١ ـ ١٩٧٥، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر،٢٠٠٧.
- ــــــــ، خەباتی سیاسی و پێشمەرگایەتی شەهید مەئموون دەباغ ١٩٣٦ ـ ١٩٦٣، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٩.
- پارتی دیموکراتی کوردستان، هەڵوێستی حیزبە سیاسییەکانی عێراق لەمەڕ کێشەی کورد ١٩٤٦ ـ ١٩٧٠، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ١٩٩٧ .
- خالید شێخ عەبدولڕەحمان قەرەداغی، رەئیس مستەفا عەبدوڵلا، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٦.

ــ سەید مەولود بێخاڵی، هەولێرم وا دیوە و بیستووە، بەرگی (٣)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥.
ــ شارەوانی هەولێر، هەولێر لە یادی سەد ساڵەی دامەزراندنی شارەوانی هەولێر١٨٨٥ــ١٩٨٥، سەرپەرشتی و ڕێکخستنی: تەحسین چیچۆ و شێرزاد قادر، چ(١)، چاپخانەی علاء، بەغدا، ١٩٨٥.
ــ فاتح رەسوڵ، بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپ لە کوردستان، چ(٢)، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠٠٥.
ــ فەرەیدوون عەبدولڕەحیم عەبدوڵڵا، بارودۆخی سیاسیی کوردستان ـ عێراق ١١ی مارتی ١٩٧٠ ــ ١١ی مارتی ١٩٧٤، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٨.
ــ کەمال مەزهەر، کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حوکمەتی بەریتانیا، ئا: عەبدوڵڵا زەنگەنە، شەهلا تاهیر حەیدەری، بەرگی (١)، چاپخانەی گرین گالۆری، لوبنان، ٢٠٠٨.
ــ مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد ١٩٥٨ــ١٩٦١، و: سەعید ناکام، چاپخانەی خەبات، دهۆک، ١٩٩٨.
ــ ــــــــــ، بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد ـ شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١ ــ ١٩٧٥، بەرگی(٣)، بەشی (١)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤.
ــ واحید عومەر محێدین، دانوستانەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی کورد و حکومەتی کاتی عێراق ١٩٢١ ــ ١٩٦٨، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٦.

**ب- بە زمانی عەرەبی**

ــ احمد فوزی، عبدالسلام محمد عارف ـ سیرته ـ محاكمته ـ مصرعه، بغداد، ١٩٨٩.
ــ ــــــــــ، عبدالكريم قاسم وساعاته الاخيرة، الدار العربية للطباعة، بغداد، ١٩٨٩.
ــ احمد دلّزار، لمحات من تاريخ الحزب الشيوعي العراقي، من منشورات طريق الشعب، مطبعة الثقافة، اربيل، ٢٠٠٢.
ــ بهاءالدين نوری، في تقييم سياسة الحزب الشيوعي العراقي في سنن ٩٥٨ ــ ١٩٩١ ـ مأزق الحركة الشيوعية في العراق، ط(٤)، العراق، ١٩٩١.
ــ ثمينة ناجي يوسف ونزار خالد، سلام عادل سيرة مناضل، ج(٢)، دار المدى للثقافة والنشر، دمشق، ٢٠٠١.
ــ حامد مصطفى مقصود، مدارات الاخوة الأعداء ـ ثورة ١٤تموزـ الخلفيات، الوقائع، وسيرة ذاتية، مطبعة وزارة التربية، أربيل، ٢٠٠٢.
ــ سعد ناجى جواد، العراق والمسألة الكردية ١٩٥٨ ـ ١٩٧٠، لندن، ١٩٩٠.

ـ سمير عبدالكريم، اضواء على الحركة الشيوعية في العراق ٨ شباط ١٩٦٣ ـ ١٨ تشرين الثاني ١٩٦٣، قدم له: د.صلاح محمد، ج(٣)، دار المرصاد، بيروت، د.س.
ـ شورش حسن عمر، حقوق الشعب الكردي في الدساتير العراقية، من منشورات مركز الدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٥.
ـ شكيب عقراوي، سنوات المحنة في كردستان ـ اهم الحوادث السياسية والعسكرية في كردستان والعراق من ١٩٥٨ الى ١٩٨٠، ط(٢)، مطبعة منارة، اربيل، ٢٠٠٦ .
ـ شيرزاد زكريا محمد، الحركة القومية الكوردية في كوردستان العراق ٨ شباط ١٩٦٣ ـ ١٧ تموز ١٩٦٨، مطبعة وزارة التربية، اربيل، ٢٠٠٦.
ـ صالح حسين الجبوري، ثورة ٨ شباط ١٩٦٣ في العراق ـ نهاية حكم عبدالكريم قاسم، بغداد، ١٩٩٠ .
ـ صلاح الخرسان، صفحات من تاريخ العراق السياسي الحديث ـ الحركات الماركسية ١٩٢٠ـ١٩٩٠، مؤسسة العارف للمطبوعات، بيروت،٢٠٠١.
ـ ــــــــــ، صفحات من تاريخ الحركة الشيوعية في العراق، دار الفرات للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٩٣.
ـ طارق ابراهيم شريف، شخصيات تتذكر، ج(١)، اربيل، ١٩٨٨ .
ـ ــــــــــ، شخصيات تتذكر، ج(٢)، من منشورات المركز الثقافى ـ جامعة صلاح الدين، اربيل، ١٩٩١.
ـ ــــــــــ، ذكريات هادي الجاوشلي مع ملوك ورؤساء ورجالات العراق في العهدين الملكى والجمهوري، الدار العربية للموسوعات، بيروت، ٢٠١١ .
ـ طارق جامباز، القانوني هادي الجاوشلي مواقف كوردية مجهولة، من مطبوعات ( مجلة یاساپارێزی ) ـ رقم ١٣، اربيل، ٢٠٠٥.
ـ طالب الحسن، اغتيال الحقيقة عبالسلام عارف واشكالية في تاريخه السياسي، مطبعة العربية، بغداد، ٢٠٠٤.
ـ عبدالفتاح علي البوتاني، العراق ـ التطورات السياسية الداخلية ١٤ تموز ١٩٥٨ ــ ٨ شباط ١٩٦٣، دار الزمان للطباعة والنشر، دمشق، ٢٠٠٨.
ـ ــــــــــ، الحركة القومية الكوردية التحررية ــ دراسات و وثائق، مطبعة وزارة التربية، اربيل، ٢٠٠٤.
ـ عبدالله عثمان مخموري، ابراهيم محمد علي مخموري ـ سيرة بطل ومناضل، مطبعة ازادى، اربيل، ٢٠١١.
ـ عبدالكريم فندي، فصول من ثورة أيلول في كردستان العراق، دهوك، ١٩٩٥.
ـ علي كريم سعيد، عراق ٨ شباط ١٩٦٣ ــ من حوار المفاهيم الى حوار الدم ـ مراجعات في ذاكرة طالب الشبيب، دار الكنوز الادبية، بيروت، ١٩٩٩.

ـ ليث عبدالحسن الزبيدي، ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨ في العراق، ط(٢)، من منشورات مكتبة اليقظة العربية، بغداد، ١٩٨١.
ـ محمد كاظم علي، العراق في عهد عبدالكريم قاسم ـ دراسة في القوى السياسية والصراع الايدولوجي ١٩٥٨ـ١٩٦٣، بغداد، ١٩٨٩.
ـ هادي حسن العلوي، محاولات القضاء على عبدالكريم قاسم، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٩٠.
ـ هاني الفكيكي، اوكار الهزيمة ـ تجربتي في حزب البعث العراقي، ط(٢)، مؤسسة المنار للطباعة والنشر، لندن، ١٩٩٢.

**ـ نامە زانكۆییيەكان**

**ـ ماستەر**

**ا ـ بە زمانی كوردی**

ـ بورهان حاتەم عوسمان، ساڵح حەیدەری ١٩٢٢ ــ ٢٠٠١ ــ ڕۆڵی سیاسی و رووناكبیری، كۆلێژی ئاداب، زانكۆی سەلاحەدین ـ هەولێر، ٢٠١٠.
ـ شوان محەمەد ئەمین تەها خۆشناو، هەولێر لە نێوان ساڵانی ١٩٥٨ ـ ١٩٦٣، كۆلێژی ئاداب، زانكۆی سەلاحەدین ـ هەولێر، ٢٠٠٩.
ـ شیلان تاهیر ساڵح، كۆیە لە نێوان ساڵانی ١٩٥٨ ـ ١٩٧٥، كۆلێژی زانستە كۆمەڵایەتییەكان، زانكۆی كۆیە، ٢٠٠٨.

**ب ـ بە زمانی عەرەبی**

ـ ماجد حسن علي، الحركة الطلابية الكوردية في العراق ١٩٢٦ـ١٩٧٠، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين ـ اربيل، ٢٠٠٨.

**ج- دكتۆرا**

**ـ بە زمانی كوردی**

ـ سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر، پارتی كۆمۆنیستی عێراق و مەسەلەی كورد ١٩٣٤ ـ ١٩٧٥، كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەكان، زانكۆی سلێمانی، ٢٠٠٨.

**یاداشتەكان**

**. بلاۆنەكراوەكان .**

**. بە زمانی عەرەبی .**

ـ مجيد عبدالرزاق محمود (مام قادر)، مذكرات، كتب في افغانستان عام ١٩٨٨ ــ ١٩٨٩ (بحوزة باحث) .

**ـ بڵاوکراوەکان .**

**ا- بە زمانی کوردی .**

ـ جەمشید حەیدەری، چەند لاپەڕەیەك لە بیرەوەرییەکانم ١٩٤٩ ـ ١٩٦٣، ستۆکهۆلم، ١٩٩٣.

ـ خورشید شێرە، خەبات و خوێن ـ بیرەوەرییەکانی ساڵانی خەباتی پێشمەرگایەتی، چ(٢)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٨.

ـ سەید کاکە، بیرەوەری پێشمەرگەیەك، چ(٢)، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٠٠.

ـ مارف خەزنەدار، ڕۆژگاری من، دروست بوون ١٩٤٩ ـــ ١٩٦٠، بەرگ (٢)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٩.

ـ نەجمەدین مامۆ، بیرەوەرییەکانی نەجمەدین مامۆ هەریری، پێداچوونەوەی: سلێمان شێخ محەمەد، بەرگی(١)، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠٠٩.

**ب- بە زمانی عەرەبی.**

ـ صالح حيدري، مختارات من مذكرات صالح الحيدري، مطبعة رنج، السليمانية، ٢٠٠٤.

ـ فؤاد عارف، مذكرات فؤاد عارف، تقديم وتعليق: د.كمال مظهر احمد، من منشورات ئاراس، رقم (٨٥٣)، اربيل، ٢٠٠٩.

ـ كافي محمد النبوي، سيرة ودور، مطبعة وزارة الثقافة، اربيل، ٢٠٠١ .

ـ كريم احمد، المسيرة ـ صفحات من مذكرات كريم احمد، مطبعة شهاب، اربيل، ٢٠٠٦ .

ـ محسن دزەيی، احداث عاصرتها، حاوره: طارق ابراهيم شريف، ج(١)، مطبعة وزارة التربية، اربيل، ٢٠٠١.

ـ ــــــــــ، احداث عاصرتها ١٩٦١ ـ ١٩٧٥، ج(٢)، مطبعة وزارة التربية، اربيل، ٢٠٠٢ .

**ـ وتار و لێکۆڵینەوەکان**

ـ تاریق جامباز، شێخەشەل ئەو کەسایەتییە هەولێرییەی بۆیر ژیا و بە کەسەرەوە مرد، هەولێر " گۆڤار"، ژ(١٧)، ٢٠٠٦.

ـ مەولود قادر بێخاڵی، سەرۆك شارەوانییەکانی هەولێر لە ماوەی ١٢٠ ساڵدا، ئینسکلوپیدیای هەولێر، چاپخانەی گرین ـ گالۆری، لوبنان، ٢٠٠٩، ب(٦) .

ـــ ــــــــ، بەڕێوەبەرەکانی پۆلیسی هەولێر لە ماوەی ٨٣ ساڵدا، ئینسکلوپیدیای هەولێر، ب(٦) .

ـــ ــــــــ، پارێزگارەکانی پارێزگای هەولێر لە ماوەی ٨٢ ساڵدا، ئینسکلوپیدیای هەولێر، ب(٦) .

ـ یوسف ساڵح ئیسماعیل، ڕاگواستن لە ناحیەی کەندیناوە، هەولێر "گۆڤار"، ژ(١٢)،٢٠٠١

ـ الوقائع العراقية "جريدة"، ع(٢٨٣)، ٢ /١/١٩٦٠ .

ـ خەبات "جريدة " ع (٨٧٠)، ١٧ / ٤ / ١٩٩٨ .

## ملخص البحث باللغة العربية

تعد الحقبة التأريخية بعد انقلاب ٨ شباط ١٩٦٣ الى ١٨ تشرين الثاني ١٩٦٣ وانتهاء عهد البعث الاول في العراق، مرحلة مهمة في التاريخ السياسي في العراق وكوردستان الجنوبية بشكل عام ومدينة اربيل بشكل خاص .

تطرقت في مقدمة هذا البحث الى أهمية هذه الدراسة وجدواها واسباب اختيار الموضوع مع الاشارة الى المعلومات التي صادفتها اثناء اعداد البحث والمصادر والمراجع التي اعتمدتها والتي اغنت جوانب البحث .

شمل التمهيد نبذة تاريخية مختصرة عن الاوضاع السياسية في مدينة اربيل خلال فترة حكم عبدالكريم قاسم ١٤ تموز ١٩٥٨ ـ ٨ شباط ١٩٦٣، تناول المحور الاول عن موقف اربيل من الاحداث ٨ شباط وسقوط حكومة قاسم اضافة الى محاولات سكان أربيل في منع سيطرة البعثيين في المدينة من خلال التنظيمات الحزبية والنشاطات الجماهيرية.

اما المحور الثاني تناول فيها السياسة الحكومية بعد انقلاب ٨ شباط في المدينة وأهم الاجراءات التي قامت بها عناصر حرس القومي ضد ابناء المدينة وعملية سجن وابادة عناصر مناؤة لهم من خلال التهديد والسجن والقتل. اما المحور الثالث فقد تناول فيها موقف اربيل من علاقة قيادة الثورة الكردية مع حكومة الانقلاب اثناء المفاوضات وبعد اندلاع الحرب من قبل الحكومة العراقية، اضافة الى ذلك اعطاء صورة واضحة عن دور الأربيليين في اعادة تنظيمات الحزب الشيوعي وتشكيل الخلايا العسكرية ومشاركتهم في ثورة أيلول. واحتوت خاتمة البحث على الاستنتاجات التي توصلت اليها من خلال دراستي فيه عن الاوضاع السياسية في مدينة اربيل خلال فترة البعث الاول .

وختاما ارجو ان اكون قد وفقت في اعطاء صورة واضحة عن دور وموقف مدينة اربيل من هذه الاحداث التي يتكون جزءاً مهما في التاريخ السياسي للعراق خلال العهد الجمهوري الثاني .

والله ولي التوفيق ...

## Abstract

This article is an attempt to shed light on the political history of Arbil during the first Baath rule (8 February-18 November 1963) . It begins with an introduction about the political conditions in the city under the rule of Abdul-Kareem Qasim (1958-1963).

The article includes three topics. The first one deals with Arbil's position towards the coup of 8 February 1963 and the attempts of some groups in Arbil to prevent the Baathists from controlling the city. The second Topic focuses on Iraqi government's policy in Arbil after the success of the coup, and the measures taken by the National Guard (al-Harass al-Qawmi) against the population of Arbil through imprisonment and murder.

The third and last topic is devoted to clarify Arbil's attitude towards the negotiations between the Kurdish leadership and the coup government, and the outbreak of hostilities after the failure of the negotiations.

This topic follows up also the role of the people of Arbil in re-establishing the organizations of the communist party, and their participations in the Kurdish revolutions. The article ends with a number of conclusions.

# ئەم كتێبەم خوێندەوە

**محەمەد عەلی قەرەداغی**
**ئەندامی كارای ئەكادیمیای كوردی**

كە ساڵی ١٩٧٨ (دیوانی وەفایی)م پاش ئەرك و گەڕان و ماندووبوونێكی زۆر بە لێكۆڵینەوە چاپ كرد، دەمزانی كە كاری دیوانی وەفاییم یەكسەرە نەكردووەتەوە و زۆری بە بەرەوە ماوە كاروانی شیعری وەفایی بگاتە قۆناغێكی شیاو و جێگەی ڕەزامەندیی ڕۆشنبیران.

لەو كاتەیشەوە بە هیوای ئەوە بووم ئەگەر بۆم بلوێ ئەم دیوانە هەنگاوێكی دی بەرەو پێشەوە ببەم، ئەوەیش ناشارمەوە كە حەزم كردووە كەسێكی دی لەبری من ئەو كارە ئەنجام بدات و ئەو كاتەی من بۆ پرۆژەیەك لەو پرۆژانەم بمێنێتەوە كە پێیانەوە سەرقاڵم و زۆری كاتیان گرتووم و پێشبڕكێ لە تەك كات و تەمەن و وزەی لەشدا دەكەم بۆ ئەنجامدانیان.

ئەوەیش ناشارمەوە لەو ماوە درێژەدا دوای دەرچوونی دیوانی وەفایی تا ئەمڕۆ گەلێك زانیاری و سەرچاوە و بابەتی نوێم لەسەر دیوانی وەفایی كۆ كردووەتەوە. چاوگێڕانێك بە ناوەڕۆكی (ئەلبوومی كەشكۆڵ)دا گەواهیدەر دەبێت بۆ بەشێك لەو كەرەستانەی لە دەستمدان بۆ لێكۆڵینەوەیەكی نوێی دیوانی وەفایی.

كاتێك ساڵی ٢٠١٠ موسوەدەی دیوانی وەفایی خوالێخۆشبوو دوكتۆر عوبەیدوڵڵای ئەییووبیانم لەلایەنی لیژنەی چاپی ئەكادیمیاوە رووبەڕوو كرایەوە، كە وەك پسپۆڕ، بیخوێنمەوە و ڕا و سەرنجی خۆمی لە بارەوە دەربڕم، دەستێكم بە دڵمدا هێناو هەناسەیەكی ئاسوودەییم هەڵكێشاو، لە دڵی خۆمدا ئۆخەییم بۆ ئەوە كرد كە ئەم ئەركەم لە كۆڵ كەوت! ئەوەبوو لە ماوەیەكی كەمدا ـ ١٠ ڕۆژێك ـ كتێبەكەم بە وردی خوێندەوە و بە ئەمانەتەوە رای خۆم لەسەر دەربڕی و بە راپۆرتێك پوختەی راكانم لە تەك كتێبەكەدا دایەوە بە لیژنەی چاپ و لێرەدا دەقی ئەو راپۆرتە دەبینرێت.

دوای ئەوە مامۆستا ڕەشید فندی، کە ئەو کاتە سەرۆکی لیژنەی چاپی کتێب بوو لە ئەکادیمیا ـ داوای لێ کردم سەرپەرشتی چاپی ئەو دیوانە بکەم و چی پێویست بێت بۆ لە چاپدانی ئەنجامی بدەم. منیش ڕەزامەندی خۆم پیشان دا بە دوو مەرج:

یەکەم: موافەقەتی بنەماڵە و خانەوادەی د. ئەییووبیان لەسەر ئەوەی من ئەو کارە ئەنجام بدەم.

دووەم: ئەو سەرچاوە و دەستخەتانەم بدەنێ کە سەرچاوەی کارەکەی د. ئەییوبیان بوون.

دوای ئەوە ئیتر هیچم لەم بارەوە نەبیست تا لەم ماوەدا، سەرەتای ساڵی ٢٠١٢ دیوانی وەفایی لە ڕێگەی ئەکادیمیاوە لە چاپێکی جواندا کەوتە بازاڕی چاپەمەنی کتێبەوە.

پێشەکی پیرۆزبایی ئەم کارە دەکەم و دەستخۆشی لە هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە بەشێوەیەك لە شێوەکان دەوریان لە ئەنجامدانی ئەم کارەدا بووە و، هیوادارم کە گیانی د. ئەییووبیانیش بەو کارە شاد ببێ کە بە ئاواتی بینینییەوە سەری نایەوە.

دوای دەرچوونی چاپی نوێی دیوانی وەفایی دانیشتم جارێکی دی بە وردی خوێندمەوە تا بزانم چی بۆ ئەنجامدراوە.

پاش خوێندنەوەکەی کۆمەڵێك ڕا و سەرنجم بۆ دروست بوو، لەبەر ئەوەی کە گومان لەوەدا نییە ئەمەیش دوا کار و دواجاری چاپی دیوانی وەفایی نابێت، وام بە باش زانی کورتە و پوختەی سەرنجەکانم لەم خوێندنەوەدا بخەمەڕوو، بەهیوای ئەوەی لە تەك ڕا و سەرنجی کەسانی دیشدا کە ـ دووبارە ـ گومانم لەوەدا نییە ڕا و سەرنجیان دەبێت، جێگەی سوود بن و، چاپی داهاتووی دیوانی وەفایی زانستییانەتر و قەشەنگتر بێت.

پێش ئەوەی بچمە سەر ڕا و سەرنجەکانم دەستخۆشی لە برای بە نرخم دوکتۆر عوسمان دەشتی دەکەم بۆ ئەو ڕەنجەی لەم ڕێگەدا کێشاویەتی و، بۆ ئەو پشوو قووڵی و بیندرێژییەی لە هەڵسوکەوت لە تەك سەرچاوەکاندا بوویەتی. کە هاتووە لە سەرەتاوە یەکە یەکە سەرچاوەکانی هەڵسەنگاندووە و بەڕێکوپێکی بە

خوێنەری ناساندوون و چی پێویست بێ لە بارەیانەوە نووسیویەتی و ـ خۆی ـ نیشانەی بۆ سەرچاوەکان داناوە و، وێنەی لە دەستخەتەکان پیشانداوە و، دواتر چووەتە لای باسی ژیانی وەفایی و بە گوێرەی ئەو سەرچاوانەی لە دەستدان بە تێروتەسەلی ژیانی وەفایی روون کردووەتەوە. دوای ئەوەیش لای لە کێش و هونەری شیعری وەفایی کردووەتەوە.

دوای ئەنجامدانی ئەمانە و دوای تایپکردنی دیوانەکە بەو دیوانە ئامادەکراوەوە رووی کردووەتە مەڵبەندی بیر و هزر و زمانی وەفایی (مەهاباد) بۆ وەرگرتنی سوودی زیاتر بۆ دیوانەکە لە رۆشنبیرانی ئەو دەڤەرە، کە ئەمەیش ڕا و پێشنیازی منە بۆ ئەم جۆرە کارانە.[1]

پاش ئەمانە (دیوانی وەفایی بە گرد و کۆ و بەراوردی سەید عوبەیدوڵڵای ئەییووبیان و ساغکردنەوە و پێشەکی نووسین و ئامادەکردنی د. عوسمان دەشتی کەوتە کتێبخانەی کوردییەوە.

## سەرنجەکان

سەرەتای سەرنجەکانم لەوەوە دەست پێدەکەم کە لە پاشبەندی دیوانی وەفاییدا نووسیومە کە ئێمەی کورد تا ئێستە ـ ئەو کاتە و ئێستەیشی بە دەمەوە بێت ـ رێبازێکمان بۆ لێکۆڵینەوەی تێکستی کوردی نییە و، هەر کەس هەرچی بکات یان لە خۆیەوە ئەنجامی دەدات یان پشت بە رێبازی لێکۆڵینەوەی گەلانی دراوسێ دەبەستێت، ئەمەیش لە کارەکەی د. ئەییووبیان و د. دەشتیدا بە ئاشکرا دیارە و هیچ کامیان باسی ئەوەیان نەکردووە لە کارەکەیاندا پشتیان بە چ سەرچاوەیەك ـ لەو رووەوە ـ بەستووە. دیارە نەبوونی بەرنامەیش بۆ ئەنجامدانی کاری وا گەورە دوایی بێ بەرنامەیی پێوە دیار دەبێت.

لێرەوە دەچمە لای کەلێنی گەورە کە ئەم بێ بەرنامەییە دروستی کردووە، لە رێبازی لێکۆڵینەوەی تێکستی عەرەبیدا نووسراوە و دەڵێن:

ئەو تێکستە چاپکراوانەی کە دەستخەتە ئەسڵییەکانیان تێداچووە و لە دەست دەرچوون بۆ ئەوە ناشێن بۆ کاری لێکۆڵینەوە بکرێن بە سەرچاوە و سوودیان لێ وەربگیرێت، خۆ ئەگەر ئەو چاپانە ئەنجامی کاری زانستی نەبن و

چاپی بازرگان بن ئەوە زیان بە ئەمانەتی زانستی و لێکۆڵینەوە دەگەیەنن لە بری ئەوەی نرخی بەرز کەنەوە. لەم رووەوە کەمێك لە دەقی عەرەبی ئەو رایە دەگوێزمەوە ئێرە: "٤ـ والنسخ المطبوعة التي فقدت أصولها او تعذر الوصول اليها يهدرها كثير في المحققين...

وأما الطبعات التي تخرج للتجارة ولا يقوم عليها محقق أمين فهي نسخ مهدرة بلا ريب، ومن الاخلال بأمانة السلم والأداء أن يعتمد عليها في التحقيق"[٢]

بەپێی ئەم دەقە هەر پەراوێز و بەراوردکارییەك بۆ چاپەکانی قەرەداغی و گیو کراوە هەمووی زیادە و ئاستی بایەخی لێکۆڵینەوەکەی پێ بەرز نابێتەوە.

هەر بەپێی رێبازی لێکۆڵینەوە ئەوەی کە نەکراوە و دەبوو بکرایەت ئەوەیە: دوای هەڵسەنگاندنی سەرچاوە دەستخەتەکان کامیان لە هەموویان باشتر و جێی متمانەترە دەبوو ئەوە بکرایەت بە سەرچاوەی بنەڕەتی ـ نەك نوسخەکەی د. ئەییووبیان ـ و لەسەرەوە بنووسرایەت و، جیاوازیی نوسخەکانی دیش ـ لە بری قەرەداغی و گیو ـ لە پەراوێزەوە دەستنیشان بکرایەن.

بۆ نموونە کە کەشکۆڵی (میرزا عیسای گەورك) بەپێی هەڵسەنگاندنەکە، باشترین نوسخەی دەستخەتی (دیوانی وەفایی) یە و (١١٧) پارچە شیعری کوردی و (٩٧) پارچە شیعری فارسی تێدایە، دەبوو ئەو نوسخە بە دایکانە و بنەڕەتیی دابنرایەت و لە پەراوێزەوە باسی نوسخە دەستخەتەکانی دی بکرایەت. وەك ئەوە کە بگوترایەت ـ بۆ هەر پارچەیەك لە شیعرەکانی دیوانەکە ـ: ئەم پارچە لە فلان نوسخە و فلان نوسخەدا هەیە و ، (گەورك) کرا بە دایکانە و ئەمەیش جیاوازیی نوسخەکانی دی. کە هەموو شیعرەکانی وەفایی لە (گەورك)دا تەواو بوو ئەوسا دەچنە لای (ئەییووبیان) چیش لای ئەو هەبێت و لە (گەورك)دا نەبووبێت لە سەرەوە دەنووسرێت و جیاوازییەکانی نوسخەکانی دی لە پەراوێزەوە دەستنیشان دەکرێن.

دەبێ لە دامێنی ئەم خاڵەدا ئەوە بگوترێت: نابێ نوسخەکەی (د. ئەییووبیان) بە بنەڕەتیی دابنرێت، چونکە لە لایەکەوە نوسخەکەی ئەو لە دەرەنجامی کۆکردنەوە لە نوسخەکانی دی هاتووەتە دی و، لە لایەکی دیشەوە خودی ئەو نوسخە ـ وەك لە راپۆرتەکەدا روونم کردووەتەوە ـ مەرجی تەواوی لێکۆڵینەوەی

زانستی تێدا رەچاو نەکراوە، ئەگەر وەها نەبوایە ئەو نوسخە خۆی یەکسەر چاپ دەکراو پێویستی بە ساغکردنەوەی د. دەشتی نەدەبوو.

## گلەیی لە لیژنەی چاپی ئەکادیمیای کوردی

ئەوەی بۆ چاپکردنی کتێب لە ئەکادیمیادا پەیڕەو دەکرێت ئەوەیە: هەر بەرهەمێك درا بە ئەکادیمیا بۆ چاپکردن، دوای هەڵسەنگاندنێکی سەرەتایی دەنێردرێت بۆ دوو پسپۆری شارەزا لە بواری ئەو بەرهەمەدا کە ئەو دوو پسپۆرە هەردووکیان رایان ئەرێ بوو ئەوە بەرهەمەکە رێگەی چاپکردنی پێ دەدرێت. ئەگەر هەردوو راکەیش نەرێ بوون ئەوە ئەو بەرهەمە وا دادەنرێت شیاوی چاپکردن نییە. خۆ ئەگەر رای پسپۆرەکان ئەرێ و نەرێ بوو، ئەوە دەنێردرێت بۆ پسپۆرێکی سێهەم و ئەو کاتە رای ئەو بە هەر لایەکدا بوو ئەوە راکەی یەکلاکەرەوە دەبێت بۆ ئەرێ یان نەرێ.

ئەگەر پسپۆر رای وابوو بەرهەمەکە شیاوی چاپکردنە بەڵام دوای دەستکاری و بەسەرگرتنەوە و چاککردنی کەم و کوریی ئەوسا دەبێ خاوەنی بەرهەمەکە پابەند بێ بە رای پسپۆرەوە و دوای جێبەجێکردنی رای پسپۆر، پسپۆر جارێکی دی بەرهەمەکە ببینێتەوە و شایەتی ئەوە بدات کە سەرنجەکانی جێبەجێ کراون، دوای ئەوە مۆڵەتی چاپدانی کتێبەکە لە ئەکادیمیادا دەدرێت.

بۆ دیوانی وەفایی کە من بەپێی نووسراوی بێ ژمارەی مێژووی ٢٠١٠/٧/٧ی لیژنەی کتێبی ئەکادیمیای کوردی کە هەڵسەنگاندنی بۆ شیاوی و نەشیاوی بۆ چاپ بەرەو رووی من کرابووەوە و، ئەو راپۆرتەم لەسەر نووسی کە لێرەدا دەقەکەی دەبینرێ، بەڵام دوایی ـ وەك دەبینی ـ بێ ئاگادارکردنەوەی من و بێ جێبەجێکردنی بەشێکی زۆری سەرنج و پێشنیازەکانی من، دیوانەکە چاپ بوو. ئەم ئاگادارنەکردنەوەی من و گوێنەدان بە را و سەرنجەکانم بووە بە هۆی دروستبوونی ئەو سەرنجانەی لێرەدا دەخوێنرێنەوە.

- هەر لەبارەی کارەکەی د. ئەییووبیان و کارکردنی د. دەشتی تیایدا سەرنج بۆ لایەنێکی دیکە رادەکێشم ئەویش ئەوەیە: کە د. ئەییووبیان خۆی لە ژیاندا نەماوە ئایا رەوایە و دەگونجێ کەسانێکی دیکە دوای خۆی ـ دیارە بێ

پرس پێکردن و ڕەزامەندیی ئەو - دەست بخەنە کارەکەیی و کەم و زیاد و گۆڕانکاری تێدا بکەن؟ بەگەڕانەوە بۆ دەقەکەی د. ئەییووبیان و بە نووسینی د. دەشتیش گەلێ دەسکاریکردن لە کارەکەی د. ئەییووبیان ڕووی داوە و بە وردیش ئەوە دیاری نەکراوە کە تا چ ئەندازەیەك و لە چ ڕوویەکەوە ئەو گۆڕانکارییانە هەن و چۆنن. ئەوە نەبێ لە هەندێ شوێندا پەنجە خراوەتە سەر ئەوە کە نووسینەکانی د. ئەییووبیان (... دووبارە کراونەتەوە کە هەندێکیان بیرو بۆچوونی کۆن و نازانستین و ...) بۆ ئەوە ناشێن (لاپەڕەیان پێ ڕەش بکرێتەوە ل: ٧٧)

دەبێ ئەوە نەبوێرم - جگە لەوەی ئەم گۆڕانکاری و لابردنانە بێ پرس و ڕەزامەندیی د. ئەییووبیان بوون - وە نەبێ هەمیشە بە قازانجی کارەکە و دیوانەکە و ڕێبازی زانستیی تەواو بووبن. بەڵێ د. دەشتی باسی دەستخەتەکانی بە تێروتەسەلی و هاوڕێ لەگەڵ وێنەی دەستخەتەکاندا نووسیوە، هەندێ جار شتی وای بەسەردا تێپەڕیوە لەم شوێنانەدا بە زیانی گەورە دادەنرێن. ئێمە تائێستە بە دەگمەنیش نموونەی دەستخەتی شاعیرانی کۆنی وەك (نالی) و کەسانی دیمان دەست نەکەوتووە. د. ئەییووبیان دەستخەتی وەفایی لە پێشەکی کارەکەیدا هێناوە و دیارە مەبەستی بووە ئەم دەستخەتەی وەفایی لە تەك دیوانەکەیدا بکەوێتە بەرچاوی خوێنەران، بەڵام لێرەدا نازانم بەسەر د. دەشتیدا تێپەڕیوە یان بایەخی ئەوەی نەبووە لە پێشەکی دیوانەکەدا هەبێت، ئەمە لە کاتێکدا بۆ مام کەریم، یان میرزا کەریمی یاهوو (٥) لاپەڕە تەرخان کراوە کە وێنەی دەستخەتەکانی تێدا پیشان بدرێت! [٣]

بە بڕوای من دەبوو ئەو خەتە جوان و خۆشەی وەفایی بکرایەت بە تابلۆی سەر بەرگەکەیی و ئەگەر لە هەردوو دیوەوە نەبوایەت هیچ نەبێ لاپەڕەی دواوەی بەرگەکە بەو خەتە جوانە بڕازێنرایەتەوە. (هیوادارم لەم وتارەدا وێنەی خەتی وەفایی دابنرێت).

لایەنێکی دیش کە دەکرێ پرسیاری لەسەر بکرێت ئەوەیە: بەڵێ دوکتۆر ئەییووبیان لە زێد و مەڵبەندی وەفاییدا کاری بۆ دیوانەکەی کردووە و سەرچاوەی باشی بەدەست هێناوە، بەڵام بەرهەم و شۆرەتی وەفایی ئەو سنوورەی بەزاندووە

و شیعر و بەرهەمی بە گەلێ شوێندا بڵاو بووەتەوە، ئایا نەدەکرا رەتی پشکنین بە شوێن شوێنەواری وەفاییدا بەرینتر بکرایەت تا زیاتر لەو بارەیشەوە دیوانەکەی دەوڵەمەندتر بوایەت؟ من بۆ نموونە دەڵێم: چاو خشاندنێك بە ناوەرۆکی ئەلبوومی کەشکۆڵدا ئەوە دەردەخات کە لە چەندین بەیاز و کەشکۆڵی کۆندا شیعری وەفایی هەیە و، رەنگە گەلێکیان جێگەی سوودی زۆر بن.

لەم رووەوە ئاماژە بۆ پێنج خشتەکییەکەی وەفایی لەسەر شیعری نالی دەکەم کە لە دیوانەکەدا بە گومانەوە بۆی ڕوانراوە و هەر ئەوەیش وای کردووە لە مەتنی دیوانەکەدا جێگەی نەکەنەوە و پەراوێزی پێ رەوا ببینن! ئەم پارچە شیعرە لە لای من لە کەشکۆڵی مەلا عەبدوڵڵای مەریوانیدا هەیە و، نوسخەیەکی جوان و دروستە و بێ دوودڵی لەسەری نووسراوە:

(مخمس وفای برسر کلام نالی) وێنەی لێرەدا بڵاو دەکەمەوە.

هەر لەم رووەوە ئاماژە بۆ ئەوەیش دەکەم دوای بڵاوبوونەوەی دیوانی وەفایی نوسخەیەکیم بە دیاری نارد بۆ خوالێخۆشبوو مامۆستا سەید تاهیری هاشمی لە کرماشان، کە تیایدا ئاماژەم بۆ ناتەواویی پارچەیەك شیعری فارسی وەفایی کردبوو، مامۆستا سەید تاهیر بە خەتە جوانەکەی خۆی پارچە شیعرەکەی بە تەواوی نووسیبووەوە و بۆی ناردم، ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێ کە دیوانی دەستخەتی شیعری وەفایی ـ بە تەواوی یان ناتەواوی ـ لای گەلێ کەس و لە گەلێ شوێن هەبووە.

**. دەستکاریکردن و لابردن**

ئاشکرایە د. دەشتی دوای کۆچی دوایی د. ئەییووبیان دەستی داوەتە ئامادەکردنی دیوانی وەفایی، ئەو پرۆژەیش کە د. دەشتی دەستی کردووە بە ئامادەکردنی پرۆژەی تەواوی د. ئەییووبیان بووە و ئەوە کۆتا بڕیاری بووە لەسەر هەموو روویەك و لایەنێکی دیوانەکە و، بۆ ئەوەی داوە بە کۆڕی زانیاری کوردستان کە وەك خۆی چاپی بکات، هیچ وەسیەت و پەیامێکیشی نییە بۆ دوای خۆی چی لە پرۆژەکەی بکرێت، لە وەها حاڵێکدا دەستبردن بۆ پرۆژەکەی د.

ئــەییووبیان ئەگــەر لــە ســنووری جــوانکردن و ڕێکــوپێککردنی دەرچــێت، دەستکاریکردنی پرۆژەیەکە بێ ڕەزامەندی خاوەنەکەی.

لەم ڕووەوە پەنجە بۆ یەك دوو خاڵ ڕادەکێشم:

١ـ ناونیشانی پرۆژەکە:

ئەو ناونیشانەی ئێستە بەسەر بەرگی چاپەکەوەیە ئەو ناونیشانە نییە د. ئەییووبیان بۆ پرۆژەکەی هەڵبژاردووە. د. ئەییووبیان نەخشەی بەرگەکەی ئاوا کێشاوە:

لەلای ڕاستەوە لەسەری سەرەوە نووسیویە (دکتر سید عبیدالله ایوبیان) لەلای چەپیەوە ـ هەر لەسەرەوە ـ دوای ئارمێك و نووسینێکی لاتینی ـ کە وەرگێڕاوی ناونیشانەکەی ژێرەوەیە ـ نووسیویە: (کومای کوزانی کوردی) لە ژێر ئەوەیشدا نووسیویە (کانون کردشناسی و مادشناسی ـ ١٧١ ـ) لە ناوەڕاستی لاپەڕەکەدا بە جۆرێك کە دەکەوێتە خوار ئەمانەوە نووسیویە: (کلیات وفایی) لە خوار ئەوە نووسیویە: (قصاید غزلیات ترجیعات، مخمسات، مسمطات، ملمعات، رباعیات، مفردات، کوردی و فارسی). ئەمە لە لاپەڕەی یەکەمدا. لە لاپەڕەی دووەمیشدا نزیك بەمە دووبارە بووتەوە، ئەوەندەی تێدایە ئەمجارەیان ناوەکەی خۆی لە خوارەوە نووسیوە و ئەوەندەی لێ زیاد کردووە (به اهتمام سید عبیدالله ایوبیان مرکزی). لە لاپەڕەی سێیەمدا بە ڕێنووسی کوردی نووسیویە (تەواوی وەفایی کوردی، بەرگی یەکەم). لە لاپەڕەی چوارەمدا جارێکی دی ناونیشانی لاپەڕەی یەکەم ـ بێ ئارم و کومای ....) نووسراوە. لەلاپەڕەی دوای ئەوەدا دەسبەکار بووە.

ئیتر ئەوەی کە لەسەر بەرگی چاپەکە نووسراوە (کرد و کۆ و بەراوردکاری) لە کاری د. ئەییووبیان نییە و بۆی نووسراوە.

دوای ئەمەیش ئەوە ڕوونە کە ناونیشانەکەی د. دەشتی کە بۆ خۆی داناوە بۆ ئاگاداری د. ئەییووبیانە. ئەو پرسیارەش ڕووبەڕووی د. دەشتی دەبێتەوە: بەڵێ کاری ئێوە لە پێشەکییەکی درێژ بۆ کتێبەکە و، هێنانەوە سەر ڕێنووسی کوردی تێکستەکە و، دیاریکردنی کێشی پارچە شیعرەکاندا دیارە، بەلام کاری ساغکردنەوەکەتان دیار نییە و دەبوو بەڕێبازێکی ڕێك و ڕەوان ئەوە بۆ خوێنەر

دەربخرایەت، چونکە ئێوە ئامادەکاری دەقێکن، بە لای خاوەنەکەیەوە بەشی ساغکردنەوەی بۆ کەس نەهێشتووەتەوە.

٢ــ د. ئەییووبیان لێکدانەوە و ماناکردن و رای خۆی لە گەلێ جێگەدا نووسیوە، بەلاّم د. دەشتی زۆری ئەوانەی لابردووە. هەر بۆ نموونە لەسەر پارچەی (شیرین تەشی دەرِێسیّ) د. ئەییووبیان ـ هەر چەند هەندیّ قسەی مزری بە من گوتووە و منیش بە سنگی فراوانەوە لیّم وەرگرتووە ـ را و بۆچوونی خۆی نووسیوە، بەلاّم لە چاپەکەدا نابینرێت، ئەمە هەر چەند د. دەشتی لە لاپەڕە (١٢٦)ی پێشەکییەکەیدا ئەنجامنەدانی گەلیّ شتی بۆ ئەوە گەڕاندووەتەوە کە (جێبەجێکردنی ئەم هەموو ئەرکە کارەکەی زۆر وە دوا دەخست و دووەمیشی کتێبەکە لە مۆرکی ساغکردنەوەی تێکستەکان و قەبارەی ئاسایی دیوان تێدەپەڕی و ...) نابیّ بە پاساو بیّ ئاماژە بۆکردن و بەلگەی رەوا بەدەستەوەدان بۆ ئەوە را و بۆچوونی دانەر لە رەشنووسەکەی دەرباوێژرێت و دیوانەکە لە سوودی ئەوانە بیّ بەهرە بکرێت.

**چەند سەرنجی دی:**

● لە لاپەڕە (٧٧)دا لەسەر قسەیەکی د. ئەییووبیان پەراوێزێك نووسراوە کە هەڵەیەکی تێدا کراوە و گومانێکی دروست کردووە. پەراوێزەکە لەسەر ئەو قسەی د. ئەییووبیان نووسراوە کە دەلیّ: "بە بڕوای من وەفایی ئەو نازناوەی خۆی بە بەهرەوەرگرتن لە نازناوی زانای ناودار (ابو الوفاء الكردي) خاوەنی (تاج العارفين)ەوە وەرگرتووە"[٢] بەم پەراوێزە هاتوون تەرجەمەی ناوی ئەبولوەفا شێخ عەبدولڕەحمانی کوڕی دووەمی شێخ عوسمانی سیراجەدینیان کردووە. دیارە ئەمەیش دروست نییە و هەڵەکە لە ناوی (ئەبولوەفا)وە سەری هەڵداوە.

لێرەدا بە دوو روونکردنەوەی کورت مەبەست روون دەبێتەوە و هەڵەکان راست دەبنەوە:

یەکەم: مەبەست لە (ابو الوفاء الكردي)، ( محمد ابو الوفاء تاج العارفين)ە کە لە زانایانی سەدەی پێنجی کۆچییە. کە لە ساڵی (٥٠١)ی ك. کۆچی دوایی کردووە.

دووەم: (تاج العارفین) ناوی کتێب نییە و ناوێکە بۆ دەربڕینی ڕێز و پلەی خوداناسی لە (ابو الوفاء) نراوە.

ئەم ئەبولوەفا لە پاڵ ئەم ناوەیدا نەرجسیشی پێدەڵێن و، ئەمەیش دەگێڕنەوە بۆ گوندی نەرگسەجاڕی سەر بە قەزای هەڵەبجە.[٤]

- لە لاپەڕە (٩٠)دا لە بارەی هونەری (پێنجین)ەوە نووسراوە: "وەفایی لە هونەری شیعری پێنجیندا ڕۆڵی پێشەنگ و ڕچەشکێنی هەیە، لە شاعیرانی کلاسیکی کوردی کەسێك بەر لە ئەو لە دەرگای ئەو هونەرەی نەداوە".
- ئەم قسە دروست نییە و دەبێ لە دەربڕینی ڕای وەهادا کەمێك دەم و قەڵەم بە پارێز بن تا نەکەونە هەڵەوە، من گومانم بۆ ئەوە دەچێت گەلێ لە شاعیرانی کلاسیکی پێش وەفایی لەم جۆرە هونەرەدا شیعریان هۆنیبێتەوە. لێرەدا (کارێزی) و (ڕەنجووری) بە نموونە دەهێنمەوە کە لەوانەیە (١٠٠) ساڵ پێش وەفایی لەم دەرگایەیان دابێت.[٥]

**. خاڵبەندی:**

لە نووسینەوەی دەقی کتێب و تێکستی ئەدەبی و زانستی و جۆرەکانی ڕۆشنبیریدا خاڵبەندی دەوری کاریگەری دووسەری هەیە، لە لایەکەوە بەوە دەردەکەوێ ئەو کەسەی دەقەکەی نووسیوەتەوە ئەگەر لە خاڵبەندیدا ورد و دروست بوو ئەوە دیارە باش دەقەکەی زانیوە، خوێنەریش کە دەقەکە دەخوێنێتەوە خاڵبەندی وەکو نیشانەکانی هاتوچۆی ڕێگاوبان دەستی دەگرێت و پێی دەڵێت: ئەمە شوێنی پرسیارە، ئەمە جێگەی سەرسوڕمانە، لێرەدا هەڵویستەی بچووك دەکرێت، لێرەدا دەکرێ پشوویەك بدەیت... تا کۆتایی.

لەم چاپەی دیوانی وەفاییدا تا ئەندازەیەکی باش پەیڕەوی ئەم لایەنەیش کراوە، هەندێ جێگاش لە بیر کراون ئەگەر لە بیر نەکرایەن باشتر دەبوو، بۆ نموونە:

**پێم بڵێ گوڵەکەی بەهاریم، لە تۆ تا بە کەی جودابم**

ل: ٩٣

ئەمە ئەگەر ئاوا بنووسرێت:

**پێم بڵێ ـ گوڵەکەی بەهاریم! ـ : لە تۆ تا بەکەی جودابم؟**
باشتر دەبوو.
لە لاپەڕە (٩٥)شدا نموونەیەك وەردەگرم:

**قوربان گوتم ئاخر بەسە بەو زوڵفە ئەسیری**
**فەرمووی کە ئەتۆ مورغی شەباوێزی سەدات بێ**

ئەمەیش ئەگەر بەم شێوەی خوارەوە بنووسرێتەوە گونجاوترە:

**قوربان! گوتم: ئاخر بەسە بەو زوڵفە ئەسیری!**
**فەرمووی: کە ئەتۆ مورغی شەباوێزی، سەدات بێ!**

لایەنێکی دیکەیش هەیە هەر دەکرێ بخرێتە پاڵ خاڵبەندی، ئەویش بەکارهێنانی دوو کەوانە، یان جووت کەوانە و، جیاکردنەوەی دەقە بەو نیشانانە، تا دەقی نووسینی کەسێ تێکەڵ بە نووسینی کەسێکی دی نەبێ. بۆ ئەمەیش ئەم نموونە دەهێنمەوە:

لە سەرەتای لاپەڕە (٤٨)ەوە نووسراوە:

ئەنجا دەڵێ: ئایا ئەو بەندە ئی وەفاییە یان نا؟ کە ئی وەفایی نییە ئی چ باوێژێکی دیکەیە؟ هەلاوێژی و راگەیی بکرێ... لە خوارەوە نووسیویە: ئەو بەندانەم لە ماملێکان بیستووە، جارجارەش بابم بە دەنگێکی نەرم و ئارام ئەو بەندانەی سەرەوەی دەکوتن، لە منداڵییەوەڕا لەبەرمە و لەبیرمە، لێ بکۆڵرێتەوە. لە دوای ئەوەش بە خەت و قەڵەمێکی رەش...

ئەمە هەر چەند بەسیاق و رەوتی نووسینەکەدا خوێنەر دەتوانێ بزانێ کامیان نووسینی د. دەشتییە و، کامیان نووسینی د. ئەییووبیانە، بەڵام یاسای پەیڕەوکراو ئەوەیە بۆ جیاکردنەوەی دوو دەقەکە دەقی نووسینەکانی د. ئەییووبیان بخرێتە ناو جووت کەوانەوە و ئاوای لێ بکرێت:

ئەنجا دەڵێ: "ئایا ئەو بەندە ئی وەفاییە یان نا؟ کە ئی وەفایی نییە ئی چ باوێژێکی دیکەیە؟ هەلاوێژی و راگەیی بکرێ"

لە خوارەوە نووسیویە:

"ئەو بەندانەم لە ماملێکان بیستووە، جارجارەش بابم بە دەنگێکی نەرم و ئارام ئەو بەندانەی سەرەوەی دەکوتن. لە منداڵییەوەڕا لەبەرمە و لەبیرمە، لێ بکۆڵرێتەوە."

لە دوای ئەوەش بە خەت و قەڵەمێکی رەش

**هەڵەی چاپ:**

هەڵەی چاپ یەکێکە لەو گرفتانەی ئەمڕۆ لە چاپەمەنی کوردیدا هەیە و، پەتایەکە تەشەنەی کردووە و کەم دەق لێی قوتار دەبێت، بەڵام ئیتر مانای وا نییە پەتی بۆ شل بکرێت و بەری لێ نەگیرێت، بەتایبەتی لەکاری زانستی و دەق و تێکستی ئەدەبیدا بوونی لەکەیەکە بە ناوچاوانی ئەو دەقەوە و بەپێی کەم و زۆرییەکەی دەقەکە دەشێوێنێ. لەم چاپەی دیوانی وەفاییدا هەڵەکان کەم نین و بوونیان بەو شێوە شێواندنی دەقەکە و دابەزاندنی بایەخی کارەکەی لێ دەکەوێتەوە. من نامەوێ لێرەدا هەموو هەڵەکان دیاریی بکەم و ستوونی هەڵە و ڕاستییان بۆ ڕابکێشم، چونکە ئەوە زۆری دەوێت و جێگەی ئێرە نییە، بەڵام چەند نموونەیەك دەخەمە ڕوو:

ل: ١٤ دێڕی ١٠ شێوەیەی، ڕاستییەکەی: شێوەی

ل: ١٩ دێڕی ٢٢ بە ماڵەکەیان، دروستییەکەی: بنەماڵەکەیان

ل: ٥١ دێڕی ٢٤ بەتایبتیش، دروستییەکەی: بەتایبەتیش

ل: ٩٤ دێڕی ٤ گۆلەکەی، دروستییەکەی: گوڵەکەی

هەر هەمان لاپەڕە، دێڕی ٩ دوو دنییان، دروستییەکەی: دوو دینیان

هەمان لاپەڕە، دێڕی ٢٤ ئاینیبەکانی بەشبکبان، راستییەکەی: ئاینییەکانی بەشێکیان....

بە یەك بەیت شیعر دەست لە نموونە هێنانەوەی ئەم خاڵە هەڵدەگرم کە دووجار ئەو بەیتە شیعرە نووسراوە، بەڵام هەر جارەی بەجۆرێکە ل: ٤٨.

**عەجایب ماوم یاران دەڵێن ڕۆژی مەحشەرە ئیمڕۆ**

**قیامەت رابووە، یاخۆ جیهان بێ کیشوەرە ئیمڕۆ**

هەر ئەم بەیتە لە لاپەڕە (٢٤٣)یشدا نووسراوە، بەڵام ئەم جارەیان ئاوایە:

**عەجایب ماوم یاران دەڵێی رووی مەحشەرە ئیمڕۆ**
**قیامەت رابووە، یاخود جیهان بێ کیشوەرە ئیمڕۆ**

ئەم دوو دەقەم وەك خۆیان روونووس کردن. خۆ ئەگەر بمانەوێ هەمان دەق لە رووی خاڵبەندیشەوە بە دروستی بنووسین، دەبێ ئاوای بنووسین:

**عەجایب ماوم! ـ یاران! ـ دەڵێن: رۆژی مەحشەرە ئیمڕۆ**
**قیامەت رابووە؟ یا خۆ جیهان بێ کیشوەرە ئیمڕۆ؟**

کورتە ئاماژەیەکیش بۆ ئەوە دەکەم لەم چاپەدا لە بری (دێڕ) نووسراوە (دێر) ئاشکرایشە (دێڕ) و (دێر) مانا و مەبەستیان لە یەك دوورە.

**هەڵەی زمان:**

زمانی یەکگرتووی ئەدەبی کوردی لەمەوپێش لە ئێستە یەکگرتووتر بوو و، ئەو جیاوازییەی ئێستە لەنێوان نووسینی ـ هێندێ ـ لە نووسەرانی هەولێر و سلێمانیدا بەدیی دەکرێت پێشتر کەمتر بوو. د. دەشتی بە زاراوە و زمانێك پێشەکییەکەی نووسیوە ویستوویەتی لەژێر چەتری ئەو زاراوە و زمانە یەکگرتووەدا بێت ـ ئەمەیش کارێکی پیرۆزە ـ بەڵام هەندێ جار لە تایبەتمەندیی شێوە نووسین و ئاخاوتنی سلێمانیدا قەڵەمەکەی ترازاوە و خلیسکانی پێوە دیارە، ئاماژە بۆ هەندێ لەو شوێنانە دەکەم:

ـ لەسەر بنەمای چاپەکەی قەرەداغیدا ل: ١٣، د: ٢٢. باشتر وایە بنووسرێ (... چاپەکەی قەرەداغی).

ـ لە پێشەوەدا پێرستێکی، ل: ١٦، د: ٢. ئەگەر (دا)کە لابرێت رەوانتر دەبێت.

ـ لە دوای مەرگی میرزا عیسادا کەوتبێتە لای میرزا عەبدوڵڵای ئامۆزایەوە... ل: ١٧، د: ٨. ئەگەر لەبری ئەوەی سەرەوە بنووسرێت: (لەدوای مەرگی میرزا عیسای ئامۆزای کەوتبێتە لای میرزا عەبدوڵڵای ئامۆزای ....) بێ گرێترە.

ـ لە دوای خۆی تێکەڵ بە کتێبخانەی سەید عوبەیدوڵڵای برایەوە کراوە. ل: ٣١، د: ٢٠. ئەمەیش ئەگەر بگوترێ (... سەید عوبەیدوڵڵای برای کراوە) باشترە.

ـ وەکو لە پێشەوەدا باسی هاتووە ل: ١١٨، د: ١١. ئەمەیش بیٚ (دا)کە ڕەوانتر دەبێت.

- زۆر بە هاسانی بارانی فرمێسکی لە چاوان دا دەباری. ل: ١١٩، د: ٢٦. (...لە چاوان) دەباری دروستترە.

- پێویست دەکات کە ئاماژە بە لایەنە ڕەوانبێژییەکانی شیعرەکانیشەوە بکرێت. ل: ١٢٦، د: ٢٨. ئەگەر لەبری (شیعرەکانیشەوە) (شیعرەکانیش) بێت جوانترە.

**بەڕێز سەرۆکی لیژنەی کتێب لە ئەکادیمیای کوردی**

دوای ڕێز و سڵاو:

کتێبی (کلیات وەفایی)م خوێندەوە، دوای هەڵسەنگاندن و لێوردبوونەوەی گەیشتمە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

یەکەم: دوکتۆر عوبەیدوڵڵای ئەییووبیان ڕەنجی زۆری داوە بۆ کۆکردنەوەی سەرچاوەکانی دیوانی وەفایی و، لە ڕەنج و کۆششەکانیشیدا زۆر سەرکەوتوو بووە و، سەرچاوەگەلی باش و دەگمەنی دەستخستووە.

دووەم: د. ئەییووبیان زۆر خۆی ماندوو کردووە و شەونخوونیی زۆری کێشاوە و، ئەو ماندووێتی و هەوڵانەی بە کارەکەیەوە دیارن و جێگەی ڕێزن.

سێیەم: د. ئەییووبیان هەوڵی داوە بەرگێکی زانستییانە بکاتە بەری تێکۆشانەکەی و، بۆ ئەم مەبەستەیش نوسخەکانی چاپ و دەستخەتەکانی بەراورد کردووە و، ئەنجامەکانی لە پەراوێزەوە دەرخستوون. بەڵام لەم هەوڵانەیدا وەك پێویست هەڵنەسووڕاوە و، پەیڕەوی ڕێبازی زانستی گونجاوی بۆ لێکۆڵینەوە نەکردووە. بۆیە لەم ڕووەوە چەند سەرنج و بۆچوون دەخەمە ڕوو هیوادارم پەیڕەوییان بکات تا کتێبەکە وەك شیاوی (دیوانی وەفایی)یە وەها بێت و شیاوی چاپکردن بێت:

١ـ د. ئەییووبیان چەندین نوسخەی دەستخەتی دیوانی وەفایی لە دەستدا بووە و وێنەیانی لە پێشەکیی کارەکەیدا نواندووە، بەڵام بۆ کاری لێکۆڵینەوە ئەوە بەس نییە و، ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستی وا دەخوازێت کە یەکە یەکە

لەسـەر ئـەو دەسـتخەتانە بنووسـێت و ئـەو لایەنانـەی لەیـەك بداتـەوە: چـەند لاپەڕەیە؟ کێ نووسیویەتیەوە؟ کەی و لەکوێ نووسـراوەتەوە؟ شـێوەی کاغـەز و مەرەکەبەکەی چۆنە؟ بە چ جـۆرە خـەتێك نووسـراوەتەوە؟ خۆشـخوێنە یـان نـا؟ نووسەرەوەکەی وردەکار بووە یان نە؟ هەڵەی لە نووسینەوەدا هەیـە یـان نـا..... تـاد. لەبـەر رۆشـنایی ئـەم هەڵـسەنگاندنەدا پلـەی دەسـتخەتەکە دیـاری بکـات. دەستخەتێکی باشە یان نا؟ پلـەی یەکەمـە یـان نـا؟ دوای دیـاریکردنی ئەمانـەیش نیشانە بۆ ئەو نوسخە دابنێت بە ژمارە یان بە پیت واتە بڵێ: نوسخەی ژمـارە (١) یان (٢).... یان نوسخەی (ت) یان نوسخەی (ج).... تاد.

٢ـ کـە ئـەو کارانـەی سـەرەوە ئەنجامـدران دەردەکـەوێ کـام نوسـخەیان لـە هەموویان چاکترە. دوای ئەوە ئەو نوسخە دەکرێـت بـە نوسـخەی دایکانـە (نـسخة الأم) و لە سەرەوە ئەو پارچە شیعر و چوارین و غەزەلانـەی لەوێـدان وەك خۆیـان دەنووسرێن. لە دامێنی پارچە شیعرەکانەوە جۆگەلە ـ خەت ـ ێك دەکێشرێت و بە پـەراوێز لـە خـوارەوە جیـاوازیی نوسـخەکانی دی وەك خۆیـان ـ ئەگـەر کـرا ـ بـە هەردوو رێنووس ـ رێنووسی دەستخەتەکە و رێنووسی باوی کوردی ـ دەنووسرێن.

ئەمە لە سەرانسەری کتێبەکەدا رەچـاو دەکرێـت، ئەگـەر پارچـە شـیعرێك لـە نوسخەیەکی دیدا هەبوو لە نوسخەی دیکانەدا نەبوو، لە سەرەوە دەنووسرێت و لە پەراوێزەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێت کە ئەو پارچە لە کام نوسخە وەرگیراوە.

لە تـەك ئەمانەیـشدا کـەم و زۆری و پـاش و پێـشی بـەیت و تاکـە شـیعرەکان رەچاو دەکرێت و لە پەراوێزەوە دەنووسرێن. بۆ نموونە: ئەم پارچـە لـە نوسـخەی (د)دا شەش بەیتە، سێ بەیتی لەمەی ئێرە کەمترە، یان بەیتی چوارەم لە جێگەی بەیتی شەشەمدایە...

٣ـ بۆ ئێمەی کورد کە ـ ئێستە ـ رێنووسی نـوێ و زانـراوی تایبـەت بـە دەقـی کوردیمان هەیە دەبێ دەقی شیعرە کوردییەکان لە کاتی لێکۆڵینەوەدا بهێنرێنـەوە سـەر رێنووسـی کـوردی و، لـە نووسینەوەکەیـشدا رەچـاوی خاڵبەنـدی بـە وردی بکرێت.

٤ـ لە لێکۆڵینەوەی زانستیدا نوسخەی چاپکراو، ئەگـەر ئەسـڵەکەی نـەمابێت، بـە سەرچـاوە دانانرێـت و، بـۆ زۆر ناچـاریی نـەبێت، پـشتی پـێ نابەسـترێت و

جیاوازییەکانی لە پەراوێزەوە نانووسرێن. چونکە ئەو نوسخە ئیحتیمالی گۆڕان و هەڵەی زۆری تێدایە، لەبەر ئەوە جارێك لێکۆڵەرەوەی چاپەکە کاری بۆ نووسینەوەی کردووە، دوای ئەویش جارێك بۆ تایپکردن و چاپکردن کاری تێدا کردووە، لەم دوو جارەیشدا ئیحتیمالی هەڵە و گۆڕان زۆرە و لێکۆڵەرەوەی نوێ ئاگای لەو هەڵە و گۆڕانانە نییە.

لەبەر ئەمە خۆ خەریککردنی د. ئەییووبیان بە جیاوازییەکانی چاپەکانی گیو موکریانی و محەمەد عەلی قەرەداغییەوە خۆ خەریککردنێکی دروست نییە و، دەکرێ لەباتی ئەوانە جیاوازیی نوسخەکانی لای خۆی بکات بە کەرەستەی دەوڵەمەندکردنی لێکۆڵینەوەکەی. لێرەیشدا بە د. ئەییووبیان رادەگەیێنم: گومان بۆ ئەوە دەچێت نوسخەی دەستخەتی چاپەکەی قەرەداغی لە کتێبخانەی (زانکۆی صلاح الدین)دا لە هەولێر پارێزرابێت، ئەگەر بگونجێ ئەوەیش بکات بە سەرچاوەیەکی دی لە سەرچاوەکانی کارەکەی رەنگ و روو و رازاوییەکی دی بە لێکۆڵینەوەکەی دەبەخشێت.

٥ـ دەبێ دەقی پارچە شیعرەکان پارێزراو بن لە کەم و زیاد و گۆڕانکاریکردن تیایاندا و، هەر شتێکی لەو جۆرانە رووی دا دەبێ لە پەراوێزەوە بە وردی بنووسرێن. د. ئەییووبیان لە سەرەتای پارچە شیعرەکانەوە ناونیشانی داناوە، ئەو ناونیشانانە لە دەستخەتەکاندا نین و زیادن و دەبێ نەبن.

هەروەها لە هێنانەوە سەر رێنووسی کوردیدا نابێ گۆڕانکاری وەها بکرێت ببێ بە مایەی شێواندنی دەقەکە. بۆ نموونە لە بەیتی دووەمی ل: ٣٠دا نووسراوە (یەحیا لعوزام) ئەمە بە کوردیکراوی (یحیی العظام)ە کە ئەگەر بهێنرێتە سەر رێنووسی کوردی دەبێ بکرێت بە (یوحیلعیظام).

٦ـ لێکۆڵەرەوە دەبێ ئاگای لەو هەوڵ و کۆششە نوێیانە بێت کە لە بواری کارەکەی ئەودا دراون و سوودیان لێ وەربگرێت. بۆ نموونە ـ جگە لە دیوانە چاپەکان ـ دوو کار بۆ وەفایی کراوە:

١ـ بیرەوەرییەکانی وەفایی، حەمەی حەمە باقی.

٢ـ پایەی وەفایی، مستەفا سەید مینە مستەفا، ٢٠٠٨، هەولێر، نووسینگەی تەفسیر.

بێگومان ئەم سەرچاوانە بۆ نوسخەی جیاواز یان دۆزینەوەی بۆنەی وتنی شیعرەکان.... یان سوودی خۆیان هەیە و نابێ پشتگوێ بخرێن.

٧ـ بۆ ئەوەی کارەکە زانستییانە بێت دەبێ هەموو شت لە شوێنی خۆیاندا بن و نابێ زانیارییەکان پەرتەوازە و ئالۆز بن، بۆ نموونە:

- لە لاپەڕە (٢٢)دا باسی سێ کچ دەکات کە وەفایی خۆشی ویستوون، دەبوو ئەو باسەی بە ناونیشانێکی سەربەخۆ لە پێشەکییەکی خەست و چڕدا بنووسیایە.
- لە لاپەڕە (٣٥٠) ـ بەشی فارسی! ـ دا باسی (شیرین تەشی دەڕێسێ) دەکات و هێرشێکی توند و سەخت و ناڕەوا دەکاتە سەر قەرەداغی لەبارەی ئەو بۆچوونەیەوە کە لەسەر ئەو پارچە شیعرە بە لێکدانەوەوە تۆماری کردووە.

ئەمە جگە لەوە کە جێگەی خۆی نییە و دەبوو لە بەشی کوردی و یان لە پێشەکی یان لە پاڵ پارچەی (شیرین تەشی دەڕێسێ)دا بوایەت، کارێکی نازانستییانەیە و لادانە لە ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستی و لێکۆڵەر دەبێ لە کارەکەیدا بێ لایەن بێت و مەرز و بووم و خاك و زێد کاری تێ نەکات و، سۆزی بۆ کەسێ یان ناوچە و مەڵبەندێك ڕاستییەکانی پێ شێواو و سەرگەردان بکات.

بەوەی کە د. ئەییووبیان حەز نەکات وەفایی شیعری وەها بڵێت ناتوانێ بە قسەی زبر و سارد و زشت بەگژ بەڵگە و لێکۆڵینەوەی زانستییانەدا بچێت.

قەرەداغی بە بۆچوونی خۆی ڕایەکی نوێی لەسەر پارچە شیعری (شیرین تەشی دەڕێسێ) دەربڕیوە و ڕاکەی خۆی بە لێکدانەوە و بەڵگە چەسپاندووە. د. ئەییووبیان دەبوو یان لە عاستی ئەو باسەدا بێدەنگ بوایەت، یان ڕاکەی قەرەداغی بە لێکۆڵینەوەی زانستی و بەڵگەی دروست بدایەتە دواوە، نەك بە تۆمەتبارکردنی، ئەمە کارێکی ناڕەوا و قبووڵنەکراو و پێچەوانەی زانستییە.

د. ئەییووبیان ـ بە دوور لە دەقەکەی قەرەداغی ـ دەبێ بە سادەیی بەسەر ئەم وشە و ڕستە و زاراوانەدا نەڕوات و وەڵامی دروستی بۆیان هەبێ. (وەك دەقەکەی د. ئەییووبیان): "زوو زەنەب، کەفی خەزیبی (خەضیبی)، دوو مەمکی دامە دەستی، سەما لەسەر هەوایە، سمی غەزالی چینی لە نافەیدا، شکۆفە وا

هەڵستێ لە زێر و زیو حوبابێ. خڕ و لەتیف و ناسك، بلووری خود نوما، بە تەرزی دەرزی ـ نادرزی ـ دەرزی لە خۆوە درزی دابێ، قوتووی لوئلوئە،....

**شەشپەڕی کاکی خۆی بوو پڕ ئاو ـ پەڕی! ـ بە مەستی**
**هەتیوی کەللە شەق بوو بە داوو حیلە بەستی**
**لە ناو و هاتوچۆدا بە لێوی خونچە گەستی**
**بە دڵ بە دیدە سەوسەن بە خونچەگوڵ یەرەق بوو (یان) بەرق بوو.**
**شەشپەڕەکەی وەفایی کولوفت و تیژ و رەق بوو،**
**شەوێ لە بیرە خەودا..."**

ـ د. ئەییووبیان کە ئەو رەنجەی لە تەك دیوانی وەفایی داوە دەبوو لیستێکی تایبەتی بۆ هەموو پارچە شیعرەکان بکردایە و، ئەو پارچە شیعرانەی کە بۆ یەکەم جار بڵاویان دەکاتەوە دیارییان بکات و، ناوی سەرچاوەکانیشیان ببات.

**ئەنجام:**

وەك لە سەرەتاوە وتم د. ئەییووبیان رەنجی زۆری داوە و کەرەستەیەکی باشی بۆ دیوانی وەفایی لەبەردەستدا بووە، بەڵام وەك پێویست کاری لەسەر ئەو کەرەستە نەکردووە، کۆششەکەی کەلێنی زۆری تێدایە و، بەم شێوەی ئێستەی شیاوی چاپ نییە و، ئەگەر بە وردی بەسەریدا بچێتەوە و ڕەچاوی ئەو سەرنجانە بکات، کە پێشتر نووسیمن و، دیوانەکە بە رێنووسێکی رەسای کوردی بنووسێتەوە و، پارچە شیعرەکان بابەتبەندی بکات و ژمارەیان بۆ دابنێت و، فیهرەست بۆ پارچەکان و بابەتەکان بکات و، فەرهەنگۆك بۆ وشە و زاراوە و ناوی شار و جێگە و کەسەکان بکات ... دەبێ بە کارێکی نموونەیی وەها شایانی شانی وەفایی و پلە و پایەی بێت.

## پەراوێزەکان:

١) بڕوانە: محەمەد عەلی قەرەداغی، بەرکوتێك لە خەرمانی شیعری سالم، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، ٢٠١٠، ل: ١٦.

٢) بڕوانە: عبدالسلام هارون، تحقيق النصوص ونشرها، الطبعة الثانية، مؤسسة الحلبي وشركاه للنشر والتوزيع، ١٤ ـ جواد حسني ـ القاهرة، ١٩٦٥، ص: ٢٩.

٣) جگە لەمەیش لە پێشەکییەکەی د. ئەییووبیاندا وێنەی چەندین لاپەڕەی گەورە و بچووکی دەستخەت و نامەی کەسایەتیی و وێنەیان هەیە کە لە چاپەکەدا نابینرێن.

٤) بڕوانە: عبدالكريم محمد المدرس، علماؤنا في خدمة العلم والدين، الطبعة الاولى، دار الحرية للطباعة والنشر، بغداد، ١٩٨٣، ص: ٤٥٧، هەروەها بنەماڵەی زانیاران، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، ل: ٣٢.

٥) بڕوانە: مەلا عومەری زەنگنە، دیوانی ڕەنجووری، لێکۆڵینەوەی محەمەد عەلی قەرەداغی، چاپخانەی آفاق عربية، چاپی یەکەم، ١٤٠٣ ك ـ ١٩٨٣ز، ل: ٢٣١ و دواتر.

صفحه ٤

من نگویم آن کسم در آستانت جلوه‌گر — یا زگستاخی سگ کوی توام خاکم ببر

این قدر گویم بزاری تا توانم این قدر — ای امید ناامیدان وی پناه بی‌کسان

ناامید و بی‌کسم دست من و دامان تو

چون ترا دانسته‌ام از رحمت پروردگار — رحمتی کن رحمتی ای رحمت حق زینهار

آیت: لا تقنطوا من رحمة الله گوش دار — ای ناامیدان وی پناه بی‌کسان

ناامید و بی‌کسم دست من و دامان تو

ایکه میدانی که قلب مؤمنان عرش خداست — تا دلی را نشکنی آنگاه حق کردن رواست

یک نظر زان حضرتم از روی رحمت التجاست — ای امید ناامیدان وی پناه بی‌کسان

ناامید و بی‌کسم دست من و دامان تو

دستگیرا دستگیرم رهنمایا ره دهید — چون توی دریای کرم چاره دردم کنید

از امید خود «وفائی» را مفرما ناامید — ای امید ناامیدان وی پناه بی‌کسان

ناامید و بی‌کسم دست من و دامان تو

کرمانشاه ١٢ محرم الحرام ١٣٩٩ طاهری





صفحهٔ ۱

بسمه تعالی . این مخمس وفائی را از بیاضیکه مرحوم شیخ بابا رسول سولئی مدرس
اباعبیده بپدرم اهدا نموده است : برای دوست فاضلم آقای محمد علی قره داغی سلمه الله
نقل مینمایم . طاهر هاشمی

در نعت حضرت رسول اکرم صلی الله علیه وسلم

ای غبار آستانت کحل چشم راستان
ای کلاه پاسبانت فخر تاج خسروان
ای دل و دین را کمی نطق زبان حرزیان
ای امید ناامیدان وی پناه بی کسان
ناامید و بی کسم دست من و دامان تو

ذکر نام توست جان خسته جانان را شفا
لطف عام توست قلب خاکیان را کیمیا
سایهٔ دیوارت از فرط شرف بال هما
ای امید ناامیدان وی پناه بی کسان
ناامید و بی کسم دست من و دامان تو

# تعليمات النشر
# في مجلة الأكاديمية الكردية

١. مجلة الأكاديمية الكردية، مجلة فصلية تعني نشر البحوث العلمية عن الكرد وكوردستان. يجب أن تكون البحوث المرسلة الى المجلة مستوفاة لشروط البحث العلمي وتخضع للتقييم العلمي من قبل المتخصصين. من الضروري أن يتضمن البحث دراسة مشكلة علمية محددة ويتضمن أفكارا وتحليلات جديدة ولايكون منشورا أو مقبولا للنشر في أية مجلة أخرى.
٢. لغة النشر الأساسية في المجلة هي اللغة الكردية، ولامانع من نشر بحوث علمية تخص الكرد وكوردستان باللغتين العربية أو الأنجليزية.
٣. يكتب عنوان البحث وإسم الباحث ومركز عمله، ومرتبته العلمية و وظيفته على الصفحة الأولى من البحث.
٤. من الضروري أن يلحق البحث بملخص باللغتين الأخريين، على ألا تزيد كلماته عن ١٥٠ كلمة ويوضح فيها الكاتب أهمية البحث والنتائج الأساسية التي توصل أليها.
٥. يعد البحث مقبولا للنشر ويزود الباحث بقرار هيئة التحرير بقبوله بعد تقييمه إيجابيا من قبل الخبراء والمحكمين المتخصصين.
٦. ما ينشر في المجلة يعبر عن وجهة نظر الباحث، وليس بالضرورة تعبيرا عن وجهة نظر المجلة.
٧. تحتفظ هيئة التحرير بحقها في أن تحذف أو تعيد صياغة بعض الألفاظ والتعابير، بما يتلائم مع أسلوبها في النشر، مع مراعاة الحفاظ على الفكرة الأصلية دون المساس بها.
٨. يعتمد المنهج العلمي المعمول به في إختيار عنوان البحث ودراسته وأسلوب ترتيب المصادر والهوامش وإقتباس النصوص، وتعتذر هيئة التحرير عن نشر أية دراسة تهمل هذه الجوانب .

٩. حين يكون البحث تحقيقا لمخطوطة تتبع القواعد والمناهج العلمية المعمول بها في هذا المجال، وترفق البحث بست صفحات من المخطوطة.

١٠. يرسل البحث بثلاث نسخ ورقية على (A4) وعلى قرص مدمج (CD)، على أن لا يزيد عدد الصفحات الكلية للبحث عن (٢٥ ) صفحة بضمنها الأشكال والجداول وقائمة المصادر. يفضل أن يكتب البحث بالحروف (١٥) Ali-A-Sahifa .

١١. في حالة كون الموضوع مترجماً، من الضروري ان يكون ذا صلة بأحد جوانب الثقافة الكردية (الأدب، اللغة، التأريخ... الخ). ومن الضرورة بمكان أن يكون مترجماً من اللغة الأصلية مع إرفاق النص الأصلي للموضوع المترجم.

١٢. تخصص مجلة الأكاديمية الكردية عدداً من صفحاتها لعرض وتقييم الكتب الصادرة باللغة الكردية او اللغات الأخرى عن الكرد والثقافة الكردية مع مراعاة المنهج العلمي المتبع في هذا المجال.

# محاولات أخرى لإفراغ المادة (١٤٠) من الدستور العراقي من مضمونها

الدكتور نوري طالباني

المادة (١٤٠) من الدستور العراقي، كغيرها من المواد الدستورية الأخرى سارية ونافذة المفعول لحين تعديلها بموجب الأحكام الواردة في المادة (١٢٦) من الدستور نفسه. فقد ورد في البند (ثانيا) من المادة (١٢٦) من الدستور العراقي على أنه "لا يجوز تعديل المبادئ الأساسية الواردة في الباب الأول، والحقوق والحريات الواردة في الباب الثاني من الدستور، إلا بعد دورتين إنتخابيتين متعاقبتين، وبناء على موافقة ثلثيْ أعضاء مجلس النواب عليه، وموافقة الشعب بالاستفتاء العام، ومصادقة رئيس الجمهورية خلال سبعة أيام". وورد في البند (ثالثا) من المادة نفسها على أنه "لا يجوز تعديل المواد الأخرى غير المنصوص عليها في البند (ثانيا) من هذه المادة إلا بعد موافقة ثلثيْ أعضاء مجلس النواب عليه، وموافقة الشعب بالاستفتاء العام، ومصادقة رئيس الجمهورية خلال سبعة أيام". إن هذه المادة لا تفرق بين مواد الدستور العراقي إلا من حيث كونها مواداً أساسية واردة في الباب الأول منه، وتلك التي تخص الحقوق والحريات العامة الواردة في الباب الثاني منه، واشترطت لتعديلها جميعاً أربع شروط وردت على سبيل الحصر، وهي:

١. مرور دورتين إنتخابيتين متعاقبتين على الدستور الذي شُرع في نهاية عام ٢٠٠٥.
٢. موافقة ثلثيْ أعضاء مجلس النواب على التعديل المقترح.
٣. موافقة الشعب بالاستفتاء العام عليه.
٤. مصادقة رئيس الجمهورية عليه خلال سبعة أيام.

أما بالنسبة للمواد الأخرى من الدستور، فيشترط لتعديلها توفر الشروط الثلاثة الأخيرة، وهي موافقة ثلثيْ أعضاء مجلس النواب على التعديل المقترح، وموافقة الشعب بالاستفتاء العام عليه، ومصادقة رئيس الجمهورية عليه خلال سبعة أيام.

يتحدث البعض عن وجوب إنهاء العمل بالمادة (١٤٠) من الدستور بسبب انقضاء المدة المحددة لتنفيذها، وذلك يعني ليس فقط تعديلها، بل إلغائها كليا، وهو ما يتناقض كليا مع مضمون المادة (١٢٦) من الدستور.

انقضاء الفترة الزمنية المحددة في المادة (١٤٠)، وهي نهاية عام ٢٠٠٧، يعني ان تلك المادة أصبحت ملغية بحكم القانون، وهو ما يتناقض مع فكرة أن عنصر الزمن في بعض العقود والاتفاقيات لايعد عنصراً جوهرياً فيها. ففي عقديْ الإيجار والتأمين مثلاً، يعتبر الزمن عنصراً جوهرياً، بحيث يؤدي عدم إدراجه فيه إلى عدم صحة العقد، لكن عنصر الزمن في عقود أخرى هو لغرض التنفيذ، كالبيع المؤجل تنفيذه، والبيع بالأقساط مثلا. وتسري هذه القواعد القانونية على النصوص الدستورية أيضا. إن عنصر الزمن في المادة (١٤٠) من الدستور العراقي هو للتنفيذ فقط، لذلك تبقى المادة صحيحة ونافذة لحين تعديلها بموجب الأحكام المحددة في المادة (١٢٦ / ثالثا) من الدستور العراقي. وادعاء البعض بعدم جواز استمرار العمل بالمادة (١٤٠) لانقضاء المدة المحددة لها يخالف الدستور العراقي كلياً. ان الجهة المسؤولة عن عدم تنفيذ أحكام المادة المذكورة هي السلطة التنفيذية الاتحادية التي لم تتوانى في خلق العراقيل أمام تنفيذ بنود تلك المادة الدستورية.

لقد طالب الكورد لدى إعداد مشروع قانون إدارة الدولة العراقية للمرحلة الانتقالية من قبل مجلس الحكم إدراج مادة لحل الإشكالات الناجمة عن الممارسات العنصرية للنظام السابق في معظم أجزاء كوردستان، بعد أن تبين لهم أن الامريكان ليسوا مع إزالة آثار تلك الممارسات في الفترة الزمنية اللاحقة لسقوط النظام. وتلكأت الحكومة العراقية الإنتقالية في تنفيذ الالتزامات القانونية المترتبة عليها بموجب احكام المادة (٥٨) من القانون المذكور، فاضطر المشرع العراقي لدى إعداد مشروع الدستور العراقي على نقل تلك الالتزامات القانونية إلى الدستور العراقي، فنصت المادة (١٤٠) في بندها (أولا) على أن "السلطة التنفيذية تتولى اتخاذ الخطوات اللازمة لإستكمال تنفيذ متطلبات المادة (٥٨) من قانون إدارة الدولة العراقية للمرحلة الانتقالية، بكل فقراتها". وجاء في البند (ثانيا) من المادة نفسها على أن "

المسؤولية الملقاة على السلطة التنفيذية في الحكومة الإنتقالية، والمنصوص عليها المادة (٥٨) من قانون إدارة الدولة العراقية للمرحلة الانتقالية تمتد وتستمر إلى السلطة التنفيذية المنتخبة بموجب هذا الدستور، على أن تنجز عمليات (التطبيع، الإحصاء، وتنتهي باستفتاء في كركوك والمناطق الأخرى المتنازع عليها، لتحديد إرادة مواطنيها) في مدة أقصاها الحادي والثلاثون من شهر كانون الأول سنة إلفين وسبعين". واستغل البعض لأسباب سياسية بحتة، تحديد تلك الفترة الزمنية في المادة المذكورة، للإدعاء بأنها أصبحت ملغية، وآخر محاولة في هذا الميدان، هى القرار الصادر من مجلس محافظة نينوى في شهر آذار ٢٠١٢. فقد وجهت الدائرة القانونية في الأمانة العامة لمجلس الوزراء بموجب بكتابها المرقم ق/ ٢/ /١ /٤٥ في ٢٠١٢/٤/١٥، المرفق به نسخة من كتاب رئاسة مجلس محافظة نينوى المرقم ٢٣١٦ بتاريخ ٢٠١٢/٣/٢٥، والمتضمن عدم إعتراف مجلس محافظة نينوى في جلسته السادسة عشرة بعد المئة المنعقدة في ٣/١٣/ ٢٠١٢ بالمناطق المتنازع عليها ضمن حدود محافظة نينوى، بحجة عدم تحديدها بموجب الدستور أو القوانين النافذة، وهو ما يعني الرجوع إلى الحدود الإدارية لمحافظة نينوى مع إقليم كوردستان المحددة في ٢٠٠٣/٣/١٩، حسب المادة ٥٣/أ من قانون إدارة الدولة المنصوص عليه في المادة (١٤٣) من الدستور العراقي. يبدو أن الدائرة القانونية في مجلس الوزراء العراقي يؤيد بصورة ضمنية ما ورد في كتاب رئاسة مجلس محافظة نينوى المشار إليه أعلاه، و إلا لما أحاله إلى لجنة المادة (١٤٠) من الدستور لبيان الرأي فيه. نعتقد أن الدائرة القانونية في مجلس الوزراء اعلم من غيرها بخلفية مشكلة المناطق المتنازع عليها، وأن الدستور العراقي في الفقرة (أولا) من المادة (١٤٠) منه قد ألزم الحكومة الاتحادية "بإتخاذ الخطوات اللازمة لإستكمال تنفيذ متطلبات المادة (٥٨) من قانون إدارة الدولة العراقية للمرحلة الإنتقالية بكل فقراتها". إن المادة (٥٨) من قانون إدارة الدولة العراقية للمرحلة الإنتقالية قد شرعت لحل مشكلة (المناطق المتنازع عليها)، وهذه المشكلة قد ظهرت بسبب ممارسات النظام السابق في كوردستان الذي أجرى تغييرات كبيرة في الحدود الإدارية فيه قبل تنفيذ حملات الأنفال السيئة الصيت وقصف حلبجة وتدمير قرابة (٤٠٠٠) قرية كانت عامرة حتى ذلك الحين، تشهد على ذلك القرارات العديدة الصادرة عن (مجلس قيادة الثورة) المقبور. لقد كان الكورد ينتظرون بعد سقوط النظام إزالة آثار تلك الممارسات الإجرامية التي اعتبرتها المحكمة الجنائية العليا ومجلس النواب العراقي جريمة إبادة بحسب المعايير القانونية

الدولية. لذلك حاول المشرع العراقي وضع آلية لحل آثار تلك الجرائم لدى تشريع قانون إدارة الدولة في المرحلة الإنتقالية والدستور العراقي فيما بعد. إن هذه الآثار لا تزال باقية بسبب تلكؤ السلطة التنفيذية الاتحادية في تنفيذ واجباتها الدستورية خلال السنوات الماضية. ولهذا السبب بالذات، حاول البعض يحاول إيجاد "مبررات دستورية و قانونية" لإبقاء آثار تلك الجرائم التي كان الكورد بمختلف أطيافهم ومذاهبهم ضحية لها خلال حقبة ثلاث عقود أو أكثر. وللرد على تلك الإدعاءات غير الدستورية الواردة في قرار مجلس محافظة نينوى المشار إليه آنفا، نشير إلى:

(١) إن المادة (١٤٣) من الدستور العراقي قد ألغت قانون إدارة الدولة للمرحلة الانتقالية، لكنها استثنت الفقرة (أ) من المادة (٥٣) والمادة (٥٨) من القانون المذكور.

(٢) الإدعاء بعدم وجود مناطق غير متنازع عليها في محافظة نينوى، بزعم عدم الإشارة إليها في المادة (٥٨) من قانون إدارة الدولة والمادة (١٤٠) من الدستور العراقي غير مقبول، لوجود محافظات أخرى لم تحدد بالإسم رغم وجود مناطق متنازع عليها فيها، بإستثناء الإشارة على سبيل المثال إلى محافظة كركوك. إن أسماء محافظات ديالى وصلاح الدين و واسط وكربلا والانبار و نينوى أيضاً لم ترد في المادة المذكورة، وعدم الإشارة إلى إسم محافظة نينوى لا يعني عدم شمولها بحكم المادة (١٤٠) من الدستور، أو عدم وجود مناطق متنازع عليها فيها. إن النظام السابق هو الذي خلق تلك المناطق وليس الكورد الذين كانوا ضحية ممارساته الإجرامية.

(٣) إن الإقرار بما جاء في كتاب مجلس محافظة نينوى المشار إليه آنفا، يعني إفراغ المادة (١٤٠) من مضمونه، وهو ما يقتضي الرد عليها بعدم دستورية ذلك الإدعاء. علما بأن جميع النصوص الدستورية أو القانونية تسري على جميع المناطق المشمولة به. والعمل بمقتضى قرار مجلس محافظة نينوى المذكور، يعني الرجوع إلى المربع الأول في عهد النظام المقبور، الذي أصبح عبرة لأولي الألباب.

**اربيل، ٢٠١٢/٤/١٧**

# ورود حديقة الوزراء
# مصدراً لتاريخ الكرد في القرن الثامن عشر

**الدكتور عماد عبد السلام رؤوف**
**أستاذ التاريخ الحديث – كلية الآداب**
**جامعة صلاح الدين**

(ورود حديقة الوزراء بورود مواليهم من الـزوراء)، كتـاب مـا زال مخطوطـاً، تضمن تاريخ العراق في الحقبة الممتدة من سنة ١١٦١ إلى ١٢٠٢هـ/١٧٤٨–١٧٨٧م)، وفي هذا الكتاب شـذرات مهمـة في تـاريخ الكـرد تكمـل، أو توضـح، جوانـب مـن ذلـك التاريخ في خلال تلك الحقبة المحتدمة بالحوادث.

أما المؤلف فهو أبو الكمال مهذب الدين محمد سعيد بن عبـدالله بـن حـسين بن ناصرالدين السويدي البغدادي الشافعي.

ينحدر من أسرة علمية شهيرة، عباسية المَحتِد، نزحت من بلـدة الـدور علـى دجلة في شمال سامراء فسكنت في إحدى محلات كرخ بغداد، وهـي الأسـرة الـسُّوَيْدية التي خَرَّجت العشرات من العلماء الكبار، ممن نَبَه في مجالات علوم عصرهم في القرون الثلاثة الأخيرة، وكان لبعضهم آثارٌ مهمة في إطار تجديـد تلـك العلـوم، وأكثـرُهم كـان مؤلفاً، له مُصنّفات عدة اشتهرت في الآفـاق، فـأبوه الـشيخ أبـو البركـات عبـدالله بـن ناصـرالدين الـسُّوَيدي (١١٠٤–١١٧٤هـ/١٦٩٢–١٧٦٠م)، وهـو أول مـن عُـرف بهـذا اللقب، كان علامة عصره ومُجدِّده، اقتحم طريقه في العلم بروح عصامية، فجاع وعَرى في سبيل التحصيل، وجاهد البرد والفقر من أجل الأخذ عن الشيوخ، وإتقان ما يأخـذ عنهم. وتلقى تعليمه في مدارس بغداد والموصل، وأخذ عن علمائهما، حتـى بَـرَز بـين معاصريه وطار صـيته، وقـصده الطلبـة مـن كـل بلـد يأخـذون عنـه ويتـأثرون بـه. واشتهر بتمثيله الجانب العثماني في المؤتمر الذي عقده نادرشـاه في صـحراء النجـف سنة ١١٥٦هـ/١٧٤٣م، وتسجيله الدقيق لما دار فيه من محـاورات. كمـا قـام برحلـة

طويلة إلى الحج، مَرَّ فيها بالعديد من المدن في العراق وبلاد الشام والحجاز، والتقى في أثنائها بعدد جَم من علماء عصره وأدبائه، وقد سجّل وقائع هذه الرحلة أيضاً في كتاب عنونه (النفحة المسكيّة في الرحلة المكية)، فعبر الكتاب عن المدى الرفيع الذي بلغه أدب الرحلات عند العرب في العصر الحديث، بما اكتنزه من معلومات تاريخية ومشاهدات حية في مجالات علم الجغرافيا الطبيعية والبشرية وغيرها. وفضلاً عن ذلك فإنه ألف كتباً أخرى في علوم القرآن والحديث وعلم الكلام والأخلاق والردود واللغة والنحو والبلاغة والتاريخ، وغير ذلك[١].

وأما أخوه الأكبر فهو عبدالرحمن أبو الخير (١١٣٤-١٢٠٠هـ/١٧٢٠-١٧٨٦م)، الذي اشتهر بمؤلفاته الجمة، وأبرزها كتابه (حديقة الزوراء في سيرة الوزراء)[٢]، وقد أرَّخ فيه لبغداد، بل أنحاء مختلفة من العراق، في عهد الواليين حسن باشا (١١١٦-١١٣٦هـ/١٧٠٤-١٧٢٣م) وابنه أحمد باشا (١١٣٦-١١٤٧هـ/١٧٢٣-١٧٣٤) ، وذيَّل عليه بكتاب آخر تناول فيه الحقبة الممتدة من ١١٨٦ إلى ١١٩٢هـ/١٧٧٢-١٧٧٨م)[٣]. وقد سَدَّ الكتابان فراغاً كبيراً في معلوماتنا عن هذه الحقبة المهمة من تاريخ العراق، هذا عدا مؤلفاته الأخرى في مجالات الفقه والحكمة والعقائد والتصوف والنحو والبلاغة والأدب والشعر والفلك[٤].

ولمحمد سعيد أخوة آخرون، أصغر منه سناً، كلهم عُرف بالتدريس والتأليف، هم أبو الفتوح إبراهيم (ولد سنة ١١٤٦ ولم تعلم وفاته) وكان أديباً مُحدِّثاً، له آثار في علم الحديث[٥]، وأبو المحامد أحمد ( ولد سنة ١١٥٣ وتوفي سنة ١٢١٠هـ/١٧٤٠-١٧٩٥م)، وكان "عالماً يَعجَز عن علمه الواصفون"[٦]، وله مؤلفات عدة في التصوف والردود والنحو[٧]، وبنتان، هما أم العفاف سارة، وأم الخير رُقيّة، وأم السَّعد صَفيّة، وكُن متعلمات أو عالمات، وقد اشتهرت رُقيّة بالعلم حتى صارت تمنح عالمات عصرها الإجازات في فروع العلم المختلفة[٨].

ولأربعة أجيال في الأقل، تعاقب في الأسرة أبناء اشتهروا في مجالات العلم والأدب[٩]، ثم عرف بعضهم، ممن عاش في النصف الأول من القرن العشرين للميلاد بالعمل السياسي والوطني، فضلاً عن علوم اختصوا بها.

وعلى الرغم من الشهرة العلمية الذائعة الصيت لأولئك العلماء، فإن حَيَواتهم لم تكن بعيدة عن أحداث عصرهم، إذ أنهم شاركوا مشاركة حقيقية في الحوادث التي

عاشها وطنهم، لاسيما في أثناء الأزمات من كوارث بشرية وطبيعية، فكان لعبدالله السويدي مثلاً مشاركته في الدفاع عن بغداد أثناء حصار نادرشاه سنة ١١٤٥هـ/١٧٣٢م، فقد خرج هو وعشيرته لصد المهاجمين وإفشال تعرضهم على سور الكرخ، وشارك بحماسة منقطعة النظير في معركة دفاع باسلة[١٠]، كما شارك في تداعيات تلك الحروب في تمثيله وحده الجانب العثماني في المؤتمر الذي نوهنا به من قبل.

وعبدالرحمن كان شاباً متحمساً تزعم أبناء الجانب الغربي من بغداد غير مرة، كلما تعرضت المدينة إلى خطر داهم، آخرها ما حدث سنة ١١٩٠هـ/١١٩١هـ/١٧٧٦-١٧٧٧م، حينما تصدى لمحاولة أفّاق مجهول الأصل، يدعى عجم محمد التوصل إلى منصب ولاية بغداد، مقتدياً بأبيه، طارحاً عنه زي العلماء وهدوئهم، متقلداً سيفه، ليشرع في تنظيم مقاومة فعالة، وفي ترتيب خطط الدفاع كأي قائد عسكري محنك[١١] .

وقد أبدى كل منهم ما في وسعه من ضروب مشاركة أبناء مدينته في الحوادث العامة التي كانت تعصف بها بين حين وآخر، فضلاً عن مشاركتهم في الحياة الثقافية، ولذلك السبب، وغيره، كانت لهم صلات علمية واجتماعية واسعة مع علماء عصرهم في العراق والبلاد الإسلامية.

فمؤلف هذا الكتاب إذن لم يكن بِدْعاً فيما شارك فيه، وشاهده، وسجل وقائعه بقلمه، وإنما اتباعاً والتزاماً بتقليد أسري يجمع بين العلم والتأليف والتدريس، وبين المشاركة، أو الزعامة، في الحياة العامة بكل ما يعنيه ذلك من أعباء ومسؤوليات.

وعلى الرغم من منزلته العلمية وقول مترجميه بأنه كان "مُشاراً له بالبنان، ممتازاً بين أقرانه بالفضل والعرفان"[١٢]، فإن معلوماتنا عن مجريات حياته لا تتناسب مع تلك المنزلة، وسبب ذلك يكمن في أن مترجميه وهم من العلماء أيضاً، كانوا يأنفون عن ذكر مشاركة أمثالهم في الشؤون العامة، تصوّراً منهم أنه لا يليق بالعالم أن يشارك في غير أمور العلم والشرع، من درس وتدريس وإفتاء وتأليف، فجاءت تراجم هؤلاء فقيرة من جوانب كثيرة، بعيدة عن صخب الحياة الدائرة من حولهم، وكأنهم يعيشون في خارج الحياة نفسها. ويقف محمد سعيد أنموذجاً على

اجحاف المؤرخين في الترجمة لأعلام عصرهم، إلا من المعلومات القليلة التي يختارون هم أن يُبرزوها لقرّائهم دون غيرها من المعلومات الأخرى، التي تكمِّل معالم صاحبها ودوره إنساناً مثقفاً متفاعلاً مع ما حوله، ولذا كان لزاماً علينا أن نكمل هذه المعلومات القليلة بما كشف عنه الكتاب الذي ننشره اليوم، وما تناثر في كتابات أخيه عبدالرحمن وشعره، من جوانب غير معروفة من حياته، سكت عنها مترجموه.

وغاية ما تمدنا به هذه المصادر أنه ولد في بيت أبيه في بغداد سنة ١١٤١هـ/١٧٢٨م ، وقد كنّاه أبوه بأبي السُّعود، كما كنى أبناءه الآخرين، جَرياً على عادة العلماء في ذلك العصر، تفاؤلاً بمستقبله، وتأثر هو بتقاليد أسرته العلمية، فبدأ الدرس على يدي علماء مدينته، ثم ارتقى فيه مجالاته على يد أبيه، وهو العلامة الذي تُشَد إليه الرحال، فنال منه الإجازة بالتدريس، كما نال مثلها من عالمَين آخرَين، هما الشيخ عبدالقادر المكي الحارثي، والشيخ علي الأنصاري، وربما من غيرهم ممن لم تصلنا أسماؤهم.

وشاءت الأقدار أن تتعرض بغداد إلى حصارات قاسية ضربها عليها حاكم إيران عهد ذاك نادرشاه، وكان هو في الخامسة عشرة من عمره يوم حاصر نادر شاه بغداد سنة ١١٥٦هـ/١٧٤٣م، وكان أخوه عبدالرحمن يتولى رعايته في غيبة أبيه، حتى أنهما اضطرا إلى مغادرة منزلهما في الجانب الغربي والنزوح إلى الجانب الشرقي حيث أقاما في حجرة في جامع الشيخ العاقولي، وهما في أكثر ما يكونا حنيناً إلى بيتهما القديم وجيرانهما هناك[١٣].

وكان محمد سعيد معجباً – كسائر أسرته– بوالي بغداد القوي أحمد باشا، وكان الأخير يُقدِّر للأسرة خدماتها، لا سيما في أثناء الحصارات الماضية، وموقف عميدها في مؤتمر النجف، وهو ما كان يدفع ببعض الناس إلى أن يقصده كي يعرض له، بأسلوبه البليغ، طلبه إلى الوالي المذكور، حتى أنه مدحه بقصيدة مطولة "على لسان بعض الأصدقاء يستمنح الوزير بها حين أخنى عليه الدهر بكلكله.."[١٤]، وشارك أخاه المذكور في نظم قصيدة في شكر الوالي ومدحه بمناسبة إهدائه فرساً إلى أبيه سنة ١١٥٩هـ/١٧٤٦م[١٥]، ولم يكن يتجاوز آنذاك الثامنة عشر من عمره، مما دل على تفتح مبكر لمواهبه الأدبية.

أكمل محمد سعيد دراسته على أيدي علماء عصره، والراجح أنه عمل مدرساً في بعض مدارس بغداد، شأنه شأن أبيه واخوته، وأظهر تفوقاً متميزاً في علم الفقه لأننا وجدناه يؤلف كتاباً مستقلاً في أحكام التقليد، ثم أنه أختير ليشغل إفتاء الحنفية في النجف وكربلاء، هذا مع أنه نفسه كان شافعياً وهكذا كان أبوه وأخوه الأكبر عبدالرحمن.

وحينما توفي والي بغداد والبصرة وتولى صهره، وأبرز مماليكه، سليمان باشا أبو ليلة الولاية من بعده، سافر محمد سعيد إلى بغداد مستقلاً السفينة التي أقلت موكب زوجته عادلة خاتون بنت أحمد باشا وأختها عائشة خاتون وأتباعهما.

وفي بغداد شهد محمد سعيد جواً سياسياً مضطرباً، فسليمان باشا ماض لتولي السلطة، يؤيده زملاؤه من مماليك سيده السابق، وواليها يسعى بكل سبيل إلى إقصائه عنها، وأهل بغداد منقسمين بين هذا وذاك، فكان أن انضم إلى جانب سليمان باشا، وحينما وصل فرمان تعيينه والياً، كان هو، وأخوه، من أوائل المهنئين.

اتسمت حياة محمد سعيد في أثناء ولاية سليمان باشا بالدّعة والاستقرار، مشمولاً برعاية عادلة خانم زوجة الوالي والحاكمة الحقيقية للولاية، وكان من آثار ذلك الاستقرار أن تزوَّج، وهو في السابعة والعشرين من عمره، تكفلت عادلة خاتون بنفقات الزواج كله. يقول"وفي هذه تزوجت بأم أولادي الموجودين، وذلك سنة ثمانية وستين بعد المائة والألف، وأرسلت عادلة خانم إليَّ النقد، وما تحتاج العروس والعرس من كل شيء بالزيادة"[١٦].

وجاءت وفاة سليمان باشا سنة ١١٧٥هـ/١٧٦١م، لتبدِّد مظاهر الاستقرار، ليس على مستوى أسرة محمد سعيد فحسب، وإنما على مستوى العراق كله، فقد انفجر صراع عنيف بين نوّابه (كَتخُداواته) السبعة، المُرشّحين بحكم مناصبهم إلى شغل منصب الولاية، فكان "كل واحد من هؤلاء يتمنى من قلبه أن يكون هو الخلف لسليمان باشا"[١٧]، ووجد السُّويديون، ومنهم المؤلف، أنفسهم منحازين إلى أحدهم، وهو علي باشا، فالرجل كان هادئاً إذا قيس بالآخرين، وقد تعرّف إليه المؤلف في مَقرّه حينما كان ضابطاً للحسكة (الديوانية) على نحو مباشر في أثناء بعض

أسفاره. قال" وكان في ذلك الوقت أكبر من كثير من الوزراء غير وزير بغداد هيئة ونظاماً وعدداً وعُدّة واستعداداً، فألزمني بالبقاء والمكث عنده ثلاثة أيام .."[18].

ويظهر أن أعجابه بشخصه، وما وقر في قلبه من احترامه، أدى إلى مساندته في الوصول إلى السلطة بكل سبيل، بعد أن كاد علي باشا أن ييأس منها إثر معارضة خصومه. يقول "مضيت أنا وبعض المُتعيِّنيين من أهل الجانب الغربي، فرأيناه وأتباعه بلا أكل، ولا أحد يتجرأ أن يمضي اليهم ليبيعهم، ولا أحد من أتباعه يتجرأ ينزل إلى البلد يشري شيئا، فأرسلنا إلى بيوتنا وبيوت معارفنا وأحبابنا أن يأتوا لنا بكل ما لديهم من مأكول، حتى ما أَعَدَّ كلٌّ لعشاه، وأهل بغداد يخبزون كل وقت خبزاً قلما يكفي يومين، فجاءوا لنا وقت صلاة المغرب بأطعمة كثيرة نفيسة تصلح له ولأتباعه، فأكل الكل وشبعوا، والباقي تصدَّق به على الشحَّاذين، وبايعناه عنا وعن كل أهل الجانب الغربي، أن له ما لنا وعليه ما علينا، ويحارب له أهل الجانب الشرقي كلهم. ففرح وعرف أنه صار باشا جديداً، فشكرنا وجئنا منه، فلما سمع بفعلنا أهل الجانب الشرقي انحلت عزيمتهم، فأطاع أكثرهم في الليل، ومضوا إلى خدمته، وهو لم ينم تلك الليلة فرحا"[19].

لم يكن غريباً إذن أن يرفض محمد سعيد المشاركة في الحملة النفسية والإعلامية التي قادها الكَتخُداوات لعزله بعد نحو سنتين من توليه منصبه. وأنف، وأخوه، أن يضعا ختميهما كغيرهما من المدرسين وخطباء الجوامع على عريضة رفعت إلى الدولة تلصق به من التهم ما يدعوها إلى عزله، قال "وختموا العَرْض – أي العرضحال– حتى عند جميع المدرسين وخطباء الجوامع، وأنا وأخي اعتذرنا بضَياع خواتمنا، فختموا عند من تسمّى كإسمينا"[20].

ولا ندري على وجه التحديد موقف محمد سعيد من تولي عمر باشا السلطة، إثر اغتيال سلفه علي باشا، وكان عمر هذا شديداً بطاشاً، لكنه مع ذلك زوج عائشة خانم بنت أحمد باشا، وأخت عادلة خانم، صاحبة الأيدي البيض عليه، والراجح أن أعمال عمر باشا العنيفة، لاسيما ضد آل الشاوي، وهم الذين تربطهم به صلات الولاء والجيرة، وقتله عبدالله بك الشاوي، لم تبق شيئاً من التقدير له. وها هو يصف الشاوي بالشهيد[21]، مما دل على اتهامه الباشا ضمناً بالظلم، وقد وصفه بأن لسانه وقت الغضب فحَّاش[22]، وذكر في هذا الكتاب أنه لما نفى عمر باشا دفتردار[23] بغداد

عثمان أفندي العمري إلى الحلة، وهو يضمر له الإعدام، لم يجد حرجاً في أن يقصده بالزيارة متفقداً صحته، متعاطفاً معه فيما هو فيه من عنت[٢٤].

داهم الطاعون بغداد سنة ١١٨٦هـ/١٧٧٢م، فأضطر وأخوه، إلى مغادرة بغداد والنزوح إلى الحلة، فالبصرة، وحينما أدرك الوباء تلك المدن أيضاً، تركها متوجها إلى الكويت، وهي القرين كما يسميها، حيث استقبله، وأخاه، أهلها استقبالا يليق بكرامتهما العلمية، وعاشا بين ظهرانيهم أياماً هانئة بين وعظ وتدريس[٢٥]، ولما انتهى الطاعون عاد الأخوان إلى البصرة، وإذا بأخيه يُصدع بأمر من والي بغداد بتولي منصبي الإفتاء والقضاء فيها، فاضطر لقبول هذا التكليف مرغماً، أما محمد سعيد فقد لزم أخاه ولبث في البصرة هو أيضاً، ولا ندري ماذا كان يفعل في هذه الأثناء إلا أن مرضاً ألم به جعله يكره الإقامة فيها.

عاد محمد سعيد إلى بغداد ليجدها على غير الصورة التي ألفها عليها، حيث كانت المدينة قد تخرَّبت بسبب فداحة الوباء، وموت أكثر السكان أو فرارهم، حتى أنه يقول "لم يوجد من مائة منهم شخص بل أقل، والأسواق خربة تأوي إليها الكلاب، وما في هذه البلدة العامرة إلاّ سوق واحد بيع التركات، هذا مع أنه قد جاءها ناسٌ من كل طَرَف"[٢٦].

ضاق محمد سعيد بالجو الخانق الذي كانت عليه بغداد عهد ذاك، فغادرها لأداء فريضة الحج، في قافلة كبيرة، سنة ١١٨٨هـ/١٧٧٤م، إلا أن سوء طالعه قضى بأن تقع القافلة، وهي قريبة من مدينة تدمرالأثرية، في أيدي قطاع الطرق، فيسلبون من كان فيها سلباً مهولاً، ومنهم محمد سعيد، ويضطر إلى مصاحبة اللصوص إلى تدمر ومن هناك وجد طريقه إلى حلب، ولأسباب لا نعرفها، فإنه لم يرجع إلى العراق، وإنما فضّل أن يقيم في حلب، فلبث فيها نحو سبعة أشهر، تزوج في أثنائها من إحدى بنات بيوتاتها. ثم أنه غادر، مع زوجته، إلى دمشق، فدخلها في منتصف ذي الحجة سنة ١١٨٩هـ/١٧٧٥م، وأقام فيها شهراً كاملاً، ثم سافر إلى صيدا، وعاد منها إلى دمشق ثانية، ومنها سافر إلى الحج، وجاور هناك، وبعدها سافر إلى جدة، حيث لبث فيها ثمانية أيام، وركب البحر منها إلى مدينة السويس، ومكث فيها أربعين يوماً، ومنها سافر إلى القاهرة فبقي فيها شهرين، وسافر بعدها إلى يافا، ثم إلى القدس، حيث أقام ثلاثين يوماً، ومنها انتقل إلى نابلس، وأقام فيها أياماً، ثم رجع إلى دمشق

فلبث فيها حتى أوائل رجب من العام التالي[٢٧]، ثم سافر عائداً إلى بغداد، فدخلها في الثاني من رمضان من ذلك العام.

وإذ لم يصرح مؤلفنا بسبب اقامته الطويلة في حلب ومدن الشام الأخرى ومصر، وعدم عودته إلى العراق، فإننا نرجح أنه فعل ذلك لعزمه أن لا يرجع إلا بعد ادائه المناسك، فكانت اقامته الطويلة في حلب سبباً في زواجه هناك، إلا أننا لا نعلم مصير تلك الزوجة، إن كانت قد صحبته في عودته إلى وطنه، أو أنها فضلت الإقامة في وطنها حلب.

وعلى عادة العلماء في ذلك العصر، كانت مثل هذه الرحلات مجالا للقاء أمثالهم في كل مدينة ينزلونها، فتدور بينهم حوارات علمية غنية ومطارحات أدبية شائقة، ولا شك في أن رحلة محمد سعيد السويدي — وهو المؤلف المُحقق— كانت حافلة بمثل هذه اللقاءات، وأنه سجلها في مسودة وكان يرجو أن يخرجها إلى البياض، فقال" وإن في رحلتي هذه مذاكرات ومطارحات ونكت لعلها تخرج إلى البياض إن شاء الله تعالى"[٢٨].

وكانت بغداد تعيش وقت عودته إليها ظرفاً صعباً، فقد ولي عليها وال ضعيف الإرادة، فاسد الرأي، هو عبدالله باشا (١١٩٠-١١٩١هـ/١٧٧٦-١٧٧٧م) بينما كانت البصرة تتعرض إلى حصار قاس فرضه عليها حاكم ايران الجديد كريم خان الزند، ثم احتلال مباشر (١١٩٠-١١٩٣هـ/١٧٧٦-١٧٧٩م)، وبدل أن يقوم هذا الولي بدوره في انقاذ البصرة، فإنه فضل أن يستسلم للدعة، متأثراً بالجو اللاهي، والصاخب، الذي كان يلهيه به مساعده محمد بك العجمي الأصل، المعروف بعجم محمد، وحينما أرسلت الدولة العثمانية سليم أفندي لتدارك الأمر انغمس هذا أيضاً بملاهي عجم محمد ووعوده حتى نسي القضية التي جاء من أجلها.

وحدثت انتفاضة واسعة في بغداد تطالب بعزل عجم محمد، والتخلص من قيادة عبدالله باشا المتهاونة، فانضم محمد سعيد إلى أخيه عبدالرحمن في تزعمهما أهل الجانب الغربي ضدهما، في معارك ضارية استخدمت فيها كل الأسلحة المتاحة عهد ذاك[٢٩]، كما تقدمت الإشارة إلى ذلك من قبل، وجرى القتال من على المتاريس التي حجزت بين الطرفين المتقاتلين، ولم يستتب الوضع إلا بعد أن أضطر عبدالله باشا ومساعده وأعوانهما إلى مغادرة بغداد نهائياً.

وشهد العراق في عهد سليمان باشا الكبير(١١٩٣–١٢١٧هـ/١٧٧٩–١٨٠٢م)، نوعاً من الاستقرار، بعد سنوات الفوضى التي مرت عليه، فقد استطاع هذا الوالي، منذ تسلمه مقاليد منصبه، أن يعيد إلى الأذهان مجد المماليك في عهد سَميِّه أول ولاتهم، فكان– على حد تعبير سليمان فائق– "باعثاً لها من العدم، ومجدداً فيها ما تهدم عبر الدهر"[٣٠]. وكان أول ثمار هذه السياسة فرض حد معقول من الأمن المفتقد في المدن، والضرب على أيدي قطاع الطرق في الريف، فكان طبيعياً أن يجد محمد سعيد نفسه متعاطفاً مع هذا الوالي بعد عهد من الفوضى، لا سيما وأن بطولة سليمان باشا في دفاعه عن البصرة، وخبر أسْرِه في إيران على يد كريم خان الزند، تزيد من دواعي تأييده، وليس صعباً أن نجده يثني على صفاته وأنه "عامل الناس بالعدل لا الجور والإضرار"[٣١].

وفي المرة الثانية، غادر محمد سعيد بغداد سنة ١٢٠٢هـ/ ١٧٨٧م قاصداً الحج، فدخل حلب، ثم دمشق، وكان ذلك في غرة رجب من ذلك العام، ونزل في ضيافة صديقه الشيخ مفتي الشام المؤرخ محمد خليل المرادي (المتوفى سنة ١٢٠٦هـ/١٧٩١م)، حيث قضى لديه أياماً هانئة رَخيّة. وفي تلك الأيام قام، بتشجيع من المرادي، بتأليف هذا الكتاب كما سنذكر ذلك. وبلغ من إعجابه بصديقه المؤرخ الكبير أن نَسَب نفسه إليه وإلى مدينته حباً وولاءً، فقال في آخر كتابه أنه "البغدادي ثم الدمشقي ثم المُرادي".

وانحدر من دمشق إلى مصر ليلتقي بعلمائها وليستجيزهم، وقصد القاهرة حيث التقى بالعلامة السيد مرتضى بن محمد الزبيدي مؤلف (تاج العروس في شرح القاموس)، فانتفع كلٌّ بصاحبه، قال الزبيدي "غمرنا بفوائده وأمتعنا بصنوف موائده من كل فن غريب"، وقد أجازه السويدي بالرواية عن شيوخه النُبّل، وكذلك أجازه الزبيدي– بالمقابل– بكل مؤلفاته، ومنها (التاج) وشرح إحياء علوم الدين المسمى (إتحاف السادة المتقين بشرح أسرار إحياء علوم الدين"، و(المقاصد العنديّة في المشاهد النقشبندية) وذلك في ١٠ ذي الحجة من سنة ١٢٠٤هـ/١٧٨٩ [٣٢].

عاد محمد سعيد إلى بغداد بعد سنتين قضاهما في سفر وإقامة وترحال، وكان عمره قد تجاوز الستين عاماً، فاستقر في بيته حتى وفاته.

وذكروا أن وفاته جرت في سنة ١٢٠٣هـ/١٧٨٨م[٣٣]، مع أنه لم يكن إذ ذاك في بغداد، لأن تاريخ تأليفه هذا الكتاب هو في سنة ١٢٠٤هـ/١٧٨٩م، وكان يومها في دمشق، وأن تاريخ إجازة الزبيدي له في القاهرة كانت في هذه السنة، ولا ندري تاريخ عودته إلى وطنه بعد هذا التاريخ على وجه التحديد، وثمة رواية تحدد وفاته في سنة ١٢١٣هـ/١٧٩٨م ، وأخرى تقول أنها حدثت سنة ١٢٢٣هـ/١٨٠٨م[٣٤]، ونحن لا نطمئن إلى هذه التواريخ جميعاً لأن المؤلف وعد في نهاية كتابه هذا أنه حينما يمن عليه الله بالعودة إلى وطنه فإنه سيحرر"ذيلاً مُطوَّلاً" للكتاب، ويرسله إلى صديقه الشيخ محمد خليل المرادي في دمشق، أي أنه كان يعد بتكملة الكتاب بما سيجد من حوادث جرت بعد توقفه عنه، لكنه لم يفعل، ولو كان حياً لفعل، وذلك للمنزلة الرفيعة والتقدير العميق الذي أبداه تجاه من وَعَده بذلك، ولكننا وجدنا ابنه الشيخ علي هو الذي يقوم بتلك المهمة فيؤلف كتاباً في تاريخ بغداد.

ونعلم أن وفاته حضرت وهو في داره في بغداد، لأنه دفن في مقبرة الشيخ معروف الكرخي، حيث يسكن بالقرب منها. ومما يلفت النظر في هذه الترجمة، على قصرها، ما ذكره الآلوسي من أنه كان "سلفي العقيدة"[٣٥]، مع أن من مؤلفاته كتاباً في الطريقة النقشبندية، ويظهر أن الآلوسي استند في رأيه على حفظه للحديث الشريف، وإنه "كان محدثاً عالماً متقناً، متفنناً فيه"[٣٦]، هذا مع أن كثيراً من معاصريه من العلماء كان يجمع بين كونه محدثاً وبين إعجابه بالطريقة النقشبندية دون غيرها من الطرق، وذلك لأن هذه الطريقة، كما جدد قواعدها الشيخ خالد النقشبندي المعاصر له (توفي سنة ١٢٤٢هـ/١٧٢٨م)، كانت تؤكد على أتباعها ضرورة دراسة العلوم الشرعية، ومنها الحديث بوجه خاص، وقد انتمى إليها الكثير من العلماء لقدرتها على الجمع بين (جناحي الشريعة والطريقة) كما قيل.

أعقب محمد سعيد أبناء ذكوراً هم الشيخ حسين، والملا علي، وعبدالله، وأحسن تربيتهم وتعليمهم حتى وصفهم من عاصرهم "وكل من هؤلاء قد بلغ من الفضل منتهاه"[٣٧]. وأبرز هؤلاء الشيخ علي، فقد كان "أعلم أهل مصره في عصره بالحديث"[٣٨]، وله التآليف القيمة، لعل أبرزها (العقد الثمين في بيان مسائل الدين) الذي نقد فيه بدع عصره بجرأة ملحوظة، وألف كتاباً في تاريخ بغداد، "أحسن فيه وأجاد"[٣٩]، متأسياً بعمه عبدالرحمن، وبأبيه كما سنذكر ذلك، وتوفي سنة

١٢٣٧هـ/١٨٢١م[٤٠]. وعلي هذا هو والد المؤرخ الأديب محمد أمين السويدي، صاحب المؤلفات الكثيرة[٤١]، ومنها كتاب (سبائك الذهب في معرفة قبائل العرب) الذي نال الشهرة العريضة في عالم الأنساب[٤٢]

وله أيضاً بنت سماها عاتكة، وقد زوجها من ابن عمها محمد بن عبدالرحمن السويدي.

وقد ألف بعض المؤلفات، ذكر منها إسماعيل البغدادي[٤٣] كتاباً في الأدب سماه (دُرَّة الأبحار في علم الأشعار)، إضافة إلى كتابه (التقليد في أحكام التقليد) الذي ألفه من قبل.

أما داره التي طالما تغنّى بها في الكرخ، وحنَّ إليها في أثناء غيابه عنها، فقد ورثها عنه ابنه محمد أمين السويدي، ووصفت بأنها ذات طبقتين عليا وسفلى، فاتخذ ابنه المذكور من طبقتها العليا المطلة على الطريق، مجلساً يجلس فيه للتدريس "فغدت روضة من رياض العلوم، أغصان أشجارها مفتحة أنوار وأزهار الأدب فيها مبعث الأنوار"[٤٤]. وحينما تضعضع بنيانها جدد عمارتها فعرفت بمدرسة السويدي، ولبثت من مدارس الكرخ المشهورة حتى وفاة محمد أمين سنة ١٢٤٦هـ/١٨٣٠م.

## هذا الكتاب

ذكرنا أن مصادر ترجمة السويدي نوَّهت ببعض عنوانات مؤلفاته، ولم يكن بينها هذا الكتاب، فضلاً عن أنه لم يؤثر عنه أنه كان مؤرخاً، أو معنياً بالكتابة التاريخية بأي حال من الأحوال، إلى أن وقفنا على هذه المخطوطة في مكتبة جستر بتي في دبلن في المملكة المتحدة، وهي تحمل العنوان المُطوَّل الآتي (ورود حديقة الوزراء بورود وزارة مواليهم في الزوراء) وقد كتب في صدرها أنها من تأليف (الشيخ الفاضل المُفنِن[٤٥] الشاعر الأديب أبي الكمال مهذب الدين سعيد بن عبدالله بن حسين بن ناصرالدين البغدادي الشافعي الشهير بابن السُّوَيْدي –حفظه الله– وهو بخطِّه الشريف)، فعلمنا أنه لم يكن أقل من أخيه عناية بكتابة التاريخ، بل إنه تميز عنه ببعض الجوانب.

وإذا كان أخوه عبدالرحمن قد كتب تاريخ العراق من خلال سيرة الواليه القويين حسن باشا وأحمد باشا، فغطى بذلك حوادث السنين من ١١١٦-١١٦٠هـ/١٧٠٤-١٧٤٧م، فإن ما أراده محمد سعيد هو تكملة الحوادث التي جرت على وطنه بعد وفاة أحمد باشا. وعنوان الكتاب نفسه يكشف عن الأطار الذي أراده له، ومع أن العنوان جاء مشابهاً لعنوان كتاب أخيه (حديقة الزوراء في سيرة الوزراء) وفي الغالب فإنه تعمد ذلك، فإنه كشف به الإطار الذي أراده لكتابه، فالحديقة هي وطنه بغداد، والوزراء، هما والياها المذكورين، والذين وردوها من (مواليهم) هم ممالكيهما الذين تولوا السلطة من بعدهما، وواضح أن العنوان جاء مُعبِّراً عن مضمونه إلى حد كبير.

كتب المؤلف كتابه وهو بعيد عن وطنه، وهو أمر مكنه من أن يعبرعن رأيه في شخوص الحوادث التي كتب عنها بصدق نادر، لم يكن ليحصل لو أنه كتبه في كنف بعض ولاته أو أتباعهم، كما أنه كتبه لدوافع علمية بحتة، بتشجيع من مؤرخ دمشق الشهير محمد خليل المرادي، فلا مصلحة له مطلقاً فيما يكتبه عن أولئك الشخوص، ولا خوف عليه أو حرج إن ذكر من الحقائق ما أساء إليهم، ومن المؤكد أن المرادي لم يملك دافعاً لتشجيعه ضيفه إلا حب المعرفة التاريخية لا غير، مثلما فعل حينما شجّع صديقه عبدالرحمن الجبرتي في القاهرة أن يكتب تاريخ مصر، وقد جرت العادة أن يكتب مؤرخو العصر كتبهم أما نزولاً لرغبة ولاة ذلك العصر أو أمرائه أو أتباعهم، مثلما فعل أخوه عبدالرحمن حينما كتب تاريخ العراق بناء على طلب خديجة خانم بنت قره مصطفى باشا، وكتب عثمان بن سند (مطالع السُّعود) بطلب من والي بغداد داود باشا، وكتب رسول حاوي الكركوكلي (دوحة الوزراء) بطلب منه أيضاً. أو – في الأقل– رغبة في إهدائه إلى ذاك الوالي أو هذا الأمير، تكسباً أو تقرُّباً، كما فعل ياسين العمري في معظم مؤلفاته التاريخية، أما أن تتاح الفرصة لمؤرخ أن يكتب ما يكتب لا عن رهبة أو رغبة، وإنما لاستجلاء الماضي، فهذا أمر نادر الحدوث فعلاً، ويزيد من القيمة العلمية للكتاب دون ريب.

والكتاب بعد هذا يعتمد شهادة عيان مؤلفه، فهو لم يسجل غير الحوادث التي رآها بعينه[٤٦]، أو كان لصيقاً بمجرياتها، فلم يعتمد على روايات نقلها إليه آخرون، مهما كانوا، بل لم يتأثر بوجهات نظرهم لأنه لم يلتق بهم أصلاً في أثناء

كتابته لتاريخه، اتباعاً لتوجيه محمد خليل المرادي، فقال "حيث لم يُمهلني إلى مكاتبة من اعتمده في بغداد، ورَضي من كَرَم طبعه الشريف بما يخطر في الفكر ويحضر في الفؤاد، فامتثلت أمرَه العالي"[٤٧]، والاستثناءان الوحيدان في الكتاب كله رواية دقيقة وفريدة لحوار دار بين سيدتين عن سر لم يُعرَف، نقلتها له أخته رُقيَّة، وهي سيدة عالمة مُحدَّثة، جديرة بالثقة، ورواية أخرى عما جرى في البصرة بعد مغادرته للعراق، نقلها إليه ابنه الوحيد مكاتبة، وقد صَرَّح باسميهما بوصفهما مصدر تلك الروايتين، إلتزاماً بالأمانة العلمية.

ويختلف أسلوب محمد سعيد السويدي عن أسلوب أخيه، وأبيه من قبل، اختلافاً بيناً، ففي الوقت الذي كان هذان معنيّان بتزويق عبارتهما باتخاذ السَّجع، والمبالغة في الالتزام به، لم يشأ صاحبنا أن يقيِّد نفسه به، فكتب ما كتب دون سَجع، فضلاً عن المُحسنات البديعية التي اعتاد كتاب العصر على استعمالها، وهو لم يشغل نفسه باتخاذ الكلمات الحُوشيّة، والمفردات الغريبة، إظهاراً لمُكنته في الأدب، كما فعل أبوه وأخوه وغيرهما من المؤرخين المعاصرين[٤٨]، وإنما فضّل أن يكتب بأسلوب سهل، يقرب أن يكون عامياً في بعض المواضع، لا تكلف فيه ولا صنعة. كما أنه لم يزين كلامه بأبيات من الشعر، له أو لغيره، كما هي عادة كتاب ذلك العصر، مع أنه نفسه كان شاعراً جيداً، وله أشعار بمناسبات تاريخية شتى، ولكنه أراد لقلمه أن يسترسل في الحديث عن الحقبة التي يؤرخها دون قَطعه بأبيات أو قصائد مهما كان قائلها، متقيداً بتوجيه المرادي، قال "وأعفاني – حفظه الله– من ذكر ما قيل فيهم من مليح المديح"[٤٩].

من الكتاب نسخة مخطوطة يتيمة بخط مؤلفها، كتبها سنة ١٢٠٤هـ/١٧٨٩م، تحتفظ بها اليوم مكتبة جِستر بتي في دبلن بإيرلندا، تحت العدد ٣٥٥١، وتقع هذه النسخة في ٤٤ ورقة، وهي بخط نسخ معتاد، في كل صفحة ٢٣ سطراً، وفي كل سطر ما معدله ١١–١٢ كلمة. وقد تبدو المخطوطة في أول وهلة في حال جيدة، إلاّ أن قراءة متمعنة فيها تظهر أن عيوباً كثيرة تَعتورَها، من ذلك أن المؤلف لم يعدها غير مسودة، فعاملها على هذا الأساس، حيث كشط، أو مسح، كلمات، أو أجزاء من سطور، بغية أن يكتب بديلاً أفضل في مواضعها، فكتب حيناً وأحجم، أو أجَّل ذلك، في أحيان أخرى، فظلت تلك المواضع بياضاً، أو حروفاً مطموسة فلا تُقرأ. ومع أنه

كتب في الهوامش بعض الكلمات أو العبارات البديلة، إلا أنه استخدم حبراً باهتاً، أو رديئاً، ضاعت معه معالم تلك الكلمات والعبارات، حتى بات من الصعب قراءتها. ومن ناحية أخرى، فإنه كتب أحياناً كلمة صحيحة فوق أخرى أراد حذفها، لضيق المكان، فضاعت الكلمتان معاً، فلم تعد تقرأ، أو تقرأ ولكن بعُسر شديد. ثم أنه استعمل حبراً في كتابته زادت فيه نسبة الصمغ الذي يخلط عادة به لتثبيته، فما كان من الكلمات التي كتبت بهذا الحبر إلا أن التصقت بأمثالها في الصفحة المقابلة، فطُمِس بعض حروفها.

ومن المؤكد أن هذه النسخة لم تجد طريقها إلى بغداد، فقد أودَعَها — فيما يظهر— لدى صديقه ومُضيِّفه بدمشق المؤرخ محمد خليل المرادي، والعبارة التي على ورقة العنوان وفيها الثناء الكثير عليه ( الشيخ الفاضل المُفنِن الشاعر الأديب أبي الكمال مهذب الدين .. إلخ) هي بخط المُرادي لا خطه، وفي آخرها ورقة مستقلة عليها تمليكات لإناس كلهم من الشاميين على ما يبدو[٥]، آخرها مؤرخ في سنة ١٢٥٠هـ/١٨٣٤م.

## نصوص في تاريخ الكرد

ولأن نطاق الكتاب هو ولاية بغداد وتوابعها، وهي تشمل شهرزور والبصرة، فقد تطرق إلى شؤون مختلفة من العراق الحالي، ونظراً للدور الواضح الذي أداه الكرد، لا سيما أمراء البابانيين، في شؤون العراق عهد ذاك ، فقد تناول المؤلف في تضاعيف كتابه عددا من تلك الشؤون، وذلك على النحو الآتي:

### أحمد البارزاني

ينفرد المؤلف بالإشارة إلى شخصية كردية مثقفة اختارها والي البصرة (وبغداد فيما بعد) سنة ١١٦٢هـ/١٧٤٨م، هو أحمد البرزاني، ليكون (كتخدا) له، والكتخدا هو نائب الوالي ومساعده والمرشح لتولي الولاية من بعده، ومع أهمية هذا المنصب الرفيع فمن الغريب أن تسكت المصادر الأخرى عن أية إشارة إليه، ويظهر مما ذكره السويدي أن أحمد البرزاني هذا كان مثقفاً على مستوى عال من المعرفة، إذ قال:

**"ثم لما جاء القابجي باشي المذكور[51] قرأ سليمان باشا فرمانه، وعمل لـه كَتخُدا عارفاً عالماً كاتبا بالألسنة الثلاثة يقال بَرزاني أحمد افندي[52]".**

فـالجمع بـين (المعرفـة) و(العلـم) ومعرفـة (الألـسن الثلاثـة) وهـي العربيـة والتركية والفارسية يدل على توفيق سليمان باشا في اختيـاره مـساعداً لـه، علـى أن السويدي لا يتابع في كتابه أخبار هذا البرزاني المثقف، وعلى أية حـال فإننـا لم نعـد نسمع باسمه في أثناء انتقال سليمان باشا إلى بغداد والياً لها.

## الحملة على عثمان باشا البابانى

ذكـر الـسويدي أن والـي بغـداد سـليمان باشـا الأول، المعـروف بـأبي ليلـة (١١٦٢-١١٧٥هـ/١٧٤٨-١٧٦١م)، **" بلغه جَـورٌ علـى الأكـراد مـن والـيهم، والأمـير عليهم من جنسهم عثمان باشا، فرد أنهم [إن] لم يرتدعوا أتيناهم بجحافله، وقاتلهما وقتلهما وأغلب من نصرهما، وعاد الى بغداد"**

والخبر على هذا النحو فيه ثغرات بينة، فسليمان باشا لم يحرك جحافله مـن بغداد لانصاف الأكراد من الأمير عليهم، وهو "من جنسهم"، وإنمـا لأن هـذا الأمـير، وهو حاكم منطقة كوي وحرير مَدَّ نفوذه إلى مقاطعة (زنكآباد).التي كانت تعد يومذاك تابعة إلى بغداد، وكان خراجها يعود إلى واليها، فعدَّ سليمان باشـا ذلـك توسـعاً علـى حسابه، كما أن النص يشير إلى والي بغداد (قتلهما) مع أنـه يخلـو مـن إشـارة إلا إلى عثمان باشا، وسياق الخبر يقضي أن ثانيهما هو قوج باشـا حـاكم أربيـل، فهـذا مـا ورد في المصادر الأخرى[53].

## ثورة سليمان باشا البابانى

تطرق السويدي إلى ثورة سليمان باشـا البابـاني[54]، حـاكم مقاطعـات بابـان وكوي وحرير وقره حسن وزنكاباد وجصان، هو يـسميه (الكـردي) مطلقـاً دون ذكـر اسم أسرته على شهرتها في عصره، وسمى ثورته هذا (عصياناً) على ما كان الكتاب القريبين من السلطة قد اعتادوا على تسميته عهد ذاك، ولكنه لم يشر إلى أسباب ذلك العصيان ودوافعه، مع أن مصادر العصر أشارت إليها باقتـضاب حينمـا ذكـرت أنـه أخذ يجبي الضرائب حتى كثر ماله واتسعت ثروته، فـأعلن الثـورة علـى والـي بغـداد

سليمان باشا الأول المعروف بأبي ليلة، هذا مع أن والي بغداد هو الذي أقره على هذه المقاطعات، وجبايته الضرائب منها لا تشكل تحدياً لوالي بغداد المذكور، لأنه أمر من صميم واجباته، واتساع ثروته لا تحمل معنى ان يكون مناوئاً، فضلا عن اعلانه العصيان على ذلك الوالي، والغالب أن السبب الذي لم يذكره المؤرخون هو امتناعه عن تسديد حصة الوالي من الضرائب، والاستئثار بها، أو أن اتساع الثروة كانت مدعاة لحسد الوالي ونقمته. قال:

**"ثم عصى عليه سليمان باشا الكردي، فركب عليه بنفسه بعساكر، فقاتله فانهزم باشا الأكراد، وقتل أتباعه إلاّ القليل، واسترجى منه كَتخُدا الياس آغا، ونصب أخاه[55] باشا الأكراد مكانه، وعاد الى بغداد".**

وهذا النص كما نرى قد افتقد تفاصيل مهمة ذكرها المؤرخون المعاصرون، أولها سكوته عن مصير الأمير البابانى، فبينما يكتفي بالإشارة إلى أن والي بغداد قاتل الأمير البابانى، وهزمه، يذكر رسول حاوي الكركوكلي[56] أن والي بغداد سليمان باشا سار على رأس حملة كبيرة والتحم الجيشان في مكان يسمى (كوشك زنكي) قرب بلدة كفري، وانكسر جيش البابانيين، أما سليمان باشا البابانى فقد تمكن من الهرب إلى كرمنشاه. وتضيف الوثيقة المؤرخة في أواسط رجب ١١٧٦هـ/١٧٦١م أن أمراً سلطانياً صدر إلى علي باشا والي بغداد والبصرة يتعلق بتوجيه خلعة سنية وخنجر مرصع مكافأة على النصر الذي أحرزه ضد المتمرد كرد سليمان باشا متصرف لواء بابان حيث سار عليه على رأس قواته ودارت بين الطرفين معركة شديدة أسفرت عن مقتل ثلاثة آلاف جندي من أتباع كرد سليمان باشا وأسر الآخرين، أما هو فقد تمكن من الهرب إلى نواحي كرمانشاه"[57]. إلا أن الأمر الجديد الذي يضيفه السويدي هو أن سليمان باشا والي بغداد استجاب إلى رجاء من سماه (كتخدا الياس آغا) لينصب بدل الأمير البابانى أخاه أحمد باشا البابانى، وكان هذا قد قام بضيافة الجيش خلال مدة مكوثه هناك. فقال

**"واسترجى منه كَتخُدا الياس آغا، ونصب أخاه[58] باشا الأكراد مكانه، وعاد الى بغداد".**

ومعلوماتنا عن إلياس آغا هذا غير واضحة، على الرغم من أن وظيفته (كتخدا) تشير إلى أهميته، ولم تسعفنا المصادر بمعلومات عن دوره في تولية أحمد

باشا مكان أخيه الثائر، وماهية دوافعه في تقديم ذلك الرجاء الحاسم، إن كان يخبئ وراءه سوء الصلة بين الأخوين البابانيين، أو رشوة كبيرة قدمها أحمد المذكور إليه، أو محاولة لكسب رضا الأسرة البابانية والقبائل المنضوية تحت زعامتها بعد تلك الهزيمة التي الحقت بها.

### مساندة البابانيين لعمر باشا

وحينما أعلنت قبيلة العبيد ثورتها على والي بغداد عمر باشا (١١٧٧-١١٨٩هـ/١٧٦٣- ١٧٧٥م) بسبب قتله زعيمها عبدالله بك الشاوي، يلقي السويدي ضوءاً جديداً على دور القيادة البابانية في اسناد الوالي، وكان إذ ذاك شاهد عيان لتلك الحوادث، فقال أن ممن سار مع الوالي، ما عدا عساكره

**"عسكر عبدالله باشا الكردي[٥٩] حاكم زهاو[٦٠] ونواحيها، وعسكر محمد باشا الكردي[٦١] حاكم قرَه جوَلان[٦٢] وكُوي سنجق[٦٣] ونواحيهما، وكل منهما باشا بطوغين[٦٤]، وتخم ومهترخانه[٦٥] على حدة، وكل منهما قال للباشا: أنا وحدي لكلهم! ..[٦٦] و بعد العصر بساعة وأنا كنت في الأوردي[٦٧] أنظرهم"،**

ووصف حملة الباشا للقضاء على ثورة الشاويين، ومنهم سلطان بك الشاوي، فذكر أن هذه الحملة كانت تتألف، فضلاً عن القوات الكردية، من قوات نظامية وقوات من القبائل العربية منها قبيلة شمر، وقد أسفرت عن كسر الشاويين والتنكيل بمقاتليهم، فقال:

**"فعبروا إلى الجانب الغربي من الدُجَيل إلاّ سلطان بيك بقي في الجانب الشرقي مما يلي عسكر الباشا، هو ومن معه من أتباعه مقدار عشرين، وكان مع الباشا من فرسان العرب ما ينوف على خمسمائة، فأمرهم أن يطلقوا الغارة عليهم ليأتوا بهم إليه، وكان السابق إلى سلطان بيك كبير عشيرة شَمَّر، على وزن جعفر، فناداه: يا سلطان! نحن أوائل عسكر الباشا، وهم ألوف، فاهرب من أمامنا، واندفع واعبر نهر الدُجَيل، ويكون ذلك عذراً لنا ونجاة لك! فما أصغى له، بل قال: مُرادي أخرق الألوف، وأُفرِّق الصفوف، لعلي أظفر بالباشا فاقتله كما قتل والدي. وهذا جنون منه مَحض لاقتراب أجَله، فشَنَّ الغارة وكَسَرَهم إلى الجَمْع الأكبر، فغطس في بحرٍ تيار، فقاتل هو وأتباعه، وبعد [أن] قَتلوا من تقدَّم أجله مقدار ساعة، فكَبَى به**

**الفَرَس وسقط فانقضَّ عليه ألوف، فأُخذ حيّاً إلى عند الباشا فضَرَبه بخنجره عُرضاً وقطع رأسه، وكذلك فعل العسكر بأتباعه، وقطعوا رؤوسهم وأرسلوها [و٢٧أ] إلى بغداد، ووُضعت على حائط مرتفع في السَّراي، وبقيت يوماً تنظرها [الناس][٦٨]. ورأس سلطان بيك كما شاهدته هو هو ما فيه تغيُّر إلا الشَّق الذي في جبهته من ضربة الباشا. وما بقي من أتباعه إلاّ فارس واحد وصل إلى إخوته وحكى لهم كل ما وقع، فذلك الوقت ركبوا خيولهم وساروا مقدار ساعتين، ونزلوا وجعلوا لهم عيوناً تنظر أحوال الباشا".**

ويشير السويدي إلى شخصيتين كرديتين بابانيتين برزتا في خلال هذه الحوادث، هما بكر باشا ومحمود باشا انضما إلى عمر باشا، ووضعا ثقلهما إلى جانبه، حتى قبل أن تصل "عساكر الأكراد"، التي كان قد أرسل في طلبها، وقد نجح الحاج سليمان الشاوي في قتل بكر بباشا وجرح محمود باشا فقال:

ثم أن الباشا ركب " **ومعه بكر باشا الكردي ومحمود باشا الكردي[٦٩] وجمعاً من شجعان عسكره لمحاربتهم قبل أن تصل إليه عساكر الأكراد الذين أرسل في طلبهم، وساروا من بغداد متوجهين إليهم، وكان للبيكات في بغداد اناس كثيرة تحرِّر لهم ما يصير، فمن أول ساعة العزيمة أخبروهم فانتدبه...[٧٠] حاج سليمان بيك أن يسير إلى ملاقاتهم قبل وصولهم، فسار فلما صار ما بينهما قريباً هجم على العسكر بفرسانه صباحاً وقتل بكر باشا وأثخن بالجِراح محمود باشا، ولم يعرفوه فسلبوه ما عليه، وهو وقليل من ... هربوا إلى بغداد واستولى على جميع المخيم، وأخذ رئيس العسكر قابجيلر كَتخُدا[٧١] خالد آغا أسيراً إلى أن قدَّمه بين يدي البيك، فاعتذر الآغا المذكور بأعذار، وأنه يحب نُصرَتهم عليه وعلى الباشا، وبايَعَهم على ذلك، ونجا، وأبقوه عندهم ضيفاً عزيزاً.**

**ولما صار ببغداد، أرسل الباشا يستعجل الأكراد المتخلفين وناوه بن أفتاره [٧٢] باشا حاكم زهاو، وتخم[٧٣] وفرسان كثيرة، ثم جاء بعده إبراهيم باشا حاكم الببا[٧٤] قره جولان وكوي صنجق وتوابعهما[٧٥]، وجهزوا، وعيَّن كَتخُدا أحمد باشا بجميع العساكر، فساروا، ولما قربوا مسيرة يوم تعوَّقوا المسير قليلاً، كل ساعتين يجعلونها مرحلة بتحفظ من الفريقين، فلما صار بينهم مقدار ساعتين تراما"[٧٦]**

وواضح أن سياسة عمر باشا كانت تقوم على أساس ضرب العرب بالكرد، أو بمعنى أدق: ضرب الشاويين بالبابانيين، إلا أن هذه السياسة فشلت في بعض مراحلها، فقد رفض الشاوي ضرب البابانيين، قائلاً" **هؤلاء مسلمون ونحن مسلمون، ولدينا[77] كلمة ما تتحمل سفك دم مسلم واحد، وإن [الظاهر من][78] الفراسة أن مُراد خصمائنا صيانة ناموس الله ووقائه وما مرادهم استئصالنا، فأنت إن أقمتَ لم يقيموا، أو أن تأخَّرت مقدار ساعتين ما يلحقك، فاترك لي خيمتين من شعر لأننا متيقنين.....فإننا .. يقولون.. وأسرنا، ولا يضر تأخرك لأن وزير بغداد الهرب منه ثلثا الفروسية، وأما إن قابلتهم فإن انتصروا علينا حللنا إلى الأسر، وإن نُصرنا عليهم حللت بغداد وأهلها، وهم أقاربنا وأحبابنا، وأيضاً يقتل فإنه يقتل منّا فمنَ الأولاد والأخوَات الأعمام، وأيضاً من يقتل منهم فثمَنُه عُلوفته، فالواحد منهم ثمنه بخس، ويعدله كثير[79]، فقال البيك الأكبر [يقصد سليمان الشاوي]: هذا لا يستقيم الآن! ولأجلك ... في هذه المرحلة القريبة، فإن صالوا علينا صَبَرنا صبر الكرام وإن توقفوا فعلنا ما قلتَه وما نُعيَّر بالإنهزام ..[80] يومين ولم يتجاسر أحدٌ على أحد مع أن نيران أسلحة[81] الفريقين يراها الأكثرون**".

ويصف السويدي دخول الوالي إلى بغداد، بعد هذه المعارك، وهو برفقة باشوات الكرد من البابانيين، وهم ناوه بن أفتاره باشا حاكم زهاو، وإبراهيم باشا حاكم الببا قره جولان وكوي صنجق وتوابعهما. فذكر أنه دخلها

"**بالزينة العظيمة بغداد، هو وباشات الأكراد، والبيك [الشاوي] ارتحل إلى قريباً من الموصل، وأرسل الباشا يعلم الدولة العلية بهَرَبه**"[82] .

وحينما تجددت ثورة سليمان بك الشاوي اضطر عمر باشا إلى الطلب من أمراء الكرد تقديم الإسناد العسكري له مرة أخرى، "**أرسل الباشا مرة أخرى على باشات الأكراد**"[83]، وكان اصطفافهم إلى جانبه سبباً في حدوث انشقاق بين الأسرة الشاوية نفسها.

### حركة مصطفى آغا الكردي في البصرة

ويتناول السويدي الحركة المسلحة التي قام بها متسلم البصرة مصطفى اغا الكردي ضد سليمان باشا الكبير والي بغداد والبصرة (١١٩٣-١٢١٧هـ/١٧٧٩-

١٨٠٢م)، بما يلقي ضوءاً على بعض جوانبها السياسية والعسكرية، وكان مصطفى آغا هذا يشغل منصب (خزنه دار) ثم عينه والي بغداد والبصرة سليمان باشا الكبير متسلماً للبصرة، فيقول أن سليمان باشا :

**" كان عنده خَزنَدار مؤتَمَن في كل شيء اسمه مصطفى آغا[٨٤]، وهو كردي الأصل، رَبّاه الباشا من صغره، وكان لا يُحب أن يُغيِّر الباشا مركزه ولو بأطواغ ثلاثة فقال له الباشا: أنت ولدي وأميني، وبلد البصرة لا آمن عليها غيرك فلا تخالفني فيما أفعل! فنصَبه مُتسلماً فيها وأعطاه كما أراد[٨٥]، وَصَفت مشيخة المُنتَفِق لحُمود بن ثامر المذكور، والعرب الذين تخلفوا عن ثُوَيني صاروا معه".**

ويشير في موضع تال من كتابه إلى ما سماه تمرد مصطفى آغا المذكور، وعد عذا التمرد "أذم الطغيان"، وسكت عن دوافعه وعده "من وسوسة الشيطان"، وأنه لا مقدمات له، أي لا أسباب مفهومة أو مقنعة دفعت إليه، قال

**"إنا قدَّمنا أنه جعل متسلم البصرة غرس نعمته ونضيج تربيته والمؤمن والمخلص الألزم، خزنداره مصطفى آغا الكردي، وأكرمه وأيَّده وفوَّضه، وجعل آخر شيخ مشايخ المُنتَفِق شيخ ثُوَيني، على وزن رُدَيني، كما أسلفنا. فسَوَّلت لهما أنفسهما أن يختارا أذم الطغيان، ووَسوَس لهما الشيطان فجاء ولا مقدمات للعصيان.**

ولا يظهر أن لحركة مصطفى الكردي أي بعد قومي، فالذين ساروا لقمع حركته كانوا من الكرد أيضاً، بينما كان هو يقيم تحالفاً مع زعيم قبيلة المنتفق العربية، هذا بينما يفهم مما ذكره الكركوكلي[٨٦] أن دوافع الحركة كانت رغبة مصطفى آغا الكردي في اقامة حكومة في البصرة مستقلة عن بغداد، فهو "أعلن العصيان والتمرد والإنفصال عن الحكومة المركزية، وسيطر على القوة التي أوعز لها بالبقاء في البصرة ، وسعى إلى ضم شيخ عشائر المُنتَفِق ثُوَيني، الشيخ حُمود الثامر، والاتفاق مع إسماعيل آغا التكيه لي باشي آغا السابق، وقام بتصرفات كشفت نواياه السيئة، ومنها قيامه بقتل القبودان حجازي زاده مصطفى آغا، وعين مكانه محمد بك الشاوي". إلا أن عثمان ابن سند يوضح بعداً أكثر سعة لحركة مصطفى آغا هذا إذ ذكر أنه يريد "استيلاء على العراق وقاعدته بغداد"[٨٧] . يزيد ابن الغملاس الأمر توضيحاً، فمصطفى الكردي عنده لم يكن يقصد الاستقلال بحكومة

العراق، بما تضمه بغداد وشهرزور، وإنما الاتفاق مع عثمان باشا البابانى على السيطرة على العراق قاطبة، وهذا يعني اعلان استقلال العراق عن الدولة العثمانية. يقول " أنه اتفق مع عثمان باشا والأكراد على أن يضبطوا ولاية العراق قاطبة"[٨٨].. قلنا: وعثمان هذا هو عثمان باشا آل محُمود باشا البابانى وكان يقود حملة كبيرة من الكرد ضد الشيخ حمد الحمود المُنتَفقي بأمر من والي بغداد سليمان باشا.

ويلقي السويدي ضوء على ملامح حركة مصطفى آغا، فذكر أن قبطان البصرة عبدالله حجازي زاده "وهو مؤتمن وناصح" كتب لوالي بغداد بنواياه واستعداداته للقيام بحركته، مما أدى به إلى اغتياله القبطان المذكور فكان ذلك الحادث بداية للإعلان عن حركته. قال:

**"وكان الوزير قد نصب غرس نعمته عبدالله باشا حجازي زاده قبطان[٨٩] باشا وأوصاه ان يُحرز له من خير وشر، ومليح وقبيح، يطلع عليه وهو مؤتمن ناصح، باعتراف المتسلم المذكور أيضاً. وفي بعض الوقائع التي زخرفها المتسلم بالأقوال المُزوَّرة، أجابه الباشا مُكذّباً له مستنداً بتحرير قبطان باشا المذكور، وكتاب الباشا كتمه، ودعا القبطان، وبجلوسه عنده أشار إلى أتباعه بقتله كما ترابط معهم، فقتلوه وأخذ جميع أمواله، والذي وافقه على عصيانه أكرمه ونَسَبَه إليه، والذي لامه سَلَبه ما عنده، ونفاه من وانيته[٩٠]. ثم أرسل للباشا ساعياً بأن البصرة قد جاء منصبها لي فلا حُكم لك عليها، وحرَّر عَرضاً للدولة يطلبها ويخدمهم بما يريدون، وكتب لبعض الحُمَقاء من أتباع والي بغداد عن ذلك، وإني أنفع لكم من واليكم، والبصرة أنفع من بغداد في حقكم، فتاه كثيرٌ منهم بهذا الخطاب، فساروا إليه، وأخطأوا طرق الصواب".**

**فلما بلغ ذلك الوزير المترجَم علم أن الزجر بالكتابة لا ينفع بل السيف لهؤلاء أجدى وأنفع، فأرسل على عساكر باشا الأكراد، وجمع الأتباع والأجناد، وسار إليهم على عجل، لما قيل: سَبَق السَّيف العَذل، فلما توسَّط الطريق، جاءه من أعيان البصرة البشير أنهم من خوف هَيبَته هربوا وتفرَّقوا شر تفريق، فشيخ المُنتَفق هرب في البَر الأقفر، والمَهمَه[٩١] الأغبر. والمُتسلم هَرَب في جَوف الليل إلى بلد القَرين[٩٢]، هو ومن معه، وندم على إقبال النفس، وعز بيده منياته.**

**ثم سار الوزير، ودخل البصرة[٩٣]، وحصل بتشريفه لأهلها كمال المَسرَّة، ونَصَبَ فيها متسلماً دفتردار بغداد، وصِهر المرحوم حسن باشا المترجَم، وعديل كَتخُدا باشا صاحب السيف والقلم، ألا وهو علي بيك بن عبدالله بيك بن كَتخُدا محمد أفندي الرهاوي[٩٤]، السابقة تراجمهم بالاستطراد، وفوَّضه على ما في البصرة وتوابعها من البلاد. ورجع الوزير على طريق الحلة إلى بغداد سالماً غانماً، وللأعداء والبُغاة قاهراً وراغماً، جد[٩٥] لم أشاهده لغيبتي عنه، بل أخبرني به ولدي الأكبر على الصِدق معتمداً المُخبِر[٩٦].**

**دور الكرد في استعادة البصرة من المنتفق**

سيطرت قبيلة المنتفق على البصرة متحالفة من سليمان بك الشاوي الثائر على ولاية البصرة في السنوات ١٢٠٢– ١٢٠٣هـ/١٧٨٧–١٨٠٢م[٩٧] وقد قدم السويدي تفصلات جديدة ومهمة عن هذه الحركة نظراً للصلات الودية والعميقة التي ربطت بينه وبين الشاوي، فقال انه

**"سار حتى قدم على شيخ المُنتَفِق الشيخ ثُوَيني بن عبدالله بن محمد بن مانع المشهور الذي سبق تعريفه، واستأمنوه وبنوه[٩٨] قومه وانهم ينصرونه على من يناوئه تدبيرا لأخذ البصرة، وهو أنهما سارا إلى بلدة الزبير وهي ثلاث ساعات عن البصرة وترك ثُوَيني في موضع بعيد عنه البيك، وأوصى أتباعه أن لا أحد يذكره. ولما دخلها وهي مُتنزَّه الكبار وقت الربيع وكان الوقت مؤاتٍ فأرسل متسلم البصرة كتاباً يدعوه للضيافة هو ووجوه أرباب[الحكم] والأعيان جميعاً، وثُوَيني في أوائلهم، فبمُجرَّد نزولهم قبض على وجوه الحكم من طرف الباشا، وأخذ ما معهم من خيل ومال، وأركب الأعيان معه ودخل البصرة وحكم فيها[٩٩].**

**ثم أنه[١٠٠] سلب أمراء كل من كان من أتباع الباشا وأركبهم البحر بسفينتين إلى مَسْكَة[١٠١]، وتَصرَّف في البصرة وتوابعها وتفرْعَن باطناً وظاهراً. وأرسل على البيك وخالد آغا واستشارهم ماذا يصنع فوضعوا خالد آغا متسلماً وحرر وارسل للدولة العلية وجعلوا للباشا هجنة[١٠٢]، وختموه بختوم أعيان البصرة، وسار به مفتي الحنفية في البصرة الشيخ عبدالله، وسار في البر إلى حلب ثم إلى اسلامبول وترجَّا**

**منصب البصرة[١٠٣]، أما للبيك أو لخالد اغا، فلم يسمع عرضهم، وعينت الدولة مع المفتي المذكور جاووشاً أوصله إليه فاويه[١٠٤] بأخذ جميع ماله بل أكثر"[١٠٥].**

وأورد السويدي خبراً مهماً يشير إلى دور كردي في استعادة البصرة إلى سلطة سليمان باشا الكبير والي بغداد والبصرة، فذكر:

**" أن الباشا لما سمع بأخذهم البصرة، وهي منصب عظيم لها إيراد جسيم من إيراد، الكُمرك فقط تَغل قريباً من إيراد كُمرُك بغداد الذي يكفي وزيراً بثلاث أطواغ ومعه شريف مكة. والبصرة لها ايراد عظيم من مزارع الرُّز ومن النخل شيء لا يضبط، أرسل الرُسُل إلى باشات الأكراد، وجمع العساكر والأجناد، ثم أنه زار أولياء بغداد، وقطع الروابي والأنجاد، وسار في مَسيره هذا بانكسار، وعامل الناس بالعدل لا الجور والإضرار"**

فباشات الأكراد هنا تنصرف إلى أمراء البابانيين حصراً، وقد سبق أن ساندوا ولاة بغداد لأغراض مشابهة، وتعودوا القتال في بيئتها الصعبة نظراً لإحاطتها بالأهوار والمسطحات المائية.

يقول:

**"تأهب إلى المسير هو والبيك مُغرِّبين إلى الحلة إلى بغداد، وأن الباشا إن لم يرتحل إليهم ولو مرحلة هم يَصلونه ولو في بغداد ومعهم المراكب المشحونة المعدَّة للقتال الفرسان والأبطال من أهل الخيل[١٠٦] والرِّجَّالة أضعاف عسكر الباشا، وهم في ادعاء وطغيان أن يأخذوه بمجرد ملاقاة الفرسان، وكانوا عليه باغين، وبعدَدَهم وبعُدَدهم طاغين، فكان الباشا يَرتحل مرحلة مُشرَّقاً وهم يَرتحلون مرحلة ومُغرِّبين حتى التقى الجَمْعان في وسط الطريق الذي بين الحلة والبصرة.**

**ثم كانت المُلاقاة، وبان الخصمُ لخصمه، خيَّم الباشا ونزل وهم لم يخيِّموا بادِّعاء أنهم يكمنوا له بمُجرَّد مَثار الغبار، فلما أن [أصبح][١٠٧] الصباح عقدوا للحرب[١٠٨] واشتد الكَرْب، وقد قاتل الباشا بنفسه قتال من أيِّس من الحياة ونادى أتباعه صريحاً أن لاتَ حين مَناص، فلا بد من الممات، فاقتلوا قتالا شديداً في سبيل الله ، فولوا الأدبار، وركنوا إلى الفرار، فأمر الباشا أن لا يتبعوهم، ووقع القتل والذبح في الرجَّالة، وكانوا ألوفاً عديدة فذُبحوا عن آخرهم"[١٠٩].**

وهكذا فإن مخطوطة (ورود حديقة الوزراء) تلقي أضواء جديدة، وتفصيلات غير معروفة، من تاريخ الكرد في العراق في القرن الثامن عشر[١١٠].


ورود حديقة الوزرا بورود وزارة مواليهم في الزورا
تاليف الشيخ الفاضل المفنن الشاعر الاديب
ابي الكمال مهذب الدين سعيد بن عبد الله
ابن حسين بن ناصر الدين البغدادي الشافعي
الشهير بابن السويدي حفظه الله
وهو بخط المؤلف

ورقة العنوان



الورقة الأخيرة من المخطوط

## الهوامش:

[١] إن أوسع ترجمة لحياته كتبها بنفسه في كتابه (النفحة المسكية في الرحلة المكية) بتحقيقنا، بيروت ٢٠١١، ص٧٧-١٠٦، وينظر أيضاً محمد خليل المرادي: سلك الدرر في أعيان القرن الثاني عشر، القاهرة ١٢٩٠هـ، ج٣ ص٨٦ وعثمان عصام الدين العمري: الروض النضر في تراجم أدباء القرن الثاني عشر، بغداد ١٩٧٤، ج٣ ص٩٣ ومحمود شكري الآلوسي: المسك الأذفر في نشر مزايا القرن الثاني عشر والثالث عشر، الرياض ١٩٨٢، وكتابنا: التاريخ والمؤرخون العراقيون في العصر العثماني، ط٢، لندن ٢٠٠٩، ص١٥٣-١٥٥، وكتبنا دراسة في سيرته ومؤلفاته في مقدمتنا لكتابه النفحة المسكية ص٥-٤٤.

[٢] كان الدكتور صفاء خلوصي قد نشر قطعة من أوله تختص بسيرة حسن باشا (بغداد ١٩٦١، ١٢٨ص) ثم حققناه كاملاً ونشرناه (بغداد، مطبوعات المجمع العلمي ٢٠٠٣، ٦٦٠ ص)

[٣] حققنا هذا الكتاب ونشرناه بعنوان (تاريخ حوادث بغداد والبصرة) إذ لم يضع مؤلفه عليه عنواناً، ( بغداد، الطبعة الأولى ١٩٧٨ والطبعة الثانية ١٩٨٧، ١٦٨ص).

[٤] المرادي: سلك الدرر ج٤ ص١٠ وإسماعيل البغدادي: هدية العارفين في أسماء المؤلفين والمصنفين، استانبول ١٩٥١، ج١/٥٥٦ والآلوسي: المسك الأذفر ص١٣١-١٣٥ وكاظم الدجيلي: مجلة لغة العرب ٢(بغداد ١٩١٢) ص٢٨٠ وعباس العزاوي: تاريخ الأدب العربي في العراق، بتحقيقنا، بغداد ٢٠٠١ ج٢ ص٢٨٤ وتاريخ علم الفلك في العراق، بغداد ١٩٦٣، ص٢٦٢ وعبدالعزيز سليمان نوار: التاريخ في العراق بين التقليد والتجديد (ضمن كتاب بحوث في التاريخ الحديث، القاهرة ١٩٧٦، ص٢١١) وكتابنا: التاريخ والمؤرخون ص١٨٠١٨٣.

[٥] الروض النضر ج٣ ص١٠١ والمسك الأذفر ص١٣٦ والعزاوي: تاريخ الأدب العربي، ج٢ ص١٣١.

[٦] المسك الأذفر ص١٣٥.

[٧] تنظر في ترجمته المسك الأذفر ص ١٣٥ وإسماعيل البغدادي: هدية العارفين ج١ ص١٨٢ وكتابه إيضاح المكنون ج٢ ص٦٣٥ وعباس العزاوي: تاريخ الأدب العربي ج٢ ص١٣٣ وعمر رضا كحالة: معجم المؤلفين ج١ ص٢٨٨.

[٨] النفحة المسكية ص١٨٢.

[٩] قال إبراهيم فصيح الحيدري "بيت السويدي وهو بيت الحديث والفضل، وقد نشأ فيهم رجال أجلهم الشيخ عبدالرحمن السويدي مُحشّي تحفة ابن حجر". عنوان المجد في بيان أحوال بغداد والبصرة ونجد، بغداد بلا تاريخ، ص٩٣.

[١٠] المصدر نفسه ص١٨.

[١١] مقدمتنا لكتابه تاريخ حوادث بغداد والبصرة ص٢٣ ولديوانه الذي حققناه بمشاركة الحاج وليد الأعظمي رحمه الله، بغداد ٢٠٠٠، ص١- ٢٩.

[١٢] المسك الأذفر ص١٣١.

[١٣] ديوان السويدي ص١٢

[١٤] ديوان السويدي ص٣٥

[١٥] ديوان السويدي ص٦٠

[١٦] المخطوط الورقة ١٦ب.

[١٧] رسول حاوي الكركوكلي: دوحة الوزراء في تاريخ وقائع بغداد الزوراء، ترجمه عن التركية موسى كاظم نورس، بيروت ١٩٦٣، ص١٣٣.

[١٨] المخطوط، الورقة ٢١ب.

[١٩] المخطوط، الورقة ١٩ أ.

[٢٠] المخطوط، الورقة ٢١ أ.

[٢١] المخطوط، الورقة ٢٥ ب.

[٢٢] المخطوط الورقة ٢٢ب.

[٢٣] الدفتردار هو المحافظ على (خزينة الدفتر) التي توجد فيها خزينة الأموال وقيود الأراضي الأساسية في الدولة، ويجري اختياره وتعيينه من لدن السلطان، إلا أن نيبور ذكر بأن دفتردار بغداد كان يعينه ولاتها من المماليك (بغداد في رحلة نيبور، ترجمة مصطفى جواد، مجلة سومر، بغداد العدد ٢٠، ١٩٦٤ وأعيد نشره في كتاب بغداد بأقلام رحالة، لندن ٢٠٠٧، ص٦٠، وسنعتمد الإشارة إلى هذا الكتاب. وكانت في بغداد دائرة باسم (الدفترخانه) شغلت المبنى الذي احتلته فيما بعد المحاكم المدنية في جنوبي مبنى القشلة على الشاطئ الشرقي لدجلة.

[٢٤] المخطوط الورقة ٢٢ أ.

[٢٥] المخطوط الورقة ٢٧ أ.

[٢٦] المخطوطة، الورقة ٨٢ أ.

[٢٧] ذكر هذا في الحاشية التي كتبها على الورقة ٨، وفيها أن تاريخ عودته إلى بغداد كان في أول رجب سنة ١١٨٥هـ ونرى أن هذا يتناقض مع قوله أنه غادر بغداد سنة ١١٨٨هـ، فلعله من سبق القلم.

[٢٨] المخطوطة، الورقة نفسها

[٢٩] تاريخ حوادث بغداد والبصرة ص٧٨-٨١.

[٣٠] تاريخ المماليك الكوله مند، ترجمه عن التركية محمد نجيب الأرمنازي، بغداد ١٩٦١ ص٣٥.

[31] المخطوطة، الورقة ٤٠ أ.

[32] نشر عزالدين علم الدين هذه الإجازة في مجلة المجمع العلمي السوري، المجلد ٨، ص٧٥٢.

[33] المسك الأذفر ص١٣٩ ومحمد سعيد الراوي: تاريخ الأسر العلمية، بتحقيقنا، بغداد، ط٢، ٢٠٠٧ ص١٩٠.

[34] عبدالحميد عبادة: العقد اللامع بآثار بغداد والمساجد والجوامع، بتحقيقنا، بغداد ٢٠٠٤، ص٥٠٧.

[35] المسك الأذفر ص ١٣١.

[36] المصدر نفسه والصفحة.

[37] المسك الأذفر ص١٣٩.

[38] المصدر نفسه ص١٤٠.

[39] المسك الأذفر ص١٤٠–١٤٦.

[40] عثمان بن سند: مطالع السعود بطيب أخبار الوالي داود، بتحقيقنا، بيروت ص٢٠١٠ ص٢٦٨، ومختصره لمحمد أمين الحلواني ص٤٧ وأبو الثناء الآلوسي: غرائب الإغتراب ص١٥ والمسك الأذفر ص١٤٠–١٤٦ ونعمان الآلوسي: جلاء العينين في محاكمة الأحمدين ص٢٧ وعلي علاء الدين الآلوسي: الدر المنتثر ص١٤٠ وعبدالحميد عبادة: العقد اللامع ص٢١٥ ومحمد سعيد الراوي: تاريخ الأسر العلمية ص١٦٤ وهدية العارفين ج١ ص٧٧٣ و[مختصر] تذكرة الشعراء للشهراباني، بتحقيق الكرملي، وكتابنا: التاريخ والمؤرخون في العصر العثماني ص٢١٥–٢١٦ و Brockelmann ,S.II.,٧٨٢,٥٨ .

[41] ينظر عنه المسك الأذفر ص١٤٩–١٥٢ والدر المنتثر ص٨٧ وهدية العارفين ج٢ ص١٦٤ والدجيلي، مجلة لغة العرب ٢(بغداد ١٩١٢) ص١٥ والعزاوي: تاريخ الأدب العربي ج٢ ص٤٨ وتاريخ علم الفلك في العراق ص٢٦٨ والزركلي: الأعلام ج٦ ص٢٦٧ وبحثنا: محمد أمين السويدي: عالم بغداد ومؤرخها وأديبها، مجلة المورد ٢ (بغداد ١٩٣٣) ع٣ ص٥٤–٦٠.

[42] طبع على الحجر ببغداد سنة ١٢٨٠هـ/١٨٦٣م، ثم أعيد طبعه في بومبي بالهند، على الحجر، سنة ١٢٩٦هـ، ٣م أعيد طبعه مراراً في القاهرة وفي بغداد بالتصوير.

[43] هدية العارفين ج٢ ص١٣٨.

[44] السيد محمد أمين الراوي: خير الزاد في تاريخ مساجد وجوامع بغداد، بتحقيقنا، بغداد ٢٠٠٦، ص٤٩٣–٤٩٥.

[45] المفنن تقابل الفنان في لغتنا العصرية.

[٤٦] من ذلك أنه حينما وصل محمد باشا الترياكي إلى بغداد قادماً من الحلة وكان يقسم الميري، أي حصة الحكومة من الحاصل "كيفما كان"كان هو يرقب المشهد بنفسه قال " وأنا إذ ذاك فيها مع الواقفين على الأبراج، فوصل ضحى ونحن نراهم عِياناً، ونزلوا غربي بغداد القديمة مقدار ساعة، مثل عمله في الحلة". الورقة ٧أ. وحينما قدم (محضر) إلى بغداد بشأن سليمان باشا والي البصرة يعلن عن عزله، قال" ورأيته بعيني وسمع أذني يقول للناس جهراً"، ولما اجتمع هذا المحضر بأبيه عبدالله السويدي كان المؤلف ثالثهما. الورقة ١٣ب.

[٤٧] المخطوط، الورقة ١ب.

[٤٨] ظل استخدام السجع والمحسنات البديعية يمثل الأسلوب السائد في مجال كتابة التاريخ والسير، فضلاً عن استعمال الألفاظ الحوشية والتعبيرات المتكلفة، والأشعار التي تحتاج ألفاظها إلى شرح وبيان، ولم يجر التخفف من هذه المؤثرات الأدبية إلا في النصف الثاني من القرن التاسع عشر. التاريخ والمؤرخون العراقيون ص٦٦.

[٤٩] المخطوط، الورقة نفسها.

[٥٠] في هذه الورقة ما يأتي:

بيتان من الشعر، نصهما:

في عام تسع بعد الألف والمائتين مع الثلاثين أجمعهم حجل (؟) يا زين

طلع خبر في دمشق يا زاكي الفرعين ظهر محمد حبيبي الهادي المهدين

نظر فيه وتأمل معانيه الحقير الفقير إلى الله تعالى السيد سليم بن المرحوم الحاج عبدالوهاب بيك التزري (الترزي؟) غفر الله له وإلى والديه وإلى كل المسلمين أجمعين آمين ١٢٥٠

٢- بيتان عاميان غير واضحي المعنى.

٣- تمليك (جناب حضرة أخونا الأعز الأكرم حميد الشيخ سيد السيد أحمد جلبي الطاراني)

٤- (جناب حضرة أخونا الأعز الأكرم المحترم سيدي السيد صالح السيد سليم جلبي)

٥- جناب ..ليدي السيد سليم جلبي السايحة ١٢٥٠)

[٥١] اسم وظيفة تركي مركب من (قاب) المخففة من (قابي) أو (قابو) بمعنى الباب، وأداة النسبة (جي) فيكون معناه الحرفي: البواب، وقابجي باشي، أي رئيس البوابين، وظيفة في البلاط العثماني، وبعض الولايات العثمانية، تقابل كلمة (الحاجب) العربية، ويكون صاحبها مسؤولاً عن نقل الرسائل المهمة إلى مراكز الولايات، جب وبوون: المجتمع الإسلامي والغرب ج١ ص١٢٧.

[٥٢] من الواضح من نسبته إلى (برزان) أنه كان كردياً، لكننا لم نقف على ترجمته ودوره فيما يأتي من الحوادث.

[٥٣] محمد أمين زكي: تاريخ السليمانية، ترجمة جميل الروزبياني، بغداد ١٩٥١، ص٧٥.

[٥٤] حكم على نحو متقطع ما بين سنة ١١٦٠–١١٧٧هـ/١٧٤٧–١٧٦٣م.

[٥٥] هو أحمد باشا البابان، وكان هذا قد قام بضيافة الجيش خلال مدة مكوثه هناك.

[٥٦] دوحة الوزراء ص١٣٧.

[٥٧] دفتر مهمة ١٦٣ ص٥٤ ومحمد أمين زكي: تاريخ السليمانية، ص١١٤–١١٥.

[٥٨] هو أحمد باشا البابان، وكان هذا قد قام بضيافة الجيش خلال مدة مكوثه هناك.

[٥٩] هو عبدالله باشا بن محمد باشا بن سليمان باشا البابان.

[٦٠] كانت زهاو، وتسمى زهاب أيضاً، مركز لواء باسمها من ألوية ولاية بغداد في العهد العثماني، وتشمل أيضاً مدن كرند وقصر شيرين ودرنه، وكانت الدولة العثمانية تمنح حكمها لمن يحمل لقب (باشا) ثم استولت ايران عليها سنة ١٨٢٣ وأقرت معاهدة ارضروم الثانية سنة ١٨٤٧ ذلك.

[٦١] هو محمد باشا بن خالد باشا البابان، تولى الحكم في قلا جوالان من ١١٧٧ إلى ١١٨٨هـ/١٧٦٣–١٧٧٤م. دوحة الوزراء ص١٤٨.

[٦٢] قره جولان اسم مركب من قره، المأخوذة عن قلعة العربية، التي يتلفظها أكراد تلك النواحي: قلا، وجولان اسم نوع من الجوز يكثر هناك، وهي بلدة حصينة في الجانب الشرقي من تلال جبل أزمر، كانت قاعدة الإمارة البابانية حتى انتقالها إلى السليمانية سنة ١١٩٩هـ/١٧٨٤م، ثم تضاءل شأنها حتى أمست بلدة صغيرة. وقد شهدت نشاطاً ثقافياً امتد منذ القرن الحادي عشر للهجرة (١٧م) إلى أواخر القرن الثاني عشر للهجرة (١٨م) فكانت فيها مدارس عدة غدت تشد إليها رحال العلماء والطلبة على حد سواء. كتابنا: مراكز ثقافية مغمورة في كردستان، أربيل ٢٠٠٨، ص١٢٦–١٢٨.

[٦٣] كوي سنجق مدينة قديمة كانت تابعة لولاة شهرزور في العهد العثماني الأول، ثم اتخذها البابانيون قاعدة ثانية لإمارتهم النامية، وكانت تشكل و(حرير) اقليمين مهمين تتكون منها هذه الإمارة في القرن الثاني عشر للهجرة (١٨م)، إضافة إلى السليمانية العاصمة فيما بعد، وقد احتفظ والي بغداد – في أغلب الوقت– بحقه في تعيين (باشا) لكوي، يتبعه سائر شؤون ناحيته، إلا أنه كان يمنح إدارة هذا الإقليم – أحياناً إلى حكام السليمانية أنفسهم، وعلى أية حال فإن العادة جرت أن يتولى كلتا الإدارتين أفراد من الأسرة البابانية ذاتها. ثم أصبحت بعد ذلك مركزاً لقضاء باسمها من أقضية لواء (سنجق) شهرزور، ونالت البلدة أهمية دينية

وعلمية متزايدة بمن نزلتها من الأسر العلمية وما أنشئ فيها من مدارس عديدة بلغت مستوى رفيعاً عهد ذاك. مراكز ثقافية مغمورة ص١٤٤-١٥٣.

[٦٤] الطوغ: شارة تشريفية عثمانية تتكون من خصلة من ذيل الفرس، وتعلق في سارية تعلوها كرة ذهبية، وكان لبكوات السناجق (الألوية) الحق في رفع طوغ واحد، في حين كان لبكلربكية (بك البكوات) الحق في رفع طوغين، ويحمل البكلربكي لقب مير ميران، أي أمير الأمراء، وينظر جب وبوون: المجتمع الإسلامي والغرب، ج١ ص١٩٧.

[٦٥] المَهتر كلمة فارسية بمعنى: موسيقي وموسيقار، فيكون معناها فرقة الموسيقى، أو الدائرة المعنية بعزفها، وكان للولاة والأمراء مثل هذه الفرق لتعزف بالمناسبات أو في أوقات مخصوصة على سبيل الاحتفاء بهم. ويدعى رئيس هذه الفرقة (مهترباشي).

[٦٦] كلمة مطموسة بعض الحروف

[٦٧] الاوردي: الجيش.

[٦٨] زيادة لاكمال السياق.

[٦٩] تسميه الوثائق العثماني (كرد محُمود باشا) وفي الوثيقة المؤرخة في أواخر ربيع الأول ١١٩٦هـ/١٧٨١م حكم موجه إلى والي بغداد والبصرة وشهرزور يتعلق بتأديبه لشقه عصا الطاعة على السلطان. دفتر مهمة ١٧٨ ص١١٩.

[٧٠] كلمة طمس بعض حروفها.

[٧١] اسم وظيفة في البلاط العثماني، وبعض الولايات العثمانية، معناها (كَتخُدا البوابين)، وتقابل كلمة (الحاجب) العربية، ويكون مسؤولاً عن تنظيم دخول أصحاب المناصب من الإداريين إلى الديوان الهمايوني، حيث مقر السلطان، والدوائر التابعة له.

[٧٢] هذا الاسم غير واضح في الأصل، وقد أثبتناه على وفق ما تبيناه.

[٧٣] التخم هنا: المجموعة المتجانسة من الناس.

[٧٤] هو إبراهيم باشا بن أحمد باشا بن خالد باشا البابانى، وقد تولى إمارة بابان سنة ١١٩٧هـ/١٧٨٢م ثم أنشأ مدينة السليمانية واتخذها عاصمة جديدة لإمارته سنة ١١٩٩هـ/١٧٨٤م ولبث حاكماً حتى سنة ١٢٠١هـ/١٧٨٦م ثم تولاها ثانية سنة ١٢٠٣-١٢٠٤هـ/١٧٨٨-١٧٨٩م. دوحة الوزراء ص١٧٧، ١٨٨ ومحمد أمين زكي: تاريخ السليمانية، بغداد ١٩٥١، ص٩٤-٩٨.

[٧٥] كانت الإمارة البابانية تتألف من عدة مقاطعات، لكل منها حاكم، وقد يدمج بعضها تحت إدارة واحدة، وهذه المقاطعات هي بابان (ببا) ومركزها قلا (قلعة) جوالان، وحرير، وكويسنجق التي يكتبها المؤلف كوي صنجق.

[٧٦] الورقة ٣٨ أ. وتراما: رمى بعضهم بعضاً.
[٧٧] في الأصل الكلمة غير واضحة، وربما تقرأ (لدينا).
[٧٨] الكلمة غير واضحة في الأصل، فأثبتنا ما رجحناه بحسب السياق.
[٧٩] كلمة غير واضحة في الأصل.
[٨٠] بياض في الأصل.
[٨١] هكذا يمكن أن تقرأ، وإلا فهي في الأصل (اسد).
[٨٢] الورقة ٣٨ ب.
[٨٣] الورقة ٣٨ب.
[٨٤] وكان ذلك سنة ١٢٠٢هـ/١٧٨٧م كما في دفتر مهمة ١٨٩ ص١٢ في أواسط ربيع الآخر ١٢٠٣هـ/١٧٤٧م. ودوحة الوزراء ص١٨٨
[٨٥] في دوحة الوزراء ص ١٦٨ أنه تولى متسلمية البصرة من سنة ١٢٠٢ إلى سنة ١٢٠٣هـ/١٧٨٧-١٧٨٨م.
[٨٦] دوحة الوزراء ص١٨٨.
[٨٧] مطالع السعود ص ٢٤٤.
[٨٨] ولاة البصرة ومتسلموها ص ٧٠.
[٨٩] في دوحة الوزراء ص١٨٩: حجازي زاده مصطفى آغا، وهو – بالطبع– غير مصطفى آغا الكردي متسلم البصرة.
[٩٠] لم نجدها في المعجم، وواضح أنها تعني: ديرته أو بلدته.
[٩١] المهمه: الأرض القفر.
[٩٢] في الهامش: على وزن حسين وقد مرَّ تعريفها، وذكر ابن الغملاس أنه فر إلى الكويت وتفرق ما جمعه من العساكر، فجاء سليمان باشا ودخل البصرة واستولى على نواحيها جميعاً. ولاة البصرة ومتسلموها، بغداد ١٩٦١، ص٧٠.
[٩٣] في الهامش: مطلب فتح الباشا للبصرة ثانياً.
[٩٤] هذا ما ذكره المؤلف، وهو يعتمد هنا على رواية ابنه محمد كما ذكر، والذي في المصادر الأخرى أنه أرسل إلى البصرة عبدالله آغا الكَتخُدا أحمد في مهمة قصد فيها استدراج عثمان باشا البابانى، أما المتسلم الذي عينه فهو الأمير عيسى الماردينى. مطالع السعود ص٢٤٧ ودوحة الوزراء ص١٩٠ وابن الغملاس: ولاة البصرة ومتسلموها ص٧٠ وقد سبق للمؤلف أن نوه بعبد الله بك بن الكَتخُدا محمد أفندي الرهاوي، ولم يذكر له ولداً اسمه علي.
[٩٥] كذا في الأصل.

[٩٦] الورقة ٤٣ب.

[٩٧] دوحة ص١٨٦

[٩٨] كلمة غير واضحة، والسياق يقتضي أن تكون (استوثقوه) أو ما في معناها.

[٩٩] في الوثيقة المؤرخة في أواخر ربيع الآخر سنة ١٢٠٢هـ/١٧٨٧م حكم موجه إلى سليمان باشا والي بغداد والبصرة وشهرزور يتعلق بالحركة التمردية التي قام بها الشيخ ثُوَيني شيخ المُنتَفِق بالاشتراك مع شيوخ العشائر الآخرين وأدت إلى وقوع اصطدام مع المتمردين الذين نظموا صفوفهم وتزودوا بالأسلحة والذخائر بما يمكنهم من مجابهة القوات العسكرية النظامية، وقد نص الحكم على إقرار السلطان التدابير العسكرية المتخذة ضدهم والحركات العسكرية الرامية إلى القضاء عليهم. الآرشيف العثماني، دفتر مهمة ١٨٤ ص٢٣٤.

[١٠٠] الضمير عائد إلى سليمان بك الشاوي.

[١٠١] مسكة، هكذا يكتبها المؤلف، والذي في المصادر المعاصرة: مسكت، ومسقط.

[١٠٢] واضح أن هجنة هنا بمعنى الرسالة، وإلا فلم نجد هذا المعنى في المعاجم.

[١٠٣] بحسب الوثيقة المؤرخة في أواسط محرم ١٢٠٢هـ (دفتر مهمة ١٨٤ ص٢٠٠) فإن الدولة أمرت باعتقال المفتي المذكور وإعادته إلى سليمان باشا والي بغداد والبصرة وشهرزور "لأن له ضلعاً في الاضطرابات التي قامت في ولايتي بغداد والبصرة، حيث أقدم على نشر أراجيف من شأنها إحداث قلاقل وبلابل في البلاد والعباد".

[١٠٤] كذا في الأصل.

[١٠٥] الورقة ٤٠ أ.

[١٠٦] في الأصل (تقيل) وصححناها على وفق السياق.

[١٠٧] ما بين معقوفين يقتضيه السياق.

[١٠٨] يعني: عقدوا للحرب لواءها.

[١٠٩] الورقة ٤٠ب.

[١١٠] فرغنا من تحقيقه وهو معد للنشر.

## پوختەی بابەت

بە هۆی لەناوچوونی ئەرشیفی تایبەتی میرنشینە کوردییەکانی سەردەمی عوسمانی، زۆر لە وردەکارییەکانی مێژووی کوردمان لە دەست چووە، بۆیە ناچار هانا دەبەینە بەر نووسینی مێژوونووسە هاوچەرخەکانی ئەو میرنشینانە، کە بێگومان ئەوانیش تەواو ئاگاداری نهێنییەکانی فەرمانڕەوایی نەبوون، بەتایبەتی ئەو نهێنییانەی کە تەنیا ئەو کەسانە دەیانزانی کە لە کاروبارەکانەوە نزیك بوون. یەکێك لە دەقە گرنگەکانی ئەم بوارە، دەستنووسێکە بە خەتی نووسەرەکەی شێخ محەمەد سەعیدی کوڕی عەبدوڵڵای سویدی، بە ناوی (ورود حديقة الوزراء بورود مواليهم في الزوراء) کە لە دبلن لە ئێرلەندا پارێزراوە. لەو دەستنووسەدا نووسەر ئەو زانیارییانەی تۆمارکردووە کە بە چاوی خۆی بینیونی، زانیارییەکان نوێن و تەواوکەری ئەو زانیارییانەن کە لەبارەی مێژووی کوردەوە هەن، بەتایبەت مێژووی میرنشینی بابان لە سەدەی هەژدەدا. زانیارییەکانیش زیاتر لەبارەی پەیوەندی والییەکانی بەغدایە لەگەڵ میرانی بابان لە سەردەمی مەمالیکدا ، بەتایبەت ئەو ڕۆڵە گرنگەی بابانییەکان لە عێراق گێڕاویانە، لە پاڵپشتی کردنی حکومەتی بەغداد لە لێدانی سەرهەڵدانی خێڵەکان، لێرەوە ئەم توێژینەوەیە دەخوازێ بە پشت بەستن بەم سەرچاوە نوێیە، تیشك بخاتە سەر مێژووی کورد لە سەردەمێکی پڕ لە ڕووداو.

## Abstract

Since most of the dossiers and archives of Kurdish emirates during Ottoman Empire era have been lost and/or damaged, we have lost many important historical facts about the Kurdish emirates during this crucial period. Then we shall depend on modern sources about the history of the period. This era has been studied by many modern historians, but there is no doubt, that these historians are not aware about all the details on how the Ottoman Empire's authorities ruled this important period and what is hidden facts about rules related to this vital era for Kurdish emirates. Only some early researchers have collected these historical facts about the Kurdish emirates and political models practiced in that period.

One of those important resources is the manuscript, written by the author (Sheikh Mohammed Saeed Bin Abdullah Alswaeedy). The title of the book is (Wrud Hadiqat Al wazara Bi Wrud Mawalihm Fi Al Zawra), The Flowers of Minister’s Garden, as described by their supporters in Royal Palace.

This manuscript is kept in Dublin museum in Ireland and is about true stories and occurrences happened for Kurdish during this important era.

These stories and facts are new for the researchers and it seems clear that this historical information will lead to more facts about the Kurdish emirates during the period.

These new manuscript will reveal more information, especially about Babani Emirate in 18$^{th}$ century. The book unveils important facts about political relations between Baghdad and Babani leaders during the Mamlik era.

The book also highlights many important historical events related to the Babani’s role in ruling Iraq, especially supporting the government of Baghdad in this period. The Babanis have supported the Baghdad government to defeat the tribal revolts and also to regain Basra; which came under the control of tribes at that time. The Baban emirate also supported Baghdad and protected it against many revolts by the tribes at that time.

Thus, this study will bring into spotlight part of the Kurdish Emirates' history in a highly eventful period.